هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٣

ساڵی/ ٢٠٠٤- بەرگی سی و سێ

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٠٤

له بلاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

---

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی (٢٠٠٣)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

بەرگی: ٣٣

چاپی یەكەم: ٢٠٠٤

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) خولی گواستنەوە- یەك شەممە ٢٠٠٣/٤/٢٠ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢) خولی گواستنەوە- دوو شەممە٢٠٠٣/٤/٢١ ل١٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣) خولی گواستنەوە- سێ شەممە ٢٠٠٣/٥/٦ ل٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤) خولی گواستنەوە- دوو شەممە ٢٠٠٣/٥/١٢ ل٧٤

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥) خولی گواستنەوە- یەك شەممە ٢٠٠٣/٥/١٨ ل١١٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦) خولی گواستنەوە- دوو شەممە ٢٠٠٣/٦/٩ ل١٥٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧) خولی گواستنەوە- پێنج شەممە ٢٠٠٣/٦/١٩ ل١٦٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٨) خولی گواستنەوە- یەك شەممە ٢٠٠٣/٦/٢٢ ل١٧٤

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٩) خولی گواستنەوە-دووشەممە ٢٠٠٣/٦/٢٣ ل١٩٢

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٠) خولی گواستنەوە- یەك شەممە ٢٠٠٣/٨/١٠ ل٢٢٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣١) خولی گواستنەوە- سێ شەممە ٢٦/ ٨/ ٢٠٠٣ ل٢٢٨

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٢) خولی گواستنەوە- چوار شەممە ٢٧/ ٨/ ٢٠٠٣ل٢٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٣) خولی گواستنەوە- پێنج شەممە ٢٥/ ٩/ ٢٠٠٣ل٢٨٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٤) خولی گواستنەوە- شەممە ٤/ ١٠/ ٢٠٠٣ ل ٣١٦

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٥) خولی گواستنەوە- شەممە ١١/ ١٠/ ٢٠٠٣ ل ٣٢٦

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦) خولی گواستنەوە- شەممە ١٨/ ١٠/ ٢٠٠٣ ل ٣٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٧) خولی گواستنەوە- شەممە ٢٥/ ١٠/ ٢٠٠٣ ل ٤١٤

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨) خولی گواستنەوە- هەینی ٢١/ ١١/ ٢٠٠٣ ل ٤٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٩) خولی گواستنەوە- یەك شەممە ٧/ ١٢/ ٢٠٠٣ ل٤٦٦



# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١)

یەك شەممە رێكەوتی٢٠٠٣/٤/٢٠

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ٢١ )ی خولی گواستنەوە

## یەك شەممە ڕێكەوتی٢٠ /٢٠٠٣/٤

كاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٣/٤/٢٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز درۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٢١)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق،دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی گواستنەوە لە كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی ٢٠\٤\٢٠٠٣ دا بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: وتەی بەڕێز جەنەراڵ (برووس مۆر).

دووەم:خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری هەڵگرتنی بارودۆخی ناكاو لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان. بەناوی گەلی كوردستان. دانیشتنی ژمارە (٢١)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین، بەڕێزان پێشەكی ڕێگام پێ بدەن بەناوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق و بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی هەموو گەلی عێراق و گەلی كوردستان بەتایبەتی بكەم، بەبۆنەی سەركەوتنی پرۆسەی ئازادی لە عێراق و نەمانی ڕژێمی بەعسی دیكتاتۆری. بەڕێزان پێش مانگێك لە ڕۆژێكی وەك ئەمڕۆ بڕیاری باری ناكاومان دەركرد و، لەماوەی ئەو مانگەدا گۆڕانكاری مەزن ڕووی دا، كەزۆر لە خەونەكانی گەلەكەمان لەو ماوە كورتە هەتە دی، لەسەرووی هەموویانەوە ڕووخانی ڕژێمی خوێن ڕێژی صەدام حوسێن، ئازاد كردنی هەموو كوردستان و ئارادەیەك پوچەڵ كردنەوەی بەعەرەب كردنی كوردستان، لێرەدا شایستەی ئەوەیە بەناوی بەڕێزتانەوە سوپاسی گەرممان ئاراستەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو هاوپەیمانان بكەین، بۆ ئەو دەورە مەزنەیان لە ڕزگاركردنی گەلی عێراق، هەروەها زۆر پێخۆشحاڵم، بەخێرهاتنێكی گەرمی بەڕێز جەنەراڵ (برووس مۆر) مونەسیقی گشتی مەكتەبی ئاوەدانكردنەوەو كاروباری مرۆیی لە باكووری عێراق بكەم، خۆی و هاوەڵەكانی، نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا، كە ئەمڕۆ لەو دانیشتنە بەشدارن لەگەڵمان لە ژێر ئاسمانی عێراقێكی ئازادو كوردستانێكی ئازاد دا، زۆر بەخێربێن سەرچاومان هاتن. بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێكهاتووە:

یەكەم: وتەی بەڕێز جەنەراڵ (برووس مۆر).

دووەم:خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری هەڵگرتنی بارودۆخی ناکاو لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئێستا تکا لە بەڕێز جەنەراڵ (برووس مۆر) دەکەم کە بفەرموویت وتارەکەی پێشکەش بکات.

بەڕێز جەنەراڵ برووس مۆر:

خوشك و برایان بەیانیتان باش،حەز دەکەم سوپاستان بکەم بۆ ئەو دەرفەتەی کە تەرخانتان کرد بۆ ئەوەی بێم ئێوە ببینم و قسەتان بۆ بکەم،هەروەها لێرەوە دەمەوێ پێتان ڕابگەیەنم کە ئێمە بەختەوەرین بۆ ئەوەی موشارەکەی کەلتووری ئێوە بکەین و،هەروەها لەگەڵ خەڵکی ئێوەدا بژین و قسەیان لەگەڵ بکەین و،ئەو دڵ کراوەییەیان و ئەو پێشوازییە گەرمەیان زۆر جێی سەرنجمانە،هێشتا کەسێکم نەدیتووە لە کورد،کە وەکو دۆستێك موعامەلەی لەگەڵ ئێمە نەکردبێت،بۆ کەسێکی وەکو من لە تیکساسەوە هاتبم لە وێوە،ئەوە شتێکی زۆر بەنرخ و گرینگە لای من و، زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەوە. حەز دەکەم پێشتان ڕابگەیەنم کە زۆر بە دڵسۆزییەوە لەوانەیە ئێمە نەزانین،مانای چ دەگەیەنێت بۆ ئەمریکییەك کەوا بێت و لێرە لەو حەزارەیە بەشدار بێت،ئێوە هەزاران ساڵ پێش ئێستا حەزارەتتان هەبووەو دیموکراتییەتتان هەبووە، من یەکێکم لەو ئەمریکیانە کە دێنە ئێرەو پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوە بگێڕێتەوە. حەزیش دەکەم پێتان ڕابگەیەنم مەبەستی من لەو زیارەتەی کە بێم قسەتان لەگەڵ بکەم بەو بەیانییە، ڕوونکردنەوەی مەبەستی دامەزراندنی نووسینگەکەی ئێمەیە و، هەروەها کە ئێمە بە چ کارێك هەڵدەستین و چی دەکەین،هەوڵ دەدەم ئەوەشتان پێ ڕابگەیەنم زۆر بەکورتی و، ئەگەر لەدوای ئەوەی تەواو بووم هەر پرسیارێکتان هەبێت بە خۆشحاڵییەوە وەڵامتان دەدەمەوە، وەکو پێشتریش گوتم ئۆرها مەبەستی نووسینگەی ئاوەدانکردنەوەو یارمەتی مرۆییە، ئۆرها هەوڵێکی هاوپەیمانی چەند وڵاتانەیە و،هەروەها نوێنەری هاوپەیمانەکان گەیشتوون و لە شوێنی گونجاوی خۆیانن و ژمارەی زیاتریان وا بەڕێوەن و دێن و،هەروەها تەرکیزی یەکسەر و ڕاستەوخۆ لەسەر یارمەتیدانی عێراقییەکان دەبێت،بۆ گەڕاندنەوەی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، ئەو خزمەتگوزاریانەش کە باسم کرد کارەبا و ئاو و چاودێری تەندروستی و مووچەی فەرمانبەران دەگرێتەوە،هەروەها ئۆرها پێك دێت لە ژمارەیەك لە ئاژانسەکانی سەر بە حکومەت، کە وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی داد و،ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئەمریکی دەگرێتەوە و،نووسینگەی ئۆرها لەلایەن جەنەراڵی خانەنشین (جێ گارنەر) بەڕێوە دەچێت، کە دۆستێکی کوردە و لە ساڵی ١٩٩١یارمەتی گەلی باکووری عێراقی دا بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەکی تایبەت بە خۆیان و،لەماوەیەکی زۆر کورتدا سەردانی ئێوە دەکات و، ئەو نووسینگەیە حکومەتێکی ئینتقالی نییە بۆ عێراق نە مەدەنی و نە سەربازی، هەروەها لە پاش قۆناغی سەرەتاییەوە،دوای ئەوەی دێ کەزۆر کات دێتە پێشەوە دەدرێت بە دەسەڵاتی عێراقی ئینتقالی، ئەو کاتە ئۆرها کارەکەی دەگۆڕێت بۆ ڕۆڵێکی ڕاوێژکاری و لەدوای ئەوەش ئێرە بەجێ دێڵێت و، بەڕێوە بردنی کارە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دەچێتەوە دەست عێراقییەکان هەر کاتێك ئەو کارە لە ڕووی پراتیکییەوە مومکین بێت و،ئەو نووسینگەیەی ئێمە هەر لە ئێستاوە پەیوەندی دروست کردووە لەگەڵ ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها ڕێکخراوە

ناحکومییەکان (NGO) کە ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە عێراقی دوای جەنگ و، هەروەها ئامانجی ئێمە بۆ گێڕانەوەی عێراقییەکانە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان چەندی زووتر مومکین بێت و،ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیری لە ماف هەموو عێراقییەکان دەکات، بێ ڕەچاو کردنی پەیوەندی و ئینتیمای نەژادی و ئاینی بۆ بەشداری کردن لە حکوم کردنی دیموکراتیانەی عێراق،هەروەها ئێمە بەتوندی دژی هەر هەوڵێك دەبین لەلایەن هەر گروپێکەوە بۆ نکۆڵی کردن یان بۆ سنووردار کردنی ماف هاووڵاتیانی عێراقی تر لە بەشدار کردن لە حکوم کردنی دیموکراسیانەی عێراق،ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگا نادات بەهیچ یەك لە گروپەکان کەداوای هەتا بەشێکی کەمیش لە سەرچاوە سروشتیەکانی عێراق بکەن و، هەروەها قازانج و سوودی نەوتی عێراق وسەرچاوەی تریش پێویستە هاوبەشی پێ بکرێت لە نێوان میللەتی عێراق بەگشتی و،گەلی ئەو ناوچەیەی کە لەلایەن ئێوەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، هاوبەشی ئێمە بوون لەو هاوپەیمانییەتیەمان و،ئێمە مەمنوونین بۆ هەوڵەکانی ئێوە و ئەو قوربانیانەی داوتانە، بەبێ یارمەتی ئێوە ئێمە نەمان دەتوانی ئەوە بەدەست بێنین کە بەدەستمان هێناوە، ئێمە موعجەبین بە دەستکەوتەکانتان و بە هەندیان دەزانین و، ئومێد دەکەین کە زۆر لەو دەستکەوتانەی کە بەدەستان هێناوە ببێت بەنموونەیەك بۆ ئەو عێراقیانەی کە تازە ئازاد کراون،ئەرکە سەرەکییەکانی ئێرە کە چەند ساڵێك بەر لە ئێستا لە جەنگ دابوون لە دژی یەکتری،ئێستا ئاشت بوونەتەوەو بەیەکەوە دانیشتوون لەو ئەنجومەنە، ئاشت بوونەوە پێویستە ببێتە بابەتێکی سەرەکی نەتەوەیی و سەرەڕای جیاوازییەکان، ئێستا کاتی ئەوەیە کە هەموو عێراقییەکان، پارتە سیاسیەکان، کۆمەڵگاکان و تاکە کەسیەکانیش، کە جیاوازیەکانیان بە لاوە بنێن و بەیەکەوە بووەستن بۆ یارمەتی دان لە بینا کردنی عێراقێکی دیموکراتی ئازادی نوێ، من هانتان دەدەم کە بە چالاکی و زیندویی بمێننەوە و، روحی هاوکاریتان بلاو بکەنەوە، چونکە گۆڕانکاری گەورەو ڕووبەڕوو بوونەوەی گەورەتان لە پێشە، کە پێویستی مروونەت و قوربانی و هێمنی ئێوە هەیە،من لەگەڵ ئەو فکرەیەی دوای بەجێتان دێڵم. هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا عێراق یەکەم شێوازی حکومەتی دابین کرد، عێراق لەدایك بوونی شارستانی دابین کرد، با ئێستا ئێمە شتێك بە عێراق پێشکەش بکەینەوە، با ئێمەش عێراقێکی تازە بهێنینە دنیاوە، عێراقێکی ئاشتی خواز، عێراقێکی خۆش گوزەران، عێراقێك کە حکومەتەکەی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی ئازادی میللەتەکەی بکات،من و ئەندامانی تیمەکەم بەرەو پێشەوە دەڕوانین کەوا یەکتر بناسین لەگەڵ ئێوە لە نزیکەوە و، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگاکانی باکوری عێراقدا لەو ڕۆژ و حەفتانەی کە لە پێشماندایە و دێن،سوپاستان دەکەم بۆ تەرخانکردنی ئەو دەرفەتە بۆ پێشکەش کردنی ئەو وتارە بۆ ئەنجومەنەکەتان و، خۆشحاڵ دەبم بۆ وەرگرتنی پرسیارەکانتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیشارە ئەدەین کە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لە دوای دانیشتنەکە دەبێت، هۆڵەکەمان بۆ داناون، ئێستا پرسیارمان نابێت، زۆر سوپاسی بەڕێز جەنەراڵ (برووس مۆر) دەکەین بۆ ئەو وتارە بەنرخەی کە پێشکەشی کرد،هەروەها بەناوی گشت ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق جارێکی تر سوپاس ئاراستەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانیان

دەکەین و،لەو قاعەیە سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین بۆ هەموو قوربانیانی رزگار بوونی عێراق،هەروەها ئەو قوربانییە مەدەنیانەی کە بەهۆی خەتا گەورەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بوونە قوربانی ئەو رزگار بوونە، پێمان خۆشە لێرە ئیشارەت بە بڕیاری (٩٨٦) بدەین، کە لەسەر ئەساسی موزەکەرەی تەفاهوم،زۆر لە خاڵەکانی ئەو موزەکەرەیە بەپێی رەغەبات و ویستی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق دانراوە،زۆر لە خاڵەکانی دژی بەرژەوەندی گەلی عێراق و گەلی کوردستانە بەتایبەتی، تەناقوزێکیگەورە هەیە لە هەدەفی ئەساسی ئەو بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆیە تکامان وایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکات و، هەروەها پێمان خۆشە کە دەوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرەکی بێت لە ئاوەدانکردنەوەو بنیات نانەوەی وڵاتەکەمان دوور لە ڕۆتینی (UN). جارێکی تر سوپاسی بێ پایانمان بۆ بەڕێز جەنەراڵ (برووس مۆر) بەخێربێن سەر چاومان.بۆ خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان تکا لە دوو ئەندامی لێژنەی یاسایی دەکەم بفەرموونە سەر مەنەسەکە، تکایە پرۆژەکە هەموو بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

قرار

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني ، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٣ إصدار القرار الآتي:

أولاً: ترفع حالة الطوارئ في اقليم كوردستان العراق والتي تم فرضها بموجب قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم (٣٤) في ٢٠٠٣/٣/١٩ لزوال اسباب فرضها.

ثانيا: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.رۆژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە بڕگەی یەکەم بخوێننەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی بکەین.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبى:**

أولاً: ترفع حالة الطوارئ في اقليم كوردستان العراق والتي تم فرضها بموجب قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم (٣٤) في ٢٠٠٣/٣/١٩ لزوال اسباب فرضها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، فەرموو کاک عماد.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان. خۆمان دەزانین پێش رووخانی ڕژێمی بەعس و، دوای رووخانی ڕژێمی بەعس، ناوچەی کوردستان وەکو خۆی نەماوە، ئەو جێگایانەی کە جاران لە ژێر دەسەڵاتی حکومەت بوو ئێستا رزگار بوون، ئایا ئەوەی کە ئێمە حاڵەی تەواری لای خۆمان هەڵدەگرین، پێویست ناکات لەشارەکانی تر (خانەقین، سنجار، کەرکورك، شێخان) و شوێنەکانی تر کە ئێستا حاڵەتێکی نا ئاسایی خەڵکانی وێ تێیدا دەژین، ئێمە کە مەسئولیەتی ئەوەشمان لەسەر شانە کە ئەوان بپارێزین، ئایا ناکرێت کە بەشەکەی خۆمان تەواو کەین، بڕیارێکی تر دەربکەین یان بەردەوام بوونی حاڵەتی تەواری لەو شوێنانە بهێڵینەوە بۆ ئەوەی ئیستقرار لەو شوێنانە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بڕیارە تەنها بۆ ئەو شوێنەیە کە پێش دەست پێکردنی شەڕ ئازاد بووەو لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بووە، لابردنیشی هەر ئەوێ دەگرێتەوە، بەنیسبەت شوێنە ئازاد کراوەکانی تر ئینشائەڵڵا لە موستەقبەلێکی نزیکا، لە دانشتنێکی پەرلەمانیدا باسی مەوقع و شوێنی ئەوانە دەکەین و، چ پێویستە بۆ ئەوێ و، چۆن بلکێنرێ بە هەرێمی کوردستانەوە، ئەوە کاری ئەو دانیشتنە نییە بە قەناعەتی ئێمە. دیارە تێبینی تر نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، خاڵی یەکەم بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، تکایە خاڵی دووەم.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبى:**

ثانيا: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە تێبینی نییە لەسەر ئەم خاڵە. ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، خاڵی دووەم بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، تکایە خاڵی سێیەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەم خاڵە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، خاڵی سێیەم بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، تکایە خاڵی چوارەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە دەربارەی خاڵی چوارەم؟ تێبینی نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە چوارەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، خاڵی چوارەم بەگشتی دەنگ پەسەند کرا. هەموو بڕیارەکە ئەخەمە دەنگدانەوە،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو بڕیارەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە،هەموو بڕیارەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان،دانیشتنی داهاتوومان بەیانی سەعات دە ئەبێت، زۆر سوپاس.

| | |
|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **دڕۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢)**

**دووشەممە رێکەوتی٢١ \٤\٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی گواستنەوە

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢١/٤/٢٠٠٣

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی٢١/٤/٢٠٠٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز درۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. کمال عبدالکریم فوئاد جێگری سەرۆك و بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٢٢)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق،دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی٢١\٤\٢٠٠٣ دا بەم شێوەیە بێت:

١- گۆڕینی ئەندامیەتی بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید لە لیژنەی تەندروستییەوە بۆ لیژنەی پەروەردە.

٢- دانانی بەڕێز تاریق محەمەد سەعید بە ئەندامیەتی لە لیژنەی یاسا.

٣- گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، لە هەلومەرجی ئێستادا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین. بەڕێزان،بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە سێ خاڵ پێك هاتووە:

١- گۆڕینی ئەندامیەتی بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید لە لیژنەی تەندروستییەوە بۆ لیژنەی پەروەردە.

٢- دانانی بەڕێز تاریق محەمەد سەعید بە ئەندامیەتی لە لیژنەی یاسا.

٣- گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، لە هەلومەرجی ئێستادا.

بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوە بەڕێز سەلاحەدین عەبدولحەمید پێشنیار دەکرێت لە لیژنەی تەندروستییەوە بگوازرێتەوە، بۆ لیژنەی پەروەردە، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە، فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی کە ئێمە کاتی خۆی ئیتیفاقمان کردووە، بە ژمارە داماناوە، ئەگەر تەئیسیر لە ژمارەکە نەکات، ئیعتیادییە ئاڵوگۆڕی پێبکەن، نازانم بەڕاستی، چونکە کاتی خۆی هەموو لیژنەکانمان بە

ئیتیفاق داناوە، سێ بە سێیە، یان چوار بە چوارە، ئەگەر تەئسیر لە ژمارەکە نەکات، ئەوە ئیعتیادییە ئاڵوگۆڕی
تێدا بێت، جا ئەگەر لیژنەی پەروەردە خۆیان قسەی تیا بکەن، باشترە، ئیستیفسارم هەیە لە لیژنەی پەروەردە، ئەگەر تەئیسیر لە ژمارەکە نەکات، زۆر زۆر تەبیعییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فاتح محمد امین فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیوادارین روون ببێتەوە، ئەو گۆڕانکاریە چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەلایەن کوتلەی سەوزەوە، لەم بارەیەوە، فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو لیژنەکانمان داناوە، بە ئیتیفاق دامانناون، بۆیە دیسان داوا لە سەرۆکی لیژنەی پەروەردە دەکەم، ئەگەر ئەمە تەئیسیر لە ژمارەکە نەکات، زۆر ئیعتیادییە، چونکە هیچ ئیتیفاقێکی لەسەر نەکراوە، ئێستا ئەمە بۆ ئێمە موفاجیئە، لەبەر ئەوە هیچ ئیتیفاقی لەسەر نەکراوە، لیژنەی پەروەردە با رەئی خۆیان بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە بێ دەنگی، هێشتا دەستمان پێ نەکردووە، بەڕێزان بڕیار وا بوو، بۆ تەوزیحی لیژنەکانی پەرلەمان، هەردوو کوتلە، لەگەڵ لیستی مۆردا دانیشن و، تەوزیحی لیژنەکان بکەن، بە پێویستی دەزانین،کە سەرۆکی هەردوو فراکسیۆن لەگەڵ لیستی مۆردا دانیشنەوە، هەر گۆڕانکاریەك هەبێت پێکەوە تەقدیمی بکەن، جا ئەگەر بە پەسندی دەزانن ئەو خاڵە تەئجیل دەکەین، تا ئەو کاتەی ئەنجام دەدرێت، بەڕێز کاك د. عیزەدین فەرموو.

**بەڕێز د. عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە من رام بەگشتی وایە، ئەو لیژنانە بەپێی پسپۆڕیی و زانایی و توانایی بێت لە ئیشەکانیاندا،کاتی ئەوەش هاتووە واز لە پەنجا بە پەنجا بێنین، بەڵام ئێمە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ئەگەر حیسابی لیستی سەوز و لیستی زەرد بکەین، سێ بە سێین تا ئێستا برادەرێکی لیستی مۆریشمان لەگەڵ دایە، جا ئەگەر ئەوە بەلای خۆتانەوە کار دەکاتە سەر ژمارەکە، بەرامبەر بە کاك صەلاحەدین، دەتوانن یەکێکی تر زیاد بکەن، بەڵام ئێستا من پێم باشە،لەو لیژنەیە هەموو خەڵکێکین کە لەناو پەروەردە دابووین بە هەر سێ پلەکەیەوە، لە کاتی کۆن وا نەبوو، ئێستا کارەکانمان بە رێکوپێکی دەڕوات، چونکە هەر کەسە لە هەر سێ پلەی پەروەردە ئیشی کردووە و، هەروەها کاك سەلاحیش هەر مامۆستایە، ئەگەر یەکێکی تریشی بخەنە

سەر ئەگەر هین بێت، ئەگەر نەش بێت قەی ج دەكات، ئەگەر لیژنەیەك سێ بە چوار بێت و، برادەرێكی لیستی مۆریش هەیە، ئەوە بڕیاری خۆتانە، دوایێ كاك سەلاحیش پێمان خۆشە لای ئێمە بێت، بە مەرجێك جگەرە نەكێشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس،بەڕێز كاك سەعدی هیچ تێبینیت هەیە لەسەر ئەو مەوزووعە، فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە شتێكی تەبیعییە، ئەگەر ئەندامێكی پەرلەمان پێی وا بوو، لە كۆمیتەیەكی تری پەرلەمانی، یان لە لیژنەیەكی تری پەرلەمانی سوودی زیاتر هەبێت، لەوەی كە ئێستا هەیە و، كاك سەلاحەدین عەبدولحەمید دەمێكە داوای لیژنەی پەروەردە دەكات، وابزانم لە لیژنەی تەندروستییە، دەمێكە داوای لیژنەی پەروەردە دەكات، ئەگەر بگۆڕێت یەكێكی تر بچێتە جێگای، ج زەرەرێكی هەیە؟ پێم وا نییە، هیچ مەسەلەیەك بگۆڕی، ئەو لادەچێت یەكێكی تر دەچێتە جێگای، ڕەنگە بچنە لیژنەیەكی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی لە حەقیقەتدا لیژنەكانی پەرلەمان ئاوێنەی ڕاستگۆیەكانی پەرلەمانن، لە ئەساسدا كە لیژنەكان دامەزران، بە ئیتیفاقی هەردوو كوتلە دامەزران، تەوزیعتان كردن لەسەر ئیتیفاق، ئێستا ئەگەر ئاڵوگۆڕ بكرێ، یەكێ لە لیژنەیەكەوە دەربچێت بۆ لیژنەیەكی تر، بەپێی ئەوەی یەكێ لەو لیژنەیە دەربچێت، بچێتەوە جێگای ئەو، ئەو بەلانسەی كە كردووتانە، تۆزێ لەنگ دەبێت،لەبەر ئەوەی بە چاكی دەزانین لە بەینی خۆتان ئیتیفاق بكەن لەسەر ئەو مەوزووعە.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەكاتی دانانی لیژنە، لەكاتی دانانی ئەندامی لیژنە حیسابی ئەوەمان كردووە، هەندێ لە ئەندامانی فراكسیۆنی سەوز بە ئیشی ترەوە خەریكن، ڕەنگە نەتوانن بەشێوەیەكی فەعال بەشداری بكەن لە ئیشوكاری لیژنەكان، بۆیە ئێمە لەكاتی دانانی لیژنە، ئەسڵەن حیسابی بەلانسمان كردووە، دوایێ بەڕاستی ئەو میزانە دەقیقە لای ئێمە نییە، نازانم كاك ناصح و ئەوان چەند میلیمەتر بەم لاوە و چەند میلیمەتر بەو لاوەیە، ئەسڵەن بەلای ئێمەوە، سەرەتای دەست پێكردنمان لە ئیشی پەرلەمانی، زۆر گوێمان نەدایتە میزان، نە لە دابەش كردنی ژوورەكان، نە لە دابەش كردنی لیژنەكان، من پێم وایە ئەو مەوزووعە بەم شێوەیە نییە، كە تەفسیری بۆ دەكرێت و، دیسان ئەگەر كاك سەلاح لەوێ لا بچێت، بچێتە لیژنەیەكی تر، حەتمەن یەكێكی تری دێتە جێگای و،ئەوە نەك بە عینوانی ئەوەی یەكێك ئیزافە بكرێت، بەڵكو یەكێك بگۆڕدرێت، جێگۆڕكیان پێ بكرێت، پێم وا نییە تەئسیر لە بەلانس بكات و، پێشنیارەكەی جەنابیشتم پێ قەبوڵە، ئێمە پێكەوە دادەنیشین پێك دێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نەك بڵێین لەگەڵ ئەوە نیین، کە کاك سەلاح نەیەت بۆ لیژنەی پەروەردە، بەس ئێمە ئیتیفاقمان کردووە، لەگەڵ ڕێزم بۆ برای بەڕێز کاك سەعدی پیرە، ئەسڵەن لەسەر ئەو قائیمەیە، سێ چوار جار لەسەر داوای ئەوان گۆڕیمان، پێکەوە هەمووی ئیشی لەسەر کراوە، ئێمە مانعمان نییە کاك سەلاح بچێت، بەڵام دەبێت ئەو بەڵانسە رابگیرێت، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو قۆناغەی کە ئێمە ئیشی تێدا دەکەین، هەمووی بە ئیتیفاقە، بەبێ ئیتیفاق ناکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا بۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەس ئێمە مەخسەدمان ئەوەیە ئیتیفاق بکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕووی قانونییەوە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ حەددی ئەدنای ژمارەی لیژنە پێنجە، حەددی ئەعلایەکەشی کراوەیە، ئەوە لەڕووی قانونی، بەڵام ئەگەر بتانەوێ ئیتیفاق بکەن لەسەر ئەو مەسەلەیە، ئەوە تەئجیل کردنەکەی مانعمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، شێخ عەفان ئاخیر ئەندامەی قسە لەو مەوزووعە دەکات، فەرموو شێخ عەفان.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی بەنیسبەت لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئەوە لیژنەیەکی بەرفراوانە زۆر، ئێمەش بەدەوری خۆمان پێویستمان بەوەیە، کە لە هەندێ شوێن و، هەندێ دەڤەرەکانماندا نوێنەری لێ نییە، ئێمەش حەز دەکەین زیاد بکات، بەڵام لە کاتێدا مامۆستا سەلاح هاتە ئەو لیژنەیە، ئێمەش یەکێکی تر ئیزافەی لیژنەکە دەکەین، بۆ ئەوەی ببێت بە نۆ کەس لەباتی حەوت کەس، ئەگەر بەو شێوەیە بێت مانعمان نییە، بەڵام ئێمەش دیسان لە مەنتیقەی تر هیچ نوێنەرمان نییە، لە نوێنەری پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مەوزووعەکە تەنیا بەو شێوەیە نییە، چونکە مامۆستا سەلاح لە لیژنەی تەندروستی دەردەچێت، دەچێتە لیژنەی پەروەردە، یەعنی لەوێ جێگایەك چۆڵ دەکات، لێرەش جێگایەك زیاد دەکات، ئینجا دەبێت هەردوو کوتلە دانیشن، لەسەر ئەو ئەساسە ئیتیفاق بکەن، وەکو خۆی بمێنێتەوە، تۆزێك تەرتیبی بکەن، بەڕێز کاك د. کەمال فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د. کمال عبدالكريم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێت مەسەلەکە بەنیسبەت منەوە کۆتایی هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاک سەلاحەدین خۆشی لێرە نییە،باشتر وایە هەردوو سەرۆکی فراکسیۆن پێکەوە دانیشن و لەسەر ئەو مەسەلەیە رێك بکەون، ئیتر بە تەرازوو بێت، یان بەبێ تەرازوو بێت، ئەوە لە مەوزووعەکە ناگۆڕێت، خۆتان لەپاشاندا رێك بکەون، بەڵام باشتر وایە دوا بکەوێت، چونکە من کاک سەلاحەدین نابێنم لێرە، نازانم لێرەیە، یان لێرە نییە، هەر کاتێك گەڕایەوە باسێکی ئەو مەوزووعەی لەگەڵدا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە دەڵێین تەنها پێکەوە بن، مەرجیش نییە، بە تەرازوو بێت، ئێمەش تەرازوویەکی ترمان هەیە، تەرازووی موخەسەساتمان هەیە، ئەویش موشکیلەیە، کەواتە ئەم مەوزووعە تەئجیل دەکەین، تاکو هەردوو کوتلە رێك دەکەون لەسەری، کەواتە بەپێی پێشنیاری بەڕێز سکرتێری پەرلەمان هەردوو فەقەرەی یەکەم و دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، بۆ تەئجیل کردنی هەردووکیان بۆ جەلسەی داهاتوو، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن خاڵی یەك و دوو تەئجیل بکرێت، دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن، دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس.

بێینە سەر خاڵی سێیەم: گفتوگۆ کردنە لەسەر بارودۆخی عێراق بەگشتی و، هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، لەم هەلومەرجەی ئێستادا، بۆ تەوزیحی ئەوە، مەوزووع ئەو مەوزووعەیە، کە ئێستا بەسەرماندا هاتووە، ئازاد کردنی عێراقە و، رووخانی رژێمە، ئازاد کردنی هەموو هەرێمە، کرکووکە، موسڵە، هەورامانە، ئەو شتانەی کە رووی داوە لەم ماوەیە، چی پێویستە بکرێت و، چی پێویست نییە، مەجالی ئەوەی هەیە لەم مەوزووعانە هەمووی قسەی تیا بکرێت، جا تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم، کە تێبینیان هەیە، یان قسەیان لەم بارەیەوە هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی هەموویان ناونووس بکەین، تێبینیەکی تریشم هەیە، موحاوەلەی ئەوە بکەن، بە کورتی و مورەکەزی قسەکان تەرح بکەن، ئەو قسانەی کە کراین لەلایەن ئەندامێکی تری بەڕێزەوە دوویات نەکرێنەوە، بەڕێزان ناوەکان دەخوێنمەوە، ئەوەی ناوی نەنووسراوە، تکایە جارێکی تر دەستی بەرز بکاتەوە، تاوەکو ناونووسی بکەین، ناوەکان ئەم بەڕێزانەن: لیستی زەرد:

( شفيقە فقی عبدالله، احمد سالار عبدالواحد، جلال سليم خۆشناو، سفر محمد حسين، سیروان کاکەیی، فاتح محمد امين، رجب شعبان گيب، ملا محمود فندی ديرشەوی، د. رزگار، د. ادريس هادی صالح، ابراهيم سعيد محمد، شێخ يحيى محمد عبدالكريم).

بەڕێزان: لیستی سەوز:

( احمد شريف علی، د. عزالدين مصگفی رسول، محمد عباس عولا (شاخەوان)، حسێن جەنبەلی عبدالله، مصگفی چاوڕەش، شێخ مەزهەر، مامۆستا محمد امين عبدالحكيم چەمچەماڵی، کاك

سالار عزيز، بكر حاجى سفر، گارق محمد سعيد، شێخ لگيف عبدالقادر صادق، نهله محمد سعدالله، مەلا شاخى).

كاك دكتۆر دەفەرمووێ حەقە بپرسين كێ قسە ناكات، ئاسانتر دەردەچوو ئيشەكەمان، دووسێ جەلسە لەمەوبەر ئەندامێكى بەڕێزمان زۆر گلەيى لێ كردين، كە مەجالى نادەين قسە بكات، لەبەر ئەوە بۆ يەكەم كەس ئەو دەرفەت پێ دەدەين كە قسە بكات، بەڕێز كاك مەلا شاخى فەرمووو.

**بەڕێز ابوبكر محمد حاجى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان.**

سەرەتا پيرۆزبايى لە گەلانى عێراق، بەتايبەتى لە خەڵكى كوردستان دەكەين، بەبۆنەى رووخانى رژێمى بەعس و رزگار كردنى هەموو بەشەكانى ترى كوردستان، ديارە مەسەلەى هەڵوەشانەوەى تەعريب يەكێكە لە ئامانجە ئەساسيەكانمان، بەڵام بەداخەوە من لە چەند رۆژى رابردوودا، ئەوەى دەيبينم لە شارى كەركووكدا، نەك مەسەلەى تەعريب بەباشى هەڵنەوەشاوەتەوە، بەڵكو هەندێك خەڵك بەبۆنەى وەرقە دروست كردن، بۆ ئەو موستەفيدانەى، كە هاتوونە بۆ كەركووك، كار ئاسانيان بۆ ئەوە كردووە، كە ئەوانەى رۆيشتوونەو هەڵاتوونە، وردە وردە دەگەڕێنەوە بۆ شارەكە، كە ئەمە كارێكە، بەڕاستى ئەگەر وا بڕوات، لە نەتيجەى ململانێى نێوان حزبەكان بێت، يان لە نەتيجەى هەر شتێك بێت، ئەمە سلبياتێكى گەورەى دەبێت، بۆ پاشەڕۆژى شارى كەركووك و، بۆ پاشەڕۆژى ناوچە تەعريب كراوەكان.

مەسەلەى دووەم: مەسەلەى ئەنفالە، ديارە ئێوە خۆتان دەزانن كە (١٨٢) هەزار كەس لە خەڵكى وڵاتەكەى ئێمە بێ سەرو شوێنن، ئێستا چەندين گۆڕى بە كۆمەڵ لە دەشتى حەويجە و لە دەروبەرى كەركووك دۆزراونەتەوە، هەندێ لەو گۆڕانە ئێستا كەوتوونەتە ناوچەيەك، كە ئەو ناوچانە هێشتا لەژێر دەستى چەكدارى رژێمن، چەكەكانيان ماوە، هێشتا بەناوى عيشرەتى عەرەبەوە پارێزگارى لەو سنوورە دەكەن، رەنگە يەكێ لە هەدەفەكان ئەوە بێت، كە ئەو گۆڕە بە كۆمەڵانە ئاشكرا نەبێت، بۆيە ئێمە داوا دەكەين، كە سەركردايەتى يەكێتى و پارتى داوا لە ئەمريكييەكان بكات، لە ئێستاوە هێزێك بنێرێت، بۆ ئەو ناوچانەى كە ئەو گۆڕە بە كۆمەڵەى لێيە و، ئەو هێزە چەكدارانەى، كە پاشماوەى رژێمى بەعسن لەو ناوچانە چەكيان بكەن، بۆ ئەوەى بتوانرێت ئەو ليژنانەى كە پێك دێن، بۆ بەدواداچوونى ئەنفالەكان، بتوانن ئەو گۆڕە بە كۆمەڵانە بدۆزنەوەو بەباشى لە داهاتوودا لێكۆڵينەوەى لەسەر بكرێت.

خاڵێكى تر ئەوەيە، كە بەڕاستى ئەوە حەوت كەس لە تاوانباران دەستگير كراون، حەقى سزا لەلايەن ئەمريكاوە بۆيان ديارى كراوە، ئەوانە گيراون، ئەوانەى تريش ئينشائەڵڵا لە داهاتوودا دەستگير دەكرێن، جگە لەوانە هەموو ئەوانەى لە ئەنفال بەشداريان كردووە، چ ئەوانەى كە نەگيراون، چ ئەوانەى پەنايان هێناوە بۆ كوردستان، داوا دەكەين ئەوانە لە سزا دەرباز نەبن،

یەعنی بدرێنە دادگا و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، بە تاوانباری جەنگ، یان بە تاوانباری بە کۆمەڵ کوژی سزا بدرێن، هەروەها داواکارین، کە ئیش لە ئێستاوە بۆ ئەوە بکرێت، کە ئێستا ئیمکانیاتێکی گەورە خراوەتە بەردەستی گەلانی عێراق، قەرە بووی کەسوکاری ئەنفال کراوەکان بکرێت، لیژنەیەك لە پەرلەمانی کوردستان پێك بێت، بۆ ئەوەی لە ئێستاوە ئەو لیژنەیە خۆی ئامادە بکات و دەست بەکار بێت، بۆ چوون بۆ نوگرە سەلمان، بۆ چوون بۆ ئەو شوێنانەی دەوروبەری تکریت و سامەڕا، کە گومان دەکرێت زۆرترین گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفال کراوەکانی لێ بێت، بۆ ئەوەی لەلایەن ئەو لیژنەی پەرلەمانەوە، ئەو شوێنانە دیاری بکرێن و، بکرێن بە بەڵگەنامەیەك لەسەر تاوانباران، بۆ ئەوەی سزا بدرێن.

خاڵێکی تر کە بەلای منەوە زۆر گرنگە ئەوەیە، ئێمە ئێستا لە مەرحەلەیەکی زۆر حەساس داین، خەڵکی کوردستان لە هەلومەرجێکی زۆر حەساس و ناسك دایە، ئێمە خەریکە هەموو ماف و داواکاریەکانمان، کە چەند ساڵە لە (١٩٦١)وە گەلی کورد خەباتی بۆ دەکات، هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی تازە، ئەو پەڕی تەزحییەو قوربانیمان لە پێناوی داوە، خەریکە دەگەینە ئامانجەکانمان، کەچی ئێستا لەم کاتە ناسکەدا، مەسەلەی شەڕە پەڕۆ و، مەسەلەی جۆرە مەملانێ، کە دوژمنەکانی کورد سوودی لێ دەبینن، کە ئێستا خەتەرە لەسەر پاشەڕۆژی میللەتەکەمان، داوا دەکەین کە ئیش بۆ ئەوە بکرێت، ئەوە نەمینێت، ئێمە هەموومان دەست بگرینە ناو دەستی یەك، چۆن لە ساڵی رابردوودا زۆر هەنگاوی مەزن نرا، ئێستاش هەنگاوی لەوە مەزنتر بنرێت، بۆ ئەوەی ئەو مافانەی کە بە دەست هاتوونە لە دەستی نەدەین، چونکە ئێمە ئێستا سەرکەوتووین، بەڵام پاراستنی سەرکەوتنەکان زۆر زۆر گرنگە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فەلەکەدین کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز فلك الدين كاكەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن جێی خۆشحاڵییە کە عێراق بە کوردستانیشەوە رزگار بووە، لە رژێمێکی دیکتاتۆری ستەمکار و، بێگومان ئێستا وەختی ئەوە نییە، کە باسی گرنگی ئەوە بکەین، چ لە رووی ناوەوە، یان ئیقلیمی، یان نێودەوڵەتیش تەنانەت، سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بوو، بێگومان ئەوە ئەنجامی خەباتی دوور و درێژی میللەت بوو، ئینجا هاوکاری هێزە هاوپەیمانەکان، کەوا هاتن بۆ یارمەتی دانی ئێمە و رووخاندنی ئەو رژێمە، لێرەدا ئەوەی گرنگە باسی بکەین، هەندێ خاڵە دەربارەی مەسەلە ئەساسیەکەمان، ئێمە باسی فیدرالیزمان کردووە، فیدرالیزم تا ئێستا روون نییە، چۆن جێ بەجێ دەبێت لە عێراقدا؟ چونکە دەستوورێك دانەنراوەو، لەم کۆبوونەوانەش بووە، بەتایبەتی لە ناصرییە خاڵێك هاتووە، کە دەبێت فیدرالیزم پاش راوێژ لەگەڵ هەموو وڵاتان، شتێکی وا بەو مانایە هاتووە، جێ بەجێ بکرێت، واتا شێوە ئیستیتلاعێك لەسەری بکرێت، کە ئەمە جیاوازە لەو بڕیارانەی لە کۆنگرەی لەندەن و، یان لە سەلاحەدین دراوە و، یان بڕیارەکانی پێشوو، ئەمە دەبێت لەسەری راوەستین و تەئکید بکەینەوە، کە لەوێ فیدرالیزم بەبێ هیچ

مەرجێك، بەبێ پەیوەندی بەراوردی نێوان هەموو وڵات، ئەمە مافی میللەتی کوردە، میللەتی کورد دەبێت رەئی لەسەری بدات و، ئەوی ئەم خاڵە زۆر روونترە، لەگەڵ هەموو حزبەکان و، بەتایبەتی هاوپەیمانانی ئەمریکی و ئینگلیزی، ئەمە خاڵێکە.

خاڵێکی تر هەیە، کەوا ناوچەیەکی زۆر، یان زۆربەی زۆری ناوچەکان، چونکە هێشتا هەندێك جێگا ماوە، بەتایبەتی کەرکووك وەکو پێویست تەعریب هەڵنەوەشاوەتەوە، ئازاد بووە، ئەمانە سێ شێوەن: یەکێکی ئەوەیە، کەوا ئۆتۆماتیکی، دەتوانین بخەینە سەر ئیدارەی هەرێم، لێرە مەسەلەی ئەغلەبیەت ئەوەیە،ئێمە چۆن ئەو مەسەلانە بخەینە سەر ئیدارەی هەرێم؟ ئایا دەسەلاتی ئێمەیە؟ یان دەسەلاتی بۆ دوا جار بەجێ دێڵێت و، چی بکەین تاکو بەزووترین کات ئەو شتانە ببڕینەوە،ئایا بیکەین بە ئەمری واقیع؟ بۆخۆمان هەوڵ و مافی خۆمان بدەین لە پەرلەمان، ئەو جێگایانەی کەوا رزگار بووە، بیخەینە سەری و، کە مەسەلەی ئیداری تێدایە و قانونییە و دەستوورییە و زۆر شتی تری تێدایە، ئەم خاڵە زۆر زۆر گرنگە، هەندێ جێگە هەیە، رەنگە ئاسان بێت، وەکو مەخموور و جێگایەکانی تری، وەکو شێخان، بەس هەندێ جێگای تر، رەنگە زەحمەت بێت، وەکو کەرکووك،ئەمە دەبێت بە وردی ئێستا بیری لێ بکەینەوەو، لەوەش ئەگەر ئێمە خستمانە سەر هەرێم چۆن خەدەماتیان پێ بگەیەنێت؟ ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی تری دێتە پێش،مەسەلەی ئابوورییە و مەسەلەی ئیمکانی مادی هەردوولایە، بەلای منەوە یەکێکە لە هەرە خاڵە گرنگەکان، بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتە، بێگومان هەندێ جێگا زۆر بە ئاسانی بێت، رەنگە موشکیلەی نەبێت، وەکو مەخموور و شێخان و سنجار و زمار و، ئەو ناوچانە، یان ناوچەی دوز و هی تر،بەلام هەندێ ناوچەی دەوروبەری کەرکووك زۆر زۆر گرنگە، کەرکووك بە سێ شێوە تەعریب کرا،یەکێك هەندێ ئیدارەی وەحەداتی کوردی لێ جیا کرا بۆوە، لەسەر پارێزگای کەرکووك، شێوەی تریش ئەوەی پشتێنەی ئەمنی لە دەوری کەرکووك دانرابوو، لە شوانەوە تا قەرە حەسەن و تا تازە،هی سێیەمیش لەناو کەرکووك تەعریب کرا بوو، ئێستا با بڵێین ئەوەی دووەم،بەتایبەتی ئەوەی پشتێنەیەکە رزگار بووە، بەلام کێشەیەکە چۆن بڵێینە خەڵك بگەڕێنەوە جێگەی خۆیان، زۆر جێگە هەیە خەڵك ناگەڕێنەوە، ئەوە زۆر زۆر گرنگە، ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە وا نەکەین بە هەردوولاوە، خەڵك بنێرینەوە جێگای خۆی، رەنگە لە ئاییندەدا تووشی کێشە ببین، بێینە سەر ناو کەرکووك، ناو کەرکووك، بێگومان ئەمە مەسەلەیەکی زۆر لە وافدەکان وان، پێیان دەڵێن وافد، یەعنی ئەوانەی هاتوون بۆ تەعریب ماونەتەوە، لەو مەجموعەی کە ماونەتەوە، هەیە ئێستا داوا دەکەن کە بمێننەوە، هەیە رەنگە خۆپیشاندانیان کرد بێت و، هەندێك حزبی عەرەبی هەیە لە کەرکووك، ئێستا وردە وردە پەیدا دەبن، وەکو ناشتوانن بێنن، هانی عەرەب بدەن و، داوا بکەن بمێننەوە، داوا بکەن لە ئەمریکیەکان بمێننەوە، داوا بکەن لە جێگەی خۆیان هەڵنەکەنرێن،ئەمە بێگومان تەئسیرییەکی زۆری هەیە لە شێواندنی تەرتیبی سوکانی ناو کەرکووك،ئینجا ئەمەش چۆن حیسابی بۆ بکەین؟ بێگومان مەسەلەی ئیدارەکەی، کە چۆن ئەو ناوچانەی ئیدارەی بخەینە سەر پارێزگای کەرکووك؟ ئەوە مەسەلەیەکی زۆر موعەقەدە، ئاسان نییە، یان وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەکورتی مەسەلەی تەعریبی کەرکووك، واتا

مەبەست لە هەڵوەشاندنەوەی تەعریب لە کەرکووك ئیشێکی زۆر زۆری دەوێت، زۆر دیقەتیشی دەوێت،لەگەڵ پاراستنی تەوازنی با بڵێین نەتەوەیی لە ناو کەرکووکدا و کێشە دروست نەکردن، بەڵکو پاراستنی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، لەگەڵ عەرەب و تورکمان و مەسیحییەکان، لەوێ ئەوە بپارێزرێت،بەڵام لە هەمان کات ئەم مەسەلەیە بە تەئکید و بە دیقەت موتابعە بکرێت.

خاڵێکی تر هەیە مەسەلەی ئابوورییە، مەسەلەی ئابووری بێگومان نرخی دراو، رەنگە پاش ماوەیەك ببێتە یەك، ئێرە و بەغدا، وەکو هەرێم و بەغدا دەبێتە یەك، ئینجا کامەی دەچێتە ئاستی ئەوی تر، ئەوە دەمێنێتەوە سەرباری ئابووری و، یان تەوازون چۆن دروست دەبێت، ئەوە دەمێنێتەوە سەرباری ئابووری،ئەوە بێگومان تەئسیرێکی زۆر لە ئابووری کوردستان دەکات، دەبێت پسپۆڕانی ئابووری زۆر دیراسەی ئەوە بکەن و، چۆن دروست دەبێت؟ چۆن ئەو حاڵەتە دەبێت بمێنێت؟ یەعنی تەبیعی دەبێت، نەك ئێمە داوا بکەین، یان نەکەین، دەبێت نرخی دراو و باری ژیان لە هەردوولا وردە وردە ببێتە یەك، ئینجا بڕیارێکی ئەمریکیەکان دەیدەن، وەکو رەنگ قسە دەکەن بریا دەهێڵن ژیان بەخۆی وردە وردە تەوازونەکە دروست بکات، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە، تەئسیر دەکاتە سەر ئێمە لە کوردستان، تەئسیر دەکات لە باری ژیانی خەڵك، تەئسیری دەکاتە سەرباری ژیانی ئابووری ئایندە، ئەمانە هەندێ خاڵن کەوا دەبێت ئێمە باسی بکەینەوە، بۆ نموونە مەسەلەی ئەنفال کە باس کرا، برادەرێك باسی کرد، بێگومان مەسەلەی ئەنفال سێ چوار خاڵی تێدایە، یەکێك لەو خاڵانە ئەوەیە، ئێمە داوا لە ئەمریکیەکان بکەین و لەو لێکۆڵینەوەی کە دەیکەن لەگەڵ تاوانبارانی جەنگ، یەکێك لە پرسیارەکان دەربارەی ئەو خاڵە بێت، ئەمانە چیان بەسەر هات؟ ئەمە خاڵێکیان.

خاڵی دووەم، خۆمان چ وەکو پەرلەمان، چ وەکو دوو حزب، چ وەکو جەماوەری خەڵکی کوردستان لیژنە دروست بکەین بچین بۆ بەغدا، بۆ بەسرە، پەیوەندی بە حزبە عێراقییەکانەوە بکەین، ئەوانیش هاوکاری ئێمە بکەن، هەر کەسێك داوا بکات، یان هەر کەسێك زانیاریەکی هەیە دەربارەی ئەنفال و بێ سەرو شوێنەکان پێمان بڵێن بۆیان ئاشکرا بکەین، ئەمە یەك.

سێ: مەسەلەی تەحقیق، داوا بکەین، تەشخیس بکرێت، کێ مەسئوولە لە سەرکردەکان؟ بێگومان سەرکردەکانی عێراق زۆرن، بەس هەندێ کەس هەیە تایبەتە، نەك لەوانەی گیراون، یان مردوون، یان دەگیرێن، بەس هەیەخەڵك نەگیراوەو بەشدارە، رەنگە لە پلەیەکی زۆر نزم بێت، بەڵام بەشدار بووە لە تاوانەکان، رەنگە پلەی ئەفسەرێکی بچووك بێت، یان نائیب زابتێك بێت، بەڵام بەشدار بووە لە تاوانەکان،دەبێت ئێمە بە وردی بەسەر ئەم شوێنانەدا بڕۆین و، داوا بکەین مەسەلەی ئەنفال تا یەك نەفەر،واتا تا بەدوای چارەنووسی یەك کەسدا دەبێت بڕۆین، ئەمە دوو لایەنی هەیە، لایەنێکی ئینسانییە، بۆ خۆمان کۆمەڵایەتییە بۆ میللەتی کورد، لایەنی سیاسیشی تێدایە، چونکە هەمیشە مەسەلەی کورد تازە دەکەینەوە، دەیخەینە سەر ویژدانی خەڵك، کە ئەو میللەتە وای لێ کراوە،دەیکەینە حوجەت لەکاتی باسی فیدڕالی و باسی مافی کورد، ئەمە دەبێت هەمیشە بیکەینە فشارێك بەسەر ویژدانی خەڵکی عێراق و بەسەر خەڵکی دنیا و ئەمریکیەکانەوە، کە ئەو میللەتە وای لێ کراوە، یەعنی دەبێت تا دۆزینەوەی چارەنووسی یەك

کەسیش، دەبێت موازەنە هەبێت، ئیکتیفا نەکەین کە ئەوە تەواو بوو، دەبێت بپرسین کێ کەسوکاری بزر بووە؟ بە شوێنی دابچین، لەمەودوا بەلای من پاش هەڵوەشاندنەوەی تەعریب و لاچوونی رژێم. یەکێك لە مەسەلە ئەساسیەکانی ئێمە رۆژانە، وەکو خەباتێکی سیاسی، حزبی، جەماوەری، پەرلەمانی، رۆژانە بۆ هەردوولا، بۆ هەموو لایەکی کوردستانی، بەلای من دۆزینەوەی چارەنووسی ئەو خەڵکانەیە، دەبێت ئێمە زۆر وریا بین لەو مەسەلانە، بەهیچ شێوەیەك چاوپۆشی لێ نەکەین، مەسەلەیەکی تر، کە دەمێنێتەوە، مەسەلەی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵانەیە، کە دەدۆزرێنەوە، لە گۆڕستانی سەر جەمعیەی کە لەم دواییە برادەرێك باسی کرد، ئێمە زوو بەزوو بچین چ ئەو جێگایانەی عەرەب بن، چەکیان بەدەستەوە نەبێت، ئێمە داوا بکەین لە هێزی هاوپەیمان بەهەر شێوەیەك بێت یارمەتیان بدەن، بێگومان بچین لەو مەسەلانە بکۆڵینەوە، ئەگەر گۆڕستانەکان هی کوردیش نەبێت، هی هەر میللەتێك بێت، هی عەرەبیش بێت، هی تورکمانیش بێت، گرنگ ئەوەیە، ئەمە مەسەلەیەکە، کە ئێمە زیاتر مەعنین، یەعنی کورد لە هەمووان زیاتر شەهیدی داوە، زیاتر بێ سەرو شوێنی هەیە، واز ناهێنێت لەو مەسەلانە، مەسەلەی سیاسی، دەمێنێتەوە سەر مەسەلەی ناوخۆ، ئێستا لە هەموو وەختێك زیاتر پێویستە هەوڵ بدرێت.

رێزی ناوخۆ چ وەکو دوو لایەن، چ وەکو دوولایەنی گەورە، چ وەکو لایەکانی تریش هەر هەموو بەشدار بکەن، نەك هەر دوو لایەن، بەشدار بکەین لە شیکردنەوەی باری سیاسی، دانانی ئامانجی تازە، بەڵام ئامانجی تازە، دەبێت بیر بکەینەوە، دوای رووخانی رژێم دوای ئەو ناوچانەی کە تەعریب کراون، ئامانجی تازەمان هەیە، یەك: مەسەلەی فیدراڵیزم، چۆن بچەسپێ؟ چۆن، لە کوێ، بە چ یاسایەك؟ کێ وەڵامی ئەوە دەداتەوە؟ هەندێك پرۆپاگەندە هەیە، کە گوایا هەندێ زانیاری هەیە کە عێراق بکەن بە سێ پارچە، رەنگە ئەو سێ پارچەیە یەکێك لە پێشنیارەکان بێت، پێشنیارە، نازانم، بۆ نموونە دەڵێت مووسڵ و هەموو ناوچەی کوردستان تا باکووری خانەقین دەبێت بە یەك ویلایەت، ئەم ویلایەتە ناوی چی دەبێت؟ ناوی کوردستانیشی لێبێت، ئایا ئێمە هیچ ئیستیفادەی لێدەکەین، چەند زیان و قازانجی بۆ ئێمە دەبێت؟ لە لایەکەوە لەوانەیە قازانج بکەین، کە هەموو کورد یەك ویلایەت دەگرێتەوە، زەرەری دەبێت ئەگەر ناوی ویلایەتی کوردستانی نەبێت، دەبێت ئێمە چی بکەین، یەعنی مەبەستم، ئەم پرسیارانە هەموویان هەن، هەرچەند هێشتا لە دۆخی پرۆپاگەندەیە، یان زانیارییەك تەسریب دەکرێت، چ بکرێت؟ دەبێت زۆر وریا بین، ئەمە خاڵی یەکەمە لەگەڵ هەموو حزبەکانی کوردستانی، هەتا حزبی عێراقی دۆستی با بڵێین کورد، ئەم شتانە باس بکەین، کە چۆن مەسەلەی فیدراڵیزم بچەسپێنین لە وڵاتدا، چونکە هێشتا زۆر شت هەنە تا ئێستا روون نیین، نابێت بەئیسراحەت بنووین، ئێمە بزانین وەکو بڵێین شتەکان تازە دەست پێدەکات، مەسەلەکانی کورد هەر هەموو راستە چەسپاوە و بۆتە ئەمرێکی واقیع، یەعنی ئینکار ناکرێت تازە، بەڵام سنووردار کردنی ماف کورد هێشتا ماوە، وەکو بڵێی تازە دەستی پێکردووە، لەبەر ئەوە دەبێت زۆر وریا بین و، بەباشی دیراسەتی بکەین، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك فلك الدين، بەڕێز سعدی احمد پيره، فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پيره:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرنامەی رزگاری عێراق، بەرنامەیەك بوو، پێم وایە خەوی دێرینی نەك تەنها کورد لە کوردستانی عێراق، کە یەکێکە لەو نەتەوانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆرترین قوربانی و خوێنی داوە، بۆ گەلانی عێراقیش سەرکەوتنێکی زۆر گەورە و مەزن بوو، وەکو لە سەرەتادا کاك مەلا شاخی وتی، مەرجی ئەساسی ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەو سەرکەوتنە بپارێزین؟ چۆن دەتوانین بەرەو ئەو ئاقارەی ببەین کە داخوازی و بەرژەوەندی کوردی تێدا مسۆگەر بکرێت؟ جارێکی تر رووداو و کارەساتی نالەباری وەکو ئەوەی کە پێشتر روویدا نەیەتە پێش، من پێم وایە کاك فلك الدين دروست دەڵێت کورد لە پێناوی رۆژێکی لەو بابەتەدا، یەکجار زۆر قوربانی داوە و، یەکجار زۆر خوێنی داوە، ئەکید کەس هیچی پێ نەبەخشیوە، بەڵکو بەرهەمی خەباتی خۆیەتی، دەبێت زۆر سوپاسی ولاتە هاوپەیمانەکان بەتایبەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و هەموو هاوپەیمانەکانی تریان بکەین، من پێم وایە ئێمە تا ئێستا باشمان هێناوە، لە سەرەتای بە گژداچوونەوەی هەوڵە ناوچەییەکان، هەوڵە ئیقلیمیەکان، بۆ دەست تێوەردان و بنبڕ کردنی، تەعقید کردنی کێشەکانی ناوخۆ، هەڵوێستێکی دروستمان وەرگرت، یەك هەڵوێستمان وەرگرت، خیتابێکی موەحدمان هەبوو بۆ ئەم بابەتە، زەرووریيە ئەم هەڵوێستە موەحەدە دیسانەوە بخەینەوە گەڕ بۆ سەپاندنی بۆچوونەکانمان، بۆ سەپاندن و بۆ جێگیرکردنی داخوازییەکانمان، مەوزوعی فیدرالی من پێم وایە مەوزوعێکە، لە کۆبوونەوەکانی لەندەن لە کۆبوونەوەکانی سەلاحەددین، لەو کۆبوونەوە ناسکەش، مەسەلەیەکە باسی لێوە دەکرێت، بەلام بۆ تەعریفی فیدڕالیەت پێویستمان زیاتر بەخۆ گورج و گۆڵ کردنە، پێویستمان زیاتر بە هەوڵ و تەقەلای دبلۆماسی سیاسییە بۆ دروست کردنی تەعریف، تەعریفێك کە نزیك لە تەعریفی ئێمە بێت بۆ فیدڕالیزم، بۆ ئەوەی کورد بتوانێ چارەنووسی خۆی دەست نیشان بکات، بتوانێ خزمەتگوزاری و نوێنەرایەتی لە دەزگا ناوەندییەکان و دەزگا ئیقلیمیەکانی خۆی بکات، ئەوەی تا ئێستا لەبەر چاودایە وەکو کاك فەلەکەدین ئیشارەتی بۆ کرد، پرۆپاگەندە نییە، ئێمە لەپاش رووخانی رژێمی عێراق، دوو مەرحەلەمان هەیە، مەرحەلەی یەکەم، مەرحەلەی ئینتیقالییە، کە دەکات مەرحەلەی رووخانی سەدام تا ئینتیخابات، لەو مەرحەلەی ئینتیقالییە هەموو شتێك لەسەر ئەساسی نیسەب دەبێت، نیسەبەتی کورد بەپێی ئەو ئەوراقانەی کە لەبەر دەستدایە بە تەبا لەگەڵ رەئی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی چەندە؟ نیسبەی تورکمان چەندە؟ نیسبەی عەرەب چەندە؟ نیسبەی عەرەبی شیعە چەندە؟ هی سوننە چەندە؟ بەم شێوەیە بابەتی نیسەب موراعات دەکرێت لە پێکهاتەی هەموو دامەزراوێکی عێراقی لە داهاتوودا، هەتا ئینتیخاباتی عام دەکرێت لە عێراقدا، پاش ئینتیخاباتی عام مەوزوعی نیسبەت لە عێراق نامێنێ، ئەوەی کە ئێمە دەبێت موقەیەد بین، حەزەر بین، ئەو فەترەی ئینتیقالیيە کە نابێت بکەوین، هیچ کورسییەك، هیچ ملیمەترێك هەدیە نەکەین، چونکە ئێستا ئەو لایەنانەی کە پێمان وابوو، یان هەندێك لەو

لایەنانەی کە پێمان وابوو، چرای ترافیکی ناو بەغدایە، بە ئەمرو نەهی ئەوان دەکرێت، دەرچوو ئەوە نین کە ئێمە تەوەقوعمان دەکرد، هێزی مونەزەمی ئەساسی کە لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانیش بە جدی وەربگیرێ کوردە، بەشەرتێك کورد تەبایی خۆی بپارێزێ و، کورد فاکتەرێکی حەقیقییە ئەمرۆ لەناو هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی، کە حیسابی لەسەر دەکرێت و،ئێمە ئیش و کاری تەنانەت نێردراوەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشمان ئاسان کردووە، ئەو برادەرەی کە دوێنێ لێرە قسەی کرد، جەنەڕاڵ بروس مۆر، کارەکەی زۆر ئاسان ترە،لەو جەنەڕاڵەی کە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق دەست نیشان کراوە، چونکە ئەو لێرە بەلای کەمی لەسێ پارێزگا و نیو لە دهۆك و هەولێرو سلێمانی و بەشێکی زۆری کەرکوکیش لەگەڵ ئیدارەیەکی مونەزەم و دامەزراوێکی موتەکامیل کاردەکات و، کارەکەی سەرئێشەی بۆ دروست ناکات و،ئەوە پێم وایە یەکێکە لەو سەرمایانەی کە ئێمە لەو موعامەلەیەی کە لەبارەی پاشەڕۆژی عێراق دەکرێت، ئێمە بەدەستمانەوەیە دەتوانین ئیستیفادەی لێ بکەین، تەنانەت هاتنیشی بۆ ئێرە لەم پەرلەمانەی یەکەم جارە لێرە لێپرسراوێکی ئەمەریکی لە عێراق لەبەردەم هەیئەتێکی عێراقی هەڵبژێردراو قسە دەکات، بەبێ شەڕ، خۆی زۆر قسەی کردووە، بەلام لەسەر بابەتی شەڕ، لەبەغدا زۆر قسە دەکات، بەلام وەکو یەکێك کە شەڕی بردۆتەوە، بەلام لێرە وەکو شەریك قسەی کرد، وەکو ئەمە قسەی کرد، کە ئەم دەزگایە، بەڵێ دەزگایەکە کە جێگای متمانەو ئیعتراڤی ئێمەیە و، هاوکاریمان لەگەڵ ئەو دەزگایە دەبێت،تەسەور دەکەم کە ئەمە یەکێکە لەو ئیشارەتانەی کە ئێمە دەبێت لەرووی سیاسییەوە تێبگەین، لەسەر ئەمە شت بینا بکەین و تەعمیم بکرێت لەسەر ئەو مەنتیقەیەی کە ئێستا دەبێتە سێکتەری شیمالی، کە کەرکووك و مووسڵیش دەگرێتەوە وەکو پارێزگا، تەنانەت بۆ مەوزوعی کەرکووك ومووسڵیش ئەو مەترسییانە دەمێنێت کە تەغیری وەحدەی ئیداری کراوە لەو ناوچانە، تەغیری کەرکووك کراوە، یەعنی زۆر قەزاو ناحیەی کەرکووك ئیلحاق کراوە بە بەعقووبە و بە تکریت، کە کورد نشینن بە ئەسڵدا، بەلام ئێستاش ئەو ناوچەیە، ئەو پێنج پارێزگیە کە دەکەوێتە قاتیعی شمالی ئەکسەریەتی کوردە، زیاتر دوو لەسەر سێی کوردە، من پێم وایە ئەمە ئیحتیفاز پێ بکەین و، پەرەی پێبدەین، مەوزوعی گێڕانەوەی قەزاو ناحیەکانی تریش خەباتی بۆ بکەین، چ لە ناحیەی ئیستیفتا لەو قەزاو ناحییانە کە بگەڕێنەوە سەر پارێزگای دایك لە ئەسڵدا، یان هەر ریفۆرمێکی تر کە بۆمان مولائیم بێت بتوانین ئەم کارە بکەین.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بابەتی گرنگ مەزوعی تەعریب و تەهجیرە، ئێمە لەبەر ململانێیەك کە پێم وایە لە جێی خۆی نییە، شەڕە پەڕۆیە کە لە جێی خۆی نییە، خەریکین وردە وردە وەرەقە ئەدەین بەو عەرەبانەی کە لە ئەساسدا بۆ تەعریب هاتوون، کەس دەستکاریان ناکات و کەس دەست درێژیان ناکات، چ ئەوانەی دەهەزار دیناریيەکانن، چ ئەوانەی لە نیهایەتی شەستەکانەوە هێنراون بۆ کەرکووك و بۆ ناوچەکانی تری کوردنیشن، من پێم وایە لەم هەرج ومەرجە فرسەتێکی زۆر باشە، یەك:کەم دەست سووك بکەین بۆ دەرپەڕاندنی ئەو کەسانەی کە بەزۆر هێناویانن سەر زێدی ئێمە و، خەڵکی ئێمە دەرکراون، ئێستا وەرەقە دابەش نەکەین، ئایا لە ئینتیخاباتی داهاتوو، کابرایەك لهێب دێیەکی داگیر کردووە لەو سەری قەراج، خەڵکی ئەم

مەنتیقەیە ئێستا ئەگەر وەرەقەیەکم دایێ لە موستەقبەل دەنگم بداتێ، ئەو ماوەیە بەشتی کەم نەبەین، من پێم وایە کە داوا لە حزبەکان بکەین، کەهیچ عەدەم تەعەروزێك بە هیچ عەرەبێکی تەعریب نەدا، بە عەکسەوە عەرەبی تەعریب ئەگەر نەشروا، بەلأم ئەو ترسەی لە دلدا بێت، ئەوە خەتایەکی میللیە، من نالێم و هیچ ناوێکی لێنانێم، بەلأم خەتایەکی زۆر گەورەیە کە ئێمە زەمینە خۆش بکەین بۆ مانەوەی ئەو عەرەبی تەعریبە، چونکە ئەوەی ئێستا نەڕوات، دوایی ناڕوات، سەبەبەکەی، ئێمە لەعێراق فەراغێکی سیاسیمان هەیە لە ناوەڕاست و جنوب، هیچ حزبێکی عێراقی نییە بەم شێوەیە کە تەعریفی حزبی لەسەر جێبەجێ بکرێت، لە کوردستان هەمانە، مەجلسی ئەعلامان هەیە، بەلأم لە ناوەڕاست و جنوب نییە، هەمانە پێنج، سێ، چوار ملیۆن ئەندامی حزبی بەعسی مونحەللان هەیە، ئەوانە عەناسری ئەساسین، دەگەڕێن لە جێیەك بۆ ئەوەی خۆیان لیێ بژین، ئەفرادی سیاسین لەدەرەوە یان لە ناوەوە، دەیانەوێت بەپەلە حزبێك بۆ خۆیان دروست بکەن، چونکە پێیان وایە شتێکی زۆر هەیە دابەش دەکرێت ئەوان حسەیان دەبڕێت، بۆیە هەموویان دەرگایان کراوەتەوە بۆ ئەو ئەفرادانە، هیچ مانعیان نییە بێن بۆ ڕاکێشانی عەتفی ئەو عەرەبانەی بۆ تەعریب هاتوون بۆ ئەو ناوچەیە، بۆ بە قووەت کردنی حزبەکەیان بچن بە هەموو دنیا بگەڕێن بۆ ئەوەی بیانهێننەوە جێی خۆیان، هەروەکو مەسەلەیەکی نەتەوەیی تۆماری بکەن، هەم لەڕووی سیاسییەوە سەرمایە بەدەست بهێنن، بۆیە من پێم وایە نابێ ئەو عەدەم تەعروزە بدەین و، لەگەڵ ئەو تەرەفانەی کە ئومێدیان وایە لە ڕێی عەرەبی تەعریب حزبێکی سیاسی لە ناوەڕاست و جنوبی عێراق دروست بکەن، ئەبێ بە جواب بێین و فەعال بین بۆ ئەوەی ئاگادرابیان بکەینەوە، کە ئەمانە بەقایەی حزبی بەعسن، داگیرکەرن لەو ناوچەیە، هیچ مانیع نییە وەکو سواح بێن یان وەکو تاجر بێن، وەکو چ دێن، بەلأم وەکو داگیرکەر لە چوارچێوەی سیاسەتی تەعریب و، پاکتاوی ڕەگەزی نابێت لەم ناوچەیە بمێنن، خاڵی تر کە باسی دەکەم، مەوزوعی کەرکوك و مووسڵە، کەرکووك و مووسڵ دوو شارن لە باکوور، کەرکووك شارێکی کوردستانییە، بەلأم حاڵەتێکی خاسی هەیە، هەندێك حەساسیەتی ئەقلیمیش لەگەڵی مەربووتە، من پێم وایە مەوزوعی کەرکووك ئێمە دەتوانین حەلی بکەین، من پێم باشە ئەگەر جەنابت دوایی فرسەتت هێنا بۆ ئەندامانی پەرلەمان، چونکە بەرەو ڕووی زۆر پرسیار دەبنەوە، کورتەیەك لەسەر کۆبوونەوەکەی سەرکردایەتی سیاسی باڵای دوێنێ باس بکەی، کە تەقریبەن ئەوەی ئیجازە هەیە باسی بکەی، تەوەجوهی سیاسی، هەندێك کەس پێی وایە کە تا ئێستا ئێمە لەو ئیشکالاتە ئەژین، بەلأم هەندێك مەشاکیل دوێنێ حەل بووە، ئێستا ئەمڕۆ دەبێت تەعلیمات دەربچێت، ئەگەر جەنابت مەوجوود بووی بۆیان باس بکەی، من پێم وایە لەسەر مەسەلەی کەرکووك نابێت سیاسەتی جودامان هەبێت، کورد بە موەحەدی دەتوانێ کوردستانیەتی کەرکووك بپارێزێ، کوردی پارچە پارچە، زەمانی موختەلیف، پێشتر ڕەنگە دەورمان تەوزیع کردبایە، چونکە جیرانەکانمان لە ئێمە زۆر بە قووەت تر بوون، خەتەری لەسەرمان بوو لەو هێزەی کە دیفاعی لێ دەکردین زۆر بە قووەت تر بوو، ئێستا ئەو هێزەی کە دیفاعمان لێدەکات، لەو خەتەرانەی دەرەوە زۆر بەقووەت ترە، شتەکە قەلب بووەتەوە، بۆیە من پێم باشە کورد ئێستا پێویستی بە تەوزیعی ئەو دەورە نییە، پێویستی بەوەیە کە موسڕ بێت لەسەر

داخوازییەکانی خۆی، لەسەر حقوقی خۆی، چونکە ئەوەی نەتوانرێت بەدەست بهێنرێت، لە موستقبەل زۆر زەحمەت دەبێت، بەتایبەتی کە مەجالی شەڕ هەموو لایەکمان دەزانین کە کەم دەبێتەوە، بۆیە ئێستا فرسەتە لە داڕشتنەوەی عێراق ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت، مەوزوعی مووسڵ، مەوزۆعێکە کە من لەتەسریحاتی هەندێك لە برادەران گوێم لێدەبێت، شارێکی عێراقە، عەرەبییە، شارێکی عێراقی کوسمۆپۆلیتە، شارێکە کە مەرکەزێکی سەقافی و سیاسی و ئیقتسادییە لەعێراق و شارێکی موهیمە، بەڵام لە مووسڵ مەجموعەیەك مەشاکیل هەیە، مووسڵ مەرکەزی اخوان مسلمینە، اخوان مسلمین لە عێراق لە ئەساسدا لە مووسڵ دامەزرا، مووسڵ حەرەکەیەکی وەهابی زۆر بە قوەتی تێدا هەیە، مووسڵ مەرکەزی سەرانی جەیشی عێراقییە، بەشی هەرە زۆری زابت و دەرەجەدارەکانی عێراق خەڵکی مووسڵن، لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا بەشێکی زۆریان تەعزییەیان هەیە ئێستا، مووسڵ ژمارەیەکی زۆر تەفریبەن لەناو مووسڵ دەتوانین بڵێین دووسەد تا سێ سەد هەزار کوردی تێدا هەیە، بە ئەترافییەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر تر، ئەو کوردانەی مووسڵ بەتایبەتی عەشائر، ئەو خەڵکانەن کە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بوونە، لەگەڵ حەرەکەی کوردیدا نەبوونە، ئیشکالاتیان هەیە، مەشاکیلیان هەیە، من پێم وایە ئێستا ئەو تەعامولەی لەگەڵ مووسڵ کرا، بەشێکی ئەوەی لەگەڵ کەرکووك کرا، نەتیجەیەکی زۆر باشی نەدا، نەتیجەیەکی دا کە زۆر لەو کەسانەی لە ئەسڵدا بە مەبەستی ئەوەن دژایەتی لەگەڵ کوردا بکەن، ئێستا ئیستیفادە لەم وەزعە دەکەن کە لە مووسڵ هاتۆتە پێش یان لە ناوچەکانی تر، من پێری ئێواری لە مووسڵ بووم، عەلەمی کورد، زەرد یان سەوز کەم هەیە لەوێ، چونکە ئێمە لێنەگەڕاین، ئێستا ژمارەیەکی یەکجار زۆر عەلەمی عێراقی هەڵدراوەتەوە، بڕۆ بەهەموو جادەکان یان هەر دووسەد مەتر دەچی عەلەمێکی عێراقی هەڵدراوەتەوە، من دەزانم ئەمانە لە تەرەف ئەو کەسانەیە کە لە پاشماوەی ئەم رژێمە گۆڕبەگۆڕەن، بەڵام دەیانەوێت شتێکی تازە بهێننە ناوەوە، شەڕی کورد و عەرەب لە مووسڵ کە لە قەدیم زەمانەوە پێم وایە نەبووە، ئێمە لە جیاتی ئەوەی تەرکیز بکەینە سەر روئەسائی عەرەب، لەسەر ئەوانەی کە موتەعامیل بوون لەگەڵ نیزام، تەئکید کەین لەسەر عەوائلی ناو مووسڵ کە خۆشیان بێزارن کە شارەکەیان بۆتە لادێیەکی گەورە، لەوە بێزار بووینە کە بتوانن ئیستیفادەی لێ بکەن، دیسان من پێم وایە مەوزوعی مووسڵ بە تەبایی دەکرێت، بەبێ کەمتر سیاسەتی حزبی تەسك دەکرێت، بەڵکو بە موەحەدی دەتوانین ئیدارەی مووسڵ بکەین، مەسەلەیەکی تر ئەویش پێم وایە گرنگە لێرە، مەسەلەی تاوانبارانی جەنگ، ئێمە دیسان هەر لە چواچێوەی سیاسەتی حزبی تەسك خەریکی فڕکان فڕکانین لەسەر ئەوەی فلان ئەندامی مەجلسی تەشریعی، یان فلان مەسئول دێتەوە لەگەڵ کێهانمانن، ئەمریکا لە مەسافەی دوو، سێ هەزار میل هاتووە پەنجاو پێنج ناوی ئیعلان کردووە کە ئەوانە تاونبارانی جەنگن، پێنج هەزار ناویش لە جوعبەی دایە کە ئەوانە مومکینە دەستیان هەبێت لە جەرائیم، من پێم وایە ئێمە مەوزوعی پارتی و یەکێتی تەجاوز بکەین، بابێین لە پەرلەمانی کوردستان چەند ناوێك یان بەبێ ناو، عەلئەقەل موسائەلەی ئەوانەی کە تەعاونیان کردیە، کە ئێمە ئەنفال کراوین، چاوساغیان هەبووە، کورد دەستی راکێشاون، قەتلی جەماعی کراوە، کورد دەستی راکێشاون، خەڵك ئیعدام کراوە، کورد موتەوەریتە تێیدا، یەعنی ئەوە نەبێت، نوقتەو سەری دێر،

باشه له حەقی عام، باشه له حەقی خاس بۆ؟ بەشێکی زۆر لەو ئەوەلیاتەی که ئێستا له کوردستانی عێراق دەکرێت، ناوی ئەنواع خەڵکی تێدا هەیە، لەم هەولێرە ناوی تێدا هەیە، له سلێمانیش ناوی تێدا هەیە، هەروەها له دهۆکیش ناو هەیە، من پێم وایه ئەو مەوزوعەش ئێمە وەکو پەرلەمان حەقی تەبیعی خۆمانە وەکو نوێنەرانی خەڵك، مافەکانیان لای ئێمە پارێزراو بێت و، ئەو بابەته له مونافەسەی حزبی دوور بخەینەوە، وەکو مەسەلەیەکی میللی، لاپەرەیەکی تازە دەکرێتەوە خەڵك واز له جاشایەتی بهێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوی خۆت نەنووسیوە کاك د. ناسح لەبەر ئەوە حەقی قسەکردنت نییە، قسەکانمان با فعل و رد فعل نەبێت، تکام وایە، ئەو قسانەی که کراون دووبارە نەبنەوە، چونکە ٣١ناومان نووسیوە، مەجبور دەبین سبەی جەلسەیەکی پەرلەمان بکەینەوە، یەعنی ئێمە ئەگەر به دوورو درێژی باسی مەوزوعێك بکەین بەراستی کاتێکی دوورو درێژی دەوێت، باوەڕیش ناکەم ئەو سوودەی هەبێت،ئەگەر تەرکیزیش بکرێت بەو حەددە نوقاتەکان کورت بکرێنەوە باشترە، بەبێ شروحات زۆر چاکتر دەبێت،بەڵام من یەك دوو تێبینیم هەیە له قسەکانی کاك سعدی، تەسەوڕیش ناکەم بەو شکڵە تەرحی کردبێت که واقیعەکە وابوو، که ئەڵێ شەڕە پەڕۆك نەکرێت، ئەوە قسەی یەك لا نییە، قسەی هەردوو لایە، که ئەڵێ سیراع لەگەڵ عەرەب نەکرێت، محاوەله نەکرێت خەڵکی خراپ کەسپ بکرێت، ئەمەش قسەی هەردوولایە، مەبەستی یەك لا نییە، چونکە ئەگەر مەبەستی یەك لا بێت، ئەو کاته به موزایەدە ئیعتیبار دەکرێت، فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەم ژوورە پەرلەمانتارم و لەدەرەوەش حزبیم،ئەوەی که باسی دەکەم پەڕۆی سەوزو زەردو مۆرو سووریش دەگرێتەوە، هەموو پەڕۆکەکان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك سعدی، کاك د. ناسح دوایی مەجالت دەدەینێ بۆ ئەوەی قسه بکەی، چونکە ناومان نووسیوە بەپێی ئەو تەسلسوله ئەڕۆین، بەڕێز کاك احمد سالار، فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا له قوناغی رووبەڕووبوونەوەی ئاوەدانکردنەوەین، لەبەر ئەوەی گەورەترین وێرانکاریمان بینیوە، ئاوەدانکردنەوەش دوولایەنی هەیە، لایەنێکیان ئەوەیه ئەو پرۆژانەی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات،ئەوەی رەنگ و روویەك به وڵاتێکی نوێ دەدات، ئەوەی زۆر شتی وێران بخاته سەر زەمینەیەکی جوان و تەلارێکی پۆشته بۆ ژیانی ئەمڕۆمان بکات، ئەمەیان کارێکی هەندە گران نییە، چونکە رەنگە بتوانێ ئەو پارەی که هەڵڕێژرا بوو، بۆ چەوتەکاری خراپ ئەکەوتەوە لەسەر ئەم گەله بتوانرێ به پارەی چەند رۆژێکی ئەو نەوتە ئەوانە جێبەجێ بکرێت، یان چەند مانگێکی، یان چەند ساڵێکی، بەڵام ئاوەدانکردنەوەی گەورە و گران ئەوەیه چۆن ئەو وێرانکارییەی که پێشتریش ئەو وڵاته باردۆخێکی نائاسایی هەبووە، بەڵام تەواوەتی که

وێرانکاری دەستی پێکرد لەو سی وپێنج ساڵەی فەرمانڕەوایی بەعسدا، یان ڕژێمی بەعسدا، کە لایەنەکانی کەسایەتی تێدا وێران کراوە، لایەنەکانی تێدا زامدار کراوە، بەتایبەتی لایەنی سایکۆلۆجی و لایەنی سایکۆلۆجی مرۆڤی عێراقی، ترس و، رووخانی کەسایەتی بڕوانەبوون بە خۆ، کۆمەڵی نەخۆشی و دەیان گرێی دەروونی کە گەیبوو بە منداڵەکان و بۆتە شتێکی میراتگەریی،لەبەر ئەوە تکا دەکەم شان بەشانی ئەو ئاوەدانکردنەوەیە هەنگاوی هەرە گرنگ و بڕوا بەخۆ بوون بنرێت بۆ ئەو ئاوەدانکردنەوەیە، کە ئاوەدانکردنەوەی دەروونی مرۆڤی عێراقییە، کە بە هەموو شێوەیەك پارچەکراوە، هەڵپاچ و داپاچی پێکراوە، بەهەموو هۆکارێك بەهەموو جۆرێکی چەوساندنەوەو لێدان، بۆیە پێویست بەوە دەکات ئەو ئەکادیمیانەی کە هەمانن،ئەو زانایانە بەتایبەتی لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا بتوانن نەخشەکێش و رەنگ کێشی بنیاتنانەوە نوێیەکە بن بۆ ئەوەی، چونکە ئەمە لەهەنگاوی بەرنامەکانی خوێندنەوە لە پۆلی یەکی سەرەتایی دەست پێدەکات، وێرانکاری دووبارە پێداچونەوە لە هەموو هەڵسوکەوت و رەفتارو جۆری پەیوەندییەکان کە لە کۆمەڵگا هەیە، واتە دووبارە دروستکردنەوەکە پەیوەستە بە گۆڕانکاری ژێرخانەکەیەوە، بۆ ئەوەی بتوانین مرۆڤێکی تەواو دروست بکەینەوە کە بتوانێ شایستەی رووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاینده جوانە و ژیانێکی نوێ بێت، بۆیە پێویستە داواکردن چ بە سیمینار بێت، چ لەو ئەکادیمیانە بێت، لەو پسپۆڕانە بێت، لەناوەوە بێت یان لە دەرەوە، لە شوێنانی تردا دەبێت، کۆمەکی گەورەمان لەوەوە پێویستە، کۆمەکی تر رەنگە بە پارە زۆر بە ئاسانی تر بکرێت، بەڵام ئەمەیان پێویستە، بۆیە هەندێ لەوانە دەبینین بەردەوام ئێستا کە هەندێ ئەبینین کە ماوە، یەکێ لە دیاردە دزێوەکان چییە؟ کە دزێوە دیاردەیەکە لامان سەیر نییە، چونکە بەربلاوە، ئەبینین بەعسی عێراقی وەکو دەسەڵاتێك رووخاوە، بەڵام زمان حاڵی بەعس زمانەکەی دریژترە لە جاران، لە هەموو یان بڵێم زۆربەی زۆری کەناڵە عەرەبی و ئیسلامیەکانەوە، زۆر کوێخا عەرەبەکانەوە، کە ئەمە رۆژانە بریندارکردنەوەی مرۆڤی کوردە، جورێکە لە کیمیاوی بەکاری دەهێنن، بۆ ئەوەی زیاتر ئازارمان بدەن، هەندێ شت هەیە حوکمی جوگرافیاو واقیعە، ئەگەر بێت و دەنگدان لەسەر چارەنووسی ئێمە بکرێت،ئێمە لەعێراقدا ئەگەر بچینە سەدا سی یان سەدا چلی، پەنجای بەهۆی ئەو چەند ساڵەو ئەو وێرانکارییەوە،بەر لە هەموو شتێك بیر لە بەرژەوەندییە عەرەبییە نەك هەر عەرەبی شۆڤینیانە عەرەبی بیر بکاتەوە، من لام سەیرە فەلەستینیەکانی بریندارییش وا بیر دەکەنەوە، پێویستە ئەمانە چارەنووسی خۆمان پەردەیەکی دەروونی گەورە دروست بووە لە نێوانی ئێمەو دەربڕینی ئەو رایانە، دەربارەی حەققە رەواکان، کە جوگرافیا و مێژوو، خواو، هەموو شتێك و خوێنی هەزارەها رەوای بینیوە پێمان، ئەویش ئەوەیە، ئەوەی کوردستانە کوردستانە، فیدڕالیەت بڕیاری میللەتی کوردە، بڕیاری گەلی کوردستانە، ئەو شتانە ناخرێنە سەر مێزی خەڵکی تر بڕیاری لێبدات،ئێمە خۆمان بۆیە بۆ ژیان مردووین خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆمان بین لە ژیاندا، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك احمد سالار، بەڕێز کاك احمد شریف، فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازە هەبێ،ئەمەوێت هەندێ خاڵێ گرنگ هەیە روونی بکەمەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەندامی پەرلەمان دێتە ناو باڵەخانەی پەرلەمانەوە، دەبێت بە ویژدانەوە، بەو رووحیەتە بێتن کە نوێنەری هەموو میللەتی کوردە بێ جیاوازی لە فلاّن حزب و زەردو سەوزو سوورو شین، ئەگەر بەم رووحیەتە ئەندامی پەرلەمان کار نەکات چۆن دەتوانین داوا لە حزبەکان بکەین کە شەڕە پەڕۆ نەکەن، چونکە هەر شەڕە پەڕۆیە دەبێتە شەڕە شەق، شەڕە شەقیشە دەبێتە شەڕە گوللە، شەڕە گوللەش ماڵکاولی گەلی کوردی لێدەبێتەوە، هەروەکو تا ئێستا لێی کەوتۆتەوە، من پێم وابێ بەردی بناغەی ژێری سەرکردایەتی کورد، لێوەشاوەیی قیادەی کورد، لەم قۆناغە بەدەر دەکەوێت، چونکە فرسەتێکی مێژوویی بۆ کورد هەڵکەوتووە، ئەم فرسەتە لەدەست بدەین رەنگە تا پەنجا ساڵی تر ئەو فرسەتەمان بۆ هەڵنەکەوێتەوە، کورد زۆر فرسەتی لە دەست چووە، ئەمجارە کورد لەگەڵ رەوڕەوەی مێژوو دەڕوات، بەعەکسی تەیارەکە ناڕوات، لەگەڵ تەیارەکە دەڕوات، بەلاّم نابێت ئێمە لەسەر ئەم وەهمە بژین کە بڕیارەکانی ئۆپۆزسیۆن لە لەندەن و سەلاحەددین بریاریان لەسەر داوە، پێمان وابێت ئەمە هەموو شتێکە، خەلاس، من پێم وایە ئەمە هەمووی قابیلی گۆڕانە، هێزی تر دێتە کایەوە، قووەتی تر پەیدا بووە، ئەگەر ئێستا مولاحەزە بکەن لەماوەی دووهەفتەدا دنیا بەتایبەتی لە گۆڕانێکی زۆر سەیر دایە، ئەگەر ئێمە قیادەی کوردی بەتەواوی یەك نەبین و، بەراستیش یەك نەبین و، بە دڵیش یەك نەبین، من پێم وایە زۆر شت لەدەست دەدەین،بەتایبەتی کەرکووك و مووسڵ بەتەواوەتی لەدەستمان دەچێت، یەعنی بەڕاستی بۆ کورد شوورەییە لە کەرکووك و مووسڵ شەڕە پەڕۆك بکات، ئەسڵەن عەیبە حزبایەتیش بکات، دەبێت کوردایەتی بکات، چونکە بەڕاستی کەرکووك لە خەتەر دایە، ئێستا بووینە چواریەك لە کەرکووك، ئێستا بەو رێککەوتنەی کە کراوە کورد بووەتە چارگێك لە کەرکووك، کەچی لە پێشتر کورد لە سەدا حەفتا یان لەسەدا شەست بووە لە کەکووك، بۆتە یەکێك لە چوار، بەڕاستی ئەمە زۆر خەتەرە، خەتەرێکی زۆر گەورەشە، ئەمە یەك لەخاڵەکان، لەوەش گرنگترە ئەوەیە، ئێمە موجامەلەی ئەو عەرەبانە بکەین، ئەو عەرەبانەی کە تا ئێستا کوردیان کووشتوەو تالاّنیان کردووە، یەعنی بەڕاستی ئەوە کارەساتێکی زۆر گەورەیە بۆ کورد، بۆ حزبەکانی کوردی بەبێ جیاوازی، موجامەلەی ئەو عەرەبانە بکەن، کە تا ئێستا کوردیان کوشتووە وسەریان بڕیوەو ئەنفالیان کردووە و تالاّنیان کردووە وسەرو ماڵیان بە حەلاڵ زانیوە، بەڕاستی من خۆم کەس و کارم هەمووی کەرکووکین، بە خۆشم سەردانی کەکووکم کردیە، عەرەبەکان وەکو خۆیان ماونەتەوە، لەسەدا بیستی رۆیشتووە، بۆ ئەوەلی زۆریان رۆیشتن، بەلاّم دوایی گەڕانەوە، ترسیان شکا، چونکە دەبینن ئێمە مونافسین لەبەینی خۆماندا، ئێمە یەك نین لەبەینی خۆماندا، هەموو هاتوونەتەوە، چونکە مەسڵەحەتیان هەیە لە مەنتیقەکەدا، مەسەلەکە مەسڵەحەتی ئیقتیسادیە، مەسەلەکە مەسەلەی ژیانە، کابرا بیست ساڵە لەوێ ژیاوە، قەسرو قوسوری، هەیە ئەرزی زراعی هەیە، مەزرەعەی هەیە، دەواجنی هەیە، کابرا دەگەڕێتەوە، ناڕوات، بەتایبەتی بزانێ هیچ خەتەریاتی لەسەر نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەڕاستی پەرلەمانی

کوردی پێدا بگرێت ئەمڕۆ لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کورد، ئیلحاحی لێبکات، بڵێت بەڕاستی ئەگەر ئێوە دڵسۆزی کوردن،ئەگەر بەڕاستی دەتانەوێت قیادەی کورد بکەن تا سەر، ئەم مەکسەبە گەورەیە لە دەست کورد مەدەن، بەتایبەتی کەرکووك و مووسڵ، بەڕاستی کەرکووك و مووسڵ پێویستی بە حزبایەتی نییە، پێویستی بە زەرد و سەوزو سوور وشین نییە، پێویستی بە کوردایەتییەکی راستی یەك دڵ و یەك دەست هەیە، بەبێ ئەوەی پاشکۆی یەکتری بگرنەوە، ئەمە بەلای منەوە لەهەموو کێشەکان گرنگترە، بەراستی ئێمەش نابێت لەسەر وەعد و وعود بژین، ئەمڕۆ قائیدەکی ئەمەریکی دێت وعدەیەکمان دەداتێ،قائیدەکی سیاسی دێت وعدەیەکی دیکەمان دەداتێ، ئەمە نەزەرییەی خۆیەتی کابرا،کێ دەڵێت ئەمە بۆ ئێمە سەر دەگرێت؟ ئێمە دەبێت لێرە خۆمان یەك بین، دەبێت ئەوانەی غەدریان لە کورد کردووە، وایان لێنەکەین بیان حەوێنینەوە، بیان لاوێنینەوە،دەستیان بەسەر دابێنین بۆ ئەوەی لە ولاَتەکەمان بمێننەوە، دوای ئەوەش سبەی ئینتقالییە،سبەی دێی ئیحسا دەکەی؟ عەرەب لە کورد و تورکمان زیاترە، چۆن ئیحسا دەکەی، ئەوا ئیحسات کرد ئینتیخابت کرد تۆ دەرناچی، مەنای وایە تۆ ولاَتەکەت لەدەست چوو، تەلەفزیۆنەکان بە ئاشکرا هاوار دەکەن، کەرکووك نەکوردە و نەکوردستانیشە، کەرکووك شارێکی تورکمانییە، کەرکووك وەکو هۆنگ کۆنگە، بەهەموو سەراحەت وادەڵێم، لەبەر ئەوە من دەڵێم قۆناغەکە بۆ ئێمە زۆر حەساسە، سەرکردایەتی کورد دەبێت بیر لەخۆی بکاتەوە، حەزیش دەکەم با پارتی و یەکێتی باش بزانن، دوای دووساڵی تر کە ئینتیخابات بوو، ئەمریکا دەست بەسەر کێ دابێنێ ئەو لە ئینتیخاب دەردەچێ. پارتی ویەکێتی شەرت نییە لە ئینتیخابات دەرچن، ئەمریکا تەشجیعی کێ بکات، پشتی کێ بگرێت،کێ بەرز بکاتەوە ئەو لە ئینتیخابات دەردەچێ، لەبەر ئەوە دەبێت دڵمان بەخۆمان بسووتێ پێشتر،ئینجا دڵمان بە میللەتەکەمان بسووتێ، چونکە خۆشمان دەفەوتێین، خۆشمان تیا دەچین، خەڵکی وا پەیدا دەبێت ئەسڵەن بە خەیاڵیشمان دا نایێت، جگە لەوەش خاڵێکی تر هەیە پێم وایە گرنگە، کە بەڕاستی ئەوە ماوەی دوومانگە لەهەردوو ئیدارەی کوردی مووچەی خەڵك نەدراوە، خەڵك هیچ کاسبی و ژیانی نییە، ئەمریکا وەعدی دابوو مووچە بدات نەیداوە، یەعنی سەرکردایەتی کورد لەبەر ئەوەی ئیدارەی رەسمی حکومەت لەم دوو ئیدارە ماوە، حەقە زەخت لە ئەمریکا بکەن، یان بە ئیمکاناتی خۆیان، یان ئەگەر بە سواڵیش بێت، مووچەی خەڵك بدەن، چونکە ناکرێ خەڵك دوومانگ یان سێ مانگ مووچە وەرنەگرێت، بەڕاستی تەزەمووریکی یەکجار زۆر لەناو خەڵکدا هەیە، دوایی بۆ خەڵك چاوی لەدەست ئەمریکا بێت؟ یەعنی مەفروزە قیادەی کوردی، سەرکردایەتی کوردی معاشەکە وەرگرێت و تەوزیعی بکات،ئەگەر نا با خۆیان عیلاجێك لەم خەڵکە بکەن، چونکە مەجبورن لەو خەڵکە، هەر ئەوەندە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك احمد شریف (خیر الکلام ماقل ودل)، بەڕێز شفیقە خان.

**بەڕێز شفیقە فقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پیرۆزبایی لەهەموو گەلی عێراق دەکەم بەگشتی و هەموو کوردستان بەتایبەتی ناوچە ئازادکراوەکان کە تائێستا لەژێر دەسەلاتی رژێمی داڕووخاو دابوون، سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کە یارمەتی و هاوشان بوون بۆ لەناو بردنی هەموو ناخۆشیەك، بەڕاستی قسەکانی من هەمووی برای بەڕێزم کاك فەلەك کردی هیچی نەهێشتەوە، بەلام تەنها ئەوە دەڵێم کە وشەی فیدڕاڵییەت و، دامەزراندنی حکومەتێکی فیدراڵی لە عێراقدا، ئەبێ ئەمە چەپکە گوڵ چەپکە نێرگز بێت بۆ هەموو عێراقییەك و هەموو دانیشتوانی عێراق، چونکە ناتوانین واز لەم وشەیە بێنین، لەم پەرلەمانە پیرۆزە بڕیاری لەسەر دراوە، ئەوەی تریش باسی ناوچە ئازادکراوەکان و بە دواداچوونی بێ سەروشوێنەکان، بەلام باس قەرەبووی زەرەرمەندەکان نەکرا کەبەڕاستی ئەوانە زۆر زەرەرمەندبوون، ئەوە سێ، چوارەمیش ئەوەیە کە ٣\١٧ ئەوەیە کە رۆژی کیمیا بارانی هەڵەبجە بوو، ئەوە تەسبیت بێ و ببێ بەرۆژێکی جیهانی بۆ لەناوبردنی چەکی کۆکوژی و واز نەهێنن لە داواکردن و دادگایی کردنی ئەو کەسانەی کە بوونە هۆی کارەسات و لەناوبردن و جینۆساید لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس شەفیقە خان، فەرموو کاك د. عزالدین.

**بەڕێز عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسە زۆر کراوە، قسەی باشیش کرا، دیارە دووبارە کردنەوەی ناوێت، بەلام وا دەڵێم مامۆستاکان لە نوێژی جومعە، خەتیب کە دەست پێدەکات دەڵێ(اوصیکم ونفسی الخاگئە المژنبە لتقوی الله) جا وا ئەزانم ئەو قسانە ببێ بە کردەوە لای هەموو ئەو برادەرانەو لای حزبەکان، هەر قسە نەبێ و کە هاتینە سەرکردەوە لایەکەی تر تاوانبار بکەین، کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ خوا رزگارمان ببێ لەو گرێیە و، کوردیش سوودی لێ ئەبینێ، لەو یەکگرتنە دیمان سوودمان لێ بینی، بەم جۆر بە پەرلەمانێکی یەکگرتووەوە هاتنیە مەیدان، تازە دەبینین کە سوودمان لێ بینی، بەلام دووبەرەکی بوایە وفلان و فسار بهاتبانە ئێمە رێك بخەن حاڵێکی ترمان هەبوو، چ لە کۆنگرەی لەندەن دا، چ لە سەلاحەدیندا، کە سەرکردەکانی کورد عەرەبیان رێك دەخست، شتێکی تر بووین ئێمە، بەلام کە جاران یەکێك لەوان دەهات ئێمە لێك بکاتەوە شەڕ دەکەین، وا بزانم زۆر بچووك ببوینەوە، ئەوە لایەنێکە دیارە، ئێمە هەندێ جار شتمان لە بیر دەچێ، ئێمە لێرە لەو خولەدا دەستورێك و پرۆژەی دەستورێکمان موناقەشە کردبوو، بڕیارمان دا، کەچی خەریکە لەبیرمان دەچێتەوە، دەستوری فیدراڵیەتەکە لەبەردەستدایە و براوەتەوە، پەرلەمانیش لەم خولەدا بڕیاری لەسەرداوە، ئەوە دەبێ بدرێ بەهەردوو ئیدارەتەکە، بەلام چۆنی بەکار دەهێنن، ئەو ناوچانەی کە ئێستا کەوتوونەتە بەردەستی کورد هی کوردن، هەمووی لەو دەستورەدا هەیە، بەلام چۆن کاری بۆ دەکەن؟ کار کە بە هێمنی و بەچاکی بە جێ بهێنرێ و، وا ئەزانم شەڕ لەسەر دوو کورسی و ودوو قایمقام و دوو مودیر ناحیە نەکەین باشە، کە هەمووشی بووە ئەنجام لەم حاڵەی ئێستا عێراقە

هەرلایەك بێ نوێنەری كوردە، ئەوەیان كاتی هەندێك تەنازول هاتووە بەلامەوە، ئەوی تریان كە زۆر جێی باسە هەندێ روو یان كەسانی كورد دەبینم لە تەلەفزیۆنەكاندا باسی ئەوە دەكەن كە دەبێ كۆبوونەوەیەك بكرێ و رۆڵێك بدرێ بۆ دانانی دەستورێك بۆ عێراق، ئێمە پرۆژەمان داناوە، ئەو پرۆژەیەی پەرلەمانی كوردستانە، مانای وایە هی حزبەكانی كوردستانیشە و، هی میللەتی كوردیشە، ئێستا پاش ئەوەی یەك دوو مانگە، شتێكی وا پیاچوونەوەی نییە لە لامان، ئەگەر پیاچوونەوەی هەبێ دیارە ئێوە دەیخەنە بەرچاو ئەگەر شتێكی تیا بێ، وابزانم ئەو پرۆژەی دەستور بدرێت بە هەموو لایەك، ئەو لایەنە عێراقییانە، بۆ ئەوەی ئەوانیش برایان د. كمال گوتی ئێمە دەست پێشخەریمان هەبێ، ئیتر لە رێی چاپەمەنییەوە، لەرێی یەكتر بینینەوە، یان لەرێی حزبەكانەوە و، لە رێی پەرلەمان زیاتر، خۆی دەبێ خاوەن ئەو پرۆژەیەی دەستوورە دەبێت و بخرێتە پێش چاو، سوپاس،

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ كاك د. عزالدین، فەرموو كاك جەلال خۆشناو.

**بەڕێز جلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەنجامی سەركەوتنی پرۆسەی ئازادی عێراق، دڵخۆشكەر بوو بۆ هەموو گەلانی عێراق بە گشتی و، بۆ گەلی كورد بەتایبەتی، لە قوناغی یەكەمی سەركەوتنی پرۆسەی ئازادی عێراق، میللەتی كورد زۆر دەسكەوتی گەورەی بەدەست هێنا، لە سەر رووی هەموویان نەمان و فەشەل بوونەوەی سیاسەتی تەعریب و تەبعیس كە رژێمی فاشی پێشووی عێراق كە (٣٥) ساڵی رەبەق هەموو هێزو توانای خۆیان بەكارهێنا بۆ ئەنجام دانی ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستە، بەلآم سوپاس بۆ خوای گەورە و، سوپاس بۆ ئەمەریكا و، هاوپەیمانان، كە ئەم سیاسەتە گۆڕ بەگۆڕ بوو، باسی دەسكەوتێكی تریش دەكەم كە ئەویش بۆ یەكەم جارە كورد دەتوانێ بڕیار بدات بێ ئەوەی ترسی لە تێوڕدانی ئیقلیمی هەبێت، جا لەبەر ئەوەی ئەم قۆناغە زۆر حەساسە، دەبێ میللەتی كورد یەك ریز بێت و بەیەك هەڵوێست موعامەلە لەگەڵ بارودۆخ بكات و، حەقی وایە هێڵێكی سوورمان هەبێ بۆ مەسائیلی ستراتیجیمان و، مەسائیلی ئەمنی بەرزی وڵاتمان و، مەسائیلی تەهدیدی وڵاتمان و، كەس نەتوانێ تەجاوزی ئەم هێڵە بكات و، كاتی ئەوەی كە بارودۆخمان بگاتە ئەو هێڵە سوورە با هەموومان واز لە بیر تەسكایەتی حزب بێنین و، واز لەشەرە پەڕۆ بێنین و، بە بیری فراوانی كوردایەتی كاربكەین.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، تەبیعی حكومەتی ئایندەی عێراقی دروست دەبێ، حەتمەن زۆر بڕیار بە پەلە دەردەكات، لەوانە موحتەمەلە بڕیاری لێبوردنی گشتی بێت، جا لەبەر ئەوەی پێشنیار دەكەم كە پەرلەمانی كوردستان، چ بە بڕیار بێت، چ بە یاداشت بێت، ئاگاداری حكومەتی ئایندەی عێراق بكاتەوە كە ئەو لێبوردنە گشتییە شمولی ئەو كەسانە نەكات، كە پلەو پایەی نمرەیەكیان هەیە، شمولی ئەو كەسانە نەكات كە دەستیان هەیە لە كوشتنی كومەڵ، شمولی ئەو كەسانە نەكات كە دەستیان هەیە لە پرۆسەی ئەنفال كردن و لە كیمیا بارانی كوردستان، هەروەها پێشنیارێكی ترم هەیە كە داوا بكرێ لە حكومەتی ئایندەی عێراق بڕیار دەردەكات بۆ ئەو كەسانەی كە لە

دەرەوەی وڵات بوون و دەگەڕێنەوە ناو وڵات، کە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و شوێنی خۆیان کە موصادەرە کراوە،تەنها وەسائق و شتی خۆیان تەقدیم بکەن و ماڵی خۆیان بگەرنەوە، لەبەر ئەوە ئێمە داوایان لێدەکەین ئەو کورد فەیلییانەی کە لە بەغدا دەرکراون و تەرحیل کراون هەموویان ماڵیان موصادەرە کراوە،هەموو ماڵەکانیان پێ بدرێتەوە بە بێ موشکیلە تەنها ئیسپاتی وەسائق و سەنەداتی خۆیان بکەن، ماڵ و شتەکانیان پێ بدرێتەوە و چۆن فرۆشرایە لە موزایەدە ئەو کەسە تەحەمول دەکات ئەوەی کە کڕیویەتی و،هەروەها ئەوە کوردانەی کە لە شارەکانی تەعریب کراو دەرکرانە ئەوانیش هەر لە حکومەتی ئایندەی عێراقدا داوا بکرێ کە بڕیارێکیان بۆ دەربچێ کە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و شوێنی خۆیان بە پەلە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاک جەلال، کاک سالار عزیز، فەرموو.

**بەڕێز سالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر قسەیان کرد، بەلام من قسەم زۆرە و زۆر کورتی دەکەمەوە، بەلام پێش هەموو شتێك داوام ئەوەی کە سەرۆکی پەرلەمان کاك د. رۆژ خۆی سەرۆکی پەرلەمان و، هەروەها جێگرەکەشی کە کاك د. کمال، بەڕاستی ئەوەند حزبی نەبن و،خۆیان دوور بخەنەوە لە کاروباری حزی و تەرەف نەبن لە موفاوەزاتی هەردوو لا دانەنیشن، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکان حەلّ بکەن وەکو حزب، بەلکو وەکو ئەندامی پەرلەمان وەکو سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی هەولی ئەوە بدەن کە موشکیلەکان ئەگەر خوانەخواستە لە نێوان هەردوو حزبە کە هەبێ هەوڵ بدەن حەلی بکەن، من تەصور دەکەم کە پەرلەمان لە مەولا رەنگە ئەهمیەتی زیاتر بێت، خۆتان دەزانن کە دەسەلات، دەسەلاتی هەر ئەو دوو حزبە نییە، دەسەلاتی تر هاتووە، کە دەسەلاتێکی جیهانگیر و ئیقلیمگیرە وحیسابی لەسەر دەکرێ و، بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو شتانی کە ئەمەریکا بیری لێ دەکاتەوە شتێکی تازە نییە، بەلکو پێشتریش هەبووە، بەلام رووداوی سیبتەمبەر باشترین هەل بوو بۆ ئەمەریکا خۆلقا، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوەی لە مێشکییەتی بەتایبەتی تەنیسبەت هێنانەدی جیهانێکی تازە، ئەو جیهانە تازەیەی کە لەبەرژەوەندی ئابووری و، هەموو بەرژەوەندییەکانی تری ئەمەریکایە، ئێمەش لە زمنی ئەوان، یەکێ لە شتە باشەکان ئەوەیە کە ئێمە پەیوەندیمان بە ئەو دەوڵەتە بالا دەستە هەبووە و، یەکێ لە شتە باشەکانی تریش ئەوەیە لە کوردستاندا ماوەیەك شێوە دیموکراتییەتێك هەبووە، کیانێك هەبووە، قوەتێك هەبووە، یەکێکی تریش لەو خالانە ئەوەیە بەڕاستی کورد لە کوردستانی ئێمە دژی ئەمەریکا نییە، لەبەر ئەوە ئەوانە هەموو شەرائیتێکن، هەمووی هەندێ هۆکارن کە بەڕاستی ئێمە وەکو میللەتەکەمان ئەتوانین سوودی لێ وەربگرین،سەبارەت بەوەی کە ئەمڕۆ جیهانگیریە لەو وڵاتانە، دەبێ وڵاتانی دیموکراتی بێ، دەبێ وڵاتانی هێمن و ئاسایش بێت، ئەبێ دەرگاکان هەموویان کراوە بن لەبەردەمی ئەمەریکا، بێگوومان لە عێراقەوە سەرەتاکەی دەست پێدەکات، بۆیە ئێمە پێویستە ئەم حزبانی ئەقلی خۆیان و بۆچوونی خۆیان، هەڵس و کەوتی خۆیان بگونجێنن، یاخود بە مانایەکی تر خۆیان بگۆڕن، هەموو شتەکانی خۆیان بگۆڕن، هەڵسووکەوتیان بگۆڕن، تەنانەت

فکریشیان بگۆڕن، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ ئەو مەسیرە ڕێك بکەون، چونکە خەڵك لەگەڵ مەسیرەکە ڕێکە،ڕاستە ئێمە عونصری حزبین و پێشمەرگە بووین و خەباتمان کردووە و هەرزانی وەکو ئێمە،بەڵام ئێمە مانان و زۆریش لە ئێمە بەشێکین لەو خەڵکە، بەڕاستی زۆر خەڵکی ڕۆشن فیکر و زۆر خەڵکی گەنج و تازە پێگەیشتوو و ئەمانە لەگەڵ مەسیرەکە ڕێکن، من پێم ناخۆشە ئەو حزبانەی کە دەوری تێکۆشانیان هەبووە لە مەیدانی خەباتدا لە مەسیرەکە دواکەون، من وەکو یەکێتی پێم خۆش نییە یەکێتی لە مەسیرەکە دوا بکەوێ، حەز دەکەم لەگەڵ ئەو مەسیرە بڕوا، بەڵام وەکو چی؟ وەکو حزبێکی تازە، وەکو حزبێکی مۆدێرن، وەکو حزبێکی لیبرال، وەکو ئەوەی بڕوای بەو پەری دیموکراتی هەبێ، ئەو پەری بڕوای بە ئازادی سیاسی، بە ئازادی بۆ هەموو شتێك و،بڕوای بەوە بێ کە ئەبێ نیزامێکی صەرف دیموکراتی لە وڵاتەکە بێتە کایەوە، لەبەر ئەوە ئەو هەنگاوانەی کە نراوە بەداخەوە، ئەو ماوەیە و ئەو شەڕە پەڕۆیە، ئەو هەڵپە هەڵپەیە، ئەو موشکیلەیە پێم وایە لە گۆڕینی فیکردایە و،هەمان بیروڕایە کە بە داخەوە هەندێ کەس هێشتا تێی ناگات،کە ئەو دنیایە بە دەست ئەو کەسانە نییە و، بەدەستی هیچ حزبێکیش نییە، بە ئارەزووی خۆی نییە کە بتوانێ بیگۆڕێ، بەڵکو ئەو زەمانە دەڕوات، لەبەر ئەوە ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئیمڕۆ دوو هێز هەیە، دوو ئیدارەیان هەیە و، گرنگترین شت ئەوەیە کە ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین کە ئەو دوو ئیدارەیە یەك بخەین، تا یەکیان نەخستووین، خۆمان یەکی بخەین باشترەو، لە هەمان کاتدا هەندێ لە بۆچوون و تەصریحات و قسەکانیشمان بگۆڕین سەبارەت بە مەسەلەی قەومی، دوێنێ زۆر خەڵك وا تەصوری کرد کە تورکیا دەوڵەتێکی زۆر موهیمە و ئەتوانێ بێتە ناوەوە، یان هەر دەوڵەتەکانی دەوروبەر، بەڵام زۆر خەڵك هەبووە وای بیر کردۆتەوە کە نەخێر،ئەو دنیایە تێپەری کە تورکیا بێت تەدەخول بکات لەم وڵاتە و بتوانێ بێتە ناوەوە،ئەمەریکا هێزێکی زۆر مەزنە و زۆر گەورەیە و باڵا دەستە، بەتایبەتی سەرکەوتنی لە عێراقدا ئەوەندەی تر باڵا دەستی کردووە، لەبەر ئەوە وەختێك ئێمە بیر لە قەزیەی قەومی خۆمان دەکەینەوە، نابێ ئەو ترسەمان لە دڵدا بێت، هی دەوروبەر، بەڵکو دەبێ کاری خۆمان بەشێوەیەك بکەین، کە چۆن دەتوانین مەصلەحەتی خۆمان لەگەڵ مەصلەحەتی ئەو زلهێزە بپارێزین،چۆن دەتوانین ئێمە لە ئەمەریکا بگەیەنین کە ئێمە دۆستی یەکین دەتوانیت سوود لەو وڵاتەی ئێمە ببینن،بە پێچەوانەی ئەو تەصریحاتانەی کە دەڵێ بوونی ئەمەریکا لە وڵاتی ئێمە ڕەنگە ماوەیەکی تر تووشی مەشاکیلی بکات، یان لە عێراق بمێنێتەوە تووشی مەشاکیلی بکات، ئەگەر لە عێراقدا بێت ئەو کاتە بڕواتە دەرەوە باشترە، یاخود تا حکومەتێکی ئینتیقالی دروست دەبێ ئەو کاتە با بڕوا، ئەوانە پێویست نییە قسەی ئێمە بن، پێویست نییە قسەی سەرکردەکانی ئێمە بن،پاشان ئەنو سەرکردانە بەڕاستی وابزانن بەناوی هەموو میللەتی کوردەوە ئەو قسانە بکەن، چونکە بەڕاستی هەموو داخوازییەکانی گەلی کورد نییە، ئێستا بڕۆ ئیستیفتا لە کودستان بکە،ڕەنگە لە سەدا نەوەت پێی خۆش بێ ئەمەریکا لێرە بێت، لەبەر ئەوە ئەو قسانە بۆ ئەوەی ئێمە لە ڕوانگەی هەمان سیاسەتەکانی جارانەوە بە حوکمی زاتی و لە برایەتی کورد و عەرەب و لە هێنانەدی ڕژێمێکی دیموکراتی و تەنیا لەو ڕوانگەوە بیر بکەینەوە، بەڕای من چەتە، بەڵکو ئێمە پێویستە بیر لەوە بکەینەوە لە دەوڵەتی کوردییەوە تا دەگاتە فیدراڵی، تا کیانێك بۆ کورد

که بتوانێ بە ئارامی لەو مەنتیقەیە بژی و بەخۆشی و شادی لەژێر سێبەری رژێمێکی دیموکراتی لە ولاتەکەی خۆیدا، لەبەر ئەوە تۆزێك دوور بکەوینەوە لە بۆچوونی عێراقییانە، بۆ ئەو مەنتیقەی کە ئێمە دەتوانین لەگەڵ عەرەبدا بژین، پێکەوە هەر لە کیانێکی عێراقیدا تەنیا دەتوانین بژین، من ناڵێم داوای دەوڵەیت کوردی بکەین، من ناڵێم شیعاراتی وا بەرز بکەینەوە، بەلام دەبێ ئەوە لەیاد نەچێ لە زمنی ئەنو گۆڕانکارییانەی کە ئەمرۆ لە دنیا بووە، رەنگە مەصلەحەتێك بین لەو ناوچەیە کە بتوانین شتێکی وا دروست بکەین، لەبەر ئەوە پێویستە زۆر زۆر وریا بین لە قسەکانمان، لە هەڵسوکەوتەکانمان، لەو هەنگاوانەی کە دەینێین، بۆیە بەڕاستی ئێە بۆ ئەو مەبەستە لەم شتە کاڵ و کەرج و بێ مستەوایانە دەرچین کە هاتووین شەڕە پەڕۆ دەکەین، من حەز دەکەم پێتان بڵێم من یەکێتی نیشتمانیم، لەناو یەکێتیان دەژیم، لەناو یەکێتیدا خەڵکانێکی زۆر زۆر ئەگەر بڵێم لەسەرەوە تا خوارەوە، رەنگە خەڵك ڕای وا نەبێت کە شەڕە پەڕۆیە، من بە شتێکی زۆر بێ مستەوای دەزانم، رەنگە ئەوە تەصەروفی هەندێ کەس بن کە هێشتا موراهیقی مەتەئەخیر بن، هێشتا زۆر کاڵ و کرچن، وا دەزانن دنیا دنیای دوێنێ یە، لەبەر ئەوە هەر حزبێکیش ئەیەوێ بێتە ناو مەیدانی موناقەسەوە و کەی جاڕی ئینتیخابات درا، فەرموو ئەو کاتە دیعایەی ئینتیخابات بکە، بەلام دیعایەیەك نەك وەکو ساڵی ١٩٩١، بەڵکە دیعایەیەك بەشێوەیەکی تر، بەشێوەیەکی مۆدێرن، بەشێوەیەکی باشتر، لەبەر ئەوە من داواکارم و هیوادارم کە ئەم برادەرانەی پەرلەمان کە من خۆم تەصور دەکەم کە رەنگە پەرلەمان ئەهمیەتێکی بدرێتێ، بەتایبەتی لەلایەن ئەمەریکاوە، پێویستە ئەو برادەرانە بەڕاستی دەورێکی باش ببینن، دەورێکی غەیرە حزبی و دوور لە رەد فیعل، بەڵکو چی لە مەصلەحەتی مەسەلەی میللەتەکەمانەوە بۆ ئێوەشەوە کە لە وێوە دانیشتوون.

خاڵێکی تریش ئەوەیە هەمووومان دڵگران دەبین، من بەش بە حاڵی خۆم من تەنها باسی خۆم ناکەم باسی هەمووتان دەکەم، هەمووومان ئێمە ساڵانێکە پێکەوەین لە خەبات و تێکۆشانی ئەم مەسیرەدداین، من زۆر پێم ناخۆشە ببینم تاوانبارێك کە تائاخیر لەحزە لەگەڵ رژێمی عێراقدا بوونە، ئێستا ببینم بۆ خۆی لە ماڵی خەڵکدا دەعوەت دەکاو، مونافەسە دەکەن لەسەری و یەکێ دەڵێ برۆ تۆ ئیستقبالی بکە، یەکێ دەڵێ لەلایەك تۆش برۆ ئیحترامی بگرە، با لەلای فلان و ئەوانەش بێت، خەڵك هەیە پێش سێ چوار مانگ لەمەوپێش بە مەعلوماتی ئاسایش دەیان جار، سەدان جار لەماوەی ئەم هەشت، نۆ ساڵە ڤونبەلەی ناردووە بۆ ئەم شوێنانە، بۆ تەڤینەوە، کەچی ئێستا لەناو ئێمەدا دەژی، ئەمەش هەمووی ئەو روانگە دواکەوتووانەیە، بەلام ئەمرۆ من دەتوانم قسە بکەم، ئەمرۆ من گوێ لە حزبەکەی خۆم ناگرم پێم بڵێ، ئەمرۆ خۆم دەچم وەرەقەیەك کۆدەکەمەوە دەڵێم وەرە ئیمزای بکە، دێم لێرە داوا دەکەم مەحکەمەیەك دروست بکرێ بۆ ئەوانەی کە تاوانبارن دەبێ بدرێن بە مەحکەمە، من ناڵێم بچن بیانکوژن، دەبێ مەحکەمە بکرێن، باشە حزبەکەم نایکات، دەچم عەۆیزە کۆدەکەمەوە، لەناو خەڵکدا دەگەڕێم دەڵێم وەرن ئیمزای بکەن، دەچم بۆ لای ئەمەریکا شکات دەکەم، دەڵێم ئەمە موجریمە و وای کردووە، لەبەر ئەوە دەچم لای ئەو شکایەت دەکەم، جا لەبەر ئەوە هەموو شتەکانمان بێتەوە ناو پەرلەمانەکەی خۆمان، پەرلەمانەکەمان بەشێوەیەکی تر، بەشێوەیەکی زۆر عەصری تر، بە بۆچوونێکی تر، بە

گیانێکی تر، بە دنیاێکی تر، ئێمە هەوڵ بدەین، ئەگەر خواروخێچی لە شوێنەکانی تر هەبێ ڕاستی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ برای بەڕێزم کاك سالار، هیوادارم هەموو ئاوا شتی تازە بڵێن، قسەکانی پێشووتان نەڵێن، یانی بە حەقیقەت ئەو قسانەی کە کاك سالار کردی هەمووی شتی تازە بوون تەرحی کرد و عەرزی کرد،تەصور دەکەم لە کانگای دڵی ئەکسەریەتی دانیشتوانی ئەندامانی پەرلەمانەوەیە، بەڕێز مام ڕۆستەم فەرموو.

**بەڕێز حسن حمید رحیم (مام ڕۆستەم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم سەرنجی برادەران ڕاکێشم بۆ دوو شت: یەکەمیان بە هەرچی شێوەیەك بێت هەوڵ بدەین ئەو تەعریبانە دەربکەین، چونکە لە پێشەکیدا بەڕاستییەکەی زۆر ترسابوون، من خۆم لەوێ بووم ڕجایان دەکرد کە بەس سەیتەرەکەیان بۆ بکرێتەوە کە تەنیا ڕەت بن، بەداخەوە لە هەردوولادەڵێم نەك لە یەك لا و لە هەموو لاکان دڵخۆشیان کردن بۆ ئەوەی کە بمێننەوە، دووەمیان: ئەنفال چییەکان لە هەر لایەك بن بە هەر ناوێك بن لە هەر حزبێك بن، حەقە ئەوانە بدرێنە دادگا، چونکە سەددام خۆی نەهات ماڵ بە ماڵ بگەڕێ و تەعریب و تەبعیسی بکات، یان ئەنفالی بکات، خەتای گەورە لای ئەنفالچییەکانە، حەقە ئەوانە بدرێنە دادگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وادیارە مام ڕۆستەم لەوێ نەماوە، بۆیە عەرەبەکان هاتوونەتەوە، بەڕێز کاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر شت باس کراو، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستانیش کرا بەم بۆنە پیرۆزەی کەوا گەلی عێراق بەگشتی و کوردستانیش پێکەوە ئازاد کرا، لەو دێوەزمەی ڕژێمی بەعسی فاشی، بەم بۆنەیەوە بێگومان من چەند خاڵێکم هەیە: یەکەم من بە پێویستی دەزانم ئەم بارودۆخەی کە ئێستا هاتووتە ئاراوە لە خۆڕا نەهاتە ئاراوە، بە تەئکید بە پشتیوانی و بە هەماهەنگی هێزە هاوپەیمانەکان بەتایبەتی ئەمەریکا و، مەوقیفی ئەمەریکا هاتە ئاراوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاسی ئەمەریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانیان بکرێت بۆ ئەم بارودۆخەی کە بۆ ئێمەیان هێنایە ئاراوە،کە گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستانیش لەگەڵیدا گەیشتە ئەم ڕۆژە ئازادییە و سەربەستی و خۆشییەدا، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەو بارودۆخەی کە لە کوردستاندا هەیە، بەتایبەتی لەنێوان پارتی و یەکێتی و حزبە کوردستانییەکان، تەبایی و ئاشتی و یەك ڕیزیەکی بەرچاو دیارە، سوپاس بۆ خوا ناڵێم کەم و کوڕی هیچ نییە، بەڵام هەموو بەرنامەکان تەقریبەن پێکەوە ڕێنە ئاراوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەو هێزەی کە کاتی خۆی بۆ ئەوە هاتبوو کە ناوبژیوان بێت لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کە ئەویش (PMF)ە سوپاسێکیان بکەین بە ناوی پەرلەمانەوە، ئینجا نازانم ئەوە بڕیاری پێویستە یان نا، سوپاس بکرێن و داوایان لێ بکرێ کە ئەو

موهیمەیەی ئەوان بۆی هاتبوون، ئەو موهیمەیە تەواو بووەو سوپاسیان بکەین و بگەڕێنەوە ولاتی خۆیان، خاڵێکی تر کە باس کرا باسی تەعریب و، هەروەها باسی فیدراڵیەت کرا، فیدراڵیەت بڕیاری هەموو گەلی کوردستانە، چونکە پەرلەمانی کوردستان بە پشتیوانی هەردوو حزب و حزبە کوردستانییەکانی تر، پەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارەی وەرگرتووە، جگە لەوە کۆبوونەوەکانی لەندەن و هەروەها سەلاحەدینیش هی لیژنەی هەماهەنگی و بەداچوون، ئەو بڕیارەی پەسند کردووە، بۆیە من پێم وانییە ئەوە ببێتە موشکیلەیەك لەنێوانماندا، کە زۆرینەی زۆری ئەگەر هێزی عێراقیش هەبن لەمانە پێك دێن، بۆیە تەئکید لەسەر ئەم خاڵە دەکرێت و داواش لە هاوپەیمانان بکرێت، کە ئەوانیش ڕێز لەم بۆچوونە بگرن بۆ ئایندەی عێراق، ئەو خاڵەی کە پەیوەندی بە لیژنەی هەماهەنگی و بەداواداچوون هەیە، بڕیارێك لەوێ وەرگیراوە دەربارەی ئەو کەسانەی کە وافدین،ئەوانەی هاتوونەتە ناوچە کوردستانییەکان کە ڕژێمی بەعسی فاشست بۆ تەعریب کردنی کوردستان هێنابوویانی و، هەروەها ئەو خەڵکانەش کەوا دەرکراون ئەمانە بڕیاری پێ وەرگیراوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکرێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەریەکە لە میلیشیات، هەریەکە لە خۆیەوە بچێت تەعەددا لەو ماڵانە بکات، لەو وافدینانە بکات و بچێ ماڵەکەی داگیر بکات و تەعەددای لێ بکات، بەناوی ئەوەی کە گوایە ئەو هاتووە کوردستانی تەعریب کردووە، دەبێ بەرنامەیەکی هاوبەش هەبێت و داوا بکرێت ئەو بەرنامەیە جێ بەجێ بکرێت، فیعلەن حەقێکی تەبیعی یە و، وەکو چۆن باسم کردلە لیژنەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە لەندەنیش و لە سەلاحەدین، ئەمە بڕیاری لەسەر دراوە کە ئەوانە بگەڕێنەوە جێگەی خۆیان و ئەو کورد و تورکمان و ئاشووری و کلدانەش کە دەرکراون، ئەوانیش بگەڕێنەوە جێگەی خۆیان لە کەرکووك و ناوچەکانی تری کوردستانی عێراقدا، خاڵێکی تر بەڕاستی هەر ئیشێك و هەر هەنگاوێکمان پێکەوە نابێ بەتایبەتی ئێمە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، هەر کارێك پێکەوە کردبێتمان، بێگومان سوودی هەبووە بۆ هەردوولا و،هەروەها بۆ گەلی کوردستان و سەرکەوتوو بووین تێدا و، هەر خاڵێك یان هەنگاوێکیش بە تەنها نابێتمان ئەنجامەکەی دیار بوو، بەداخەوە هەندێ کەم و کوڕی لەم ماوەیەدا روویدا،بۆیە زۆر زۆر پێویستە ئەمڕۆ تەئکید لەسەر ئەم هەماهەنگی و، ئەم یەکڕیزیە و، لەگەڵ ئەم تەباییە بکەینەوە و، بەرنامەکانمان هەمووی پێکەوە بە هاوبەشی جێ بەجێی بکەین، مەسەلەی رەنگی زەرد و، رەنگی سەوز، مەسەلەکە تەنها رەنگ نییە، مەسەلە ئاڵا نییە، مەسەلە هەڵگرتنی ئەو رەنگ و ئەم رەنگ نییە، مەسەلە عەقڵییەتەکەیە هێشتا بەداخەوە لێی رزگار نەبووینە،ئەگینا زۆر زۆر تەبیعییە لە هەموو دنیادا هەر حزبە و ئاڵای خۆی هەیە و رەنگی خۆی بەرزدەکاتەوە،بەس گرنگ ئەوەیە ئەو قسانەی کە دەیکەین عەمەلیشی پێ بکەین، ئەگینا زۆر زۆر تەبیعییە رەنگی خۆت هەبێت و ناوی خۆت هەبێت، تۆ تەمسیلی حزبەکەی خۆت دەکەی، ئەگەر بتەوێ یان نەتەوێ بەناوی حزبەکەتەوە هاتوویتە ناو ئەو پەرلەمانە، بەڵام بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان حەقی وایە لەبەر چاو بگیرێ، زۆر سوپاس من هەر ئەو خاڵانەم هەبوو،بێگومان پشتگیری لەو خاڵانەی تریش دەکەم کە برادەران باسی ئەنفالیان کرد، کە بەدواداچوون هەبێ و، باسی تەعریب کرا، کە بەڕێك و پێکی بکرێت و، باسی ئاوەدان

کردنەوەی کوردستان کرا،باسی ئەوە کرا کە ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمە نەبوونە کە بیری لێ بکرێتەوە چۆن بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك ناصح، بەنسبەت (PMF)ەوە ئەگەر هەردوو کوتلە و لیستی مۆریش هەموو موتەفیق بن،بەیەکەوە داوا بکەن کە داخیلی بەرنامەی کاری بکەین.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس گوزارییەکەش بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو قسانەی کە دەکرێ هەمووی تێبینی لەسەر دەنووسین، بەڕێز کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز محمد عباس عولا (شاخەوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ساڵەهای ساڵە خەونمان بە رۆژێکی وا دەدیت، بەڕاستی ئەمڕۆ دەسکەوتێك و سەرکەوتنێکی زۆر بەدەست هاتووە،دۆستەکانی دوێنێمان هەمیشە لە موئامەرە بوون، ئیمڕۆ دۆستێك هاتۆتە پێش کە ئەمەریکایە پشتیوانی لە داواکاریەکانمان دەکات، من بەکورتی شتەکان دەخەمە بەرچاو، یەکێکیان مەسەلەی بەغدایە، کە بەغدا، کە بەغدا مەرکەزێکی دیبلوماسی، سەقافی و سیاسی یە، بەڕاستی ئێمە وەکو گەلی کورد دەبێ گرنگی پێ بدەین، ئێمە دوێنێ هەموو بڕیارەکان ئەو بڕیارەی کە دەردەچوو دڵخۆشیەکی بە گەلی کورد بدایایە، لە بەغداوە دەردەچوو، ئیمڕۆ دەبێ لە بەغداوە بەشداری بکەین و،تەئسیرمان هەبێ لە بڕیارەکانی سەر مەسەلەی کورد، من پێم باشە وەکو پەرلەمان بەیانێکیش دەربکەین داوا لە دەوڵەمەندەکان و ئەوانەی کە ئیمکاناتیان هەیە خزمەت گوزاری بە ئاوەدانکردنەوەی بەغدا بدەن ئەمڕۆکە، کۆمەڵێك رۆژنامەنووس لە ئوتێلی فەلەستین ئێستاکە هەن،حەقە بەڕاستی حزبە کوردستانییەکان تەواجودیان لەوێ هەبێ، چونکە لە دنیای ئیعلامی عەرەبی و دونیا هەندێ تەشویش لەسەر مەسەلەی کورد هەیە، من پێم وایە هەتا ۆڤی ئەنان لەسەر مەسەلەی کورد شتێکی بە خراپە باس کرد، تا ئێستا کەس رەدی نەداوەتەوە، لەسەر مەسەلەی کەرکووك زۆر باس کرا، پێویستە بڕیارێك بدرێ ئەوانەی خەڵکی کەرکووکن ئەگەر زۆر ئارەزووشیان نەبێت بگەڕێنەوە شاری کەرکووك، هەتاکو ئەو کاتەی سەرژمێر دەکرێت، لەسەر مەسەلەی تورك، بەڕاستی تورك هەم مەسەلەی وەرەقەی قوبرسی لە دەست دا، هەم وەرەقەی کوردیشی لە دەست داوە، بەڵام پێویستە تا ئینتیخابات دەکرێت، کە ئاماری تورك دەردەکەوێت کە خەیاڵیانە باسی سێ ملیۆن دەکەن، راستییەکە دەردەکەوێتن، من ناڵێم بەو شێوەیە نەبێت، بەڵام واقیعیانە تەصەروف لەگەڵ تورکمانەکانی کەرکووك بکەین، لەسەر وەرگرتنی پیاو خراپ بەڕاستی کاك سعدی و برادەرانیش باسیان کرد، نەبێ مەسەلەی ساڵی١٩٩١ هەم بەشداریمان پێ دەکردن لە ئیدارە، هەم مەسئولییەتمان دەدانێ و، هەمیشە ئەوان بەنزینیشیان بە شەڕی ناوخۆدا دەکرد، دەوریان هەبوو،ئی وا هەیە بە درێژایی مێژوو دژایەتی

شۆڕشی گەلی کورد و بزوتنەوەی گەلی کوردی کردووە، بۆیە بەڕاستی حەق نییە ئێمە ئەوانە لە هیچ و خۆڕایی دەستیان بۆ درێژ بکەین و بیانهێنینە لای خۆمان ، دوور لە مەسەلەی تەعەسوپی حزبی و بیر لەو مەسەلەیە بکەینەوە، خەڵك هەیە سەرۆك عەشیرەتە ئەگەر بەیانی عەفوی بکەین وبێتەوە،هەڵبژاردن بکرێت وجودی دەبێت لەو پەرلەمانەی کە ئێمە لێی دانیشتوین،(٣٠) هەزار دەنگ دێنێت لە هەڵبژاردن دەردەچێت، پێویستە لە پەرلەمان قانونێك د بۆ ئەو جۆرە خەڵکانەدەربکرێت، مەسەلەن وەکو کاك سەعدی باسی کرد (٥٥) کەس لەلایەن ئەمریکاوە داوا کراوە، هەتا دەوڵەتی سوریا ئێستا ناتوانێ سەرپێچی لەوە بکات، ئەوانەی کە لە ناو ئەو (٥٥)ە تاوانبارن تەسلیمی عێراقیان دەکاتەوە و، ئەوە ئێستا لەناو خەڵك دەنگۆیە باس دەکرێت، ئەوانە دەستیان سوورە بە خوێنی گەلی کورد، هەم لە ئەنفال، هەم لە ناردنی قومبەلەکان، هەم لە تێکۆشەری شارەکان کە لە ترسی ئەو خائینانە ڕایان دەکردە دەرەوەی وڵات ، یان دەهاتنە ناو ڕیزەکانی شۆڕش،لەسەر مەسەلەی ئیدارە حەقە بەڕاستی وەختی ئەوە هاتووە ئیدارەکان تێکەڵاو بکەینەوە وەکو کاك سالار وتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شاخەوان، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆری، ئێمە پیرۆزبایی لەگەڵ کوردستان و عیراق و دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ئەکەین،هیڤیدارین پڕ لەهێڤی و ئومێدین کەهەر دوو هێزی نیشتمان پەروەری عێراقی بەزووترین کات حکومەتێکی ئینتقالی لە بەغدا دا بمەزرێنن، برادەران زۆر قسەی باشیان کرد پێشی من،بەڕاستی ئەوەی زۆر گرینگ و پێویستە ناو ماڵی کوردو حاڵی کورد یەك بێت لەو مەرحەلەیە، کە زۆر ناسك و حەساسە. دووەم: بەڕاستی زۆر پێویستە بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی زۆرمان هەبێت، چ پەرلەمان چ حکومەت، بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو دەڤەرانەی کە ئازاد بوونە لە شنگار هەتا خانەقین، لەو بەرنامانە ئەوە هەبێت کە ئەو دەڤەرانە چۆن هەمووی گرێ بدەین بە دامودەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستان، چ لەلایەنی ئابووری و قانونی و ئیداری و تەندروستی و کۆمەڵایەتیدا، خاڵێك هەبوو برادەران ئیشارەتیان پێ نەدا، بەڕاستی لە وەختی

**بەڕێز حسێن جمیلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مەنتیقەی عەشیرەتی سندیە لەزاخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بەڕێز کاك سیروان کاکەیی تێبینیەکانی ئەخاتە ڕوو پاشان پشوویەك ئەدەین تا سەعات چوار، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا قسەی زۆر کرا و، باشیش قسەکرا، بەحەقیقەت من ئەوەندە چاوەڕوانم کرد هیلاك بووم لە چاوەڕوانیدا، بەڕاستی ماوەکە دوورو درێژ بوو، سەرەتا جێگای خۆیەتی لێرەدا یادی شەهیدەکانمان بکەینەوە، لەم ڕۆژە پیرۆزەدا کە وەستاوین و ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریمان بەچاوی خۆمان بینی، سڵاو لە خەباتیان، سڵاو لە قارەمانیەتییان، سڵاو لە قوربانیەکانی گەلەکەمان،سڵاو بۆ هەموو ئەو خێزانانەی کەوا ئارەقەو فرمێسکیان ڕشتووەو دەر بەدەرییان بە خۆیانەوە بینی، جێگای خۆیەتی ئەمڕۆ خەباتیان بەرز بنرخێنین، پاش ئەوە پیرۆزبایی لە هەموو گەلی کوردستان ئەکەم بەتایبەتی و، گەلی عیراق بەگشتی، سوپاس بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە هاوکار بوون، کە ئەم وەزعە تازەیە هاتە پێشەوە، بەڵام پێش ئەوەش ئەبێت دیسانەوە بڵێم سوپاس بۆ خەباتی گەلی کورد، کەتوانی خۆی ڕابگرێت، کەتوانی موئەسەساتی خۆی دروست بکات، کەتوانی دام و دەزگای خۆی هەبێت، وجودی خۆی بسە پێنێت، دیفاع لەهەویەی خۆی بکات، دیفاع لە موجودیەتی خۆی بکات و، ئەم حاڵەتە سەقامگیرییەی کە هەبوو لە هەرێمدا، هەر وەکو تەوەقوعمان کرد کە (إنشاوالله) بە ئاسانی دەرباز ئەبین لەو وەزعە هەروا کەوتەوە و،گەلەکەمان بەکەمترین وەزعێکی ئاڵۆزی و ناخۆشی ئەم قۆناغەی بڕی، ئێمە دەبێت سەیری مەوقعی خۆمان و وەزعی خۆمان بکەین، زۆرمان فەرق هەیە ئێمە لەگەڵ خەڵکی خوارووی عیراق، ئێمە لێرە موئەسەساتمان هەبووە، دەزگامان هەبووە و، تەعامولمان کردووە، ئاستی تەعامول کردنی ئێمە لەگەڵ هێزی خەڵکی دەرەوە، هاوپەیمانان کە هاتوون گەیشتۆتە مەرحەلەی تەنسیق، گەیشتۆتە مەرحەلەی هاوکاری و، بەشێك بووینە لەو وەزعە، بۆیە پێویستە قەدری خۆمان بزانین و، مەوقعی خۆمان بزانین و، بەو ئەندازەیەش پێ دابگرین لەسەر داواکارییەکانمان، ئەمە حەقێکی تەبیعیە، حەقێکی زۆر زۆر مەشروعە. خاڵێتر کە دەمەوێ تەئکیدی لەسەر بکەمەوە، مەسەلەی ئەو کۆنگرانە بووە کە پێش ئەم وەزعە بووە، بەتایبەتی کۆنگرەی موعارەزەی عیراقی و، ئەم وەزعە تازەیەی کەئێستا هاتۆتەکایەوە، بێگومان هەموومان بەیانە سیاسیەکەمان بینیوە، ئەو خاڵانەی کەوا ڕێك کەوتوون لەسەری بینیومانە، واقیعی حاڵ ئێستا وەزعێکی تازە هاتۆتە کایەوە، زروفێکی تازەهاتۆتە کایەوە، ئەبینین لەناو عیراقیشدا خەریکە ئەحزاب و تەیارات و ئیتیجاهاتی تردروست ئەبێت، هەندێك لەوئەحزابانەش کە لەگەڵمان بوون لەموعارەزەی عیراقی، ئەبینین کە ئێستا بۆچوونیان بەئیتیجاهێکی ترخەریکە ئەڕوات،من ئەڵێم پێویستە بە هیچ شێوەیەك ئێمە لەگەڵ ئەم برادەرانەدا بەئسلووبی عاتیفە قسە نەکەین، مەوزووع مەوزووعێکی سیاسی سرفە، دوور لەهەموو ئیحساسێك، دوور لە هەموو وەزعیەتێك، بەم واقیعە تازەیەی کە ئێستا دروست بووە، بەم حاڵە تازەیەی کە دروست بووە، ئەبینین خەریکە ئەفکاری تازەیان دێتە پێشەوە، بەنەوعێك بیر ئەکەنەوە، بەئیتیجاهێك بیر ئەکەنەوە،نەوعە پاشگەز بونەوەیەکی تیایە لەواقیعی حالا لەو وەزعەی کەوا پێشتر بەشدار بوون تیایا وبڕیاریان داوە نموونەکەشی ئێستا لەناو کەرکووکدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو دڵگەرمی یە بۆ خەڵکی عەرەب لەناو شاری کەرکووکدا بەشێکە لەو وەزعە، من وابزانم هەر لێرە جارێکی تر

باسی ئەو وەزعەمان کرد وتم ئیحتیمال هەیە، مەترسی ئەوەمان هەیە نەوەکو ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوانە دڵگەرمیان بدەنێ، وا ئەیبینین بەچاوی خۆمان ئەو دڵ گەرمیـیە، بۆیە پێویستە پێ داگرتن بەشێوەیەکی حەددی بێت لەو مەوزوعە ، هیچ قابیلی موناقەشە نییە ئەو مەوزووعە نابێت ئێمە قبوڵی بکەین بەهیچ شێوەیەك، مەسەلەی فیدراڵیەتەکە مەسەلەیەکی زۆر زۆر حەساسە و، دەبێت بە هەموو مەعنایەك پێی لەسەر دابگیرێت، ئەوەی کە قەرارمان داوە، ئەوەی کە ئیقرارمان کردووە، لێرە لە پەرلەمانی کوردستاندا لەگەڵ ئەو دوو دەستورەی کە کراوە هی هەرێمی کوردستان و هی عیراقیش، ئەوانە بە هەموو شێوەیەك دیفاعی لێ بکرێت، جێگای خۆیەتی. مەسەلەی دیموکراتیەت باس کرا، زۆر باس لە دیموکراتیەت کرا، من پێم وایە مەفهومی دیموکراتیەت حاڵەتێك نییە کەئێمە باسی بکەین، یان تەعریفی بکەین، یان ناوی لێ بنێین بۆ خۆمان، دیموکراتیەت مەوزوعێکی فەرهەنگیە ، فەرهەنگە، سەقافەتە، یەعنی ئەم سەقافەتە ئەبێت خەڵك وەری بگرێت، خەڵك وەری بگرێت و لەواقیعی حاڵیشا ڕەنگ بداتەوە، لەتەعامولی ڕۆژانەیدا ڕەنگ بداتەوە بۆیە ئیستا جەوەکە ڕەخساوە باکەسیشمان بێتاقەت نەبین بەوەی ئەگەر خەڵك ڕەخنەش بگرێت لەم حیزب یان لەو حیزب بڵێن حاڵەتەکە وایە، بڵێن دیاردەکە وایە، بکەسمان بێ تاقەت نەبین لەوەی کە بڵێین عەرەب لەناو شاری کەرکووکدا ئێستا ماوەتەوە وجودی هەیەوخەڵکیش دیفاعی لێئەکات، با کەسمان بێتاقەت نەبین لەوە بڵێین لەشاری کەرکووکدا تەجاوزات بووەو تاڵان و بڕۆش کراوە، باکەسمان لەوە بێتاقەت نەبین چونکە واقیعی حاڵێکە مەوجودە، باکەسمان لەوە بێتاقەت نەبین کەهێشتامەوزووعی ئیقلیمی لەکۆڵمان نەبۆتەوە، ئیستا موراقیبینی تورك لەئارادایەو هێشتا فاکتەری ئیقلیمی بوعدی خۆی ماوە لەمەسەلەکان، ئەمە واقعێکە ئەگەر ئێمە باسیشی نەکەین خەڵك ئەم حەقیقەتە ئەزانێت، جەوێکی دیموکراتی کە دێتە پێشەوە، بەڵێ خەڵك مومارەسەی دیموکراتی دەکات، بەڵام وەکو وتم دیموکراتیەت فەرهەنگە، سەقافەتە، یەعنی وەکو چۆن خەڵك بەیانی لەخەو هەڵدەستێت، دەزانی دەبێ بچێ دەست و دەم و چاوی خۆی بشواو، وا بکاو، جلی خۆی وا ڕێك بخاو، وا بکات دیموکراقیەتیش بەو شێوەیە ڕەنگ دەداتەوە لەناو کۆمەڵدا ئیشی بۆ ئەکرێت، ئێستا هەندێ شت هەیە من بەلامەوە گرنگە لەم مەرحەلەیە، یەکەم لە کاتی خۆی حکومەتی عیراقی کۆمەڵێکی زۆر بڕیار، یاسا، قەرار، مەرسومی دەرکردووە کە گۆڕانکارییەکی یەکجار زۆر گەورەی کردووە لەکوردستان، گۆڕانی ئیداری کردووە، مەوزوعی تەعریبی چەسپاندووە و، ئەمە هەمووشی لەناو وەقائعی عیراقی ئەم شتانە وجودی هەیە، جەنابی کاك سەعید یەعقوبی لێرە دانیشتووە مەلەفێکی لایە وێنەیەك لەو مەلەفەش لای من هەیە، بە حەقیقەت من وەکو پێشنیار ڕەنگە باسیشمان لەگەڵ کاك سەعیدو برادەرانی لیژنەی یاسایی کردبێت، بەعزێك ئەو مەوزوعە ئیستا ئەو فایلە تەماشا بکرێت، ئەو مەلەفە تەماشا بکرێت، بزانین حدودی صەلاحییەتی پەرلەمانی کوردستان چەند دەتوانێ، ئەو مەوزوعانە قسەی لەسەر بکات، تەجمیدی بکات، ئەو قەراراتانە ڕابگرێت، یائیعادەی وەزعەکە بکاتەوە، مەسەلەن بەنیسبەت شاری کەرکووك گۆڕانکاریەکی ئیداری زۆر گەورەی تیا کراوە، کوێ دراوە بە کوێ، کوێ نەدراوە بە کوێ، ئەم مەسائیلانە بۆیە من پێم چاکە ئەو مەوزووعە ئێستا قسەیەکی لێ بکرێت، لەگەڵ لیژنەی یاسایی بزانین مەجالی

ئەوە هەیە تا وەکو ئێمە بیکەینە واقعێکی حاڵ، حدوودی صەلاحیەتی ئێمەیە تەجمیدی بکەین، یان بزانین چۆن پێشتریش کۆمەڵێك مەسائیل تەجمید کراوە، برادەرانی یاسایی لەو مەوزوعە زۆر زۆر باش شارەزان. نوقتەیەکی تر هەیە مەسەلەی جنسیەی عیراقی، جنسیەی عیراقی بۆ برا فەیلی یەکان کێشەیەکی یەکجار زۆر گەورە بووە ، بەدرێژایی چەندین ساڵ تا ئێستا کێشەکەیان لەکۆڵ نەبۆتەوە، بۆیە ئەم مەسەلەیەش خاڵێکی گرنگە قسەی لەسەر بکرێت و، تەئکیدی لە سەر بکەینەوە تاکو بتوانین ئەو خەڵکەی کە چەندین ساڵە مافی ڕۆیشتووە، بەر ئەنفال کەوتووە، دەربەدەر بووە لەفەیلی یەکان، وەزعی ئەوانیش تەسبیت بکەین، مەوزوعێکی تر هەیە مەوزوعی ئەو خەڵکە عەرەبەی کە باسم کرد کە وجودی هەیە لەناو شارا، بێجگە لەوەی کەوا وجودی هەیە، چەکداریشە لەناو شاری کەرکووك و شوێنەکانی تریش، کەئەمە ئێستا شاری کەرکووك بەرەو ئەوە ئەچێت، کەوا چەکی تیا نەمێنێت و ئەو هێزە سیاسیانە وجودیان لەناو شاردا هەبێت، ئەوان چەکیان نەبێت، ئەو خەڵکە عەرەبە ئێستا لەناو شاردا، چەکەکەی هەموو لەماڵەوە داناوە، موعەزەزومولکەڕەمیشە، وەرەقەشی هەیە، ڕەنگە بەعزێکی پێنج شەش وەرەقەی هەبێت، یەعنی بەڕاستی ئەوە خۆی بۆ خۆیدیاردەیەکی مەترسیدارە، بەیانی کادێری لایەنێك، خەڵکێکی مەدەنی ،خەڵکێکی مەسئوول، بەجادەیەکدا ئەڕوات قەناسەیەك لە جێگایەکدا تەقەیەکی لێ ئەکات، بۆیە ئەو مەوزوعەش قسەی لێ بکرێت زۆر زۆر باشەو، باقی مەسەلەکانی تریش وابزانم برادەران قسەیان لێکرد، بەڵام تەئکید دەکەمەوە، لەسەر کەرکووك، مەسەلەی کەرکووك قەزیەیەکی میحوەری ستراتیجی ئێمەیە وەکو کورد، نابێت بەهیچ شێوەیەك هیچ موزایەداتێك لەسەر کەرکووك بکرێت و، هیچ مساوەمەیەکیش لەکەرکووکدا بکرێت، بەحەقیقەت بەهیچ شێوەیەك، بەهیچ ئیعتیبارێك، ئەگەر چی ئەو وەزعە تازەیە بەعزێك ناڕەحەتی بۆ دروست کردین لەناو شاری کەرکووك، واقعێکی تازە هاتەوە، فاکتەرە ئیقلیمیەکە بوعدی وەرگرت تیایا، بەڵام هەموو ئەمانە جارێکی تر دیسان پێویستیمان بەوە هەیە ئیش بکەین ، کاربکەین، بۆئەوەی ئەم مەسەلە ئەساسیانەمان لەدەست دەرنەچێت، مەوزوع مەوزوعی گەلی کوردە، مەوزوعە ئەو چەند ساڵەی کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، ئەم مەرحەلەیەش هیوادارم بتوانین تەجاوزی بکەین، هیوادارم هەمووومان بتوانین نەفەسمان هەبێ ، تاقەتمان هەبێ، تەحەمولی یەکتر بکەین، ڕەخنەش قەبوڵ بکەین، چونکە ئەگەر ڕەخنە لە یەکتریش نەگرین مەسارەکە ڕاست نابێتەوە، ئێمەش نەیکەین میللەت دەیکا، خەڵك دەیکا، تازە وەزعێکی تازە هاتۆتە پێشەوە، کەس ناتوانێ چاو لە خەڵکێك سوور بکاتەوە وبڵێ وامەڵێ، واقعێك هەیە، مەوجوودە و خەڵکەکەش هەیە لێرە دەیکا، چونکە ئێستا فاکتەرێکی گەورەتر لەمەنتیقەکەدا هەیە، ئەوخەڵکە کە هاتوونە دەیانەوێت دیموکراتیەت و ئازادی بڵاو کەنەوە لە ناو خەڵکدا، بۆیە هەموو کەسێك ئەو وەزعە دەڵێ، بالەخۆمانەوە دەست پێ بکەین، بابەخۆماندا بچینەوە و ، ئەو حەقائیقانە باس بکەین زەرەری نییە، بەڵام موهیم ئەوەیە نیەت هەبێ، بۆ ئەوەی کە وا ئێمە ئیش بکەین، کاربکەین، بۆ ئەوەی مافەکانمان لەدەست دەرنەچێت، جارێکی تر زۆرسوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك سیروان، بەڕێز کاك دکتۆرکەمال فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.کمال عبدالکریم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بە ڕاستی من حەزم ئەکرد پێش ئەوەی کەوا پشووەکە بدەین، چەند قسەیەك پێشکەش بکەم، دواتریش هەر قسەمان ئەبێت لەو بارەیەوە، لێرە ئەو قسانەی کەوا کرا زۆر قسەی باش بوون، بە سوود بوون و هیچ لاریمان لەڕاستی قسەکان نییە ، بەلاَم حەز ئەکەم سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم ،کە ئێمە پێویستە نەختێ واقیعانە بیر بکەینەوە ، هەر بۆ نموونە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ، و، هەروەها وەك دڵنیاشم پارتی دیموکراتی کوردستان لەو بارەیەوە ئامۆژگاری دەرکردوە و، لە کۆبوونەوەی دوایی هەردوو مەکتەبی سیاسدا کەبەڕێز کاك دکتۆر ڕۆژو بەندەش تیایدا ئامادە بووین، باسی ئەوەمان کرد کە خۆمان بپارێزین لەمەسەلەی ئالاَی زەردو سەوز بەرزکردنەوە و، هەروەها مەسەلەی وێنە داکوتان و بەرزکردنەوە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا دیتتان لە لایەن لایەنگرانی هەردوو حیزبەوە و، هەروەها لەلایەن کۆمەلاَنی خەڵکیشەوە پەیڕەو نەکرا، ئەمە لە ئەنجامی چییەوە هاتووە، ئەمە پەروەردەیەکی دوورو درێژە، دەیان ساڵە خەڵکەکە بەو بیرو باوەڕانە گۆش ئەکرێت، وەکو کاردانەوەیەك بۆ ئەو کەلتوورەو ئەو نەریتەی بەعس بلاَوی کردۆتەوە، وەکو ئەزانن کەوا حوکمی سی چل ساڵەی بەعس ڕەوشتی خەڵکیشی گۆڕیوە، ئەم مەسەلەیەش لەمڕۆ بۆ سبەینێ جێ بەجێ نابێت، پێویستی بەکارێکی دوورو درێژ هەیە پێویستی بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر هەیە، بۆ ئەوەی کەوا شێوەی بیرکردنەوەمان لەپێشەوە بگۆڕین ئنجا شێوەی کارو کردەوەکانمان، مانای ئەوە نییە کەئێمە لێرە قسەیەکمان کرد، یان لەهەر شوێنێك قسەیەکیان کرد، قسەکە سەدجاریش ڕاست بێت، بەلاَم سبەینێ لەدەرەوە لەناو کۆمەلاَنی خەڵکدا جێ بە جێ بکرێت، پێ هەڵنانی یەکەم ئەوەیە کەوا ئێمە بڕیار بدەین کەشێوەی بیرکردنەوەمان ،شێوەی کارو کردەوەمان بگۆڕین و، ئنجا هەوڵی بۆ بدەین، زەمینەی بۆ خۆش بکەین، بۆ ئەوەی خەڵکیش بیگۆڕێت، بەلاَم دوای خەیاڵ نەکەوین، وابزانین ئەومەسەلەیە ئەمڕۆ بۆسبەینێ جێبەجێ ئەبێت، باشتر وایە لەپاش تەواو بوونی کۆبوونەوەکە هەموونەو سەرنج و تێبینیانەی لێرە پێشکەش کراون ،لەلایەن کۆمیتەیەکی تایبەتیەوە پاك و پوختە بکرێت، بکرێت بە یاداشتێك و بلاَو بکرێتەوە، پێشکەش بکرێت بە سەرۆکایەتی حیزبەکان و،پێشکەش بکرێت بە سەرۆکایەتی هەردوو ئەنجومەنی وەزیران و، هەوڵیش بدرێت بۆ ئەوەی کەوا جێبەجێ بکرێت، ئنجا هیوادارم لە قسەو پێشنیارەکاندا ڕەچاوی ئەو ڕاستییە بکەن،مەسەلە ئەوە نییە کە ئێمە لێرە بڕیاری شتێکمان دا ئیتر زۆر بەئاسانی جێبەجێ ئەبێت، ئەوە پێویستە کاتێکی زۆری بۆ تەرخان بکەین، هەوڵێکی زۆری بۆ بدەین، ئێمە وەکو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٩٨/٢/١٢وە لەوتوویژدا بووین، هەتا ئێستا نەمانتوانیوە کێشەکان هەمووی بڕێنینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەردوولا هەوڵمان بۆ بەلاَم لە پاشدا داوە، زۆر شت ئەکرێ کەوا سەرکردایەتی قبوڵی کردووە، بڕیاری لەسەر ئەدات، کارەکە ئاسانتر بووبێت، چونکە ئەو مۆتەکەیەی کەوا لەخوارەوە جێبەجێ ناکرێت، ڕەنگە ئێستا لە بەغدا بوو نەماوە، خەڵکی ئاسۆیەکی ڕوناکتری لەبەر چاوە و، هێزێکی گەورەی نێودەوڵەتی هاتۆتە کایەوە،کە لەوانەیە ئەگەر خۆشمان بەخۆشی ئەومەسەلەیە نەکەین لەپاشدا بەزۆر پێمان

بکەن، ئینجا من هیوادارم پێشنیازەکانمان بیرو ڕاو بۆچوونەکا نمان، لەگەڵ واقیعی ئێستاماندا ڕێك بکەوێت، هەروەها ئەوبارە تازەیەی کە هاتۆتە کایەوە لە عیراق و لەناوچەکە ولە کوردستان یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی خێراتر و باشتر بگەینە ئەنجام، من دڵنیاشم لەوەی کەوا بارەکە ئێستا گۆڕاوە و، ئەو کێشانە ئەوەندە بەزەحمەت ناچنە پێشەوە وەکو جاران، زۆرسوپاستان سەعات چوار جارێکی تر لێرە یەکتری ئەبینینەوە ئەکەم. وەکو کاك دکتۆر ڕۆژیش ڕایگەیاند تائەو کاتە، ئێستا کۆبوونەوەکەمان تەئجیل ئەکەین بۆ سەعات چوار..

## دانیشتنی دووەمی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٤/٢١

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان، هیوادارین تۆزێك ئیسراحەتتان کردبێت، بەڕێز کاك کەمال شاڵی فەرموو.

**بەڕێز کمال إبراهیم فرج شاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی برادەران قسەکانی منیان کرد، بەڵام هەر بەکورتی قسەکانم دەکەم. یەکەم: بەڕاستی لەو ڕۆژە گرینگە پێویستە ئێمە هەموومان، پەرلەمان و برایان بەرژەوەندی میللەتی کورد بخەینە سەر بەرژەوەندی تەسکایەتی حزبایەتییەوە، ئەمە یەك بەکورتی. و، بەنیسبەت برادەران کە باسی ئیدارەیان کرد، من پێم خۆشە لێرە باسی بەڕێز کاك مەسعود بکەم لەگەڵ بەڕێز مام جەلالیش تەئیدی کرد، کە گوتی پەرلەمان دەتوانێ دەور ببینێ و شتمان لەسەر فەرز بکەن، من لێرە پێشنیار دەکەم، برادەران ئەگەر تەئیدم بکەن، وەختێکی دیاریکراو دابنێین بۆ یەکبوونەوەی ئیدارەی کوردی، چونکە لە دەرەوە دیبلۆماسیەتی کورد و خیتابی کورد یەکە، بەڵام بەڕاستی لە ناوەوە ئەو دوو ئیدارەیە بەلای میللەتی کوردو جەماوەری کوردەوە، بەڕاستی میللەتەکە نیگەرانە، من حەز دەکەم هەر لێرەوە برادەرانی ئێمە، برادەرانی پەرلەمان بەیەکەوە و یەك دەنگ فەرزی بکەین لەسەر هەردوو قیادەکەمان، کە ئیدارەی کوردی یەك بخەنەوە، ئەمە یەك، دووەم: بەڕاستی لەو کاتەشدا پێویستە ئێمە عەقڵێکی تازە بەکار بهێنین، چونکە ئەو گۆڕانکاریانەی کە هاتوون بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەسەر عێراق و بەسەر کوردستانیش دادێت و، بەسەر حکومەتەکەی خۆشمان دادێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە عەقلیەتی تازە بەکار بهێنین بۆ موعامەلە کردن لەگەڵ ئەو وەزعەی کە تێیداین. خاڵێکی تریشم هەیە، بۆ ئەو کەسانەی کە لەلای ڕژێمەوە هاتوونەتەوە ناومان، ئێستا لێرەن لە سلێمانی هەیە لە هەولێر هەیە، من پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی موساڵەحەو تەحقیق دابنرێت بۆ ئەو کەسانەی کە هاتوونەتەوە، لەلای ئەو لیژنەیەوە چ لەلای پەرلەمانەوە لیژنەی قانونی یان لە برادەرانی پەرلەمان دابنرێت بۆ ئەوەی ئیعتراف بکەن بەو گوناح و تاوانانەی کە کردوویانە. سێیەمیش: بەڕاستی بەنیسبەت تەعمیری

کوردستانەوە وەکو برادەرێك تەعمیمی کرد، ئێستا من پێم باشە، دوێنێ من ویستم دەست هەڵبڕم لەگەڵ مستەر (مۆر) قسە بکەم، بەڵام جەنابت فەرمووت لە کۆنگرەکە، بەڕاستی پێویستە (USA)و تەحالوف ئەوان بێن تەعمیری کوردستان بکەن بەتەواوی، چونکە تەجروبەی تاڵمان هەیە لەگەڵ تەعامولی بڕیاری (٩٨٦) وەکو جەنابیشت فەرمووت، دوێنێ ئیشارەتت پێدا، ئەوانە بیرۆقراتین و پارەکە هەموو دەخەنە گیرفانی خۆیان و، هیچ خزمەتی میللەتی کوردیان نەکردووە، دووەم ئەو کارمەندانەی کە لەو ڕێکخراوانە کار دەکەن بەتایبەتی لە ڕێکخراوی فاو و ڕێکخراوی تەندروسی جیهانی و لەوانی تریش، هەمووی وەختی خۆی بەئەمری موخابەراتی عێراقی و بەئەمری بەغدا لێرە تەعین بوون، من پێشنیار دەکەم ئەوانە لە کار بوەستێنرێن و، خەڵکی تر تەعین بکرێن کە بەڕاستی فەقیر و هەژار و دڵسۆزی میللەتەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك کەمال شاڵی، بەڕێز کاك فاتح محمدامین فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیرۆزبایی لە گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی دەکەم، بەبۆنەی ڕزگار بوون لە ڕژێمی بەعسی فاشیست، سوپاس و ڕێز بۆ هەموو بەشداربووانی ئەو قۆناغە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. برادەرانی پێش من زۆربەیان خاڵەکانیان باس کرد، منیش دەمەوێت بەکورتی باسی چەند خاڵێك بکەم، یەکەم: جێگای خۆشی و شانازییە ئەگەر بەڕاستەقینە لە کەرکووك کوردایەتی بکەین، دوور لە شەڕە پەڕۆ و داگیرکردنی خانوو و مەقەڕات، پێویستە لەسەر هەموومان دەرسێك وەربگرین لەساڵی ١٩٩١ و پاشان ئێمە دژی لێبوردن نین، بەڵام با شتێکی وا نەکەین بکەوێنە ژێر دەست و دەسەڵاتی دوژمنانی کورد و ئەنفالچییەکان، بابەس بێت وەرەقە دابەشکردن و کەسب کردنی جاش و خائین و ئەنفالچی و، بەرژەوەندی تەسکی کاتی پەیڕەو بکەین، هەموومان ئەبینین و ئەبیستین کە حکومەتی کوێت بۆ چەند سەد کەسێك چی دەکات و چۆن دەزگای ڕاگەیاندن و، هەموو بابەتێکی تەرخان کردووە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام بەداخەوە ئێمە تا ئێستا وەکو پێویست هەڵنەستاوین بەڕۆڵی خۆمان بەرامبەر بە سەدان هەزار کوردی وون بووەوە. خاڵێکی تر بۆ کەم کردنەوەی کێشەی دوا ڕۆژ، دەبێ سوور بین لەسەر گەڕانەوەی هەموو کوردە دەرکراوەکان و دەرکردنی هەموو ئەو عەرەبانەی کە بۆ تەعریب هێنراونەتە شوێنە کوردییەکان و، هەروەها هەوڵ بدەین گەڕانەوەی سنووری ئیداری کەرکووك بچەسپێنین هەر وەکو لە کۆنا بوو. خاڵێکی تر دەبێ لەناوی تورکماندا ڕوونی بکەینەوە کە جیاوازی زۆر هەیە، لە نێوان تورکمان و تۆڕانییەت، تورکمان برای ئێمەن و چارەنووسیان لەگەڵ گەلی کوردە ، خاڵێکی تر بە ڕای من ئاوەدانکردنەوەی قەڵای‌کەرکووکە وەکو شوێنێکی ئەسەری، شارەکە شتێکی پێویستەو ئەبێت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك فاتح محمدامین، بەڕێز کاك مصطفی چاوڕەش فەرموو.

**بەڕێز مصطفى قادر محمد (چاوڕەش):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە جەنابتان ئاگادارن، قسەكان و وەزعەكان هەموویان لێرە باس كران، پێشەكی من پشتیوانی خۆم لە قسەكانی كاك سالار دەكەم كە زۆر بە مەعنا بوو، هەروەها قسەكانی كاك سیروان كاكەییش تەقریبەن شتەكانیان لێك نزیك بوون، هەموو ئەو مەعاناتانە ئی هەموومانە، وابزانم ئەو برادەرانەی كە لێرەن، لەپەرلەمان كە هەموو لێرەین، كە لە سەیارەكان سوار دەبین یان لە دەرەوەی پەرلەمان یان لە هەر كۆڕ و كۆمەڵێكا ماوەیەكە ئەو شتانە لەسەر زمانی هەموومانەو باس دەكرێ چۆن چارەسەری بكەین، بەتایبەتی ئی ئەو خائین و خۆفرۆشانەی كە وەختی خۆی خزمەتی ڕژێمیان كردووە و ئێستا لای هەردوو لامانن، ئەوە دەبێت بەهێمنی پەرلەمان خۆی بەرنامەیەكی هەبێت بۆ ئەوەی یەكەم خاڵ بێت، برادەران زۆریان باس كرد بۆیە من زۆری لەسەر ناڕۆم. وەزعیشمان، وەزعی كورد ئێمە هەتا ئێستا باشمان هێناوە، هەم وەكو كورد لە سنوورەكەی خۆمان بەو دوو ئیدارەی كە هەمانە، مەوقعێكی بەقوەتمان هەیە لای ئەمریكییەكان ولای حزبە سیاسیەكان و،شوكرین كە ئەوجارەش ئێمە پڕشكی ئەو ئازارو ئاگرەمان پێ نەكەوت ئەگەر شتێكی كەمیش بووبێت، ئەوە نسبییە لەچاو ئەو شتانەی كە كرا، بەڵام ئەگەر تەماشا بكەین لە جنوب و لە شوێنەكانی تر كۆمەڵێك مەشاكل هەنە، هەر شیعە لەنێوان یەكتریدا سێ چوار لایەنن، ئەو حەوزە قبوڵ ناكات،یەكێ ئەوی تری قبوڵ نییە وەكو مەرجەعیەت و ئەمانە، حزبی تریش پەیدا بوون ئێستا، هەر ئەوەندە دەزانی دیوارێك نووسراوە، ئەوە حزبی دیموكراتییەو ئەوە حەركەی سورییە لە بەغدا و ئەوانە لای خۆمان تا ئێستا باشە، ئێمە دەبێت خۆمان ئامادە بكەین بۆ هەموو ئەو گۆڕانكاریانەو ئەو شتانەی كە دێنە پێشەوە، ئەوە بە چی دەكرێت؟ مەبەستی قسەكەی من زیاتر ئەوەیانە یەكبوونی وەحدەی كوردییە، ئێمە لێرە هەموومان مەسئولین چ لێرە مەسئولین چ لەناو حزبەكەی خۆماندا مەسئولییەتمان هەیە، دەبێ وابكەین، هەموو جەخت بكەین تواناكانمان یەك بخەین هەموو لایەكمان، باسی ئەو پەڕۆ زەردو سەوزو سوورو شینانە كە دەكرێت، پێم وایە بەڕاستی ئەوەش بەدەست خۆمانە، یەعنی ڕاستە من كە بە شوێنێكدا دەڕۆم ئەگەر پەڕۆكەی سەوز بێت زۆریشم دڵ پێ خۆش دەبێت هەموو چەپڵەم بۆ لێ دەدەن، بەڵام ڕەنگە بۆ دەروونی خەڵك قبوڵی نەكات، چونكە هەموو خەڵك نە یەكێتییە نە پارتییە، خەڵك زۆربەی بێ لایەنە، لەبەر ئەوە زۆر كەس داوامان لێ دەكەن واز لەوە بێنن، لەسەرمان دەنووسن لە جەریدەكان، ئەگەر بكرێت بەدەست خۆمانە، مانای ئەگەر ئێمە خۆمان بڕیارێك دەربكەین لەلایەن یەكێتی نیشتمانیی كوردستانەوە بڵێین ئیتر ئەو پەڕۆیانە بەرز مەكەنەوە، خەڵكیش بەقسەمان دەكات و خەڵكیش خۆی بەخۆیدا دەچێتەوە، بۆ ئەو دزی و ڕاوەڕوتییەی كە كرا لە شوێنەكان ڕەسمی هەردوو سەرۆكەكەیان پێوە بوو یان پەڕۆی زەردو سەوزیان پێوە بوو،زۆربەی بۆ دزی نەبوو؟ هەموو لە پەناوە دەچوون قاچاغچی بوون، بۆ ئەوەی بزانن كە یەكێتین یان پارتین لە سەیتەرەكان تێپەری دەكردو كۆمەڵێك دزی و شتی پێ دەكراو شتەكانیش ئێستا دیارە لای كێیە؟ لای هەموو لایەك هەیە، جا لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەوە بە یەكێتی خۆمان بڕیارەكە دەدرێت، لێرە هەموومان مەسئولین، لێرە خۆمان بەوە دەزانین

تەمەنێکی گەنجێتی خۆمان تا ئێستا لەگەڵ ئەو وەزعە ڕاکێشاوە و هێناوە، با ڕەنجی خۆمان و ڕابردووشمان بە فیڕۆ نەچێت،بەو گۆڕانکارییە چۆن تا ئێستا هێناومانە و مەوقیعمان بەقوەتە، ئەوە بەیەکێتی هەموومان دەبێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك مصطفی، بەڕێز کاك شێخ مەزهەر علی مصطفی.

**بەڕێز مزهر علی مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، وەڵلا ئی من سێ چوار خاڵ بوو، تەقریبەن دوو سێیەکی باس کران، تەبعەن ڕۆژی لەناو چوونی ڕژێمی فاشستی بەغدا ڕۆژێکی زۆر مێژوویی و پیرۆز بووە بۆ گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی، وەم پێ باش بوو ئەو ڕۆژە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیارێك دەربچێت ئەو ڕۆژە لە کوردستان ببێت بە عوتلەیەکی ڕەسمی، ببێت بە ئاهەنگی خۆشی و شادی، هەموو ساڵێك ئەو یادە پیرۆزە لە کوردستان بکرێتەوە. لە عێراقدا شتێکی ترە ئەگەر سەبەی ڕۆژێ پەرلەمانی عێراق بڕیاری لەسەر بدات، ئەوە یەکیان. دووەم: ڕژێم لە ناوچەی کەرکووك و ئەو ناوە، ناوی ئەو گوندانەی بە تەواوی گۆڕیوە، حەقە بەڕاستی بەزووترین کات هەوڵ بدەین کە ناوی ڕەسەنی خۆیان، ناوە کوردییەکان یان بە هەر چ شێوەیەك بووە بیگێڕینەوە سەر دۆخی جارانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاکە شێخ، بەڕێز مامۆستا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمان الرحيم (لئن شكرتم لأزيدنكم ولئن كفرتم إن عذاب الله لشديد).

بەڕاستی ئەڤی ڕۆژێ ئینسان هەندی هزری خۆ تێدا بگرت و، هەندی کەیفی ئاخافتنی هەبێت و بخافتی، ئەوەی لەدلێ خۆی هەبێت دەری بکات، تایبەت سەرکردە، ڕاستە گەلی کوردستانیش هاتۆتە تەحریر کردن و خەڵکی وێش هاتۆنەتە پاك کردن، بەلێ کەرکووك حەقێکی خاصی خۆمانە، خەسارەتێکی مەزنمان پێ دایە، شۆڕشێکی مەزنمان پێ دایە، شۆڕشی ئەیلول بە ڕابەرایەتی مەلا مصگفی بارزانی چەندین قوربانی دایە، بۆیە گرانی کەرکووك ئەمڕۆکە ئەو گرانیەی بپارێزین،لێرە من چەند خاڵێکم هەیە لەسەر کەرکووك و دەوروپشتی کەرکووك و ئەو زەویانەی هاتوونەتە تەعریب کردن، بەلێ من دیسان دەلێم کەرکووك تایبەتە، کەرکووك قەراری بەعسییانی بۆ هاتووە، هاتۆتە تەعریب کردن خەڵکی وێ سەڕابییە، ئەو تشتی بە خورتی هاتییە ڕاکردن، بەخورتی جارێکی تر بێتە دامەزراندن، دەرمان نك من ئەڤە جا یەکێ چ وەکو هەردوو حزب یان حکومەتا هەرێم یان پەرلەمان هەموو پێکڤە، بڕیارێکی بدات خەڵکی کەرکووك دەبێ بچنەوە سەر جێگای خۆیان، چ شۆڕشێك و قوربانییێك کراوە بۆ کەرکووك، دەبێ ئەویش هەندێك بەرهەمی خۆی، خەڵکی کەرکووك بکاتە قوربانی کەرکووك، بزڤڕێنە سەر جێگای خۆیان چ شکلێ

هەیبێت. دوو: مەوقفی کورداهەمووی یەك بێت بەرامبەر وان کەسا کە دەڵێت کەرکووك لەسەر چێیە ئاخا کوردان ڕۆیشتووە خواری، دڤیە ڕابن چاوەهاتنە دەبێ ئەوسا بچنەڤە، نە بە شەرعە نە بە قانونە نە عورف نە عادەت نە چ شکلی حەقی وان نینە کە بێن سەر ئاخا وان بێژێ دیفاعێکی وان بێتە کرن، بێژێت وەڵلا بەنی چاوە سەر دیوارێ خۆ ڕابگرە، نەسەر چو دیوارە خۆ نە، لەسەر چو دیوارێ هەندێك خەڵکی دینە، بۆیە پێتڤییە برا ئەو بڕیارە هەمیش پەرلەمانا بێت، پەرلەمان بدات فەرز کردن و، حکومەت و حزبیش کوردی لە کوردستانێدا مەجبور بوون قەرارێ جێبەجێ بکەن، خەڵکی کەرکووك بزڤڕێ سەر جێی خۆی، خەڵکی هاتی کەرکووکیش بۆخۆی بڕاڤێت. دوو، بێ سەرو شوێن، بەڕاستی ئەوجا هەر دیسان بوویە لەسەر کەرکووکێ، ئەگەر ڤیادەی کوردی و قائیدی کوردی و ڕێبەری کوردی ڕەحمەتی مەلا مصگفی دەستیش کەرکووك هێشتبیە، ئیحتماله ئەو مەئسات و فلان بیڤان هەمووی بڤی شەکلی پەیدا نەبینا، بەڵام بێ سەروشوێنا حەڤێکی خۆیا تایبەت مەند هەیە، بەحسابی مندا ئەز دەبێژم دیسان وەکو پەرلەمانی کوردی وەکو هەموو حزبێکی کوردی وەکو هەمی خەڵکی کوردستان لەو خاڵەدا، پشتیڤانییە مزەکەرەی ڕێبەری کورد جەنابی مەسعود بارزانی بکەن، مزەکەرەیەك کو دوێنێ دای نەتەوە یەکگرتووەکان و حولەڤاو هەموو ئەحزاب و ڕێکخراوی دونیایە، مەوقفی وان بێت، بەتایبەتی ئەو کەسانێ کو هاتینە گرتن لە دەستی ڕژێمی هاتینە گرتن، پێشتر لەسەر وێ بێتە کرن کا ئەڤێ هەمیی مەسیری ڤان ئینسانە بێتە دیار کردن، کا چییەو کێڤە هاتینە و، حەقی وان شەخصیش هەدەر نابێت، تحریرا وان بێتە کردن و، عەیالی وان و کەسوکاری وان بێتە کرن، ئەوانەی لای ئەو موجریمە ماون، بەڕاستی هەندێك لەسەر من گرانیشە من ببێژم، بەڵام من مەجبورم ببێژم هەر چەندە پتر دەردەکان بۆ خۆی دەردەکەوێت، ئەز بەری ئاخافتنا برادەران بەهرابێتن لەسەر بیری تەسکی خراپ، هەوڵێکی زمان حاڵی وان ئاخافتنێکی مەلایەکی خوتبە لەسەر صەدەڤەو خێروخێراتا خۆن، گوتی هەرچی کەسێك جلکێکی فەقیرێکی خاوێن بکات، وصا وصا خێری وی گوتی پێغەمبەرا دروودی خوای لێ بێت، مامۆستا ژنیش رابە کراسی سەیدای بەخێرا خۆی دا فەقیرێکی لێرە ڕەت بووی، وەختی موحتاج بوو گوتی ئەرێ فلان کەس کا کراسەکەم نادەیتەوە، گوتی وەڵلا من بەخێرا داومەتە فەقیرێك، ئەوی ڕۆژێ تۆ گەڵێك باسی خێروخێراتت کرد منیش گوتم با بیکەم بەخێر، گوتی عەبدی خودا ئێمە بۆ خەڵکی ڕادەبێژین ئەز نە بۆ خۆ دەبێژین، ئەز دەبێژین هەر وەکو ئەو برادەرەی هەیە، وەڵلا بیر تەسکی حزبایەتی نەیەتە کردن دیارە هەر کەسێك نە بۆخۆی دبێژێت بەڵکو بۆ خەڵکی دبێژێت، خۆزگە ئەو خێرەش هاتبووایە تەرك کردن، کێش بەری هەردووکا چووە کەرکووك، کێ دەستی هەیە کەرکووکی تالان کرد، کێ وای کرد ڕژێم ڕابکات، بۆ وەڵلا خراپە ئەوەی بکەین، ئێوە دەبێژنە خەڵکی نەش بۆ خۆ دبێژی. خاڵێکی تریش هەیە گەلێ جارە مە گوتی: گوتنا کوردا کەڤن هەیە بێژن مارگەستی ژوەریسی کترست. ئومێدەوارین ئێمە ئاگاشمان هەبێتن ڤیادەی مەو قائیدی مەو ڕابەری مە و، میللەتی مەو حزبی مەو پەرلەمانی مە ئاگادری خۆ هەبێت، ئەو دەستکەوتنە هەمووی نەبتە موعاهەدە سیڤەرو سیڤەر ببێتە لۆزان، پاشێ چ ئاسمان و چ عاردێك ئێمە ناحەوێنێت لە دونیایێدا غەزەبی خودا لەسەرمان دەبارێ، ئەگەر ئێمە لە مستەوای مەسئولییەتی

خۆمان نەبیین،ئەو دەسکەوتە هەمووی جارێکی تر پیلان و حیلە بێتە هەو کردن، ئومێدەوارین خوای گەورە مەو میللەتی مە توشی ناخۆشی نەکات جارێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا محمود دێرشەوی، بەڕێز مامۆستا محمد ئەمین چەمچەماڵی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد امین عبدالحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

دیارە منیش هەر وەکو هاورێیەکانم لە پەرلەمانی کوردستان خۆشحاڵی خۆم دەردەبڕم بۆ ئەو رزگار بوونەی گەلانی عێراق لە زوڵم و زۆر و ستەم و، دیارە شك لەوەدا نییە کە ئێستا عەهدێك بەسەر چوو کە عەهدی دیکتاتۆرییەت و زۆرداری و ستەم بوو لەسەر گەلانی عێراق و، بەتایبەتی لەسەر گەلی کورد کە هێچ کاتێك خێروخۆشی بۆ ئەم ولاتە بۆ ئەم نیشتمانە پێ نەبووە لە وێرانکردن و سووتاندن و قڕکردنی میللەتەکەمان بەولاوە، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئێستا پێ دەنێین لە عەهدێکی نوێ،کە عەهدێکە بەتەماین و ئومێدمان وایە کە دیموکراسییەت و ماڤی مرۆڤ و حکومەتێك دروست بێت،کە ئەو حکومەتە تەعبیر لە خواست و ئارەزووەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکات، بۆ ئەوەش بەڕاستی ئێمە پێویستیمان بە چەند خاڵێك هەیە، برادەران هەموو قسەیان کردو قسەی باشیش کرا، نامەوێ هیچ تەفاصیلێکی پێ بدەم، بەڵام لەچەند خاڵێکی کورتدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، ئەویش یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە برایەتییەکان و تەبایەکانمان لەناو خۆمان بۆ یەکبوونی ئیدارەکانمان خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە و،من ئەو رۆژەی کە کەرکووك گیرا بۆ بەیانی لە مزگەوتێك لە مزگەوتەکانی کەرکووك نوێژی هەینیم کرد، هەموو خەڵکەکە لە دوو شت زۆر ئازاریان هەبوو، یەکێکیان ئەوەیە دەیان بینی خەڵکی تالان دەکات، بەمنیان گوت ئەوە بارمان بەملمان ئێمە هەموو ناڕازین لەو وەزعە زۆرمان پێ ناخۆشە، دەیان جار تەحەدای هەموو عەرەب و خەڵکی ترمان کردووە کە ئێمە خەڵکێکی مەدەنین، ئاشتی خوازین و نامانەوێ ماڵی خەڵك بەتالان بەرین، ئەوان هاتوون ماڵ و حاڵی ئێمەیان داگیر کردووە، بەڵام ئێمە ئێستا وەك خەڵکی کەرکووك نامانەوێ بەبەر چاوی ئێمەوە خەڵکی تالان بکرێن و، هەروەها ئەوانەی کە لە موصل کران بەو حەجمە گەورەیە لە دونیا دەنگی دایەوە بەڕاستی، نیگەرانییەکی ئەوتۆی بۆمان دروست کرد، هەر چەندە ئێستا پێم وانییە بگاتە ئەوانەی کە لە بەغدا کراوە، هەتا ئێستاش بەردەوامە و، ئەگەر خەڵکانێکی لای ئێمە لەو رقەیانەوە کە رژێمی دیکتاتۆری فاشی لە کاتی ئەنفالەکان سەروماڵی خەڵکەکەی تالان کردووە و بردوویەتی، بەڵام ئەوان کەلتورو حەزارەتی میللەتێکیان برد کە هەموو ئەوانەشی کە برایە لەلایەن خەڵکانی عێراق و بەغدا خۆیان بوو، کە بەداخەوە بۆ هەموویان نیگەرانین، چ بۆ ئەوانەی کە لە بەغداد ڕوویدا و چ بۆ ئەوانەی کە لە لای خۆشمان چ لە موصل و چ لە کەرکووك ڕوویدا. دووەم خاڵ کە خەڵکەکە لێی نیگەران بوون ئەو شەڕە پەڕۆیەی کە برادەران باسیان دەکرد، دەیانگوت ئێمە جارێکی تر ئەو بەزمەمان ناوێتەوە، ئێمە دەمانەوێت کورد کە ئەمڕۆ

گەیشتونەتە ئەو مەرحەلەیە و،رزگارمان بوو ببینەوە خەڵکێکی مەدەنی و تەعامول بکەین و، ئێستاش پێم وایە ئێمە ئەو هێزە هاوپەیمانانەی کە لە ناوماندان هەڵسوکەوتەکانی ئێمە تەقیم دەکەن، سەیری هەنگاوەکانمان دەکەن هەتا سەیری تەسریحاتەکانیشمان دەکەن، ئەگەر ئێمە خەڵکێك بین فیعلەن وەکو ئەوەی کە گوترا، کە کوردستان و ئەو دەست و ئەو سیستەمە دیموکراسییەی لە کوردستاندا هەیە، ئەگەر بێت و پیادە بکرێت بۆ هەموو عێراق و بۆ هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەختەوەرترین گەلان دەبین،ئێمە دەبێت ئیحتفاز بەو سەروەرییە گەورەیە بکەین و،لە ئێستاوە هەنگاو بنێین وەکو عەرەب گۆتەنی (نحو الإتجاه الصحيح) نەك بە غەڵەت، ڕاستە من لەگەڵدام کە خەڵکێك هەیە لە پرۆسەکانی سەرکوت کردنی گەلانی عێراق و لە ئەنفال و ئەو کوشتن و بڕینەی کوردستاندا بەشدارییان کردووە، بەڵام ئەوەی گرینگە ئێمە لە کوردستانی پەرلەمان کە لە لای خۆمانەوە ڕای بگەیەنین بەپێی قانون و یاسا ئیش بکرێت، با هەرکەس بۆ خۆی نەبێت، ڕاستە حزبێك دەتوانێ بڵێت فلان کەس لەگەڵ بەغدا بووە، بەڵام پەیوەندی بەمنەوە بووە. مانای حزبەکان جارێکی تر نەبن بە مەئوای موجرمین، نەبن بە جێی حەشاردانی خەڵکانێك کە تا ئێستا دەستیان بە خوێنی ئەو میللەتە، بە ئەنفال کردنی ئەو میللەتە سوورە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نەیەین قاپییەکی وا بکەینەوە فەوزایەك لەناو میللەتەکەمان دروست بێت، دیسان جارێکی تر هەر کەسەو بۆ خۆی شت بکات، ئەوە کارێکی زۆر خراپە من پێم چاکە پەرلەمانی کوردستان خۆی مەسەلەکان حل بکات، بۆ خۆی داوا لە حزبەکان بکات چ کەسێکیان هەیە لەوانەی کە ناویان هەیە، لەوانەی کە داواکراون، ئێستا ئەمریکا دەڵێت ( ٥٥) کەس داواکراوە لە لای ئێمە، بەڵام ئێمە وەکو گەلی کورد چەند کەس. حزبەکان تێبینییان هەیە کە داواکراون؟ با لە ڕێگای پەرلەمانی کوردستانەوە تەقدیم بکرێت و، ئەو ناوانە داوا بکرێن ئەو کاتەش بەپێی یاسا کار بکرێت، نەك هەرکەس بۆ خۆی، من سوپاستان دەکەم قسەکانی بەڕێزان دوو بارە ناکەمەوە و،هیوادارم لەو ئەزموونە ئێمە سەرکەوتووانە دەربچین، بەڕێزان من لام وایە دەتوانین ئەو گۆڕانە خێری باشی لێ ببینین، بەڵام خوا نەخواستە لەباریش هەیە زۆر زەرەری لێ بکەین، ئێمە ئێستا دەنگێك لە خوارەوە دەبیستین باسی تەشکیل کردنی نەوعێك لە حکومەت دەکات،کە خواست و ئارەزووی گەلانی عێراق و هەتا موعارەزەی عێراقیش نییە، موعارەزەی عێراقی فیدرالی ڕاگەیاندووە، سیستەمی دیموکراسی ڕاگەیاندووە، من بەداخەوە دوێنی کە ئەو جەنەراڵە بەڕێزە لێرە بوو دوای خۆشحاڵیشمان کە بەشداری کۆبوونەوەی لەگەڵ ئێمە کرد، لەو پەرلەمانەی کوردستانە (١٢) ساڵ لەمەوبەر سیستەمی فیدرالی بۆ پێکەوەژیانی کورد لەگەڵ گەلانی عێراق ڕاگەیەندراوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بۆ فیدرالی نەکرد لێرە، بواری ئەوەش نەبوو ئەندامانی پەرلەمان خۆیان پرسیار بکەن، من بەش بەحاڵی خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی ئەم خواست ئەگەر قسە بکرێت،باسی ئەوە بکەین بزانین ڕای برادەرە ئەمریکییەکان و هاوپەیمانان، کە ئێمە بە هاوپەیمانیان دەزانن و، فعلەن هاوپەیمانانیشن، بەرامبەر بە سیستەمی فیدرالی و جێبەجێ کردنی چییە؟ بۆ ئاسەوارەکانی تەعریبیش حەق وایە باڵی لێ هەڵماڵین لە ئێستاوە،ئەوەی مامۆستا دێرشەوی گوتی زۆر تەئیدی دەکەم ئاوارەکان بگەڕێنینەوە، ئەوەی کاك سیروان باسی کرد زۆر تەئیدی دەکەم کە ئێمە شەرم نەکەین، ئێمە لەو گۆڕانەدا چیمان دەست

دەگەوێت؟ مەكسەبەكانی ئێمە چین؟ بێ شەرم و بەبێ تەحەفوز بیڵێین، ئێمەش خەڵكێكین خەباتێكی دورودرێژمان هەیە و، میللەتێكی موهەدەدیشین بەنەمان، یەعنی قەت ئێمە وەكو گەلانی عێراق وەك خوارەوە نین، وەك جنوب نین، وەك ناوەڕاستیش نین، ئێمە گەلێكین لە لێواری مەرگ و نەمان گەڕاوینەتەوە، ئەگەر بهاتبایە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ نەبووایە و، ئەو مەغەبەتەی عێراق نەبووایە كە كوێتی داگیر كرد، پێم وایە ئێمە هەر هەموومان هەڕەشەی نەمانمان لێ دەكرا،حەتا ئەوە بوو خۆتان دەزانن پاكتاوكردنی ڕەگەزی لەناو شاری كەركووكدا و، لەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێم تا دووا هەناسەی دەرچوونی ئەو ڕژێمە بەردەوام بووە، بۆیە ئێمە گەلێكین پێویستە هێزمان هەبێت، پێویستە خەڵكێك بمان پارێزێت، پێویستە یاسایەك هەبێت گەلی كورد بپارێزێت جگە لەوەی كە یاسایەك هەبێت بۆ پاراستنی هەموو گەلانی عێراق، ئێمە تیایدا خاوەن مافی خۆمان بین، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا محمدامین چەمچەماڵی، بەڵام ڕوونكردنەوەیەكی بچووك لە لایەن منەوە، پاش ئەوەی جەنەراڵ (مۆڕ) قسەی كرد هاتە لای من جارێكی تر هەر وەكو وەفدێك پرسیاریان لێ كردم،میللەتی ئێوە یان ئەندامانی پەرلەمان چیان پێ خۆشە گوێیان لێ بێت؟ گوتم سێ شتی زۆر ئەساسی هەیە،میللەتی ئێمە دەیەوێ گوێی لێ بێت بە ئاشكراو بە سەریحی لە ئێوە، یەكەم: مەوقفی سەریحتان بەرامبەر بە فیدرالییەت. دووەم: مەوقفی ئاشكراتان بەرامبەر بە هەڵوەشاندنەوەی تەعریب و گەڕاندنەوەی ئەو خەڵكە بۆ زەوی باب و باپیرانیان، ئەوە مەتڵەبێكی ئەساسی ئەو میللەتەیە و شتێكی عادلە كە بكرێت. سێیەم: مەسەلەی تەعویزی ئەنفال و كیمیا باران كراوەكان. ئەو سێ شتە لە هەموو شتێكی تر ئەساسی ترە، ئەگەر ئێوە ڕەچاوی بكەن و بە ئاشكرا لەناو میللەتی ئێمە باسی بكەن، صەداو دەنگێكی باشی دەبێت. لەدوایی دا باسی شتی ترمان كرد،بەڵام من گوتم ئەو سێ شتە هەرە ئەساسین كە داوایەكی زۆر زەقی میللەتی ئێمەیە، بەنیسبەت فیدرالی جوابیان دایەوە، گوتیان ئێمە خۆمان نیزامێكی فیدرالین قەد ناتوانین بڵێین فدرالیمان ناوێت،بەڵام لەهەمان كاتیشدا ناتوانین بڵێین ئێوە دەبێت فیدرالیتان هەبێت،ئێوە ئەگەر توانیتان بێ و داوای فیدرالی بكەن، میللەتی عێراقیش لەگەڵتان بێت ئێمە تەئیدی دەكەین. ئەوە ڕەئی ئەوان بوو لەو بارەیەوە، جا چاكە ئەو ڕەئیانە بە وازیحی بزانن، بەنیسبەت تەعریب و گەڕانەوەی خەڵك بۆ شوێنی خۆی، دەیگوت ڕای ئێمە ئەوەیە خەڵكێكی زۆر هاتووە، ڕاستە بەزۆر هاتووە، بەقەراری بەعس هاتووە، بەڵام هەندێ كەس هەیە سی ساڵە لەوێیە، بەعزێ كەس هەیە دبیست ساڵە لەوێیە، ماڵ و منداڵیان لەوێیە، هەیە كۆنتر لەوێن،ئەوە قەزیەیەكی ئینسانییە دەبێت بەپێ قانون و قەواعدی ئینسانی ڕەچاو بكرێت، دەبێ لێژنەی بۆ دابنرێت دەبێ بەپێی قانون بكرێ و، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ خەڵكی ئەو شوێنانە نەچنەوە شوێنەكانیان، یەعنی هەموو مەسائیلی تەعریب لابردرێت، ئەو خەڵكانەی كە دەركراون بچنەوە شوێنی خۆیان، بەڵام دەبێت حسابێكیش بۆ ئەوانە بكرێت كە هاتوونەتە ئەوێ، ئەوە ڕەئیێكی وازیحیانە و، لە هەموو لیقائاتەكان نەشاردراوەتەوە، بۆیە دەیڵێم هەتا وازیح بێت لای برادەران. مەسەلەی تەعویزیش مەسەلەیەكە هەر كاتێك حكومەتی عێراق هاتە پێشەوە، ئێمە

دائیمەن دەتوانین داوای تەعویزەکە بکەینەوە، ئەوە حەقێکی زۆر تەبیعییە دەبێ ئەو خەڵکە تەعویز بکرێن، مەسیری ئەنفالەکان دەبێ مەعلوم بێ و، تەعویزی کەسوکاریان بکرێ، هەروەها تەعویزی کەسوکاری قوربانییەکانی کیمیا باران بکرێ، تەبیعی مەسەلەیەکی تریش هەیە، کاک سەعدی داواشی کرد، تۆزێك لەو بارەیەوە قسەی تیادا دەکەم، مەسەلەی کەرکووك و موصڵ، یان ئەو شوێنە ئازادکراوانەی هەرێمی کوردستان،شاراوە نییە ئەگەر وردە خیلافێك لە نێوان پارتی و یەکێتی هاتبێتە کایەوە لەسەر ئەو مەوزوعە بووە، لەسەر مەوزعی چوونە ناو کەرکووکەوە و، چۆن چوونەتە ناو کەرکووکەوە چۆن نەچوونەتە ناو کەرکووك، لە کەرکووکدا چ رەفتارێك کراوە وچی نەکراوە؟ ئەو نەوعە ڕاو بۆچوونە، ئەو جیاوازییە پەیدا بووە لە نێوان هەردوولا، لە ڕاستیدا ‌‌‌ﻫ سەرکردایەتی هەردوولا کۆبوونەتەوە ڕێ و شوێنیان داناوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە هەمووی و، ئیتفاق کراوە تەعلیمات بۆ هەردوولا بچێت، چۆن ڕەفتار بکەن و، هەردوولا لەو شوێنانەی کە ئازاد کراون شان بەشانی هەندێك ئیشی تیا بکەن، یەعنی ئیحتکاری هیچ شتێك نەبێت لە هیچ شوێنێك، ئەمە هەنگاوێکی حەکیمە، بەڵام سەبەبی ئەساسی ئەم ختوە حەکیمە چییە؟ لە حەقیقەتدا دەتوانم بڵێم تەنها لە حیکمەتی ئێمەوە نییە، جارێ مووسڵ خۆی شارێکی کوردستانی نییە، شاری مووسڵ ئەکسەریەتی کورد نییە، بەڵکو ئەکسەریەتی عەرەبە، ئەوە هەموو کەس دەیزانێ،مومکینە کورد ئەگەر بیەوێ هەوڵی ئەوە بدات سەیتەرە بەسەر مووسڵ بکات،یان محاوەلەی دەست ڕۆیشتنێکی زیاد لە حەقی خۆی بکات لە مووسڵ، ئەوە بە زەرەرێکی زۆر بۆی دەگەڕێتەوە و، حولەفاش لە یەکەم ڕۆژ وتوویانە مووسڵ عایدی خۆمانە، بەنیسبەت کەرکووکەوە، کەرکووك شارێکی کوردستانییە، ڕاستە بە نەتیجەی رووخانی رژێمی سەددام، نەتیجەی لێدانی هاوپەیمانان و ئەمەریکا ئازاد بووە، بەڵام شارێکی کوردستانییە، ئێمە دەبێت هەوڵی بۆ بدەین بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ناو هەرێمی کوردستان، دەبێت هەرێمی کوردستان کەرکووك و ئەو شوێنانەی تری هەموو تێدا هەبێت، بەڵام بەنیسبەت کەرکووکەوە ئەمەریکا و حولەفا بە ئاشکرا ئەڵێن شاری کەرکووك مەحمییەکی ئەمەریکییە، ئێمە رزگارمان کردووە، دەبێت لە ژێر سەیتەرەو کونترۆڵی ئێمەدا بێت، لەبەر ئەوە ڕێگایەکی زۆر دوورو درێژمان لە پێشدا هەیە،بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین کەرکووك وهەموو ئەو شوێنانە بگەڕێنەوە ناو هەرێمی کوردستان، ئەوە نەبێت تەواو ببێت، بە عەکسەوە ئیشێکی زۆر زەحمەتمان لەبەردەم دایە خەباتێکی زۆر دوورو درێژی پێویستە، پێش هەموو شتێکیش ئەو خەبات و ئەو ئیشە، ئەگەر ئێمە یەك ڕیز نەبین ناکرێت، موسبەقەن هەموو ئەندامە بەڕێزەکان ئەمەیان دووپات کردەوە، بەبێ یەکێتی ریزەکانی ئێمە لەم زروفە ئێمە هیچمان دەست ناکەوێت، ئێمە هیچمان دەست نەکەوتووە، ئەوە ڕاستییە بیزانن،ئەوەی کە دەستمان کەوتووە ئەو وەزعەی کە هەیە، هەرێم بە حدودی خۆی، ئەم پەرلەمانەی کەهەمانە، ئەو تەجروبە دیموکراتییەی کە هەمانە، ئەمانە هەمووی جێگای ئیحترامە، ئەمە ئیعتراق پێ ئەکەین، ئەمە تەعامولی لەگەڵدا دەکەین تا ئینتخاباتێکی تر، بەڵام قەزییە، قەزیەی کەرکووکە، قەزیەی دووزخورماتووە، قەزیەی خانەقینە، جەلەولایە، سنجارە، شێخانە مەخموورە دێبەگەیە، ئەمانە هیچی نەبڕاوەتەوە، ئەمانە هەمووی پێویستی بە ئیشە، دەبێت ئیشی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوە ئەمە دەبێت زیاتر هانمان بدات، کە

پاڵ بە هەموو ئەحزابی کوردستان بنێین، کە یەك بن، راوبۆچوونیان لەم بارەیەوە وازیح بێت، سیاسەتیان موەحەد بێت، خەریك نەبین هەریەك بەلایەکدا رایکێشین، تەبیعی لە ئیجتماعی دوێنێی سەرکردایەتی هاوبەش، تەئکید لەسەر ئەم خاڵانە کرا، بە ئیتیفاقی هەردوولایەن، کە هەردوو ئیدارە بە رەئی موەحەدد ئەم خاڵانە بە ئەمەریکییەکان بڵێین، بە موعارەزە بڵێین، داوا بکەین کە ئیجتماعی موعارەزە بکرێت، ئیجتماعی قیادەی موعارەزە بکرێت، لیژنەی تەنسیق بکرێت و، ئەو بڕیارانەی کە وەرگیراوە، چ لە لەندەن چ لە سەلاحەددین جێبەجێ بکرێت؟ چونکە ئەمانە هەموو قسەن، کاك سالار وتی، کە ئەمڕۆ گۆڕانکارییەکی زۆر سەریع لە کاردایە، لەوانەیە هەموو شتێك بگۆڕێت، پێویستە ئەحزابی کوردستان بەیەك دەنگ و بە یەك دەست سوور بن لەسەر ئەم خاڵانە و زیندووی کەنەوە، وردی کەنەوە، ئیش لەسەر ئەو ئەساسە بکەن، جا ئەوە لە حەقیقەتدا لە کار دایە، ویستم بۆ مەعلومات و وئیتیلاعی ئێوەی بەڕێز ئەم ئیزافاتانە روون بکەمەوە، زۆر سوپاس، ئەگەر بەڕێز دکتۆر کەمالیش ئیزافەی هەبێت، نییە، بەڕێز کاك بکر محمد حاجی، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر محمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من بەڕێزان ئەندامەکانی تر وتیان، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك رجب شعبان، فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی جەنابێتە دکەم، چونکە گەلەك تشت بۆمان روونکردەڤە، بەس من دوو سێ نوقتەیەك تێ ناگەم، روون بێت وەکو پێشنیارەك، کە داوا مونەسەقێ لە ئەمەریکی و بەریتانی لە کوردستانێ بێتە کرنێ، نیسبەتا وان پڕۆژا یێت ڤێسن بڕیارا ٩٨٦ گەلەك بڕیارا هاتنە دان، گەلەك تشت هاتنە جێ بەجێ کرن، نەچن کە ئەوی حسەی مە بدەنە وا عەردا بەغدا خراپ ببیتن یان بەسرا، کە جهود بێتە کرن کە ئەڤ تشتە لکوردستانێ بێتە سەرف کرن، پێشنیارا دووێش داوا لێ بکەن کە بەنیسبەت مووچەی فەرمانبەران و خۆراك بەنیسبەت مە، مە هیچ موشکیلەك ئیداری نییە موەزەفێت مە، ژمارە وان، مەحدودە یە دیارە، نە مە بێخن لگەل عێراقێ هەڤە، بەلکو دوو هەیڤێ یان سێ یان چوار هەیڤێ دیکە ئەو فەرمانبەر کە دێ دەوام دەکاتن یان دەوامێ ناکەن نزانم کە عەددێ وان دێ دەوام دکەن چەندە، پێشنیارا سێش، بەلکو هیچ حەزازیەکی چێ نەبیتن، پێشنیار دکەین کە قواتێ ئەمەریکی تەڵەب نەکەن بێنە عێراقێ، هەگەر هیچ چارەسەرێك نەهاتن با نێنە کوردستانێ، بەلکو لە بەغدا و وەسەتێ یان جنوبی عێراقێ بیتن، پێشنیاریش دەکەم بەنیسبەت چارەسەرێك بێتە کرن بۆ ئەنفالا ئەوی هاتنە ئەنفال کرن، چونکە شەش سەد ئەسیرێت کوەیتی شەڤ و رۆژێ لێدەگەرێ، ئەمیش تەڵەب بکەین لەگەل تەحالوڤ کە جهودەکی باش بێتە کرن، کە چارەنڤیسا وان بێنە دیارکرن ئان ئاشکرا کرن، لەگەڵ رێز و سوپاسیا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاك رجب شعبان، بەڕێز کاك تارق جامباز، فەرموو.

**بەڕێز طارق سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە دەمەوێت بۆتانی باس بکەم، یەکەم ئەنفالی ۱۹۹۱ کە کەس باسی نەکردووە، پاش گەڕانەوەی رژێمی سەددام بۆ کوردستان، لە شارەکان سەدان کەسی بردووە تا ئێستا بە داخەوە نەکەس باسیان دەکات و نە ناوەکان بلاّوکراونەتەوە، من هەوڵم دا لە هەولێر لە ۱۹۹۱/۳/۳۱ کەوە تا۱۹۹۱/۱۰/۲٥/۲٤، ئەوانەی کە من کۆمکردۆتەوە ۲۲۲کەسە، هەر لەناو شاری هەولێر لە شوێنەکانی دیکەش هەیە، خوازیارم کەوا داوا بکرێت لە دوو وەزارەتەکەی ماڤ مرۆڤ کە ناوەکان کۆبکرێنەوە بدرێتە دەست ئەوانە و، مەسیریان بزانرێت، کە ئەوانە چییان بەسەر هاتووە، ئەوەیان خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم ئەو کوردانەی تاوانبارن، کە دەڵێین تاوانبارن بەشداریان کردووە لە تاوانی داپلۆسین و تۆقاندن، پێویستە بدرێنە دادگا، سەرەڕای ئەوەی کە درانە دادگا، هەندێکیان حقوقی مەدەنیان نەبێت، حقوقی مەدەنی چییە؟ لە هیچ پلەو پایەیەکی دیارو بەرچاو دانەنرێن، هەروەها لە هەموو جۆرە هەڵبژاردنێك بێ بەش بکرێن، لە هەڵبژاردنەکان بەشداری نەکەن و نەتوانن خۆیان بپاڵێون، چونکە مەترسی وا دەکرێت بە داخێکی زۆرەوە، پاش راپەڕین خەڵکێکی زۆر پلەو پایەیەکی بەرچاوی درایێ و، نقل خدماتی حزبیشی بۆ کرا، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك تارق جامباز، بەڕێز کاك د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم(د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژا ٤/٩رۆژا تەڤاندنا پەیکەرێن دیکتاتۆری و هەرەڤاندنی رژێما فاشی، بەڕاستی رۆژێکی گەش و مێژوویيە لە مێژووا عێراقێ هەمیێ و کورد بەتايبەتی، ڤێرێ رۆژێ هەرەڤاندنا رژێم دەرگایەکی مەزن هاتە ئاڤاکرن بەرامبەرێ گهۆڕینێ هەمەلایەنی رەهانە کو جەزری لەعێراقێ و کوردستانێ، کە لایەنێن ئابووری و رامیاری و کەلتووری هەمی دەگریتن، پێش رۆژا دەست پێکا شەڕا بحەفتەك، هەتا ئەڤ رۆژێ هەر چەندە هەندەك کەناڵێت کو لایەنگریا وان بۆ رژێما مەرکەزیا بە ئاشکرا دیارە، گەلەك پروپاگەندەکی نێگەتیڤانە دژی گەلی کورد هاتە کرنێ، ئەویش لسەر راوروتی، بەلاّم هەگەر بزەڤرینا بەرێ خۆبدەنێ ئەڤ راورووتی کو بەرەنگەکی سیستەمی مونەزەم هاتە کرنێ، تەنها رژێمی بەعسێ بی، رژێما بەغدا دەست پێکری، بیکو ئەڤ کەناڵێتانە وەستێ میدیێ بەحسێ کرنێ، بگەرێنێ (۱۹۷٥) پێش دەست پێکرنا شۆڕشێ جارەکا دی وەرە ساڵا ( ۱۹۸۰) پشتی لەشکرێ عێراقی شیا چەند شارێت ئێرانێ بگریت، بزانی کا چ لڤێرێ، وەرە دەست بابێ ساڵا ۱۹۸۸، لە ئەنفالێدا چ راورووتی وان کری لە کوردستانێ، لەشکرێ وانێ بە عیلم و تەوجوهاتێت وان، لە کوەیتێ پێشی داگیر کرنا کوێتێ ساڵی۱۹۹۰ رژێما مەرکەزی چی کرد؟ پشتی ۱۹۹۱ کو سەرهەڵدانێ مە، ئەم برەڤین جارەکا دی بەرەو چیا چووین، جارەکا دی ئەڤ راورووتی

وان چی کرد؟ یەعنی ئەڤراورووتیەی ئەوان کردیان ئەو دزییەی ئەو نەهیبەی لەلای وان هاتە کرنێ برەنگێکی مونەزەم هاتە کرنێ، ئەڤا وانووکە هەندەك کەنالێ پرۆپاگەندەی دژی گەلی کوردی دکەن، راورووتی نینە ئەبەدەن، هەرچەندە روودانەکەی نەشازە نەگەتیفە، نەشارستانییە، دوور لە کەلتوری مەیە،بەلأم رەد فعلەکە بەرامبەر بە رژێمێك کە چەندەها سالە خەلك لە دلی خۆی شاراوە کریە، رژێما بەعس خەلکا فێر کریە، کە راووروتی بکاتن، رژێمێ بەعسی برەنگێکی مونەزەم راورووتی هاتە کرنێ، نەك گەلی کورد کریە، نەك گەلی عێراقی کریە، ئەڤا وانە رەد فعلەکە بەرامبەر رق وکینی چەندەها سالە، ئەڤرۆ پشتی هاتاندنا رژێما عێراقی، هەرەکرنا رژێمێ عێراقی فاشی نە رژێما عێراقی رژێمەکە فاشی کو فەرزە لەسەر میللەتی عێراقێ هاتە کرنێ، ئەوەلین جارە لە مێژوویێ گەلی کورد هەمیادا ئاخا کوردستانێ هەمی خەلکا وێ لێ بزەڤرێتەڤە، خەلکێ وێ ببتە خودان،تەنها بستەك نەمایە ئەڤرۆ کورد نە زڤریا سەر عەردێ خۆ، کورد نەبیە خودان، هەرچەندە جەنابێتە تەئیکید کرد هیچ مەسیر تەحدید نینە، بەلأم لدەڤنا ئەز دبێژین ئەڤ تەغەیراتێ هاتە کرنێ و ئەڤ کورد کو بزەڤرینێ سەر عەردی خۆ، سەر حال و مالێ خۆ، حەرەکا ژیانێ بەردەوامە، جهێ دلخۆشیە فعلەن دەسکەفتنێکی مێژوویيە، فعلەن وەکو جەنابێتە کەرەم کری ئەبێت خەباتەکا دوورودرێژبکەین، وان تشتا بپارێزین و بهێلین، کو وان خالێتە یەك، پاراستنا مسداقیا خۆ بێلین، کە موسداقیە ئەنجامێت ئیستیقامەکە، ئیستقامەکی سیاسی، مسداقیە مە دگەل خەلکێ بیانێ نەبیتن، ئەبێت تەحالوڤێت هاتیە ڤێرێ، حیمایەتا مەکرین و ئەڤ تەغەیراتانێ کری، ئەبێت مسداقیەتا مە دگەل هەبیت، ئەبێت سوزوپەیمانێ خۆ لەگەل وان، وەختێ دێن کو مە دبینین جهێ بەرپرسیارو جهێ تەکلیفی مەسئولیەتا خۆ بین، ئەگەر نا مومکینە گەلەك تشتەکا لەدەست خۆ دەدەین، دەبێت زۆر ئەم محاوەلە بکەین کو هەتا نووکە تەوەجوهی قیادەی کوردی هەر ئەڤەیە ژ ناسنامە مەیە عیراقین ئەم کوردین بەس عێراقینە، ئەڤە ژی رێگەکا کە دوژمنێ مە ناحەزێ مە دگرێتن، کە محاوەلە دکەن کورد ئینفسالینە، کورد وەحدەی عێراقێ پێچ کەن،وکو ئەم پرۆپاگەندەنە کو تا نووکە دەست پێدکەن، ئەڤە ژی خالەکا هەردەم خیتابێ مەیە تەئکید لسەر دێ خالەکا بکەین، کە ئەم عیراقینە ئەم ژی خەلکەکێ پتر یەکێتیا عێراقێ دپارێزین و مەگەر ڤەکرین مومارەسە عەمەلیش، ئەم محاوەلە دکەین کە هێزا تەحالوڤێ بمێنن لەم قوناغەدا، چونکە ئەم خەلکی نووکە دبێژن، ئەوی کو دبێژن هێزێ تەحالوف دەرکەن، جیهاتێت مەشبوهن،چونکە هەگەر ڤێ مەرحەلێدا قوەتا تەحالوڤێ وەکی بێژنیە کەرەم کرد دەرکەوڤن، حالێ مە وەکی سومالێ لێدێت، چونکە هەگەر ڤێ مەحەلێدا قواتێ تەحالوف بێژینە کەرەم کە دەرکەڤە سبەی بریاردان دەرکرد حالێ مە وەکو عێراق دێ چ باشتر بێت وەکو سومالێ؟ حکومەتێت گەرەکی، حکومەتی شارێ دێ دروست کەی، یەعنی مانێ قواتێت تەحالوڤێ ڤێ مەرحەلێیە ڤێ ڤۆناغەدا تشتەکی زۆر گرنگ و حەیەوییە بۆ عێراقێ و، بۆ گەلی کورد، هەمیا دپارێزن کو بشێن حکومەتا دیموکراتی پەرلەمانی فیدرالی ئیتلاڤ داوا بکەین گەلی عێراق و ماڤێ مرۆڤێ بێتە پاراستنا،ماڤی دەربرینی گەلێ عێراقێ هەمی بێنە پاراستنێ و وەکو نووکە دەبیتن بۆ ئەڤە ٣٥سالە ئەڤمەسیرەی برۆڤەچووتە کەربەلای خەلك دەچێ کو مەسیرێت ئاینیە هەرچەندە موخالەفە بەکاری سیاسی بەس جەوهەری وی ناڤەرۆکا کاری مەسلێت ئاینیە، بەرێ خۆ بدێ

ئەڤە ٣٥ ساڵە قەدەغەکری،ئەڤرۆکە مەسیرە دچن بەرەو کەربەلا جهێت موقەدەسا کرا ئان ئەوە دەربڕینی تێنە کرنێ، ئەڤە موزاهەرە تێنە کرنێ ئەڤە ٣٥ساڵە قەدەغەیە ڤێرێ، ساڵە ٧٩ بیرێ مەیە وەختێ موزاهەرا نەجەف وەختێ خەڵکێ نەجەف، موزاهەرە کری دژی حکومەتێ کو ئەڤ دیکتاتۆریە مەدیت تەیارەی هەلکۆپتەر چوونە قەسف کرنی خەڵك، خەلك کوشت و خەلك سەربڕ کردو خەلك بەرزا کر، ئەم زۆر محاوەلە دکەین‌یەعنی ئەوەی بێژت دەبێت هێزا تەحالوف لەعێراقێ دەربکەت، ئەو دڤێت عێراقێ بزەڤرێنی وەکو سومالێ لێ بێتن، بەرەلای و فەوزا بێت، نەهێلێت حکومەتێکی پەرلەمانی و دیموکراتی و ئیئتلافی بێتە ئاڤا کرنێ، وەکو دیارە زۆر زەروورییەڤێرێ مەرحەلە کو مەرحەلەی داهاتوو ئەم بێن خیتابا سیاسی بەلکو ئیدارەی هەمی ژی ببتە یەك،ژبەر هەندێ دبێژم یەکگرتنا ئیدارە ڤێ رەنگەکی صعوبەتا زەحمەت بیت بەس رێکا دی بقەناعەتا من ئەم بەرەو هەلبژاردنا بچین و بەرەو صندوقی رەئیا بچین، گشت نووکە خۆ ئامادە بکەین بۆ سندوقی رەئی،چونکە تەنها سندوقی رەئیا جێت و هەمی کوردستان جارەکا دی بێتە یەك قیادەی سیاسی و دبێتە یەك خیتابی سیاسی بێت،ئینتیخابا سیاسی بێت ئینتیخابا بێتە کرنێ هەلبژاردنا بێتە کرنێ، زۆر گرنگ دزانم چ ئەڤرۆکە بڕیارەکا بدەین بۆ سندوقی رەئی بچین،چونکە تشتەکی گرنگە کاو دانی تازە دێتە گهۆڕینێ ئەڤ کاودانێ ژێ هاریکاری بێت بۆ مە، جارەکا دی زۆر سوپاس جەنابت دکەم،کە ئەڤ جەلسانە تەخسیس کر بۆ بابەتی گرنگ و، سەرکەفتی بن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك د. رزگار، بەڕێز نهلە خان، فەرموو.

**بەڕێز نهلە محمد سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خالانەی کە من دەمویست باسیان بکەم، برادەران بە تێرو تەسەلی باسیان کرد، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، نهلە خان، بەڕێز شێخ لەتیف عبدالقادر، فەرموو.

**بەڕێز لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

کورد گۆتەنی بە گوڵێك بەهار نایەت،ئیدارە کردنی عێراق و کوردستان دەبێت زۆر بە شێوەیەکی حەکیمانە بێت لە داهاتوودا، قیادەی کورد دەبێت زۆر وشیارو وریا بێت، چونکە ئەو وڵاتەی ئێمە عێراق و کوردستانیش نموونەی زۆرینەی ئاین و مەزهەب و تەریقەت و نەتەوەو رەگەزو لەهجەو حزب و حزبی زۆر و خەلفیەی زۆر لە ئیجتیهادات و بۆچوونی جیاجیای تێدا هەیە، ئەڵێی کوردستان و عێراق نموونەیەکی هەموو جیهانە، بۆیە ئیدارەکردنی زۆر شتێکی گرانە لە داهاتوودا بۆ قیادەی کورد، بەرژەوەندی نەتەوەی کوردیش هەمووی، ئێستا لە ئەستۆی ئەو دوو حزبە سەرەکییەدایە کە یەکێتی و پارتییە، با کەرکووك بکەن بە نموونە، کە پێشتر هەندێك

دەیان وت دڵی کوردستان هەندێکیش دەیان وت قودسی کوردستانە، ئێستا با بیکەن بە رەمزی یەکگرتنەوەی کوردستان، گوڵی کوردستان، هەرچەند کەرکووك لە مێژوودا فکرەو بۆچوونەکانی نەتەوایەتی حزبە رزگاریەکانی کوردستان لە کەرکووکەوە سەرهەڵدابێت، نەشیدی ئەی رەقیب کە دڵدار کۆیی لە کەرکووکەوە دایناوە، پێشەکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووکەوە دروست بوون، کەرکووك دڵی کوردستانە یان قودسی کوردستانە، ژیانی کوردستانە، کورد ئەڵێ کاسەی پر ئاشتی ماڵە،با ببێت بە نموونەیەك بۆ یەکگرتنەوەی کورد و ببێت بە رەسیدێکیش بۆ گەلی کوردی وڵاتەکانی دیکەشمان لە داهاتوودا، بۆیە ئیدارەکەمان ئەو دوو ئیدارە لە کەرکووکەوە یەك بگرنەوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز شێخ یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی قسەی باش زۆر کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شێخ یەحیا، کەسی تر هەیە بیەوێ ناوی بکوژێنینەوە، بەڕێز کاك د. ئیدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە زۆربەی خاڵەکان ئەوەی دەمویست بیڵێم باسی لێوە کرا، بەتایبەتی جەنابتان کە زۆر شتتان روون کردەوە، کۆبوونەوەکانی لەندەن و سەلاحەدین سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێنا، پێش رزگار کردنی عێراق، لەبەر ئەوەی سەرکردەکانی کورد بەڕاستی دەورێکی زۆر ئیجابی و یەکگرتوویان هەبوو، پاش رزگار کردنی عێراق ئێمە ئەم دەورە دەبینین، وەکو پێویست نەماوە، لەو یەکگرتنە، هیواداریین لە جاران باشتر ئومێدی هەموو لایەك بێتن، بۆ ئەوەی هەموو ئامانجەکانمان بەدی بێنین لەو ناوچە رزگار کراوانەی تری کوردستان، ئەوەش هەموو برادەران تەرحیان کردووە، دیارە بۆچوونی هەموو لایەك بوو، کە ئێستا لەو وەزعە ناسکەدا پێویستیمان بە یەکگرتوویی زیاترە، ئێمە دەبینین لەو بارودۆخەدا شتی باش دەکرێت، بۆ نموونە وەزارەتی تەندروستی لە سلێمانی دەچێ کۆمەکی نەخۆشخانەکان یان نەخۆشخانەکانی بەغدا دەکات، هەروەها هەولێر، باشە بۆ بە یەکگرتوویی نایکەن، وەفدێکی هاوبەش هەبێتن، ئەو کۆمەکە بکاتن بچێتە ئەوێ، یاخود بۆ کەرکووك مەسەلەی پەروەردە، دەبینی هەرکەس لایەنێکی گرتووە، ئایا ئیدارەی سلێمانیە؟ یان ئیدارەی کەرکووکە، مەفروزە لیژنەیەکی هاوبەش هەبێت بە یەکگرتوویی ئیشوکارەکان بکەن، وەکو هەرێمی کوردستان باشترین دەنگ دەداتەوە، ئەو یارمەتیانەی کە دەگاتە ئەوێ، بۆ نموونە کوێت یارمەتییەك دەنێرێت، دەڵێت بەناوی دەوڵەتی کوێت ناردوومە، با ئێمەش شتێکی وا بکەین بۆ شارەکانی خۆمان، بەلای کەمەوە ئەو هەنگاوانەی کە دەینێین، جگە لەو ئیشە

گرنگانەی کە پێویستە لەسەر خۆمان بیکەین، باسی زۆری ئەوە دەکرێت، کە ئەمریکا بۆ نموونە عەقدێکی داوەتە کۆمپانیایێك بۆ مەناهیج، بۆ نموونە دەبینین پەنجا ملیۆنی تەخسیس کردووە، بۆ مەناهیجی عێراق، ئایا ئێمە دەورمان چیە؟ چۆن بەشداری لەو شتانە دەکەین؟ ئایا ئەمە راستە؟ راست نییە، یاخود بۆ تەدریبی پۆلیس و پێکهێنانی سوپایەکی سەربەخۆ لە عێراقدا، یەعنی ئەو مەسەلانە هەمووی غامیزە بەنیسبەتی ئێمە، هیچ شەفافیەتی تێدا نییە، هیچ شتێکی لێ نازانین بەڕاستی، چونکە ئێمە وەکو نیزامی فیدرالی بەشێکین لە عێراق، دەبێت دەوریشمان هەبێت، یاخود پارە تەبع دەکرێت، ئەو پارەیە چی لەسەر دروست کراوە؟ چۆنە و چۆن نییە؟ رەئی ئێمەی تێدایە، یان تێدا نییە، یەعنی دەبێت ئەو مەسائیلانە گرنگ بێت، بۆ داهاتوو کە ئێمە بەشێکین و، ئەو شتانە بەکار دەهێنین، دەبێت دەورێکمان تێدا هەبێتن، جا ئەو مەسائیلانە گرنگە، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە بەرنامەیەکمان هەبێتن، تا ئێستا نازانم وەکو قیادەی سیاسی، یان وەکو حکومەت، یان وەکو پەرلەمان، ئایا چ بەرنامەیەك هەیە؟ تێبیگەین کە بۆ داهاتوو و ئایندەی عێراق، کە ئێمە دەورمان چۆن دەبێت؟ و چۆن بۆی دەچین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك د. ئیدریس هادی، بەڕێز کاك رەئوف فەرەج فەرموو.

**بەڕێز رؤوف فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو خاڵەی کە دەمویست باسی بکەم، برایان و خوشکان باسیان کرد، زۆر سوپاس، بەڵام من تەنها یەك خاڵ ماوە، لەوانەیە هەر پشتگیریی بێت بۆ خاڵەکانی دیکە، ئەویش پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، دیارە هەردوو ئیدارەکە بەپێی توانا هاوکاریان کردووەو تەبا بوون لە پێشخستنی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستی، لەگەڵ رۆشنبیریدا، وا ئازادی بە تەواوی ئینشائەڵڵا رووی کردە کوردستان، رۆژ بە رۆژ بەرەو چەسپاندن دەڕوات، زۆر لە وەزارەتەکان لە رۆژە رەشەکان خوا بیباتەوە، نەیهێنێتەوە ئینشائەڵڵا لە زۆر کارەکاندا هاوبەش بوون، بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی رۆشنبیری، وەزارەتی مرۆڤایەتی، ئەوانە زۆر هاوبەش بوون، ئیتر لەمەودوا زیاتر ئازادیەکەمان دەبێت، باشترین رێگە ئەوەیە، بایەخ بدەین بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، ئەو وڵاتانەی کە هەموومان دەیزانین، کە پێشکەوتوون تەنها خوێندەوارییەکەیە پێشی خستوون، با ئێمەش وا بکەین نەوەکانی دوا رۆژمان بە خوێندەواری فێر بن، ئەو کەسەی کە فێری خوێندەواری دەبێت، سبەینێ کرێکار بێت، یان جووتیار بێت، بە خوێندەواری کارەکەی جێ بەجێ دەکات، ئەو رێیەی کە هەیە لەناو جووتیارەکاندا، یان لە ناو کرێکارەکاندا، کە ئێستاش هەر ماوە، دەڵێ مامۆستا بۆ کوڕەکەم بخەمە بەر خوێندن، چونکە نابێت بە هیچ، ئەمە تا ئێستا زۆر بەر بڵاوە، ئێمە کارێك بکەین لەمەودوا چەسپاندنی خوێندن لەناو کرێکارەکان و لەناو جووتیارەکاندا بچەسپێت، بۆ ئەوەی بتوانێت نەوەکانیش لەبەر خوێندن دەرنەهێنێت، داوا لە بەڕێزتان دەکەین و، پێشنیار دەکەین کە هەموو برایان ئەو پێشنیارەیان کرد، با هەردوو ئیدارەکە یەك بگرێت، لە پەروەردەوە دەست پێ بکات، لە وەزارەتی پەروەردەوە دەست پێ بکات،

چونکە گەورەترین سلکە لەناو کوردستاندا لە هەرێمەکەماندا، کە لەوەوە دەستی پێ کرد، خەڵك گەش بین دەبێت لەو یەك بوونە.
بەڕێزینە، مێژوو شەرمی لە کەس نییە، لە ساڵی ١٩٩١ەوە ئێمە رزگارمان بووە، کاتی خۆی لەوانەیە ئێمە خۆمان رەخنەمان گرتووە، کاتێك کە لە قوتابخانە پێگەیشتووین، هەر کاتێك کە لە قوتابخانەدا بووین، خۆزگەمان دەخواست دەمانگوت خۆزگە هەموو ئیمارەتەکان یەك بوونایە، ئێستا بڵێین چی، جیلەکانی تر دەڵێن چی، پاش دە ساڵ و پانزە ساڵی تر جیلەکانی تر لەسەرمان چ دەنووسن، لەسەر قیادەکانمان چ دەنووسن، پێمان دەڵێن دوانزە ساڵی تەواو دوژمنە سەرەکیەکەیان هەردوو دەستی بەسترا بوو نەیدەتوانی بێتە کوردستانەوە، بەڵام بەداخەوە یەك نەبوو، یەك ریز نەبوو، ئومێدمان ئەوەیە خوای گەورە هاوکاری هەموو لایەکمان بکات، ئاشتی و تەبایی بخاتە ناو دڵ و دەروونی قیادەکانمانەوە، بۆ ئەوەی دەست لەناو دەست بێت، بەتایبەتی ئەوە ئازادی رووی کردە ئەو شوێنانەی کە چەندەها ساڵە نەوەکانیان، با بڵێین نەوەکانی هەمووومان بێ بەش بوون لە فێر بوونی زمانی دایك، با لە ساڵی داهاتووی خوێندندا، کە دەکاتە ساڵی ٢٠٠٣ و٢٠٠٤ بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن، بۆ ئەوەی بزانن زمانەکەیان چیە؟ لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك رەئوف فەرەج، بەڕێز کاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دامەزرێنەری یەکگرتوویی ئەمریکا، سەرۆك جۆرج واشنتۆن فەرموویەتی
"گەورەترین هێڤی و ئومێدا من ئەوەیە وەختی ئەڤ میللەتە ستەمکاری بینیم لە ژێر زوڵمێ دەرکەڤێتن" سوپاسیەکی تایبەت ئاراستەی سەرۆکی ئەمریکا دەکەین و، سەرۆکی وەزیری بەریتانیا دەکەین، چونکە ئەگەر ئیرادەی سەرۆکی ئەمریکا نەبووایە و، هەروەها ئیرادەی حکومەتی ئەمریکا نەبووایە، نیهایەتی خوێن مژی عێراق نەدەهاتە دی و، بەخێری هێزەکانی حولفاوە (ئت ئۆپەرێیشن ئیراکی فریدەم)، ئەمڕۆ کە دەبینین هەرسێ دراوسێمان نەیانتوانی کۆبوونەوەیەك گرێ بدەن دژ بە ئێمە و، بە حەقیقەت وەزعیان بەشێوەیەکە، کە کەس حەسوودیان پێ ناباتن، هەر لە شەڕی چاڵدیران تاکو چەند ساڵێك پێشی ئێستا زۆربەی ئەو شەڕانەی لە مەنتیقەی چێ بووینە زەرەرمەند هەر کورد بووینە، یان لە کوردستانێ روویدانە، تەنها و تەنها ئەم شەڕە نەبێت، کە بەڕاستی کورد لەم شەڕە دەرچوو بە موستەفیدی رەقم یەك و، مەوزووعەکی هەر کەسەك شتێکی پڕ بەها بکەڤتە دەستی واجیبە وی پاراستنی بکات و، موحافەزەی بکات، ئەگەر نەکەین دژە ئەو مەسەلەکا سەرامە دبێتن، من دەمەوێ کەمێك تەرکیز لەسەر مەوزووعی ئەمریکا بکەم بەڕاستی، ئەمریکا کە هاتە مەنتیقە بینیمان وەسائیلی ئیعلامی عەرەبی مەسئوولینی عەرەبی، تەیاراتی ئیسلامی سیاسی هەموویان داوا لە ئێمە دەکەن، لە عێراقیەکان دەکەن کە جیهاد دژیان بکەین و، دەریان بکەین لە عێراق، هێشتا ئەمریکا ئیعلانی

نیهایەتی شەڕی سەرکەوتنی خۆی نەکردووە، مەتەلەکی کوردی هەیە دەڵێن (خۆ نەهاتینە ئاگری)، پێشتر ژنان دەچوون کە ئاگریان دەکردەوە، پەلی ئاگری مالاش دیتینە، جا معلوم دکات، کە زۆر قسە دەکەن، ئەوسا دەچوو زوو بەزوو ئاگر دەهینا، نە بۆ ئاگر هاتیە ئەمریکا، ئەمریکا نە بە ئێمە هاتیتە ئێرە، نە بە ئێمە دەردەچیتین، بە هەزاران خەڵك موزاهەرە دژی ئەمریکایان کرد، کە نێینە مەنتیقە، رەنگە (١٢٠) دەوڵەت دژی ئەمریکا بوون کە نەهێتە مەنتیقە، بەس ئەمریکا هات شەڕێکی ئەخلاقی کرد و، ئەمریکا بە قسەی ئەم و ئەو دەرناچێت لە عێراق، سعوودیە قەواعیدی ئەمریکی هەیە، ئەمە دەیان ساڵە قەواعیدی ئەمریکی تێدایە، قەتەڕ دەیان ساڵە قەواعیدی ئەمریکی هەیە، ئوردن دەیان ساڵە ئەمریکی تێدا هەیە، باسی کوێت ناکەین، چونکە حەلیفە، ئیمارات دەیان ساڵە، میسر موناوەراتیان لەگەڵ دەکاتن، کەچی بە ئێمە دەڵێن دەبێت دەریان بکەین، دەبێت نەهێڵین لێرە بن، راستە ئەوە پەنجاو هەشت ساڵە لە ئەڵمانیا قوواتی ئەمریکی مەوجوودە، ئەوە پەنجاوهەشت ساڵە لە یابان قوواتی ئەمریکی مەوجوودە، بە ئێمە دەڵێن بە دە رۆژ قوواتی ئەمریکی دەربکەن، جیهاد دژیان بکەن، حەقە بە قسەیان بکەین، نەخێر ناچن، ئینجا لەسەر ئێمە رەنگە ئەوان بڵێن ئێمە مەواسیقمان هەیە لەگەڵ وجوودیان، ئەمە موحتەلە، ئێمەش سبەینێ حکومەتێك دروست دەکەین و، میساق و موعاهەدە دەکەین، کە بمینێت، زۆر باشە بۆ ئێمە کە تەعامول لەگەڵ ئەمریکییەکان بکەین، ئیستیفادەی ئێمە، زەمانی ئێمە ئەمریکینە، بۆچی ئەمریکییەکان لێرە دەربکەین؟ ئەمریکا چ شتێکی خراپی بەرامبەر بە ئێمە کردووە؟ لە باشی زیاتر نەبێتن، ئەمریکا کەی ویستی بڕواتن، ئەوسا خۆی دەڕواتن، نازانم من ئەمە چەند رۆژێکە لە خەیاڵمە، حەز دەکەم پێشنیارێك تەقدیم بکەم، مەوزووعێکە، یەعنی هەستی دەربڕینی دەوڵەتێکی گەورەیە، زۆر دەوڵەمەندە، هیچمان پێ ناکرێتن رەدی ئەم عیرفانە جوانەی بۆ بکەین، جگە بە تەسەوری من، تەبعەن ئێمە مواساتی خۆمان پێشکەش بە خێزانی ئەو سەربازە حولەفائانە دەکەین، کە خوێنی خۆیان لە پێناوی رزگار بوونی عێراقیان رێشت، ئەو (١٥٠) کەسە تا ئێستا لە زەحایەی حولەفایەکان، پێم باشە ئەگەر کورد وەزعی ئابووریيان باش بوو، لەم پەرلەمانە، لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك دەربکات، با تەقاعودی ئەو (١٥٠) کەسە لەسەر میزانیەی هەرێمی کوردستان بێت، بە پارەیەك بێت، کە پارەی ئەوان بێت، ئەمە بەڕاستی حەزم کرد لەسەر ئەمریکا قسە بکەم، ئەوی تر مەوزووعی حزبەکانی خۆمانە، یەعنی ئێمەی کورد ئێستا لە کوردستان چەند حزبمان هەیە، ئیمانمان بە تەعەددیەتە، راستە، بەس تەعددیەت لە ئەمریکا دوو حزبە، یان سێ حزبە، زۆربەی ئەو حزبانە بۆ ئەشخاس تەشکیل کراون، با ئەوانەش هەر مەجمووعەیەك خۆیان بدەنە پاڵ یەکێك با حزبێك دروست بکەن، ئەگەر ئێمە لە (٢٠٪) بین (٤٠) حزبمان هەیە لە نفوسی عێراق، لە عێراقی عەرەب چەند حزب لەوێ دروست دەبێت، بە نیسبەی لە (٨٠٪)یەکە، یەعنی لە (٢٠٪)کە ئێمەینە و، لە (٨٠٪)یەکە ئەوانن، دەبێتە (١٦٠) حزب، رەنگە ئەوە بوون بە (٢٠٠) حزب، ئەگەر هەر یەکەی چوار مونەزەمەی حزبی هەبێتن، ئەوە (٨٠٠) مەقەڕ، یەعنی دەبێتە نێوان هەر مەقەڕ و مەقەڕ، مەقەڕێك دروست دەبێت و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك ئیبراهیم سەعید، بەڕێز كاك سەفین فەرمووو.

**بەڕێز مناف نادر قادر (سفین):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پەرلەمانتارە بەڕێزەكان.**

من تەئكید لەسەر قسەی ئەو برادەرانە دەكەمەوە كە قسەیان كردووە، بەلاَم سەرنجیان بۆ یەك شت رادەكێشم، كە ئەوانیش هەندێكیان باس كردووە، ئەو مەرحەلەیەی پاش رووخانی رژێمی بەعسی سەددام و، هاتنی ئەمریكا، مەرحەلەیەكە لە (١٠٠٪) فەرقی هەیە لەگەڵ مەرحەلەكانی پێشوو، یەعنی مەبەستم تەبیعەتی ئیش كردن و، تەبیعەتی خەبات لە مەرحەلەی ئێستا و، بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی كوردستان دەبێت زۆر باش لەو مەرحەلەیە بگەین، كە زۆر شت پێشتر ئەهمیەتی هەبوو پێش ئەو عەهدە، لە عەهدی رابردوو ئەهمیەتی هەبوو، ئێستا ئەو ئەهمیەتەی نەماوە، زۆر شتیش ئەو دەمە مومكینە بێ ئەهمیەت بوو، مومكینە ئێستا ئەهمیەتی زیاد بكات، ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە، كە ئێمە لەو پەرلەمانە دانیشتووین و قسە دەكەین، ئێستا لەسەرانسەری عێراق، نەك بەس لە كوردستان شەرعیترین دەزگا هەیە، ئەوە لەلای ئەوروپییەكان و لەلای خۆشمان شەرعیترین دەزگا، ئەم پەرلەمانەیە كە بە هەڵبژاردنی ئازاد هەڵبژێردراوە و، دەتوانین بەناوی كورد ئێستا داواكاری بكەین، هیچ لە حزبەكان، مومكینە ئەو شەرعیەتەیان نەبێت و، نەتوانن بەو شەرعیەتە قسە بكەن، یان هەتا ئەوەی كە ئێستا لە عێراقیش دێننە كایەوە هەر تەعین دەكرێن، هیچیان بە هەڵبژاردنی ئازاد نەهاتوون، بۆیە ئەم پەرلەمانە دەتوانێت زۆر شت بكاتن، بەتایبەتی ئەوەی لە مەرحەلەی ئێستاكە، ئەویش دیارە من لەگەڵ هەموو قسەی ئەو برادەرانەم، كە قسەیان كرد، بەلاَم ئەوەی من داوا دەكەم ئەوەیە، كە لە پەرلەمانی ئێمە قسە دەكەین، بۆ نموونە لەسەر مەوزووعێك بڕیار دەدەین هەموومان لەسەری رازی دەبین و رەزامەند دەبین و، داوا لە ئەمریكیەكان دەكەین، بۆ نموونە تەعریب نەمێنێت، یان كوردە ئاوارەكان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، دوایێ ئێمە موتابەعەی ناكەین، بەیانێك دەربكەین، داواكاریەكەی من ئەوەیە، كە لیژنەی موتابەعەمان هەیە، یان لیژنەی پەیوەندییەكانی دەرەوەمان هەیە، چیمان هەیە لەسەر ئەو بڕیارانەی كە لێرە ئیتیفاقی لەسەر دەكەین، بەدوا داچوونی لەسەر بكرێت، موتابەعە بكرێت، بچن لەگەڵ ئەمریكیەكان، لەگەڵ ئەو نوێنەرانەی عێراق دروست بووە، یان دروست دەبن لە داهاتووی ئاییندەدا، شتەكان شەرعین و، ئێمە نوێنەری شەرعی ئەم خەڵكەین، ئەو داواكاریانە پێشكەش دەكەین و موناقەشەیان لەسەردا دەكەین و، نەتیجەكەش بێنینەوە پێش پەرلەمان و باس بكرێ، ئەوجا پێشنیارەكانی خۆم ئەوەیە، كە بەڕاستی لەو مەرحەلەیە بە یاساوە بە شتی قانونی و، بە شتی شەرعی ئێمە دەتوانین ئەوەیان لەگەڵدا بكەین، دیارە بە یەكگرتوویی پەرلەمانی كوردستان كە تەمسیلی هەموو كوردستان دەكات، من پێم باشە بۆ ئەو پێشنیارانە لیژنەیەك هەڵبستێت لەسەر قسەی هەموو برادەران موتابەعەی بكات و، یەكیان ئەوەیە، بەڕاستی من تەئیدی قسەی ئەو برادەرانە دەكەم، كە پەرلەمانی ئێمە بەناوی خەڵكی كوردستانەوە سوپاسی ئەمریكا و بەریتانیا و هاوپەیمانەكان

بكات، لەگەڵ دەوڵەتی کوێتیش سوپاسیان بکات و بە ئاشکرا رایانبگەیەنێتن، مومکینە ئەوە لێرە زۆر گرنگ نەبێتن، بەلاّم بۆ مەوقیفی خۆیان ئەو مەسەلەیە گرنگە، کە پەرلەمانی شەرعی سوپاسیان دەکاتن.

دووەمیان: پەرلەمان داوا بکات، ئەو ئاوارانەی کەرکووك چارەسەر بکرێن، بۆ نموونە ئەو قسانەی لەگەڵ جەنابتان باسیان کردووە، مومکینە هەر ئەوە نەبێت لیژنەی پەرلەمان بچێت موتابەعەیان بکات،بزانێ چیان کردووە؟ بۆ نموونە ئەو ئاوارانە ئێستا بێ سەرو شوێنن، چەند لە مێژە بەهۆی نیزامێکی رەگەز پەرست و عونسرییەوە بووە، ئێستا کە ئەو نیزامانە نەماوە، ئەو مافەی تا ئێستا زەوت کراوە، پێویستە بگەڕێندرێتەوە بۆ عێراقییەکان و، بۆ خۆمان، بچێت بۆ نموونە داوا بکات چ عیلاجێکیان کردووە، بۆ ئەو ئاوارانە، ئەو ئاوارانە چۆن بگەڕێنەوە؟ ئەگەر بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە، باشە بگەڕێنەوە بۆ کوێ؟ خانووبەریان هەموو موسادەرە کراوە، ئێستا فرۆشراوە بە عەرەبەکان، یان حکومەت فرۆشتییەتی، ئەوە چ بکات و، چ نەکات، مەبەستم ئەوەیە موتابەعە بکرێت، هی دووەمیان ئەو بڕیارانەی کە ئێستاش (ساری المفعول)ن، لە کەرکووك بۆ نموونە کۆمەڵێك بڕیار دراوە، کە کورد نەتوانێت خانوو بکرێت و، نەتوانێت بفرۆشێت، ئەو بڕیارانەو کۆمەڵێك بڕیاری ترە، دیارە یاسازانەکان باشتر دەزانن، ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێندرێنەوە، یەعنی ئەو لیژنەی پەرلەمانە بچێت موتابەعەی بکات، راستە برادەران قسەیان کرد، بەلاّم بچێت موتابەعەی بکاتن، بزانێ چیان کرد، لەگەڵ ئەوانەی کەرکووك چیان کرد؟ بەناوی پەرلەمانەوە بچێت، ئەو قسانە بکات، پاشان ئەو تەعدیلاتە ئیدارییانە هەموو برادەران باسیان کرد،بۆ ئەوەی گۆڕان بەسەر نیسبەتی کورد لە پارێزگای کەرکووك دابێنن، ئەو لیژنە پەرلەمانیە بچێت داوا بکاتن و، بۆ ئەو تەعدیلاتانە موبەریرات چی بکاتن، کە کاتی خۆی کرا، بۆچی کرا؟ ئێستاکە یەعنی ئەوانە هەڵبژێردرێنەوە، یەك پێشنیاری ترم هەیە، هەم پەرلەمان داوا بکات پرۆژەی خۆمان تەقدیم بکەین، بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنانە، کە تا ئێستا تەعریب کراون، یان چۆڵ کرا بوون و، گەڕانەوەی ئەو خەڵکانە بۆ ئەو شوێنانە، دیارە ئەوە شتێکی شەرعییە و کەس ناتوانێت ئینکاری بکات و، ئەوەی کە برادەران باسیان کرد، دەربارەی ئەو خائینانە،یان ئەوانەی کە تا ئێستا لەگەڵ رژێمی بەعس دابوون و کاریان کردووەو، دەستیان هەبووە لە داپلۆسینی میللەتی خۆمان و، من پێم وایە دەبێت داوا بکەین، کە دادگایەك هەبێت، ئەو دادگاییانە بکات و، بڕیاری لەسەر بدات، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سەفین، بەڕێز کاك حمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەڕێزان زۆربەیان لەسەر بابەتەکان قسەیان کرد و، زۆر جێگای خۆشحاڵی بوو، هەندێکی زۆر زۆر باش بوون، بەس ئەوەی لای من گرنگە کە بیڵێم بەڕاستی ئێمە دەبێت ئەوە بزانین، یەعنی ئەوە لەبەر چاوی خۆمان دابنێین، کە ئەم بارودۆخەی ئێستا هاتۆتە پێشەوە، ئەو بارودۆخە نییە، کە چەند ساڵێك لەوەو پێش کورد هەیبووە، ئەمە شتێکی تازەیە فەرقی زۆرە،

هەتا لەگەڵ ئەو بارودۆخە نزیکانەی راپەڕین و شاخ و پێشتریش کە لە زەمانی حوکمڕانەکانی عێراق بوو بۆمان، ئێستا بارودۆخێکی تازەیە، سیاسەتێکی تازەیە، بەڕاستی دەبێت لەگەڵ ئەو سیاسەتە زۆر بە نەرمی و بەشێوەیەکی وا بڕۆین، کە بتوانین لەگەڵیدا بگونجێین و، هەدەفی ئێمەش کە فیدراڵییە،بتوانین لەو حکومەتە تازەیەی کە دێتە کایەوە بچەسپێنین، من پێم باشە شتێکی تر ئیزافە بکەم، کە بەڕاستی وەکو برادەرانیش ئیشارەیان بۆ کرد، تاکە دەزگایەك ئەمڕۆ لە چوارچێوەی سنووری عێراقدا کە شەرعییەتی هەبێت، ئێستا تەنها ئەم پەرلەمانەی ئێمەیە، بەڕاستی بۆ ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستانی پێشتریش ئەو کۆبوونەوانەمان کرد بوایە و، دەوریشمان هەبوایە لەو گۆڕانکاریانە، بەتایبەتی لیژنەکانی هەمیشەیی پەرلەمان، حەق وابوو دەوری خۆیان ببینن و، ئێستاش نەچووە، داوا لە سەرکردایەتی پەرلەمان دەکەم، کە ئیشوکار بۆ لیژنەکان دیاری بکات، بۆ ئەو شوێنانەی ئازاد بوون و، ئەو شوێنانەی تر وەکو برادەرێك باسی کرد، ئەو کەلوپەلانەی کە دەبردرێن بۆ کەرکووك، یان بۆ بەغدا، یان بۆ موسڵ، یان بۆ هەر شارێك، یان بۆ هەر شوێنێك، پێویستە ئەو لیژنانە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەکە بکرێت باشترە، دەبێت ببێتە یەك دەنگ و، یەك سەرچاوەو، هەروەها من داوا دەکەم لە کۆنگرەی بەغدا، کە لە داهاتوو دەکرێت، بەڕاستی هەر چەندە ئەو بەڕێزانەی کە لەوێ بەشداری دەکەن، تەعبیر لە هەموو ماڧ گەلەکەمان دەکەن،بەڵام ئەگەر بکرابوایە وەفدێکی پەرلەمانی کوردستانی بەشدار بوایە و داکۆکی لە پرۆژەی ئەو دەستوورەی خۆی بکردابوایە، کە فیدراڵیە، شتێکی زۆر باش بوو و، هەروەها ئەوەی کە لەسەر مەسەلەی تەعریب و راگواستنە، چەند بە هێمنانە و لەسەرخۆ و رێکوپێك بکرێت، رەنگە ئێمە زیاتر قازانجی لێ بکەین و، هەوڵیش بدەین کە خەڵك هەتا ئەگەر بە زۆریش بێت بگەڕێنینەوە سەر جێگا و شوێنی خۆی، بۆ ئەوەی ئێمەش لەوێ مەرکەزیەت و وەزعی خۆمان لەو شوێنانەدا هەبێت، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك حمە عەلی تۆفیق، بەڕێزان زیاتر لە (٣٦) ئەندامی بەڕێز تێبینیەکانی خۆیان خستەڕوو سوپاسی هەموویان دەکەین، سوپاسی ئەو بەڕێزانەش دەکەین، کە قسەیان نەکرد، ناوی خۆیان نووسی و قسەشیان نەکرد و، لەبەر ئەوەی بەڕێز کاك یۆنادم لە دانیشتنی بەیانی ئامادە نەبوو، ناوی نەنووسرا بوو، ئێستا دەیەوێت چەند تێبینیەك بخاتە روو بابفەرموویت.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی ئێمەش پیرۆزبایی لە گشت خەڵکی عێراق دەکەین، بەتایبەتیش ناڵێم، چونکە هەموو خەڵکی عێراق خۆشحاڵە،هەموو خەڵکی عێراق لە دەست ئەو تاوانبارانە نەجاتیان بوو، جگە لەو تاوانبارانەی کە سەر بە رژێم بوون، دەمەوێ هەندێك خاڵ تەوزیح بکەم لێرە، یەکیان ئیعتیراڧ موعارەزە لە گشت ئەو کۆبوونەوانەدا، بەم وەزعەی حاڵی خۆمان، کە ئەمە تەعامولی لەگەڵ دەکرێت بە وەزعی قائیم، هەر چۆن ئێمە ماوین، ئەو ئیدارەتە، ئەو پەرلەمانە، ئیعتیرافێکی وازیحە بە گشت بڕیارەکانی کۆبوونەوەکان، ئێمە ئەگەر ئیدارە تەوحید بکەین، دەمێنێتەوە سەر

ئەو شوێنانەی، کە هاتنەوە سەر هەرێم، یان دێنە سەر هەرێم، کە ئێستا باسی کرد بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەوانەیە مەحمییەی ئەمریکی بن، بەڵام مەحمییەی ئەمریکیش بن، ئەو خەڵکانی کەرکووك بۆ نموونە کورد بێت، یان تورکمان بێت، یان ئاشوور و کلدان بێت، ئەمانە حەق و حقووقیان هەیە، وەکو تەعلیمی بێت، یان سیاسی بێت، یان سەقاق بێت هەرچی بێت، موهیم ممارەسە بکات، جگە لەو ئیدارەیە ئایا سەر بە ئێرە بێت، یان سەر بە ئەوێ بێت، ئێمە دەبێت بە پەلە وەزعی خۆمان حازر بکەین، چ پەروەردە، چ حزبی، چ سیاسی، چ نەشاتاتی تر و، ئەمریکا موعارز نابێت، ناڵێین کاکە ئەمە تەعبیری ئێمەیە، بەڵام ئەوانە ممارەسە دەکەینەوە، لەوانەیە لە ئێستاوە تا دوو ساڵی تر حەقمان نەبێت سیاسیەن، بەڵام حەقمان هەیە ممارەسەی ئەو حەقووقە بکەین لەناو شاری کەرکووك، نەك تەنها شاری کەرکووك، بەڵکو شوێنەکانی تر، ئەمە خاڵێك بوو، دوایی دەڵێ بە پەلە ئەو بڕیارانەی خۆمان (سابق)، کە دەبێت بە ڕێگای لیژنە، موشکیلەی کۆچبەران (مهجرین) و (مشردین) چارەسەر بکرێت، ئێمە دەبێت لیژنەی خۆمان تەشکیل بکەین، چەندن و کێن و، خەڵکی کوێن حازر بکەین، یەعنی دەست پێ بکەین، دەست بەزەختی خۆمان بکەین، لەسەر ئەمریکا بێت، لەسەر هەر کوێ بێت، لەسەر حکومەتی مەرکەزی ئینتیقالی بێت، یان ئیدارەی موەقەت بێت، یان هەرچی بێت، دەبێت دەست بەکار بین، پەرلەمان دەوری هەبێت و، لەگەڵ حکومەت و حزبەکان، هەموو ئەو شتانە حازر بکەین، نەك بە گۆترە بڕۆ، نەخێر، ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین، کە لە چ ساڵێك دەرکراوە، لە چ شوێنێکە، قائیمەکان حازر بێت و زەختی خۆمان بکەین، چونکە ئەوەش بڕیارێك بوو، لە پێشوو باس کراوە، دەربارەی تەعریب، هەندێك مەنتیقەی موسڵ جێگای داخە بڵێم هەندێ شوێن ماون، بەینی موسڵ و ئەلقۆش، بەینی موسڵ و بەرتڵە و کەرەملێس، ئەو شوێنانە ڕاستە کورد و موسڵمان نەبوون، بەڵام ئەویش هەر تەعریبە، چ یەزیدی بوون ئەو مەنتیقانە، چ ئاشووری بوون، چ سریان بوون، فەرق ناکات، خۆزگە ئەوێش بە هەمان شێوە تەعامول کرابوایە، وەکو شوێنەکانی تر، ناڵێم بچین بیانکوژین، بەڵام ئەوێش بەهەمان شێوە، چونکە ئێستا پەرچەممان هەڵگرتووە، هەر حزبێك، یان پەرچەمی (عەلەم)ی کوردستانیش بێت، بەڵام ئەو عەرەبی تەعریبە مەنتیقە بە مەنتیقە ماون، ئەوەش خاڵێك بوو ویستم ئیشارەتی پێ بدەم، خۆزگە بەتایبەتی پارتی و هەر هەموو حزبەکانیش لە پێش چاویان بێت، خاڵێك برادەران باسیان کرد، مەسەلەی عەفوی عام، مەسەلەی ئەو تاوانبارانە، کە سەر بە ڕژێم بوون، حزبی سوڵتە بوون، یان لەناو عەسکەر بوون، ئێمە وەکو حزبەکان بڕیاری سیاسیماندایە عەفوی عامە، جگە لە تاوانبارەکان، لەوانەیە ئەو عەفو عامە ئەگەر سادر بێت، بە پێچەوانەوە هەر کەسێك خۆی تەسلیم بکات موتمەئین دەبێت بێتە پێش، دوایێ حیساب و کیتابی قانونییە، نازانم خەڵکی کوشتووە، ئەوە قانونە، ئەوە ئیستیسنا دەبێتەوە، بەڵام عەفوی عام وەکو چۆن جیرانەکانمان لە تاالآن عەفو عامیاندا، بەڵام لە مەنسەبی مدیر عام و سەرەوە حەقی نەبوو، یان وەکو مەسئوولی حزبێك بێت، یان حزبێك دروست بکات، یەعنی هەندێك حقووق هەیە حەقی نەبێت، وەکو چۆن لە ساڵی (١٩٩١) کراوە، ئەوە وا بزانم ئیشتیباهێك بوو، بەڵام ئێستا دەبێت ئەو شتە بکەینەوەو، نەبێتە سەبەبی تەنافوس وەکو برادەران باسیان کرد، بەڵام دیسان دەڵێم عەفوی عام دەربکرێت بۆیان، وەکو ساڵی (١٩٩١)، بەڵام با

چەند مەرجێکی تری لەگەلدا بێت، کە حقووقی مومارەسەی حزبی سیاسیەت و فلان و، چەند سالێك نەبێتە سەبەبی موںافەسەی حزبەکان، نەبێتە سەبەبی تێکدان و مەشاکیل، خالێکی زۆر گرنگ هەیە ئەمڕۆ لێرە نزیکی دوو مانگ زیاترە مووچە نەدراوە، موشکیلەی عوملەمان هەیە، عوملەی خوارەوە، عوملەی سەرەوە، چیمان کرد، چۆن ئەو تەوازوونە عیلاج دەکرێت؟ ئایا بەجێێ بهێڵین بۆ ئیقتیسادی، بازاڕی ئازاد هەرچی ببێت، یەعنی دەبێ دەورمان هەبێت، چ لەگەڵ تەحالف و گارنەر، چ لەگەڵ خۆمان و بەینی خۆمان، چ بەینی ئێرەو بەینی سوڵتاتی واقیعی بەغدا، یەعنی حەرەکەتێکی وا بکرێت، موناقەشاتێکی وا دروست بکرێت، یەعنی حازر بکرێت، چ لە عوملە بکەین و، مووچەی ئەو کارمەندانەی کە دوو مانگ زیاترە نەدراوە، یان مووچەی پێشمەرگەکان نەدراوە، چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، هەر دیسان ئەوان هەندێ میزانیەیان هەیە، بۆ ئەو شتانە، خالێکی پێش ئاخیر، خالی دزی و جەردەیی، مامۆستا دێرشەوی زۆر بەباشی لەسەری چوو، کە خۆزگە عیلاجێك بکرێت، بەلایەنی کەمەوە ئیسعاف لە نەخۆشخانەی موسڵ بێت، یان لە نەخۆشخانەی کەرکووك بێت، بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، یەعنی هەر حزب با بیگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی، ئێمە هەموومان دەڵێین کەرکووك دڵی کوردستان و قودسی کوردستانە، باشە بۆ دڵەکە، خۆمان ئیسعاف بۆ ببەینەوە، نەك بۆ خۆمان بیبەین، یان مەخازنی تر، یەعنی یادەکانی ئەم ڕووداوە زۆر خراپە بۆ کورد و عەرەب، یان بۆ زۆر مەسەلەی تر، یەعنی کارەساتی دەمێنێت ساڵهای ساڵ، حەرەکەتێکی وا بکرێت، شتێکی بۆ بگەڕێتەوە، ئەوە ئیدارەی بەلەدییە، ئەوە ئاوە، قەیدی ناکات حزبی سوڵتە حەلالە، موخابەڕات و ئەمن حەلالە، بەلام ئەوەی بەلەدیە، ئەوەی صحە، هەندێکی جیا بکرێتەوە، یەعنی ناکرێت وەکو یەك حیساب بکرێت، خالی ئەخیرم هەیە بۆ ئەو پێشنیارانە،کە هەموو برادەرانی پەرلەمان پێشنیاری زۆر زۆر باشیان هەبوو،ئێستا پێشنیارەکەی من ئەوەیە یەك لیژنە لە لیژنەکانی پەرلەمانی موختەس تەشکیل بکرێت، بۆ موتابەعەی ئەو پێشنیارانە، بۆ گەلاڵە کردنیان، یەعنی بۆ ئامادە کردنی پێشنیارێك، بۆ تەوسیات بێت، بۆ بڕیار بێت، بۆچی بێت؟ بۆ موتابەعە کردنی، وەکو چۆن باسیان کرد، نەك وەکو بەیانێك دەربکەین، یان تەوسیاتێك دەربکەین تەواو، هەر ئێستا لیژنەیەك تەشکیل بکرێت، بە نەزەری من ئەوەیە، هەر لیژنەیەك یەك نەفەری تێدا بێت لە لیژنەکانی پەرلەمان، ئەگەر عیلاقەی هەبێت، دوایی لە لیژنەکان خۆیان دیراسە بکرێن، هەموو لیژنەکان دیراسەی بکەن، ئەگەر ئیزافەیان هەیە با بیکەن، بۆ ئەو لیژنەیە، دوای دوو ڕۆژ، یان سێ ڕۆژ دەربچێت، یەعنی زۆر موڕەتەب و، موتابەعەی بکەین، زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك یۆنادم، دووبارە سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەمەوە، کە پێشنیاریان تەقدیم کرد و، تێبینیان خستەڕوو، هەروەها بەڕێزەکانی تریش کە گوێیان لێ گرتین، بەنیسبەت ئەو پێشنیارانەی کە کراون، ئێمە تێبینیمان نووسیوەتەوە، بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن پاك نووسیان دەکەین، پاشان لە جەلسەیەکی تردا بۆتان دەخوێنینەوە، هەر بڕیارێکی پێویستیش کە وەرگیرا، ئەو وەختە ئەو بڕیارە ئاراستەی ئەو شوێنە دەکرێت، کە پەیوەندارە پێی، چونکە هەندێکی مومکینە سوپاسنامە بێت، هەندێکی پیرۆزبایی بێت، هەندێکی پێویست بە بڕیارێکی

قانونی بکات، هەندێکی تەوجیهێك بێت بۆ حکومەتی هەرێم، ئەمانە هەموویان جیا دەکەینەوەو، بۆتان دەخوێنینەوە جارێکی تر، من هەموویانم نووسیووە، ئیستیفادەش لە مەحزەری جەلسەکە دەکەین، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر جەنەراڵ (گارنەر) دێتە کوردستان، یەکەم جار دەچێتە سلێمانی، دوایێ دێتە هەولێر، هەولێکی جددیش هەیە لەلایەن هەردوو حزبەکەوە، کە موحاوەلە دەکەن بیهێننە پەرلەمان، ئێمە تەسەوڕ دەکەین، ئەگەر هاتە پەرلەمان، ئەو شەخسیەتێکی هەرە گرنگی موستقبەلی عێراقە و، ئەو ماوەیە ئەو تەحدیدی دەکات، ئەو وەختە جەلسەکە تایبەتی بەو دەکەین، ئەگەر سەرکەوتین لەو جهوودە، جەلسەکە تایبەتی بەو دەکەین و، باشیشە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پرسیاری ئاراستە بکەن، لەگەڵ پێشنیار، ئینجا داوا لە هەردوو کوتلە دەکەم ئیستیفادە لە جەلسەکەی ئەمڕۆش بکەن، پێشنیاری موحەدەد هەیە لەسەر مەسائیلی مەسیری و، پرسیاری موحەدەدیش هەیە لەسەر مەسائیلی مەسیری بە مونەزەمی ئامادە بکرێن، بەس تکا لە ئەندامانی پەرلەمانیش دەکەم، کە ئاگادارمان کردن زوو بێن، چونکە مومکینە ئێمە شەوێك پێش ئەوە بزانین، کە ئەو جەلسەیە دەبێت، یان نابێت، موسبەقەن حەزم کرد ئەوەتان پێ بڵێم، دووبارەی دەکەمەوە مەسائیلی زۆر موهیمان مەوزووعی فیدراڵیەتە، مەوزووعی بە عەرەب کردنە، مەوزووعی ئەنفال و کیمیا بارانە، مەوزووعی مەسیری حزبی بەعسە، مەوزووعی جیشی عێراقییە، مەوزووعی (٩٨٦)ە، مەوزووعی قەوانین و محاکم و موجرمینە، ئەمانە هەموویان مەوازیعێکن ئینسان دەتوانێت پرسیاریان لەسەر ئاراستە و تەقدیم بکات و، پێشنیاریش تەقدیم بکات لە هەمان کاتدا، خۆ مەرج نییە یەك پرسیارێك دەکات، بەرامبەر بەم پرسیارە پێشنیارێکت هەیە،ئەوە جێگای خۆی زیاتر دەگرێت بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە، هەروەها مەسەلەیەکی زۆر گرنگتریش هەیە، حەز دەکەم بیخەمەوە بیرتان جهودێکی زۆر گەورە هەیە لە لایەن حولفاوە، ئیمڕۆ کە تەجاوزی حزبەکان بکەن، کە تەجاوزی دەزگا هەڵبژێراوەکانی میللەتەکەمان بکەن، تەجاوزی پەرلەمان بکەن، تەجاوزی حکومەتی هەرێم بکەن، تەجاوزی یەکێتی و پارتی بکەن، تەجاوزی نەقابات بکەن، مونەزەماتی جەماهیری بکەن، بچن رووئەسای عەشایری بۆ بێنن، نازانم کێی بۆ بێنن، بیکەن بە بەدائیلی ئەمانە، بەوادیری ئەمانەشمان لە حەقیقەتدا بینیوە لە هەندێ شوێن، کە جهودێکی وا هەیە، ئەمەش مەوزووعێکە هەتا ئەگەر کابرا هاتە ئێرە باش باسی ئەو مەوزووعە بکەین،کە پێویستە ئەمڕۆ تەعامول لەگەڵ دەزگا هەڵبژێردراوەکانی گەلی کوردستاندا بکەین، کە ئەمانە دەزگای شەرعین و هەڵبژێراون و، میللەت سیقەی پێ داون و، جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان کوردستان و وەسەت و جنوبدا، جارێکی تر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم و، لەکاتی کۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.کمال عبدالکریم فؤاد | د رۆژ نوری شاوەیس |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق | کوردستانی عێرا |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣)

سێ شەممە ڕێکەوتی ٦ \٥\٢٠٠٣

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٣)ی خولی گواستنەوە

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٣/٥/٦

كاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٣/٥/٦ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز درۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٢٣)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی(٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢٣)ی خولی گواستنەوە لە كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی
٢٠٠٣\٥\٦ دا بەم شێوەیە بێت:

٤- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی بڕیارێكی تایبەت بە هێزی پاراستنی ئاشتی (PMF) لە كوردستاندا.

٥- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی بڕیارێكی تایبەت بە سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبكردن لە كوردستاندا.

٦- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی بڕیارێك بۆ ئەوەی كە ڕۆژی ئازادكردنی عێراق بكرێت بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.

٧- خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی بڕیارێكی تایبەت دەربارەی دیاركردنی چارەنووسی یاسایی دەست و پێوەندەكانی ڕژێمی دیكتاتۆریی پێشوو.

٨- بەرچاوخستنی بابەتی گۆڕینی ئەندامی بەڕێز (صلاح الدین عبدالحمید) لە لێژنەی تەندروستی بۆ لێژنەی پەروەردە.

٩- بەرچاوخستنی بابەتی دانانی بەڕێز (زهرا حاجی طه) بە ئەندامێتی لێژنەی پەروەردە.

١٠- بەرچاوخستنی بابەتی دانانی ئەندامی بەڕێز (طارق محمد سعید) بە ئەندامێتی لێژنەی یاسا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٣)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین. بەڕێزان، بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە (٧) خاڵ پێك هاتووە:

یەكەم: خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی بڕیارێكی تایبەت بە هێزی پاراستنی ئاشتی (PMF) لە كوردستاندا.

دووەم: خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازی بڕیارێكی تایبەت بە سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبكردن لە كوردستاندا.

سێیەم: خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیارێك بۆ ئەوەی کە ڕۆژی ئازادکردنی عێراق بکرێت بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

چوارەم: خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیارێکی تایبەت دەربارەی دیارکردنی چارەنووسی یاسایی دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریی پێشوو.

پێنجەم: بەرچاوخستنی بابەتی گۆڕینی ئەندامی بەڕێز (صلاح الدین عبدالحمید) لە لێژنەی تەندروستی بۆ لێژنەی پەروەردە.

شەشەم: بەرچاوخستنی بابەتی دانانی بەڕێز (زهرا حاجی طه) بە ئەندامێتی لێژنەی پەروەردە.

حەفتەم: بەرچاوخستنی بابەتی دانانی ئەندامی بەڕێز (طارق محمد سعید) بە ئەندامێتی لێژنەی یاسا.

تکا لە دوو ئەندامی لێژنەی یاسایی دەکەم بفەرموونە سەر سەکۆیەکە، پێشنیارت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئەبوبەکر محمد حاجی(مەلا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن پێم خۆشە جەنابت تیشکێك بخەیتە سەر ئەو سەفەرە، چونکە جەنابت لەگەڵ وەفدەکە دابوویت لە بەغدا، لەگەڵ هەردوو سەرکردە بەڕێزان کاك مەسعود و مام جەلال. حەز دەکەم وەك برایان شتێکمان بۆ ڕوون بکەنەوە، چ بووەو چ نەبووە، چیتان کردووە و دەوری وەفدی کوردی چی بووە، حەز دەکەین شتێك لەو بابەتەوە بزانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەسەر چاو،کە بەرنامەی کارمان تەواو بوو باسێکی ئەوەش دەکەین، ئەگەر کات ماوە. بەڕێزان خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان: خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیارێکی تایبەت بە هێزی پاراستنی ئاشتی (PMF) لە کوردستاندا، بخوێنەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

باسم الشعب

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

قرار

استناداً إلى حكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٣/٥/٦إصدار القرار الآتي:

أولاً: يعلن المجلس شكره وتقريره لقوة حفظ السلام (P.M.F) لدورها الملحوظ وعملها الدؤوب في إعادة الوئام والسلام الى ربوع اقليم كوردستان العراق.

ثانـياً: يطلب المجلس من قوة حفظ السلام الصديقة إنهاء تواجدها في الاقليم والعودة الى وطنها الجمهورية التركية الصديقة بعد أن أكملت مهمتها بجدارة وموفقية.

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس،ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەكانی یاسایی و پێشمەرگەو پەیوەندییەكان و ناوخۆ دەكەین،تكایە بۆ خاڵی دووەمی بەرنامەی كارمان: پێشنیازی بڕیارێكی تایبەت بە سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبكردن لە كوردستاندا بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

قرار

استناداً إلى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٣/٤/٢٠ إصدار القرار الآتي:

أولاً: تزال جميع آثار التعريب التي تعرض اليها اقليم كوردستان العراق والتي نفذت من قبل الحكومات العراقية المتعاقبة ويعاد الى حالته الطبيعية التي كان عليها قبل تلك الإجراءات القسرية وإعادة الحقوق الى أصحابها الشرعيين.

ثانياً: يعاد كافة المواطنين من غير الأكراد الى محلات سكناهم السابقة في المحافظات الأخرى الذين تم إسكانهم نتيجة تنفيذ سياسة تعريب كوردستان العراق في المحافظات أربيل وكركوك وموصل وديالى.

ثالـثاً: يهيب المجلس الوطني لكوردستان العراق بكافة المؤسسات الدولية والإنسانية التعاون التام لإزالة آثار إجراءات التعريب المنافية لأبسط حقوق الإنسان.

رابعاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

خامساً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك سەعید یەعقوبی، ئەو پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و مافی مرۆڤ و ناوخۆ و ئاوەدانکردنەوە دەکەین، تکایە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیارێك بۆ ئەوەی ڕۆژی ئازادکردنی عێراق بکرێت بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**قرار**

**استناداً إلى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٣/٥/٦إصدار القرار الآتي:**

**أولاً: يكون يوم / /٢٠٠٣ يوم تحرير العراق من النظام الدكتاتوري القمعي عطلة رسمية في الإقليم.**

**ثانياً: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.**

**ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.**

**رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.**

**د.روژ نوری شاويس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك أحمد شریف، ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین، تکایە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی بڕیارێکی تایبەت دەربارەی دیارکردنی چارەنووسی یاسایی دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریی پێشوو. فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

رقم القرار:

تأريخ القرار:

قرار

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٣ إصدار القرار للذين لم يستفادوا من العفو العام بعد الانتفاضة المجيدة عام ١٩٩١ وأستمروا في علاقاتهم مع النظام العراقي البائد ضد شعبهم وكالآتي:

أولاً: يحدد الوضع القانوني لرموز النظام البائد الذين توجهوا الى اقليم كوردستان العراق كالآتي:

١- حرمانهم من الحقوق السياسية والإدارية ولايكون لهم الحق في تولي أي منصب سياسي أو إداري في الاقليم.

٢- لايحق لهم تأسيس أو الانتماء الى أي حزب سياسي أو أية جمعية في الاقليم.

٣- لايحق لهم ترشيح أنفسهم لعضوية المجلس الوطني أو أية مجالس انتخابية في الاقليم.

٤- لكل مواطن عراقي الحق في مقاضاتهم بحقوقه الشخصية لدى المحاكم ولا يجوز لأية جهة الدفاع عنهم وإعاقة إجراءات المحاكم.

ثانياً: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوری شاویس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خوێندنەوەی یەکەمی ئەو بڕیارە تەئیدێکی بە هێزی وەرگرت، بەڵام بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ناتوانین ئەمڕۆ بڕیاری لێ بدەین، دەبێ ئەمەش ئاراستەی لێژنەکان بکەین، ئەو بڕیارە ئاراستەی لێژنەکانی یاسایی و مافی مرۆڤ و ناوخۆ دەکەین، زۆر سوپاس بۆ هەردوو بەڕێزان کاك سەعید یەعقوبی و کاك أحمد شەریف. خاڵی پێنجەمی بەرنامەی کارمان: پێشنیار دەکەین کە ئەندامی بەڕێز (صلاح الدین عبدالحمید) لە لێژنەی تەندروستییەوە بگوازرێتەوە بۆ لێژنەی پەروەردە. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەو پێشنیارە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز (صلاح الدین عبدالحمید) بوو بە ئەندامی لێژنەی پەروەردە بەگشتی دەنگ، زۆر سوپاس.

خاڵی شەشەم: پێشنیاری دانانی بەڕێز (زهرا حاجی طه) بە ئەندامێتی لێژنەی پەروەردە.
تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیارەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز (زهرا حاجی طه) بوو بە ئەندامی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەگشتی دەنگ، زۆر سوپاس.
خاڵی حەفتەم: دانانی ئەندامی بەڕێز (طارق محمد سعید) بە ئەندامێتی لێژنەی یاسا.
تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەو پێشنیارە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز (طارق محمد سعید) بوو بە ئەندامی لێژنەی یاسا بەگشتی دەنگ، تەمەنای سەرکەوتن بۆ هەرسێ بەڕێز دەکەم، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی دێت بە بەرنامەی کاروباری دانیشتنی ئەمڕۆمان، دانیشتنی داهاتوومان ڕۆژی دووشەممەی داهاتووە دەبێت، (١٢)ی مانگی پێنج، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە موهتەمن بە دەنگوباسی خوارەوە بمێننەوە من لێرەوە قسەتان بۆ دەکەم، دێمە خوارەوە قسەتان بۆ دەکەم، تکا لە ڕاگەیاندنیش دەکەم لێرە نەمێنن، زۆر سوپاس.

| | |
|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. رۆژ نوری شاویس |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤)**

**دوو شەممە رێكەوتی ١٢ \٥\٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی خولی گواستنەوە

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٥/١٢

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٥/١٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز درۆز نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٢٤)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی(٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی١٢\٥\٢٠٠٣ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی تایبەت بەسەندیکای پارێزەرانی کوردستانە.

٢- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێکی تایبەت بە هێزی پاراستنی ئاشتی (PMF) لە کوردستاندا.

٣- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێکی تایبەت بەسڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبکردن لە کوردستاندا.

٤- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێك کەوا ڕۆژی ئازادکردنی عێراق بکرێت بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

٥- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێکی تایبەت دەربارەی دیاری کردنی چارەنووسی یاسایی دەست و پەیوەندەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە پێنج خاڵ پێکهاتووە، ئەو بەرنامەی لەبەر دەستی جەنابتان دایە چوار خاڵە، خاڵێکی تر زیاد کراوە بەڵام چاپ نەکراوە، فریا نەکەوتین بیخەینە بەر دەستتان. بەرنامەی کار بریتییە لە:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی تایبەت بەسەندیکای پارێزەرانی کوردستانە.

دووەم: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێکی تایبەت بە هێزی پاراستنی ئاشتی (PMF) لە کوردستاندا.

سێیەم: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێکی تایبەت بەسڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی بەعەرەبکردن لە کوردستاندا.

چوارەم: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێك کەوا ڕۆژی ئازادکردنی عێراق بکرێت بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

پێنجەم: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێکی تایبەت دەربارەی دیاری کردنی چارەنووسی یاسایی دەست و پەیوەندەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو.

بەمەبەستی دەست بەکار بوونمان تکا لە دوو ئەندامی بەڕێزی لێژنەی یاسایی دەکەین بفەرموونە سەر سەکۆیەکە، تکایە فەرموون خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی تایبەت بە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن. ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**قرار**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣إصدار القرار الآتي:

**أولاً:** يستمر مجلس نقابة المحامين لاقليم كوردستان العراق في إدارة شؤون النقابة لمدة سنة واحدة اعتباراً من تأريخ إنتهاء مدة دورة المجلس.

**ثانياً:** لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**ثالثاً:** على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**رابعاً:** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.رۆژ نوری شاوەیس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لێژنەی یاسایی دەکەین. خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان (: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێکی تایبەت بە هێزی پاراستنی ئاشتی ( PMF) لە کوردستاندا.) تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لێژنەی ناوخۆ و ئەندامێکی بەڕێزی لێژنەی کاروباری پێشمەرگە و ئەندامێکی بەڕێزی لێژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری دەکەین بفەرموونە سەر سەکۆیەکە، لێژنەی یاسایی تکایە پرۆژەی بڕیارەکە بخوێنەوە:

بەڕێز احمد شریف:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئێستا دەقی پرۆژەکە دەخوێنمەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

قرار

استناداً إلى حكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣إصدار القرار الآتي:

أولاً: يعلن المجلس شكره وتقديره لقوة حفظ السلام (P.M.F) لدورها الملحوظ وعملها الدؤوب من إعادة الوئام والسلام الى ربوع اقليم كوردستان العراق.

ثانيا: يطلب المجلس من قوة حفظ السلام الصديقة إنهاء تواجدها في الاقليم والعودة الى وطنها الجمهورية التركية الصديقة بعد أن أكملت مهمتها بجدارة وموفقية.

ثالثا: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعا: ينفذ هذا القرار اعتباراً من صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.روز نوری شاویس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك احمد شریف،تکایە ڕەئی لیژنەی یاسایی دەربارەی ئەو بڕیارە.

بەڕێز شیروان ناصح حیدری:

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق

ب/کۆنووسی کۆبوونەوە

ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٨ لیژنەی کروباری یاسایی کۆبووەوە، بە مەبەستی خوێندنەوەو گفتوگۆکردن لەبارەی ناوەڕۆکی نووسراوی ژمارە(ك/٧٠) لە ٢٠٠٣/٥/٧ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کە بریتی بوو لە پرۆژەی هێزی پاراستنی ئاشتی(P.M.F) دوای لێدوان و تاوتۆکردنی، ڕای لیژنەکەمان و تێبینی و پێشنیارمان بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

لابردنی وشەی (وطنها)کە لە برگە دووی پرۆژەکەدا هاتبوو. بەم جۆرە کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات.

لەگەڵ ڕێزماندا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە ڕەئی لێژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز بەکر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو بڕیارە لە لێژنەکەی ئێمە تاوتۆ کرایەو زۆر بە وردی گفتوگۆمان لەسەر کرد، لەسەر هەر چوار خاڵەکەی موافق بووین و هیچ تێبینییەکمان لەسەر نەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لێژنەی ناوخۆ، تکایە ڕەئی لێژنەی کاروباری پێشمەرگە.

**بەڕێز جعفر شێخ علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٢)ی ٢٠٠٣/٥/٧ ی لێژنەی کاروباری پێشمەرگەیە:

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**ب/کۆبوونەوە**

لە بەرواری ٢٠٠٣/٥/٧ لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی گرێ دا بە مەبەستی دەربڕینی رای خۆی دەربارەی بڕیاری کۆتایی هێنانی مانەوەی هێزی (P.M.F) لە هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان، ئێمە بە کۆی دەنگی ئەندامان لەگەڵ پرۆژەکەین وەکو هاتووە.

لەگەڵ ڕێزماندا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لێژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری تکایە.

بەڕێز جلال سلیم خۆشناو:

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**

**ب/پرۆژەی بڕیار**

نوسراوتان ژمارە(ك/٧٠) لە بەرواری ٢٠٠٣/٥/٧ دەربارەی پرۆژەی بڕیاری (PMF وگەڕانەوەی بۆ تورکیا) لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕۆشنبیری لەگەڵ پرۆژەکەیە و، پێشنیار ئەکات کە بڕگەی دووهەمی بڕیارەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

ثانياً: يطلب المجلس من قوة حفظ السلام الصديقة إنهاء تواجدها في الاقليم والعودة إلى بلادها بعد أن أكملت مهمتها بجدارة وموفقية.

لەگەڵ ڕێزماندا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پرۆژەکە خاڵ بە خاڵ گفتوگۆی دەکەین، تکایە دیباجەکە و خاڵی یەکەم بخوێندرێتەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**قرار**

**استناداً إلى حكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءأ على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣إصدار القرار الآتي:**

**أولاً: يعلن المجلس شكره وتقديره لقوة حفظ السلام (P.M.F) لدورها الملحوظ وعملها الدؤوب من إعادة الوئام والسلام الى ربوع اقليم كوردستان العراق.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێژنەكان ڕەئیان هەیە لەسەر خاڵی یەكەم؟ لێژنەكان هەموو تەئیدی خاڵی یەكەمیان كرد، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تێبینییان لەسەر خاڵی یەكەم هەیە دەستیان بەرزكەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بكەین، بەڕێز كاك د.نیاز جمیل میران فەرموو.

بەڕێز د.نیاز جمیل میران:

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینییەكەم ئەوەیە،ئینگلیزییەكەی خۆی دەبێ ناوەكەی بنووسرێ یەكەم جار ( Peace monitoring force) ئەوجا كورتكراوەكەی، كورتكراوەكەش (f)ەكە بە سمۆڵ نووسراوە بكرێت بە كەپیتەڵ، ئەوە یەك. دووەم: (وعملها الدؤوب من إعادة الوئام) وا نییە (في إعادة الوئام) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە لە چاپا تێبینی ئەوە بكرێت، نووسینەكەی بە ئینگلیزی، هەروەها (وعملها الدؤوب في إعادة الوئام) یان (لإعادة) هەمان شتە (في)ەكە باشترە وا نییە؟ مامۆستا مەلا طاهر ئەگەر لە عەرەبیەكەی تۆزێك یارمەتیمان بدەیت.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(في) باشترە، چونكە ئەفزەڵیەتەكە بۆ (في)ە، (من)یش لە عەرەبی لە جێگای (في) بەكار دێت فەرق ناكات، بەڵام (في) باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك حەسەن كانەبی فەرموو.

**بەڕێز حسن کانبی خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی حکومەتی ئەمەریکا حەلیفی ئێمەیە لە کوردستان و، ئەو لەگەڵ ئێمە بەتەواوی موحافەزەی هەموو شتێك دەکات، پێویستیمان بە قوەتی هیچ دەوڵەتێك نییە موحافەزەمان بۆ بکات، زۆرمان پێ خۆشە کە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، یەعنی جەنابت لەگەڵ ئەوەی ئەمریکی بمێنێت و تورك نەمێنێت. بەڕێز کاك سعدی احمد پیرە فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەماوە سەبەبێك بۆ ئەوەی هێزێك بمێنێت بەناوی پاراستنی ئاشتی، لەبەر ئەوەی ئەو مەترسییەی کە دەنگ دەکرا ئەو هێزەی بۆ هاتووە لە ئەساسدا نەماوە، بەڵام ئەو هێزە هێزی وەکو لە هەموو صیاغەکەی وا پێشان دەدات کە هێزێکی تورکی بێت، ئەمە هێزێکی تورکی نییە، ئەوە هێزی (SMG)یە کە ئەو هێزەش پێکهاتووە لە تورکیاو بەریتانیاو ئەمریکاو لە هێزەکانی ناوخۆشمان، کە دەکاتە پارتی و یەکێتی نیشتمانی و جەبهەی تورکمانی و ئاشوریەکان، بۆیە من پێم وایە لێرە لە جێی خۆی نییە کە باسی کۆماری تورکیا لە بڕگەی دووەم دەکرێت، بەڵام لە هەموو سەقفەکەی وا هاتووە ئەمە هێزێکە نوێنەری دەستەیەکی نێودەوڵەتییە بۆ پاراستنی ئاشتی لە کوردستانی عێراق، بۆیە من پێم وایە صوبغەیەکی کوردستانی تورکی پێ نەدرێت، بەڵکو سوپاسی هەموو دەستە نێودەوڵەتییەکە بکرێت و، هەموو ئەو وڵاتانە بکرێت کە بەشدارن، ڕەنگە ببتە هۆی ئەوەی کە حەساسیەتیش کەمتر بێت لە موعالەجە کردنی ئەو گرفتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك سەعدی، ئەوا لە خاڵی دووەم باسی دەکەین، سەرۆکایەتیش موقتەرەحی هەیە دەربارەی ئەوە، هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر خاڵی یەکەم؟ ئەگەر تێبینی نەبێت بەو گۆڕانکارییە بچکۆڵانەی تێیدا کراوە بخوێندرێتەوە جارێکی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

أولاً: يعلن المجلس شكره وتقديره لقوة حفظ السلام (P.M.F) لدورها الملحوظ وعملها الدؤوب في إعادة الوئام والسلام الى ربوع اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، خاڵی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە خاڵی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

ثانیاً: يطلب المجلس من قوة حفظ السلام الصديقة إنهاء تواجدها في الاقليم والعودة الى وطنها الجمهورية التركية الصديقة بعد أن أكملت مهمتها بجدارة وموفقية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرەدا ئێمە چەند تێبینییەكمان هەیە، جگە لەوەی (الى وطنها) (وطنها) تێدا نەمێنێت، ئەوە ڕای لێژنەی یاساییە لە جێی خۆیەتی، تەبیعی كاك سەعدیش بە وازحی شەرحی كرد، ئەو هێزە هێزێكی توركی نییە، بەڵكو پێكهاتووە لە مەجموعەیەك هێز و، بە پێی بڕیارێكی نێودەوڵەتی كاتی خۆی بڕیاری لێ دراوە، بەڕاستی ئەو هێزە ئەوەیە كە عەسكەریە توركەكان ئیشراق دەكەن، بەرپرسن لێی موباشر، هێزەكەش لە قواتی توركی و ناوخۆیی پێكهاتووە، بۆیە پێمان باشە بەم شێوەیە بێت: (يطلب المجلس من قوة حفظ السلام الصديقة إنهاء عملها في الاقليم وعودة مسؤوليها الى الجمهورية التركية الصديقة بعد أن أكملت مهمتها بجدارة وموفقية.) جا پێمان باشە ئەوەی تێبینی هەیە دەقەكەی ئێمە بنووسێتەوە، باش سەیری بكات، ئەوجا تێبینییەكانی خۆی بڵێت، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم ئەوانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزكەنەوە، دەستتان زۆر ڕابگرن بۆ ئەوەی ناوەكان بنووسرێن، ماددەكە هی ئەوەیە هەموو كەسێك قسەی تیا بكات، (١٥) ناو لای من نووسراوە، تكامان وایە ئەگەر بابەتێك تەرح كرا ئەوانی تر قسەی تیا نەكەن، چونكە ماددەكە ئەوەندە ناهێنێ ئەو هەموو برادەرە قسەی تیا بكات، كاك سەعدی جەنابتیشی، وا نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێش ئێستا باسم كرد كە ئەو هێزە هێزێكی توركی نییەو توركیش نەیناردووە، بۆیە ناو هێنانی توركیا لێرە بە تەنها بەو زەقیە پێم باش نییە، تەنها ئەوەندە بمێنێتەوە: (يطلب المجلس من قوة حفظ السلام الصديقة إنهاء عملها في الاقليم وسحبها بعد أن أكملت مهمتها بجدارة وموفقية.)

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارە وانییە؟ سوپاس، بەڕێز كاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حوكمی ئەوەی ئەو هێزە ئاشتی خوازە یان هێزی ئاشتییە، جگە لە بیانی خەڵكی خۆشمانی تێدایە، بۆیە پێم وایە ئەو وشەیەی تێدا نەبێت (الصديقة) هەر ببێت: (يطلب المجلس من قوة حفظ السلام إنهاء عملها في الاقليم وعودة مسؤوليها الى اوطانها) یان (أماكنها) یان وەكو ئەوەی كاك سعدی فەرمووی لە جیاتی (الجمهورية التركية) (الى اوطانها) باشترە، چونكە مادەم گوتت (مسؤوليها) یەعنی دەبێ بچێتەوە بۆ (اوطانها)، چ ئیشكالێكی تێدانییە با ناوی كۆماری توركی تێدا نەبێت، لەوانەیە ئەوەیان باشتر بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(قوة حفظ السلام) لەوانەیە جەنابت موتەڵع نەبیت لەسەری، بەرپرس لە هێزی ئاشتی تورکیایە، ئەفسەری تورکییە، ئەوان مەسئوول و موشریفن لەسەری، ناوەکەشی بە تورکییە، ناوی مەعەسکەرەکەشیان بە تورکییە، یەعنی ئەوانەی کە تیایان مومکینە بەعزێك لە برادەرانی تورکمان و بەعزێك لە برادەرانی ئاشورین، ئەوە هی وڵاتی خۆیانن و لە وڵاتی خۆیان دەمێننەوە و قوەت نین تەواو، ئەوەی کە پێویستە بڕواتەوە ئەوەیە کە ئیشراف دەکاتە سەریان و بەرپرسە لێیان، جا ئەگەر وازح نەبێت، چونکە نە ئەمریکی تیایە نە بەریتانی تیایە نە پۆڵۆنی تێدایە کە ئینشائەڵڵا لەم زووانە دێنە کوردستانەوە، ئەوانە هیچیان تێدا نین، بەڕێز کاك جلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە ئێمە رەئیمان لەگەڵ رەئی لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیرییە، کە لە جیاتی (الی وطنها الجمهوریة الترکیة الصدیقة) ببێتە (الی بلادها) بەڵام لاریشمان نییە لەسەر ڕای سەرۆکایەتی، ڕایەکی زۆر گونجاو ڕێکوپێکە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی شتێکی سلبی تێدا نییە (العودة الی الجمهوریة الترکیة الصدیقة) حەقیقەتیشە شتێکی سلبیش نییە موحەددەدە و، لە ڕاستیدا پرۆژەکە بەو شکڵە بوو هەموو لیژنەکان تەئیدی ئەوەیان کردووە، یەعنی ناوەڕۆکەکەی زۆر نەگۆڕین باشە وا تەصەور دەکەم، بەڵام ڕەئی ڕەئی ئێوەیە ئەگەر بیگۆڕن هیچ ئیشکالێکی تێدا نییە، من ناوەکان دەخوێنمەوە ئەوانەی ماون، ئەو بەڕێزانەی کە نایانەوێت قسە بکەن ئیشارەتێکمان بدەنێ، تا ئێستا چوار بەڕێز قسەی تێدا کردووە، بەڕێز کاك احمد علی دزەیی، بەڕێز کاك احمد سالار، بەڕێز کاك ابراهیم سعید، بەڕێز کاك احمد عمر، بەڕێز مامۆستا مەلا هادی، بەڕێز مامۆستا مەلا محمود، بەڕێز جمیل عبدی سندی، بەڕێز د.ادریس هادی، بەڕێز شێخ لطیف، بەڕێز مەلا محمدامین، بەڕێز نهلە خان. کەس لەو بەڕێزانە هەیە ناوی بسرینەوە، کەس نایەوێت، هەموو دەیانەوێ قسە بکەن، زۆر باشە کەواتە بە ریز، بەڕێز کاك احمد علی دزەیی فەرموو.

**بەڕێز احمد علی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاتووە لە خاڵی دووەم دەڵێ ( بعد أن أکملت ) مانای وایە هەتا ئێستا موهیمەکەی تەواو نەبووە پێویستە بڵێین (لإکمالها)، (بعد أن أکملت) دوو مانای هەیە، (لإکمالها) ئەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك احمد علی دزەیی، بەڕێز کاك احمد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بفەرموون ئەمە کە وەك بڕیارێکی یاساییە، بڕیاری یاسایی، زمانی یاسایی، توانای دەربڕین و پوختی و چڕی و خەستی وکورتی دەخوازێ، بۆ ئەوەی مەبەستەکە بدا بە دەستەوە. لێرە تەنها ئەوەندە بەسە (يطلب المجلس من قوة حفظ السلام إنهاء تواجدها في الإقليم) ئەوانەی تریش صديقەو ئەوانی تر زمانی ئینشایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك احمد سالار، کاك ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی لە خاڵی یەکەمدا هاتووە شوکرو تەقدیرە، کە شوکرو تەقدیر هات بۆ ناوی دەوڵەت نەیەت، یەعنی کە شوکرو تەقدیرێکت دا لایەنێك با ئیعلانیش بکرێت، کە دەوڵەتەکە کێیە کە بە واجبی خۆی هەڵسایە وا بەباشی. دووەم: لایەنێك هەیە تەنفیز دەکاتن دوای ئەوەی ئێمە ئەو بڕیارە دەر دەکەین کە لە سەرەوە هاتووە، پێم باشە ئەگەر فەترەیەك دابنرێتن بۆ چوونی ئەو مەسئوولانە بۆ وڵاتی خۆی، چونکە هەموومان دەزانین موهیمەکەیان تەواو بوو، ئەو هۆیەی کە بۆیان هاتبوون ئەسبابەکەی نەماوە و، ئەو دوو حزبە بەڕاستی کە جێگای سوپاسن ئێستا هەردووکیان و، بەتایبەتی لە موعارەزەی لەندەن، تەقاربی وجهاتی نەزەری هەموو موعارەزەی عێراقیان کردو ئێستا دەور دەبینن، خوا نەکاتن شەڕێك ببێتن ئەوانە دەبنە (PMF) بۆ هەر شەڕێکی تر، پێم باشە ئەگەر ماوەکەش دیاری بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك ابراهیم، بەڕێز کاك احمد عمر فەرموو.

**بەڕێز احمد عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پرۆژەیەکە، پرۆژەی بڕیارێکە، بەڕای من لە باتی (يطلب المجلس) ئەگەر بکرێت بە (يقرر المجلس إنها تواجد قوة حفظ السلام) تکمیلە بکرێت، ببتە بڕیار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (الصديقة) دووجار هاتووە، لە جاری دووەم دەبێتە (الجمهورية التركية الجارة)، ئەوی تریان (بعد أن إكملت مهمتها) (بعد أن لم يبقَ مبرر لبقائها في الأقليم) لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بجدارة وموفقية) بمێنێتەوە وانییە؟ (بجدارة وموفقية) بمێنێتەوە بەلاّم (لم يبق مبرر) بەڕێز ماموّستا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی ئەڤ بڕیارە گەلەك لە جێی خۆدایە، من دوو مولاحەزەی کورتك هەنە، یەك لسەر رەئیا کو زەمانەك، فەترەك بێتە تەحدید کرن، حیسابێ من داوا کری، پێغەمبەر (ص) ،(فەرمووی خیر البر عاجله)، زووتر بچن باشترە، دوو، مەفهوومێ موخالەفێت دیار کری، ئەگەر بچن مەسئولێ وان بچن کە ئەنەما هەروەکی زوباتێ وان نەقل بکەن قواتێ بێنە جێیدا، مەسئولەکی تر بێنن دانیشن وادە، نەبخودێ بە ئیجگاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مەلا محمود دێرشەوی، بەڕێز جمیل عبدی سندی، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جمهوریەتی تورکی تێدا بت، تشتەکی زۆر زۆر پێویستە، یا دوو پێشنیارا ریئاسەتێ، جێگای سەربلّندی مەیە، (استمرار عملها وتواجدها)، بێژن عەمەلی خۆ تەواجود هەر بمێنێ، هەندێ شوولی دی بیتن، ئەویش ختورەتا تێدا هەی، مەسئولیها، هەگەر بەس مەسئول چوون هەر مەسئولەکی چەند مونتەسبی لەگەڵ هەن،(مسئولیها ومنتسبیها)، مونتەسبیش لەگەڵ وان چوون، چونکە هەر مەسئولەکی سێ چوار مونتەسبی لەگەڵ هەیە، من پێشنیار دەکەم، لەگەڵ مەسئولیها، ومونتسبیها هەبی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. ادریس هادی.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وشەی تەواجود زەروورییە بمێنێت، چونکە ئەوان ئیشیان تەواو بووە بەڕاستی و، لێرە لە فەقەرەی ئەخیریش لە خاڵی دووەم دەڵێت (بعد ان اکملت مهمتها)، (اکملت) یەعنی ئەوان ئیشەکەیان تەواوە بووە، جا ئێستا تەواجودیان هەیە، جا ئەو کەلیمەی تەواجودە بمێنێت، ئەوە یەك، دووەم،( بجدارە وموفقیە)، ئەوە ئیلغا بکرێت، (بعد ان اکملت مهمتها) تەواو نوقتە دابنرێت، ئەوەش مولاحەزە دەکەم بۆ مەعلومات، سبەینێ بەوێ داهاتم ئەوان تازە بەتازە بینایەکە تازە دەکەنەوە، بۆیاغ دەکەن و قتعەکەی بە جوانی دەنوسنەوە بەبارزی، ئینجا نازانم بۆ ئێمە تەعمیری دەکەن و بە جێی دەهێڵن، یان بۆ خۆیانە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی جەنابت پێشنیار دەکەی کە فەقەرەکە بەم شێوەیە بێت( يطلب المجلس من قوة حفظ السلام الصديقة انهاء تواجدها في الاقليم والعودة الى وطنها الجمهورية التركية الصديقة بعد ان اكملت مهمتها). تەواو زۆر سوپاس، بەڕێز مەلا محمد امین چەمچەماڵی.

**بەڕێز مەلا محمد امین عبدالحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بڕیارەکە زۆر لە جێی خۆیەتی، بەڵام لەسیاغەکەدا هەندێك ئیشکال هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هێزێك هەیە، ئەو هێزە، هێزێکە دەوری خۆی بینیوە و، ئێمە زۆر پێویستیمان پێی بووە لە کاتێکدا، جێی خۆیەتی سوپاس بکرێن، بەڕەئی من لە فەقەرەی یەکەمدا سوپاسی هەموو ئەو لایەنانە بکرێت کە بەشدارییان کردووە، یەعنی بەناو ناویان بێت لە فەقەرەی یەکەمدا، بڵێین (المتكونة من قوات)ی فلان دەوڵەت و فلان دەوڵەت ئەگەر هەیە، وەك ئەوەی کاك سعدی باسی کرد، من باشی نازانم، بەڵام لە فەقەرەی یەکەم ئاماژە بەوە یان هێزەکانی تر بکرێت، مەسەلەن جمهوری تورکی پێك هاتووە لە هێزەکان کۆماری تورکیایە یان هێزەکانی ئەمەریکا و کێ و کێ؟ ئەگەر برادەرانی قانونی بیری لێ بکەنەوە، بەڵام ئەمە لە خاڵی یەکەمدا، بۆ مەسەلەی خاڵی دووەم بەڕاستی هەندێ شت هەیە تەحسیلێ حاسڵە، تۆ پێی ئەڵێی ئینهاء بە تەواجوودەکەت بهێنە، موهیمەکەت تەواو بوو، سوپاستان دەکەین، بە هەموو جەدارەتێك کە کردووتانە، ماناکە وایە ئیتر پێویست ناکات تۆ پێی بڵێی فەرموو بگەڕێوە بۆ تورکیا، یان بۆ فلان شوێن، بەڕەئی من سیاغەکە وای لێبێت،( يطلب المجلس من قوة حفظ السلام الصديقة انهاء تواجدها في الاقليم نظراً لأكمال مهمتها بكل جدارة و موفقية ولعدم الحاجة الى وجود مثل تلك القوات)، ئینجا ئەگەر (مشكوراً)ی تێدا هەبێت خراپ نییە، یەعنی پێویست ناکات تۆ پێی بڵێی تۆ ئیشەکەت تەواو بووە فەرموو بگەڕێوە تورکیا، تەحسیلێ حاسڵە، ئەگەر ئیشەکانیان تەواو بوو، هەرکەسە دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو، رەئی خۆتان بڵێن.

***بەڕێز شێروان ناصح حیدری:***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئێمە لە سەرەتادا رەئیمان لەگەڵ ئەوە بوو کە بەنیسبەت(وطنها) لێی هەڵبگیرێت، ئەوە نوقتەی یەك، بەنیسبەت نوقتەی دوو، بەنیسبەت کاك احمد علی دەڵێت (اكملت) تەواو نەبوو، بەنیسبەت ئێمە (اكملت) یەعنی تەواو بووە، کاك ابراهیم سعید داوای ئەوە دەکات کە سەقفی زەمەنی دابنرێت، بە حەقیقەت ئێمە تەعامول لەگەڵ قوەتێکی نێو دەوڵەتی دەکەین، سەقفی زەمەنی رەنگە داشبنێین لەوانەیە بەقسەشمان نەکەن، مەفتوح بمێنێ بەڕەئی ئێمە باشترە، هەمان شێوە بەنیسبەت کاك ئەحمەد عەلی دەڵێت قەراری لێ دەربکەین ئێمە تەڵەب بکەین باشترە نەك قەراری لێ دەربکەین، قەراری لەسەر بدەین رەنگە تەنفیزیش نەکرێتن، وەك کاك محمد امین چەمچەماڵی دەڵێت، سوپاسی لایەنەکانی تر بکەین، قوەتی (حفظ السلام) هەموو

لایەنەکان دەگرێتەوە، ئەوەی تێدا هەبێتن، ئێمە لەگەڵ نەسەکەی ئەوەینە کە دەستەی سەرۆکایەتی پێشکەشی کردووە، وەکو لیژنەی یاسایی تەنها جدارە وموەففقیەکەی تێدا هەڵبگیرێت و، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە بخوێنرێتەوە جارێکی تر، ئینجا ئەگەر مولاحەزەی تر هەبوو، با هەبێت، چونکە ئارائی موختەلیف هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی فەقەرەکەتان بۆ دەخوێنمەوە پاش دەستکاری کردن، (يطلب المجلس من قوة حفظ السلام انهاء عملها و تواجدها في الاقليم والعودة الى الجمهورية التركية الصديقة بعد ان اكملت مهمتها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە، بەڕێز کاکەڕەش، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەلیمەی (انهاء عملها) بۆ دادەنێن؟ بەخۆی عەمەلی نەمایە، کە دەڵێین (انهاء عملها)، یەعنی لازال عەمەلی هەیە، بەس با ئەو کۆتایی پێ بێنی، نەخێر، هەر (انهاء تواجدها)، خۆی ئێستا ئیش و کاری نەماوە تەواجودی خۆی بکات و، بگەڕێتەوە، عملها یەعنی هێشتا عەمەلەکەی بەردەوامە با تەواوی بکات، لەبەر ئەوە پێویست نییە بە عەمەلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێننەوە، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووبارە فەقەرەکە دەخوێنمەوە، (يطلب المجلس من قوة حفظ السلام انهاء تواجدها في الاقليم والعودة الى الجمهورية التركية الصديقة بعد ان اكملت مهمتها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن بەو شێوەی کە خوێنرایەوە با دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن با دەستیان بەرز کەنەوە، بڕیارەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین.

تکایە سێیەمیش بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانیاً:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بڕگەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً:

ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە چوارەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بڕیارەکە هەموو دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو بڕیارەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، هەموو بڕیارەکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین.

خاڵی سێیەمی بەرنامەی کارمان، گفتوگۆ کردن لەسەر بڕیاری تایبەت بە سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەب کردن لە کوردستاندا، ئێمە پێشنیار دەکەین ئەم خاڵە بکرێتە ئاخیر خاڵ، ئەگەر فریا کەوتین ئەمڕۆ موناقەشەی دەکەین، ئەگەر فریا نەکەوتین ئەیخەینە ڕۆژێکی تر، لەبەر ئەوە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، خاڵی سێیەم تەئجیل دەکەین، دەیخەینە جێی خاڵی پێنجەم، ئێستا خاڵی چوارەم بوو بە سێیەم، پێنجەم بووە بە چوارەم، خاڵی سێیەمی تازە، خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێك بۆ ئەوەی کە ڕۆژی ئازادکردنی عێراق بکرێت بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، تکایە پرۆژەکە بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءًا على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٣ اصدار القرار الاتي:

اولاً:

يكون يوم / / تحرير العراق من النظام الدكتاتوري القمعي عطلة رسمية في الاقليم.

ثانياً:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

ثالثاً:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

رابعاً:

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەری.

**بەڕێز احمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بیروڕای لیژنەی یاساییتان بۆ دەخوێنینەوە دەربارەی ئەو بڕیارە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

کۆنوسی کۆبوونەوە

ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٨ لیژنەی یاسایی کۆبۆوە بە مەبەستی خوێندنەوە و گفتوگۆ کردن لەبارەی ناوەڕۆکی نووسراوی ژمارە ك/٧٢ لە ٢٠٠٣/٥/٧ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، دەربارەی پرۆژەی ڕۆژی ئازاد کردنی عێراق، بکرێت بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دوای لێدوان و تاوتۆ کردنی ڕای لیژنەکەمان و، تێبینی و پێشنیارەکانمان بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ ڕۆژی ئازادکردنی بەغدا، بکرێتە ڕۆژی ئازادی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەم جۆرە کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر جاران ڕەئی دەدەین، بەلاَم کە بیری لێدەکەینەوە ڕەئییەکە وەکو بڵێین بەڕێکی نایەتن، نەبەغدا لە ڕۆژی ٩ی مانگ ئازاد کرابوو، نە عێراقیش ئازاد کرابوو، بەلاَم ڕژێمی بەغدا انهیار کردبوو، نەمابوو، ئینجا دەبێت ئیعادەی نەزەر لەم مەوزوعە بکەینەوە و لە سیغەیەکی باشتری دابنێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ موقتەرحێك هەیە بۆ ڕۆژی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، عەینی ڕۆژی دابنێین، ئینجا انهیاری نیزام دابنرێت یان بە شکلەکی تر بێت، چونکە واقیعەکە بەم شکلە هاتووە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی ئەمڕۆ دیارە پەیکەری سەددام حسێن ڕووخا لە ناوەندی بەغدادا، یەعنی ڕژێم انهیاری کرد، یەعنی عەمەلیەن بەغدا ئازاد بوو، هەموو شتێك تەواو بوو، لە حەقیقەتدا ئەم ڕۆژە نیشانەکەی بەوە دەرکەوت، کە پەیکەرەکە ڕووخا، جا تەسەور دەکەم، ئیختیارێکی موەفەقە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانەش دەکەم کە تێبینیان هەیە، دەربارەی هەموو خاڵەکە با سەبر کەن تا موناقەشەی ئەو خاڵە دەکەین، ئێستا ڕەئیەکە ڕەئی لیژنەی یاسایی بوو لە مەوزوعی هەموو بڕیارەکە، تکایە خاڵی یەکەم لەگەڵ دیباجەکە بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی موناقەشە بکرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

اولاً:

یکون یوم / / یوم تحریر العراق من النظام الدکتاتوري القمعي عطلة رسمیة في الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە پێی ڕەئی ئێوە موقتەرەحەکە بە کامل بخوێننەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ ڕۆژی ئازادکردنی بەغدا، بکرێتە ڕۆژی ئازادی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بە عەرەبییەکەی بیخوێننەوە بزانین دەبێت بە چی؟ چونکە موناقەشە لەسەر ئەم نوقتەیە دەکرێت، ئەگەر هەتانە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە عەرەبییەکەی نیتمان، بەڵام بە عەرەبییەکە وای لێدێت، ئەگەر مەجالمان بدەن بخوێنینەوە.

اولاً:

یکون یوم ٩/ ٤ یوم تحریر بغداد من النظام الدکتاتوري القمعي عطلة رسمیة في الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە، با دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، بەڕێز کاك احمد شریف، فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کە پایتەخت گیرا، مانای وایە وڵات هەمووی سقوت دەکات، ئیعتیادی بۆیە ئێمە ٤/٩مان داناوە، چونکە لە ٤/٩ سوپای ئەمەریکی بە تەواوی دەستی بەسەر زۆربەی ناوچە گرنگەکانی

بەغدا داگرت و، پەیکەری دیکتاتۆریان هێنا خوارەوە، هەموو تەلەفزیۆنەکانی جیهان پێشانیاندا، بۆیە ئێمە لە لیژنەی یاسایی کە ئەم بابەتەمان موناقەشە کرد، پێمان وابوو گرتنی بەغدا، داگیر کردنی جێگا گرنگەکان، هێنانە خوارەوەی پەیکەری دیکتاتۆر، بە رۆژی ئازادی عێراقمان دانا، ئەوە رەئی ئێمە بوو، جا نازانم برادەران رەئیان چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئەم برادەرەش بەحس کری و، جەنابێتەش کەرەم کری، کە فعلەن پایتەختێ رەمزێی خۆی هەیە، رەمزێکی سولتەیە، گرتنا پایتەختێ فعلەن دەلیلە بۆ انهیار سولتەی، دەلیلە کو ژی ئازادیێ، لڤێرێ من پێشنیارێك ژ هەی، خۆزگە تالەما مە کو ئیهتیمام پێ کری بۆ مە گرنگی پێدا ئەسبابەکی موجەبە، وەلەو دووسێ درش بۆ دانێین، بۆ مە ئەڤ رۆژەکە عوتلە لکوردستانێ، زۆر پێتکوڤی دزانم، کۆ ئەڤە ئەسبابێ موجەبە هەبت بۆ ئەڤ بریارێ.

دوو، کو زێدە تر فعلەن، ئەگەر قواتێ تەحالوفێ، فعلەن ئەوان ئازاد کردن عێراق، ئەگەر قواتێ تەحالوفێ داڤان، نابێت قەناعەتێ نە هێزێکی عەرەبی، نە ئیسلامی، نە ئەجنەبی، ممکنە نەبی داڤان کرنێ، وەکو راستی واقعی بێتە کرنێ، من پێشنیار دەکەم ئەڤ کەلیمە بێتە ئیزافە کرن، (من النظام الدكتاتوري القمعي من قبل قوات التحالف) و، یەعنی تەحدید بکرێت کە قواتی تەحالوف ئازادی کرد، ئەڤ رۆژانێ عێراڤیش ڤێرێ سیستەمێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عماد احمد، فەرموو.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، بەراستی ئەم مەسەلەیە زۆر ملح نییە کە ئێمە ئێستا بڕیاری لەسەر بدەین، ئیمکانە جیاوازیشی هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر بڵێین ٩ی مانگ، ٩ی مانگ هەر هەموو شارەکانی خۆمان وەکو کوردستان رزگار نەبوو، یەعنی ئێمە بۆ کەرکووك موسڵ و، سنجار و، شوێنەکانی خۆمان کە ئەو کاتە ئێمە بڵێین بەو رۆژە فەخر بکەین و، ئەو شوێنەمان رزگار نەبووە، ئەوە لایەك، دوو، چاوەڕوان بکەین بزانین خەڵکی عێراقیش، ئێمە خۆمان لە زیمنی عێراقین، ئێمە رۆژێکمان دانا لە پەرلەمانی عێراقی ئایندە رۆژەکی تر بوو، خیلافێکە، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم، کە جارێ سەبر کەین، ئەمە هینێك نییە، ئەگەر تەئخیری بکەین تەئسیرێکی هەبێت، بیهێڵینەوە بۆ رۆژگارێك کە تەفاهوومێك لەبەینی ئێمە و لایەنە عێراقیەکەش هەبێت، رۆژێك ئیختیار بکەین، ئیحتیمالە رۆژی گرتنی سەددامیش ببێتە حادیسەیەك لە حاڵەتەکان، یەعنی شتێك بێتە پێشەوە، ئەوە باشترە لەوەی کە ئیمرۆ قەرارێك بدەین، کە ئیمکانە نەگونجێت لەگەڵ هینەکەی عێراقدا، یان خەڵك بە نەوعێکی تر تەفسیری بکات، بڵێت ٩ی مانگ خانەقین و، کەرکووك و شت رزگار

نەبووە، چ فێرێکی پێ ئەکەن، من پێشنیارم ئەوەیە کە کەمێك دوابخرێت و، ملحیش نییە، یەعنی بڵێی تەئسیرێکی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ کاك عیماد، بەڕێز ابراهیم سعید، فەرموو.

**بەڕێز ابرهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی کاك عماد قسەکانی منی گوت، کەوا هێشتا ١١مانگ ماوە بۆ عوتڵە، یەعنی ئەگەر ببێتە عوتڵە، بەس خۆی دوو جانبی هەیە ئەم بڕیارە، ئەگەر جانبی سیاسی وەرگرین، کەوا وەکو پەرلەمانی کوردستان وەکو شوکرەك و تەقدیرەك، بۆ ئەو ڕۆژانەی کە قواتی تەحالوف کە عێراقیان رزگار کرد، ئێمە ئەسبەقیەتێك لەوێ وەرگرین باشە، بەس ئەگەر لە جانبی فەنیی بێت، چ جانبی تەئریخی بیتن چ جانبی فەترە بیتن، ئەگەر جانبی فەترە وەکو گوتم، ١١مانگ هێشتا ماوە، بەلام وابزانم پێویستە نەڵێین عوتڵە رەسمییە، بڵێین عیدا وطنیا وعطلة رسمیة)، بکەینە جەژنێکی نیشتمانیی، بۆ ناوی جەژنی نیشتمانیی نەبێتن لەلای ئێمە، بۆ چی بەس بەتەنها عوتڵەی رەسمی بیتن، وابزانم زیاتر بە قووەت ترە، ئەگەر بیکەینە جەژنەکی نیشتمانیی، بەنەزەری من رۆژی چ ٤/٩بیتن، یان پشتی ١٠رۆژ کە سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا(جۆرج بۆش) ئیعلانی ئینهائی عەمەلیاتی عەسکەری کرد، کە ئینهای عەملیاتی عەسکەری کرد، زۆر کەوتە دوای ٤/٩، تەقریبەن کەوتە نزیکی ٤/٢٠، هەرچەندە کەوتنی پەیکەرەکە ئیعلامی هەژاند، یەعنی دنیای هەژاند، بەلام ئەوی تر کە رەئیسی ئەمەریکا خۆی ئنهای عەملیاتی عەسکەری کرد، بەلام لەلای من زۆر زەرووریيە کە بکرێتە جەژنێکی نیشتمانیی، چونکە ئەم رۆژە بەڕەئی من لە ١٤ی تەمووزیش موهیم ترە، چونکە گۆڕانکاری تێدا هەیە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی حەقیقەت موناقەشەی مەوزوعەکە با بەم شێوەیە بێت، بکرێت یان نەکرێت، ئینجا نەڵێین مەسەلە رۆژێکی خۆشە یان رۆژێکی ناخۆشە، بکرێت یان نەکرێت، بەموختەسەریش، یەعنی شەرحەکان هەمووی دەزانین، من تەسەوڕ دەکەم هەموو بەڕێزەکان هەموو شەرحەکان دەزانن، زۆر بەڕێزیش ناوی خۆیان نووسیوە، بەڕێز کاك د. عز الدین مصطفى رسول، فەرموو.

**بەڕێز عز الدین مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەو رئییەی کە وترا، من هەر ئەوەندە ئەڵێم ئەمە بۆنەیەکی عێراقییە، راستە خۆی هەر بە تەنیا هی ئێمە نییە، کە ئێمە بەتەنیا جەژنێك بکەین، وا بزانم هی عێراقە زیاتر، چونکە بەشێکی زۆری کوردستان ئازاد بوو لەو کاتە، بەشێکی کەم مابوو ئازاد کرا، لەبەر ئەوەی چاوەڕێی پەرلەمانی عێراقی بین، بڕیارێك بدات، لە ئێستاوە پێشنیارێکیان بۆ ئامادە بکەین، چاکترە، جا ئەمەش کام رۆژە؟ جەنابت خەڵکی سلێمانی، لە سلێمانی دەڵێن، سەددام

وتويەتی ئەو پەیکەرەی کە رووخاوە هی من نییە، هی شەبیهەکەمە، بەڵام من رەئیم وایە دوای بخەین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك عز الدین مصطفی رسول، بەڕێز کاك حاکم سەفەر محمد حسین، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

(یکون یوم / / یوم تحریر العراق من النظام الدكتاتوري القمعي عطلة رسمية في الاقليم.)، وابزانم (بعد انهيار النظام في بغداد) تکایە ئەو فەقەرەی بۆ ئیزافە بکرێت، جا عاسیمە ئەساسە بۆ تەغیری هەر رژێمێك، دووەم ئێستا ئەو قەرارە دەربکەین تەئجیلی بکەین، وابزانم ئێستا ئێمە با موبادەرە بکەین و، ئەو قەرارەی دەربکەین، پاشی ئەگەر حکومەتەك دامەزرا، ئەو کاتە ئەگەر دەیکاتە جەژنی وەتەنی یان عوتڵەی رەسمی، ئەو کاتە ئێمەش دەتوانین توزێك تەغیرێکی تێدا بکەین، بەڵام ئێستا ئێمە با موبادەرەیەك بکەین شتێکی زۆر باشە، تاریخییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ناکرێت بە عوتڵەی رەسمی لە عێراقدا، پێش هەموو شتێك دەکرێت بە عوتڵەی رەسمی لە هەرێمی کوردستاندا، جا وابزانم خراپ نییە ئەگەر ئێمە بە پێش پەرلەمانی عێراقی بکەوین، کە هێلکەیەکە نەکراوە هێشتا، بەڕێز کاك نیعمت عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو رۆژە تەحدید کردنی هێشتا رای هەمەلایانەی هەیە، هێشتا ساغ نەبۆتەوە، چ رۆژێکە یان چ رۆژێك نییە؟ بەڵام بەڕێز کاك عماد قسەی لەسەر کرد، ئەمە جارێ پەلەی لێنەکرێت، بزانین مەرکەزو ئەو حکومەتەی کە دێت چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك صباح حسین عثمان، فەرموو.

**بەڕێز صباح حسین عثمان(بهمن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم مەوزوعە تایبەتە بە هەرێمەوە، فعلەن رۆژی ٩ی مانگ رۆژی انهیاری نیزامە، ئەو نیزامەیە نەك رزگاری عێراقە، چونکە دوای ئەو تاریخە، کەرکووك ١٠ی مانگە دوای ئەوە مووسڵە، دوای ئەو تکریتە، زۆر لەو شوێنانە، پێم وایە لە رووی سیاسی هەموومان شعاری ئیسقاتمان وەکو دەڵێن شعاری ئیسقاتی هەدەفی خەڵکی کوردستان بووە، پێش تەحالوف پێشی ئەحزابی عێراقیش، بۆیە ئیحتیفال کردن بەو رۆژە بەس نەبێت، ناوی تەحریری عێراق، بەس ئیشارەتدان بە رووخانی رژێم، ئەو ئامانجە بەدی هاتووە، رووخانی رژێم ئیختیسار کەین، پاشی

هیچ ئیلتیباسی قانونی لە موستەقبەلی عێراق بۆ ئێمە دروست نابێت، لە پەرلەمانی ئایندەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك بەهمەن، بەڕێز کاك محمد امین چەمچەماڵی، فەرموو.

**بەڕێز محمد امین عبدالحكيم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکان هەمووی شتی باشیان لە پیشتەوەیە، بەلام ئیعتیباری ئەم رۆژە، بەرۆژێکی وەتەنی یان جەژنێکی نیشتمانیی، بەڕەئی من شتێکی باشە، خراپ نییە، چونکە ئێمە قانونەکانمان بۆ ئێرە دەردەکەین، بۆ هەرێمی کوردستان نەك بۆ سەرجەمی عێراق، بەلام من پێم وایە سیغەکە وای لێبێت(يعتبر يوم ٩/ ٤/ يوم تحرير العراق من النظام الدكتاتوري )، یەعنی ئیعتیباری ئەو رۆژە بکەین، بە رۆژی تەحریری عێراق، ئینجا دوایی بڵێین (ويكون عيداً وعطلة رسمية)، ئەو پێشنیارەم بەلاوە چاکە و، لەگەڵیشیام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك محمد امین، بەڕێز کاك شێخ مەزهەر، فەرموو.

**بەڕێز مزهر علی مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا ئەو پێشنیارە من کردم، بەلام من نازانم (٩)ی مانگ رووخانی رژێمی رەفتار فاشی بەغدا بوو، پێم وا نییە، ئەگەر بەیانی پەرلەمانی مەرکەزیش دابنرێت (١٠)ی مانگ دابنێت، پێم وایە ئەوانیش هەر (٩)ی مانگ دادەنێن، جا بۆیە من هەر پێم چاکە (٩)ی مانگ بکرێت بە پشووی رەسمی و یادەوەری رووخانی رژێمی رەفتار فاشی بەغدا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شێخ مەزهەر، کاك رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طيب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژا (٤/٩) رۆژا رووخاندنا پەیکەرا سەددام حوسێنێ، رۆژا رووخاندنا کیمیاوییە، رۆژا رووخاندنا زیندانانە، رۆژا نەمانا ئەنفالانە، ئەز دبینم رۆژەکا ستێرەکا گەش ل عاسمانێ عێراقیدا هەلات و، ئەز دبینم کە رۆژەکا دیرۆکیە، یان لە مێژووە ئیدت دیرۆکە عێراقدا، دبینم کە ببێتە جێژنەێکا نیشتمانیی و، ببێتە عوتلەیەکی رەسمی و، پێشنیار دکەم بێژن (يكون ٤/٩ يوم تحرير العراق من النظام الدكتاتوري القمعي عيداً وطنيا وعطلة رسمية) و، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك رەجەب شەعبان، بەڕێز کاك سەعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدى احمد پيره:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

موناقەشەكەی ئێمە لێرە بە ئیتیجاهێكی نادروست دەڕوات، ئێمە موناقەشەكەمان لەسەر ئەوە نییە، نیوەمان موخالیفین و، نیوەمان موافیقین، موناقەشەكەمان لەسەر ئەوەیە، ئەم بۆنەیە، بۆنەیەكی عێراقیە، ئێمە لێرە بڕیارێك بدەین، سبەینێ لە مەركەز بڕیارێكی تر بدرێت، خۆ ناكرێت ئێمە لە یەك وڵات بۆ یەك ڕۆژ دوو بڕیارمان هەبێت، بۆ ئەوەی ئێمە ناچار نەبین ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنینەوە، من پێم وایە لەجیاتی بڕیار بیكەینە پێشنیار، پێشنیار دەكەین كە ڕۆژی (٩)ی مانگ بكرێت بە ڕۆژی ئازادی، چونكە لە ڕۆژی (٩)ی مانگ ڕژێم ئینهیاری كردووەو، دەستپێك بۆ ڕووخانی ئەو ڕژێمە، دەركەوتووە بە ڕووخانی پەیكەری سەددام، چونكە موناقەشەكە بەوە دەڕوات، وەكو تەعریفی ئەو ڕۆژە دەكەن، كە ئەو ڕۆژە چەند گرنگ بووە، هەموومان دەزانین ئەو ڕۆژە زۆر گرنگ بووە، بەڵام ئەم پەرلەمانەمان هەیە، خۆ ئێمە هەموو ڕۆژ ناتوانین بڕیارێك بدەین و دوو بەیانی تەعاروز دەربكات لەگەڵ شتێكی مەركەزی و لێی پەشیمان ببینەوە، یان وەكو كاك عیماد وتی ئەو مەوزووعە تەئجیل بكەین، چونكە مەوزووعێكی ئانی نییە، یان لەجیاتی بڕیار بیكەینە پێشنیار، ئەو دوو مەوزووعەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك سەعدی، بەڕێز كاك د. نیاز فەرمو.

**بەڕێز د. نیازجميل میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر باسی ئەو مەوزووعەیان كرد، هی منیش هەر هەمان شتە، بەڵام منیش بەڕاستی ڕۆژەكەم زۆر لەلا دیار نییە، چونكە مومكینە دەوڵەتە هاوپەیمانەكان ڕۆژی دەست پێ كردنی ئۆپەراسیۆنەكەیان پێ ڕۆژی تەحریر بێت، مومكینە پەرلەمانی پاشەڕۆژی (بەغدا) عێراق یەعنی ڕۆژێكی تر دابنێت، ئینجا لەبەر ئەوە مەسەلەی پەیكەرەكەش، خۆ پێش پەیكەرەكەی بەغدا لە بەسرەش پەیكەری سەددام ڕووخاندرا، لەبەر ئەوەی پێم باشترە یەكەم جار ئەوهای لێ بێت (يكون يوم ٢٠٠٣/٤/٩ يوم تحرير بغداد من النظام الدكتاتوري القمعي عيداً قومياً وعطلة رسمية في الاقليم)، یەعنی شتێك وا تایبەت بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ د. نیازی، بەڕێز كاك د. ئیدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادى صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا عێراق هەمووی ئازاد كراوە، بەڵام حكومەتی كاتی بەم زووانە تەشكیل دەبێت لە بەغدا، مومكینە دوو هەفتە یان سێ هەفتەی تر لە ماوەی ئەم مانگە، ئێمە كۆكین لەسەر (٩)ی مانگ، بەس مومكینە خیلافی هەبێت لەگەڵ ئەوان چ ڕۆژێك دادەنێن، هەر بڵێین (يوم تحرير العراق من النظام الدكتاتوري القمعي عطلة رسمية)، یەعنی (٩)یەكە دانەنێین، ئەوجا ئەوان چ ڕۆژێكیان دانا، ئەو كات ئەو ڕۆژە دەبێتە پشوویەكی ڕەسمی، بەڵام ئەگەر وا نەبێت، دەبێت ئەوە بكرێتە

دوو فەقەرە یەکەمیان تەحدیدی (٩)ی مانگ بکەین بە (یوم تحریر العراق)، دووەم فەقەرەی ئەلف و بای هەبێت، ئەو رۆژە بکرێتە پشووی رەسمی، هەردووکیان دەمج کراوە لە یەك خاڵ، یەعنی یان دەبێت ئێمە فەقەرەی یەکەم ( یوم تحریر)ەکە بکەینە پشووی رەسمی بەبێ ئەوەی تاریخەکە بڵێین، ئەگەر تاریخەکەمان گوت، تاریخەکە بکەینە (یوم تحریر)، ئەوجا ئەو رۆژی تەحریرە بکەینە پشووی رەسمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ د. ئیدریس هادی، بەڕێز کاك سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم ئەوە بوو، لە فەقەرەی یەکەم نووسراوە (یکون)، لەباتی (یکون) بکرێتە (یعتبر یوم ٤/٩ عطلة رسمیة) و، بێجگە لەوەش بە قەناعەتی من ئەو بڕیارە دەربچێت باشترە، چونکە ئەگەر ئێمە چاوەڕێ بکەین پەرلەمانی عێراقی دابنرێت، پەرلەمانی عێراقی جارێ هەتا دوو ساڵ فەترەی ئینتیقالیە، هەتا ئینتیخابات دەبێت و، هەتا پەرلەمان دادەنرێت، یەعنی نەك (١١) مانگ، بەڵکو مومکینە دوو ساڵی زیاتر پێ بچێت، باشە ئەگەر موناسەباتی ئەو رۆژە هاتەوە دووبارە، ئایا ئێمە چی دەکەین؟ ئاهەنگ ناگێڕین بەو رۆژە خۆشە لە چەنگ دیکتاتۆر رزگار بووین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سەعید یەعقوبی، بەڕێز کاك سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ پێشەکی حەز دەکەم باسی خۆمان بکەین وەکو سەلاحیات، ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا ئەم بڕیارە دەردەکەین و، لێرە نافیزە، پێم وایە هیچ تەعاروزێکیش دروست ناکات، سبەی رۆژ مەرکەز بڕیارێك دەدات، ئێمە وەکو هەرێمێکی فیدراڵی بەگوێرەی ئەو عورفانەی کەوا هەنە سەلاحیاتی خۆمانە بڕیارێك دەربکەین و مومارەسەی بڕیاری خۆمان بکەین، ئەوە یەك.

خاڵی دووەم: دەربارەی فەقەرەی یەك بۆ صیاغەکەی من پێم باشە بەم شێوەیە بێت ( یعتبر یوم ٤/٩ یوم إنهیار النظام الدکتاتوری القمعي ویکون عطلة رسمیة في الاقلیم) یان ئاهەنگ دەکرێت، یان هەر چۆنێك دادەنرێت، بەس ئیعتیبار بکرێت (٤/٩ یوم إنهیار النظام الدکتاتوري القمعي) لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سیروان کاکەیی، ئەوانەی ناویان نووسرا بوو هەموو قسەیان کرد، فەرموو کاك لەتیف.

**بەڕێز لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پرۆسەی ئازادی کوردستان و عێراق، دۆزینەوەی ئەو بیردۆزەیەی، کە دۆزراوە بەو شێوەیە عێراق ئازاد بکرێت و، کوردستانیش لەگەڵدا بێت و، بوونی بۆ تەنفیز کردن، جێ بەجێ کردنی، کە جێ بەجێش کرا، ئافەرینەیەك وەك شێوەی جائیزەیەك لە جائیزەکانی مافی مرۆڤ و، یان لە شێوەی جائیزەی نۆبل و ئەوانە، ئافەرینەیەك بدرێت بەو کەسانە، یان بەو لایەنانە، یان ئەو کەسانەی لەناو چەند لایەنێك بوون، کە توانیان قەناعەتی نیوەی جیهان بێنن، یان ئەوانەی کە توانیان هەموو قەناعەتی جیهان بێنن، شتەکەیان بە کردەوە جێ بەجێ کرد، ئەوانەی ئەو بیردۆزەیان دۆزییەوە، جا کەسەکان کورد بن لە چەند لایەنێك بن، یان چەند لایەنێك بن، ئافەرینەیەکیان لێ بدرێت و شێوە جائیزەیەکیان هەبێت، وەك جائیزەی نۆبل و ئەوانە، چونکە ئەوە هەموو مافەکانیان کۆکردەوە، مافی مرۆڤ و، مافی ئاشتی و، مافی تەحریر و، مافی ئافرەت، هەموو شتەکانی تێدا کۆبووتەوە، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك لەتیف، قسەی زیادی تیا ناکرێت، مەوزووعەکە ئەوە نییە، ئەگەر حەز ناکەن بیکەین بە پشوو، ناکەین بە پشوو، پێش ئەوەی کاك شێروان جەنابت قسە بکەی، لە حەقیقەتدا ئێمە وا لێرە دانیشتووین، جارێ پێش هەموو شتێك نیزامێك هەیە ئیشی لەسەر دەکەین، بەپێی پێشنیاری پەرلەمانی بەڕێز، کە داوای کرد ئەو رۆژە بکرێت بە پشوو لە کوردستاندا، مەوزووع خرایە جەدوەلی ئەعمالەوە، داوا کرا کە دە ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پرۆژەیەك تەقدیم بکەن ئیمزای لەسەر بکەن، لە هەردوو کوتلە، دە ئەندامی بەڕێز خۆیان هیلاك کرد و پرۆژەیەکیان ئامادە کرد و ئیمزایان لەسەر کرد، پاشان خوێندنەوەی یەکەمی کراوە لە پەرلەمان، کە پرۆسەکە رۆیشتووە، تەحویلی لیژنەی ئەساسی پەرلەمان کراوە، کە لیژنەی یاساییە، لیژنەی یاسایی نەك ئیعتیرازی لەسەر نەبووە، بەڵکو تەسنیەی کردووە، تەئکیدی کردووە، بۆیە خراوەتە جەدوەلی ئەعمال، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەمە کە واجیبی ئێمەیە بەڕێوەی دەبەین، ئەو پرۆسە بەڕێوە ببەین، ئەوە یەکێکیان.

دوو/ ئێمە بڕیارەکە و پێشنیارەکە بەو شێوەیە نییە، بکرێت بە جەژنی نیشتمانیی، یان قەومی، یان نازانم چی عێراقی، بەڵکو ئەو رۆژە لە کوردستاندا ئیعتیبار دەکرێت بە رۆژی ئازادی عێراق، رۆژی تەحریری عێراق و، لە کوردستاندا ناو دەنرێت بە رۆژی ئازادی، دەکرێت بە پشوو لە کوردستاندا، هیچ عیلاقەی بە شوێنی ترەوە نییە، شوێنی تر رۆژی تر دەکات، ئەو وەختە ئێمە ئەو رۆژەش دەکەین، یان ناکەین پەیوەندی بە ئێمەوە دەبێت، یەعنی لە ناحیەی قانونییەوە هیچ ئیشکالێکی تێدا نییە.

خاڵی سێیەم/ کە لەلای من لە هەمووی گرنگترە، لە حەقیقەتدا ئەگەر بیری لێ بکەینەوە هەر یەکێك لە ئێمە و، هەر یەکێك لەوانەی دانیشتوون بیر لە هەموو پرۆسێسی شەڕەکە بکەینەوە، یەکەم رۆژ کە شەڕەکە دەستی پێ کرد، تا ئەمڕۆ چاومان بنوقێنین چی دەبینین، پەیکەرەکەی سەددام دەبینین، کە رووخاوە هاتۆتە خوارێ، هەندێ کەسیش دەبینین کە رای دەکێشن، یان بە

نەعل پیای دەکێشن، کومەی خۆشی ئیشەکە هەمووی ئەوە بووە، جا ئەوە لە حەقیقەتدا هەموو کوردێك هەستی بەوە کردووە، هەموو کوردێك خۆشیەك چووە بەدڵیدا، ئەوە رۆژێکی خۆشی و ئازادییە، ئینجا دەتانەوێ بیکەن بە پشوو لە کوردستاندا، بەدەستی ئێوەیە بڕیاری لێ بدەن، ناشتانەوێ بیکەن بە پشوو لە کوردستاندا، هەر بەدەستی ئێوەیە بڕیارەکەی لێ بدەن و، هیچ ئیشکالێکیش نییە، بڕیارەکە سەر دەکەوێت، یان سەر ناکەوێت عایدی خۆتانە، بەڕێز کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماوەیە ئێمە زۆر دەست پێشخەریمان کردووەو، خوا وای کردووە لە هەمووان موەفەق بووینە، بە تەسەوری من لەوەش ئێمە دەست پێشخەری بکەین و، بیکەین بە پشوو و، مەردودیشی بە ئیجابی دەگەڕێتەوە سیاسیەن بۆ سەر ئێمە، بۆ هەر ئێمە مەقەلید بین، بزانین بەغدا چی دەکات، ئێمەش بیکەین، با ئێمە بیکەین، ئەوان سەیری ئێمە بکەن، یەعنی بۆ ئێمە راوەستین، ئەوان رۆژێك تەحدید بکەن، یان نەکەن، بۆیە بە تەسەوری من ئێمە بیکەین بە پشوو زۆر ئیجابی دەبێتن و، ئێمە پێشنیارێکمان گەڵاڵە کردووە، ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێیان پەسند بێت دەیخوێنینەوە، با بدرێتە دەنگدان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شێروان، فەرموو بیخوێنەوە، جارێ بیخوێنەوە، دەنگدانەکە بیری لێ دەکەینەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(یکون یوم او یعتبر یوم ٢٠٠٣/٤/٩ یوم تحریر العراق من النظام الدکتاتوري القمعي عطلة رسمیة في اقلیم کوردستان العراق ویسمی بیوم الحریة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم کیفایەت موناقەشەی لەسەر کرا، بەس رێگا دەدەین بە دوو بەڕێز لە هەر کوتلەی یەکیکیان، بەڕێز کاکە عیماد با قسەی تیا بکات.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە دەڵێین رۆژی تەحریری عێراق، ئەو رۆژە کە بە (٩)ی دادەنێین، من شارەکەی خۆم خانەقین لە ژێر دەستی حکومەت بووە، کەرکووکی قودسی کوردستان و دڵی کوردستان لەژێر دەستی حکومەت بووە، جارێ رزگار نەبووە، من چۆن دەتوانم ئەو ئیعتیبارە بۆ هەموو عێراق دابنێم و، ئەو شارانەی خۆمیش، کە شاری کوردستانن جارێ رزگار نەکراوە، من دان بەوە دابنێم کە رزگار بووە، یەعنی هەتا کە من دەڵێم من لەگەڵ بڕیارەکەم، بەس ئایا ئێمە شتێك بکەین وازیح بێت، ئەگەر تۆ دەڵێی رزگار کردنی بەغدا، قەیدی ناکات ئەوە ئیعتیبارە، بەس بڵێی

عێراق بەشەکەی خۆم رزگار نەبووە، منداڵێك لە کەرکووك دەڵێت ئەو رۆژە لە کەرکووك بەعسیەکان لێرە بووینە، جاریٚ نەهاتوون، بۆ ئەم رۆژە دانراوە، من هەر پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەگەر بڕیارەکەش دەدەن بیکەن بە بەغدا، بیکەین بە رووخاندنی نیزام، یەعنی شتێك بکەین کە ئیعتیبارێك هەبێت، ئێمەش هەندیٚ جار دەڵێین با دەست پێشخەری بکەین، یەعنی هەندیٚ جار هەیە ئێمە کامل و وازیح شتەکەمان بێت لەوە باشترە کرچ و کاڵ بێت بەیانی یان دوو بەیانی دەستکاری لیٚ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك عیماد، تکایە قسەی تیا مەکەن بەڕێز کاك کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٩)ی مانگ کە نیزام لە ساحە نەما، خۆ فیعلەن نیزام لە ساحە نەما، جگە لەوەی کە نیزام رووخا و ئینهیاری کرد نیزام لە ساحە نەما و، ئەو شارانەی کە ئێستا ئێمە ناوی لیٚ دەنێین تەحریر، ئێمە نەچوو بووین، ئەگینا تەحریر ببوو، چونکە تەقریبەن تەقە لە عێراق نەما بوو، تەقریبەن پاشی (٩)ی مانگ تەقە لە عێراق نەما بوو، ئەوە یەك.

دووەم: ئەگەر ئێمە ئیعتیبارێك بۆ قوواتی حولەفا بکەین، ئەوان ئیعلانیان نەکرد، مومکینە هەندێك ئیعتیباراتی قانونی دەولی بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرا بێت، چونکە لەوانەیە هەندیٚ مەسەلەی ئەسیرەکان هەبووە، مەسەلەی ئیتیفاقی جنێف هەبووە، ئەوان ئیعلانیان نەکرد، بەڵام (٩)ی مانگ مەوزووعەکە تەقریبەن هەموو شتێك کوتایی پیٚ هات،' تەقەك لەویٚ، یان دوو تەقە ئەوە ئیعتیبار ناکرێت، کە تەحریر نەبووە، لەبەر ئەوەی بە رەئی من لە

(٩)ی مانگ عێراق تەحریر بووە، هیچ مەشاکیل نەما، چونکە نیزام لە ساحە نەما، لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیارەی برادەران کردیان بڵێین ئیعتیباری بکەین (يعتبر يوم ٢٠٠٣/٤/٩ يوم تحرير العراق ويكون عطلة رسمية في العراق)، ئەوجا چ ناوی لیٚ دەنێین بە (اسم الحرية) شتێکی زۆر جوانە (يوم الحرية)، چونکە لە ئەساسەوە حەملەکە حەملەیەکی حوریەی عێراق بوو، لەبەر ئەوەی ناوی لیٚ بنێین (يوم الحرية) شتێکی زۆر جوانە، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك کاکەڕەش نەقشبەندی، گوتمان رێگا دەدەین لە هەر کوتلەیەك یەکێك قسە تێدا بکەن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، بەس بۆ کاك سالار رێگا دەدەین فەرموو.

**بەڕێز سالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەش بە حاڵی خۆم زۆرم بەلاوە گرنگ نییە بکرێت، یان نەکرێت لەڕاستیدا، بەڵام کە ئەشیکەن شتێکی وا، با ئەوەندە تۆخی نەکەینەوە بەڕاستی، (عيد الحرية) بەنیسبەت منەوە وەکو کورد، ئەوە (عيد الحرية) شتێکی ترە، لەبەر ئەوە لەویٚ (عيد الحرية)یەکەی لابەن، با پشووی

رەسمی بێت، یان شتێك بێت، ئەوە واریدە لەبەر ئەوە تۆخی نەكەینەوە بەو دەرەجەیە، چونكە دنیا هەر وا نابێت، نازانین چۆن دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك سالار، (یوم الحریة) لایبەن، ئەگەر ئێوە مانعتان نییە، بیخنوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو بیخوێنەوە تكایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اولاً: یكون یوم ٤/٩ یوم تحریر العراق من النظام الدكتاتوري القمعي عطلة رسمیة في اقلیم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خاڵی یەكەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، چوار دەنگ دژی بوو، زۆر سوپاس، خاڵی دووەم تكایە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

ثانیاً: لا یعمل بأي نص یتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو خاڵە؟ تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خاڵی دووەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، خاڵی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، خاڵی سێیەم.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفیذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو خاڵە؟ تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خاڵی سێیەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، خاڵی سێیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، خاڵی چوارەم تكایە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

رابعاً: ینفذ هذا القرار إعتباراً من تأریخ صدوره وینشر في جریدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خاڵی چوارەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، خاڵی چوارەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا. هەموو بڕیارەكە دەخەینە دەنگدانەوە، بەس لێرە پرسیارێكمان هەیە، ئایا بڕیار بێت یان قانون؟ لیژنەی یاسایی، عادەتەن پشوو بە قانون دەكرێت.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ با بە قانون بێت، هیچ ئیشكالی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی هەیمەنەتی هەیە لە مەوزووعەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەموو یاسایەكە دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە هەموو یاسایەكە پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە هەموو یاسایەكە پەسند ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، پێنج دەنگ دژە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاستان دەكەم.

خاڵی چوارەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنە لەسەر پێشنیاری بڕیارێكی تایبەت دەربارەی دیاری كردنی چارەنووسی یاسایی دەست و پێوەندەكانی رژێمی دیكتاتۆریی پێشوو، كە لە (٤/٩)دا رووخا، تكا لە ئەندامێكی بەڕێزی ماڤ مرۆڤ دەكەم بفەرمووێتە سەر سەكۆیەكە، ئەندامێكی بەڕێز یا دوو ئەندامی بەڕێز هیچ موشكیلە نییە، هی ماڤ مرۆڤ، لیژنەی یاسایی تكایە رەئیتان دەربارەی پرۆژەی بڕیارەكە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرۆژەی ئەسڵی ئیحالەی ئێمە كراوە، لە لایەن دەستەی سەرۆكایەتیەوە، دوای ئەوەی كە موناقەشەمان كرد و، گفتوگۆمان لەسەر كرد، بەشێوەیەكی تێرو تەسەل، ئێمە پێشنیارێكمان ئامادە كردووە، ئەو پێشنیارە، پێشنیارێكی تەفسیلییە و، داوا دەكەین لە دەستەی سەرۆكایەتی كە بخرێتە موناقەشە، بۆ ئەوەی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە گفتوگۆی لەسەر ئەو پێشنیارە بكرێت و، بڕیاری گونجاوی لەسەر بدرێت، ئەگەر ئیجازەمان بدەیت پێشنیارەكە بە كامیلی بخوێنینەوە، پاشان پێشنیارەكە فەقەرە بە فەقەرە بدەینە موناقەشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان حەیدەری.

بەڕێز شیروان ناصح حیدری

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان - العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

استناداً إلى حكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءأ على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٣/٥/١٢تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم(١٨)لسنة ٢٠٠٣**

**قانون تحديد الوضع القانوني لمسؤولي وأعوان النظام الدكتاتوري البائد**

المادة الاولى:

يحدد الوضع القانوني لمسؤولي وأعوان النظام الدكتاتوري البائد المتواجدين في اقليم كوردستان العراق ممن لم يستجيبوا للعفو العام الصادر بعد انتفاضة عام ١٩٩١المجيدة على الوجه الآتي:

اولاً: يحرم لمدة خمس عشرة سنة من:

١-التصويت والترشيح في الانتخابات العامة وانتخابات المجالس المحلية والبلدية والجمعيات والنقابات وعضوية مجالس إدارة المؤسسات والشركات العامة والمختلطة.

٢- تولي الوظائف الإدارية والسياسية.

٣-حمل او حيازة السلاح.

٤-حمل الاوسمة والنياشين والأنواط والتمتع بالحقوق والامتيازات الممنوحة له بموجبها.

٥-حق الانتماء الى الأحزاب السياسية ومنظمات حقوق الإنسان والقيام بأي نشاط سياسي.

٦-تملك وسائل الإعلام(الراديو- التلفزيون الصحف.المجلات ووسائل التأثير على الرأي العام او العمل فيها بأي صفة كانت.

٧-المشاركة في أي التزام مع الدوائر الحكومية ومؤسساتها والشركات العامة والمختلطة بصورة مباشرة او غير مباشرة.

٨-العمل في الوسط الجامعي بأي صفة كانت.

المادة الثانية:

يعتبر من أعوان النظام الدكتاتوري البائد لأغراض تطبيق أحكام هذا القانون:

اولاً: في المجال الحكومي من:

١-شغل منصباً في مجلس قيادة الثورة والدوائر والمكاتب التابعة له.

٢-شغل منصب وزير او درجته.

٣-شغل درجة خاصة في وظيفة ذات صبغة سياسية او كان منحه الدرجة المذكورة لإعتبارات سياسية او أمنية.

٤-عمل في الأجهزة الأمنية القمعية (المخابرات - الأمن الخاص - الأستخبارات العسكرية - الأمن العامة او المفارز الخاصة للأجهزة المذكورة ومستشار أفواج الدفاع الوطني).

٥-عمل أستاذاً جامعياً او معيداً او مدرساً وأرتبط بإحدى الأجهزة الأمنية.

ثانياً: في مجال أحزاب السلطة من:

١-شغل منصب عضو في القيادة القطرية او عمل في إحدى مكاتبها.

٢-شغل مركز عضو في قيادة فرع او شعبة او فرقة.

٣-كل عضو في الحزب او منتمي له ثبت عليه اضطهاده للمواطنين او ترويعهم او الوشاية بهم او إرهابهم و تسبب بتصرفه اعتقال او تعذيب او قتل احدهم.

٤- انتمى الى تشكيلات فدائيي صدام.

٥- عمل بصفة كادر قيادي في الاحزاب الكارتونية المناصرة لحزب السلطة ( حزب البعث العربي الاشتراكي المنحل).

٦- يثبت ادارته او انتماؤه لحزب السلطة في اقليم كوردستان او استمرار نشاطه بعد انتفاضة اذار ١٩٩١ المجيده.

٧- يثبت عضويته اواشتراكه في فرق الإعدامات.

٨- كان عضواً في المجلس الوطني العراقي اوالمجلسين التشريعي والتنفيذي في كوردستان العراق.

٩- عمل في السلك الدبلوماسي العراقي.

**المادة الثالثة:**

لايجوز اسقاط الحق العام او الحق الخاص بتشريع او قرارلاحق عن كل مشمول بهذا القانون نتج عن تصرفه ازهاق روح انسان او سجنه او تعذيبه.

**المادة الرابعة :**

يعاقب المخالف لاحكام هذا القانون بالحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات.

**المادة الخامسة:**

لايعمل باي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة السادسة:**

على الوزارات والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة السابعة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د.رؤز نوري شاويس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی پێویست بە موناقەشە ناکات، هەمووی بخەینە دەنگدان، هەمووی دەخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاسایەکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز ملا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەمد و سەنا بۆ خودێ پەرلەمانی کوردستانێ دی بڕیاری بدەت، بەرامبەر ڤان ئینسانی خۆفرۆش و دژی گەل و میللەتێ هەتا ڤێ دەقیقێ، جێی شانازی و سەربەرزییە، کو بچین مزگێنی بدەن وا گوڕێ کۆمەکی هاتن کوشتن بە شەڕ دەستی بە خوێنی یەکی تر ڤان خوێن مژە، پێشنیارێکم هەیە، ئەز پێشنیار دکەم پەرلەمانێ کوردستانێ ڤێ فەقەرە ژی بدەت بە ژڤێ قەرارە سەر ئەحزابی کوردی کوردستانێدا، ئاڤان ئینسانا خۆدان نەکر وەکی ئینتیفازێ، جارێ دیکە هەر یەکێ ناڤێکی بۆ دابنێن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی، فەرموو کاك شەفیق.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕیارە زۆر گرنگە، تەبعەن ئێمە دەنگمان لەگەڵدایە، بەڵام ئەوە زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەوەی لەلای ئێمە بوو، ئێمەش پێمان باش بوو، ئەگەر ئێوە ئەم بڕیارەتان بە ئێمە دابووایە، ئێمە دیراسەیەکمان بکردابووایە باشتر بوو، بەڵام یەکەم شت ئەوەیە تەتبیق کردنەکەیەتی، گرنگ ئەوەیە ئێستا بڕیارماندا، ئایا لایەنێکی سیاسی دالدەی ئەو تاوانبارانەیان دا و، تەسلیمی نەکرد، ئایا دەبێت موقیف چی بێت؟ بەڕاستی موقیفێکی بەقووەتی پەرلەمانیمان هەبێت بۆ تەنفیزەکەی، من ڕێزم هەیە بۆ بڕیارەکە، هەمووی ڕێکوپێك و باشە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەڕاستی ئەوانەی دالدەیان دراوە، لەلای حزبەکانە، یان لەلای ئێمەیە، هەموو لایەك هەمانە چییان بەرامبەر بکەین؟ دالدەیان بدەین، ئەمانە تاوانی بەشاهێدیان کردووە، لەبەر ئەوە ئەبێ مەحکەمەی باشیان بۆ دابنرێت، دادگایی بکرێن، ڕێگاو ئیجازەشیان پێ نەدرێت، پێشوازیشیان لێنەکرێت و، ئیحترامیشیان نەگیرێ ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاكەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی خۆی جێگای شانازییە كە ئەو برادەرانە هەمووی بەو ئیندیفاعە بن ، هەموو برادەران بەیەك ئیندیفاع عەلا ئەساس ئەو قانونە بەو شكڵە بكرێت، بەڵام با دەستورەكەی كە لە قانونەكەی ئەساسی پەرلەمانەوە هاتووە، ماددەكان بۆ خۆشیان كورتن هەمووی چوار ماددەیەو وادیاریشە برادەران موناقەشە ناكەن وتەبعەن هەموویان ڕایان لە مەشروعەكەیە، لەبەر ئەوەی مادده مادده بڕۆین و بخوێنرێتەوە وتەصویتی لەسەر بكرێت و بەتێكڕایی دەنگیش دوایی دەنگ بدەن و، زۆر زۆر جێگای شانازی و سوپاسیشە ئەو برادەرانەی كەبەو شكڵەی ئیندیفاعیان كرد، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارەكەی بەڕێز كاكەڕەش بەجێیە، هەرواش ئەكەین، بەڕێز كاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز صباح حسێن عوسمان (بەهمەن) :**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان تەئیدی ئەو پێشنیارەی كاكەڕەش دەكەم، كە بڕگە بڕگە بخوێندرێتەوەو زیاتر ئیهتیمام بەو مەوزوعە بدەین، بەڵام دوو بڕگەم هەیە وەكو بڵێین دوو پێشنیارم هەیە بۆ ئەو مەوزوعە، یەكێكیان مەحكەمەی تایبەت لە عێراقدا دروست دەبێت ئەگەر ئێستا دروست نەبووە، زۆر مەعلومات هەیە بۆ ئەو كەسانەی كە بە (مجرم حەرب لە قەڵەم دەدرێن، ئەمریكا ئەو تەوەجوهەی هەیە، بۆ هەرێمیش ناكرێت ئێمە لە كوردستاندا مەحكەمەی تایبەت هەبێت، ئەوە پێشنیارێكە هەبێت لەڕووی قانونی‌یەوە، دووەم: لەبڕگەیەكدا هاتووە حیزبی بەعسی منحل ئەوە بە ئەمریكیەكانیان وتووە، ئیعلان حیزبی بەعسی منحل، پێویست ناكات لەكوردستانیش ئێمە قانونێك هەبێت بۆ ئەو مەوزوعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئێستا با موناقەشەكە مەفتوح نەبێت با ئیشەكەی خۆمان بكەین، ئەگەر وەڵامێكی ئەو دوو پرسیارەی كاك بەهمەن هەیە فەرموو كاك احمد شریف.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی پێشنیارەكەی بەڕێز كاك بەهمەن، ئێمە لە كوردستان ناتوانین مەحكەمەیەكی تایبەتی دابنێین بۆ ئەوانە، چونكە مەحكەمەی تایبەتی بەپێی قانونی مەدەنی جائیز نییە، ئەمە خاڵی یەكەم. خاڵی دووەم: لێرە لە بڕیارەكەدا زۆر ڕوونە، ئەو تاوانبارانە هەر كەسێك شتێكی لەسەریان هەیە، دەتوانێت لەدادگای ڕەسمی، لەدادگای مەدەنی شكاتیان لێ بكات و مافی خۆیان لێ وەربگرێت، هیچ كەسێكیش ناتوانێت پارێزگاریان لێ بكات، وەكو كاك كەمالیش فەرمووی ئەگەر حەشاریان دان، هەر كەسێك ئەو تاوانبارانە حەشار بدات بەپێی یاسا سێ ساڵ حوكم دەبێت،

کەس ناتوانێت دیفاع لەو تاوانبارانە بکات، کەسیش ناتوانێت پەنایان بدات، نەحیزب ونە ئەشخاص، هەر کەسێك دالدەیان بدات چ حیزب بێت چ ئەشخاص بێت چ مەسئول، دەتوانی لە مەحکەمە شکات لەو مەسئولە لەو حیزبە بکەیت و، ئەوە بەپێی ئەم یاسایە کە یاسای پەرلەمانی کوردستانەو بەگشتی دەنگ هەموو ئەندامانی پەرلەمان بڕیاریان لەسەر داوە، پێم وابێت کەس ناتوانێت تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە بکات و بەرامبەر دادگا بوەستێت، بۆیە من پێم وابێت مەشروعی قەرارەکە بڕیاری لە سەر درا وبڕایەوە بەگشتی و، ڕاستە فەقەرە فەقەرە بەپێی یاسا قسەکەی جەنابی کاکەڕەش تەواوە، کە ئەگەر فەقەرە فەقەرە موناقەشەی بکەین باشترە، بەلأم مادام وایە با ئەم قەرارە وا دەرچێت، یەعنی ئەم قەرارە کە بەگشتی بڕیارتان لەسەر داوە، فەقەرە فەقەرە بیخوێنینەوە و دیسان هەر عەینی بڕیاری لەسەر ئەدەنەوە، خۆ لە بڕیارەکەی خۆتان پەشیمان نابنەوە، بەڕەئی من ئەوەش هەر دەبێتە شتێکی زیادو وەخت کوشتن، ئەگەر ئێمە فەقەرە بەفەقەرە بیخوێنینەوەو دووبارە موناقەشەی بکەینەوە، چونکە بۆ خۆتان بەگشتی چەپڵەتان لێدا، هەمووتان پێی ڕازینە، بەدڵی هەمووتانە، بەدڵی هەموو کوردە، بەدڵی هەموو ئینسانێکی نیشتمان پەروەرە، بۆیە من پێم وا بێت وەخت کوشتنە، ئەگەر نا پێویست بە هیچی تر ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حسن کانبی فەرموو.

**بەڕێز حسن کانبی خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕیارە بڕیارێکی زۆر باشە، زۆر ڕێکوپێکە هەموو کەس دڵی پێ خۆشە، بەلأم لێرەدا ئەو تاوانبارانە کە یەکێ شکاتی لێ کردن، حکومەتی هەرێم دوو ئیدارەی هەیە، ئیدارەی سلێمانی و ئیدارەی هەولێر فەرزکە حاکمی تەحقیقی هەولێر قرارێکی دەرکرد، ئیلقائی قەبزێکی دەرکرد، ئەوە لەسلێمانی و لە هەولێرو لەدهۆك لەهەر جێگایەك لە کوردستانی عیراق دەبێت قەراری تەنفیز بکرێت وبگیرێت، کەس موعارزی قەراری ئەو حاکمە نەبێت، بەتەواوی بەڕێکوپێکی ئەگەر یەك ئیدارە بێت، قەراری حاکمی کۆیە بووایە فەرزکە لە هەموو عیراق پەیڕەو دەکرا، کەس نەیدەتوانی ڕێی لێبگرێت، بەلأم من دەترسم لێرە حاکم تەحقیقی هەولێر قەرارێك دەربکات لە سلێمانی تەنفیزی نەکەن، یان سلێمانی قەرار دەربکات لە هەولێر تەنفیز نەکرێت، بۆ ئەوەی مەجالی هیچ کەس نەدرێت و قەرارەکە تەنفیز بکرێت و، هەموو مەڵبەندەکان، هەموو ناوچەکان، لقەکان تەنفیزی قەراری ئەو حاکمەی بکەن، لە گەڵ دەسەلأتی تەنفیزی کە هەیە قەراری حاکمەکەی تەنفیز بکەن و بەڕێکوپێکی وئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عیبرە بەنسبەت جەریمەکەی مەحەلی جەریمەیە، ئەگەر لەناوچەکانی ئیدارەی سلێمانی جەریمەکە ڕوویدابێت، ئەوە مەحاکمی سلێمانی مەسئولە، ئەگەر لە ئیدارەی ئێرە ڕوویدابێت ئەوە ئیدارەی ئێرە مەسئولە، لەناوچەکانی ئێرە ڕوویدابێت. بەڵام ئێستا تەنسیق و هاوکارییەکی زۆر هەیە سەبارەت بە مەحاکم ، چ بەنسبەت ئێرە چ بەنسبەت سلێمانی، مەفروز وایە ئەوامری قەبز لێرە دەربچێت لەوێ تەنفیز بکرێت، لەوێ دەربچێت لێرە تەنفیز بکرێت و، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە دەمانەوێ مەوزوعەکە ببڕێنینەوە لە ڕاستیدا، ڕەئی هەمووتان وابوو موناقەشەی ئەوە نەکرێت، تەصویتی لەسەر بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن. بەڵام لە ڕاستیدا بەپێی نیزامی داخلی، دەبێ مادده مادده تەصویتی لەسەر بکرێت پاشان هەمووی، لەبەر ئەوە ئێمە وای لێ دەکەین مادده مادده دیخوێنینەوەو یەکسەر دەیخەینە دەنگدان، بەبێ موناقەشە هەر قسەیەکی ترتان هەیە دوای ئەوە، هەر تێبینییەکی ترتان هەیە، هەر ڕەئی و دەربڕینێکی ترتان هەیە دوای ئەوە مەجالی قسە لەوەش دەدەین، بەڵام یەکەم جار ئەو پرۆسەیە دەخوێنینەوەو دەیبڕێنینەوە، پاشان وای لێ دەکەین، تکایە ماددەی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

باسم الشعب

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

استناداً إلى حكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم( )لسنة ٢٠٠٣**

**قانون تحديد الوضع القانوني لمسؤولي وأعوان النظام الدكتاتوري البائد**

**المادة الأولى:**

يحدد الوضع القانوني لمسؤولي وأعوان النظام الدكتاتوري البائد المتواجدين في اقليم كوردستان العراق ممن لم يستجيبوا للعفو العام الصادر بعد انتفاضة عام ١٩٩١المجيدة على الوجه الآتي:

أولاً: يحرم لمدة خمس عشرة سنة من:

١- التصويت والترشيح في الانتخابات العامة وانتخابات المجالس المحلية والبلدية والجمعيات والنقابات وعضوية مجالس إدارة المؤسسات والشركات العامة والمختلطة.

٢- تولي الوظائف الإدارية والسياسية.

٣- حمل أو حيازة السلاح.

٤- حمل الأوسمة والنياشين والأنواط والتمتع بالحقوق والامتيازات الممنوحة له بموجبها.

٥- حق الانتماء الى الأحزاب السياسية ومنظمات حقوق الإنسان والقيام بأي نشاط سياسي.

٦- تملك وسائل الإعلام (الراديو ـ التلفزيون ـ الصحف ـ المجلات ووسائل التأثير) على الرأي العام أو العمل فيها بأي صفة كانت.

٧- المشاركة في أي التزام مع الدوائر الحكومية ومؤسساتها والشركات العامة والمختلطة بصورة مباشرة أو غير مباشرة.

٨- العمل في الوسط الجامعي بأي صفة كانت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لەو ماددەیە (اولاً، ثانیاً، ثالثا) هەمووی (واحد، اثنین، ثلاث)هەتا (ثامنا)، بۆیە دەیڵێم هەتا مەحزەرەكە دەنووسنەوە وازح بێت. دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی یەكەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، ماددەی یەكەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی دووەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

**المادة الثانية:**

يعتبر من أعوان النظام الدكتاتوري البائد لأغراض تطبيق أحكام هذا القانون:

أولاً: في المجال الحكومي من:

١- شغل منصباً في مجلس قيادة الثورة والدوائر والمكاتب التابعة له.

٢- شغل منصب وزير أو درجته.

٣- شغل درجة خاصة في وظيفة ذات صبغة سياسية أو كان منحه الدرجة المذكورة لإعتبارات سياسية أو أمنية.

٤- عمل في الأجهزة الأمنية القمعية (المخابرات ـ الأمن الخاص ـ الأستخبارات العسكرية ـ الأمن العامة أو المفارز الخاصة للأجهزة المذكورة ومستشار أفواج الدفاع الوطني).

٥- عمل أستاذاً جامعياً أو معيداً أو مدرساً وارتبط بإحدى الأجهزة الأمنية.

ثانياً: في مجال أحزاب السلطة من:

١- شغل منصب عضو في القيادة القطرية أو عمل في إحدى مكاتبها.

٢- شغل مركز عضو في قيادة فرع أو شعبة أو فرقة.

٣- كل عضو في الحزب او منتم له ثبت عليه اضطهاده للمواطنين او ترويعهم او الوشاية بهم أو إرهابهم و تسبب بتصرفه اعتقال او تعذيب او قتل احدهم.

٤- انتمى الى تشكيلات فدائيي صدام.

٥- عمل بصفة كادر قيادي في الاحزاب الكارتونية المناصرة لحزب السلطة ( حزب البعث العربي الاشتراكي المنحل).

٦- تثبت ادارته او انتماؤه لحزب السلطة في اقليم كوردستان او استمرار نشاطه بعد انتفاضة اذار ١٩٩١ المجيده.

٧- تثبت عضويته اواشتراكه في فرق الإعدامات.

٨- كان عضواً في المجلس الوطني العراقي اوالمجلسين التشريعي والتنفيذي في كوردستان العراق.

٩- عمل في السلك الدبلوماسي العراقي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی سێیەم.

**بەڕێز احمد شريف:**

المادة الثالثة:

لايجوز اسقاط الحق العام او الحق الخاص بتشريع او قرارلاحق عن كل مشمول بهذا القانون نتج عن تصرفه ازهاق روح انسان او سجنه او تعذيبه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی سێیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی چوارەم.

**بەڕێز احمد شريف:**

المادة الرابعة :

يعاقب المخالف لاحكام هذا القانون بالحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوارەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی چوارەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

المادة الخامسة:

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنجەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی پێنجەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

المادة السادسة:

على الوزارات والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەشەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی شەشەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز احمد شریف:**

المادة السابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوتەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی حەوتەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یاساکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین.

بەڕێز کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتی دەکەین کە ئەم بابەتە گرینگ و مێژووییەی ئەمڕۆی خستە بەرنامەی کارەوە بۆ وتووێژو بڕیاردان لەسەری و، هەروەها سوپاسی دڵ گەرمی و دڵسۆزی

ئەندامانی هەردوو فراکسیۆنی سەوز و زەردو لیستی مۆر دەکەم، کە بەو دڵ گەرمییەوە پێشوازیان لەو بڕیارە کردو پەسەندیان کرد و ڕای خۆیان لەسەردا، بێگومان ئەوە ڕۆژێکی مێژوویی خۆشە کە لە مێژووی کوردو کوردستاندا یادگاریەکی خۆشی لێ دێتە ئاراوە، بەو بۆنەوەیەوە پێش هەموو شتێك پیرۆزبایی لە کەسوکاری شەهیدانی کوردستان دەکەم، لە هەموو ئەو دڵسۆزانە کە لە پێناوی ئەو ڕۆژەدا خەباتیان کرد، بۆ ئەوەی گەلەکەمان بتوانێ ئازادانە بڕیارەکانی خۆی وەربگرێت، سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەشداریان لەو ڕۆژەیە کرد و، پیرۆزبایی لە جەماوەری کوردستان و عێراق دەکەم بە وەرگرتنی ئەو بڕیارە مێژووییەی پەرلەمان، کە داخواز و ئومێد و ئاواتی هەموو گەلی کوردستانە، سەرکەوتووبن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.ناصح غفور رمضان سەرۆکی کوتلەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز کاك سعدی احمد پیرە.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆژێکی گرینگە ئەمڕۆ لە مێژووی گەلەکەمان، ڕۆژێکە کە بڕیارێکی دروست بۆ پاککردنەوەی ڕیزەکانی گەلەکەمان و کۆتایی هێنان بە کەلتورێکی نامۆ بە کەلتوری میللەتەکەمان، ئەویش کەلتوری بوون بە داردەستی نەیارەکانی گەلەکەمان و کەلتوری جاشایەتی، بەداخەوە تاکو ئەمڕۆ زۆر هەنگاوی لەو بابەتە هەوڵدراوە بهاویژرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بوو بە موزایەدە لە نێوان هێزە سیاسیەکان و، دەزگایەکی یاسا دانەرو تەشریعی نەبووە، کە مەسەلەیەکی ناسکی لەو بابەتە دوور بخاتەوە لە موزایەدەو موساوەمەی ڕێکخراوە سیاسیەکان، لەبەر بەرژەوەندی تەسکی سیاسی هەوڵ نەدرێ کارێکی جدی و مەنهەجی بکرێت بۆ کۆتایی هێنان بە کەلتورێکی لەو بابەتە نەکراوە، بەڵام ئەمڕۆ شوکر دوور لە دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوە سیاسیەکان، بڕیارێك وەرگیرا کە پێم وایە ئینشائەڵڵا کۆتایی هێنا بە ئەم فەرهەنگە و، ئەو فەرهەنگە نامۆیە بە کەلتوری گەلەکەمان و، هەروەها سەرەتایەکی تازە بۆ خەباتی مەدەنی، خەباتی سیاسی گەلەکەمان دەست نیشان دەکات، بۆیە من زۆر سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم کە ئەو پێشنارەیان هێنا، سوپاسی لێژنەی قانونی دەکەم و، هەموو ئەو لایەنانەی کە خۆیان خەریك کرد بە صیاغە کردنی ئەو بڕیارە، بەڵام لێرەشدا حەز دەکەم ئەوەش بڵێم هەموو ئەندامانی پەرلەمان بەرپرسیارن لە موتابەعە کردنی شێوەی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە و، لە هەمان کاتیشدا لە ئیدارەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەسەریان پێویستە کە ئالییەتێك دانێن بۆ شێوەی جێبەجێ کردن و، ئەو بڕیارە مانای ئەوە نییە کە ئێمە (شریعة الغاب) دانێین هەر ئەندامێکی پەرلەمان خۆی بکات بە حاکم، بەڵکو هەوڵی ئەوە بدەین هەموو هەنگاوەکان چۆن ئێستا لە ڕووی یاساییەوە بە پێی یاسا تاوانباران بانگ دەکرێن، هەوڵدەدرێ تەشخیصی تاوانەکان بکرێت کە کردوویانە، ئاواش لێ بگەڕێن یان هاوکاری بکەن لەگەڵ دەزگاکانی یاسایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق کەوا بە واجیباتی خۆیان هەڵسن، چونکە ئەمڕۆ کورد دەبێ چۆن لە ڕابردوودا لە خەباتی پێشمەرگایەتی و دلێری و قارەمانی و جوانمەردی خۆی نیشان داوە، ئاوا لە هەڵوێستی مەدەنی و پاراستنی

یاساش، پێویسته هه‌ڵوێسته‌كانی خۆی بپارێزێت، چونكه مه‌به‌ستی ئه‌ساسی ئه‌وه نییه ئیشباعی ره‌غبه‌باتی یه‌كێكی رق ئه‌ستوور، كه ره‌نگه به حه‌قیش بێت بكا، به‌ڵكو ئه‌و بڕیاره به مه‌به‌ستی ئه‌وه‌یه كه یاسا جێی خۆی بگرێت، ئه‌و بڕیاره مه‌به‌ستی ئه‌وه‌یه كه كۆتایی بێنێت به ئه‌و فه‌رهه‌نگه نامۆیه و، ده‌ست پێكردنی كه‌لتورێكی تازه له كاروباری سیاسی له‌ناو هه‌رێمی كوردستانی عێراق، بۆ ئه‌وه‌ی كورد له كوردستانی عێراق و، كورد له عێراق به‌گشتی ببێته نموونه بۆ گێڕانه‌وه‌ی یاساو نه‌هێشتنی جیوبی له‌و بابه‌ته، پێم وایه په‌ڵه‌ی ره‌شن له‌سه‌ر مێژووی هه‌ر گه‌لێك كه هه‌بووه، چونكه ئێمه یه‌كه‌م گه‌ل نین شتی وامان لێ ڕوویداوه، له فه‌ره‌نسا هه‌بووه، له ئه‌ڵمانیا هه‌بووه، له یابان هه‌بووه، له هه‌موو ئه‌و وڵاتانه‌ی كه شه‌ڕی دوورو درێژیان هه‌بووه، به درێژایی تاریخ خه‌ڵكی له‌و بابه‌ته‌یان هه‌بووه و، ئه‌وانه سه‌ركه‌وتوون كه به‌و شێوه‌یه موعالجه‌ی موشكیله‌كه‌ی خۆیان كردووه، هه‌ر كه‌سێك هه‌وڵی دابێت كه خۆی بكات به حاكم و شه‌ریعه‌تی غابه به‌كار بهێنێت، نه‌ك هه‌ر سه‌رنه‌كه‌وتووه، به‌ڵكو زیاتر په‌ره‌ی پێداوه و، بۆته كۆسپێكی گه‌وره له‌به‌ر ده‌م سه‌ركه‌وتنی و، هه‌موو هه‌وڵ و ته‌قه‌لاكانی به‌فیڕۆداوه، بۆیه به‌و بۆنه‌یه‌وه پیرۆزبایی له ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی و گه‌له‌كه‌مان و له كه‌سوكاری شه‌هیدان ده‌كه‌م، كه ڕۆڵه‌كانیان به‌ده‌ستی ئه‌و تاخمه یان به فیتی ئه‌و تاخمانه یان به‌زمانی ئه‌و تاخمانه شه‌هید بوون و، ئومێده‌وارم كه یاسا هه‌مان جێگایان بۆ دابنێت كه له ڕووی قانونییه‌وه لایقیانه، زۆر سوپاس.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

زۆر سوپاس بۆ به‌ڕێز كاك سعدی احمد پیره سه‌رۆكی كوتله‌ی كه‌سك، به قه‌ناعه‌تی من له ڕاستیدا سه‌رۆكی هه‌ردوو كوتله ته‌مسیلی ڕه‌ئی هه‌موو ئه‌ندامانی په‌رله‌مانیان كرد. ته‌نها ئه‌گه‌ر ئیزافه‌یه‌كی زیاد له‌و وتانه هه‌بێت كه هه‌ردوو به‌ڕێز پێشكه‌شیان كرد، چونكه ئێمه‌ش به‌چاكی ده‌زانین لێره‌دا كۆتایی بێنین به كۆبوونه‌وه‌كه‌مان، بۆ كۆبوونه‌وه‌ی داهاتوو له ڕێگای ئاساییه‌وه ئاگادارتان ده‌كه‌ین، ئێمه‌ش پیرۆزبایتان لێ ده‌كه‌ین بۆ وه‌رگرتنی ئه‌و بڕیاره گرینگه، ئه‌و بڕیاره ڕاسته و، ته‌مه‌نای سه‌ركه‌وتنی ئاواتان بۆ ده‌كه‌ین له هه‌موو كاره‌كانتان و، عیبره‌تیش له ڕاستیدا له‌وه‌یه ئه‌و یاسایه جێبه‌جێ بكرێت، زۆر سوپاستان ده‌كه‌م.

| | |
|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. رۆژ نوری شاوه‌یس |
| سكرتێری ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی | سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی |
| كوردستانی عێراق | كوردستانی عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥)**

**یەک شەممە رێکەوتی ١٨\٥\٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥)ی خولی گواستنەوە

## یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٥/١٨

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٥/١٨ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٢٥)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی(٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢٥)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی

٢٠٠٣\٥\١٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنە ڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیازی بڕیارێکی تایبەت بە سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبکردن لە کوردستاندا.

٢- خستەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەی تایبەت بە سەندیکای پارێزەرانی کوردستانی — عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە ٢٥ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین.

بەڕێزان.

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێك هاتووە.

١- خستنە ڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیازی بڕیارێکی تایبەت بە سڕینەوەی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبکردن لە کوردستاندا.

٢- خستەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەی تایبەت بە سەندیکای پارێزەرانی کوردستانی — عێراق.

لە حەقیقەتدا بڕیاریش وابوو کە کۆبوونەوەکەمان سەعات ١٠دەست پێبکات، بەڵام بەهۆی زیاتر گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەی یەکەم کە پڕۆژەیەکی گرنگە، لە حەقیقەتدا ئەو فەترەیە دواکەوتین، جا داوای لێبوردن دەکەین، بۆ ئەوەی دەست بەکار بین، تکا لە دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم بفەرموونە سەر مەنەسەکە، کاك سعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیشکالێك هەبووە لە دەعوەت کردنی برادەرانی فراکسیۆنی سەوز، ئاگادار کراینەوە کە مێوان دێت و کۆبوونەوەکە بە بۆنەی هاتنی ئەم میوانە بووە، بۆیە من پێم وتبوون کە ڕۆژی یەك شەممە سەعات(٩)لێرە مەوجود بن، دوایی ئاگادار کراینەوە کە کۆبوونەوەکە تەئجیل کرا بۆ ڕۆژی دووشەم، بەڵام نەك لە ڕێگای جەنابت و لە ڕێگای ئیدارەی پەرلەمان، بۆیە برقیەکی لاحق دوێنی پاش نیوەڕۆ لەلای من کراوە، بۆ هەموو برادەرانی تر، دیارە ئەوەی بەرقیەکەی پێگەیشتووە نەهاتووە، ئەوەی پێی نەگەیشتووە هاتووە، خۆزگە بەهەمووی نەگەیشتبوایە و بهاتنایە، ئەو برادەرانەی کە نەهاتوونە لەبەر ئەوەی نییە کە نەیان زانیوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە من پێم وتوونە نەیەن، جا ئەگەر هەر ئیشکالێك هەیە من دروستم کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك سعدی، لە حەقیقەتدا کە ئیعلان دەکرێت کۆبوونەوە هەیە، دەبێت بکرێت، کۆبوونەوە تەنها لەبەر یەك سەبەب ناکرێت، ئەویش نیسابە، ئەگەر نیسابی قانونی نەبێت، ئەو کاتە کۆبوونەوە تەئجیل دەکرێت، یان ئەگەر پێویست کرا تەئجیل ببێت یان بگۆڕێت، لە بەرنامەکەی ئەمڕۆ بڕیاری ئەندامان خۆی دەبێت، جا ئەگەر ئیقتراحی وا نییە کە تەئجیل بێت، ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر ئیشەکەمان، ئیقتراحی واتان هەیە؟

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، ئێمە مەبدەئیەن بۆ ئەو دووخاڵەی کە ئێستا دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و، بڕیاردان، ڕازیبووین و، لیژنەی یاسایی هەردوولا بە کارەکەیان هەڵساون، پێویست ناکات تئجیل بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کەواتە دەست پێدەکەین، لیژنەی یاسایی، تکایە پرۆژەکە بە ڕەئی خۆتانەوە بۆمان بخوێننەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

پرۆژەی نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب، ئیحالەی لیژنەی یاسایی کرا، دوو جەلسە پێشتر و دوای ئەوەی کە ئیحالە کرا، ئێمە بە شکلێکی تەفسیلی دیراسەمان کرد، دوای دیراسەت کردنی ئێستا هەندێ ئیزافاتمان کردووە و، هەندێ دەستکاریمان کردووە، ئەگەر ئیجازە بدرێت بۆتانی دەخوێنمەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان - العراق

استناداً إلى أحكام الفقرة (١ ) من المادة(٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان - العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الآتي:

## قانون

## إزالة الإجراءات القسرية للنظام الدكتاتوري البائد

## لتنفيذ سياسة تعريب في كوردستان رقم ( ) لسنة ٢٠٠٣

المادة الأولى:

تزال جميع آثار الإجراءات القسرية التي اتبعتها الحكومات العراقية الدكتاتورية المتعاقبة لتغيير التركيبة القومية لكوردستان العراق وتعريبها وتعاد الأوضاع الى ما كانت عليه قبل تطبيقها وتتخذ بشأن ذلك مايلي:

أولاً:

رفع اليد عن الأموال المصادرة والمحجوزة بسبب الانتماء القومي أو النشاط المناهض لسياسة النظام الدكتاتوري وإعادتها الى مالكيها الشرعيين.

ثانياً:

اعادة كافة المواطنين من غير الكورد الى مناطق سكناهم التي استقدموا منها إذا كان إسكانهم في كوردستان العراق تنفيذاً لسياسة التعريب في محافظة كركوك والمناطق الكوردية من محافظتي ديالى ونينوى ومشمولاً بإحدى الحالات الآتية:

١-استقدامه وإسكانه في كوردستان بهدف تبعيث مواطنيها.

٢-العمل في الأجهزة الأمنية القمعية(الأمن الخاص ،المخابرات ، الاستخبارات العسكرية ،الأمن العام ، فدائيي صدام).

٣-العمل في أجهزة ودوائر قوى الأمن الداخلي.

٤-لمصادرة حق مواطني المنطقة في التوظف والحلول محلهم في اشغال الدرجات الشاغرة.

٥-الحلول محل أحد الموظفين من السكان الأصليين للمنطقة لنفي أو نقل الأخير الى خارج المنطقة أو طرده من الوظيفة أو فصله أو إحالته على التقاعد أو حبسه.

٦-العمل ضمن تشكيلات قوات الحرس الجمهوري للاشتراك في حملات الإبادة في كوردستان.

٧ العمل ضمن الوحدات العسكرية في الجيش العراقي المشاركة في حملات الإبادة في كوردستان.

٨- استقدامه ضمن موجات الهجرة الرسمية المنظمة إلى كوردستان في المحافظات الأخرى تنفيذاً لسياسة التعريب سواءً كان المستقدم متطوعاً أو مقابل امتيازات مادية أو معنوية.

المادة الثانية:

العودة الى استعمال أسماء المواقع والمناطق والقرى والقصبات والمدن والنواحي والأقضية التي كانت سائدة قبل تعريبها.

المادة الثالثة:

يعاد ارتباط القرى والمدن والوحدات الإدارية المستقطعة من محافظات كوردستان الى ما كانت عليه قبل أتباع السياسة القسرية لتغيير التركيبة القومية لمحافظات كركوك- نينوى- ديالى.

المادة الرابعة :

تعاد الهوية القومية لكل مواطن في كوردستان أجبر على تعريبها.

المادة الخامسة:

يستثنى من أحكام هذا القانون المواطنون العراقيون العرب المستقرون في المناطق المشمولة بإجراءات التعريب في الحالتين الآتيتين:

١- إذا كان المواطن العربي من سكنة كوردستان ومتواجداً فيها في عملية الاحصاء العام للسكان لعام ١٩٥٧.

٢- إذا كان قد أستقر في كوردستان ونقل سجله للأحوال المدنية إليها قبل ١٩٦١/٩/١١

ثانياً:

يكون للمواطنين العراقيين العرب المشمولين بالفقره اولاً من المادة الخامسة أعلاه ما يتمتع به مواطنوا كوردستان من حقوق مدنية وسياسية وثقافية واقتصادية واجتماعية.

المادة السادسة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة السابعة:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة الثامنة:

ينفذ أحكام هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەلاّم لە ماددەی خامسا (اولا) هەیە، نەتخوێندەوە، چونکە (ثانيا) تێدا هەیە، تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ناوخۆ و، ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی مافی مرۆڤ و، ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە دەکەم، بفەرموون، ئەگەر سەرۆك لیژنە لێرەیە با بێت، ئەگەر لێرە نییە، با جێگرەکەی بێت، تکایە ماددە ماددە بخوێنرێتەوە، ماددەی یەکەم لەگەلّ دیباجەکە بلّێ بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین، فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دیباجەکە و ماددەی یەك دەخوێنمەوە.

استناداً إلى أحكام الفقرة (١ ) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان - العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الآتي:

قانون إزالة الإجراءات القسرية للنظام الدكتاتوري البائد، لتنفيذ سياسة تعريب كوردستان، رقم ( ) لسنة ٢٠٠٣

المادة الأولى:

تزال جميع آثار الإجراءات القسرية التي اتبعتها الحكومات العراقية الدكتاتورية المتعاقبة لتغيير التركيبة القومية لكوردستان العراق وتعريبها وتعاد الأوضاع الى ما كانت عليه قبل تطبيقها وتتخذ بشأن ذلك مايلي:

أولاً:

رفع اليد عن الأموال المصادرة والمحجوزة بسبب الانتماء القومي أو النشاط المناهض لسياسة النظام الدكتاتوري وإعادتها الى مالكيها الشرعيين.

ثانياً:

إعادة كافة المواطنين من غير الكورد الى مناطق سكناهم التي استقدموا منها إذا كان إسكانهم في كوردستان- العراق تنفيذاً لسياسة التعريب في محافظة كركوك والمناطق الكوردية من محافظتي ديالى ونينوى ومشمولاً بإحدى الحالات الآتية:

١- استقدامه وإسكانه في كوردستان بهدف تبعيث مواطنيها.

٢- العمل في الأجهزة الأمنية القمعية(الأمن الخاص ، المخابرات ، الاستخبارات العسكرية ، الأمن العام ، فدائيي صدام).

٣- العمل في أجهزة ودوائر قوى الأمن الداخلي.

٤- لمصادرة حق مواطني المنطقة في التوظف والحلول محلهم في اشغال الدرجات الشاغرة.

٥- الحلول محل أحد الموظفين من السكان الأصليين للمنطقة لنفي أو نقل الأخير الى خارج المنطقة أو طرده من الوظيفة أو فصله أو إحالته على التقاعد أو حبسه.

٦- العمل ضمن تشكيلات قوات الحرس الجمهوري للاشتراك في حملات الإبادة في كوردستان.

٧- العمل ضمن الوحدات العسكرية للجيش العراقي المشاركة في حملات الإبادة في كوردستان.

٨- استقدامه ضمن موجات الهجرة الرسمية المنظمة إلى كوردستان في المحافظات الأخرى تنفيذاً لسياسة التعريب سواء كان المستقدم متطوعاً أو مقابل امتيازات مادية أو معنوية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، قانونەكە(إزالة الإجراءات)ە یان (إزالة آثار الإجراءات)ە، ماددەی یەك، فەرموو، كاك طارق.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژەكەین، بەڵام دوو تێبینیمان هەیە، لەسەر هەموو پرۆژەكە، ئەگەر بفەرموون، ئێمە دوو تێبینیەكە دەخەینە ڕوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەمان لیژنەی کاروباری ناوخۆ، کۆبوونەوەی خۆی کرد لە ۲۰۰۳/٥/۱۱ بۆ لێکۆڵینەوەو تاوتۆکردن و رادەربڕین لەسەر نووسراوی ژمارە (ك/۷۱)، لەبەرواری ۲۰۰۳/٥/۷ پاش ئەوەی کە بڕگەکانی بڕیاری هاوپێچ لەگەڵ نووسراوی سەرەوەتان پەسەند کراو، ئەم تێبینیانەی خوارەوەمان هەیە:

۱- سەبارەت بە خاڵی یەکەمی بڕیارەکە پێویستە کاتی تەعریب کردن دیاری بکرێت لە کەیەوە دەستی پێکراوەو بە چ پێوەرێك بێت؟ ئێمە بەباشی دەزانین لەسەر سەرژمێریاری(۱۹٥۷) بێت، بگەڕێینەوە ئەو کاتە بۆ دەست نیشان کردنی ناوچە کورد نشینەکان.

۲- سەبارەت بە خاڵی سێیەم، بۆ داوا کردنی نەهێشتنی تەعریب لە کوردستاندا، پێویستە لیژنەیەکی بەدواچوون هەبێت، بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ئەو لایانانە بکات کە پەیوەندی داران بە جێبەجێ کردنی و، پەلەی لێبکرێت، هەروەها بە باشی دەزانین ئەو لیژنەیە لە ئەندامانی پەرلەمان پێك بێت، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رەئی لیژنەی ماف مرۆڤ، ئەگەر بکرێت با بەس لەسەر ماددەی یەکەم بێت، تکایە ئەو ماددەی کە خوێنرایەوە، فەرموو.

**بەڕێز بکر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتا زۆر سوپاس و دەست خۆشی لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەم، بەبۆنەی دەرکردنی یاخود تاوتۆکردنی ئەو بڕیارە و، دەست خۆشی و سوپاسی لیژنەی قانونی دەکەین لە داڕشتنی ئەو مسوەدەیە، ئەوەی کە ئێمە مولاحەزەمان لەسەر هەبێت، ئەوە نییە کە بە نووسین هەمان بێت، لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەمان لەسەر نەکردووە، وەکو کاك سعدیش باسی کرد، نەمانزانیوە کە کۆبوونەوەکە هەیە، کۆبوونەوەکەش ئەگەر هەبوایە عەلئەساس کە میوان دێت، مومکینە بابەتەکە تاوتۆ نەکرێت، لەبەر ئەوەی من هیچ تێبینیم نییە، هەر ئەوەندە دەست خۆشیش دەکەین و، پێمان وایە باشە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی جەنابت ماددەی یەکەمت پێ باشە.

**بەڕێز بکر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە، فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وەكو مومەسیلی لیژنە لێرە، بڕگە یەك، بەڕاستی زۆر ڕێكوپێك و زۆر جوان هاتۆتە خوارێ، ئێمە لەگەڵ ئەو داڕشتنەینە كە لەلای لیژنەی یاساییەوە هاتووە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تێبینیان هەیە، دەستیان بەرز كەنەوە، ناوی ئەم بەڕێزانەمان نووسیوە، ئەوەی ناوی نەنووسراوە، دەستی بەرزكاتەوە، بەڕێز د.ناصح غفور رمضان، بەڕێز سعدی احمد پیرە، بەڕێز حسین جەنبەلی، بەڕێز سفر محمد، بەڕێز شێخ یحیی، بەڕێز جمیل عبدی سندی، بەڕێز رجب شعبان، بەڕێز د. رزگار، بەڕێز د. ناسح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی دەست خۆشی لە لیژنەی یاسایی دەكەم، بۆ داڕشتنەوەی ئەو بڕگەیە، یان بڕیارەكە بەگشتی، بەنیسبەت ئەو بڕگەیەوە كە ناوی دەزگاكان دێت، نووسراوە(الأمن الخاص)دوایی (المخابرات و الاستخبارات) ئینجا (الأمن العام) دێت، ئەگەر تەسەلسولەكەی بكرێتە (الأمن العام و الخاص)،(المخابرات، الاستخبارات)، بەم شێوەیە لەرووی زمانەوانی باشترە ، دوا بڕیاریش هی برادەرانە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك د. ناسح، بەڕێز كاك سعدی احمد، فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ئاخیری بڕیارەكەش قسەكمان دەبێت، بەڵام ئەوەی كە ئێستا ئیزافە بكرێت بۆ ئەم فەقەرەیەی ماددەی یەك، ئەوەی هەڵگرتنی ئیجرائات لەسەر ماددەكان و مومتەلەكات،(منقولە وغیر منقولە)ی ناوێت، ئەگەر ئەوە ئیزافە بكرێت، پاشان بۆ هەژمار كردنی ئەو ناوچانەی كە تەعریبی تێدا هەیە، مەناتیقی كوردی لە دیالە و نەینەوا و، كەركووك لە پارێزگای هەولێریش شتەك تەعریب هەیە، ئیلحاق هەیە، تەعریب هەیە، بۆ نموونە هەیە تابعی هەولێر بووە، ئیلحاق كراوە بۆ پارێزگای مووسڵ، یان بە كەركووك، هەر بە عنوانی تەعریب ئەوەش ئیزافە بكرێت، بەنیسبەت بڕگەی سێیەم، لە كۆبوونەوەی لەندەنی مانگی ١٢ی ئۆپۆزسیۆنی عێراق، باسی تەعویز كراوە، ئەو كەسانەی كە زەرەرمەند بووینە لەم راگوێزانە، مەسەلەیەكی عادیلیشە ئەگەر زیادی بكەین لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك سعدی، لە حەقیقەتدا تێبینیەکەی هەردوو لە جێی خۆیەتی، مەسەلەی تەعویزیش و مەسەلەی هەولێریش، جا بەنیسبەت (مەنقولە وغیرمەنقولە) یاساییەکان دەبێت وەلأم بدەنەوە، بەڕێز حسین جەنبەلی.

**بەڕێز حسین جەنبەلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگەی(رفع الید عن الأموال المصادرة والمنقولة والمحجوزة)ئەڤانە، ئەگەر بکرێت ئیزافە ببیت(وتعویضهم عن الاضرار التي لحقت بهم)، چونکە موددەی هەندێکیان هەیە، ٢٠ساڵە لەسەر عەردێ ڤورە کردینە، ئەگەر(تعویض) ئەو ڤەڤەرە ئیزافە بکەن زۆر باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەلأم تکایە ئەو شتانەی کە تەرح کراون دووبارەیان مەکەنەوە، تەئیدی ئەو موقتەرەحە دەکەم، بۆ ئەوەی وازیح بێت، بەڕێز سفر محمد حسین.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

قانون، بەناوی قانون هاتووە وەلەو مسووەدەی ئاخیری لەلای ئێمە نییە، قانون (إزالة آثار........)وابزانم ئەگەر ئیزافەی(التطهیر العرقي) بکەین، مومکنە قانونی تر بێت، ئینجا بین قوسین(التعریب)، وابزانم شتێکی باشە وەکو پێشنیار، دوو، زۆر پێویستە محافەزەی دهۆکیشی تێدا بت، بەڕاستی ناحییەکمان هەیە، ناحیەی فائیدە تا پێشی حەملەی دژی عێراق، تابعی مووسڵ بوو، تەعریبی لەسەر کراوە، زۆر پێویستە ناوی پارێزگای دهۆکیش بێت لە تەسەلسولی پارێزگاکانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ یحیی بەرزنجی، فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی خاڵی یەکەم، خاڵی قەرەبوو بوو، بەلأم بەڕێزان قسەیان لێکرد، پشتگیری تەواوی دەکەم، (٤٠، ٤١، ٤٢)ساڵە خەڵکی کوردستان زەرەرمەند دەبێت، زەرووریيە یان مەشروعێکی تایبەت هەبێت، بۆ قەرەبوو کردنیان یان بە شێوەیەکی عام باسی لێ بکرێت، خاڵێکی ترم هەیە هەر لەم ناوانەی کە هاتوون، چونکە تەحدید کراوە بەڕێزان، ئەگەر بکرێت خەڵکانێك هەن بەڕاستی ئەمنی خاس نەبوون، فیدائی سەددام نەبوون، موخابەرات نەبوون، لەبەر ئەوەی کە ئەندامێکی فەعالی ئەو حزبە بووە هێناویانە لەوێ دایانناوە، هەیە ئەوەش نەبووە، برایەکی بەرپرسێکی، خزمێکی بەرپرسێکی دەسترۆ بووە لەو حزبەدا، یان لەوێ خاوەن مولکیشە نفوسەکەشی هێناوەتە ئەوێ، جا لەبەر ئەوەی کە ناو بێت، مادام تەحدید بکرێت وەکو ئەمنی خاس یان موخابەرات، بەڕاستی زەروورییە لای ئەوانەش ئیشارەتیان بۆ بکرێت، کە لەو فەترانە هەر بە مەبەستی

تەعريب هاتوونەتە ناوچەكە، بوونە خاوەن موڵك، ئينجا زارعيشى تێدا هەيە، خاوەن موڵكى ئەوەشى تێدا هەيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك جميل عبدى سندى، فەرموو.

**بەڕێز جميل عبدى سندى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ماددەكە زۆر بەرێكوپێكى و بە چاكى هاتووە، بەس هاتيت لەنافدا(الهجرة الرسمية)، رەسمى يەعنى قانونى نيزامى، لەبەر ئەوەش نە نيزامى نە قانونى بووە، كەليمەى رەسمى شەتب بكرێتن، (الهجرة المنظمة)، ئەوان تەنزيميان كردووە، بەرنامەكى تايبەتيان هەبوو، زۆر جار نە بەقانون نە بە قەرارات تەعليماتێكى سرپيان هەبوو، يان حزبييان هەبوو، ئەمە يەكەم مولاحەزە، مولاحەزەى دووەم، فعلەن وەكو برادەران باسيان كرد، دهۆكيشى تێدا هەبێت، ناحيەى فائيدە سەر بە قەزاى سمێلێ يە، لە دواى نەمانى ديكتاتۆرى بەغدا، ئينجا تەحرير بووە، موجەمەعاتى تەعريبيشى لەسەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك رجب شعبان، فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طيب:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من تەئيدى قسەكانى حاكم سەفەرى دكەم، چونكە منيش هەر ئەو مولاحەزەم هەبوو، كە ناوى كەركووكى يێ هەولێرێ يێ مووسڵێ يێ ديالە هاتيە ناوى دهۆكێ نەهاتيە، لەوانەيە هەندێ عەرد تابعى دهۆكێ بن، وەكى فايدە و غير عەرد، جا مە گوتى گەر شەملى وێش بكاتن ئيزافەى ناڤێ دهۆكيش بيتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ديباجێدا لێ هاتى(النظام الديكتاتور البائد)، فەقەرەى يەكى هاتيە(الحكومات العراقية ديكتاتورية)، ئەگەر تەرتيبێك بێتە كرنێ وەكى يەك لێبێتن، ديباجەو فەقەرە وەكى يەك بيتن، (الحكومات العراقية المتعاقبة) زۆر راست ترە، ئەڤە يەك، دووش، ئەڤ (الاجهزة الخاصة)، نزانم، باوەڕ ناكەم كە ئەجيهزەێت خاسە تەنزيماتێت حزبێ بەعس بە قوەت تر هەبينە، كە ئەو كادرو ئەو مەسئول و بەپرسێ وێندەرێ، يەعنى ئەڤەش جيهازێكى خاسە كو وەسيلەكى تەعريبێ تەبعى بيە لەو مەنتيقێ هاتە كرنێ، من پێشنياردكەم ئەو كەليمەى تەنزيماتێت حزبێ بەعسێ بخۆش لەگەڵ ئەجيهزەى خاسە بينە ئاداتێ تەعريبێ، پرسيارێك من هەيە بۆ برادەرێ ليژنەى ياسايى، ئايا پێش كو ئاسار بێنە ئيزالە كرنێ، زەرووری ئان پێتڤەنينە ئەوەل جار، ئەو قانون و

تەعلميات و تەوسياتێت وان کری، ئەوەلێ ئیقاف تەنفیز ئان ئیلغا بێنە کرنێ، پاش ئاسار بێنە لەغوە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە وەلآمیان بدەنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کە د. ناسح پێشنیاری کرد، تەسەلسولی فەقەرەی یەك لە ماددەی یەك رێك بخرێت، ئەوە دەتوانین لە کاتی سیاغە رێکی بخەین، یەعنی شتێکی ئیعتیادییە، بەنیسبەت ئەوەی کە برای بەرێزم کاك سعدی پێشنیاری کرد(الاموال) لە پرۆژەکە الاموال هاتیە،(الاموال المنقولة وغير المنقولة)ش دەگرێتەوە، بە شکلەکی عاممان هێناوە، بەنیسبەت دوو پێشنیارەکەی کاك سعدی، تەعریب لەهەولێر کراوە و، تەعوزیش بەلای ئێمەوە پەسەندە، ئەگەر ئیمکان بی لە زیمنی فەقەرەی یەك داخیلی بکەین، تەبعەن کاك سەفەر باسی ئەوە دەکات کە تەعریب لە دهۆك کرایە و، تەعریب لە زۆر ناوچەی هەولێریش کرایە، ئەوانەش ئەگەر لە فەقەرەی یەك ئیزافە بکرێت، وابزانم هیچ زەرەری نییە، کاك رزگار باسی ئەوە دەکات دەڵێت ناوی قانونەکە لەگەڵ ناوەرۆکەکەی ماددە یەك یەکتری ناگرێتەوە، بەتەسەوری من شەرت نییە بەو شکلە بێت، ماددە یەك بە شکلەکی عام تر هاتووە، هەر نیزامێکی دیکتاتۆری لەعێراق لە ساڵی ١٩٥٨ تا ئێستا شمولی دەکات، تاریخەکان ناتوانین لێرە تەحدید بکەین، چونکە قانونەکە بە خۆی بە شکلەکی موتڵەق هاتووە، یەعنی شەرت نییە ئێمە ١٩٥٧بکەینە ئەساس رەنگە پێش ١٩٥٧یش هەندێ شت کرابی قانونەك بیگرێتەوە، بەلای ئێمەوە ئیزالەی ئاسارەکە ئەوانەی بەغدا کاك رزگار ئەلێت لەغوو بکرێت، ئێمە دەبێت لەو مەسەلە دەست پێشخەر بین، قانونی خۆمان دەربکەین، پاشان قەوانینی بەغدا ئەوانەی کە سوڵتەی مەرکەزی دەرچوون، دەبێت بەعام ئیعادەی نەزەری تێدا بکرێتەوە، چونکە بە هەزارن قەوانین لەو بابەتەوە دەرچووە، بۆیە ئێمە لەگەڵ نەسەکە داین، بەو مولاحەزاتەی کە پەسەندمان کردوون، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك طارق.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ برادەر تێبینیان هەبوو، بەلآم هەندێکیان دووبارە بوو، منیش لەگەڵ ئەوانم کە هەولێر و دهۆکیش ئیزافە بکرێن، بەلآم بەڕێز جەمیل سندی باس دەکات، دەڵێت (الهجرة الرسمية) منیش لەگەڵ ئەو دام بکرێتە(منظمة)و، عنوانی قانونەکەش، پەسند ئەوەیە بکرێتە (إزالة آثار الإجراءات القسرية لتنفيذ سياسة التطهير العرقي في كوردستان(التعريب)، شامل تر دەبێت و فراوان تر دەبێت، چونکە لە هەموو دنیا کە کتێبێك تەرجومە دەکرێت شتێکی چاکە، ئێمە دەزانین کە بۆ عەرەبەکان شتێکی چاکە، بەلآم ئێمە کە دەڵێین تەعریب من بەخۆم لەگەڵ

ئەوەدام جەرائیمی تەعریب بێ، نەك تەنها تەعریب بێ، بەڵام لێرە ئەوە پڕدەکاتەوە(التطهیر العرقي في كوردستان(التعریب)، دابنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبدەئی تەعویز ئێستا ئێمە لێرە ئیقراری بکەین، یەعنی ئیلتیزامەکە داوێینە سەرخۆمان، چونکە خەڵك داوا لە ئێمە دەکات، ئەوە قانونە ئێمە ناتوانین فەرزی بکەینە سەر خەزێنەی مەرکەزی، کە تەعویزی ئەو خەڵکەی بکات، ئەوەی ئیمکانی هەیە دووبارە موراجەعەت بکرێتەوە، وەکو پێویست دیسان ئیتیسالات بکات، بەڵام ئێستا خەڵکەکە لە ئێمەی دەوێت، دەڵێن خۆتان ئیقرارتان کردووە و، خەزێنەی کوردستانیش بەشی ئەوە ناکات، وا بزانم بەشی نیوەی ئەو تەعویزە ناکات، کە ئەوەی خەڵك تووشی بووە، ئەوە یەك.

دوو: حەز دەکەم لە مەوزووعی تەعریب زیاتر تەرکیز بکەین لەسەر مەنتیقەکانی دیالە و کەرکووك و نەینەوا، مەنتیقەکانی کوردی، چونکە هەولێر و دهۆك بە حەقیقەت، ئەگەر تەعریبیشی تێدا کرا بێت لەسەر ئەساسی تەرکیبەی واقیعیە، گۆڕینی تەرکیبە نەبووە، چونکە تەرکیبە نە بە گوێڕی دەگۆڕێت، نە بە فایدە دەگۆڕێت بە حەقیقەت و بە سەراحەت، یەعنی دەبێت تەرکیز بکەینە سەر ئەو دوو سێ پارێزگایەی کە ئەکسریەتێکی خەڵکی تێدایە، ئێستا ئەوانە تەقریبەن عەمەلیەن ڕۆیشتوونە، قائیمقام و ئەوانە تەقریبەن هەموو گەڕاینەوە جێگای خۆیان، دەمێنێتەوە موجەمەعێك لەو مەنتیقەی فایدە ناوێکی هەیە، بە ڕەئی من ئەوە زۆر موشکیلە نییە، یەعنی ئەمە وای لێ بکەین، لەسەر ئەساسی ئەوەی کوردستان هەمووی تەعدیل کراوە، نەخێر، ئەو مەنتیقانە تەرکیز بکەین لەسەریان، کە زۆر زۆر زەرووریيە بکرێتەوە کوردی و، کەرکووك بەتایبەتی و، دیالە و نەینەواش مەنتیقەی کوردین و، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاکەڕەش، بەڕێز کاك سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر خاڵی یەکەم بەنیسبەت تەعویزەکە موتالەبە لە حکومەتی مەرکەزی بکرێت.

خاڵی دووەمیش: ئینتیخاباتی گشتی کە دەکرێت، ئیزالەی ئەو ئاسارە بکرێت، پێش ئەو ئینتیخاباتە ببێت، هەتا ئەو ئینتیخاباتە دەبێت ئەو مەنتیقانەی کە تەعریب کراون، لە ئینتیخاباتەکە نەتیجەکەی بۆ ساڵحی میللەتی کورد بگەڕێتەوە، یەعنی ماوەکە تەحدید بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ د. ئیدریس، بەڕێز مامۆستا بەکر فەرموو.

**بەڕێز بكر احمد يعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك کاکەڕەش باسی کرد، دەربارەی هەولێرێ زۆر لەوە زیاترە، هەروەکو ئەوەی فایدە نییە، فایدەش هەر زۆر زۆرە، مەنتیقەیەکی فراوانە خۆ هەمووومان دیتیتمان، بەلام ئەوەی هەولێرێ کەندیناوە و قەراج و دیبەگە دەگرێتەوە، مەخموور دەگرێتەوە، خەڵك دەرکراوە، زیاتر لە (١٥٠) یان (٢٠٠) گوندە و، هەر لەسەر ئەساسی تەعریب بووە، لەسەر هیچ ئەساسێکی تر نەبووە، دێتن هەتا بن هەولێرێ، هەتا مەنیتقەی عەوێنە و ئەو گوندانە چەند ساڵە مەشاکیلی لەسەر بووە، لام وایە چ بە مەنتیقە بێت، یان چ بە ژمارەی دانشتووان بێت، ژمارەیەکی یەکجار زۆرە، حەقی هەیە دەرج بکرێت، ئەگەر مەنتیقەکانی تر باس دەکرێن، با هی هەولێرێش باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك بەکر، حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ئەگەر ئێمە روو نەکەینە هەولێرێ، بە مانای ئەوەی ئێمە ئیعتیراف ناکەین، کە تەعریب لەو مەنتیقانە هەبووە، ئەوە زۆر موهیمە، زۆر پێویستە کە ناوی هەولێر و دهۆکی تێدا بێت زۆر پێویستە، ئەگەر ناوی هەولێر و دهۆکی تێدا نەبێت، مانای وایە تەعریب نەبووەو، ئێمە ئیعتیراف ناکەین کە تەعریب بووە، ئەوە یەك.

دوو: ماوەی تەعویز پێویستە ئەوەش تەسبیت ببێتن، ئەگەر ئێستا بڵێین (تعويض مستقبلاً من قبل الحكومة المركزية) شتێکی وای تێدا بێت، یەعنی زۆر پێویستە مەبدەئی تێدا بێت، ئەوەش دەبێتە مال لەسەر ئێمە، راستە ناوی قانونیش هەبێت، ئەگەر بڵێین (النظام البائد، الانظمة الدكتاتورية المتعاقبة) عینوانی قانونە لەسەر مەشروعەکە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سەفەر، قسەیەك لەجیاتی د. کەمال دەکەم، حەقە سلێمانیشی تێدا بێت، بۆ ئەوەی لە داوارۆژ تەعریبی تێدا نەبێت، ئەو (یعاد) و ئەوانەمان گۆڕی، ناوی حکومەتتمان لابرد، چونکە تەعریب لە حکومەتی موتەعاقیب کراوە، ئەوە عینوانەکە خوێندرایەوە جارێکی دیکە، مەسەلەی تەعویزەکە حەقە، دەبێت ئیشارەتی پێ بدرێت، بەس دەبێت لە هەمان کاتیشدا

نەكرێت بە ئەرك لەسەر شانی حكومەتی هەرێم، چونكە ئەوە واجیبی حكومەتی هەرێم نییە، بنووسرێ (تعويضهم من قبل الحكومة المركزية، من قبل حكومة العراق) شتێكی ئەوها، مومكينە هەندێك بڵێن ئێمە ئەو قانونە دەربكەین، ئەوان مەرج نییە تەنفیزی بكەن، ئێمە داوا لە حكومەتی خۆمان دەكەین، ئەو وەختە ئیجراٸاتی پێویست وەربگرێت، بۆ تەنفیزی ئەو قانونە، ئەوەش لە كۆتاییەكەی بەو شێوە نووسراوەتەوە لە حەقیقەتدا، تكایە ئەوەی تەعویزەكەتان چاك كرد، ئەوەی هەولێر چاك بكەن، چونكە سێیەكی هەولێر تەعریب كراوە، كە مەنتیقەیەكی زۆر زۆر گەورەیە، بەس ئێمە كە گوتمان یەكەم شوێن كەركووك دانراوە لە قانونەكە وازیحە كەركووك، مەبەستی ئەساسی كەركووكە، یەعنی ئەوە ناشارێتەوە، هەولێریشی تێدا بێت، ئەگەر دهۆكیشی تێدا نەبێت فایدەی تێدا بێت، مومكینە خراپ نەبێت، با پارێزگای دهۆك بێت قەی چی دەكات موشكیلە نییە، ئەگەر پێتان خۆش بێت سلێمانیەكەشی تی٘دەكەین، جا ئەگەر چاكتان كرد، تكایە جارێكی تر بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە بەنیسبەت ناوی قانونەكەوە دەستكاری كراوە نصەكە لە پێشمانە، بەنیسبەت پارێزگای هەولێر و دهۆك، ئەگەر پێتان باش بێت، دوای ئەوینەوا داخیلی بكەین ( والمناطق الكوردية من محافظات ديالى ونينوى وأربيل و دهوك). بەنیسبەت تەعویزەكەش ئەگەر پێتان باشە (وتعويضهم من قبل الحكومة المركزية) ئەگەر پێتان باش بێت، ئینجا بڵێین ( ومشمولاً بأحدى الحالات الاتية).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاكەڕەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بنووسین مەنتیقەكان، ئەوە دەبێت هەولێر و دهۆكی لێ جیا بكەینەوە، چونكە هەولێر و دهۆك هەمووی مەنتیقەی كوردییە، بەلاٌم ئەوەی دەڵێین دیالە ئەوانە ( المناطق الكوردية من محافظة ديالى) بەشێكی غەیری كوردی تێدا هەیە، بنووسن بڵێن ( المناطق الكوردية وأجزاء من محافظتي أربيل و دهوك)، ئەگەرنا بنووسن (مناطق) ئەوە موشكیلەیە، مانای ئەوەیە ئیعتیرافمان كرد بەشێكی زۆر لە هەولێر مەنتیقەیەكی غەیری كوردییە، بەینەما ئەوانە هەموویان مەنتیقەیەكی كوردینە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك كاكەڕەش، ئەوەشمان چاك كرد، بەڕێز كاك شێخ لەتیف فەرمووو.

**بەڕێز لطيف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی تەعریب هەروەكو لە خاك كراوە، لە خەڵكیش كراوە، زۆر خەڵكی كوردستان هەیە خۆی بە عەرەب نووسیووە لە كەركووك، یان لە عەشائیر، یان لە زەمار و ئەو جێگایانە،

تێبینیەکیش لەسەر ئەوە هەبووایە، بۆ گێڕانەوەی ئاینیان، حیکمەتێك، یان چارەسەرێك بۆ ئەو شتەش، جگە لە خاك خەڵکیش تەعریب بووە، خۆی نووسیووە بە عەرەب بە ناچاری، لەگەڵ سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك لەتیف، فەرموو کاك حوسێن.

**بەڕێز حسین جەنبەلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ مەنتیقە هەنە تەرحیل کراون، بەلاّم تەعریب نەکراون، ئەو مەنتیقانەی سەر حدودی، ئەو فەقەڕەیە با بێتە تەعریب و تەرحیل، ئەگەر ئەو مەرحەلەیەش لەگەڵ بوایە، پێم وایە باشتر دەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك حسێن جەنبەلی، ئەوە مەوزووعەکە تێکەڵاو دەکەن، کاك د. ئیدریس ئاخیر جار.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی مەوزووعێکی گرنگە، ڕەئی تازەش هاتۆتە نێوان، زۆر باشە ئەو گفتوگۆیە بەو شێوەیە بڕوات و بەردەوام بێت، بەس ئەمڕۆ بە ڕەئی من دەنگی لەسەر نەدرێت، سبەی لیژنەی قانونی دانیشێتەوە، صیاغەکی جوان بکاتەوە و، ئەو تێبینیانە هەمووی وەرگرێت، سبەی کە فەقەڕەکان دەخوێندرێنەوە، بۆ ئەوەی تەرکیز بکرێت لەسەر مەوزووعەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك ئیدریس، تکایە بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەمان پێ بدەیت ماددەی یەکەم دەخوێنینەوە، دوای ئەو ئیزافە کردنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ دیباجەکە تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئیزافە کردن و تەعدیل کردن، مادده یەك دەخوێنمەوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

استناداً إلى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان - العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ ٢٠٠٣/٥/١٨تشريع القانون الآتي:

## قانون رقم(١٩)لسنة ٢٠٠٣

## قانون إزالة آثار الإجراءات القسرية لتنفيذ سياسة التطهير العرقي(التعريب) في كوردستان-العراق

**المادة الأولى:**

تزال جميع آثار الإجراءات القسرية التي اتبعتها الحكومات العراقية الدكتاتورية المتعاقبة لتغيير التركيبة القومية لكوردستان العراق وتعريبها وتعاد الأوضاع الى ما كانت عليها قبل تطبيقها وتتخذ بشأن ذلك مايلي:

أولاً: رفع اليد عن الأموال المصادرة والمحجوزة بسبب الانتماء القومي أو النشاط المناهض لسياسة النظام الدكتاتوري وإعادتها الى مالكيها الشرعيين.

ثانياً: إعادة كافة المواطنين من غير الكورد الى مناطق سكناهم التي استقدموا منها إذا كان إسكانهم في كوردستان- العراق تنفيذاً لسياسة تعريب في محافظة كركوك والمناطق الكوردية من محافظتي ديالى ونينوى وأجزاء من محافظتي أربيل ودهوك ومشمولاً بإحدى الحالات الآتية:

١- استقدامه وإسكانه في كوردستان بهدف تبعيث مواطنيها.

٢- العمل في الأجهزة الأمنية القمعية(الأمن الخاص - المخابرات - الاستخبارات العسكرية - الأمن العام - فدائيي صدام).

٣- العمل في أجهزة ودوائر قوى الأمن الداخلي.

٤- لمصادرة حق مواطني المنطقة في التوظف والحلول محلهم في اشغال الدرجات الشاغرة.

٥- الحلول محل أحد الموظفين من السكان الأصليين للمنطقة لنفي أو نقل الأخير الى خارج المنطقة أو طرده من الوظيفة أو فصله أو إحالته على التقاعد أو حبسه.

٦- العمل ضمن تشكيلات قوات الحرس الجمهوري للاشتراك في حملات الإبادة في كوردستان.

٧- العمل ضمن الوحدات العسكرية للجيش العراقي المشاركة في حملات الإبادة في كوردستان.

٨- استقدامه ضمن موجات الهجرة الرسمية المنظمة إلى كوردستان من المحافظات الأخرى تنفيذاً لسياسة التعريب سواء كان المستقدم متطوعاً أو مقابل امتيازات مادية أو معنوية.

ثالثاً: العمل على تعويض كافة المتضررين من جراء السياسات القسرية المشمولين بأحكام هذا القانون تعويضاً عادلاً من قبل الحكومة العراقية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسند دەکەن بەو شێوەیەی خوێندرایەوە بە تەعدیلاتەوە دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**المادة الثانية:**

العودة الى استعمال أسماء المواقع والمناطق والقرى والقصبات والمدن والنواحي والأقضية التي كانت سائدة قبل تعريبها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ هیچ تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هیچ تێبینیمان نییە، لەگەڵ نصصەکە داین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ماف مرۆڤ تکایە.

**بەڕێز بکر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو ئەشغال.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ نەصصی ماددەینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم فەقەرەکە (العودة)، لە ناحیەی لوغەوی (إعادة الاسماء) وابزانم زۆر ڕێکوپێك ترو باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوتی (العودة الى أسمائها الكوردية)، من پێشنیار دکەم (العودة الى أسمائها التاريخية الاصيلة)، نەك (الكوردية)، (الاصيلة التاريخية) مەوجودە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، (الاصيله) لە عەینی کۆبوونەوەدا هەیە، (التأريخيه) خۆی (علم التأريخ)ە، ئەمە قانونە، تێبینی تر هەیە، (تعاد) نەنووسراوە، چونکە لە زۆر شوێنان ئێمە خۆمان ناتوانین تەتبیقی بکەین، راستەوخۆ ناتوانین تەتبیقی بکەین، بۆیە (یعود) نووسراوە، هیچ تێبینی تر هەیە؟ تێبینی تر نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، ماددەی دووەم وەکو خۆی تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**المادة الثالثة:**

يعاد ارتباط القرى والمدن والوحدات الإدارية المستقطعة من محافظات كوردستان الى ما كانت عليه قبل أتباع السياسة القسرية لتغيير التركيبة القومية لمحافظات كركوك، نينوى، ديالى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ نەصصەکە داین، بەلاّم ئەو تیبینیەمان هەبوو، ئەگەر لیژنەیەکی بەدوا داچوونمان هەبێت، بۆ موتابعەی ئیشەکان، ئەویش لە ئەندامانی پەرلەمان پێك بێت خراپ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەرلەمان ئیشی یاسا دەرکردنە، لیژنەی موتابعە و جێ بەجێ کردن، ئەوە ئیشی حکومەتە، لیژنەی مافی مرۆڤ تکایە.

**بەڕێز بكر احمد يعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ نصصەكە داين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ليژنەی ئاوەدانكردنەوە.

**بەڕێز ابراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەينە دهۆكيش ئيزافە بكرێت، چونكە رەنگە هەندێ ناحيە و قەزا هەبن، پێشتر تابعی دهۆك بوون و ئينفيكاكيان كردووە، ئێستا تابعی موسڵن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبينيان هەيە، تكايە دەستيان بەرز بكەنەوە، كەس تێبينی نييە، ليژنەی ياسايی ئەگەر وەڵامێكتان هەيە.

**بەڕێز شيروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنيسبەت ئێمە، پێم وايە نەصصەكە لە جێگای خۆيەتی، ئێمە پەسندی نەصصەكە دەكەين، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە نەصصەكە بەبێ گۆڕانكاری دەخەينە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی سێيەم پەسند دەكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، ماددەی سێيەم بەگشتی دەنگ وەرگيرا، تكايە ماددەی چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شيروان ناصح حيدری:**

**المادة الرابعة :**

تعاد الهوية القومية لكل مواطن في كوردستان أجبر على تعريبها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ليژنەی مافی مرۆڤ تكايە.

**بەڕێز بكر احمد يعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەصصەكە تەواوە، لەگەڵ نەصصەكە داين.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ليژنەی ئاوەدانكردنەوە.

**بەڕێز ابراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصصەکە داینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز فاضل رۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ نەصصەکە داین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە؟ بەڕێز کاک سەعدی پیرە فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ خیلافم لەسەر نەصصەکە نییە، تەنها بەناوی قانونێکەوە بوو، ئەویش قانونی (تصحیح)ە، شتێکی وای پێ دەڵێن (التصحيح القومي)، ئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێت، کە لە ژێر ناوی (التصحيح القومي) کراوە، (ما يسمى بالتصحيح القومي) شتێك لەو بابەتە، یەعنی بۆ ئەوەی مەعلوم بێت، ئێمە مەبەستمان چییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك سەعدی، بەس من تەسەور دەکەم، بەنیسبەت تەغیری قەومیەت تەنیا بە قانون نەیان کردووە، خەڵکیان ترساندووە، خەڵکیان ئیجبار کردووە بە شتی تر، بە وەزیفە بە شتی تر، بە ئەنواع شت هەیە، یەعنی تەنیا قانونەکە نییە، قانونەکە مومکینە بەشێکی گەورە بێت لە مەوزووعەکە، ئینجا نازانم، بەڕێز کاك فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك سەعدی فەرمووی، بەڵێ راستە قانونێك دەرچوو بوو بەناوی (تصحيح القومية)، بەس ئەو قانونە تەنزیمی قانونی ئیجرائاتی کرد بوو، بۆ ئەوەی دائیرەکان ئیتیباعی بکەن، بەس ئەگەر لێرە ئەو نەصصە بەو شێوەیە ئیقرار کرا، ئەو وەختە قانونەکە مەفعولی نامێنێت، چونکە وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد، هەندێ شت موحتاجی ئیجرائاتی ترن، یەعنی بۆ نموونە ئەو قانونە لەغو بکرێت، ئەو قانونە لە حکومەتی مەرکەزی دەرچوو بوو، بۆ مەنتیقەیەك لە ژێر دەستی ئێمە نەبوو، مەفروزە حکومەتی هەرێم موتابەعەی مەوزووعەکە بکات، وا بکات لە حکومەتی مەرکەزی ئەو قانونە ئیلغا بکرێتن، لەبەر ئەوە بە رەئی من ئەو نەصصە بەو شکلە هیچ عەیبی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مومكینە بە دەیان قەرارات دەرچوو بێت لەو بابەتە، مومكینە (تصحیح القومیة) یەك لەو قانون و قەراراتانە بێت، بۆیە بەنیسبەت ئێمە ئەو فەقەڕەیە لە جێگای خۆی هاتووەو، تەحصیل حاصلیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی تر هەیە لەو بابەتە، بەڕێز كاكەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیزافەكی لە ئاخیری ماددەكە بكەین خراپ نییە، (تعاد الهویة القومیة لكل مواطن في كوردستان أجبر علی تعریبها وتصحیح سجلات الاحوال المدنیة)، هەتا سجلەكان راست بكرێنەوە، تاوەكو بۆ موتابەعە كردنی، ئەو كابرای تەحدید كردووە، مومكینە چ ئیشكال نەهێڵی، ئەو وەختی (تصیحیح القومیة) لە گۆڕێ بێت، سجلەكان بگۆڕێن و چاك بكرێنەوە، هیچ موشكیلەمان نامێنێت لە پاش نیهایەتی ماددەكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن قسەی كاكەڕەش لە جێگای خۆیەتی، بەس موشكیلە لێرە دایە، ئەو تەصحیحە ناكرێتن، ئەگەر ئەسڵی قانونەكە ئیلغا نەكرێت، ئیلغا كردنی قانونەكەش بەدەستمان نییە، چونكە بۆ مەنتیقەیەك دەرچووە لە ژێر دەستی ئێمە نییە، ئێمە زۆر جار قانونمان لەغو كردووە، وەكو قانونی (مجلس قیادة الثورة)، بەس بۆ مەنتیقەیەك دەرچوو لە ژێر دەستی حكومەتی هەرێمی كوردستان بوو، من قسەی خۆم جارێكی تر دووبارە دەكەمەوە، تەنفیز كردنی ئەو فەقەڕەیە مەجموعەیەك ئیجرائاتی تری پێ دەوێت، هەتاكو بگەینە مەرحەلەی تەصحیحی سجل، ئەویش ئیلغای قانونی ئەسڵییە، ئیلغای قانونی ئەسڵیش بەدەستی حكومەتی مەركەزییە، لەبەر ئەوە رای من ئەوەیە ماددەكە وەكو خۆی بمینێتن، لەوانەیە باشتر بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان چییە لەسەر (تصحیح السجلات).

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیزافە بکرێت، یان ئیزافە نەکرێت، تەسجیل نەبووە. بەڕێز کاکەڕەش خۆی ئیقتراحەکە چۆن بوو؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تعاد الهوية) چونکە کە ئێمە دەڵێین (تعاد) مانای ئەوەیە دیسان ئیجبارە دەبێت بۆخۆمان هەویەکە بدەینەوە، کە ئەصڵەنیش بەڕێز جەنابی سکرتێریش فەرمووی ئێمە سەلاحییەتمان نییە ڕاست دەفەرمووێ، بەڵام مادەم هەر سەلاحییەتمان نییە (تعاد الهوية القومية للمواطنين وتصحح سجلات الأحوال المدنية) چونکە لە ساڵی ١٩٧٧ کە سجلاتیان کرد بۆ نموونە عەنکاوەیان هەموو بە عەرەب نووسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون بیخوێننەوە تاکو بیدەین بە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الرابعة :**

تعاد الهوية القومية لكل مواطن في كوردستان أجبر على تعريبها وتصحيح سجلات الأحوال المدنية وفقاً لذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کوردستانە زروریە تێیدا بێت؟ تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الرابعة :**

تعاد الهوية القومية لكل مواطن أجبر على تعريبها وتصحيح سجلات الأحوال المدنية وفقاً لذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار بە تەعدیلاتەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی چوار بە تەعدیلاتەوە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الخامسة:**

أولاً: يستثنى من أحكام هذا القانون المواطنون العراقيون العرب المستقرون في المناطق المشمولة بإجراءات التعريب في الحالتين الآتيتين:

١- إذا كان المواطن العربي من سكنة كوردستان ومتواجداً فيها في عملية الأحصاء العام للسكان لعام ١٩٥٧.

٢- إذا كان قد أستقر في كوردستان ونقل سجله للأحوال المدنية إليها قبل ١٩٦١/٩/١١.

ثانياً: يكون للمواطنين العراقيين العرب المشمولين بالمادة الخامسة أعلاه ما يتمتع به مواطنوا كوردستان من حقوق مدنية وسياسية وثقافية واقتصادية واجتماعية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە دووەم دەبێ بڵێن (المشمولين بالفقرة(أولاً)من المادة الخامسة أعلاه).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڵێ (المشمولين بالفقرة(أولاً)من المادة الخامسة أعلاه).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێژنەی مافی مرۆڤ تێبینیتان هەیە تكایە.

**بەڕێز بكر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقەكە داین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێژنەی ناوخۆ تكایە.

**بەڕێز فازڵ رؤوف صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیمان نییە و لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێژنەی ئاوەدانكردنەوە تكایە.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقەكە داین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئێوەش، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تكایە دەستیان بەرزكەنەوە، مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من دەخوازم ئیشارەت بدەم بە ئایەتێكی قورئانی پیرۆز، خوای گەورە ئەمرمان پێ دەكات (من إعتدى عليكم فاعتدوا عليه بمثل ما اعتدى عليكم) حەقی میللەتی مەیە، بەڵام ئەز لێرە دەبینم لڤێ قەرارێ، ڤێ قانونی دا دوو سێ جار جوملەیەك هاتۆتە تكرار كردن (إذا كان)

هۆسا، ئەو (إذا كان)یە هەمووی نابێت ئەگەر بەڕێکی هاتبا، چارەیەکی لێ کرابایە نەوەکو سبەی ڕۆژێ بەلای بخاتە ئەستۆی ئێمەدا و نەشتوانین بەری خۆمانی بدەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەلامەکەی بۆ لیژنەی یاسایی بەجێ دەهێلم، بەڕێز کاك جمیل عبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سالی (١٩٤٧)ی و، (١٩٥٧)ی (التعداد العام للسکان) نەك (الاحصاء العام)، لە سالی (١٩٧٧)یش و، سالی (١٩٨٧) (الإحصاء العام للسکان)، لێرە لە برگەی یەکەم هاتووە (في عملية الأحصاء العام للسكان لعام ١٩٥٧.) بێتە گۆڕین (في عملية التعداد العام للسكان لعام ١٩٥٧.) لە سالی ١٩٥٧ (تعداد)ە نەك (احصاء)، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. (التعداد العام للسكان) یان (التعداد العام)؟

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(التعداد العام للسكان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێخ یحیی عبدالکریم.

**بەڕێز کاك شێخ یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ماددەکە بەرێکوپێکی هاتووە، بەلام تکایە دەمەوێ بزانم خالی دووەمیانی بۆ چییە، یەکەم دەلێ: بەگوێرەی ئیحصای سالی ١٩٥٧، بەلام خالی دووەم دەلێ: ئەوانەی کە نیشتەجێ بوون لە کوردستان نفوسەکانیان نەقل کردووە هەتا سالی ١٩٦١، یەعنی ئەوە سەبەبی بوونی ئیستفادەکەی چییە، عەفوم دەکەن دەمەوێ تێ بگەم، مادەم ئیحصایەکەی سالی ١٩٥٧ با هەر ئیحصای سالی ١٩٥٧ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە من جوابی دەدەمەوە ئەگەر لیژنەی یاسایی ڕێگام پێ بدات، ئیحصای سالی ١٩٥٧ ئەوانەیە کە فعلی لە کەرکووکا بوون کەس لەسەر ئەوە خیلافی نییە، لە سالی ١٩٥٧ لەناو کوردان کەس خیلافی نییە، بەلام عەمەلییەن تەعریب لە سالی ١٩٦١ دەستی پێ کرد، بەهۆی داگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، یەکێك لە ئیجرائاتەکان بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلول مەسەلەی تەعریب پەرەی سەندو وردە وردە، تەبیعی لە فەترەی ١٩٥٧ تا هەلگیرسانی شۆڕش، تا مانگی ئەیلولی سالی ١٩٦١، حالەتێکی تەبیعی هەبوو لە هاتووچۆی هاوولاتیان، چۆن کورد دەچوو بۆ بەغدا، چۆن مۆزەف دەچوو لە شوێنێکی تر ئیشی دەکرد، لەشوێنی تریش بەشێوەیەکی تەبیعی بەکەمییەتێکی زۆر کەم لەوانەیە هەندێك مۆزەفین، هەندێك خەلك بە هەوەسی خۆی بەبێ مەبەستی تەعریب هاتبێت

له کەرکووک نیشتەجێ بووبێت و لەوێ ئیستقراری کردبێت، ئەوانە حەقی خۆیانە ئەوانەش بمێننەوە و، ئەوە شتێکی عادلە و، ئەوە ڕوویێکی شارستانی میللەتەکەتان و پەرلەمانەکەتان پێشان دەدات، ئیعتراف بەو شتە بکەن لەبەر ئەوە ئەو خاڵە کراوە، لێژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کە مامۆستا محمود دێرشەوی فەرمووی، دەبێ ئەو مەوزوعە حەصر بکرێت، ئەوانە بە تەبیعەتی خۆیان لە کوردستان لەساڵی ١٩٥٧ و، ئەوانەی کە تەعریب کراینە، ئەو دوو فەقەرەیە حەددی فاصلە بەینی ئەو دوو مەوزوعەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک محمد سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕووداوەکانی کەرکووک لە ساڵی ١٩٥٩ لە زەمانی لێکدان لە کەرکووک کە لە شەریکەی نەفت ڕووی دا، زۆر کەس کوژرا و، دوای ئەو تاریخە حەرەکەی تەعریب دەستی پێ کرد، یەعنی لە ساڵی ١٩٥٩ هەتا ساڵی ١٩٦١، جا بەقەناعەتی من مادەم ئێمە ساڵی ١٩٥٧ مان کردووە بە ئەساس، تعریبەکە پێش ساڵی ١٩٦١ دەستی پێ کرد لە نێوان ساڵی ١٩٥٩ و ساڵی ١٩٦١ ی بوو، جا بۆیە من دەڵێم (١٩٥٧ )ەکە کافییە مەجالێکی تر نەدەین، چونکە ئیستعمالی سیاسەتی تەعریب کرا لە پاش ساڵی ١٩٥٩ ی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکە زۆر لە جێگای خۆی هاتووە، چونکە زۆر عەوائیل هەنە خێزانەکەی کوردە هاتۆتە ئێرە و، لە پاش ساڵی ١٩٥٧ هاتۆتە ئێرەو دانیشتووە لێرە و، ڕەسمییەن نەقلی سجلی کردووە، چونکە ئەوە تەسبیت کراوە دەبێ سجلاتی نەقل کردبێ، دەنا ئەگەر بۆخۆی هاتبێت ئێستا شمولی ناکات، تا ئێستا سجلاتی لە جێگای خۆی بێت دەبێ بڕوات، دەکەوێتە زمنی تەعریب، بەڵام ئەگەر سجلاتی نەقل کردبێت مانای وایە وەکو مواتنێك لێرە بووە، لەبەر ئەوەی با ئەوەی موراعات بکەین، یەکجاری بابەتەکە وا بە تەنگی نەبێت، لەوانەیە لە هەموو کوردستان تەصادق (٥٠٠) کەس نەکات (١٠٠٠) کەس بەو شکلەی نەهاتووە و، تەعریبیش دوای ساڵی ١٩٦١ دەستی پێ کرد، کە شۆڕشی کوردی دەستی پێ کرد ئەوجا سیاسەتی تەعریب دەستی پێ کرد و، ئەوە حەددێکی زۆر فاصلە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لێژنەی یاسایی ئەگەر تەعقیبی ترتان هەبێت فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو برای بەڕێزم کاك کاکەڕەش ئیشارەتی پێ کرد، بەنیسبەت بڕگەی یەکەم: ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە کەرکووك بووینە و، لە تەسجیلی کەرکووك خۆیان نووسیوە بە عەرەب، ئەوە تەساموح دەیانگرێتەوە بە گوێرەی ئەو قانونەی و، هیچ ئیشارەتێکیشی تێدا نییە، وابزانم هەموو لایەك رێك بکەون و ئەو بابەتە کۆتایی پێ بێنن. بەنیسبەت بڕگەی دووەمیش: (إذا کان قد أستقر في کوردستان ونقل سجله للأحوال المدنیة) ئەوانە غەیری مەوزوع نەبن بەینی ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٦١ دەگرێتەوە، ئەوانە بە ئارەزووی خۆیان لە کەرکووك نیشتەجێ بووینە، ئەوانە دەبێ تەساموح بکرێن، بۆیە بە تەصەووری ئێمە دەقەکە لە جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە هەموو ماددەکە بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الخامسة:

أولاً: یستثنی من أحکام هذا القانون المواطنون العراقیون العرب المستقرون في المناطق المشمولة بإجراءات التعریب في الحالتین الآتیتین:

١- إذا کان المواطن العربي من سکنة کوردستان ومتواجداً فیها في عملیة التعداد العام للسکان لعام ١٩٥٧.

٢- إذا کان قد أستقر في کوردستان ونقل سجله للأحوال المدنیة إلیها قبل ١٩٦١/٩/١١.

ثانیاً: یکون للمواطنین العراقیین العرب المشمولین بالفقرة (أولاً) من المادة الخامسة أعلاه ما یتمتع به مواطنوا کوردستان من حقوق مدنیة وسیاسیة وثقافیة واقتصادیة واجتماعیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنجەم بەو شێوەی خوێندرایەوە بە تەعدیلاتەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یەك ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکات، ماددەی پێنجەم بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السادسة:

علی مجلس الوزراء تنفیذ أحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز بكر احمد يعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقەكە داین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێژنەی ئاوەدانكردنەوە تكایە.

**بەڕێز ابراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقەكە داین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێژنەی ناوخۆ تكایە.

**بەڕێز فازڵ رؤوف صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیمان نییە و لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە تێبینییەكمان هەیە، ئێمە دەڵێین: (على مجلس الوزراء اتخاذ الإجراءات اللازمة لتنفيذ أحكام هذا القانون.) نەك (على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون) چونكە لەوانەیە بەعزێك شتی پێ جێبەجێ نەكرێت، ئەگەر بەباشی بزانن، حەز دەكەن موناقەشەشی دەكەین، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم ئەوانەی كە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزكەنەوە، لێژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە مانعمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كەواتە بیخوێننەوە تاكو بیدەین بە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

المادة السادسة:

على مجلس الوزراء اتخاذ الإجراءات اللازمة لتنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی شەشەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، ماددەكە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەفتەم تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

المادة السابعة:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەفتەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەشتەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثامنة:

ينفذ أحكام هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو بەڕێز کاک سعدی احمد پیرە.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی نییە، بەڵام ئەمە تەعاروز دەکات، لەلایەک داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکات هەنگاوی پێویست بهاوێژێ بۆ جێبەجێ کردن، لێرەش دەڵێت (ينفذ بعد إعلانها) خۆ هەمووی بەدەستی ئێمە نییە تەنفیزی بکەین، ئەوەش صیغەیەکی بۆ بدۆزنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە قاعیدەیەکە لە قانونی نەشر، وەك قاعیدەیەکی عام هەر قانونێك سەرەیانی ناکرێت، تەنفیز ناکرێت تەنها لە تاریخی نەشر، ئەو وەختە ئەگەر هاتوو نەشر بوو لە جەریدە ئەوی بەدەست حکومەت بێت تەنفیزی دەکات، ئەوی بەدەست حکومەت نەبێت محاوەلە دەکات ئیجرائات وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تریش بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثامنة:

ينفذ أحكام هذا القانون إعتبارا من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەشتەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی هەشتەم وەرگیرا.

یاساکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی یاساکە پەسەند ناکەن دەستیان

بەرزکەنـەوە، یاسـاکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا و بڕیاری لەسەر درا. خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان: گفـتوگۆ کـردنە لەسـەر پـرۆژەی تایبەت بە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان. تکایە لێژنەی یاسایی یاساکە هەموو بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**قرار**

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣إصدار القرار الآتي:

**أولاً:** يستمر مجلس نقابة المحامين لاقليم كوردستان العراق في إدارة شؤون النقابة لمدة سنة واحدة اعتباراً من تأريخ إنتهاء مدة المجلس.

**ثانياً:** لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**ثالثاً:** على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**رابعاً:** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.رۆژ نوری شاوەیس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لێژنەی یاسایی کرابوو بە تەنها، ڕەئیتان هەیە دەربارەی پرۆژەکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

حا تكایە خاڵ بە خاڵ بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی موناقەشە بكرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**أولاً:** يستمر مجلس نقابة المحامين لاقليم كوردستان العراق في إدارة شؤون النقابة لمدة سنة واحدة اعتباراً من تأريخ إنتهاء مدة المجلس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تكایە دەستیان بەرزكەنەوە، بەڕێز كاك أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەنگاوێكی دروستەو دەستپێشخەریەكە كە هۆشیاركەرێكی دروستی یاساییە، لەلایەن پارێزەرانەوە بە تایبەتی، بەڵام ئەمە گرفتی تێكرای سەندیكاو رێكخراو یەكێتییەكانە، چونكە زۆربەیان بەهۆی ئەو بارە نائاسایەی بەتایبەت سەردەمی رزگاركردنی عێراقەوە و، ئێستاش هەندێك لە گرفتەكان ماوە نەیتوانیوە كۆنگرەی هەڵبژاردنی خۆی بكات، لەبەر ئەوە ژمارەیەكی زۆر دەكات ئەمە لە جێگای خۆیەتی، بەڵام دەبێت ئەوانەی تریش رۆژانە پرۆژەیێ، بڕیارێكیان بۆ دەرچێت، تكا دەكەم پێشنیارێكم هەیە یا ئەوە بڕگەیێك زیاد بكەن، كە تێكرای سەندیكا و رێكخراوەكان بگرێتەوە یان شتێكی كۆ بێت، بەڵام ئەوەی وەكو هاتووە دەتوانرێت ماددەیێك بخرێتە سەری كە ئەو بڕیارە تێكرای سەندیكا و رێكخراوەكانی تر بگرێتەوە، دەنا ژمارەیەكی زۆر هەیە دەبێ پەرلەمان بەردەوام خەریكی كۆبوونەوەو بڕیاردانی ئەوە بێت، یەكێك لەوانە ئەو سەندیكایەیە كە من شەرەفی نەقیبی لە ئەستۆمدایە، سەندیكای هونەرمەندانە، دەبووایە مانگی چوار كۆنگرەی بەستبوایە نەیتوانی و، هەموو ئەوانەی تریش تەنها دوو سەندیكا نەبێت ڕەنگە چەند مانگێكیان بە دەمەوە مابێت، ئەوانیش وادەیەكی نزیكە، لەبەر ئەوە تكا دەكەم ئەو پێشنیارە بەلوتف بفەرموون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك أحمد سالار، بەڕێز كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بڕیارێمە كەئەو ئامانجی برادەرە بۆ دەست نیشان كری، هیڤیا مە ئەوە ئەو ئامانجە بێتە دی فعلەن بەرەو یەكگرتنی میللەتی كورد بچین، ڤێری من یەك تێبینیم هەی، ئەویش ئەوەیە كو مەجالی نەدەین زێدەتر حەیاتی شارستانی و دیموكراتی زێدەتر هانبدەین، یەعنی ئەڤساڵە مومكینە مە زێدە كرد، بۆ ئەوەی ئامانجی برادەرا باسی كری، من پێشنیار هەیە تەنها (لمدة سنة واحدة غير قابلة للتجديد) یەعنی حەیاتی شارستانی و دیموكراتی دەبێ بەكار بێنین پشتی ئەو ساڵە، زێدەتریش هانبدەین خلالی ئەو ساڵە ئەو شتە هەمووی بەجێ بهێنرێت ئەوەی

وان بۆخۆیان داناوه و، گەلێك صندوقی ڕەئیمان هەبێت، چونكه فعلەن حەیاتێكی شارستانی دێته ئاوەدانكردنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك د.ڕزگار، فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەقەكه باش هاتووه، بەڵام بەڕای من دەبێت تاریخی ئینتهای دەورەی مەجلیسی تێدا بێت، یانیش دەبێت كەلیمەیەك زیاد بكەین (مدة دورة المجلس الحالية) تاكو حەصری بكەین مەخسەدەكەی دیار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تكایه ئەو موفتەرەحەی كاك أحمد سالاریش ڕەئیەكتان هەبێت لەسەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەمەوێ ڕوونكردنەوەیەك بكەم لەسەر سەندیكای پارێزەران، دوایی بێمەوه سەر قسەكانی كاك أحمد سالار. نەقابەی موحامین له ٢٠٠٠/٥/٤ هەڵبژاردنی خۆی ئەنجام دا و، ئەنجومەنی نەقابه تەشكیل كرا، موددەتی دەورەی ئەنجومەن سێ ساڵ بوو، له ٢٠٠٣/٥/٤ ئەو سێ ساڵه تەواو بوو، واته دەبێ قالبی قانونی خۆی وەربگری، قاڵبه قانونیەكەش ئەو پرۆژەیه كه تەقدیمی كردووه و، ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاریان كردووه، بۆ ئەوەی ساڵێك دەورەی ئەنجومەن درێژەی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بتوانین كاروبارەكانی خۆمان ئەنجام بدەین، بەتایبەتیش ئێمه چوار پێنج كولیەی قانونمان هەیه و، خەریجەكانمان مانگی شەش دەردەچن دەبێ ئیجازەی موحاماتیان پێ بدەین و، ئەگەر ئەو تەمدیده نەكرێت ئێمه ناتوانین ئیجازەی موحامات بدەین و، لەهەمان كاتیشدا خۆتان دەزانن هەڵبژاردن لەو ئەجوائەی مومكین نیيه بكرێت، بۆیه داوای تەمدیدمان كردووه. بەنیسبەت ئیقتراحەكەی كاك أحمد سالار من لەگەڵیمه زۆر نەقابات لەوانەیه وەزعەكەی وەكو ئێمه بێت، بەڵام دەتوانن پرۆژه تەقدیم بكەن بەو شێوەی كه ئێمه تەقدیمان كردووه، تەمدیدی دەورەی مەجلسی خۆیان بكەن، بەڵام ئەگەر ئەتوو بتەوێ بڕیارێكی گشتی دەربهێنی بۆ هەموو نەقابەكان، ئیمكان نییه ئەوه بكرێت به بڕیارێك، چونكه نەقابه دەوراتی مەجلسیان به تەواریخی جیاواز خەڵاس دەبێت، هەیه ساڵێكی تر دەورەی مەجلسی تەواو دەبێت، هەیه شەش مانگی تر تەواو دەبێت، مومكینه پێویستی بەو ساڵه نەبێت ئەصڵەن، ئەوه بەنیسبەت ئەو نەقابانەی كه قانونیان هەیه. بەنیسبەت ئەو نەقابات و ئەو ئیتحاداتانەی كه بەپێی قانونی جەمعیات مۆڵەت دراون، ئەوانه دەسەڵاتیان هەیه له پەیڕەوی ناوخۆ، كه ئەنجومەن تەمدیدی دەورەی خۆی بكات بۆ ساڵێك یان دوو ساڵ. بەنیسبەت ئەو ئیقتراحەی كاك فرسەت مانع نییه، كۆتایی هاتنی دەورەی ئەنجومەن لای ئێمه موحەددەده ج ڕۆژێكه (٢٠٠٠/٥/٤)ه، ئیمكان هەیه ئەوەی ئیزافه بكەین (مدة دورة المجلس الحالية) و، له قانونی موحامات تجدیدی ئەصڵەن تێدا نییه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ڕەئیتان ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە و بدرێتە دەنگدان؟ بەڕێز کاك سعدی أحمد پیرە فەرموو.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پرسیارەم لە کاتی پرۆژەکەش کرد پێش ئەوەی موناقەشەش بکرێت، ئێستا کە ئێمە دەڵێین نەقابەی موحامین، بەڵام بەحوکمی واقعی ئێستا، کوردستان دوو نەقابەی موحامینی هەیە، یان لێرە دەبێت ئیزافەی سنووری ئیدارەی هەولێر بکرێ یان دەبێ صیغەیێك بدۆزرێتەوە، ئەگەر چاوەڕێن ئێمە دەنگ بدەین بۆ ئەم بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك أحمد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو هۆکارانەی بەڕێز کاك شێروان حیدری فەرمووی، هەمان هۆکار لای ئێمەش هەیە، لای سەندیکاکانی تریش هەیە، بەپێی یاسای سەندیکاکان ناتوانێ ئیشەکەی خۆی بکات تا نەبێتە ئەندامی سەندیکا، ئێمەش بەهەمان شێوە ساڵانە، لە سێ پەیمانگا کادرمان بۆ دێ، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەردەچن و پێویستە ئیشەکەی خۆیان بکەن، بۆیە هەمان هۆکار هەیە، ڕاستە ئەتوانێت ئەو سەندیکایە بەجیا داوا بکات و ببێتە پرۆژەیەکی یاسایی بۆ ئەوەی بڕیاری بۆ دەربچێت، بەڵام ئەوە زۆر دەخایەنێ، پتر لە (٢٥) پرۆژە دەبێت بخرێتە گەڕ، کەواتە دەتوانرێ ڕێگاکە کورت بکرێتەوەو هەمان مەبەستیشە، ئەگەر لەگەڵ هەمان پرۆژە دابێت یان بەپرۆژەیەکی جیاواز دابێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك شاخەوان فەرموو.

**بەڕێز محمد عباس عەوڵا (شاخەوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو کۆمەڵانی خەڵك بە پەرۆش بوون پرۆسەی ئاشتی بە ماوەیەکی کەم بێتە دی، پێنج ساڵی خایەند، ئێستا نەقابەکان و یەکێتییەکان هەموویان بوون بە دوو لەت لە سەرانسەری کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە حەقە هەنگاوی ئەوە بهاویشترێ بەڕاستی یەك بگیرێتەوە، یەك لەوانەش نەقابەی موحامینە، من پێم باشەو پێشنیار دەکەم ئەو ماوەیە، ساڵێك بەڕاستی زۆرە، زۆر دەخایەنێ، ئێستاکە هەم لە سلێمانی هەیە، هەم لە هەولێر هەیە، هەم لە دهۆکیش هەیە، هەروەها کەرکوکیش وا دێتە سەری، بۆیە حەقە ماوەکە لە سێ مانگ بۆ شەش مانگ دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە بەڕێز جەنابی سکرتێر فەرموو، ئەگەر بێت و تاریخەکەی تەحدید نەکەین ئێمە، بڵێین ئەو نەقابەیە بەکاری خۆی هەڵدەستێ پاش ئینتهائی، بۆ ئەوەی ئەو غەرەزەی بەڕێز کاك سەعدی فەرمووی، ئەو غەرەزە نەمێنێ، ئەگەر هاتوو فەرعی سلێمانیش ماوەی تەواو بوو، چونکە ئێمە دەڵێین نەقابەی موحامین و، بڕیاری ئێمەش ئەوهایە، هەر بڕیارێك کە لەو پەرلەمانە دەردەچێت بۆ هەموو لایەك وەکو یەکە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات تاریخەکەی دەست نیشان بکەین کە لە کەیەکەوەیە، چونکە ئەگەر تاریخەکەی تەحدید بکەین مانای وایە تەنها مەشمولی نەقابەی هەولێرە، دەڵێین (بعد إنتهاء مدة مجلس النقابة) کۆتایی هات بۆ ساڵێکی تر تەمدید دەکرێ، منیش لەگەڵ ئەوەم کە کاك شاخەوان فەرمووی با بیکەین تا ١٢/٣١ و، ئەگەر مەجال هەبوو لەو بەینە ڕێك نەکەوتن و تەوحید نەکرا، ئیمکان هەیە بەو پڕۆژەیە موعالەجەی بکەین، چونکە پێنج، شەش مانگ زۆرە و، ئەوەی بەڕێز کاك أحمد سالار فەرمووی بەڕای من هەر نەقابەو زروفێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر پێویستی بە زیادکردنەوە هەیە دەتوانێ پڕۆژەیێك تەقدیمی پەرلەمان بکات و، پەرلەمان کۆدەبێتەوەو دیراسەت دەکرێت

بەپێی ئصوڵ، بۆیە ئیمکان نییە ئێمە هەموو شتێك پێکەوە تێکەڵ بکەین، هەر کەسەو بە زروفی خۆی بڕوات، ئەوانیش لەوانەیە هەمان زروفیان هەبێت، بەڵام ئیمکان نییە بڵێین فلان نەقابەو فلان بەناو و، بەعامیش بڵێین زۆر شت دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر نەقابە هەیە پێویست ناکات زۆر درێژی بکەین، بۆ درێژی بکەین ساڵێك، ئێستا بۆخۆی شەش مانگی ماوە، لەوانەیە پاش شەش مانگی تر هەڵبژاردن بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حسێن عارف فەرموو.

**بەڕێز حسێن عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك زانیاریم لایە حەز دەکەم بیزانن، دوێنێ برادەرانی سلێمانیم بینی، یەکەم جارە ئەوان دەستەیەکی کاتییان هەیە، ئەو گرفتەیان نییە وەکو برادەرانی هەولێر هەیانە. دووەمیش واتێ ئەگەم دانیشتن هەیە لە بەینیاندا بە پێی ئەو برادەرانەی کە دوێنێ باسیان کرددوو سێ جار دانیشتوون بۆ یەکگرتنەوە، کە ڕەنگە مەسەلەن لەماوەی سێ چوار مانگی داهاتوودا بگەنە ئەنجامێك، بۆ ئەوەی کە ئەمان پەکیان نەکەوێت، یەعنی کە وەزعەکەیان جیاوازە لە سلێمانی، من بەلامەوە شتێکی ئاساییە، یەعنی ئەوپێشنیازە پەسەندە بەلامەوە ئەگەر موافەقەتی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس لیژنەی یاسایی بفەرموێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو موددەیەی کە دامان ناوە پێم وایە موددەیەکی کافیە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین، یەکەم محاوەلە بکەینکە هەردوو سەندیکا یەکتر بگرێتەوە لە سەندیکایەك و، هەوڵیش بەردەوام بێ و هەروەك برادەران ئیشارەتیان پێداو، ئێمە بە حەقیقەت پێشتر بەراوردی ئەوەمان کردکە ئیمکان هەیە ئەو ئیشە بەشەش مانگ بکرێت، بەڵام ئێستا ئەوە مانگێك تێپەڕیوە ، پێنج مانگ ماوە ئیمکان نییە بەو پێنج مانگە هیچ بکرێت، بۆیە بەتەصەوری ئێمە ئەو ساڵە زۆر زۆر کافیەو، ئێمەش کە ئەو پێشنیارەمان تەقدیم کردووە بە حەقیقەت ئێمە وەکو نەقابەی محامیین ئیشوکارەکانمان بەپێی یاسایەك تەنزیم دەکرێت، کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوە، ئەویش یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی١٩٩٩ یە ئەوەی کاك حسێن ئیشارەتی پێ دا فیعلەن ئیدارەی سلێمانی لیژنەیەکی کاتیە هەڵدەستی بە تەنفیز کردنی (قانونی تەقابەی محامیین) بەغدادو، ئەمە تەبیعی جگە لەو قانونەش، قانونی تەقاعودمان هەیە، شتی کەشمان هەیە لێرە پەسەند کراوە، وە ئینشائەڵا ئەگەر ئێمە بە یەك بگەینەوە، بە حەقیقەت ئەوانیش مومکینە بەو قانونانە مەشمول دەبن، بە هەموو لایەکمان دیراسەی دەکەین و ئیعادەی نەزەری تێدا دەکەینەوە، ئیحتیمال هەیە لەو ماوەیە، بۆیە ماوەی ساەکە لە جێگای خۆیەتی ولە گەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس تەعدیلاتم خوێندۆتەوە تکایە.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکەڕەش تەعدیلاتەکەی ئەو اعتبارا من تاریخ انتهاکە نەیەت، چونکە دەکات نەقابەیەکی موحەدەدو، نەقابەی موحەدەد ئەو کاتە دەکات ئەو نەقابەیەی کە بەڕێز کاك شێروان حەیدەری دەڵێت، ئەوە دەبێتە نەقابەی محامیین، ئێمە دەمانەوێت بە تەغیرێکی لوغەوی بەسیت خۆمان لەم گێچەڵە نەجات بدەین بەڕاستی، تا ئەوان لە گفتو گۆکانیان دەگەنە نەتیجە بۆ یەکخستنەوەی سەندیکا صیغەیەکی مەتاتی تر تەرح بکات، کە بۆ ئێمەش ئاسان بێت بۆ موافەقەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کاك سەعدیهەر یاسایەك لێرەوە دەردەچێتساریە بە سەر هەموو لایەکدا، ئەمە ناوی نەهاتووە کە بۆ نەقابەی هەولێرە بۆ هەموو شوێنێکە ئەگەر پێویستی کرد ئەتوانێ هەمان شت بکات، ئەگەر پیویستیشی نەکرد نایکات، دووەم تاریخەکە نەنووسراوە، نوسراوە (الدورةالحالیة)یەعنی شتی تری تیا نییە، ئەوان حالیە ئەخەنە سەری مەعنای نییە، (انتهائ مدة دورة مجلس،کام دورة؟) ئەم دورەیەی ئێستاجا ئەگەر خۆتان ڕەئی ترتان هەیە ئەیخەنە سەری، هیچ فەرقی نییە لای ئێمە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە کاکەڕەش کە باسی کرد پێم باشە بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە پێشنیارێکی چاکەو سەرتاسەریش دەگرێتەوە، بۆ ئایندەش شتێکی باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ ئیشکال هەیە لەسەر (الدورة الحالية؟) تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

أولاً: يستمر مجلس نقابة المحامين لاقليم كوردستان العراق في إدارة شؤون النقابة لمدة سنة واحدة إعتباراً من تأريخ إنتهاء مدة المجلس الحالية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، خاڵی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، خاڵی دووەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

ثانياً: لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، خاڵی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، خاڵی دووەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدان؟ تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، خاڵی چوارەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوەکەی دوور ئەبێت، (اعتباراً من تأريخ صدوره) وەلەوکاتەی قەراری درایە لە نیهایەتی دەست پێ دەکات، بەڵام وەبێ زوو ئیجرائاتەکان دەست پێ بکەین، چونکە قانونیش نییە بڕیارە (اعتباراً من تأريخ صدوره و نشره في جريدة وقائع كوردستان.) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیتان هەیە؟ تكایە جارێكی تر بیخوێننەوە تاكو بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

رابعاً: ینفذ هذا القرار إعتباراً من تأریخ صدوره وینشره في جریدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خالی چوارەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، خالی چوارەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا. هەموو بڕیارەكە دەخەینە دەنگدانەوە. تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە هەموو بڕیارەكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، بڕیارەكە بەگشتی دەنگ وەرگیرا. بەڕێز مامۆستا بەكر ئیقتراحێكی هەبوو فەرموو.

**بەڕێز بكر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پیرۆزبایی لە جەنابتان ولە هەموو لایەكتان دەكەم، كەلەو ماوەیەی سێ چوار بڕیاری زۆر باش دەركران، یەكێك لەوانە ئەوەی مەسەلەی (پی،ئێم،ئێف)، ئەوەی سزای خەڵكە تاوانبارەكان كە بدرێت، بەڕاستی خەڵكی زۆر پێی خۆش بوو، ئەوەی ئەمڕۆش دڵخۆشكەرێكی تره كەوتە ناو خەڵك، كە ئێمە داوای حەقی خەڵك دەكەینەوە، ئەوانەی كە حەقیان خوراوە لەلایەن حكومەتی مەركەزیەو، یاخود لە شوێنە جیاجیاكانی دەرەوەی ئەو ئیدارانەی كە خۆمان هەمانە، بەڵام من پێشنیار دەكەم لە جەلسەیەكدا باس لە وەزعی ناوخۆشمان بكەین، ئێمە بە چ حەقێك داوا بكەین موڵك و ماڵی خەڵك لە شوێنە تەعریب كراوەكان، یان ئەو شوێنانەی كە لە ژێر دەسەڵاتی حكومەتی مەركەزی دا هەبووە بدرێتەوە، بەڵام لەناو خۆمان نەتوانین هی خۆمان جێبەجێ بكەین، مەوقیفمان زۆر زەعیفە لەو مەسەلەیە، ئێستا حسابمان لەگەڵ بكەن مەسەلەن ئەو برا عەرەبانە یان خەڵكی تر دەڵێن ئەگەر دەتوانن جارێ موشكیلەی خۆتان حەل بكەن، ئینجا وەرن داوای حەلی مەشاكیلی ئێمە بكەن، ئێمە هەردوولا یەكێتی و پارتی، ئەنواعی خانووی یەكتریمان داگیركردووە، ئەنواعی موڵك و ماڵی یەكتریمان داگیركردووە و، كەسیش ناتوانێ خۆی لێ بدات، سەبەب؟ ئەی چۆن داوا دەكەین لە حكومەتی عێراقی داهاتوو بێ حەقی خەڵكی تر بدەینەوە؟ كە ئێمە بۆ خۆمان نەتوانین حەقی خۆمان بدەینەوە، من بۆیە پێشنیار دەكەم لە جەنابت جەلسەیەك تەرخان بكەیت بۆ ئەوەی بە تێرو تەسەلی باس بكرێت، كە ئەو خەڵكانەی موڵك و ماڵیان لە هەردوولا لێ زەوت كراوە، بكرێتە بڕیارێك و فەرزیش بكرێت بەسەر هەردوو حیزبەكەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سوپاسی سەرۆکایەتی و، هەروەها ئەندامانی پەرلەمان و ئەو لیژنە بەڕێزانە دەکەم، کە بەشدارییان کرد لە ئامادەکردنی پرۆژەی یاسای سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب و، هەموو ئەو برایانەی کە دەوری بالآیان هەبوو لە ئامادەکردنی ئەو پرۆژەیە. بێ گومان ئەو پرۆژەیەی کە ئەمڕۆ بوو بە یاساو، پەسەند کرا، ئەویش چوو پاڵ ئەو یاسا گرنگانەی، یان ئەو بڕیارو یاسا گرنگانەی کە ڕۆژی (١٢)ی مانگ وەرمانگرت، کە بەڕاستی هەموو گەلی کوردستان چاوەڕوانی ئەو جۆرە هەڵویست و یاسا و بڕیارەنەن لە ئێمە، بۆیە ئەمڕۆ بەم بۆنە پیرۆزەوە پیرۆزبایی گەرم لەو ڕۆڵە دڵسۆزانەی کوردستان ئەکەم، کە دەیان ساڵ لە ئەنجامی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و عەرەبکردنی کوردستان لەلایەن ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە، بەتایبەتی ڕژێمی بەعسی فاشست و ڕەگەز پەرست لە زێدی باو باپیرانیان ئاوارەو دەربەدەرکراون، لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوە دوورو درێژەدا ئومێدیان بەرنەداوەو، کە بێ گومان ئەو خۆڕاگریەیان جێگای سوپاس و پێ زانینە و، هەروەها بە پەرۆشیشەوە بەپەرۆش و دڵگەرمییەوە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژە پیرۆزە بوون ڕۆژی ئازادی عێراق، ئەو ڕۆژە پیرۆزەی کە بتوانین ئێمە سەربەستانە لێرە یاسایەکی وا گرنگ دەربکەین، بۆ ئەوەی ئەوانەش بەمافە ڕەواکانی خۆیان شاد ببنەوە، بگەڕێنەوە سەر زێدی باو باپیرانیان، هیوادارین ئەو ئومێدو مافە ڕەوایەیان بەزووترین کات بێتە دی و ئاسەواری ئەو سیاسەتە نارەوایەی بەعس و ڕژێمەکانی تری پێشووش، کە دژی کورد و کوردستان پیادە کرابوون، ئەو ئاسەوارانە نەمێننەوەو کورد و کوردستان و هەموو گەلانی عێرا ق بە ئاشتی و ئازادی و برایەتی و، لە سایەی حکومەتێکی عێراقی یەکگرتوو، حکومەتێکی دیموکراتی، فیدراڵی، فرە حزبی، پەرلەمانی، یەکگرتوودا پێکەوە ژیانی برایەتی و بەرنە سەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سعدی احمد پیرە سەرۆکی کوتلەی سەوز فەرموو.

**بەڕێز سعدی أحمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی بەڕێز.

ئەندامانی پەرلەمان.

خۆشحاڵم بەوەی کە ڕۆژێك بەر لە یادی هەڵبژاردنە شکۆدارە مێژووییەکەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بڕیارێکی چارەنووس ساز بدەین، سەبارەت بە تەتبیع کردنەوەو گێڕانەوەی حەق بۆ خاوەنەکەی و، جێبەجێ کردنی ئەو خەونەی کە دەیان ساڵە لە پەیڕەوو پرۆگرام و لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکانی هێزە سیاسیەکان جەختی لەسەرکراوە.

یەکێك لە شاکارە گرینگەکانی بەڕاستی ئەو سێ چوار بڕیارەی دوایی، چ مەسەلەی فیدراڵی، چ مەسەلەی پرۆژەی دەستور بۆ عێراق و، هەروەها موحاسەبەکردن یان بەسزاگەیاندنی ئەو کەسانەی کە سوودیان لە لێبووردنە گشتییەکە وەرنەگرتووە، ئەوەی ئەمڕۆش کە تەصەوراتی

کورد وازیح بێت بۆ شێوەی نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب، ئەکید ئەو هەنگاوە، هەنگاوی ئاسەواری تەعریب کە ئەوە یەکەم جار نییە ئەو کارە لێرە دەکرێت، مەسەلەی تەتهیری عرقی، ئەوە ئیسرائیل و فەلەستین دەیان ساڵە خەریکی ئەو مەسەلەن و، دەیان بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش و دەیان بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان هەنە سەبارەت بە نەهێشتنی ئەو ئاسارە و، مەحکوم دەکرێ کاری لەو بابەتە و، هەروەها لە ئەوروپا پاش جەنگی جیهانی دووەم تا ئێستا مەشاکل لە ڕۆمانیا، لە چیکوسلۆفاکیا، لە یوغسلافیای کۆن تا ئیستا ماوەو چارەسەر نەکراوە، من پێم وایە ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی نییە بە ئاستی سەقافی میللەتێك چەندەو چەند نییە، بەڵکو کارێکی ناڕەوایە دەبێتە گەورەترین کۆسپ لە پێش پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کەلتووری سیاسی وعیلمی لە هەر وڵاتێك، چونکە شتێکە بە غەدر ڕوودەدات، بۆیە من بەحەقی دەزانم وەکو لە دەقی بڕیارەکەشدا هاتووە، ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی رەسمی و مونەزەم لەلایەن دەزگای مەرکەزییەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی تەعریب و، گۆڕینی واقیعی قەومی هەنگاو دەنێن،، نەك ئەو کەسانەی کە بە ئارەزوو مەندانە هاتوون لە حالەتێکی تەبیعی هاتوون، لێرە چ بەدوای ئیشی خۆیان و چ وەکو کارمەند گواسترابنەوە و، بەتەئکید من لە ماوەی دوایی لە زۆربەی زۆری کۆڕو کۆبوونەوەکان کە کراوەن، لایەنی کوردی یان کوردستانی یان ئەو لایەنەی کە زەرەر مەندە تێگەیشتنی هەیە بۆ شێوەی موعالەجە کردنی ئەو کێشەیە، وەکو لە بڕیارەکەشدا هاتووە، چونکە ئێمە دەزانین ئەو مەسەلەیە تەنها مەسەلەیەکی قانونی و سیاسی نییە، هەرچەندە لە ڕووی قانونی غەڵەتێك کراوە، لە ڕووی سیاسییەوە خەتەرناکە لەسەر کوردو لەسەر وەزعی کورد لە عێراق و مەوقیعی کورد لە عێراقدا، بەڵام یەك میقدار لایەنی ئینسانی و کۆمەڵایەتی تێدایە، بۆیە ئەکید ئەو کۆمشنەی کە هاتووە بە هاوکاری لەگەڵ هەردوو ئیدارە، بەهاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بۆ شێوەی چارەسەر کردنی وەکو لە بەندێك لە بەندەکانی ئەو بڕیارەدا هاتووە، ئەو هاووڵاتیانەی کە بەزۆر هێنراونەتە ناوچەکانی کورد بگێردرێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان لە ئەصلدا و، کێشەکانیان چارەسەر بکرێن، من پێم وایە هەردوو ئیدارە و، هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکان پێش ئەوەی بیر لە هەر شتێکی تر بکەنەوە، دەبێ هەوڵ بدەن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هاوکاری بکەن و، بەڕوونی تێیان بگەیەنرێت کە مەسەلەی تەعریب، مەسەلەیەکە، ئێمە بەحریك خوێنمان داوە لە پێناو نەهێشتنی، ناکرێ ئێستا بەئاسانی بخرێتە ژێر لێوەوە و، هەوڵ بدرێت بەهەر مەبەستێك و هەر پاساوێکی بۆ بهێندرێتەوە، کارێکی خراپەو ئەنجامێکی خراپی دەبێت و، دەبێتە هۆی عەدەم ئیستقرار لە ئەو ناوچەیە و، بەتایبەتی بۆ عێراق. بۆیە من جگە لە پشتگیری بێ سنوورم کە لەم بڕیارە دەکەم، ڕای دەگەیەنم کە ئێمە هەموو هاوکارییەك دەکەین بۆ نەهێشتنی. پیرۆزبایی لە خۆمان وەکو پەرلەمانتار و، دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەموو لێژنەکانی پەرلەمانی پەیوەندیدار دەکەم کە خەریکی بوونە و، هیوادارم لەو سەرکەوتنەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر بچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك سعدی أحمد پیرە سەرۆکی کوتلەی سەوز، من وامزانی باسی شتی تر دەکەن، بەنیسبەت پێشنیارەکەی مامۆستا بەکر، ئاراستەی بەڕێزانم کردووە کاك د.ناصح و کاك سعدی کە دیراسەی بکەن وەکو کوتلە، فەرموو کاك کەمال.

**بەڕێز کمال ابراهیم فرج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا منیش مەبەستی ئەوەم هەبوو، تەبعەن هەموو برایانی پەرلەمان و بەڕێزیشتان پشتگیری لەو پێشنیارەی کاك بەکر بکەن، بەڵام پێم باشە بیکەین بە پرۆژەیەك و، برادەران ئیمزای بکەن و پێشکەش بە جەنابتی بکەن، بۆ ئەوەی حەلێکی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بابەتێك لە پەرلەمان بخرێتە جەدوەلی ئەعمالەوە، پێویستە هەردوو کوتلە لە پێشا موتەفق بن لەسەری، ئەوانی تر بە ئصولی خۆی دەڕوات. دەبێ ئەو بابەتە چەند لایەنێکی پەوەندی دار هەیە کە عیلاقەیان بەو بابەتەوە هەیە، پێش هەموو شتێك پارتی و یەکێتی، لێژنەی تەنسیق، لیژنەکانی موشتەرەکی هەردوولا، لەو بابەتە ئەوجا پەرلەمانیش، ئێمە لەو بابەتە زیاتر دەسەڵاتمان داوە بە لێژنەی تەنسیق کە بڕیارمان لەسەر وەرگرتووە، بەڵام منیش بە شتێکی باشی دەزانم ئەو مەوزوعە باس بکرێت، بزانین گەیشتووتە کوێ؟ لەوانەیە پێویست بکات لێژنەی تەنسیق بانگ بکەین و پرسیاریان لێ بکەین، چ پێویست دەکات با هەردوو کوتلە دیراسەی بکەن لە نێوان خۆیان و، چ بەباش دەزانن ئێمەش ئەو وەختە بەسەر چاوان دەیکەین، ئەو مەوزوعەش لەو زروفە با تاغی نەبێت بەسەر کاری تر کە دەیکەین، بەسەر باشەکانمان کە دەیکەین زروفەکە چونکە حەساسە، خۆی بڕیاریش بوو بە حاکمی عێراقیش بڵێین، مدیری ئیدارەی موئەقەتی عێراق (بریمەر)، (پۆل بریمەر) بێت لەسەر داخوازی خۆی، داوای کرد کە بێتە ئێرانەو لێرە ئامادە بێت لە پەرلەمان و چەند قسەیەکتان بۆ بکات و، سەیرێکی پەرلەمان بکات تەقدیرەن بۆ دەوری پەرلەمان، بڕیارەکەش وابوو سبەنێ سەعات دە لێرە بێت، کۆبوونەوەکە سەعات دە بکرێت، بەڵام لەبەر هەندێك زروف کە نەمانزانیوە چییە تەئجیلی کرد بۆ خۆی، خەبەری بۆ ناردین، یەعنی قەرار بوو کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ بێت، کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان کۆبوونەوەیەکی ئاساییە، ئەوەش هەر بۆ ئاگاداری ئێوە. دەمێنێتەوە سەر ئەو کارەی کە کردمان لە ڕاستیدا سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، لە دانیشتنەکانی پێشوشدا و لەم دانیشتنەشدا بۆ بەردەوامیتان لەسەر گفتوگۆ کردن و پێشکەش کردنی ئیقتراحاتی ڕێکوپێك دەربارەی ئەو بڕیارانەی کە وەرگیران، بەتایبەتی ئەو بڕیارەی ئەمڕۆکە، کە بڕیارێکی زۆر گرینگە و، زۆر مەصیرییە بەنیسبەت هەزارەها کەسوکارمانەوە، بەنیسبەت ناوچەیەکی زۆر لە کوردستاندا کە دڵی هەموو کوردستانی لەلایە، مێشك و دڵی پێوە مەشغولە، خەباتی بۆ کردووە ساڵەهای ساڵ و، دەیەوێت بیگەیەنێتە ئەنجامێك و، چاکیشە ئێمە تەوجوهو وزوحێکمان هەبێت لەو بارەیەوە گورد چی هەیە، چۆن چارەسەری بکات؟ ئایا دەیەوێ وەکو مەلا محمود چارەسەی بکات، چیان لێ کردی تۆش هەمان شتی لێ بکەی، یان دەتەوێ بە ئسلوبێکی قەرنی بیست و

یەکەم لە وەختێکا بیکەی، کە پێت بکرێت و ئەنجامی دەوێت. تەبیعی سوپاسی هەمووتان دەکەم، بەشێوەیەکی تایبەتی لیژنەی یاسایی، کە دەورێکی هەرە گرینگی هەبوو، پێوەی ماندوو بوون، یاسا ناسەکانمان بەگشتی و، لە ڕاستیدا ئەوەی برادەرانیش باسیان کرد ئەوە دەسکە گوڵێکە، کە پەرلەمانی کوردستان کردی بە دیاری بۆ بیرەوەری یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد، کە بەیانی بیرەوەری دەکەینەوە ١٩٩٢/٥/١٩، جارێکی تر سوپاستان دەکەم ئەگەر شتێك بوو بەزووترین کات ئاگادارتان دەکەین و، هەر بژین.

فرست احمد عبدالله

سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی

کوردستانی عێراق

د. رۆژ نوری شاوەیس

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی

کوردستانی عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦)**

**دوو شەممە رێکەوتی ٩/ ٦/ ٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ( ٢٦ )

## دوو شه‌ممه ڕێکه‌وتی ٢٠٠٣/٦/٩

کاتژمێر (١٠)ی سه‌ر له‌ به‌یانی ڕۆژی دوو شه‌ممه ڕێکه‌وتی ٢٠٠٣/٦/٩ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانی عێراق به‌ سه‌رۆکایه‌تی به‌ڕێز د.ڕۆژ نوری شاوه‌یس سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن و، به‌ ئاماده‌بوونی به‌ڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد جێگری سه‌رۆك و، به‌ڕێز فرست احمد عبدالله سکرتێری ئه‌نجومه‌ن، دانیشتنی ژماره(٢٦)ی خولی گواستنه‌وه‌ی، سالّی (٢٠٠٣)ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی کار:**

به‌ پێی حوکمه‌کانی بڕگه‌ (١)ی مادده‌ (٢٠) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره (١)ی هه‌موارکراوی سالّی ١٩٩٢ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بڕیاری دا به‌رنامه‌ی کاری دانیشتنی ژماره (٢٦)ی خولی گواستنه‌وه له‌ کاتژمێری (١١)ی سه‌ر له‌به‌یانی ڕۆژی دوو شه‌ممه ڕێکه‌وتی ٢٠٠٣/٦/٩ دا به‌م شێوه‌یه بێت:

١- په‌یڤی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

٢- په‌یڤی ڕێزدار مه‌سعود بارزانی.

٣- په‌یڤی ڕێزدار مام جه‌لال تاڵه‌بانی.

٤- په‌یڤگه‌لی دۆسته‌ ڕزگارکه‌ره‌کان.

٥- په‌یڤگه‌لی حزب وکه‌سایه‌تییه‌ نیشتمانییه‌کانی عێراق.

**به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن:**

به‌ناوی خوای گه‌وره‌و میهره‌بان، به‌ناوی گه‌لی کوردستان، دانیشتنی ژماره (٢٦)ی خولی گواستنه‌وه‌ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ده‌ست پێ ده‌که‌ین، به‌ڕێزان ئه‌و دانیشتنه‌مان بۆ بیره‌وه‌ری ١١ هه‌مینی یه‌که‌مین دانیشتنی په‌رله‌مانی کوردستانه‌ که‌ له‌١٩٩٢/٦/٤ به‌سترا، که‌ به‌و ڕۆژه‌ ده‌ژمێردرێ که‌ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانی عێراقی تیا دامه‌زرا، به‌رنامه‌ی کارمان ته‌نها بریتییه‌ له‌ وتار خوێندنه‌وه‌. وتاری یه‌که‌م هی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانه‌، وتاری دوای ئه‌وه‌ هی میوانه‌ به‌ڕێزه‌کانه‌ و، پاش کۆتایی هاتنی دانیشتنه‌که‌ی ئه‌مڕۆ هه‌موو لایه‌کتان به‌خێر بێن بۆ نانی نیوه‌ڕۆ میوانی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانی عێراقن.

* هێژا کاکه‌ مه‌سعود بارزانی سه‌رۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان.
* هێژا مام جلال تاڵه‌بانی سکرتێری گشتی یه‌کێتی نیشتمانیی کوردستان.

به‌ڕێزان ......

جه‌نه‌ڕاڵ (پترۆس)

جه‌نه‌ڕاڵ (بڕۆس مۆڕ)

جه‌نه‌ڕاڵ (تۆم کرۆس)

بەڕێزان...... کاك عزیز محمد

عدنان پاچەچی

نصیر چادرچی

د.إبراهیم الجعفری

توفیق یاسری

عبدالاله نصراوی

گشت نوێنەری پارتو کەسایەتیە ناودارە عێراقیو کوردستانییەکان

بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و برا وەزیرەکان

خوشك و برایان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ئەم کاتەتان شاد، لە ناخی دڵمەوە بەخێرهاتنی هەمووان دەکەم. بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە سوپاسی بێ پایانتان ئاڕاستە دەکەم بۆ ئەو زەحمەتەی کێشاتان بۆ بەشداری کردنتان لەم دانیشتنە تایبەتیەی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێزان ......

لە ٦/٤ کە ١١ هەمین ساڵیادی یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بوو، واتە ١١ ساڵ لە تەمەنی ئەزمونی دیموکراسیو چەسپاندنی یاساو سیستەمی خۆ بەڕێوە بردنی وڵات بەسەرکەوتویی تێدەپەڕێت، سەرباری ئەو هەموو گرفتو ئاستەنگە نێوخۆییو ناوچەییو نێودەوڵەتیە لەلایەكو، سیاسەتی شۆڤینستانەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغداش لە پیادە کردنی پاکتاو کردنی نەژادیو سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوایەتیمان لەلایەکی ترەوە.

توانرا بەو ئیرادە پۆڵاینەی جەماوەری کوردستانو بەهەوڵو هیمەتی دڵسۆزانەو کورد پەروەرانەی لایەنە سیاسیەکانی ناو بەرەی کوردستانیو دۆستانی گەلەکەمان لە دەرەوە، هەڵبژاردنێکی ئازادو یەکلا کەروە ئەنجام بدرێ، پەرلەمانو حکومەتی هەرێم دابمەزرێو ئەو بۆشاییە ئیداریە پڕ بکرێتەوە، کە ڕژێم بە مەبەستی پیلانو نیازی گڵاو لە سەردەمی بڵێسەی ڕاپەڕینە مەزنەکەو ڕاوەدوونانیاندا، خەونی (سەرابی)یان دەبینی، پێیان وابوو جەماوەری کوردستان مەرگەساتەکانی ئەنفالو کیمیا بارانو تەعریبو جینۆسایدی بیر دەچێتەوەو، گەلی کورد توانای خۆ بەڕێوەبردنی نییەو بە ناچاری جەماوەری کوردستان هانا بۆ ڕژێم دەبەنەوە. کە ئاشکرایە نەك تەنها خەونە گڵاوەکانی نەهاتنەدی، بەڵکو هەموو بۆچوونو هاوکێشەکانی ئاوەژووبونەوەو ڕژێمەکەش لە ئەو پەڕی لاساریو ملهوڕیدا چۆکیان پێ داداو هەپروون بە هەپرروونیان کردو، گەلانی عێراق بە پشتیوانی هێزی هاوپەیمانان خۆری ئازادیان بەسەردا پەخش کرا.

بێگومان ئەزموونی ١١ ساڵی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو چەسپاندنی یاساو دیموکراتیزە کردنو پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو ئارامیو ئاسایشو بووژانەوەی کوردستان، دەتوانرێ لە بنیادنانەوەی سیستەمی عێراقی دیموکراتو پەرلەمانو فیدراڵدا وەك فاکتەرێکی بەهێزو مۆدێلێکی شیاو بەکار بهێنرێ.

لێرەدا جێی شانازیە گەر بڵێین تازیاتر بڕوامان بە برایەتیو پێکەوە ژیانی عادیلانەو ئازادیو مافە ڕەواکانی گشت گەلانی عێراق بە کوردو عەرەبو ئاشوریو تورکمانەوە هەبێو هاوهەڵوێستی

گەلەکەمان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی جەماوەر داڕێژراوبن... ئەوا زیاتر لە ئامانجەکانمان نزیك دەبینەوەو زیاتریش بەرەو ئاسۆی گەش هەڵدەکشێین‌و ویژدانیشمان بەرامبەر دەریایەك خوێن‌و فرمێسکی مێژووی قوربانیدانمان ئاسوودەتر دەبێ‌و، زیاتریش متمانەی جەماوەری ستەم دیدەی عێراق‌و کوردستان مسۆگەر دەکەین، بەمەش ڕۆڵی سەرەکی هێزە دیموکراتی‌و نیشتمان پەروەرەکان لە دەسەڵاتی ئایندەی عێراقدا پتەوتر دەبێت.

هەر بەم بۆنەیەوە جێگای خۆیەتی بە ئێوەی بەڕێزو سەرجەم جەماوەری دڵسۆزو خۆڕاگر ڕابگەیەنم، کە لەم تەمەنە پڕ شکۆیەی خۆیدا وێڕای زامنکردنی دەیان دەستکەوتی گرنگ‌و مێژوویی بۆ هەموو چین‌و توێژەکانی گەلەکەمان، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ سوودی دانیشتوانی هەرێم بەگشتی، لە کۆی ( ٤٧٢ ) دانیشتنیدا (١٤٤ ) یاساو (٢٧٣) بڕیاری یاسایی هەموارکردووە، کە خزمەتێکی بەرچاوە بۆ پاراستنی بەرژوەندیە باڵاکانی گەلی کوردستان.

هەر بۆیە لەم یادە شکۆدارەداو ئا لەم مینبەری شەرعیەتی پەرلەمان‌و دڵی دیموکراتیەتەوە پیرۆزبایی گەرم‌و هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەی ئازیزو گشت جەماوەری کوردستان‌و گەلانی عێراق‌و سەرجەم مرۆڤ دۆست‌و کورد پەروەرانی جیهان ئاڕاستە دەکەم.

ئەمڕۆ لەم یادە شکۆدارەدا سوپاس‌و پێزانینی گەرم ئاڕاستەی هێزی ڕزگارکەری هاوپەیمانان بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو هێزی پێشمەرگەی قارەمان‌و گەلانی دۆست‌و دڵسۆزی کێشە ڕەواکەمان و گشت حیزبە عێراقی‌و کوردستانیەکان دەکەین‌و، داواکارین وەك هەمیشە پشتیوان بن لە بەدیهێنانی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی پەرلەمانی فرە لایەنی‌دا.

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پڕ شکۆی گشت شەهیدو قوربانیانی ڕێگای ئاشتی‌و ئازادی‌و دیموکراسی، سەروەریان بارزانی نەمر.

بژی برایەتی کوردو عەرەب‌و ئاشوری‌و تورکمان

بژی عێراقی دیموکراتی فیدراڵی پەرلەمانی

بژی کورد

بژی کوردستان

دووبارە بەخێربێن، سەرچاو. هەرشادبن ... زۆر سوپاس.

أرجو المعذرة من الضيوف الأعزاء الأخوة العرب الكلام الرسمي في المجلس الوطني لكوردستان العراق هي باللغة الكوردية، لذا أملنا أن تكونوا وصلتكم كلماتنا من خلال الترجمة الإنكليزية، فارجو المعذرة مرة أخرى.

وتاری ئێستامان بۆ بەڕێز جەنابی کاك مەسعود بارزانییە با بفەرمووێ گەورەمان بکات.

**بەڕێز مەسعود بارزانی:**

بەناوی خوای گەورەو دلۆڤان.

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانە بەڕێزەکان دەکەم.

دۆستانی بەڕێز و خۆشەویست، نوێنەرانی دەوڵەتی ئەمریکا و دەوڵەتی بەریتانیا.

برایانی بەڕێز و خۆشەویستمان لە هێزە نیشتمانییەکانی عێراق.

یادکردنەوەی ئەمساڵمان تاموچێژێکی تری هەیە، چونکە لە عێراقێکی ئازادکراودا ئەم یادە تازە دەکەینەوە.

هەر چەندە هێشتا گیروگرفتی زۆر لە پێشمان ماوە، بەڵام رزگار بوونی عێرا ق لە رژێمی دیکتاتۆری گەورەترین سەرکەوتن بوو، کۆسپی گەورە ئەوە بوو، بەڵام مادام ئەو کۆسپە نەما، پێمان وایە گیروگرفتی تر هەمووی قابیلی چارەسەرکردنە. ئەمرۆ؛ رۆژی ۹ی حوزەیران وەك زۆر رۆژی تر لە مێژووی گەلەکەماندا رۆژێکی زۆر رەشە، چونکە لە ساڵی ۱۹٦۳ لەم رۆژەدا لە شاری سلێمانی بەسەدەها رۆڵەی کورد دەستگیرکران و، زیاتر لە (۸۰) کەس زیندەبەچاڵ کران، هەروەها لە رۆژی ۹ی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۸۵ ئۆردوگای ئاوارەکانی کورد لە ئێران، ئۆردوگای زێوە کەوتە بەر شاڵاوی فرۆکەکانی رژێمی دیکتاتۆری عێراق، زیاتر لە (۱۳۰) کەس لە ژن و منداڵ و خەڵکی بێ تاوان شەهید کران و زیاتر لە (٤۰۰) کەس بریندار بوون، کە نیوەیان بێ دەست و قاچ ماون.

رژێمی عێراق زۆر هەوڵی دا کەلێنێکی وا لە بەینی کورد و عەرەب دروست بکات، کە پێی وابوو جارێکی تر کوردو عەرەب یەکتری نەگرنەوە، بەڵام خۆشبەختانە رژێم خۆی لە عەرەب و کورد گۆشەگیرکردو برایەتی کوردو عەرەب هەر وەکو خۆی مایەوە و هەتاهەتایێ هەر دەشمێنێ.

ئەمرۆش شاهێدە، کە هەموومان لێرەدا لە پەرلەمانی کوردستان دانیشتووین و بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی برا عەرەبەکانمان بەشدارییمان دەکەن، پێش ماوەیەك برای بەرێزم مام جەلال و من لە بەغدا لە خزمەتی ئەو برایانەمان دابووین، ئەمەش هەمووی نیشانەی ئەوەیە برایەتی کوردو عەرەب بەهێزەو رژێم نەیتوانیوە هیچ کەلێنێك لە نێوانیاندا دروست بکات.

ئێمە پڕ بە دڵ سوپاسی ئەمریکاو بەریتانیاو پێشمەرگەی کوردستان و هەموو ئەوانە دەکەین، کە یارمەتیان داین بۆ رزگاربوون لە رژێمی دیکتاتۆری. کاتێك زانیمان لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا جددیەت هەیە بۆ رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا، ئێمەش زۆر بەجدی هاوپەیمانی و هاوکاریمان کردن و بەشداربووین لە رزگارکردنی عێراق. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، کە برایەتی و هاوکاری نێوان پارتی و یەکێتی و هێزە هاوپەیمانەکانی تری کوردستانی بەردی بناغە بوون بۆ ئەو وەزعەی کە لە کوردستان دروست بوو. دوازدە ساڵە گەلی کوردستان لە ئازادیدا دەژیت و هیچ هێزێك نییە بتوانێ جارێکی تر میللەتی کورد بەرەو پاش بباتەوە، ئێمە سەربەرزین بەوەی لێرە لە کوردستان ئەزموونێکی دیموکراتی دامەزراوەو تا رادەیەك زۆر سەرکەوتووش بووە، ئەم ئەزموونەش لە خزمەتی هەموو عێراق دا دەبێت، هیچ کاتێك خەباتی گەلی کورد لە خەباتی گەلی عێراق جیا نەکراوەتەوە، هەر دروشمی مەرکەزی شۆرشی مەزنی ئەیلول لە ۱۱ی ئەیلوولی ۱۹٦۱، دروشمی مەرکەزی ئەو سەردەمە (دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) بوو، یەکەمجار دیموکراتی بۆ عێراق، چونکە بەبێ ئەوەی دیموکراسی لە عیراق بچەسپێ هیچ موشکیلەیەك چارەسەر ناکرێت، ئێستاش وەزعێکی تازەیە لەعیراق ولە هەموو ناوچەکە و عیراق سەر لە نوێ دادەمەزرێتەوە، ئیحتیماله عیراق لە سەر ئەساسی ئیتیحادی ئیختیاری دابمەزرێت، نابێت بە زۆر شت لە سەر یەکتری فەرز بکرێت، لەم پەرلەمانە بڕیاری ئەوە دراوە کە پێمان وایە پاش تەجروبەیەکی دوورو درێژ باشترین چارەسەر بۆ کێشەی کورد ئەوەیە، کە عیلاقەی کوردستان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لەسەر ئەساسی حەلی فیدراڵی دروست

بكرێت، هەروەها دەبێت هەمیشە تایبەتمەندی کورد لەبەر چاو بێت. ئێمە لە بەر ئەوە دەڵێین : ئێمە دەمانەوێت لە چوارچێوەی عیراقدا پێکەوە بژین، بەڵام لەعیراقێکی هەروەکو لە کۆنفراسی لەندەن، لە دانیشتنی سەلاحەدین هەتا لە دانیشتنی ناسریەش کە دووپاتی لە سەر کراوەو رێککەوتووین لە سەری، عیراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فرە حزبی فیدراڵی بێت، بۆ ئەوەی هەمووومان بەرگری لێ بکەین وبزانین هاووڵاتی ئەم وڵاتەین. دەبێ بەردی بناغەی عیراقی تازە برایەتی کوردو عەرەب ونەتەوەکانی تری وەکو تورکمان وئاشوری و کلدان بێت، هەروەها دەبێ بنچینەی لێبوردەیی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیش بێت. ئێستا، کە باس لە داڕشتنی دەستورێکی تازە دەکرێت بۆ عیراق، ئێمە پێمان وایە ئەمە هەنگاوێکی یەکجار گرنگە، چونکە ئەمە شتێکی زۆر زۆر گرنگە، ئێمە ئومێدەوارین کە هەموو هێزەکان هەست بە مەسئولیەت بکەن، هێزەکانی عیراقی، عەرەب و کوردو هەموو لایەنی تر پێکەوە هاوکارییەکی جیددی لە گەڵ هێزەکانی هاوپەیمان ودۆستەکانی ترمان بکەین، بۆ ئەوەی بەراستی دەستورێکی سەردەمیانە لەعیراق دابمەزرێنین، دەستورێك کە ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕاستەقینەی عیراق بێت، دەستورێك بێت، کە جارێکی تر هیچ ڕژێمێك نەتوانێت کیمیاباران یا ئەنفال یا تەعریبی ناوچەیەکی کورد بکات، ڕەنگە زۆر کەس وا مەزەندە بکەن، کە کورد حەزی لەشەڕ بووە و حەزی لە چەك بووە، کە چەك هەڵبگرێ و هەمیشە لە شەڕدا بژی، با بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، لە یەك شەڕیشدا کورد لە دەرەوەی خاکی خۆی شەڕی نەکردووە، هەمیشە شەڕ لە بەر دەرگای ماڵی کورد بووە و بەرگری لە بوونی خۆی کردووە. ئێمە بۆیە دەڵێین دەبێت دەستوری تازە، دەستورێك بێت بۆ واقیعی ڕاستەقینەی عیراق، بۆ ئەوەی ئێمەش پێویستمان بەوە نەبێت چەکمان هەبێت یا چەکدارمان هەبێت.

لێرەدا من بە پێویستی دەزانم ئاماژە بکەم بە تەمەنی پێشمەرگە، پێشمەرگە ملیشیات نییە، پێشمەرگە چل ساڵە بەرگری لەمانی نەتەوەیەك دەکات، لە کوردستانی عیراق، کە بەشێکە لەعیراق، پاراستوویەتی، وەك قەڵایەك بوو بۆ هەموو ئازادیخوازانی عیراق بە عەرەب و کوردو هەموو نەتەوەکانی ترەوە ... هەموو کاتێك لەو شوێنەی پێشمەرگە تیایدا دەسەڵاتی هەبووە، قەڵایەك بووە بۆ هەموو ئازادیخوازانی عێراق. پێشمەرگە کەرامەت و وجودی نەتەوەیەکی پاراستووە و بەخوێنی خۆی بەشدار بووە لە رزگارکردنی عێرا ق لە دیکتاتۆریەت، وشەی (پێشمەرگە) لای کوردو لای هەموو گەلی عێراق زۆر زۆر پیرۆزە، ئێمە دەزانین ئەرکی پێشمەرگە بۆ قۆناغی داهاتوو گۆڕاوە، پێشمەرگە تا ئێستا شەڕی دەکرد لەگەڵ ڕژێمێکی دیکتاتۆری کە حاکم بوو لە مەرکەز، بۆ ئەوەی نەتەوەیەك بپارێزێ، بۆ ئەوەی میللەتێك بپارێزێ، لەمەودوا ئەرکی پێشمەرگە ئەوەیە، کە دەبێ خۆی لەگەڵ رەوشی تازە بگونجێنێ، ئینجا چ لەناو سوپای ئایندەی عێراق دابێت بۆ بەگری کردن لە عێراق، هەروەها بۆ دابین کردنی ئاسایش بۆ هاووڵاتیان بەپێی ئەو یاسا و رەوشە تازەیەی کە هاتۆتە پێش، واتە گونجاندنی وەزعی پێشمەرگە لە گەڵ رەوشی تازە، دەبێ لەگەڵ خەبات و قوربانی پێشمەرگەدا گونجاو بێت.

ئێمە سەربەرزین کە خوێنی شەهیدانی گەلی عێرا ق بە گشتی و گەلی کودستان بە تایبەتی بە فیڕۆ نەڕۆیشت، ئەمڕۆ بە هیمەتی هەموولایەك و بە پشتیوانی دۆستانمان- ئەمریکا و بەریتانیا

— پێمان وایه دەرفەتێکی باشمان له پێشه بۆ ئەوەی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فره حزبی فیدراڵی دامەزرێنین، عێراقێکی وا که دانیشتوانی بەسرا زۆر به ئازادی و سەربەستی ئەگەر ئارەزووی لێ بێت له هەولێر بژیت و دانیشتووی هەولێر ئەگەر حەزی کرد بچێ بەسەربەستی و ئازادی له بەغدا یان له بەسرا بژێت، بەبێ جیاوازی، عێراق عێراقی هەموومان بێت. له کۆتاییدا ئومێدەوارم هەرچی زووتره ئێمه وەکو هێزی نیشتمانیی عێراقی لەگەڵ دۆستەکانماندا بتوانین حکومەتی عێراق دابمەزرێنین و زەمینه خۆش بکەین بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد له عێراقدا و ئەو دانیشتنەی، که ئەمڕۆ ئێمه له بەشێك له خاکی عێراق، له کوردستانی عێراق، له پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دانیشتووین هەرچی زووتره له پەرلەمانی مەرکەزی له بەغدای پایتەخت پێکەوه دابنیشین، نوێنەرانی هەموو گەلی عێراق پێکەوه بڕیاری پێویست بدەین بۆ نەهێشتنی ئاسەواری هەموو ئەو بڕیاره شۆڤینانەی، که ڕژێمەکانی پێشوو داویانەو، پێکەوه دەست لەناو دەست عێراقێکی تازه دروست بکەین و، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی کاکه مەسعود بارزانی بۆ ئەو وتاره بەنرخەی، دوای وەرگرتنی ئیزن له ئەندامانی پەرلەمان.

مرة أخرى نرحب ترحيباً حاراً بحضرة الأستاذ عدنان الپاچەچي رئيس تجمع الديموقراطيين العراقيين المستقلين، والكلمة له الآن فليتفضل.

**بەڕێز عدنان پاچەچی:**

الأخ السيد مسعود البارزاني رئيس الحزب الديموقراطي الكوردستاني.

الأخ مام جلال الطالباني رئيس الاتحاد الوطني الكوردستاني.

السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق.

أخواني الأعزاء، سيداتي وسادتي.

أود أولاً أن أتقدم بجزيل الشكر على دعوتكم الكريمة للمشاركة في هذه الجلسة التأريخية لمجلسكم الموقر احتفالاً بمرور (١١) عاماً على بدء التجربة الديموقراطية الفريدة التي قمتم بها في هذا الجزء العزيز من وطننا العراقي، الحرية، الديموقراطية، الأمان، الاستقرار، والتقدم، هذا ما جلبتم لشعبكم خلال هذه المدة القصيرة، بينما إخوانكم في الأجزاء الاخرى من الوطن، يقاسون الموت من حكم الدكتاتورية القمعية الفاسدة، الذي لم يجلب سوى التخلف والعذاب والحرمان، الحرية ثم الحرية وثم الحرية، هي التي خلقت القدرات الخلاقة الكامنة في شعبكم، في اقامة مجتمع الرقي والتقدم والرفاه، ان ما شاهدنا ولسنا هنا يشجعنا على تنظيم جهودنا وسيقوي من عزيمتنا وتصميمنا بإقامة النظام الديموقراطي، الفيدرالي، التعددي، يحافظ على حقوق الإنسان الأساسية في كل أنحاء العراق، ومنذ أكثر من شهرين عقدنا مؤتمراً في لندن، مؤتمرنا الأول، وتمسكنا بمبدأ الفيدرالية وحق الشعب الكردي في تقرير المصير، إن هذا الموقف المبدئي ينبع من أيماننا العميق الذي لم يتزعزع، بأن الشراكة العربية الكردية هي الضمان الوحيد والأكيد للحفاظ على وحدة العراق، وتحقيق المستقبل الزاهر القائم على الحرية والعدل والمساواة لكل أبناء الشعب، وسنسير على نهجنا

هذا ولن نتخلى عن هذه المبادئ، التي آمنا بها عن قناعة تامة، ونسأل الله أن يوفقنا لنضعها في حيز التنفيذ لخدمة وطننا العزيز. إننا إذ نلتقي اليوم في ربوع كوردستان العراق، وفي رحاب البرلمان الكردي، لابد لنا أن نستذكر باعتزاز، التضحيات الغالية، التي قدمها الإخوة الأكراد بمختلف العهود، وأن نقدر تقديراً عالياً، صمودهم أمام الويلات والمحن و أعمال الإبادة التي تعرضوا لها. أن نقف اليوم أمام منعطف كبير ونواجه تحديات كبيرة، الأمر الذي يستدعي منا عرباً وأكراداً وجميع التيارات السياسية والفئات القومية والدينية، أن نرتفع إلى مستوى المسؤولية وأن ننهض بواجب السعي لبلوغ الأهداف المشتركة ويقف في مقدمة ذلك إعادة بناء الدولة العراقية واستعادة الإستقلال الوطني بأقصر فترة ممكنة، وتأمين الاحتياجات المريحة للناس والخدمات وحل المشكلات المعاشية المتفاقمة، لقد أكدنا دوماً على ضرورة قيام حكومة انتقالية تمثل جميع التيارات كأداة فعالة للخروج من المأزق الراهن، والتمهيد لتحقيق مهمات أخرى كإعداد الدستور وقانون الانتخابات، وانبثاق حكومة دائمة بالانتخابات الديموقراطية، وهذه الأهداف تستدعى تنظيم علاقات التعاون بين القوى والفئات السياسية والمهنية، على أساس متكافئ واتفاق واسع على تطبيق برنامج واقعي وإعادة البناء. وختاماً أرجو لكم التوفيق والنجاح لخدمة هذه البقعة العزيزة الغالية لوطننا العراقي، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ وتاری بەڕێز کاك عەدنان پاچەچی، ئێستاش بەڕێز جەنەڕاڵ (پترۆس) وتاری خۆی پێشکەش دەکات با بفەرمووێت.

**بەڕێز جەنەڕاڵ پترۆس:**

السادة الرؤساء، السادة رؤساء الوزراء، الضيوف الأعزاء. جنرال (بروس مۆر) جنرال (توم كروس)، اعضاء البرلمان.

نيابةً عن أكثر من (٢٠) ألف من جنود قوات التحالف المتواجدين في شمال العراق، أودَ أن أباركم جميعاً بهذه المناسبة لأحياء ذكرى (١١) لأول جلسة البرلمان في هذا الجزء من العراق، أودَ أن أنتهز هذه الفرصة أن اكرر تعهد قوات التحالف بمساعدة جميع الشعب العراقي لاستغلال هذه الفرصة للنتائج التي قاتل من أجلها جنودنا جنباً إلى جنب مع قوات البێشمەرگە لاستغلال هذه الفرصة لخدمة الجميع، أشكركم وأهنئكم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز جەنەڕاڵ (پترۆس)، نرحب أيضاً مجدداً برئيس التيار الوطني الديمقراطي الأستاذ (نصير الچادرچی) فليتفضل ليلقي كلمته.

**بەڕێز نصير چادرچی:**

السيد الرئيس الأستاذ (مسعود البارزاني) المحترم، السيد الأستاذ (مام جلال الطالباني) المحترم أمين عام الاتحاد الوطني الكوردستاني، السيد الأستاذ (نيچيرڤان البارزاني) رئيس الوزراء المحترم، السيد الأستاذ (د.برهم صالح) رئيس الوزراء المحترم، أيها السيدات و السادة رئيس و أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترمون.

تحية مباركة، يسعدني و يشرفني تلبية دعوة مجلسكم الموقر، بحضور احتفالكم المهيب بمناسبة ذكرى(١١) لعقد الجلسة الأولى لمجلسكم في ١٩٩٢/٦/٤ ذلك التأريخ الذي يعتبر إعلاناً لانطلاق الديموقراطية الأصيلة في عراق جثم على صدره الطاغوت الإرهابي والدكتاتورية. لقد كانت أرضكم الطيبة المحررة ملاذاً آمناً لكل العراقيين الأحرار المناضلين، ضد تعسف النظام المقبور، إن تجربتكم الرائدة في تكريس الأسس الديمقراطية والفدرالية تبعث في نفوس جميع إخوانكم العراقيين الأمل في تعميم تلك التجربة على العراق كله، مما لاشك فيه، فأنكم تذكرون جيداً موقف الحزب الوطني الديمقراطي، إذ كان أول المنادين بمنح شعبنا الكردي كامل حقوقه في عراق موحد ديمقراطي تعددي، يحفظ جميع الأديان والقوميات حقوقها كاملة، وبهذه المناسبة الكريمة، أتقدم باسمي ونيابة عن الوطنيين الديمقراطيين الذين أتشرف بتمثيلهم، في احتفالكم هذا بأخلص التهنئة والتبريك، متمنين لمجلسكم الموفقية، ولشعبنا العراقي الحرية والديمقراطية في ظل عراق موحد، وفقكم الله وسدد خطاكم، والسلام عليكم.

**بەڕێز جەنەڕال بروس مۆر:**

**السيد الرئيس البارزاني.**

**السيد جلال الطالباني.**

**أعضاء المجلس المحترمون.**

شكراً جزيلاً على دعوتكم لحضور البرلمان هذا اليوم، كما تعلمون هذه المرة الثانية أكون هنا، هذا شرف وسعادة لي، نيابة عن قوات التحالف، وكما قال الجنرال پترۆس اكرر ما قاله بأن الأوضاع تتحسن يوماً بعد يوم والتقدم جاري يومياً، شعب كوردستان أقام نموذجاً لكي تكون نموذجاً لباقي أنحاء العراق، وتظهر انه عندما تريد أن تحقق شيئاً وتحقق حياة افضل لشعبكم ولعوائلكم، هذا ما تستطيعون أن تفعلوا، وكما قلت لكم في المرة الأولى التي حضرت فيها البرلمان عندما يأتي أي زائر إلى هنا، أول شيء يصادفه هو الصداقة، كلمة الصداقة، أو معنى الصداقة، وكذلك الأصدقاء، لقد أصبح لدي العديد من الأصدقاء، بحيث لم يكن لدي هذا العدد من الأصدقاء من قبل، وكجندي سابق كما هو الحال بالنسبة لجنرال پترۆس، أود أن أشكركم لما قامت به قوات الپيشمرگه ولن ننسا ذلك أبداً، ونهاية أود أن أقرأ لكم بياناً أو كلمة أرسلها لكم السيد بريمر لمجلسكم لهذا اليوم.

سلطة التحالف المؤقتة بغداد ٢٠٠٣\٦\٩

**السادة الأعضاء الأعزاء في المجلس الوطني الكوردستاني في العراق**

انه لشرف كبير لي أن أبعث إلى مجلسكم بتحياتي بمناسبة تحرير العراق وبمناسبة الذكرى الحادية عشرة لأولى جلسة لمجلسكم، إنني واثق بأن النموذج الذي قدمته في شمال العراق من الحلول الناجحة للخلافات، و إجراء انتخابات حرة سوف يكون حافزاً أو ملهماً للبلاد بأسره، لدينا الكثير من العمل لإجرائه سوية في السنة القادمة وسوية سوف نشكل إدارة انتقالية، وسوية سوف نضع العراق على طريق استعادة عافيته السياسية والاقتصادية، و سوية سوف نصل إلى عقد مؤتمر دستوري، لكتابة مسودة دستور ومناقشته و تصديق دستور جديد، وسوية سوف نستطيع أن نعمل ذلك كله وسوف ننجز ذلك، إنني أهنئكم على افتتاح المجلس و اتمنى لكم النجاح في عملكم، و أتتطلع إلى العمل معكم خلال هذه السنة لتعزيز السلام في العراق، ووضع الأساس لحياة أفضل للشعب.

**المخلص**

**پول بريمر**

**مدير سلطة التحالف المؤقتة**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

أكرر ترحيبي وترحيب المجلس بالأستاذ إبراهيم الجعفري، الناطق الرسمي لحزب الدعوة الإسلامية ونرجو منه أن يتفضل لإلقاء كلمته.

**السيد د. إبراهيم الجعفري(حزب الدعوة الإسلامية):**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**والحمد لله رب العالمين**

**الأخ الأستاذ مسعود البارزاني.**

**الأخ الأستاذ جلال الطالباني.**

الاخوة المسئولون المحترمون.

الاخوة الحضور والسادة والسيدات.

أحييكم جميعاً، وأسلم عليكم، و أقف وقفة إكبار و احترام وإجلال لنضالات أبناء شعبنا في منطقة كوردستان العراق على ما تكللت مسيرته من نضال مستمر ودامٍ لمواجهة الدكتاتوريات المتعاقبة التي حكمت العراق كجزء من نضالات شعبنا العراقي البطل الذي طرز أرضه بأزكى الدماء، وقدم عشرات الآلاف من الضحايا، وكان له قصب السبق بأنه شخص دكتاتورية صدام حسين يوم صدر العالم كله في غفلةٍ عن هذه الدكتاتورية، الدكتاتورية التي وصلت في ذروتها في زمن صدام حسين فاقت في تصورنا دكتاتورية هتلر وموسوليني وستالين وكل الدكتاتوريات في العالم، وإننا نشارككم مع إطلالة الذكرى الحادية عشرة لهذا المؤتمر المبارك وهذا المجلس المبارك في منطقة كوردستان ليس إلا تعزيزاً لصف الوحدة الوطنية ومشاركتكم أفراحكم وإشعار كل أبناء شعبنا في منطقة كوردستان، بإنكم لستم وحدكم في المعركة، فتماماً كما كان إخوانكم سابقاً في مرحلة النضال معكم هم في حالة النصر وفي حالة إسقاط نظام صدام حسين معكم كذلك، وان القوى الكردية المخلصة التي انبرت وتصدت للنظام بقيادة حركة شعب كوردستان ليست وحدها في الميدان هي جزء من قوى سياسية عراقية تشترك معها في حمل المسئولية جميعاً من دون شك، إن هذه السنة بالذات اختلفت عن السنوات المنصرمة، هذه السنة يحتفل أبناء شعبنا في كوردستان، ويحتفل البرلمان المعبر الشرعي عن إرادة ابناء كوردستان، ويحتفل ويرفل بحالة الانتصار التي ارتبطت بسقوط صدام حسين، ونحن الآن واياكم ننعم بحالة الحرية وإعادة كافة القوى التي اضطهدت وأبيدت وأعيدت ألان إلى ارض العراق كي تمارس نضالها و تواصل جهودها من اجل إقامة العراق الديمقراطي التعددي، يحترم الفيدرالية التي صوت عليها الاخوة في برلمان أبناء كوردستان، ونحن في الوقت الذي باركنا لهم هذه الخطوة المباركة نشعر من صميم المسؤولية، بأننا أيضا معنيون بتحمل المسؤولية لتحقيق هذا الهدف المشروع الطموح الذي طالما داعب إخواننا و أعزائنا في منطقة كوردستان، لقد برهنت قوى المعارضة العراقية بمختلف فصائلها ومختلف أديانها ومذاهبها وانتماءاتها القومية وانحداراتها الطبقية والقبلية، برهنت على إنها التزمت بما في ضمير و وجدان الشعب العراقي بأنها ظلت على طول الخط

تلتزم بخط معارضة صدام حسين وما هادنته في مقاطعة الطريق و أثبتت صحة رؤيتها حتى اسقط هذا النظام، بقي عليها أن تبرهن إنها بعد سقوط صدام حسين أن تكون قوية ووفية على تحقيق إرادة شعبنا المشروعة في تحقيق النظام التعددي، وأنها تترك العراق فعلاً أن يختار صناديق الاقتراع عبر ممارسة ديمقراطية حرة غير مضغوطة، والديمقراطية الحقيقية، يصنع العراق فيها أو الشعب العراقي فيها مستقبله و يختار قواه المختلفة، لم تكن تجربة البرلمان الكوردستاني، لم تكن هذه التجربة إلا دليلاً على أن العراقيين ليسوا في حالة عقم من أن ينتجوا قادة سياسيين يستطيعون أن يديروا شؤونهم ويضطلعوا بمهامهم ويرتقوا إلى مستوى مهماتهم في أدارة العراق في العراق، ورحم العراق رحم معطاء يستطيع أن يغطي كافة الاحتياجات بمختلف الاتجاهات القومية، وقد أثبتت هذه التجربة المباركة بكفاءة العراقيين وتؤشر بما لا يدع مجالاً للشك بأن الشارع العراقي بمختلف تنوعاته قادر أن يدير العراق ويملأ الفراغ السياسي الذي عقب سقوط النظام المقبور، نحن نعتقد بأن مطالبنا المشروعة في التطلع على تحقيق الحكومة السياسية تملأ هذا الفراغ، ورصيد الشارع العراقي لهذه الحكومة، رصيد قطاع كبير جداً، التقت كلمة الفرقاء السياسيين العراقيين على ضرورة إقامة حكومة انتقالية تمارس العمل السياسي من جانب لها رصيد في الشارعين العربي والإسلامي، بل لها رصيد كذلك في الشارع الغربي، نحن استمعنا إلى صوت المواطن الغربي، كما استمعنا الى صوت إدارات غربية بأنها ركزت كثيراً على أن العراق للعراقيين، وإنهم إنما ساعدونا في إسقاط النظام من الناحية العسكرية، لكنهم جاءوا لتحرير العراق وليس لاحتلال العراق، ولذلك فأن طموحنا طموح مشروع، وكافة القوى السياسية الخيرة في مختلف مناطق العالم تصطف إلى جانب الشعب العراقي من أجل تحقيق هذا الهدف الذي اتفقت عليه كلمة العراقيين، الحوارات الدائرة الآن بين القوى السياسية العراقية بمختلف اتجاهاتها وأخص بالذات اللجنة السباعية والتي نتطلع إنشاء الله ستتسع لتشمل بقية الطوائف العراقية المختلفة، وهذا موضع الاتفاق لدى كافة القوى الحالية المتصدية والتي تسمى بقوى السبعة، نتطلع إلى الارتقاء والوصول إلى صيغة اشمل لشمول الآخرين، وهي تحاور وتهيئ لإيجاد أرضية لعملية الانتخاب، ونرجو أن لا تطول، لا يمكن أن تغمر العصر مما يدور ألان من تحديات على المستوى الأمني والاقتصادي وكذلك المستوى الحياتي والضروري الذي يمس حياة المواطنين، وكذلك نحن نتحرك على اكثر من مسار من جانب تهيئة الأرضية السياسية لممارسة الانتخابات المطلوبة، ومن جانب آخر نسعى لنزع فتيل الجانب الأمني الذي يهدد أمن العراقيين والجانب الاقتصادي المتدهور الذي بدأ قليلاً بالتحسن، وكذلك رعاية المؤسسات ذات الطابع الخدمي و الإنساني، أشكركم جميعاً واكرر شكري للاخوة القائمين على هذا اللقاء المبارك، والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

شكراً جزيلاً للسيد إبراهيم الجعفري، على كلمته القيمة، بەناوى ئەنجومەنى نیشتمانیی کوردستان، بە خێرهاتنی بەڕێز (تیم کرۆیس) نوێنەری بەڕێز(تونی بلێر) دەکەین.

**بەڕێز تیم کرۆیس (مندوب تونی بلیر):**

**السيد الرئيس البارزاني.**

**السيد جلال الطالباني.**

أعضاء البرلمان المحترمون

شكراً جزيلاً على سماحكم لي بالعودة لالتقي بكم ثانية، انقل لكم تحيات رئيس الوزراء توني بلير والشعب البريطاني، زرنا مع أصدقائنا يوم أمس حقول النفط في كركوك، وعندما شاهدنا اللهيب الأزلي، وعندما وقفت هناك وفكرت ببرلمانكم اليوم هنا، قيل لي بأن صدام حسين حاول إخماد هذا اللهيب، أبان الحرب العراقية الإيرانية، فشل في فعل ذلك لان اللهيب كان مشتعلاً، وفي غضون ثلاثين عاماً مضت حاول أن يخمد لهيب الحرية والديمقراطية، وفشل في فعل ذلك أيضا، وسبب فشله هي انتم موجودون هنا، انتم الذين حافظتم على شعلة الحرية والديمقراطية أن تشتعل و تستمر، أرجو من الله أن يوفقكم في الاستمرار في ذلك، شكراً جزيلاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز تیم کرۆیس دەکەین، بۆ قسە بەنرخەکانی.

بەڕێزان لە نێوانماندا دوو میوانی بەڕێز و عەزیز هەن، کە لە وڵاتێکی زۆر دوورو گرنگەوە هاتوونەتە ئێرە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەویش بۆ نیشاندانی پشتیوانی و پشتگیری خۆیان بۆ کێشەی گەلی کوردستان و کێشەی دیموکراسیەت لە وڵاتەکەماندا، زۆر بەگەرمیەوە بە ناوی ئێوەی بەڕێزەوە بەخێرهاتنی هەردوو دوو ئەندامی پەرلەمانی یابانی بەڕێزان (یۆ هیکۆ تۆك ساما و، ئەکی هیرۆ ئۆتا) ئەکەم، کە هەردووکیان ئەندامی پارتی کۆمارین لە یابان.

الاستاذ عبدالاله النصراوي المناضل العراقي القدير و صديق حبيب للشعب الكردي و حركته التحررية، نرحب به اجمل ترحيب وندعوه لالقاء كلمته، تفضل.

**السيد عبدالاله النصراوي( الحركة الاشتراكية العربية):**

**الأخ الأستاذ مسعود البارزاني رئيس الحزب الديمقراطي الكوردستاني**

**الأخ الأستاذ جلال الطالباني الأمين العام للاتحاد الوطني الكوردستاني**

**الأخ د. رؤژ نوري شاويس رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

الضيوف الكرام. الاخوة و الاخوات أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق.

باسمي و باسم الحركة الاشتراكية العربية أبارك لكم انعقاد هذه الجلسة بمناسبة الذكرى الحادية عشرة لانعقاد جلستكم الأولى في عام ١٩٩٢، وأتمنى لكم دوام التقدم والنجاح في أعمالكم لخدمة شعبنا الكردي الشقيق و عموم شعبنا العراقي. كما أود أن أعبر لكم عن عظيم سعادتي بوجودي في هذا المكان، الذي يحتضن ممثلي الشعب الكوردي في كوردستان العراق، هذا الشعب الذي عانى من النظم الإستبدادية والشمولية وقدم التضحيات الجسام في سبيل حريته وتحقيق حقوقه القومية المشروعة، تلك الحقوق التي ساندتها حركتنا منذ تأسيسها في عام ١٩٦٥، وهي ترى أن الحل الديمقراطي للقضية الكوردية يتجسد في تأكيد شراكة العرب والاكراد في الوطن الواحد، وتعميق الروابط المشتركة بينهما، والتحالف بين الحركة القومية العربية والحركة القومية الكوردية، وإعتبار ذلك السبيل الأكيد للعيش الاختياري المشترك وبناء عراق المستقبل، ويتجسد ذلك في إقامة نظام برلماني تعددي، يأخذ بالفيدرالية في كوردستان العراق واللامركزية في عموم العراق.

الاخوات والإخوة، ان سعادتي لا يمكن وصفها وأنا أقف بينكم بعد غياب قسري، فرضه النظام الاستبدادي المقبور، دام ثلاثة عقود ونيف عن ارض الوطن الغالي، لقد غمرتني الفرحة، وأنا أرى قوات شعبنا العراقي تبتهج بسقوط الطاغية الذي حطم الاحلام وأفقر الناس وأنتهك الكرامات، ولكنني لا أكتمكم سراً، أذا قلت لكم أن بوادر الإحباط بدأت تدب بين صفوف الناس، لأن الوعود التي قطعتها الدول المتحالفة لم تأخذ طريقها للتنفيذ، وخصوصاً بعد صدور قرار مجلس الامن الدولي المرقم ١٤٨٣، الذي يصف العراق اقليماً محتلاً، وأستبدل الحكومة العراقية بإدارة تنفيذية تقودها وتوجهها قوات التحالف، أما الجهود الرامية الى تشكيل مؤتمر وطني عراقي يمثل كامل الطيف العراقي، فهي الأخرى قد تبخرت وأستبدلت بمجلس سياسي إستشاري يجهل جميع العراقيين ماهيته وفائدته، ان مثل هذه القرارات ستخلق دون أدنى شك بيئة معادية للديمقراطية، وتشجع العنف والتطرف، وسيكون المستفيد الاكبر منها بقايا النظام الدكتاتوري المباد، ان الخروج من هذه الأزمة يتطلب إتحاد جميع القوى العراقية في إطار برنامج وطني يضع العراق على طريق التحول الديمقراطي، وتشكيل حكومة عراقية تنبثق من مؤتمر وطني يمثل جميع القوى والأحزاب ومؤسسات المجتمع المدني العراقي، ان مهمة هذه الحكومة المنشودة، هي قيادة المرحلة الانتقالية بالتعاون مع قوات التحالف والامم المتحدة، وتأخذ على عاتقها وضع دستور دائم للبلاد، والتهيئة لأنتخابات حرة ديمقراطية، وبناء عراق ديمقراطي برلماني تعددي يسوده الأمن والاستقرار، وينعم أبنائه بحريتهم وثروات بلدهم، ويتمكنون من تقرير مستقبلهم بأنفسهم، وفي الختام أكرر شكري وعظيم أمتناني للأخوة الذين وفروا لي هذه الفرصة الطيبة، كما أكرر أمنياتي لمجلسكم، وأتمنى له دوام التقدم والإضطراد في أعماله، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

أرحب أجمل ترحيب بالأستاذ توفيق الياسري الأمين العام للائتلاف الوطني العراقي، وأرجو منه التفضل لألقاء كلمته.

**بەڕێز توفيق الياسري/ الأمين العام للائتلاف الوطني العراقي:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**الأستاذ العزيز مسعود البارزاني رئيس الحزب الديمقراطي الكوردستاني المحترم.**

**الأستاذ العزيز جلال الطالباني الامين العام للأتحاد الوطني الكوردستاني المحترم.**

**الأصدقاء الاعزاء.**

قيادة قوات التحالف للمنطقة الشمالية.

السيد ممثل السيد رئيس وزراء المملكة المتحدة، الأستاذ (توني بلير).

الإخوة الأعزاء رئيس وأعضاء المجلس الوطني الكوردستاني.

السادة الحضور، الإخوة الضيوف ممثلوا الدول، والمؤسسات، والدوائر العاملة في المنطقة الشمالية، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

بداية يسعدني أن أنقل لبرلمان كوردستان الموقر لدورته الحالية، بعد مرور (١١) عام على اول دورة في حزيران عام ١٩٩٢، أجمل مشاعر الود والتمنيات بالنجاح والتقدم للنخبة البرلمانية في كوردستان العراق العزيزة، في هذه الدورة آملين أن تكون هذه التجربة بوابة الخير على العراق الديمقراطي

القادم إن شاء الله، بعد أن أزاح جهد الشعب العراقي، وفي مقدمته عملية النضال الدؤوب المتواصلة التي قدم من خلالها رجال وأبناء شعبنا في كوردستان العراق المناضلين البررة انهاراً من الدماء، بعد أن سحقتهم آلة الحرب والدمار التي تواردت على هذه المنطقة الطيبة الطاهرة، وعلى أبنائنا في كوردستان العراق، عبر كل الأنظمة التي تواردت، ولكن بشكل نسبي على العراق منذ تأسيس دولة العراق، الحمد لله الذي اعطانا عمراً كي نلتقي مع الإخوة في القيادة الكوردية، ومع إخوتنا من شعب كوردستان الحبيب بعد التغيير، بعد زوال هذا النظام الإرهابي القمعي، حيث كنا ومنذ أجهاض الانتفاضة المباركة عام ١٩٩١ نحل ضيوفاً وإخوة على أعزائنا في هذه المنطقة الكريمة التي كانت بالنسبة لنا، وبالنسبة للعراقيين داخل وخارج العراق ملاذاً أمناً وإشراقة تطل من هذه البقعة الطاهرة، لكي تدخل الى عقول وقلوب العراقيين في كل مكان، من اقصى الجنوب الى اقصى الشمال، الحمد لله الذي جعل من اقليم كوردستان وأحد الفضائات الواسعة للمجال الحر الكبيرالعراقي، بعد أن أصبح العراق حراً كريماً، بعد زوال نظام الطاغية في التاسع من نيسان السابق، لقد أقر الإئتلاف الوطني العراقي في مؤتمره التأسيسي أذار عام ١٩٩٩ الفيدرالية كمبدأ من مباديء ميثاق الإئتلاف، بناءاً على الخيار الستراتيجي، الذي أقره البرلمان في كوردستان عام ١٩٩٢ ضمن الحق الانساني والإجتماعي والقانوني في تقرير المصير، وكما هو دأبنا وسعينا منذ سقوط نظام الطاغية لتثقيف جماهير شعبنا على هذا الحق التأريخي القانوني، وإن شاء الله سوف يكون خياراً عراقياً، وليس كوردياً فحسب، حقيقة سبقني الإخوة الذين تحدثوا قبلي فأفاضوا، وطبعاً من المفارقة أن يأتي دوري آخر المتحدثين، لأن ليس هنالك شيء أتحدث فيه، لكن بودي أن اشير الى نقطة، أعتقد أنها مفصلية خلال الزيارات الاخيرة التي قمنا بها، حالنا حال الكثيرين من العاملين في حقل الفعالية السياسية العراقية، ألتقينا بمفاصل وبشرائح وبالتلاوين المتعددة من العراقيين، كلهم يدورون حول سؤال مركزي محوري، ماذا بشأن الحكومة الانتقالية المؤقتة؟

ولا أخفي عليكم ليس لدي أي اجابة وأنا العامل، والذي اعتبر نفسي في قلب الفعالية السياسية العراقية منذ عام ١٩٩١، ليست لدي أي اجابة مقنعة، أنا افتقر للوضوح، تارة أفاجيء بالمجلس السياسي، وتارة أفاجيء بالمجلس الاستشاري المؤقت، وتارة بالسطلة الانتقالية الاستشارية، وحقيقة هذه العناوين العديدة المتقاطعة، ليس أنا الذي لا توجد فقط لدي القدرة، يعني اي واحد منا يفتقر الى الإجابة المقنعة، وكنت ألجأ للمناورة والأسلوب الدبلوماسي لعلي في لحظة من اللحظات احصل على إجابة شافية، وأنا بصراحة أقول هذا الموضوع، يجب أن يحضى بأهتمامنا كاملاً، لأن المسألة مفصلية،الشأن العراقي شأن معقد ومركب، والأصدقاء الافاضل من قوات التحالف، وعلى رأسها الولايات المتحدة الامريكية والملكة المتحدة متفضلين ساعدوا الشعب العراقي، وقاموا بدور عجز الشعب العراقي بكل الامكانيات عن تحقيق إزاحة نظام (صدام حسين)، لكن بتقديري الشأن العراقي بشكل من التعقيد ومن التركيب ومن المفارقات يستدعي أن تكون هنالك واجهة عراقية، هي التي تقوم بالادارة المباشرة من أجل التعامل مع الشأن العراقي وبالتعاون وبالتنسيق مع قوات التحالف، التي وقفت بالكامل مع الشعب العراقي، ونحن أملنا كبير حقيقة في أصدقائنا من قوات التحالف، مع أصدقائنا في الولايات المتحدة الامريكية، ومن كل الدول المتحالفة التي حققت لنا هذا الهدف المركزي الانساني الاجتماعي الكبير، نتمنى إن شاء الله أن نلتقي واياكم في مناسبات اخرى، وقد تطورت هذه

التجربة الرائدة العزيزة على مستوى القطر، نتمنى لبرلمان كوردستان، ونتمنى للقيادة الكوردستانية، نتمنى لشعبنا في كوردستان العراق النجاح والتوفيق والسداد، اشكركم على اصغاءكم، والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

أرحب أجمل ترحيب بالأستاذ عبدالجليل محسن ممثل حركة الوفاق الوطني العراقي، وأدعوه للتفضل بالكلام.

**بەڕێز عبدالجليل محسن/ ممثل حركة الوفاق الوطني العراقي:**

**الأستاذ (مسعود البارزاني) رئيس الحزب الديمقراطي الكوردستاني المحترم.**

**الأستاذ (جلال الطالباني) الامين العام للإتحاد الوطني الكوردستاني المحترم.**

**الأستاذ رئيس مجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم.**

يسرني أن أعبّر لكم عن جزيل شكري على هذه الدعوة الكريمة، بمناسبة أنعقاد هذه الجلسة الحادية عشرة لمجلسكم الموقر، وتحت راية الحرية التي ينعم تحت رفيف لوائها العراقيون كافة لسقوط حكم الطاغية المجرم، والتقدم نحو بناء المجتمع المدني الجديد، الذي سيعم كل أرجاء العراق، وبتكاتف كل الجهود الخيرة، أن تجربتكم الفذة هذه ستكون دليلاً لكل الوطنيين العراقيين ليستفيدوا منها في بناء حياة ديمقراطية، كانت املاً كبيراً حرموا منه لسنين طوال، وأننا في حركة الوفاق الوطني العراقي نضع ايدينا بأيديكم بتكاتف وأخوة حقيقية لإعلان شأن العراق وشعبه الذي كبلته سنين طوال ومنعته من أن ينطق كلمته بحرية، و بدون رقابة أو حساب، وأن يساهم مساهمة فعالة لهذا البناء العظيم، وفقكم الله وسدد خطاكم، والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شكراً جزيلاً للأستاذ عبدالجليل محسن، بەڕێزان دوو خاڵ هەیە دەمانەوێ باسیان بکەین لەگەڵتان، یەکەمیان بۆ ئەندامانی پەرلەمانە، کە حەقە فێری چەپڵە لێدان بن، ئەمڕۆ زۆر سارد و سڕ بووین با بە سەراحەت بڵێم.

خاڵی دووەم/ یەکێ لە میوانە بەڕێزەکان فەرمووی وتی زۆر کەس لە پێش من قسەی کردووە، لەبەر ئەوە شتێ تازە نەماوە کە بیڵێم هیچم پێ ناوترێت، من لە دڵی خۆمدا وتم هێشتا هیچت نەدیوە فوڕت بەسەر، ئەو نەزەریە لە کوردستان دەگۆڕێت دەبێت بە شتێکی تر، ئێستاش تکا لە خانە خوێ و خەباتگێری ناسراوی گەلەکەمان جەنابی مام جەلال تاڵەبانی دەکەین، کە بفەرموێت دوا وتار پێشکەش بکات، وختامها مسك.

**بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی/ سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

أنا سوف أتكلم بلغات ثلاث، أحيي الضيوف الكرام أولاً، قادة الحركة الوطنية والإسلامية العراقية، الذين قدموا من بغداد ليؤكدوا معنا الحقيقة التي طالما آمنا بها، وهي أن الأخوة العربية الكوردية راسخة الجذور في التأريخ، وهي أقوى من الدكتاتوريات وحملات الانفال وحرب الإبادة، وكثير من الجرائم التي أرتكبت ضد الشعب الكوردي التي لولا قوة ومتانة الأخوة العربية الكوردية، لهزت

الكيان العراقي، وأدت الى تفتيت هذا الكيان، ولكن ألاخوة الكوردية العربية برهنت أنها أقوى من الدكتاتوريات والأنفالات وحرب الإبادة التي شنت ضد الشعب الكوردي.
المجلس الوطني الكوردستاني الذي يحمل اسم الكوردستاني كان رمزاً لهذه الاخوة العربية، الكوردية، الذي اتخذ قراراً في غياب أي سلطة عليه و، في غياب أي نفوذ للحكم العراقي و، في ظل حكم مستقل كأمر واقع، اتخذ قراراً ببقاء كوردستان ضمن الكيان العراقي و اختار الفيدرالية صيغة للاتحاد الفيدرالي بين الشعبين الشقيقين الكوردي و العربي في العراق و، بذلك اثبت ان هذا البرلمان، برلمان الاخوة العربية الكوردية، هو برلمان الوحدة الوطنية العراقية الصادقة أيضا بجانب كونه برلمان كوردستان العراق.

و بالإضافة الى ما تفضل به أخي الأستاذ مسعود البارزاني في كلمته القيمة التي نؤيدها كاملة، أريد إن أضيف نقطتين اعتبرهما مهمتين: الأولى إن الوحدة الوطنية العراقية التي نؤمن بها جميعاً و التي نناضل من اجل تعزيزها و تمثيلها، لا يمكن إن تزدهر و تتعزز إلا إذا أقيمت على أربعة قواعد، الديمقراطية، حقوق الإنسان، البرلمانية، الفيدرالية، وحق المواطن متساوياً من جميع العراقيين، بحيث نكون جميعاً مواطنين لا رعايا، بحيث يتمتع الكورد و التركمان و الاشوريون والعرب الشيعة و العرب السنة بحقوق متساوية في حكم مركزي نشترك فيه جميعاً، حكم المركز، يكون حكم الجميع، نشترك فيه و نتساوى فيه بحكم المواطن المتساوي.
النقطة الثانية: التي اعتبرها مهمة لان المجلس الوطني الكوردستاني، في العام الماضي كان قد اتخذ قراراً، جواباً على الرسالة التي بعث بها الجنرال كولن باول لهذا المجلس، قرر أن الشعب الكوردي يعتبر نفسه شريكاً مع الولايات المتحدة الأمريكية في النضال ضد الدكتاتورية، ضد الاستفزاز وضد الإرهاب و من اجل عراق ديمقراطي، برلماني، فيدرالي موحد.
ونحن برهنا باسهام قوات البيشمەرگه البطلة جنباً الى جنب مع بقية قوات التحالف، برهنا أننا أوفينا و نفذنا قرار المجلس الوطني الكوردستاني و، أوفينا وعدنا بان نكون شركاء حقيقيين مع قوات التحالف. وهذا يعني اننا بقرار من المجلس الممثل للشعب الكوردي اخترينا التحالف و الصداقة مع قوات التحالف. وانا هنا اقتطف جزءاً من خطاب ألقيته بحضور مندوب الرئيس الأمريكي في تفسيرنا لمعنى و فهمنا لمعنى الصداقة و الشراكة، قلت لكننا نفهم الصداقة والشراكة بمعنى الاشتراك الفعلي و الحقيقي في تحرير العراق و في قيادة العراق، وفي إرساء نظامه على الأسس التي بيناها سابقاً، فالشراكة غير التبعية و الشراكة مفهوم واضح، نحن نقيم هذه الشراكة على الأسس العصرية من التفاهم المشترك و الاستقلالية و تبادل المنافع و المصالح المشروعة على اسس مبادئنا و قيمنا الأخلاقية و السياسية و الدينية والاجتماعية و، حيث انا اعرف إنكم جياع، لذلك انهي كلمتي باللغة العربية لاقول بضع كلمات باللغة الكوردية.
خوشك و برا بەڕێزەكان:

ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان.
لەم كۆبوونەوەیەدا دوو راستیتان بۆ دەردەكەوێ كە پێویستە وەكو دوو شتی پیرۆز هەمیشە لەیادمان بێت و، وەكو بیلبیلەی هەردوو چاوەكانمان بیانپارێزین، یەكەمیان یەكێتی ریزەكانی

خۆمـان، چـەندی ئـێمە یـەك بـین، تـەبا بـین، بـرا بـین، هاوخـەبات بین، ئەوەنـدە باشتر کارەکانمان دەچـێتە پـێش، خـەڵك رێـزمان لـێ دەگـرێ و، دۆسـت و هاوپـەیمانمان زیـاد دەبـێـت، بـناغەی ئـەو یەکێتییەی ریزەکانیشمان، یەکێتی و هاوخەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانیی کوردستانە و لەگەڵ هەموو هێزە سیاسیەکانی تری کوردستان. خاڵی دووەمیش ئەوەیە کە گرنگە، ئـەویش یەکێتی هاوخەباتی هێزەکانی خەڵکی کوردستانە لەگەڵ هێزە دیموکرات و ئیسلامییەکان و پێشکەوتنخوازەکانی عـێراق. ئـێمە شانازی بـەوە دەکـەین کـە کوردسـتانەکەمان هەمیشـە وڵاتی ئەوانـیش بـووە، هـەر وەختـێك پێویـستیان بووبـێ و تەشریفیان هێنا بێـت، سەرچاوو سەر سەران بوونـە. ئەمـەش ئـەو راسـتییە دەردەخـات کـە باوەڕمـان بـەوە هەیـە کـە عـێراق بـە دوو باڵەکـە دەفـڕێـت، باڵـە کوردییەکە و باڵـە عەرەبییەکە، دیارە دەنـووك و مـل و سـەری تریشی هەیـە بـرا تورکمانەکانمان و ئاشووریەکان. هتد.

ئـەوەش نیشانی دەدات ئـەم برایەتییە هـەر قسـە نیـیە و شـتێکی زیندووە ئەوەتا برادەرانی برای عـەرەب ئەمـڕۆ ئامـادەن پیرۆزبایمـان لـێ دەکەن، ئەو برایەتیەش ئینشاڵڵا دەیپارێزین و بە هێزی دەکـەین، زیاتـری دەکـەین هـەوڵ دەدەیـن ئەمـڕۆ لـە شـێوەی سـەرکردایەتییە حەوتەکـە، کـە بـە ئومـێدین ببێـتە حـەفدە بۆ ئەوەی هەموو هێزە عێراقییەکانی تر بگرێتەوە و، پێکەوە خەبات بۆ داهێنانی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی سەربەخۆی یەکگرتوو بکەین.

دەمەوێـت لـە گوتەکـەم ئامـاژە بـە دوو شـتی تـر بـدەم. ئێستا لەم کۆبوونەوەیە دوو کەسێتی کورد دەبیـنـم مامۆسـتا عەزیـز محەمـەد و مامۆسـتا کـەریم ئەحمەد کە ژیانی لاوێتی و ژیانی خۆیان بۆ عێراقـێکی دیموکـراتی تـەرخان کـرد، بـەڵام هەمیشـە هەڵگـری ئـاڵای بـرایەتی کـوردو عـەرەب و برایانی تر بوونە وسڵاویش لەو بەڕێزانە. سوپاستان دەکەم و هەر سەرکەوتووبن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ براي بەريز مام جلال تالةباني بۆ وتارة بةنرخةكةي، ليَرةدا بةناوي هةمووتانةوة شايستةي ئةوةية سوپاسي بةريز كاك فةلاح بكةين بة حةقيقةت كة تةواو ماندوومان كرد و دةوريَكي طرنطي هةبوو لةسةرخستني كۆبوونةوةكةمان، جاريَكي تر سوپاسي هةموو لايةكتان دةكةين، دووبارة بةخيَرهاتني ميوانة بةريَزةكان دةكةم و هيوادارم ئيَكةوة لةسةر نان وخواني نيوةرۆ كاتيَكي خۆش بةرينة سةر وجاريَكي تر سوپاس.

| فرست احمد عبدالله | د.كمال عبدالكريم فؤاد | د.رۆژ نوری شاوەیس |
| --- | --- | --- |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧)**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩/ ٦/ ٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ٢٧ )
## پێنج شه‌ممه ڕێكه‌وتی ٢٠٠٣/٦/١٩

كاتژمێر (١٠)ی سه‌ر له‌ به‌یانی رۆژی پێنج شه‌ممه ڕێكه‌وتی ٢٠٠٣/٦/١٩ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز د.رۆژ نوری شاوه‌یس سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و، به‌ ئاماده‌بوونی به‌ڕێز د.كمال عبدالكریم فؤاد جێگری سه‌رۆك و، به‌ڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئه‌نجومه‌ن، دانیشتنی ژماره(٢٧)ی خولی گواستنه‌وه‌ی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی كار:**

به‌ پێی حوكمه‌كانی برگه‌ (١)ی مادده‌ (٢٠) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره‌ (١)ی هه‌مواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بڕیاری دا به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی ژماره‌ (٢٧)ی خولی گواستنه‌وه‌ له‌ كاتژمێری (١١)ی سه‌ر له‌به‌یانی رۆژی پێنج شه‌ممه‌ ڕێكه‌وتی ٢٠٠٣/٦/١٩ دا به‌م شێوه‌یه‌ بێت:

١- خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌می پرۆژه‌ی یاسای دامه‌زراندنی فڕۆكه‌خانه‌ی مه‌ده‌نیی هه‌ولێر.

٦- میوانداریێتیی شاندی ئیشتیراكییه‌تی نێوده‌وڵه‌تی، كه‌ به‌داخه‌وه‌ شانده‌كه‌ نه‌هات،

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان، به‌ناوی گه‌لی كوردستان دانیشتنی ژماره‌ (٢٧)ی خولی گواستنه‌وه‌ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ده‌ست پێ ده‌كه‌ین، به‌رنامه‌ی كارمان بریتی یه‌ له‌ دوو خاڵ:

٢- خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌می پرۆژه‌ی یاسای دامه‌زراندنی فڕۆكه‌خانه‌ی مه‌ده‌نیی هه‌ولێر.

٣- میوانداریێتیی شاندی ئیشتیراكییه‌تی نێوده‌وڵه‌تی، كه‌ به‌داخه‌وه‌ شانده‌كه‌ نه‌هات، بۆیه‌ به‌رنامه‌ی كارمان ته‌نیا خاڵی یه‌كه‌م ده‌مێنێته‌وه‌، داوای لێبوردنیش ده‌كه‌ین، تۆزێك دوا كه‌وتین، چاوه‌ڕوانی كاك د. فوئادمان ده‌كرد، هه‌تا ئه‌و بگات، به‌س نه‌گه‌یشت، فه‌رموو كاك مسته‌فا.

**به‌ڕێز مصطفی قادر محمود:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

داوا ده‌كه‌م ده‌قیقه‌یه‌ك بۆ گیانی پاكی هه‌ر چوار ئه‌فسه‌ره‌ شه‌هیده‌كه‌ بوه‌ستین، له‌گه‌ڵ ڕێزمدا.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك مسته‌فا چاوڕه‌ش، تكا له‌ ئه‌ندامانی به‌ڕێز ده‌كه‌م ده‌قیقه‌یه‌ك ماته‌مینی راوه‌ستن بۆ گیانی پاكی هه‌ر چوار ئه‌فسه‌ره‌ شه‌هیده‌كه‌، زۆر سوپاس فه‌رموون، ئه‌گه‌ر ئه‌ندامێكی

بەڕێز لەو بارەیەوە قسە بكات، نییە، كەواتە دەچینە سەر بەرنامەی كاری ئیعتیادی خۆمان، تكا لە دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەكەم، كە بفەرموونە سەر سەكۆیەكە، تكایە فەرموون پێشنیارەكە و یاسایەكەش بخوێننەوە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا پرۆژەی پێشنیار كراو پێشكەش بە ئەندامانی پەرلەمان دەكەین.

ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

**كوردستان- هەولێر**

**ڕێزدار سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**

**ب/ پێشنیاری یاسای دامەزراندنی فڕۆكەخانەی مەدەنیی هەولێر**

پشت بە حوكمی بڕگە (١)ی مادده (٧١) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەن، پێشنیازی دامەزراندنی فڕۆكەخانەی مەدەنیی هەولێر دەخەینە بەردەستی سەرۆكایەتی ئەنجومەن، دوای ئیمزا كردنی لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن، تكایە موافەقەت بفەرموون و، بخرێتە ناو بەرنامەی كاری دانیشتنی ئایندەی ئەنجومەن، چونكە بابەتێكی گرنگە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسماندا.

ئەندامانی ئیمزا كردووی پێشنیازی یاساكە:

١- جلال سليم خۆشناو.

٢- محمد امين مولود.

٣- ملا هادى خضر.

٤- ملا محمود دێرشەوی.

٥- احمد سالار عبدالواحيد.

٦- عفان عثمان نقشبندی.

٧- د. ادريس هادی.

٨- طارق جامباز.

٩- احمد طاهر نقشبندی.

١٠- كاكەڕەش محمد نقشبندی.

١١- د. ناصح غفور رمضان، سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان.

١٢- سعدی احمد پيره، سەرۆكی فراكسیۆنی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان.

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

إستناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣ تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٣**

**قانون تأسيس مطار مدني في أربيل**

**المادة الأولى:** يؤسس مطار مدني في أربيل بأسم مطار أربيل المدني.

**المادة الثانية:** يملك مطار أربيل المدني كافة الأراضي التي تقع ضمن أرضية المطار ومحرماته بموجب المرتسم الخاص والمعد لهذا الغرض وفقاً لأحكام القوانين النافذة.

**المادة الثالثة:**

**أولاً:** تشكل هيئة خاصة من القطاع الخاص قوامها ستة أشخاص لغرض استلام المطار الحالي وموجودا ته والإشراف على إدارته وإدامته وكيفية تشغيله وكالآتي:

عضوان يمثلان محافظة السليمانية.

عضوان يمثلان محافظة أربيل.

ممثل عن التركمان.

ممثل عن المسيحيين.

**ثانياً:** يتم اختيار أعضاء الهيئة عن طريق الانتخاب وفي حالة تعذره لأي سبب كان يتم اختيارهم من قبل رئاسة حكومة إقليم كوردستان.

**ثالثاً:** يجري انتخاب رئيس الهيئة في أول اجتماع لها من بين أعضائها.

**المادة الرابعة:** تتمتع الهيئة بالشخصية المعنوية ولها الحق في إبرام العقود مع الشركات المحلية أو الأجنبية في كل ما يتعلق بالمطار من إقامة المنشآت وكيفية التشغيل والإدارة.

**المادة الخامسة:** للهيئة طلب استملاك أراضي أخرى أو إطفاء الحقوق التصرفية منها إذا اقتضى ذلك لتوسيعات المطار.

**المادة السادسة:** وزارة الداخلية في حكومة إقليم كوردستان هي الجهة المسؤولة عن تأمين الحماية الكافية للمطار للحفاظ على موجودا ته وضمان حسن سير العمل فيه.

**المادة السابعة:** لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:** على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:** ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نوری شاويس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك ئەحمەد شەریف، بەڕێزان پرۆژەکە ئاراستەی ئەم لیژنانەی خوارەوە دەکەین، لیژنەی یاسایی و، لیژنەی گەیاندن و گواستنەوە و، لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە، هەروەها لیژنەی دارایی، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٨)

یەك شەممە رێکەوتی ٢٢/ ٦/ ٢٠٠٣

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٨)
## یەك شەممە ریكەوتی ٢٠٠٣/٦/٢٢

كاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە ریكەوتی ٢٠٠٣/٦/٢٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٢٨)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢٨)ی خولی گواستنەوە لە كاتژمێری (١١)ی سەر لەبەیانی رۆژی یەك شەممە ریكەوتی ٢٠٠٣/٦/٢٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنە لەسەر پێشنیازی پرۆژەی یاسای دامەزراندنی فرۆكەخانەی مەدەنی هەولێر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهربان. بەناوی گەلی كوردستان. دانیشتنی ژمارە (٢٨)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێدەكەین، بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان پێكهاتووە لە یەك خاڵ، ئەویش خستنەڕوو وگفتوگۆكردنە لەسەر پێشنیازی پرۆژەی یاسای دامەزراندنی فرۆكەخانەی مەدەنی هەولێر.

تكا لە دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی كاروباری یاسایی و ئەندامێكی بەڕێزی لیژنەی دارایی و ئەندامێكی بەڕێزی شارەوانییەكان و گواستنەوەو گەیاندن و ئەندامێكی بەڕێزی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە دەكەین، رەئی لیژنەكان هەمووی ئامادەیە؟ زەحمەت نەبێت یەكەم جار رای لیژنەی یاسایی بخوێننەوە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا را و بۆچوونی لیژنەی یاساییتان پێشكەش دەكەین:

ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

كوردستان ـ هەولێر

لیژنەی كاروباری یاسایی

ژمارە/١٠

رۆژی/٢٠٠٣/٦/٢٢

بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی بەڕێز

بابەت/ كۆنووسی كۆبوونەوە

نیشانه بـه نووسـراوتان ژمـاره (ك/٧٨) لـه (٢٠٠٣/٦/١٤) لەگەڵ ئەم نووسراوەماندا دەقی كۆنووسی كۆبوونـەوەی لیژنەكەمانـتان بـۆ دەنـێرین، كـه بریتییـه لـه ڕاو بۆچوونی گشت ئەندامانی، لەگەڵ ڕێزماندا.

هاوپێچ/ كۆنووسی كۆبوونەوە

ئیمزا

سەرۆكی لێژنە

محمد سعيد يعقوبى

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لێژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جميل عبدى سندى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا ڕای لێژنەی دارایی دەخوێنمەوە:

لجنة: الشؤون المالية والاقتصادية

العدد: جـ/٥

التاريخ: ٢٠٠٣/٦/٢١

الى/السيد رئيس البرلمان المحترم

م/مطار أربيل المدني

تحيةً واحتراماً

اجتمعت لجنتنا بأغلبية الأعضاء لدراسة ومناقشة مشروع قانون مطار أربيل المدني المحال إلينا من قبل سيادتكم.. وبعد الدراسة والمناقشة تؤيد لجنتنا مشروع القانون مع الأخذ بنظر الاعتبار التوصيتين التاليتين على المادة الثالثة:

١-أن تقرأ (المادة الثالثة-أولاً) كالآتي:

تشكل هيئة خاصة من القطاع الخاص قوامها ستة أشخاص لغرض استلام المطار الحالي ومجوداته والإشراف على إدارته وإدامته وكيفية تشغيله على أن تراعى التركيبة السكانية والإدارية للاقليم.

٢-(الفقرة ثانياً)تقرأ كالآتي:

يتم اختيار أعضاء الهيئة من قبل رئاسة حكومة اقليم كوردستان.

هذا ولكم الأمر.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن تكایە.

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

بۆ/ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ب/ رای لیژنە

نوسراوتان ژمارە (ك/ ٨١) لە ٢٠٠٣/٦/٢١

لە بابەت دامەزراندنی فڕۆکەخانەی شارستانی هەولێر، ئێمە پشتگیری پرۆژەکە ئەکەین، چونکە بەرژەوەندی گشتی میللەتەکەمانی تێدایەو بە پرۆژەیەکی پیرۆزی خزمەتگوزاری ئەزانین.

**لەگەڵ ڕێزو سوپاسمان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە ڕای لێژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

لێژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە

بۆ/بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق

بابەت/ڕای لێژنە

دوای تاوتۆکردنی پرۆژەی فڕۆکەخانەی شارستانی هەولێر، لێژنەکەمان لەو بارەیەوە هیچ تێبینییەکی نییە، پرۆژەکەی لا پەسەندە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەناوی سەرۆکایەتییەوە سوپاسی هەموو لێژنەکان دەکەین، کەوا بەزوویی وەڵامی نامەکەیان داوینەتەوە و، کۆبوونەوەیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، جێگای ڕێز و تەقدیرە. بەڕێزان ئەگەر تێبینی نییە دەست بە موناقەشەی پرۆژەی یاساکە دەکەین، تکایە دیباجەکەو ماددەی یەکەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەکە، دیباجەکەو ماددەی یەکەم دەست پێ دەکەین بە خوێندنەوەی.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣ تشريع القرار الآتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٣

قانون تأسيس مطار مدني في أربيل

**المادة الأولى:** يؤسس مطار مدني في أربيل بأسم مطار أربيل المدني.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە، تكایە دەستییان بەرزكەنەوە؟ لیژنەكان لەسەر ئەو ماددەیە تێبینییان نەبوو، بۆیە داوای ڕای لیژنەكانم نەكرد ئێستا، بەڕێز كاك حوسێن عارف فەرموو.

**بەڕێز حسين عارف عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تێبینییەكەی من پەیوەندی بەو ماددەیەوە نەبوو، زووتر دەستم هەڵبڕی، بەڵام لەبەر ئەوەی تەسجیل دەكرێ لە مەحازر و شتی وا، حەز دەكەم ئەوە ڕاست بكرێتەوە ئەوەی كاك أحمد خوێندییەوە، پەیوەندی بەو قانونەوە نەبوو، ئەوەی كە خوێندیەوە من دەزانم پەیوەندی بەو تێبینییانە هەبوو كە لەسەر دەستورەكەیە، ئەوە تەنها ئەو كتابەیە كە موەجەهە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، بەڵام ئەوەی كە پەیوەندی بە قانونەكەوە هەیە كتابی دووەمیانە كە ڕای لیژنەكەیە، واقعی حاڵ ئەو ڕای لیژنەكەی نەخوێندەوە، تەنها كتابەكەی خوێندەوە كە موەجەهە سەبارەت بە دەستورەكە. هەر بۆ ڕوونكردنەوە حەزم كرد لەبەر ئەوەی تەسجیل دەكرێت، بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون ببێتەوە لە وەختی خۆیا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ناوەڕۆكی ڕای لیژنەكەش هەر هەمان شتە، تێبینی نییە؟ جا حەز دەكەن هەر بۆ تەسبیت كردن با بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز احمد شريف:**

بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان

**ب/ ڕای لیژنە**

نیشانە بە نووسراوتان ژمارە (ك/ ٨١) لە ٢٠٠٣/٦/٢١

پڕۆژەی فڕۆكەخانەی شارستانی هەولێر، تاوتۆمان كرد ودوای ڕاگۆڕین پڕۆژەكە لامان پەسەند بوو بە زۆرینەی دەنگ.

**لەگەڵ ڕێزماندا**

حليمە حسين بارزانى   احمد شريف   محمد سعيد يعقوبى
بڕیاردەر   جێگری سەرۆك   سەرۆكی لیژنە

كاكەڕەش نقشبندى   عیدۆ بابەشێخ   حسين عارف   طارق جامباز
ئەندام   ئەندام   ئەندام   ئەندام

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك كەمال شاڵی فەرموو.

**بەڕێز كمال ابراهيم فرج شاڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تەنها پرسیارێكم لە بەڕێزتان و لیژنەكە هەیە، ئەو مەتارە مەدەنییە كە دەكرێتەوە بۆ رحلاتی داخیلییە یان بۆ رحلاتی خاریجییە؟ پێویست ناكات ئیشارەتێك بدەین لە دیباجەی قانونەكە بۆ ئەو مەبەستە؟ من پرسیارەكەم وایە، بۆ نموونە ئێستا هەندێ مەتار هەیە لە دیاربەكر ئەوانە بۆ داخیلییە، بەڵام مەتاری ئەنقەرەو ئەستەمبوڵ ئەوان بۆ رحلاتی خاریجین، ئایا هێ ئێمە مەبەست لە كردنەوەكەی چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ئەگەر وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تا ئێستا مەتارەكە بۆ داخیلییە، (مطار مدني في أربيل) چونكە ئەگەر دوەلی بوایە دەمانگوت (مطار دولي) بەڵام پەنا بەخوا لە دواڕۆژدا دەبێتە دوەلی كە موستەلزەماتی دەولی تێدا متەوەفر بوو، شت حازر كرا، بووینە ئەندام لە یەكێتییەكانی مەتاراتی دوەلی، پەنا بەخوا دەبێتە دەولی، بەڵام تا ئێستا محەلییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە لەسەر ماددەی یەك؟ دیارە لەسەر ماددەی یەك تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی یەكەم لەگەڵ دیباجەكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی یەكەم وەرگیرا، ماددەی دووەم تكایە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندى:**

**المادة الثانية:** يملك مطار أربيل المدني كافة الأراضي التي تقع ضمن أرضية المطار ومحرماته بموجب المرتسم الخاص والمعد لهذا الغرض وفقاً لأحكام القوانين النافذة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکان دەربارى ئەو ماددەیەش هیچیان تێبینییان نەبوو لەسەری، هەمووی موافقن لەسەری، بۆیە داوا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان لەسەر ماددەی دوو هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن. فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە ئەو ماددەیە دوای ماددەی سێ بێت، چونکە مەتاری هەولێر بۆخۆی تەملیکی زەویەکە ناکات ئەوە ئیشی هەیئەکەیە. کە هەیئەکە تەشکیل بوو لە زیمنی وەجباتی چۆن تەمەتوع دەکات بە شەخصیەتی ئەمانە، پاشەوی بێتن کێ تەملیکی ئەو زەوی و شتانە دەکات، ڕاستە لەبۆ مەتارەکەی ئەوە هەڵدەستێ بە تەملیکی هەموو ئەو زەویانە بە غەرەزی دروست کردنی مەتارەکەی، بۆ ئەوەی تەسەلسولەکە ڕێك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەتارەکە نابێت بە موڵکی ئەو هەیئەتە، ئەو زەویانە هەمووی عائیدی مەتارەو موڵکی مەتارە، مەتار خۆی وەکو مەتار. وابزانم ڕەئی لیژنەی یاساییش وایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو جەنابتان فەرمووتان، چونکە ئەوە فیعلەن دەبێتە موڵکی مەشروعەکەی و، موڵکی ئەشخاص نییە، موڵکی مەتارەکەیە ئەوجا کێ ئیدارەی دەکات ئەوە شتێکی ترە، ئەوە فەرموودەی جەنابتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ دیارە نییە، ماددەی دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، ، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**المادة الثالثة:**

**أولاً: تشكل هيئة خاصة من القطاع الخاص قوامها ستة أشخاص لغرض استلام المطار الحالي ومجوداته والإشراف على إدارته وإدامته وكيفية تشغيله وكالآتي:**

**١- عضوان يمثلان محافظة السليمانية.**

**٢- عضوان يمثلان محافظة أربيل.**

**٣- ممثل عن التركمان.**

٤- ممثل عن المسيحيين.

ثانياً: يتم اختيار أعضاء الهيئة عن طريق الانتخاب وفي حالة تعذره لأي سبب كان يتم اختيارهم من قبل رئاسة حكومة اقليم كوردستان.

ثالثاً: يجري انتخاب رئيس الهيئة في أول اجتماع لها من بين أعضائها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەکو دیتان ئەو ماددەیە سێ بڕگەیە، بۆتان هەیە موناقەشەی هەرسێ بڕگەکە پێکەوە بکەن و قسەی لەسەر بکەن، ڕای لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی سێ تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن.

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو تێبینیمان هەیە، یەکەمیان لەسەر بڕگەی یەك، دووەمیشیان لەسەر بڕگەی دووەم.

یەکەم لەسەر تەشکیلەکەیە، ڕەئی لیژنەی دارایی و ئابووری بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە:

أولاً: تشكل هيئة خاصة من القطاع الخاص قوامها ستة أشخاص لغرض استلام المطار الحالي ومجوداته والإشراف على إدارته وإدامته وكيفية تشغيله على أن تراعى التركيبة السكانية والإدارية للإقليم.

بەڕای من بەم شێوەیە زۆر ڕێکوپێکتر دەبێت، چونکە گەلێك ناوچەی تریش هەن کە شامل بێت و تەرکیبی سوکانی هەمووی بگرێتەوە، هەروەها تەرکیبی ئیداریش هی هەرێمێ، یەعنی (کالآتي)

بێته حەزف کردن لێی ببێته ئیزافەکردن (على أن تراعى التركيبة السكانية والإدارية للإقليم.)
ئەوا بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە کۆتایی پێ بێت.
بڕگەی دووەم ڕای ئێمە ئەوەیە بەم شێوەیە بێتە خوێندن:

ثانياً: يتم اختيار أعضاء الهيئة من قبل رئاسة حكومة اقليم كوردستان.

چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو لایەنی تەنفیزییە و، پەرلەمان میللەت هەڵیبژاردووە، هەر بەشێوەیەکی غیر موباشر هەر دیسان هاتۆتە هەڵبژاردن، پەرلەمان تەمسیلی شەعب دەکاتن و، ئێستاش ئەو زروفە نییە کە ئێمە لەنێوان خۆمان هەڵبژاردن بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ئەگەر جوابی ئەوەتان هەیە بۆ دوایی، بزانین تێبینی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چییە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز کاك احمد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باری سەرنجم لەسەر یەکەمینی دەستە، دووەمین جۆری پێکهاتەکەیە. ئەمە کارێکی بەڕێوەبردن و تەکنیك کاری پوختە و، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، یەعنی ئەڵێم هاوبەش. نەك پێکهاتەی خەڵکەکە، چونکە ئەمە جیاوازە لەوەی ئەنجومەنی شار یان شارەوانی بێ یان شتێ بێ پێویستی بە هەڵبژاردن بێت، ئەمە ڕەنگە چوار ئەندازیار کاری هونەریان هەیە لەو بوارە ئەو کارە بکەن، ئەمە بۆ دەستە بێت، بۆ بەڕێوەبەرو بەڕێوبەرایەتییەك نەبێت، نازانم سەبەب چییە لەو بەسەرکردنەوەیە؟ لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك انور شوکر فەرموو.

**بەڕێز انور شوکر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لەسەر خاڵی یەکەم تێبینیم هەیە، ئەویش:

أولاً: تشكل هيئة خاصة من القطاع الخاص قوامها ستة أشخاص لغرض استلام المطار الحالي ومجوداته والإشراف على إدارته وإدامته وكيفية تشغيله وكالآتي:

١- عضوان يمثلان محافظة السليمانية.

٢- عضوان يمثلان محافظة أربيل.

٣- ممثل عن التركمان.

٤- ممثل عن المسيحيين.

لێرە من تەنها تێبینیم ئەوەیە، بۆ تورکمان و مەسیحییەکان لێرە بە تەرکیز هاتووە و، کورد لێرە کراوە بە دوو بەشەوە بەناوی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەولێر، بۆ ئەو دوو خاڵە نەکەین بەیەك خاڵ (اربعة أعضاء من الكورد) مادەم ناوهێنانی تورکمان (ممثل عن التركمان. ممثل عن المسيحيين.) با هێنەکەی ئێمەش (اربعة أعضاء من الكورد) بێت باشترە بەڕای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم (د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ڤی ماددەیێ من چەند تێبینییەکم هەیە، یەك لەوان ئەو برادەرێ کەبۆ دەستە بێتە دەست نیشان کرن سیفات بۆنە دانانە، سیفاتی وان چینە، خاصیەتی وان چینە (نەزاهەت، کەفائەت، ئیخلاص، تەکنۆقرات) پێویستە سیفات وابن چونکە دەستەیەکەو گرینگە و دێ ئیشێکی مەزن بەڕێوە دەبات. دوو: ژمارەی وان شەش کەسن ڤێرە هەڵبژاردنی تێدا، یەعنی فەردی بیت چاترە ئان پێنج ئان حەفت، بەڕێز سەرۆکی پەلەمانی. فەردی بە ناحیە ئینتخابی، چونکە ئینتخابی تێدا هەی، شەش کەس ئیحتماله موتەناسب بێتن، فە ئەرجەحییەش لەبەر هەندێ. دوو خاڵێکی تر قانونەکەم هەمووی خوێندەوە، ئەو هەیئە مەسئوله بەرامبەر کێ؟ وەزارەتی گواستنەوەو ڕاگەیاندن، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوخۆ، چونکە ناوخۆ لێرە باس کراوە تەنها بۆ مەسائلی ئەمنی و حمایە، وەکو عالەمی موتەبەع، تەبیعی پێویستە مەسئول بێت بەرامبەر بە گواستنەوەو ڕاگەیاندن، وەکو هەیئەی تەبیعی وایە، خاڵی یەکێ و دووێ لەسەر ئەساسی جوگرافی هاتووە، خاڵی سێ و چوارێ لەسەر ئەساسی ئیثنی هاتۆتە دانانێ، ئێ باشە ئەگەر لەسەر ئەساسی جوگرافی و ئیثنی بۆ دهۆك و کەرکووکی تێدا نەبێت. خاڵێکی تر بێتە ئیزافە کردن، ئەویش گرینگە بۆ هەیئەکە، نیزامێکی داخیلی دابنرێت بۆ مەتاری پێش ئەوەی دەست بە ئیش بکرێت، بەعنێ ئێش ئەوەی ئەو هەیئەیە دەست بەکاری خۆی بکات نیزامێکی داخلی ڕێکوپێك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری مەتاری بە ڕەنگێکی زانستی و ڕێکوپێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك د.رزگار، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕەئیەکەی لێژنەی داراییم زۆر پێ پەسەندە، بەلام بە یەك دوو ئیزافەی بچووکەوە. ئیزافەی بچووکیان (تشكل هيئة خاصة من القطاع الخاص بإسم هيئة إدارة مطار أربيل المدني) یەعنی حەقە ناوێکی لێ بنرێت. خاڵی دووەمیشیان ئەوەی کە کاك د.رزگار ئیشارەتی بۆ کرد کە شەشەکە بکرێت بە حەفت من پێم شتێکی باشە، باقی تریشی ئەوەی کە دەڵێ رعایەتی، ئەوە پێم شتێکی باشە ئەو تەخصیصاتەی بەناوی ئێمەی کە سلێمانین یا ئەوا، تەرکیبەی ئەوا با لەمەیدانی کارا بەم شێوەیە ئیهتمامی پێ بدرێت، چونکە ئەو هەیئەتە نوێنەرایەتی هەموو پارێزگاکان دەکات، هەموو کوردستان تەبعەن دەکات بەڕاستی، ناحیەی هەڵبژاردنەکەش تەبیعی

ئەگەر عائیدی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت وابزانم زۆر کارامەترو چاکتر و باشترە لەو کاتە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

کاک احمد سالار و د.رزگار باسی ئەو خاڵانەیان کرد، منیش لەگەڵ ئەو خاڵانەم بۆیە پێشنیار دەکەم، یەکەم بەم شێوەیە بێت:( تشكل هيئة من القطاع الخاص قوامها ستة أشخاص و ممثلاً عن حكومة الأقليم لغرض استلام المطار الحالي ومجوداته والإشراف على إدارته وإدامته و تشغيله) ئەوانی تری نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک شێخ جعفر، لێژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز لێژنەی دارایی فەرمووی، کەوا بنووسرێ (تراعى التركيبة السكانية) و، ئیتجاهەکە بەوەی هات بەئەساسەوە (من الارکان) مەعلوم بن، لەوانەشە کە باسی ئەوە کرایە پارێزگای هەولێر و سلێمانی، ئیشەکە زۆر زۆر وازحە، بەڵام پێویست نییە داخیلی تەفاصیلەکەی بین زۆر وازحە کە لە کێ پێك دێت، چۆن پێك دێت لێژنەکە، مەسەلەکە زۆر زۆر وازحە، بەڵام با داخیلی ئەو تەفاصیلە نەبین. ئەوەی تریش کە دەڵێن لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم هەڵبژێردرێت، تەبعەن ئێمە هەردوو ڕێگامان داناوە، بەڵام لەوانەیە ئیعلان دەکرێت لە جێگایەکی وەکو سلێمانی، لەوانەیە سی کەس چل کەس ئیستعداد پێشان دەدات کە بێت ئەو ئیشە بکات، لەنێوان ئەو سی چل کەسە لەوانەیە هەڵبژاردنێك بکرێت، دوو کەس هەڵبژێردێت بۆ ئەوەی ڕەغبەتەك هەبێت بۆ ئەوەی کەس نەڵێت من مەجالم نەبوو، رەئس مال هەبوو و شتم هەبوو مەجالم نەبوو بێم ئیشتراك لەوە بکەم و، هەروەها لە هەولێر. لەبەر ئەوە ئەگەر ئیمکان نەبوو ئەو هەڵبژاردنە بەهەر شێوەك لە شێوەکان بکرێت، ئەوا سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم ئیمکان هەیە ئەو نوێنەرانە هەڵبژێرێت.

بەنیسبەت ئەوەی کە کاک احمد سالار فەرمووی، ئەمە خۆی ئیتجاهەکە بە صورەتێکی عام دەمانەوێت لە قتاعێکی ئیشتراکی دوور کەوینەوە بەڕاستی لە قتاعی عام، نامانەوێت مەربوت بین، خۆی سیاسەتی نوێ ئەوهایە کەوا مەسەلەن ئیقتصادی حورە مەرافقی گشتی، مەرافقی گەورە گەورە هەمووی لەدەست شەریکات و لەدەست ئەوانە بێت، حکومەت بۆخۆی دانیشێت زەرائیب وەربگرێت باشترە لەوەی کە مەسئولییەتی وی توشی مەتارات و توشی قیتارات و توشی ئەو شتانە بێت، موئەسەساتی مەدەنی بێت ئەو موئەسەساتانە، ئیش و کارەکانی خۆیان دەکەن لەوانەیە بتوانن لە حکومەت ڕێکوپێکتریش بیکەن، حکومەتیش هیچ تەکلیفی لەسەر نییە و

زەرائیبی خۆی حەسبەل ئصول وەردەگرێت و ساڵانە موحاسەبەیان دەكات لەسەر پارەو پولیان، زەریبەیان لێ وەردەگرێ و دەخلێكە لەبۆ میللەت و مەشارعی تری پێ دەكرێت. ئەوەی كاك انور فەرمووی كە مەوزوعەكە لەسەر ئەساسێكی قومی دابنێین بڵێین كورد و توركومان، ئێمە نامانەوێت هەموو دەمێ داخیلی ئەو بابەتە بین، عەلا ئەساس لە هەموو شتێك كورد و تورك و فلان، بەڕاستی موجەبی ئەو بابەتە نییە، دامان نایە مەسئولی پارێ گا لەوانەی ئەو لایەنەی ئێستا مەتاری لەبەر دەستە، لەوانەیە حەز دەكات رەغبەتی وابێت كە لەو بەشدارانەش موشتەریك هەبن ئێمە نامانەوێت دائیمەن بە زەقی مەوزوعەكەی دائیمەن هەر لێژنەك ئێمە بڵێین كورد ئەوهاو كورد ئەوها، ئێمە پارێزگای هەولێر و سلێمانی تەركیبەی زانراوە، لەبەر ئەوە پێویست نییە ئێمە داخیلی ئەو بابەتە بین باسی كورد و ئەوە بكەین، بەڵام ئەوان ڕەغبەتیان وابوو ئەوانە تێدا بن با تێدا بن چ موشكیلەی تێدا نییە، نوێنەری پارێزگایەو نوێنەری هەردوولایە. ئەوەی كاك د.رزگار فەرمووی كەوا عەینەن جوابە ئێمە نامانەوێت مەربووت بێت بە هیچ لایەنێك، چونكە ئەگەر مەربووت بوو دیسان بۆوە بە قتاعی عام، و نەبووە قتاعی خاص، ئەوانە وەكو هەیئەكن بەپێی قانونەكە تەخویل كراون، شەریكەیەك دروست كەن، تەخویل كراون لەگەڵ هەر شەریكەیەك عەقد بكەن، تەخویل كراینە ببنە موئەسەسەك ببنە هەر شتێك، بەهەر شێوەیەك دەیانەوێت ئیدارەی مەتارەكەی بكەن بەپێی قانونەكە تەخویل كراینە، لەبەر ئەوە ئەوانە كەهاتن ئیستلامیان كرد، دەتوانن ئیعلان بكەن بڵێن ئێمە دەمانەوێت شەریكەیەكی موساهم بێت ئەوە بكات، لەوانەیە دەیان كەس دێت، شەریكەك دروست دەكات مەجال هەیە بەپێی قانونەكە. لەبەر ئەوە با حوریەتیان بدەینێ، لەبەر ئەوەی قتاع خاصە با ئەو شێوەیەی ئیختیار بكەن خۆیان ئیختیار بكەن، بە چ شێوەیەك دەیانەوێت تەنفیزی بكەن یان ئیدارەی بكەن. هەمان شت ئەوەی كە مامۆستا محمد طاهر فەرمووی هەمان شتە. بەنیسبەت ئەوەی شیخ جعفر فەرمووی ئێمە نامانەوێت ئەصڵەن حكومەت بخەینە ناو مەوزوعەكەی، دەمانەوێ میللەت خۆی بیكات، نامانەوێ ئیعلانی بكەین بڵێین حكومەت تەرەف بێت لە مەوزوعەكەی، حكومەت تەنها واجبی ئەوەیە حمایەی مەتارەكە بكات، تەئمینی حراسەی بۆ بكات، تەئمینی شتی تر بكات، ئەوی تر با خەڵك فێر بێت، فێری ئەو ئسلوبە بێت چۆن بتوانێ مرافقی ژیان بەڕێوە ببات بە چ ڕێگایەك، بەو شێوەیە با خەڵكەكە تەدریب پێ بكەین وردە وردە بتوانێ مرافقی عام ئیستلام بكات و، حكومەت دوور بخەینەوە لەو كارانە با تۆزێك حكومەتیش ئیسراحەت بكات، با میللەت خۆی خزمەتی خۆی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز كاكەڕەش نقشبندی، هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو بابەتە؟ بەڕێز كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕای من صیاغەی لێژنەی مالی دوور نییە موەفەق تر بێت لەو صیاغەیە، سەبەبیش ئەوەیە شەرت نییە ئێمە خەلفییەی هەر نەصێك بە روناهی بێنینە ناو نەصەكە دابرێژین، یەعنی زۆر

جار هەیە نەصێکی قانونی هەیە خەلفییەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ناتوانین لە نەصەکە بە تەواوی بەڕوون و ئاشکرای نەصی لەسەر بکەین، ئەگەر ئێمە باسی ناحیەی قەومیمان کرد حەقی خەڵکێك هەیە بێت بڵێت بۆ باسی تورکمانی تێدایە، بۆ باسی مەسیحیەکانی تێدایە، بۆ باسی کوردو عەرەبی تێدا نییە؟ ئەگەر باسی مەسیحیانمان کرد دوور نییە مەسیحیەکان بۆخۆیان موعتەرز بن، یەکێك بڵێت بۆ نەمان گوت ئاشووری، کلدانیش بڵێن بۆ باسی کلدانیمان نەکرد. بەڕای من نەصی لێژنەی مالی دوور نییە زیاتر بە شکلێك وابێتن ڕێگای ئەو تەئویل و تەفسیراتانە قەپات بکاتن و، مۆفەقتر بێتن لەو ناحیەیە، باسی تەرکیبەی ئیداری و قەومی بکەین باشترە، ئەو کاتە ئەگەر هاتوو ئیتفاقێکی خەلفیمان هەبێتن لەگەڵ لایەنێکی تر یان ئیتفاقێکی زومنیمان هەبێتن، یان پرۆژەکە بۆخۆی بەعام خەلفیەکی تایبەتی هەبێتن، حەز نەکەین لەناو قانونەکە باسی بکەین، دوو لە بەر ئەوە نەصی لیژنەی قانونی باشترە لە جێگای خۆبێت لەو نەصە و، ئێمە دوور بخات لەهەندێ ئیشکالات و تەسائولاتی خەڵك و بە ئاسانتر ئەتوانین جوابی ئەو خەڵکە بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێزجعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك فرسەت فەرمووی من ویستم باسی بکەم، ئەو باشتر باسی کرد، لەبەر ئەوە من تەئیدی ئەو بۆچوونە ئەکەم، بەڵام بۆ ئەوەی کە نوێنەری حکومەتی تیا ببێت، ئەگەر نوێنەرێکی ئەنجومەنی وەزیران لەدەسەلاتی جێ بە جێ کردنی تیا نەبێت، ئیش وکارەکانی ناڕوات بەڕێوە، ئەوان ئەبن بە حەوت کەس و ئەو ناتوانێت هیچیان بەسەرا فەرز بکات، ئەوە تەنها بۆ ئاسانکاری ئیش و کارەکانیانە لە بەینی ئەوان و دەزگاکانی حکومەتا، ئەو هیچ ناتوانێت فەرز بکات، چونکە شتەکە بە ئینتیخاباتەو، سەرۆکەکەشی بە ئینتیخابات هەڵئەبژێرێت، تەنها ئەوە نوێنەرێکی حکومەتە بۆ ئاسانکاری ئیش و کارەکانی ئەوان، لەبەر ئەوە من بە زەرووری ئەزانم بوونی نوێنەرێکی حکومەت تیایا، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك ابراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم عبدالقادر دۆغرمچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکان، کاك فرسەت هەندێك باسی کرد، بەگوێرەی قسەی بەڕێز کاکە ڕەش دەڵێت ئێمە نامانەوێت ئیرتیباتمان لەگەڵ حکومەت هەبێت، هەر بە خۆی زیمنیەن کە دەڵێین دوو هەولێری و دووسلێمانی یەعنی حکومەتی هەردوولا دوو دوو ئیختیار بکات، یەعنی ئەوە زیمنیەن ئیرتیباتی هەبوو لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، دوو دەڵێ ئەگەر ئینتیخابات کرا نەیانتوانی ڕەئیس هەڵبژێرن، ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشانی ڕەئیس دەکات، ئەوەشیان ئیرتیباتی هەیە، بەس من تێبینیەکی ترم هەیە، ئایا ئەو مەتارە کێ دروستی دەکات، هێزی هاوپەیمانان، حکومەتی هەرێم، یان قیتاع خاص، ئەگەر قیتاع خاص دروستی دەکات، بەشداری دەکات لە دروست کردنی مەتار، بۆ نەڵێین ئەو کەسانە دەستنیشان بکەین، ئەو لیژنەیەی کە تەمویلی دروست کردنی

مەتاردەكات، كە پارەیان هەیە دەیانەوێت بەشداری بكەن لەدروست كردنی مەتار، ئەوانە با لە ناو لیژنەكە هەبێت و ، ڕەئی تریشم هەیە ئەوەی دوو سلێمانی ودوو هەولێرو مەسیحی و توركمان زیكر نەكرێت، هەر لیژنەیەك لە حەوت كەس یان لە پێنج كەس تەرتیب بێت، لە بەر ئەوەی هەڵبژاردنیان لەناو دەبێت بە بێ ئەوەی زكری هەولێرو سلێمانی و توركمان و مەسیحی بكرێت، لە گەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك ابراهیم، فەرموو كاك جمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە سكرتێری پەرلەمان زۆر تەوزیحی كرد، ئەمە ئەگەر بەو شێوەیە بێت نەصەكە دوو ئەندام لە فلاَن جیَبێت ، دووئەندام لە فلاَن جیَ بێت، ئەو وەختە دەبێت قانون بۆ پاشەڕۆژیش بێت، قانون نە هەر ڕۆژ دەگۆڕێت، ئیقلیمی كوردستان دەبێت زۆر زۆر فراوانتر بێت، زۆر زۆر چاكتر بێت، لەبەر ئەوە ئەو تەعدیلەی لیژنەی دارایی خستیە سەری (أن تراعي التركيبة السكانية والإدارية للاقليم) زۆر زۆر فراوانترەو پاشەڕۆژیش ئەگرێتەوە، نەك بۆ ئەم وەزعەی ئێستا، ئەمە سلێمانیە، ئەمە هەولێرە، ئەوە توركمانە، ئەوە مەسیحیە، زۆر بە تێرو تەسەلی لە لیژنەی دارایی و ئابووری موناقەشەمان كردووە لە سەر ئەم مەسەلەیە، گەیشتینە ئەم نەصە، بە ڕەئی ئێمە ئەمە بۆ پاشەڕۆژیشە، چونكە نابێت ئێمە قانون بۆ ئەمڕۆ دانێین، قانون هەمیشە بۆ ئەمڕۆو بۆ پاشەڕۆژە، لە پاشەڕۆژیش هیچ ئیشكالی تیا ناكرێت، حەقی كەسیش نافەوتێت، هەر هاووڵاتییەك حەقی هەبێت بەشكلێكی چاك و هیچ ناوچەیەك دوور نەخەن لەم دەستكەوتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك جمیل، بەڕێز مامۆستا محمدامین چەمچەماڵی فەرموو.

**بەڕێز محمد امین عبدالحكیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من حەز دەكەم شتێكتان بۆ بگێڕمەوە، ئەڵێن لەو كۆبوونەوانەی كە لە بەغدا كراوە، كە ناوەكان تەسجیل كراون، هەندێ كەس بۆ نموونە كونیەی هەیە، فلان الپاچەچی، فلان القصاب، فلان ابو تمن، ئەو برادەرەی كە ناوەكانی نووسیوە گوتویەتی ئەرێ كاكە ئێمە حكومەت تەشكیل دەكەین یان مەتعەم دادەنێین، یەعنی بەڕاستی بۆیە ئەوەم بیر كەوتەوە، ئێمە مەتارێك دروست دەكرێت، تەبیعەتی وڵاتەكەی خۆمان دەزانین برادەرانی لێژنەی یاسایی دەڵێن كاكە ئەو مەتارە ئەمانەوێ بیدەین بە قیتاعی مەدەنی، تشجیع كردنی بازاڕی ئازاد و قیتاعی مەدەنی و تەشغیلی ئەوانە لە صاڵحی حكومەتی هەرێم، نیشانەی مەدەنیەتی وڵاتەكەشمانە، چ پێویست دەكات ئێمە بیگێڕینەوە، هەم تەبیعەتی وڵاتەكەمان دەزانین پێكهاتەكە چۆنە و، ئێستا ڕێككەوتن لەسەری، من پێم وایە چیتر نەماوە لەوەی پیرۆزبایی لە خەڵكی هەولێر و لەو كەسانەش بكەین كە خاوەنی پێشنیارەكەن، ئەمەیان كارێكی تەواوە. بەڵام ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە شتێك نابێت لەبیر بكەین، ئەویش ئەوەیە شارەكانی كوردستانی خۆمان كە سلێمانی دەبینی زۆر بە ئاوەدانی،

هەولێر دەبینی زۆر بە ئاوەدانی، دەستی خەڵکە دڵسۆزەکەی تیا بووە، بەو کەموکوڕییەی دەرامەتەوە توانیویانە خزمەتێکی زۆر گەورە بکەن، پارك ئەبینی، جادەکان دەبینی، بەڵام کە دەچیتە کەرکووك کۆمەڵێك لە خەرابەو وێرانکاری دەبینی، کە خەڵکێکی تیا بووە کە قەت بەزەیی بەو شارە نەهاتووە، من تەنها ئەوەندەتان بیر دەخەمەوە حەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو بەشەکەیەوە و، پەرلەمانی کوردستان بیر لەوە بکاتەوە هەندێ لەو مەشاریعانە بخاتە کەرکووکەوە و، بیر لە ئاوەدانی کەرکووك بکاتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا محمدامین، تکا لە بەڕێزان نوێنەرانی ڕاگەیاندن دەکەین بە سوپاسەوە هۆڵەکە چۆل بکەن، چونکە ئیشەکەی خۆیان تەواو کرد لێرە. بەڕێزان ئێمە پێش هەموو شتێك سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە مەشروعی یاسایەکەیان پێشکەش کرد، سوپاسی هەموو ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین کە بە جدییەتەوە موتابەعەی ئەو مەوزوعەیان کرد، هەروەها سوپاسی تایبەتی لێژنەی یاسایی دەکەین. حەقە هەندێ شت بە تۆزێك ئاشکراتر باسی بکەین و، بە وازیحتر. یەکەم: مەتاری هەولێر بڵێین ئەوەی عەنکاوە، مەتار نییە لە حەقیقەتدا، مەدرەجێکە لەژێر کۆنترۆڵی هاوپەیمانان دایە، ئەمریکییەکان لەوێن و ئەجهیزەیان هێناوە، تەیارە دادەبەزێ و هەڵدەستێ، لەزۆر شوێنی تری کوردستان مەتاری تری وایان هەیە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت ساڵەهای ساڵە حکومەتی هەرێم، پەرلەمان، پارتە سیاسییەکانی کوردستان، هەوڵ دەدەن، تێدەکۆشن بۆ ئەوەی مەتارێك لە کوردستاندا هەبێت و، دەزانن ئەهەمییەتی ئەو مەتارە چەندە، ئەوە مەتاری هەولێر نییە یان مەتاری سلێمانی نییە یان بڵێین هی بامەڕنی نییە، ئەوە مەتاری کوردستانە و، ئەمە لە وجهەت نەزەری سیاسییەوە وەك بڵێی ئێمە کوردستانمان خستە سەر مەنفەزێك بەرەو جیهان، یەعنی دەرگاو پەنجەرەمان خستە سەر پشت بۆ کوردستان، کە تەتەور بکات و پەیوەندی بە دنیاوە هەبێت و بەرەو پێشەوە بڕوات، تەبیعی ئێستا فرسەتێك هەڵکەوتووە، فرسەتەکە ئەوەیە ئەمریکییەکان خۆیان دەڵێن ئێمە مەتارتان بۆ دروست دەکەین، هەر مەتارێك نییە. سیاسەتیان ئەوەیە چەند مەتارێك لە کوردستان دروست بکەن، چەند شەرتێکیان هەیە، شەرتەکانیش لە حەقیقەتدا ئەگەر خۆمان دیراسەتمان بکردبایە، ئێمە خۆشمان ئەو شەرتانەمان دابنابایە، یەکێك لە شەرتەکانیان دەڵێ دەبێت مەدەنی بێت، یەعنی هەیئەتەکە هەیئەتێکی مەدەنی بێت. یەعنی ئەو هەیئەتەی ئیشراف دەکات لەسەر مەتار مەدەنی بێت حکومی نەبێت، قیتاعی خاص بێت، ئەمە بۆ ئەوەی تەسبیتی بازاڕی ئازاد بکرێت، پشگیری بازاڕی ئازاد بکرێت و، لایەنی سیاسیشی لێدوور بخرێتەوە، سبەینێ ئەگەر وڵاتێك یان شوێنێك هات ئیعتزازی گرت بڵێ بابە شتێکی مەدەنییەو قیتاعی خاصە و ساحێبی پارەیە و ساحێبی مەسڵەحەتن ئەو شتە دەکەن و، ئەمە لە هەموو جیهانا باوە و جوزئێکە لە حقوقی ئینسان، کە لە عهودو مەواسیقی دوەلیدا هەیە، ئەمە ڕێگای کردنەوەی مەتارەکە ئەکاتەوە، ئەمە یەك. خاڵی دووەم کە گرینگە، هاوپەیمانان ئەیانەوێ کە ئەو مەتارە دەکرێتەوە هەموو لایەك ڕازییە لەسەری، حکومەتی هەرێم ـ هەولێر، حکومەتی هەرێم ـ سلێمانی، ئەوە دهۆك و سلێمانی و هەولێر نییە، ئەمە مەخسەد هەردوو حکومەتی هەرێم

دەگرێتەوە دوکتۆر رزگار، مەخسەد دهۆك، کەرکوك و سلێمانی کەباسی پارێزگا هاتووە مەخسەد ئەوەیە، ئەمەش خاڵێکی تر، ئەوی تر پیشانی دەن تەنیا کورد نییە وەزعەکە، تورکمانی تێدایە، مەسیحی تێدایە و، شتەکە ئازادە و، هەر کەسێك بییەوێت داخیلْ بێت، بۆیە سەیری دەکەیت ئەم پرۆژەیە بەو شکلەیە نووسراوەتەوە، تەبیعی بێجگە لەو شتانەی کەمن شەرحم کرد، ئیتیفاقێکی جدی هەیە لەنێوان هەردوو ئیدارە و، لەبەینی هەردوو حزبی گەورەی کەلە کوردستان داهەیە، ئیتیفاقە جدییەکە وایە زوو پەلە لەوە بکرێت بە یەکیشەوە بکرێت و، بەیەکەوە ئەو خاڵانە کە ئێستا مەشروعەکە هەیە بەیەکەوە ئەو شتانە جێبەجێی بکەین، مەوزوعێکی دیکە هەیە کە پەلەمان لێ دەکات، حولەفا دەیانەوێت بەجێی بێڵن، دوو ڕێگا لەبەر دەست دایە، یان ئێمە یاسایەك بە پەلەیی دەر دەکەین، دەرگە بۆ ئەوانە دەکاتەوە کە ئەجهیزە و رادارات و مەوادێ،کە پێویستە بۆ مەتار تەسلیمی ئەو هەیئەتە بکەن، بەپێی ئەو یاسایەی کە ئێمە دەری دەکەین، یان ئەوە مەتارەکە چۆڵ دەکەن دەڕۆن و شتەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن، ئەو عەوامیلانە هەمووی وای لێ کردووین ئێمە جاری یەکەم تۆزێك پەلەی لێی بکەین. دووەم بەعزێ شت بەپەلە بنووسرێتەوە و موناقەشەکە بەئیسراحەت بکەین، بۆ ئەوەی زوو بریارەکە بدەین و ئیشەکە بڕوا، ئیشەکە موهیمە لێرە، موهیم ئەوەیە ئێمە مەتارێکمان هەبێ، موهیم مەتارەکە هاوپەیمانەکان پشتگیریمان لێ بکەن و لەگەڵیابن، تەبیعی ئەمە دەرگا دەکاتەوە بۆ مەتاراتی تریش، ئەگەر وڵاتانی دەوروپشتمان ئیعتباراتی سیاسی بۆ دابنێن، هاوپەیمانان ئیعتباراتی سیاسی بۆ مەتار دانانێن، وەکو مەحەتەیەکی قیتار سەیری دەکەن، وەکو مەحەتەی ئۆتۆمبێل سەیری دەکەن، چونکە وڵاتانی خۆیان هەموو مەتاراتە، بەبێ هیچ ئیعتبارێکی سیاسی، ئینجا بۆیە هەموو ئیشەکە بەو شکلەی لێ هاتووە، بەڵام یەك خاڵ هەیە لە موناقەشەکان دەرکەوت لە ڕاستیدا و، زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش ئیشارەتیان پێ کرد، مەوزوعی ئایە پێویست دەکات ئێمە بڵێین دوو ئەندام تەمسیلی سلێمانی دەکەن، دوو ئەندام تەمسیلی هەولێر دەکەن، یەك تورکمان، یەك مەسیحی، ئەمە زیمنی ئیتفاقەکەیە، ئیتفاقەکە جێبەجێ دەکرێ ئایا پێویست دەکات ئێمە وەکو پەرلەمان ئیتفاقەکە بکەین بە قانون؟ یان قانونێك بنووسینەوە بۆ ئەوەی ئیشی لەسەر بکەین، منیش تەسەور دەکەم لە ڕاستیدا کاك فرسەتیش شەرحی کرد، ئەو صیغەیەی لێژنەی دارایی صیغەیەکی باشە، یەعنی موراعاتی تەرکیبەی سوکانی و ئیداری بکرێت، هەردووکی دەگرێتەوە، تەبیعی ئیتفاقەکە بووە بەو شکلە دەکرێ نوێنەرانی هەردوولا ئیستیلامی شتەکە دەکەن، نوێنەرانی هەردوولا بە ئیشەکە هەڵدەستن، نوێنەری هەردوولا ئیشراف دەکەنە سەر مەتاراتی تر، کە لە کوردستان دروست دەکرێتەوە، تەبیعی ئێمە خەتەواتی یەك بوونی ئیدارەشمان لە بەر دەمە، ئێمە بە خەتەواتێکی سەریع بەرەو پێشەوە ئەچین، ئیشی لە سەر ئەکەین، بۆیە تەسەور ئەکەم ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەگەر خۆیان مانعیان نەبێت، چونکە موقتەرەحەکە هی خۆیانە ئێستا ئەگەر مانعیان نەبێت لەجیاتی ئەو یەك و دووو سێو چوارە ئەو صیاغەیەی کە لە دارایی هاتووە، ئەگەر ئەوە بخەنە سەری ئێمەش مومکینە، مانعمان نەبێت بە شتێکی گونجاوی بزانین، هەر ئەوەندەو سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاوپەیمانان لە دانیشتنەکە زۆر تەئکیدیان کرد لە سەر ئەو دوو مومەسیلە، کە تورکمان ناویان بێت کە لە گەڵیان بێت و، لە سەر ئەو ئەساسە وابزانم لە گەڵ بەڕێزتان قسە کرا، کە ئەوان تەرکیزیان کرد کە دەبێ لە گەڵ بێت و، ئێمە ئیبرازمان کرد لە سەر ئەوئەساسەی وەکو تەحقیقێك بۆ مەتڵەبی ئەوان و، ئیلا چ پێویست نەبوو، بەڵام ئەوان ڕەغبەتیان ئەوها بوو، جائەوە مەوزوعەکەشم ڕوون کردۆتەوە بۆ ئێوە، عەرزمان کردن ئەوجا ڕێتان وایە بگۆڕێت با بگۆڕێت و، تیایدا هەیە ئیحتیمال هەیە باسیان کرد لە موناقەشەکە لە گەڵ جەنابی مامۆستا مەلا هادی جاری یەکەم لە گەڵیان دانیشت، ئەو کە هاتەوە نەتیجەکەی لە گەڵ ئێمە هێنایەوە تەرکیزیان کرد کەوا دەبێت ئەوان لە گەڵ بن، ئەوجا بە ناو لە گەڵ بن یان ئاوها بڵێین (یراعی) ئەوە مەتروکە بۆ جەنابتان، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام تەوزیح هەیە لە سەر ئەوە، من تەسەور ناکەم ئەوان بڵێن ناوی فلاَن لە قانون هەبێت، چونکە قانون عامە بەڵام لە تەنفیزا ئەوەیان دەوێت بە تەئکید، بەبێ ئەوە شتەکە تەسلیم ناکەن وپشتگیری ناکەن، ئەوە جانیبێکی مەوزوعەکەیە، بەڕێز کاك د.ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو تەوزیحانەی جەنابت بەتەواوی وایە، بەڵام ئەوان دەیانەوێت موافەقەتی ئێرەو ئەوێو ئەو شتانە، بەڵام منیش دوو جەلسە لە گەڵیان دانیشتووم لە گەڵ برادەران، ئەوانیش مسوەدەیەکیان هەیە ووتیان دەمانەوێت بەو صیغەیە ئاوا دەرچێت، بەڵام یەك فەقەرە دەخوێنمەوە کە ڕەئی خۆیانە، کە چۆنیان تەرح کردووە هی لیژنەکە چۆن بێت ئەوە عەرەبییەکەیتی من ئینگلیزیەکەم لەکنە (تتكون هناك لجنة مطار تدعى باللجنة لمنطقة اربيل الجوية الواقعة في شمال مدينة أربيل في محافظة هەولێر وستتكون اللجنة من ستة أعضاء يتم اختيارهم من قبل رئيس الوزراء ويصادق عليه من قبل المجلس الوطني) یەعنی پەرلەمان موصادەقەی لەسەر دەکات چۆن بێت، ڕاستە ئەوان وتیان ئەو تەرکیبە، بەڵام بۆ خۆشیان ناویان نەهێناوە لە مەشروعەکەی خۆیان، نەیانوتووە تورکمان و ئاشوری و شتی وا و، شروتیشیان داناوە (وبالشروط التالية)، من ئەوەم پێشانی برادەرانیش دا کاکەڕەشیش جەنابی دیتی، ئەوە خۆیان نووسیویانەتەوە، نوسخەیان داوەتە ئێمە، جهاتی مەعنیش نوسخەمان دابەش کردووە، وبالشروط التالية:

أولاً: سيكون هناك عضوا واحدا يدعى برئيس اللجنة يتم اختياره لمدة عشرة أعوام في حزيران وتدفع راتب لرئيس اللجنة حسبما تقرره المجلس سيكون راتبه للسنة الأولى. (ئەوەنە دیناری عیراقی تحدیدیان نەکردووە راتبەکەی) ويرفع رئيس اللجنة تقارير منتظمة للمجلس (مەبەستی ئەنجومەنی نیشتمانییە، یەعنی ئەو لجنەیەی ڕەبت کردووە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی تەقاریری

مونتەزەمی دەداتێ) سيعقد رئيس اللجنة اجتماعات منتظمة للجنة، ويقوم باعداد ونشر اجندة الاجتماعات، سيعقد اللجنة على الأقل اجتماعا كل فصل ويكون مفتوحا للعامة، أن يقوم رئيس اللجنه بالتصويت إلا إذا كان هناك تعادلا في الأصوات حول موضوع ما.

ثانيا: سيكون هناك خمسة أعضاء يدعون بأعضاء اللجنة والذين سيتم اختيارهم لأمد خمسة أعوام تعاقبية ،الترتيب في تموز، سيكون هناك عضو لجنة واحد يتم اختياره لسنة واحدة، وعضو لجنة سيتم اختياره لسنتين، وعضو لجنة سيتم اختياره لثلاث سنوات، وعضو لجنة سيتم اختياره لاربعة سنوات، وعضو لجنة سيتم اختياره لخمسه سنوات، سيأخذ أعضاء اللجنه رواتب متساويه تقرره المجلس، سيكون راتب السنه الأولى (ئەوەندە دينار العراقى).

ثالثاً: لن يعتبر أعضاء اللجنة مسؤولين قانونياً عن القوانين الرسمية ضمن مدىاللجنة، لدى اللجنة صلاحية لأستئجار و رهن و اقراض وإلزام اللجنة والمطار لغرض تحسين وإدارة المطار، أعضاء اللجنة واللجنة لا يمكن تحميلهم شخصيا المسؤولية القانونية لحوادث على وحول ممتلكات المطار ولأضرار تنتج عن العملية ولصيانة وبناء الطائرات ومنشأت المطار، لا تتحمل اللجنة المسؤولية القانونية لأية ادعاءات سند الملكية السابقة حول الملكية التي تشغله منشات المطار.

رابعا: ئەوە مهمه به ڕەئی من کە لێرە زکر نەکرا، ستقدم اللجنة سنوياً الميزانية للمصادقة، أو رفض من قبل المجلس الوطني، ستتضمن الميزانية الرواتب، وتحسين رأس المال، وخطوط الديون، وإعادة دفع الديون، ورسومات الصيانة، وأيراد الاستئجار وخطط الضرائب، سيتم تقديم الميزانية سنوياً في شهرحزيران. ئەوە مەهامی لیژنەکەشی تەحدید کردووە بێجگە لە فەقەرەکانی کە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم تەفصیلاتانە دیارە باش بوو، لە بەر ئەوە بە پێویستی ئەزانین وەکو سەرۆکایەتی و لە گەڵ برادەرانی لیژنەکانیشدا کە ئەم خاڵە بە تایبەتی جارێکی دیکە دانیشنەوە لەسەری و دیراسەی بکەن بەقوڵی، ئەو شتانەی کە دکتۆر ئیدریس خوێندیەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت و، موقتەرەحێکمان تەقدیم بکەن ئێمەش سبەینێ لە سەری دائەنیشین و بڕیاری لە سەر ئەدەین، بۆیە جەلسەکەمان تەئجیل کرد تا سبەینێ، سبەینێ کۆبونەوەکەمان سەعات ١٠ ئەبێت، زۆر سوپاستان ئەکەم.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

د.رۆژ نوری شاوەیس
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٩)**

**دوو شەممە رێکەوتی ٢٣/ ٦/ ٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ٢٩ )

## دوو شه‌ممه ڕێكه‌وتی ٢٠٠٣/٦/٢٣

كاتژمێر (١٠)ی سه‌ر له‌ به‌یانی ڕۆژی دوو شه‌ممه ڕێكه‌وتی ٢٠٠٣/٦/٢٣ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز د.ڕۆژ نوری شاوه‌یس سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و، به‌ ئاماده‌بوونی به‌ڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئه‌نجومه‌ن، دانیشتنی ژماره(٢٩)ی خولی گواستنه‌وه‌ی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی كار:**

به‌ پێی حوكمه‌كانی برگه (١)ی مادده (٢٠) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره (١)ی هه‌مواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بڕیاری دا به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی ژماره (٢٩)ی خولی گواستنه‌وه له‌ كاتژمێری (١١)ی سه‌ر له‌به‌یانی ڕۆژی دوو شه‌ممه ڕێكه‌وتی ٢٠٠٣/٦/٢٣ دا به‌م شێوه‌یه بێت:

٤- خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌می پرۆژه‌ی یاسای دامه‌زراندنی فڕۆكه‌خانه‌ی مه‌ده‌نیی هه‌ولێر.

٥- میوانداریێتیی شاندی ئیشتیراكییه‌تی نێوده‌وڵه‌تی، كه به‌داخه‌وه شانده‌كه نه‌هات،

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان، به‌ناوی گه‌لی كوردستان ، دانیشتنی(٢٩)ی خولی گواستنه‌وه‌ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ده‌ست پێده‌كه‌ین، به‌رنامه‌ی كاری ئه‌مڕۆمان به‌رده‌وام بوونه له‌سه‌ر خستنه‌ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری پرۆژه‌ی یاسای دامه‌زراندنی فڕۆكه‌خانه‌ی مه‌ده‌نیی هه‌ولێر.

دوێنێ ده‌ستمان پێكرد، دوو مادده‌مان كۆتایی پێ هێنا، ئیمڕۆ ئینشائه‌للا ته‌واوی ده‌كه‌ین هه‌موو یاساكه، تكا له‌ ئه‌ندامه به‌ڕێزه‌كان ده‌كه‌م كه دوێنێ له‌سه‌ر مه‌نه‌سه‌كه ئاماده‌بوون بفه‌رموون بۆ سه‌ر مه‌نه‌سه‌كه دووباره تكایه، هه‌ر بۆئه‌وه‌ی بێنمه‌وه بیری به‌ڕێزتان، دوێنێ مادده‌ی یه‌كه‌م و دووه‌مان ته‌واو كرد، مادده‌ی سێیه‌م هه‌ندێ موناقه‌شه‌مان له‌سه‌ر كرد، دوایی ڕه‌ئیمان وابوو لیژنه‌ی یاسایی له‌گه‌ڵ لیژنه‌كانی تردا، زیاتر ته‌فسیل بخه‌نه سه‌ر مه‌وزوعه‌كه، كه به‌ شێوه‌یه‌كی وابێت بگونجێت له‌گه‌ڵ مه‌به‌ستی دامه‌زراندنی فڕۆكه‌خانه‌ی هه‌ولێر، ئه‌گه‌ر به‌ڕێزان لیژنه‌ی یاسایی گه‌یشتوونه‌ته نه‌تیجه، تكایه ئاگادارمان بكه‌نه‌وه، فه‌رموو.

**به‌ڕێز كاكه‌ره‌ش محمد نقشبندی:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن.**

پاش ئه‌وه‌ی بڕیار درا كه لیژنه‌ی یاسایی لێره دووباره كۆببێته‌وه، ئیتر لیژنه‌ی یاسایی له‌گه‌ڵ چه‌ند برادەرێكی تر كۆبوونه‌وه‌یه‌كی تایبه‌تیمان كرد و، له‌ ئه‌نجامدا گه‌یشتینه ئه‌و مولاحه‌زاتانه‌ی كه به‌پێی ئه‌و پرۆژه‌ی كاتی خۆی له‌لایه‌ن حوله‌فاوه ته‌قدیم كرا بوو، به‌پێی ئه‌و ته‌وجیهاتانه‌ی كه له‌ ناوه‌ڕۆكی پرۆژه‌كه هاتبوو، خستمانه ناو پرۆژه‌ی نوێ و به‌ شێوه‌یه‌كی تر

دامانڕشتووه، ئەوەی ئێستا کە لەبەر دەستانە تەقریبەن ناوەڕۆکی ئەو پڕۆژەیەیە، لەگەڵ ئەو چەند مولاحەزاتانەی کە برادەران لەسەر بابەتەکانی پڕۆژەکە هەیان بوو، ئەگەر لوتف بکەن بۆ برادەرانی بخوێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو، بیخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

اولاً:

تشكل هيئة لادارة مطار اربيل المدني من ستة أشخاص على أن يراعى التركيبة السكانية لإقليم كوردستان يتم اختيارهم من قبل رئيس الوزراء ويصادق عليه المجلس الوطني لكوردستان العراق.

ثانياً:

يتم اختيار أحد الأعضاء رئيساً للهيئة لمدة(١٠)سنوات يحدد راتبه من قبل المجلس وتكون مهمته إدارة جلسات الهيئة وإعداد ونشر أجنده الاجتماعات ورفع تقارير منتظمة عن أعمال الهيئة إلى المجلس وتحرر المخابرات الرسمية بإسمه، وتكون قرارات الهيئة بالأكثرية وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه الرئيس على أن تعقد الهيئة على الأقل اجتماعاً في كل فصل.

ثالثاً:

مدة العضوية لباقي أعضاء الهيئة تكون خمس سنوات تعاقبية الترتيب، حيث تكون مدة أحدهم سنة واحدة، والثاني سنتان، والثالث ثلاث سنوات، والرابع أربع سنوات، والخامس خمس سنوات، وتكون رواتبهم متساوية يحددها المجلس الوطني.

رابعاً:

تتمتع الهيئة بالشخصية المعنوية ولها صلاحية الاستئجار والرهن والإقراض وعليها تحسين وإدارة المطار، ولا تتحمل أعضائها شخصياً المسؤولية القانونية عن الأضرار التي تقع على ممتلكات المطار وعن الادعاءات بسند الملكية السابقة للأراضي التي تشغله منشآت المطار.

خامساً:

تقدم الهيئة ميزانية سنوية للمصادقة عليها من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق تتضمن الرواتب وتحسين رأس المال وحفظ الديون و إعادة دفع الديون ورسومات الصيانة وإيراد الاستئجار وخطط الضرائب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەمە ماددەی یەکەم ئیزافەیەکی هاتۆتە سەری، ئێمە چارەسەری ئەمە چۆن بکەین؟ چونکە ماددەی یەکەممان ئیقرار کردووە، لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن، هیچ تێبینیەکتان نییە لەسەر ئەم مەوزوعە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

بەنیسبەت ناوەڕۆکی یاسایەکە ئێمە لەگەڵین، سەد دەر سەد، بەڵام لەبەر ئەوەی لیژنەی ئێمە کۆبوونەوەی نەکرد فریا نەکەوتین، برادەرانی لیژنە حەقیان هەیە، کە ڕەئیان دەربڕن لە شێوەی دارشتنی یاساکە لە سیاغەکەی، لەگەڵ ڕێز و سوپاسماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤ نەسە هەوا لنێواخاندی لیژنا یاسا، تەعدیلیش ڕەئیا لیژنا ئابوریش کرن، ئەم لگەل وی نەسا خاندی موتەفقین، زۆر سوپاس،.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە تکایە.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش موتەفقین لەگەڵ ئەو بڕگانەی کە هاتوون لە ماددەی چوار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین، ئەو بەڕێزانە ناونووس کراون، بەڕێز کاك شێروان حیدری، بەڕێز حسن صالح، بەڕێز د. ادریس هادی، بەڕێز د. رزگار، بەڕێز حمید میران، بەڕێز شێخ لەتیف، کێی تریش؟ بەڕێز نعمت عبدالله، بەڵێ بەڕێز نعمت عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونەکەی دوێنێ باسی (القطاع الخاص) هاتبوو، بەڵام ئەمڕۆ هیچ باسی ئەوە نەکراوە، ئایا ئەمە لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونەوەی جەنابت باست کرد دوێنێ چۆن یەك دەگرێتەوە؟ وەکو (القطاع الخاص)ە یان عامە یان ئیشتراکییە، یەعنی چۆنە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامی پرسیارەکان لە دواییدا جواب بدەنەوە، فەرموو کاك لەتیف.

**بەڕێز لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

له بارەی زمانەوە، له رووی ناوەکەیەوە بەتایبەت، پێشنیارەکەم ئەوە بوو کە ناوی هەولێر بنووسرێت له جیاتی اربیل، لەگەڵ عیبارەتەکان و کتابەکانیش عەرەبی بن، ناوی مطاریش ئەگەر کوردستان با پێم باشتر بوو، پەسەند تر بوو لەناوی هەولێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شێروان حیدری.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت من مولاحەزەکەم بەنیسبەت ماددەی یەکەمە، کە ئێمە تەئسیسی مطار دەکەین، دەبێت مادده یەك شەخسیه مەعنەوییەی بدەینێ، لەبەر ئەوەی سەلاحیات و ئیختیساساتی خۆی دوایی بەکار دەهێنێ، بە پێی ئەو شەخسیه مەعنەوییە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دیارە له پرۆژەکە شەخسییەی مەعنەوی تێدا نییە، هەر بە عام تێیدا نییە، له پرۆژە ئەوەلیەکە تێیدا هەیە، بەلام لێرە ئەو ماددەیەی لێ کەوتووە، بەڕێز کاك حسن صالح.

**بەڕێز حسن صالح روستم خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم دەربارەی وشەی (المجلس)ە، (المجلس) له چەند شوێنێك هاتووە لەو ماددەیە، چونکە له قانونەکە تەعریف نەکراوە، دەبێت وازیح بێت مجلس چییە؟ له چ شوێنێك مجلس وطنی کوردستانییە له شوێنەکانی تر دیاری نەکراوە، یەعنی مەعلوم بکرێت، ئەگەر هەر مەجلسێك بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاك حسن، بەڕێز د.ادریس هادی، فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەنیسبەت ماددەی یەك، پێم باشە ئیزافەکە تەسویت بکرێت، هەرچەندە ماددەی یەك تەسویت کراوە، چونکە شتێکی گرنگە بەڕاستی لەبەر تەحدیدی مەوقعی مطارەکە و جەوی کە هاتییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا باسی مادده سێمان کردووە، باسی مادده یەکمان نەکردووە.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە دانیشتین قانونەکە بەگشتی داڕێژینەوە، بەلام ئەو ئیزافەیە دیتمان زەرووریيە، لەبەر ئەوەی ئیزافەمان کرد، ئەگەر تەزوید بکرێت، شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حمید میران، فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەبارەی مادده سێ فەقەرەی سێیەمدا، زۆر باش مەفهوم نییە، (مدة العضوية لباقي أعضاء الهيئة تكون خمس سنوات تعاقبية الترتيب حيث تكون مدة أحدهم سنة واحدة، والثاني سنتان، والثالث ثلاث سنوات، والرابع أربع سنوات، والخامس خمس سنوات، وتكون رواتبهم متساوية يحددها المجلس الوطني)، ئێمە ئەگەر بەپێی ئەم تەرتیبە بڕۆین، لەساڵی پێنجەمدا هەر یەك کەس دەمێنێتەوە لە هەیئەتەکە، یەعنی چواریان نامێنێتەوە، ئەگەر تیا بێت لە شوێنی خەڵك دابنرێت، دەبێت زیکر بکرێت خەڵك لە شوێنیان دابنرێت، من ئەمە بە مەفهوم نازانم، یەعنی ئەگەر مومکن ببێت حەلێکی بۆ بدۆزرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اولاً:(يتم اختيارهم من قبل رئيس الوزراء)، ڤێری من باشی دبینم ئەگەر( بعد شهر من المصادقة على هذا القرار) نابێت مەفتوح بیتن پاشی شەش مانگی دی، چوار مانگی دی، تەحدیدی بکەی پاشی مانگێکی دەبێت ئەو هەیئانە بێتە ئینتیخاب کرن، ئان بێتە دەست نیشان کرن، ئەڤە یەك، یێ دووێ(يتم اختيار أحد الاعضاء رئيساً للهيئة لمدة(١٠)سنوات)، باشە (١٠ سنوات)، یەعنی پێویست دەکات زیکر بکرێت ئیلا (١٠سنوات)ە، ئێك ئان زێید من الناس لەڤی مەوقعی بمێنێت، ئەگەر سبەی ئیسبات کرد کە خوانەکا ئینشاالله کەیفا خۆ نەکرد کە خۆ ئیهمال نینە ئان تەقسیر نینە، یەعنی(١٠)ساڵ لێرێ بمێنێتن، یەعنی پێویستە زیکر بکەین(١٠)ساڵ ئەڤە یەك یا دووێ، شروتی دوڤی چنە؟ ئەو شەخسا کو ئیختیار بکەین ببێتە مەسئول مطار شەهادەیە ئان کەفائەیە، نەزاهەیە، ئەڤە شەخسەکی عادی نینە، یەعنی برەنگەکی راستی و عەدلی دانێ، فلاَن کەس راستەوخۆ مەسئولی مەتاری دەبێت، دەبێت شروتی بۆ دابنێین و (١٠)ساڵەش.

فەقەرەی چوار رابعاً:( ولا تتحمل أعضائها شخصياً المسؤلية القانونية عن الأضرار التي تقع على ممتلكات المطار)،ئێ باشە شەخسەك موهمیلە، شەخسەك مووقەسیرە مەسئولیەتی تەزامونی سەر چاڤا، بەلاَم مەسئولیەتی شەخسی ژ دگەل هەر یەك پێکەڤەیە، یەعنی مەسەلەن ئەگەر یەکێك بخوێنێ یەعنی ئیحتیمالە تەسەوڕ بکات هەر ئەمە چ بیتن موشکیلە نینە، مەسئولیەتی تەزاموونیە هەمووی پێکەوە بە عەمەل دێتن....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت بە هەڵە تێگەیشتووی، لیژنەی یاسایی تکایە وەلاَمیان بدەنەوە، دەقیقەیەك، فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە یەکێك لە قانوونە باشەکانی ئەم ساڵ ئەم قانونەیە، کە مطار تەنها پێویستییەکی ئەساسی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکو هەنگاوێکی گرینگیشە بە ئیتیجاهێی دروست بۆ زیاتر سیقە بە خۆ بوون و، زیاتر ئەهمیەت دان بەم مەنتیقەیە، تەقریبەن دەرگایەکیش دەکرێتەوە لەبەر دەم دنیای دەرەوە، بۆ.........

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە لەسەر ماددەی سێ قسە دەکەین، مولاحەزەت لەسەر ماددەی سێ هەیە.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ماددەی سێ، بەڵێ، من بەڕاستی ئەوەی رەئیس بۆدە ساڵ، شتێکی موناسب نابێت، لە تەجرووبەی یەکەممان یەکێك بۆ (١٠)ساڵ تووشی خۆمان بکەین، رەنگە لە دوو مانگی یەکەم بۆمان دەرکەوێت پێی ناکرێت، من پێم وایە میکانیزمێك بدۆزرێتەوە کە چۆن ئەو هەیئەتەی بتوانێ بیگۆڕی؟ ئەوە یەك، دووش مودەی بە قەدەر ئەندامانی هەیئەتەکە بێت، چونکە ئەویش ئەندامێکە لە هەیئەتەکە، ئێمە شتێك تەحەمول دەکەین کە رەنگە بۆمان نەگۆڕن دوایی، ئەگەر رامان لەسەر نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك سعدی، رەئی کاك د. رزگارتان هەیە لەو مەوزوعە، لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کاك نعمت فەرمووی، ئیحتمال هەیە پەڕی بێ، چونکە بۆ خۆی (من ستة أشخاص من القطاع الخاص)، ئەوەی ئیزافە دەکەین (ستة اشخاص من القطاع الخاص)، ئەوەی کاك حسن فەرمووی (مجلس) مەبەستی (مجلس وطني)یە و، زیکریشی دەکەین لە هەر جێگایەکی بە تەنیا هاتبێت، چونکە بە حەقیقەت مەجلسەکە هەر مەجلس وەتەنییە، ئەوەی کاك ادریس فەرمووی لەسەر ماددەی یەك، ماددەی یەك موناقەشەی لەسەر کراوە، خۆی تەسبیتی مەوقیع دەکات، ئەگەر تەسبیتی مەوقیعەکەش نەکرێت، چونکە ئەمە دەڵێین(وفق مرتسم خاص والمعد)، عەجەبە ئەو مورتەسەمە تەحدیدی مەوقعی مطارەکەی نەکردووە کە دەکەوێتە کوێندەریی شاری هەولێر؟ بەلام بەرەئی من زۆر زەرووری نییە، چونکە مورتەسەمی هەیە، خەریتەی هەیە، خەڵك کە تەماشای خەریتەکەی بکات دەزانی دەکەوێتە کوێندەرێ هەولێرێ؟ ئەگەر بنووسین غەرب یان بنووسین شەرق، خەریتەکەی ئیقرار دەدات، کاك حمید میران فەرمووی، مومکینە ئەو پێنج ئەندامە لەوانەیە بە تەسلسول نەمینێن کە نەتیجە، دەمینێن بەلام هەر ئەندامەك مەسەلەن ماوەی ساڵێك ما، ئەویش ساڵەکە ئیحتمیالی هەیە یان ئیمکان هەیە پاشی ساڵەکەی بگۆڕێت یەکێکی تر بێتە جێی، هەموو دەم دەبێت هەیئەکەی شەش کەس بێت، خەلاس نابێت کە

نەتیجە، یەعنی دوو ساڵ کە یەکێك نەجاتی بوو، یەکێکی تر دێتە جێی، ساڵێکی دی یەکێکی تر دێتە جێی، عەلەتول شەش کەسەکە مەوجوودن، چونکە ئیقرارمان کردووە کە هەیئەکە شەش کەسن، ئەو شەش کەسە پێکەوە ئیش دەکەن، کە پێکەوە ئیش دەکەن، کە ئەندامەك مودەی خەلاس بوو مانای وایە ئەندامەکی تر ئیختیار دەکرێت، دیسان دێتەوە مەجلیس موسادەقەی لەسەر دەکرێت، مومکینە ئێمە ئیشمان زۆر بێت وەك مەجلیس، ئەگەر ئەندامەکان زوو زوو بگۆڕێن، هەموو جارێك ئێمە دەبێت موسادەقەی لەسەر بکەین، د. رزگار فەرمووی دەڵێت ئەوانە چۆن مەسئولیەتی شەخسی کو تەحەمموول نەکەن؟ مەسئولیەتی شەخسی فەرقی هەیە لەگەڵ مەسئولیەتی تەزاموونی، ئەوانە وەك هەیئە مەسئولن کە شتێك دەقەومێ، بەلأم کە پیاوێك زەرەری لێ کەوت ناتوانێت بچێت مومتەلەکاتی شەخسی ئەو پیاوەی حجز بکات، ناتوانێ ئیقامەی شەخسی لەسەر وی بکا، بلێت لە مطار ئەوەم بەسەر هاتووە، چونکە ئەوە قەوماوە، مەسئەلەکە عیلاقەی بە زاتی کابراوە هەیە، زاتەکەی مەسئول نییە، وەئیلا کە هەیئە ئەوانە ئیش و کاری خۆیان دەکەن، کە خەلەلەك هەبێت، وەکو شەخسیە مەعنەوییە ئیقامەی دەعوا لەسەر هەیئەکە دەکرێت، لەسەر ئەشخاس ناکرێت، لەسەر شەخسی کابرا ناکرێت ئەو زەرەرە، دووەم ماوەی (١٠ )ساڵیش، تەبعەن برادەران زۆر تکراریان کردەوە، ئەگەر کابرایەك قابلیەتی ئیختیاری هەبێ، مانای وایە ئیختیاری گۆڕینیشی هەیە، ئەگەر لێشی رازی نەبێت دەیگۆڕین شتێکی زۆر تەبیعییە، یەعنی تەسبیت نییە ئەو (١٠) ساڵە، (لمدة(١٠)سنوات) ئەگەر قابیل نەبوو، ئەگەر باش بوو با ئیش بکات، ئەگەر باش نەبوو، ئیختیارەکە کێ دەیکات؟ رەئیس وزرا دەیکات و، موسادەقەی لەسەر دەکات، مەجلیس ئەو جارە ئیختیارەکە لا دەبات، دەتوانێ بشی گۆڕێ، شتێکی زۆر ئیعتیادییە، بەنیسبەتی ئەوەی بەڕێز کاك شێروان فەرمووی، شەخسییە مەعنەوی بدرێتە مطار، خۆی شەخسییە مەعنەوی دەدرێتە هەیئات زیاتر بۆ ئەوەی بدرێتە جمادات، چونکە هەیئەکە بە ئیش وکارەکەی هەڵدەستێت، بۆ ئەوەی هەیئەی مطار شەخسییەی مەعنەوی بدەینێ، تاکو بتوانێ تەحرووری بکات، تەعاقود بکات لەگەڵ شەریکات، شەخسییەی مەعنەوی خۆی موتەمەتع بێت، مطار شەخسەکی جامدە پێی ناکرێت عەملیاتی قانونی بکات، لەبەر ئەوەی هەیئەکە دەیکات، شەخسییەتی مەعنەوی بۆ هەیئەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی دوو مولاحەزەمان هەیە لەسەر ماددەی سێ.

یەکەمیان: با هەیئەکە مەعلوم بێت کە (القطاع الخاص)ە، نووسیتان ئەوەی کە (تشکل لجنة خاصة من القطاع الخاص)، هەروەکو موسوەدەکەی پێشووی خۆتان(تشکل لجنة من القطاع الخاص لادارة مطار اربیل المدني لستة اشخاص)، موسوەدەکەی خۆتان، ئەوەی تریش (اضرار)ەکە لەگەڵ کاك فرسەتیش باسی ئەوە کراوە(لا یتحمل أعضاؤها شخصیاً المسؤلیة القانونیة عن الأضرار التي تقع علی ممتلکات المطار)،(التي تقع علی ممتلکات)،(علی) نییە (عن)، یەعنی علی بکرێتە (عن)، یەعنی ئەگەر بەواستەی مطارەوە حادیسەیەك روویدا، ئەندامانی هەیئەتەکە مەسئول نین لەوە،

موەزەفی موسەبیب مەسئولن لەوە، یان لە ئەساس حادیسەکە مەسئولە لەوە،(علی)یەکە تەواو نییە،(عن)ەکە تەواوە، فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرەی کە دەبێتە رئیس بۆ ماوەی(١٠)ساڵ، ئەگەر خۆی نەیەوێت لابچێت یان موخالەفەیەك نەکات، موخالەفەکە لەگەڵ ئەو قانونە تەعاروز نەکات، هیچ کەس ناتوانێ لاییبات، جا بۆ ئێمە بۆ ماوەی پێنج ساڵ داینەنێین وەکو هەیئەتەکەی تر اولاً، ثانیاً، ئەو حوریەتە بدەین بە هەیئەتەکە، ئەو هەیئەتە خۆی بیگۆڕێ، ئێمە شتێکی تەحمیل دەکەین، کە ئەسڵەن هیچ کەس ناتوانێ، تەقریبەن وەکو (قید الحیاة)ی لێدێت، بە قانون، پێویست ناکات خۆمان تووشی فەقەرەیەکی قانونی بکەین دوایی بۆمان نەگۆڕێت، ئەوە دەبێتە سەر ئێشەیەکی زۆر بۆمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەلامی کاك سعدی دەدەمەوە، دەبێت کاك سعدی مولاحەزەی ئەو بکات کە مطار مەسەلەیەکی زۆر موهیمە، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، مطار ئەگەر سەیر بکەیت ئەو ئەرزەی کە تەحدید کراوە بۆ مطار بۆ پێنج سەد ساڵ، ئەو هەیئەتەی کە دائەنرێت بۆ مطار دەبێت هەیئەتێك بێت خەڵکی دەرەوە بە دەرەجەی یەکەم تەعامولی لەگەڵدا بکات، شەریکات تەعامولی لەگەڵدا بکات، دەبێت سیفەتی دەیمومەتی هەبێت، دەیمومەتی لەوەدایە کە رەئیسی هەیئەتەکە دە ساڵە یان بیست ساڵە، ئەگەر موخالەفە نەکات، ئەگەر موخالەفەتی کرد دەگۆڕێت، ئەو دەساڵە لە خۆیەوە نەهاتووە، نە لیژنەی قانونی دایناوە نە ئێمە دامانناوە، بەڵکو پاش ئیستیشارەو پرسینەوە کە چۆن بێت؟ وەقەوانینی مطاراتی تر چۆنە؟ ئەو نەوعی هەیئاتی موشابیهە چۆنە؟ لەسەر ئەو ئەساسە کراوە، لەبەر ئەوە سەیر دەکەین لەناو هەیئەکە هەندێ نیزام هەیە، ئێمە نەمان دیووە، مەسەلەن زەلامێك دائەنێین بۆ ماوەی (١٠) ساڵ، پێنج ئەندامی یەکێکیان بۆ ساڵێکە یەکێکیان بۆ دوو ساڵ یەکیان بۆ سێ ساڵە یەکیان بۆ چوار ساڵە و یەکیان بۆ پێنج ساڵە، ئەوە مانای ئەوە نییە کە یەك ساڵە تەواو دەڕوات، نەخێر ئەو ساڵە یەکێکی تر ئەخرێتە جێی، یان یەك ساڵە بۆ تازە ئەکرێتەوە، عیلاقەی بە هەیئەکەی خۆی هەیە، یەعنی هەندێك قسەو تەرتیباتی تیادا هەیە، زیاتر واکراوە، کە ئەم یاسایە بگونجێ لەگەڵ یاسای هەیئاتی خاصی قطاعی خاصی بازاڕی ئازادی دەرەوە، بەتایبەتی شتێکی موشابهی مطاراتی دەرەوە، ساڵەکە من تەسەوڕ ئەکەم ئەوە بێت.

بەڕێزان.

بۆ ئاگاداری ئێمە هەندێ میوانمان هەیە لەسەرەوە دانیشتوون تەمسیلی حولەفا و ئەو لایەنانە دەکەن کە ئەو وڵاتەیان ئازاد کردووە، بەخێر هاتنیان دەکەم بە ناوی ئێوەشەوە.

بەڕێزان لیژنەی یاسایی با جارێکی تر بخوێنێتەوە، جارێکی تر بە تەعدیلاتەوە، پاش ئەوە ئەیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:**

**اولاً:**

تشكل هيئة خاصة من القطاع الخاص لادارة مطار اربيل المدني من ستة أشخاص على أن يراعى التركيبة السكانية لإقليم كوردستان يتم اختيارهم من قبل رئيس الوزراء ويصادق عليه المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**ثانياً:**

يتم اختيار أحد الاعضاء رئيساً للهيئة لمدة(١٠)سنوات يحدد راتبهم من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق وتكون مهمته إدارة جلسات الهيئة وإعداد ونشر أجنده اجتماعات ورفع تقارير منتظمة عن أعمال الهيئة إلى المجلس وتحرر المخابرات الرسمية بإسمه، وتكون قرارات الهيئة بالأكثرية وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه الرئيس على أن تعقد الهيئة على الأقل اجتماعاً في كل فصل.

**ثالثاً:**

مدة العضوية لباقي أعضاء الهيئة تكون خمسة سنوات تعاقبية الترتيب حيث تكون مدة أحدهم سنة واحدة، والثاني سنتان، والثالث ثلاث سنوات، والرابع أربع سنوات، والخامس خمس سنوات، وتكون رواتبهم متساوية يحددها المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**رابعاً:**

تتمتع الهيئة بالشخصية المعنوية ولها صلاحية الاستئجار والرهن والإقراض وعليها تحسين وإدارة المطار، ولا يتحمل أعضائها شخصياً المسؤلية القانونية عن الأضرار التي تقع عن ممتلكات المطار وعن الادعاءات بسند الملكية السابقة للأراضي التي تشغله منشآت المطار.

**خامساً:**

تقدم الهيئة ميزانية سنوية للمصادقة عليها من قبل المجلس الوطني لكوردستان العراق تتضمن الرواتب وتحسين رأس المال وحفظ الديون و إعادة دفع الديون ورسومات الصيانة وإيراد الاستئجار وخطط الضرائب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ماددەی سێ دەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی، ئەوە تەرجومەکەی بەو شێوەیە دەبێت، دوو شتی جیاوازە، یەکیان مەسئوولیەتی ئەندامانی لیژنەکەیە، ئەویتریان مەسئوولیەتی لیژنەکە دەبێت، لەبەر ئەوە (رابعا) بەو شێوەیە دەبێت (ولا يتحمل أعضاءها شخصياً المسؤولية القانونية عن الأضرار التي تقع عن ممتلكات المطار) ئینجا ئەمەی ئیزافە دەکەینە سەر ( ولا تتحمل الهيئة المسؤولية القانونية عن الادعاءات بسند الملكية السابقة للأرض التي تشغله منشآت المطار)، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا مادام ئەم (هیئة) شخصیەی مەعنەوی موستەقیلی هەیە، بۆیە دەبێ لە رووی یاساییەوە ببێ بە (مدعي) و (مدعي علیه) واتە بۆی هەیە داوا لەسەر هاووڵاتی بکاتەوەو، لەهەمان کاتدا لەلایەن هاووڵاتییەوە داوای لەسەر تۆمار بکرێت، واتە ببێ بە (خصم) لە داوادا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئەحمەد.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی کاك شێروان راستە، بۆیە بە رەئی من ئەو فەقەرەیەی دووەم، واتا ئەو ئیزافەی ئێستا زیاد بوو، یەعنی شەخسی تەحمولی مەسئوولیەت ناکەن، بەڵام وەکو هەیئە دەبێت دەعوا قەبوڵ بکەن، وەکو هەیئە دەبێت تەحمولی مەسئولیەت بکەن، ناکرێت تەحمولی مەسئوولیەت نەکەن، بەڵام وەکو ئەشخاص دەکرێت تەحمولی مەسئوولیەت نەکەن، لەبەر ئەوە قسەی کاك شێروان زۆر راستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو بەڕێز کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مومکینە هەندێك لەلای کاك ئەحمەد و کاك شێروان ئیلتیباسێك پەیدا ببێت، ئێمە دەڵێین (الادعاءات بسند الملکیة السابقة للأراضي التي تشغله منشآت المطار)، چونکە ئێمە ئێستا تەملیکمان کردووە، یەعنی ئەوەی لەمەودوا شەخسیەتی مەعنەوی هەیە، هەموو کەسێك دەیدرێتێ، دەڵێت (السابقة للأراضي)مان تەرتیب کردووە (السابقة للأراضي التي تشغله منشآت المطار)، یەعنی هی پێشترە تەملیکمان کردووە، بەپێی مورتەسم دەکات، یەعنی مەقبوڵ نییە، ئەوەی لە زیمنی ئەو مورتەسمە، ئێستا خەڵك بچێت لە هەیئە شکایەت بکات، چونکە داوامان لە وەزارەتی کشتوکاڵ کردووەو، وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێت ئەو موشکیلانە حەل بکات و، تەسوییەی موشکیلەکان بکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برای بەڕێزم کاکەڕەش ئیشارەتی پێدا، ئەوە مەحکەمە قەراری پێ دەدات، نەك لێرەوە لە قانونەکە ئێمە تەسبیتی بکەین، مەحکەمە ئەگەر قەراری پێدا ئەهلەن وە سەهلەن، نەك لێرە لە قانونەکە ئێمە تەسبیتی بکەین، حەقی نییە لە ئێستاوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە شەخسیەتی مەعنەوی تەحمولی مەسئولیەت دەکات، بەس تەحمولی مەسئوولیەتی ئیشوکاری خۆی دەکات، پێش تەشکیلی شەخسیەی مەعنەوی، ئەگەر هاتوو زەرەرێکیان لە زەوی کشتوکاڵدا، بۆ نموونە ئەمڕۆ یان دوێنێ خەڵکەك هاتن چەند حەیوانێکیان بەر دابێتە ناو زەوییەکە و، گەنمەکەیان خوارد بێتن، لێرەدا شەخسیەی مەعنەوی ئەمڕۆ دەست پێ دەکات، مەسئوول نییە لە زەرەری دوێنێ و پێرێ (السابقة) و، وشەی (السابقة) لە ئەسڵی مەشروعەکە مەوجودە، بەڵام مەحکەمە قەراری لەسەر دەدات، منیش دەڵێم راستە، مەحکەمە قەراری لەسەر دەدات، بەس مەحکەمە پێویستی بە نەصەك هەیە، تاکو قەراری لەسەر بدات، بەڵام ئەگەر نەص نەبێت، لەوانەیە قەرارەکە غەڵەت دەربچێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعی حەیوان مەوزوعێکی جیاوازە، لێرە دەڵێت (الادعاءات بسند الملكية)، مەسەلەی حەیوان باس ناکات، مەسەلە مولکییەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش ئاخیر کەسە قسە دەکات، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەو مەوزوعە ئێستا ئیبتیدائەن لە ماددەی دوو، ئەمە بە حوکمی قانون تەملیکی زەوییەکانمان هەموو کردووە، بۆ ئەو مەطارە وەفقی قەوانین نافیزە و، زەوییەکانیش دابەش کراون بۆ چەند بەشێك، یان مولکییاتی خاصە یان مولکییاتی حکومییە، زەوی ئیصلاح زراعییە، ئەگەر زەوی ئیصلاح زراعی بێت، بەپێی تەخصیص تەخصیص دەکرێت، ئەگەر زەوی مولکییاتی خاصە بێت، ئیطفای حەقی تەسەروف تێدا دەکرێت، بەپێی قەوانین، بەس ئەو موهیمەیە دراوەتە کێ؟ دراوەتە وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی کشتوکاڵ هەڵبستێت بە تەصفییەی موشکیلەی ئەو زەویانە و خالیەن بیداتە لیژنەی، لەبەر ئەوەی ئەو مونشەئاتانە بەپێی ئەو مورتەسەماتانەی کە هەیە، ئێستا ئەو لیژنەیە، ئەو هەیئەیە مەسئوول نییە لەو مەشاکیلەی کە لەو زەوییە ئێستا روودەدات، بەڵام لە دوارۆژدا، ئەگەر هاتوو داوای زەوییەکی ئیزاف کرد، یان داوای زیادەیەکی کرد، ئەوە شەخسیەکی مەعنەوی هەیە و، داوای حەقی ئیطفا کردنیشی هەیە، بەخۆشی دەبێت مەبلەغی کولفەکە بدات، بە ئیعتیباری ئەو جیهەتەی کە لێی داوا دەکات (الجهة

المستفيدة من الإطفاء هي التي تتحمل نفقاتها)، بەس ئێستا ئەوە تەملیك كراوەو، وەزارەتی كشتوكاڵیش نەصصەكی تێدایە، دەبێت هەمووی تەصفیە بكات، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان گوێتان لە دەنگی هەموو لایەك بوو، ماددەی چوارەم جارێكی تر بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رابعاً: تتمتع الهيئة بالشخصية المعنوية ولها صلاحية الاستئجار والرهن والإقراض وعليها تحسين و إدارة المطار ولا يتحمل أعضاؤها شخصياً المسؤولية القانونية عن الأضرار التي تقع عن ممتلكات المطار ولا تتحمل الهيئة المسؤولية القانونية عن الادعاءات بسند الملكية السابقة للأراض التي تشغله منشآت المطار).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی سێیەم هەمووی دەخەینە دەنگدان، پاش ئەوەی گوێتان لە هەموو لایەك بوو، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی سێیەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، دوو ئەندامی بەڕێز پەسندی ناكەن، ماددەی سێیەم بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم تكایە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: على وزارة الزراعة والري في الإقليم القيام بما يلي:

١- تسوية كافة المشاكل الخاصة بالأراضي المملكة إلى المطار من طلبات التعويض وغيرها وتسليمها إلى الهيئة محررة من جميع الشوائب وتستخدم تلك الأراضي للمطار مدة لا تقل عن (٥٠٠) خمسمائة سنة.

٢- تأمين محرمات المطار وترتيب منطقة حاجزة بقطر كليومترين حول ارض المطار وأي بناء أو استخدام لهذه الأراضي يجب أن يكون منسجماً مع عمليات المطار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن، تكایە رەئیتان.

**بەڕێز ملا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصصی ئەو قانونە داین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە، تكایە رەئیتان.

**بەڕێز نهله محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای ئێمە لێرە مەسئوولیەتێك كەوتۆتە سەر وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری، چونكە ئێمە لە ماددەی دوو زەوییەكانمان هەموو تەصفییە كردووەو، بە صافی دراوەتە ئەو هەیئەیە، یەعنی مەفروزە ئێمە لە ماددەی دوو هەموو موشكیلەكانمان حەل كرد بێت، لێرە دیسان ئەو موشكیلەمان هێناوەتە سەر وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری، بۆ نموونە لێرە چ مەجبورە تەعویزی ئەو خەڵكە بكات، كە پێشان ئەو زەوییانە هەمووی تەسوییە كراون و، تەسلیم بەو هەیئەتە كراون، بەڕای من ئەو (أولا) زیادە، تەنها ئەو فەقەڕەی ئەخیرە، كە دەڵێتن (وتستخدم تلك الأراضي للمطار مدة لا تقل عن (٥٠٠) خمسمائة سنة) و، (ثانيا) لەگەڵی داینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس نەهلە خان، لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری گەلێك نزیكە لە رەئی لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكرنەوەیە، ئەگەر ئینصافە واریدات بۆ كێیە؟ ئەو تەحمولی مەسئوولیەت دەكات، هیچ واریداتی ژی مەطاری گوتی شەخسیەی مەعنەوییە، نەی گوتیە هەئیەی خاصە ( من قطاع الخاص)، یەعنی میزانیەی خۆی هەی و فائیدە و قازانج بۆ خۆیە، ئان بۆ ئەو هەیئەیە، ئان بۆ تەطویری مەطارە، بۆ وەزارەتی زراعەی خۆمان، بۆ حكومەتی ئێمە تەحمولی ئەو هەموو مەسئوولیەتە بكاتن، مەسئوولیەتی تەسوییەی كافەی مونشەئات دەكاتن و، (وتسليمها إلى الهيئة محررة من جميع الضرائب) و، هەموو تەعویزات، ئەمە شتێكی زۆر زۆر دەخەنە سەرشانی وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاوەدانكردنەوە و، سەرشانی خەزینەی حكومەتی هەرێم، چونكە وەزارەتی زراعەش هەر لە كوێ وەردەگرێتن؟ لە خەزینەی حكومەتی هەرێم وەردەگرێتن، بێتو ئەگەر ئەم واریداتە بۆ ئەم وەزارەتە بچێتن، بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بچێتن، دانێن مەسئوولیەی دارایی، كێ قازانج دەكاتن، مەسئوولیەی داراییش دەكات لەسەر ئەو، لەبەر ئەوە ئێمە فەقەڕەی یەكەم پەسندی ناكەین، داوا دەكەین بیگۆڕن، بەشێوەیەك بنووسرێتن، كە (تستخدم الأراضي المعدة لغرض مطار أربيل المدني لمدة لا تقل عن (٥٠٠) سنة)، بەڵام مەسئوولیەی دارایی، یان ئەو تەعویزە نەكەوێتە سەر شانی وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاوەدانكردنەوەی هەرێمی كوردستان و، فەقەڕەی دووەمێش وەكو خۆی بمینێتەوە، هێچ موشكیلیە نییە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، دەستیان بەرز بكەنەوە، بەڕێز كاك نیعمەت عەبدوڵلا فەرموو.

**بەڕێز نعمت عبدالله پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەم کە دەڵێت (على وزارة الزراعة والري)، ئەم صیغەیە بگۆڕێت بۆ (تقوم وزارة الزراعة والري)، چونکە ئەوە واجیباتە، نەك یەعنی وەکو ئەو قانونانەی کە لە ئاخیردا دەنووسرێت ( على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون)، ئەو بەو شێوەیە نییە، ئەوە واجیباتێکە پێویستە پێی هەڵبستێت (تقوم) جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك نیعمەت، بەڕێز کاك سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددە دوو هاتووە دەڵێت تەملیك دەکرێت زەوی مەطارەکەی (وفقا للأحكام والقوانين السارية)، تەبعەن قەوانینی ساری، لێرەش لە ماددەی چوار دەڵێت (تسوية كافة المشاكل الخاصة بالأراضي)، تەبعەن ئەوەی تەملیك کراوە پێشتر، ئەوەی تەخصیص دەکرێت بۆ مەطار، بەس ئەوەی کە تەملیك نەکراوە، پێویستی پێ بێت تەملیك بکرێت، تەنها بۆ مەنفەعەی عامە، بەگوێرەی قانونی ئیطفا و قانونی ئیستیملاك، تەنها بۆ مەنفەعەی عامە ئیستیملاك و ئیطفا دەکرێت، بە قەناعەتی من ئەگەر فەقەرەیەك زیاد بکرێت (وتعتبر أغراض الهيئة من النفع العام لأغراض تنفيذ أحكام تلك القوانين)، ئەوە ئیزافە بکرێت، هەتا قەوانینی ئێمە جائیز بێت، ئیستیملاك و ئیطفا بکات، بۆ ئەغرازی ئەو مەطارەی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئەحمەد دزەیی فەرموو.

**بەڕێز احمد على دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کە دەڵێت لە ماددەی چوار (وتستخدم تلك الأراضي للمطار مدة لا تقل عن (٥٠٠) خمسمائة سنة)، ئەمە وا نییە، لازمە ئەو زەویانە بڵێ (وتسجل بأسم الهيئة الادارية للمطار المدني) دەبڕێتەوەو، مودە نامینێ، تەسجیل بکرێت بەناوی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو زەویانە تەسجیل ناکرێن بەناوی ئەشخاصەوەو، تەسجیل ناکرێن بەناوی هەیئەی ئیدارییەوە، بەڵکو ئەو زەویە تەخصیص دەکرێت بۆ مەطار و، دەبێت تا (٥٠٠) ساڵ هەر مەطار بێت شتی تر نەبێت، لیژنەی یاسایی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی رەئیسی بەحەقیقەت، ئەوەی بەڕێز کاك سەعید ئیشارەی پێ کرد، مەوزوعی ئیطفا و ئیستیملاکە بە نەزەری عام، بەخۆی لێرە ماددەیەکی تێدایە دەڵێت (تشغل الهیئة المطار کموارد لإقلیم)، عەجەبا ئیقلیم دەبێت نەفەع عام نەبێت، دەڵێت بۆ ئیقلیم سەرف دەکرێت، ئەوە یەك، دوو، هەموو عەمەلیەتێکی ئیطفا دەبێت جیهەتێك هەبێت، ئەویش جیهەتی سەرف بێت، ئێستا ئەگەر هاتوو ئەمە فەرەزییەن، وەکو لیژنەی دارایی، وەکو ئەعمالی سەرەیانی کرد، لەسەر ئەساسی ئەوەی بڵێ ئێمە ئەو عەمەلیەتە بدەینە لیژنە، عەجەبا ئەو هەیئەیە هەتا ئێستا چەندی تری پێ دەچێت، هەتا مەطاری تەشغیل بکات، ئەو خەڵکەی کە مەحروم دەکات و، لە زەوی خۆی ئینتیزار دەکات، هەتا هەیئەکە تەشکیل دەکرێت، ئەوجا تەعویز بکرێت، لە حەقی خۆی مەحروم بکرێت، لە دوو سێ ساڵ لای ئیستغلالی زەوییەکە، خۆی مەفروزە جیهەتێکی حکومی تەمویلی بکات، حەقی ئەو بدات تەعویزەکەی ئەو بدات و، بێت تەسوییەی حیساباتی خۆی بکات، کابراش مومکینە ئەو وەختی ئەو تەسوییەی حیساباتی ئەو فەلاحە، مەفروزە وەزارەتی کشتوکاڵ عەقدی بۆ پەیدا بکات، زەوی بۆ پەیدا بکات، مەلاکە زەوییەکەی بۆ ئیطفا بکات و، بۆ ئەوەی تەعویزی بدرێتێ و، هەتا کۆتایی بە چ رێگەیەکە، مەفروزە جیهەتێك دیاری بکرێت، ئەو جیهەتەی ئێستا لە قانونی ئێمە دیاری کراوە، وەزارەتی کشتوکاڵ بەو ئیشە هەڵدەستێت، گوتمان (وفق القوانین النافذة)، قەوانین نافیزەش عەرزمان کردن، یان زەوییەکە ئیصلاح زراعییە، چونکە ئەوە خارج حدودی بەلەدییە، جارێ ئیستیملاکاتی تێدا نییە، چونکە خارجی حدودی بەلەدییە، دوو، یان ئیطفایە یان زەوی ئیصلاح زراعەیە، ئەگەر زەوی ئیصلاح زراعی بێت، ئەوە وەزارەتی زراعە یەکسەر بڕیارێك دەردەکات، دەڵێت قەرارمدا ئەو زەوییە تەخصیص کراون بۆ مەطار، مولکیاتی خاصەکەش ئیطفای حەقی تەسەروف پێ دەکرێت و، بەقەناعەتی منیش ئەو زەویانەی کە ئێستا بۆ مەطار تەخصیص کراون، هەموویان ئیطفای حەقی تەسەروفیان تێدا کراوە، ئەگەر فایلەکانیان نە دزی بێت، کاتی خۆی هەمووی ئیطفا کراوە و حەقی خۆی وەرگرتووە، سێ تەقسیم چواری زەوییەکان هیچیان نەماوە، هەموو تەوزیع کراوە ئیطفایەکان، هەروەها عەنکاوە و گوندەکانی تریش کراوە، خاوەنەکانیان تەعویزیش کراون، ئێستا دەتوانم نموونە بێنم کە خاوەنەکانیان لە کوێ تەعویز کراون، ئەگەر هاتوو موشکیلەك مابێت، وەزارەتی زراعە بچێت ئەو موشکیلەیەی بۆ حەل بکات، بۆ ئەوەی زەوییەکەی تەسلیمی هەیئەکە بکات، بتوانن وەکو پێویست ئیشەکانی خۆیان بکەن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مەجالی دەورەیەکی تەعقیب و رەئی دەدەین، ناوەکان بنووسین، بەڕێز کاك سەعدی پیرە فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەکید مەشروعێکی لەو بابەتە پێویستی بە جیهەتێك هەیە، کە تەملیك بکات و، پێویستی بە جیهەتێکە کە تەسهیلات بکات، ئەمە مەشروعێکە گەورەترین خەدەمات پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکات، هاووڵاتیان کێی هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان جیهەتی تەنفیزییە، کە پێویستە خەدەمات پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات، من پێم وایە لە جێی خۆیەتی کە مەوزوعی زەوی زراعی هات لە وەزارەتی زراعە مەعنی تر هەیە بەو ئیشە هەڵبستێت، بۆیە من تەئیدی ئەوە دەکەم، من سێ ساڵ وەزیری زراعە بوومە، تووشی ئەو جۆرە موشکیلانە بووینە و، ڕووبەڕووی من بووینە لەکاتی حکومەتی موشتەرەك، بۆیە من حەرفیەن تەئیدی قسەکانی بەڕێز کاکەڕەش دەکەم، ئەوەی پەیوەندی بە حەقی تەسەرروف هەیە و، هەتا وەزعی قانونی ئەو زەویانەش، ئەو قانونانە لە وەزعێکی قانونی دان، جێگای عەلامەتی پرسیارە، ئەگەر یەکێك ئیدیعا بکات، کە ئەو زەوییەی پێدراوەتەوە، چونکە کاتی خۆی ئەوە مەطار بووەو، ئەو ئیجرائاتانە بەشێکی کراون، ئیطفای حەقی تەسەرف، ئەویتریان کە من پێم وایە دیسان لە جێی خۆیەتی مەوزوعی هەیئەی ئیداری ئەم مەطارە، مەجلسی هەیئەی ئەم مەطارە، لێمان تێك نەچێت، ئێمە مەجلسی ئیدارەیەکین کە تەسەروف، یەعنی مەنێجەری ئەم مەطارەن، بەڵام مولکیەتی مەطار، مولکیەتی زەویەکان، مولکیەتی مومتەلەکاتی ئەو مەطارە دەمێنێتەوە، هی مەطارە، بەڵام یەکێك حەقی تەسەرروف هەیە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمانە قابیلی گۆڕانن و، قابیلی چوونن و، زۆر شەریکات هەبوون، زۆر شەریکاتی مەرکەزی هەبوون، کە هەمان سیفاتیان هەبووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سەعدی بۆ ئەو تێبینیە بەجێیانەی، بەڕێز نەهلە خان فەرموو.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دیسان دەگەڕێمەوە سەر ڕەئی خۆم، ئێمە کە مولکیەتی مەطارەکە تەسلیم بەو هەیئەیە دەکەین، ئەو مەطارەش دەڵێت (تشمل كافة الاراضي التي تقع ضمن ارضية المطار)، یەعنی لێرە دەبێت ئێمە، ئەگەر مەسەلەکە زەوی ئیصلاحی زراعی بێت، یان مولکیەی خاص بێت، مەفروزە ئەوانە حەل کرا بێت، چونکە ئێمە لە ئاخیری دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە مەشاکیل حەل بکرێت و بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی قانونی، بە ڕەئی من ئەوە تەئخیرە، مەفروزە کە ئێمە ئەو زەویانەمان تەسلیمی مەطار کرد (خالياً من الشوائب)، هەموو تەسلیم بکەین و، هیچ موشکیلەیەکیش نەمینێت، هەر موشکیلەیەکی جوزئی دەمێنێت، دەبێت ئەو هەیئەیە تەحمولی بکات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ نەهلە خان، بەڕێز کاك ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمەوێ یەكەم جەخت لەسەر راو بۆچوونەكەی بەڕێز كاكەڕەش بكەم، ئەو زەویانە تێكڕای لەبەر ئەوەی لە سنووری سەربازگا بووە، هەمووی ئیستیملاك كراوە پێشوو و، بەزیادەوە قەرە بوو كراوە بۆیان، ئەمە لایەنی یەكەمی، لایەنی دووەمی دەربارەی ئەو رایەی بەڕێز كاك سەعید یەعقوبی، پێشتر یاسایەك هەیە هەر شتێك كە خاسیەتی نەفع عام بگرێتەوە، بەخشراوە لە باج و هەموو ئەو لایەنەی كە دەیگرێتەوە، لێرەشدا ئەمە لە بەرژەوەندی نییە، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ماددەی چوار جارێكی تر بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: على وزارة الزراعة والري في الإقليم القيام بما يلي:

١- تسوية كافة المشاكل الخاصة بالأراضي المملكة إلى المطار من طلبات التعويض وغيرها وتسليمها إلى الهيئة محررة من جميع الشوائب وتستخدم تلك الأراضي للمطار مدة لا تقل عن (٥٠٠) خمسمائة سنة.

٢- تأمين محرمات المطار وترتيب منطقة حاجزة بقطر كليومترين حول ارض المطار وأي بناء أو استخدام لهذه الأراضي يجب أن يكون منسجماً مع عمليات المطار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی چوارەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، دوو ئەندامی بەڕێزی سەر سەكۆیەكە پەسندی ناكەن، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنج تكایە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: على وزارة الداخلية من الإقليم تأمين قوات الأمن للمطار يتم دفع رواتبهم من الميزانية السنوية لعمليات المطار وعليها توفير عمليات التفتيش الگمرگی والأمن من المطار من دون أن تتحمل الهيئة نفقات مادية لهذا الغرض.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن تكایە.

**بەڕێز ملا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصصی ماددەكەین، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصصی ماددەكەینە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە تكایە.

**بەڕێز نهله محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ نەصصی ماددەكەینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ئەندامانەی تێبینیان هەیە، تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، بەڕێز كاك ئەمین مەولود فەرمووو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەفتیشی گومرگی پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە هەیە، نەك وەزارەتی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د. رزگار فەرمووو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر مولاحەزەكە ئەگەر ئەوە بێت، بەس ڤێرێ بزانن تەرجومە موافقم لەگەڵە، چونكە بخوێنن نەصصە ئەسڵی ڤێرێ هاتیە بێژیتن، ڤێرێ ئەو لێرە دەنووسێتن تەئمین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك د. رزگار زمانی ڕەسمی ئەنجومەن كوردیە، ئەوجا پێمان خۆشە نەصصی كوردیمان بۆ بخوێنیتەوەو، یان عەرەبیمان بۆ بخوێنیتەوە، زۆر سوپاس، بەڕێز كاك سەعید یەعقوبی فەرمووو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا (تناقض) هەیە لە داڕشتنی ماددەی (5)ی پرۆژەكە، لە سەرەتای ماددەكەدا هاتووە دەڵێت ( على وزارة الداخلية في الاقليم تأمين قوات الأمن للمطار يتم دفع رواتبهم من الميزانية السنوية لعمليات المطار)، هەروەها دەڵێت ( على وزارة الداخلية توفير عمليات التفتيش الگمرگی والأمن في المطار من دون أن تتحمل الهيئة نفقات مادية لهذا الغرض).... زامن كردنی ئەمن و تەفتیشی گومرگی كردەوەیەكی تایبەتمەندە پەیوەندی هەیە بە خودی كارەكانی دەستەی ئیدارەی فرۆكەخانەكەوە، ئەویش كەرتی تایبەتە و زەرەر و قازانج عاید بە خودی ئەو دەستەیەیە. بۆ چ دەبێ تەحوملی هیچ نەفەقاتەك نەكات؟، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك سەعید ئەگەر باش سەیری بکەیت، ئەوە (تتحمل الهیئة نفقات مادیة لغرض توفیر عملیات التفتیش الگمرگی والأمن في المطار)، نەك حیراسەت، دوو شەترە، حیراسەت قواتی ئەمن و مەتار راتبەکانی ئەوان دەیدەن عەملیاتی مەطار، عەملیاتی تەفتیشی و گومرگی ئەمن، ئەوە هەیئەکە نەفەقاتی ئەوە ناکات، لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێزتان فەرمووتان، فعلەن یەعنی قواتی ئەمنی مەتار، مومکینە شورتەیە و قواتێکە لەسەر شکلی رەبایە، ئەوە موحافەزەی مەتار دەکات، لەسەر تەجاوزات، بەڵام تەفتیشی گومرگی و ئەمنی داخیلی لە صاڵەی مەتارە، مومکینە ئەمتیعە هەیە تەفتیش دەکرێت لە رووی ئەمنیەوە بە جیهاز و شت، ئەوانە رەواتب لەو هەیئانە وەرناگرن مەربوتن بە دەوائیری خۆیان، دائیرەکانی خۆیان مەعاشەکەیان بۆ سەرف دەکات، عیلاقەی بەسەر خەزینەی میزانیەی ئەو هەیئەیە نییە، تەنیا ئەو فەرقەی کە بەڕێزت تەوزیحت کرد، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك سەعدی ئەحمەد پیرە فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەشی زۆرمان سەفەرمان کردووە، مەتار و پارێزگاری مەتار، وەکو هەر بینایەکی تر پێویستی بە پارێزگارییەکی تایبەتی خۆی هەیە، مەسەلەی ناو مەتار، ئیجرائاتی ناو مەتار هەروەکو خاڵێکی حدودییە، کە لێی دەپەڕییەوە، هی حکومەتە، ئەوە موناقەشەی بۆ چییە، زۆر تەبیعییە ئەو خاڵە لە پێنجوین نییە، لە حاجی ئۆمەران نییە، لەناو مەتارە نزیکی عەنکاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەکە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الماده الخامسه: على وزاره الداخليه في الإقليم تأمين قوات الأمن للمطار يتم دفع رواتبهم من الميزانية السنوية لعمليات المطار وعليها توفير عمليات التفتيش الگمرگی والأمن من المطار من دون أن تتحمل الهيئة نفقات مادية لهذا الغرض.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنجەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، دوو ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکات، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەش تکایە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: تقوم وزارة النقل والمواصلات بتأمين مكان المكاتب التي تتطلبها الهيئة لغرض أداء مهامها، وتأخذ بالحسبان أعضاء الهيئة وموظفي الهيئة لأغراض الحسابات و جدول الرواتب والهيئة هي مسؤولة عن الاستئجار والترقية والطرد والمعاقبة ودفع رواتب موظفيها.

وتقوم وزارة النقل والموصلات بتدقيق سجلات الهيئة سنوياً وترسل النتائج إلى المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی گواستنەوەو گەیاندن تكایە.

**بەڕێز ملا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ نەصصی ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیذنةي ئةشغال و ئاوةدانكردنةوة.

**بەڕێز نهلە محمد سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم بەڕای ئێمە بكرێتە دوو فەقەڕە:

(فەقەڕەی یەكەم: تقوم وزارة النقل والمواصلات بتأمين مكان المكاتب التي تتطلبها الهيئة لغرض أداء مهامها، وتأخذ بالحسبان أعضاء الهيئة وموظفي الهيئة لأغراض الحسابات و جدول الرواتب والهيئة هي مسؤولة عن الاستئجار والترقية والطرد ودفع رواتب موظفيها)، ئەوە فەقەڕەی یەكەم بێت.

فەقەڕەی دووەم: ئەگەر ئەو سجلاتەی لێرە باس كراون، سجلاتی موسافرین بن، دەتوانین بڵێین (وتقوم وزارة النقل والموصلات بتدقيق سجلات الهيئة سنوياً وترسل النتائج إلى المجلس الوطني لكوردستان العراق)، ئەگەر سجلاتی حیسابی یان دارایی بێت، مەفروزە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەو ئیشە هەڵبستن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، ڕەئی لیژنەی دارایی تكایە، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی دارایی و ئابووری هەروەكو ڕەئی لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوەیە، ئەو ماددەیە ببێتە دوو فەقەڕە (ئێك و، دوو)، یا دوێ: كە سجلاتی مالیە وەزارەتە مالیە و ئیقتیصاد بێتن، یان ( الهيئة العامة للرقابة المالية) بێتن، ئەگەر سجلاتی موسافرین بێت، ئەوە وەزارەتی گواستنەوەو

گەیاندنە، لێرە من موتەئەکیدم مەبەستیان سجلاتی مالیە، دەبێت وەزارەتی دارایی و ئابووری و، (الهیئة العامة للرقابة المالیة) ئەوان تەدقیقی بکەن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك سەعدی ئەحمەد پیرە فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم جارە ناچارم تەئیدی کاك جەمیل بکەم، لە فەقەرەی دووەم، ئەوە ئیشی دیوانی رەقابەی مالیە، یان ئیشی وەزارەتی مالییەیە، مەسەلەی تەدقیق لە سجلات ئەگەر مەوزوع ئەمنی بێت دیسان ئیشی وەزارەتی ناوخۆیە، وەزارەتی مواصەلات لەو حاڵەتە ئیشی ئەو نییە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك کمال شالی فەرموو.

**بەڕێز کمال ابراهیم فرج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە ئاراستەی برادەرانی دەکەم، ئینشائەڵلا کە مەتارەکە دروست بوو خۆی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە جیهانا هینێکی هەیە (الاستشارات الإداریة للمطارات المدنیة) ئایا ئێستا ببێت بە ئەندام مەتارەکەی ئێمە، ئەوە ئیشی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە کەوا موفاتەحەی ئەو لایەنانە بکات بۆ ئەوەی کە ببێت بە ئەندام، ئایا لێرە پێویست ناکات ئیشارەتی پێ بدەین لەناو ئیش وکارەکەی یان ئیشی ئەو دەستەیە کە دروست دەبێت؟ خۆی لە هەموو وەزارەتەکانی گواستنەوەی جیهان دەستەی ئیداراتی مەتاراتی مەدەنی هەیە، یەعنی بۆ ئەوەی کە ئیشەکە بە ڕێکوپێکی بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە لێرە باسی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە، کە دەڵێین (سجل)، مانای سجلی نەقل (سجل حرکة المسافرین)، چونکە (سجل حرکة المسافرین) سجلی نەقلە، کە گوتت کەلیمەت سجل هەر کەسە ئیختصاصی خۆی مومارەسە دەکات، ئەصڵەن دیوانی رەقابەی دارایی تەحقیقی حسابات دەکات، ئەصڵەن موحاسب قانونی دەچێت پێشان تەحقیقی حسابات دەکات، حساباتی هەیئەی، ئەوجا کورتەی ئەو قەزیەیە دەدرێتە رەقابەی دارایی، لەوانەیە وەزارەتی دارایی وەکو پێویست بیداتە رەقابەی دارایی تەحقیقاتی سجلات بکات، بەڵام سجلی نەقل عەجەبا وەزارەتی دارایی چ پەیوەندی بە سجلی نەقل هەیە؟ (سجل حرکة المسافرین) ئەوەندە ڕۆیشتووە، ئەوەندە هاتووە، تەبعەن ئەو سجلانە تەحقیق دەکات و کورتەکەی دەداتە ئەنجومەنی نیشتمانیی کە ئەو سجلاتانەمان کرد، بەڵام ئەوەی سجلی حسابی بێت پەیوەندی بە حساباتەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك احمد شريف فەرموو.

**بەڕێز احمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە برگەیەك دابنرێت کە بڵێین: حساباتی مەتار، واریداتی مەتار، سەرفیاتی مەتار، خارعی دیوانی وەزارەتی داراییە. کێشەکە کۆتایی پێ دێت، چونکە ناکرێت هیچ هەیئەیەك بەبێ ئەوەی داخیل بێت لە ژێر رەقابەی مالی دانەبێت، هەیئەیەکی بەتایبەتی وا گەورەو گرینگ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو نهلە خان.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لێرە مەبەستمان سجلی موسافرینە، سجلی نەقلە، لێرە ئەنجومەنی نیشتمانیی چ پەیوەندی هەیە بەوەی چەند نەفەر سەفەری کردووە یان چەند نەفەر هاتۆتەوە، ئەگەر مەسائلی مالی نەبێتن، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەی میزانییە کە ساڵانە پێشکەشی پەرلەمان دەکرێت، ئەو میزانییەو شتانەی تێدا هەموو زکر نەکراوە، کەواتە ئەوەش دەکرێتن، تەبعەن ئەوەش شتێکی زۆر ئاساییە، ئەوەش بەشێکە لەو عەمەلیەتانەی کە وەکو بەشێکی رەقابەیە لەسەر هەیئەکەی یەعنی، سبەی رۆژێ لەوانەیە ئێمە موراقەبەی ئەوە بکەین، کە حەرەکەی نەقل زۆر بوو، بۆ میزانییە ئەوها نییە؟ واریدات ئەوەندەیە. ئەو مەسائیلانە مەسائیلی ئەوەیە بۆ نەدراوەتە وەزارەتی دارایی، ئەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی موصادەقە لەسەر ناوی زەلام بکات؟ زەلامێك دادەنرێت بۆ تەنفیزی مەتار، ئێمە چ پەیوەندیمان هەیە موصادەقە لەسەر ناوی بکەین؟ مانای وایە دەورەکە دەوری ئەنجومەنی نیشتمانییە، نوێنەری میللەت پێویستە ئاگایان لە هەموو شتێك هەبێت، مەوزوعەکە، هەدەفەکە ئەوەیە، زیاتر بەرەو قەتاعێکی خاص بڕۆین، زیاتر بەرەو پەرلەمان و بەرەو ئەو شتانە بڕۆین، ئیتجاهەکە و مەوزوعەکە ئەوەیە دەنا هیچی تر نییە و، سجلیش هەرکەسە بە ئیختصاصە، قەد نەگۆترایە بۆ هەموو جێگایەکی سجلی مالی، دووەم یەکێك میزانیەی تەقدیم بکات ساڵانە، عەجەبا دەبێ حساباتی خارعی تەحقیق نەبێ لە رەقابەی مالی، ئەی میزانییە چۆن تەقدیم دەکات بۆ ئێرە، بەچ حەقێك تەقدیم دەکا ئەگەر بۆخۆی لەژێر رەقابە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوانەی سەر مەنەسەکە موتەفق بن لەگەڵ یەکتریا، بەڕێز کاك مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

وەزارەتــی گواســتنەوەو گــەیاندن چــۆن بەڕێوبەرایــەتی گشــتی گواســتنەوەی وشــکانی هەیــە، بەڕێوبەرایـەتی گشـتی جەویشـی دەبێـت. پەرلـەمان لـێژنەی تایبەتی هەیە موتابەعەی ئیشوکاری وەزارەتـی گواستنەوەو گـەیاندن دەکات، ئەوها موتابەعەی ویش دەکات، ئەو سجلانەی کە جەنابی کاکەڕەش باسی کـرد ڕاستە، حەقی هەیە لێژنەی پەرلەمانی موتابەعەی ئەو سجلاتانە بکات، ئایا حەرەکـەی نەکـرد، چۆنەو چۆن دەبـی، چۆن لـێرە نـەقل بەڕێـیەکە موتابەعـە دەکات، ئـەویش یەکێکە لەو حاڵەتە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك مەلا هادی، کاك جمیل عبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بـرای بەڕێـزم کاکـەڕەش باسـی میزانـیەی کـرد، میزانـیـیە، حساباتی خـتامی تێدا نییە، تەدقیق و ڕەقابـەی مـالی، حساباتی خـتامی شـتێکی ترە، حساباتی ختامی پشتی کۆتایی ساڵ دەکرێ کە چی کـراوە، ئیلـتزامی چـەندە بـە میزانـیـیە، صـەرفیاتی وی چـەندە، واریداتـی وی چـەندە، میزانـیـیە ئەبـەدەن تەتـەڕوق ناکـات بـۆ حساباتی خـتامی یـان تەدقـیق و ڕەقابـەی مـالی، مـادەم شەخصـیە مەعنەویـیەو موئەسەسەیەکی موستەقیلە، ئیدڤێت هەر خالا بۆ ڕەقابە مالی. برای بەڕێزم دیسان گوتـی بـۆ سـەرۆکی دەسـتە موصادەقە دەکـرێتن لەلای پەرلەمان، سەرۆکی دەستە ئەوە مەنصەبە، مەنصـەبێکی زۆر زۆر گریـنگەو زۆر حەساسـە، لەبـەر ئـەوە ئەمـرێکە لـە ئەنجومـەنی وەزیـران دەردەچێت و پەرلـەمان موصـادەقەی دەکـاتن، ئـەوە نـەوەکو قەوائیمی سجلات وەڵلا ئەمڕۆ (٥٠٠) سـەفەری کردووەو (٥٠٠)یش هاتووە ئەوە شتێکی ترە، سجلاتی موسافرین شتێکی ترە، ئەگەر هەر بڵێتن یـەك. دووەم: وەزارەتـی گواسـتنەوەو گـەیاندن (تدقیق سجلات المسافرین) ئەوە شتێکی تـرە، پێویسـت ناکات بڵێتن، بـەلام دەبێت هـەر بـڕگەیەکی تـر، بـڕگەی سـێ بـۆ نموونە: هەر تیا بێتن، خازعی ڕەقابەی مالی و تەدقیقە. دەبێت هەر تیای بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن باسـی سـەرۆکی دەسـتەم نەکـرد، هـەموو ئـەندامانی لـێژنەکە دەبێت لێرە موصادەقەی لەسەر بکرێـت، هـەموو ئـەندامان ئـەوەی ساڵێك تـەعین دەکرێـت دەبێ لێرە موصادەقەی لەسەر بکرێت، نـەك تـەنها سـەرۆکی دەسـتە، کـە بەڕێـز سـەرۆکی لـێژنەی مـالی دەڵێـت ئـەوە مەنصـەبە، هـەموو ئـەندامانی دەستەکە ئـەوەی بـە ساڵێکیش تـەعین دەکرێـت دەبێت بێتە ئێرە موصادەقەی لەسەر

بکرێت، مانای وایە دەوردانە بە پەرلەمان، دەوردانە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی، وەکو نوێنەری میللەت، بۆیە لەبەر ئەوەی موئەسەسەیەك ساحێبی میزانیەی ساڵانە بێت، ساحێبی واریدات و ساحێبی خزوع بێت، یەعنی بڵێی وەڵلا خازعی رەقابەی مالی نییە، لەسەر چ ئەساسێك خازعی رەقابەی مالی نییە، بۆ خازعی رەقابەی مالی نییە؟ هەموو سجلاتی و واریداتی بۆ هەرێم سەرف دەکرێت، چۆن خازع نییە، لەبەر ئەوەی هیچ پێویستی بەوەی نییە نەصی تێدا بێت کە بڵێین خازعی رەقابەی مالییە، بۆخۆی ئۆتۆماتیکیەن تەحصیلێ حاصڵە، وەکو فەرمووتان خازعی رەقابەی مالییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مەنەصەکە زۆر قسەی تیا کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسن کانبی خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی کاکەڕەشی ڕەئیێکی ڕاستە، چونکە ئەو سجلاتە هەر کەسەو مۆزەڤ تایبەتی خۆی هەیە، فەرزکە لە مەحاکم، مەحاکم رسوم وەردەگرێ، کە رسوم وەردەگرێ مۆزەڤ مالی نایەتن رەسمەکە وەربگرێت، مەحکەمە خۆی وەری دەگرێت و واریدەکەی بۆ وەزارەتی مالییە دەبێت، بەلەدیاتیش هەروا، لەبەر ئەوە ڕەئی کاکەڕەش ڕەئیێکی ڕاستە و هیچ گرفتێکی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك د.ادریس فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیە تایبەتە بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، هەر سجلێك تابعی ئەو وەزارەتە بێت، موسافرین بێت، هی بەریدی جەوی بێت، هی کەلوپەل بێت، هەر مەسائیلێك کە پەیوەندی بە گواستنەوە وگەیاندن بێت، ئەو سجلەیە کە ئەوان بەرپرسن لێی، ئەوە پەیوەندی بە دارایی و شتی وا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جارێ رەقابەی مالی قانونی خۆی سارییە بەسەر هەموو موئەسەساتی هەرێما، تەحصیلێ حاصڵە، رەقابەی مالی هەر وەختێ ویستی دەتوانێ لە شەریکەیەکی ئەهلییەوە تا گەورەترین دەزگای حکومی تەفتیش کات، هەمووی خازعە بۆی، ئەمە ئیتلاقە بۆی تەقریبەن. لەبەر ئەوە پێویست ناکات لێرە ناوی بێت، لێرە بۆچی ناوی وەزارەتی گواستنەوە هاتووە، چونکە لە قانونی وەزارەتی گواستنەوە ئەوەی تیا نییە، مەتاری تیا نییە، ئەو قانونەی کە لە ساڵی ١٩٩٢ دەرمان کردووە، بۆ وەزارەتی گواستنەوە مەتاری تیا نییە، لەبەر ئەوە پێویستە لێرە ئیشارەتێك بەو مەوزوعە بکرێت و، ناوی وەزارەتی گواستنەوە بە وازحی بێت، چونکە ئەوە دەرگاشی بۆ کراوەتەوە بۆ پێشکەوتنی وەزارەتەکە خۆی و، تەنزیمی ئیشی ئەو هەیئەتە، لەبەر ئەوەی بەو شێوەی کە هاتووە ئێمەش تەصەور دەکەین کە ڕێکوپێك بێت. بەڵام یەك شتمان هەیە لە ماددەی شەشا، مەسەلەی تەرقیەو تەرد، تەرد بۆ موەزەفین و بۆ هەیئەت و ئەوانە نەهاتووە، تەنها فەصلێ

بێت یان موعاقەبە بێت شتەکی وا بنووسرێ باشە، تەرقییە وەموعاقەبە باشتردێت، لەگەڵ ڕێزم. ئەگەر لیژنەی یاسایی لێمان قبوڵ بکات، ئەگەر ئیزافەشیان هەیە لەسەر قسەی ئێمە با بفەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە مەوزوعەکە وەکو هاتووە نەقلمان کرد، بەلام وشەی فەصل لەوانەیە حقوق تەرەتوبی بکات لەسەری، مۆزەفێك کە فەصل دەکرێ دەبێ حقوقی بدرێتێ و، داوا دەکات موبەریراتی هەبێ، بەلام مەسەلەی تەرد وەکو تەقریبەن عەزلە کە لە قانون هاتووە، لەبەر ئەوە مۆزەفەکە کە دەڕوات هیچ حقوقێکی تری بۆ تەرەتوب ناکات، لەوانەیە ئەو وشەیان بۆیە بەکار هێنابێ، بەلام ئەگەر لاتان پەسەندە بکەینە تەرقیە بکەینە فەصل، ئێمە مانعمان نییە وەك لێژنەی یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عقوبە گشتی ترە، عقوبە بنووسن چاترە وابزانم؟ (ترقیة ومعاقبة) (والهیئة هي مسئولة عن الاستئجار والترقیة والمعاقبة ودفع رواتب موظفیها) ئەوە مۆزەفیش نییە (مستخدمیها) دادەنرێت، جا تکایە بە تەعدیلەوە بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**المادة السادسة:**

تقوم وزارة النقل والمواصلات بتأمين مكان المكاتب التي تتطلبها الهيئة لغرض أداء مهامها، وتأخذ بالحسبان أعضاء الهيئة ومستخدمي الهيئة لأغراض الحسابات وجدول الرواتب والهيئة هي المسؤولة عن الاستئجار والترقية والمعاقبة ودفع رواتب مستخدميها، وتقوم وزارة النقل والمواصلات بتدقيق سجلات الهيئة سنوياً وترسل النتائج إلى المجلس الوطني لكوردستان-العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(موظفین)ی سەرەوەش هەر (مستخدمین)ە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەش پەسەند دەکەن بەو شێوەی خوێندرایەوە دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی شەش بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەفتەم تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**المادة السابعة:**

تشغل الهيئة المطار كمورد لاقليم كوردستان ويسمح باستخدام المنشآت بغض النظر عن العمر والجنس والعرق والديانة والانتماء السياسي.

في ضوء العمل الصعب والمعقد لبناء وتحسين تشغيل المطار الرئيسي، تمارس الهيئة الصلاحيات التالية:

١- تحديد ساعات العمل ومقومات الأمن للمطار لزيادة الدخل إلى الحد الأعلى وخفض التصادم مع الأشخاص قرب المطار إلى الحد الأدنى سيتضمن هذا التنسيق مع جهات خاصة وتجارية لغرض الترتيب لأستخدام أماكن وقت الهبوط وأماكن وقت الإقلاع سيتضمن أيضاً إصدار شارات لمنتسبي المطار وإقصاء أولئك الأشخاص المعروفين بكونهم مجرمين وإرهابيين.

٢- تفويض المبيعات للمؤن المستهلكة من قبل ركاب الطائرة والجهات الخاصة والتجارية قائمة المؤن المستهلكة يجب أن تتضمن ولكن لاينحصر فقط على غداء، المحروقات، فسحة الحضيرة، قسم محطة الكهرباء، ماء، مياه المجاري وموقف.

٣- بناء وتدمير وتحويل المدرجات والمحطات وفسحة الموقف ومكان سيارات الأجرة والحضائر والشقق المهدة (المدرجات) ومنشآت المطار الأخرى حسبما تراه الهيئة ضرورياً لتطوير مجمع المطار، وستتعاون الهيئة مع مسؤولي الكمارك ورجال الأمن لضمان التشغيل الأمني والقانوني للمطار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا هادی تێبینییەکانتان فەرموو.

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی دارایی ئەگەر تێبینیتان هەبێ؟

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین، بەڵام لە بڕگەی سێیەم: دوای وشەی (بناء) وشەی (تعمیر)یشی تێدا بێت باشترە، واتە (بناء وتعمیر و تدمیر) شتێکی ئیزافییە ئەگەر تێیدا بێت باشترە، چونکە چەند ساڵێکی تر پێویستی بە تەعمیرە پێش تەدمیرو تەحویل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز نهلە خان فەرموو.

**بەڕێز نهلە محمد سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەفتەمان لا پەسەندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە؟ بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی حەفت هاتووە دەڵێ (تشغل الهیئة المطار كمورد لاقليم كوردستان) ئەو وشەیەم پێ ڕێك نییە (ويسمح باستخدام المنشآت بغض النظر عن العمر والجنس والعرق والديانة والانتماء) بەقەناعەتی من ئەوها بێت: (تشغل الهيئة المطار كمورد لاقليم كوردستان ويقدم خدماتها للجميع دون استثناء) ئەوە ڕێك ترە، بابەتی (جنس و عرق و عمر و دیانە) پەیوەندی بە سیغەی قانونی نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەوە بۆ روکابە، بۆ ئەو کەسانەی کە مەتار بەکار دەهێنن، یەعنی سبەی موئەسەسەی مەتار نەڵێنە کابرایەکی ڕەش پێست نابێت تۆ سواری تەیارە بیت، یان پارتی و یەکێتی نابێت سوار تەیارە بن. ئەوە بۆ ئەوانەیە (ويسمح باستخدام المنشئات) ئەو منشەئاتی مەتاری بەکار دەهێنرێ بەشێوەیەکی ئاسایی ئەو شتانە بە نەزەری ئیعتبار وەربگرین، نەك ئەو ئەشخاصانەی لەوێ ئیش دەکەن ئەوها بن، ئەو منشەئەتانە ئەوانە بەکاری دەهێنن هیچ نابێت ئەو شتانە بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت (دین و سیاسەت و ئەوانە) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەفتەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، پێنج ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وانییە ئەو ئەندامانەی کە دژ بن، لەبەر ئەوەی دژن کە ماددەکە خراپە، هەر لەبەر هێنە زمانەوانییەکەی بوو، (دون تمییز) ئەوجا لە نێوان دوو قەوس ئەوانە بژمێردرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەنگی لەسەر دراو چوو، سوپاس. خۆی جار بەجار هەڵەی زمانەوانی تێدا بێت خراپ نییە ئێمە کوردین، ماددەی هەشتەم تکایە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**المادة الثامنة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ ئەوەیان تەحصیل حاصلە، ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە یەكسەر، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی هەشت پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی هەشت وەرگیرا، ماددەی نۆیەم تكایە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**المادة التاسعة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی نۆش دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی نۆ پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی نۆ وەرگیرا، ماددەی دەیەم تكایە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**المادة العاشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ بەڕێز كاك سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەقەناعەتی من ئەگەر ماددەك زیاد بكرێت بلێ (لمجلس الوزراء إصدار الأنظمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون) نەوەك لە دوارۆژ شتی ئیزافات بێت، بۆیە بە قەناعەتی من ئەو دەقەی تێدا بێت خراپ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەلام ئەوە پرۆژەی لیژنەی یاساییمان لەبەر دەمایە بە ئیمزا كراوی، بەڕێز كاك د.ادریس فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بکرێتە (من تأریخ صدورە) چونکە قانونێکی بەپەلەیە، بەڕاستی لێژنە تەشکیل دەکرێ بۆ ئیستلام و ئەو شتانە، هەتا نەشر دەکرێت لەوانەیە تاخیر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی کاك د.ادریس بەجێیە، ئێمەش خەریك بوو ئەو ئیقتراحە بکەین، لەبەر ئەوە ببێتە (ینفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.) کاك سەعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە قانونێکی باشمان دەرکردووە، ئالییەتی جێبەجێ کردنی قسەیەکی لێ بکەین، بەڵام لە کۆبوونەوە ڕەنگە زەرەر نەبێت، ئەوە قانونەکەیە دەتوانرێت کاری پێ بکرێت هەر دەمێك، بەڵام هەموو شتێك لەژێر ئەوەی پەلە پەلە بەعەزێك بەرزو نزمی تێدا ڕوو نەدات تکایە، مەخسەدم ئەوەیە لە تەرکیبی هەیئەتەکەی لە ئالییەتی ئیش کردنەکەی نەك هەمووی بخرێتە ژێر لێوەوە لەبەر ئەوەی پەلەیەو عەجەلەیە دەبێت زوو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر ڕاستە، بەڵام نەفازی قانونەکە با لە ئێستاوە بێت، لێژنەی قانونی تکایە جارێکی تر ماددەی دەیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**المادة العاشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی دە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، پرۆژەکە هەموو دەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو پرۆژەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی هەموو پرۆژەکە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، هەموو پرۆژەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، بەڕێزان سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم بۆ ماندوبوونتان بۆ موناقەشە کردنتان بۆ ئەو بڕیارە ئازاو بەجێیەی کە وەرتان گرت، هیواداریین ئەو بڕیارەش وەکو بڕیارە گرینگەکانی ترتان مایەی ئەوە بێت، کە خزمەت بە گەل و وڵاتەکەمان بگەیەنێ و، کوردستانی

خۆشەویستمان چەند هەنگاوێك نزیك كاتەوە لە ئامانجە بەرزەكانی، جارێكی تر سوپاسی هەموو لایەكتان دەكەم و بۆ كۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە، زۆر سوپاس.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی عێراق

د.رۆژ نوری شاوەیس
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٠)**

**یەك شەممە رێكەوتی ١٠/ ٨/ ٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٠)

## یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٨/١٠

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٨/١٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.کمال فؤاد عبدالکریم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و، بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی سکرتێری کاتی ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٣٠)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی برگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣٠)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٨/١٠ دا بەم شێوەیە بێت:

٦- بەرچاوخستن و گفتوگۆکردن لەسەر قۆناغی گواستنەوە لە عێراقدا، هەروەها هەڵوێستی ئەنجومەن بەرامبەر بە ئیدارەی کاتی (CPA) .

٧- بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردن لەسەر هەڵوێستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرامبەر بە ئەنجومەنی حوکم لە عێراقدا.

٨- بەرچاوخستنی پێشنیازی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەربارەی بەرفراوانکردنی لیژنەی کاتی ئامادەکردنی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان ، دانیشتنی(٣٠)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پێك هاتووە لە سێ خاڵ، خاڵی یەکەم بەرچاوخستن و گفتوگۆکردن لەسەر قۆناغی گواستنەوە لە عێراقدا، هەروەها هەڵوێستی ئەنجومەن بەرامبەر بە ئیدارەی کاتی (CPA) . خاڵی دووەم: بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردن لەسەر هەڵوێستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرامبەر بە ئەنجومەنی حوکم لە عێراقدا. خاڵی سێیەم: بەرچاوخستنی پێشنیازی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەربارەی بەرفراوانکردنی لیژنەی کاتی ئامادەکردنی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان. لەبارەی هەڵوێست بەرامبەر بە ئیدارەی کاتی، ئێمە وای بۆ

دەچین ئەمرۆ ئیدارەیەکی کاتی لە بەغدا پێکهاتووە لە هێزەکانی هاوپەیمان و ئەوانە زۆر جار بڕیار دەردەکەن کەوا هێزێکی یاسایی هەیە دەبێ ئەوە لێك بدەینەوە ئایا ئەو بڕیارانەی ئەوان ئی ئێمە بێ چەند و چۆن وەریبگرین و جێبەجێی بکەین، یاخود پێویستە بێتە بەردەمی پەرلەمان و لەپەرلەمانەوە بچێت بۆ هەردوو ئیدارەکە، ئێمە لەو بارەیەوە حەز دەکەین بە تێروتەسەلی بدوێین بۆ ئەوەی بڕیارێکی گونجاوی لەسەر بدەین.

لەبارەی خاڵی دووەمەوە هەڵوێستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەرامبەر ئەنجومەنی حوکم، ئێمە بێگومان پیرۆزبایی لە ئەنجومەنی حوکم دەکەین لە بەغدا و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین بەتایبەتی لە بوارەکانی دابینکردنی ئاسایش و هەروەها لەبواری دامەزراندنەوەی بنەمای ئابووری و خزمەتگوزاری و دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە پێویستن و دەگونجێن لەگەڵ سەردەمی ئێستاماندا ئەویش پاش هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسایانەی کەوا لەسەردەمی پێشوودا دانراون و لەگەڵ باری ئێستای وڵاتدا ناگونجێن، ئەو یاسایانەی کەوا دژ بە مافی مرۆڤن، دژی ئازادین، دژی دیموکراسین، ئێمە داوا دەکەین لە ئەنجومەنی حوکم لە عێراقدا ئەو یاسایانە هەڵبوەشێنێتەوە و لەباتی ئەوە ئەو یاسایانە دابنێ کەوا لەگەڵ باری ئێستا دەگونجێ کە دابینکردنی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤە، هەروەها باسی ئەوە دەکەین کەوا ئێمە چۆن پەیوەندیەکانمان رێك بخەین لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم و داوای ئەوەشیان لێ دەکەین کەوا ئەو پرۆژەیەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لەسەردراوە بۆ فیدراڵی لە کوردستاندا ئەوەش ئەوان وەریبگرن و ئەوەی کە بەرامبەر بە عێراقیشە دەتوانن کەوا سوودی لێ وەربگرن لە داڕشتنی دەستورێك بۆ کۆماری عێراقی دیموکراتی فیدراڵی، بەڵام ئەوەی کەوا لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە ئێمە داوا دەکەین کەوا ئەو پرۆژەیە وەك خۆی وەربگرن.

لەبارەی خاڵی سێ یەمەوە: ئێمە ئەو رۆژەی کە کۆبووینەوە هەندێ جار هەندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکردنی هەڵبژاردن لەبەر هەر هۆیەك بێ ناتوانن بێن، لەبەر ئەوە بەباشمان زانی کەوا کۆمیتەکە فراوان بکرێت و، لەلایەکی دیکەشەوە رەخنەیەکی بەجێ هات کەوا ئەو کۆمیتەیە هیچ مێینەیەکی تێدا نییە، لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیار دەکەین کە فراوان بکرێ و ئەو دوو ناوەی لەلایەن سەرۆکایەتی پێشنیاز دەکرێ دەتوانرێ ئێستا ئەوە ببڕێنینەوە، ئەوجا بچینە سەر بابەتەکانی دیکە. بەڕێزان حەلیمە حسين محمد بارزانی و نەهلە محمد سعدالله، ئەوانە پێشنیاز دەکەین بێنە ناو کۆمیتەی ئامادەکردنی هەڵبژاردنەوە ئەو کاتە ژمارەیان لە سێزدەوە دەبێتە پازدە و ئەگەر هەندێك لە ئەندامانیش نەیانتوانی ئامادەبن ئەو ژمارەیە هەمیشە ئەوەندە کەسەیان لێ ئامادە دەبێت کەوا بتوانن کاروبارەکانی خۆیان رێك بخەن و بیبەن بەڕێوە، ئێستا لەو بارەیەوە ئەوە دەخەینە دەنگ دانەوە.

نازانین لەگەڵ گەرماکە چی بکەین، چونکە هەندێك وای بەباش دەزانین خاڵی (١و٢) بۆ وتووێژ کردن لەسەری وبۆ بڕیاردان دوای بخەین بۆ کۆبوونەوەیەکی دیکە، بەڵام ئێمە لەو ماوەیەدا داوا لەهەر دوو فراکسیۆن و لیستی مۆر دەکەین کەوا خۆیان کۆببنەوە و لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکەن و بەنووسراو لە بیروڕاکانی خۆیان ئاگادارمان بکەنەوە. لەبارەی خاڵی یەکەم و دووەمەوە ئێستا

ئێمە لەبارەی دواخستنی وتووێژ لەسەر خاڵی (١و٢) حەز دەکەین بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دوا بخرێ تکایە دەستی بەرزبکاتەوە، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا و بڕیار درا دوا بخرێت بۆ کۆبوونەوەیەکی دیکە، بەڵام داوا لە هەردوو فراکسیۆن و لیستی مۆر دەکەین کە پێشتر کۆببنەوە و پێشنازەکانی خۆیان گەڵاڵە بکەن بۆ ئەوەی لەکۆبوونەوەی داهاتوودا بە شێوەیەکی باشتر بتوانین لەمە بکۆڵینەوە و بگەینە بڕیاری گونجاو، ئێستا لەبارەی خاڵی سێیەمەوە ئێوە گوتتان لە پێشنیازی ئێمە بوو، فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕیارەکە بۆ ئیزافە کردنی عنصری نیسائی بۆ لیژنەکە گۆڕانکاریەکی هەبوو، کاك تارق جامباز هاتیتە جێیی شێخ عبدالکریم، لەبەر ئەوەی لێرە وجودی هەیە و قانونییە ئەگەر ئەوەش بخرێتە دەنگ دان بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بێنین و شێوازێکی قانونی وەرگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبارەی چییەوە، تۆ وتت لە بارەی خاڵی یەکەم و دووەمەوە.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ نییە وایە، دەمێکە وایە پێویستە کۆتایی پێ بێ باشە، باشە کەی ئەم هینە چاك دەبێ، هەیە لە دهۆك هاتیە، هەیە لە سلێمانی هاتیە یان لە شوێنێکی دیکە هاتیە و بێتە ئێرەش تەنها ڕێگاکەیە و ژوورەکە گەرمەو دەبێ بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بێ گومان ئێمە هەموو هەوڵێك دەدەین کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، بەڵام ئێستا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کەوا دوابخرێن بۆ کۆبوونەوەیەکی دیکە ئەو کاتە ئاگادارتان دەکەینەوە لەو بارەیەوە هەر وەختێك چاك بۆوە داوا کۆبوونەوە دەکەین، نەك هەموو جارەك بێنە ئێرە بۆ کۆبوونەوە لەبەر گەرما کۆبوونەوەکە دوابخەین، وا ئەکەین بەشێوەیەك لە شێوەکان چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە. بەڵێ لەبارەی خاڵی سێیەم جارێ کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە فراوان بکرێت، سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ دانییە، سوپاس، بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوە دایە کە بەڕێز حەلیمە محمد بارزانی بێتە ناو کۆمیتەکەوە، سوپاستان دەکەین، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە بەڕێز نەهلە محمد سعدالله بێتە ناو کۆمیتەکەوە، سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ دانییە، سوپاس، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، باشە پیرۆز بایباتان لێ دەکەم و هیوادارم لە کۆبوونەوەکانی دیکە ئامادەبن، کاك سعدی مەبەستت کۆمیتەی هەڵبژاردن بوو، کاك تاریق ئیش و کاری دیکەی هەیە و ئێمە لە باتی ئەو، ئەو دوو خوشکەمان هەڵبژارد و باسی ئەوەمان کرد لە کۆبوونەوەکە، بەڕێز کاك سعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك تاریق لە هیچ لیژنەیەکی پەرلەمانی دانییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدی لیژنەی هەڵبژاردن بڕایەوە و تصویتمان لەسەر کرد و کۆتایی هات کاك تاریق دەتوانێ لە بوارەکانی دیکەدا ئیش بکا، ئێمە بەلامانەوە باشە هەموو ئەندامەکان وەك خۆیان بمێننەوە و لەبەر ئەوەی فراوانمان کرد ئەگەر یەکێك نەیتوانی ئامادە بێ ژمارەیەکی زۆر دەتوانێت ئامادە بێ، فەرموو د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دانیشتنێکی لیژنەی هەڵبژاردن لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و بە ئامادەبوونی من و نوێنەری فراکسیۆنی سەوز ئیتیفاق کرا کە ئەو دوو بەڕێزە ئیزافە بکرێن، بەڵام وا دیار بوو فراکسیۆنی کەسك ئاڵوگۆڕی لە ئەندامان کرد، بەڕێز کاك شێخ عبدالکریم خۆی داوای کرد ئەگەر بکرێ ئەو عەفو بکرێت یەکێکی دیکە لە جێی ئەو دابنرێ بۆ ئەوەی تەواجودی لیژنەکە ئەساسیەکەی لێرە نین، ئەوە ئەم پێشنیازی کاك تاریق کرا ئەگەر پێتان باشە کاك تاریق نەبێ یەکێکی دیکە بێ، نازانم ئەوە دەمێنێتەوە سەر فراکسیۆنی سەوز، بەڵام ئەو دەمە وا پێشنیاز کرا کەکاك تاریق بێتە جێی کاك شێخ عبدالکریم و وابزانم لەم دوو سێ ڕۆژە نەشاتێکیان کردووە لەگەڵ ئەو لیژنەیە، چونکە لەوێش هەر پێشنیاز کراو ئیتیفاق کرا لە نێوان خۆیان سەرۆك و جێگرو موقەرریش دابنێن، سەرۆکی لیژنەکە کاك کاکەڕەشیان داناو کاك تاریق بە جێگر و خوشکە نەهلە بە موقەرر، ببورە کاك سعدی لێرە نەبوو لەبەر ئەوە ئاگاتان لێ نەبوو، بەڵام تەقریبەن ئاوها بوو جا ئەگەر ئاڵوگۆڕتان کردبوو من نازانم، بەڵام ئەو ڕۆژە بە ئامادەبوونی د.ڕۆژ و جەنابت وکاك فرسەت و ئەندامانی لیژنەکە و من و لەگەڵ نوێنەری فراکسیۆنی سەوز بەم شێوەیە گەڵاڵە کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك د.ناصح ئێوە خۆتان لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوون لەوێ ئەوەمان بڕیار دا، بەڵام هیچ شتێك نە بە شەفەوی نە بەنووسراوی نەهاتۆتە بەردەمی ئێمە بلێ شێخ عبدالکریم لابردرێ و کاك تاریق جامباز لە شوێنی دابنرێ، هیچ شتێك نەهاتۆتە بەردەمی ئێمە، دووەم ئەو مەسەلەیەش پێویست ناکات ئەوەندە لەسەری بڕۆین.

زۆر باشە، ئینجا ئێمە وەکو لە پێشەوە باسمان کرد کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان دوا دەخەین بۆ کاتێکی دیکە کە ئاگادارتان دەکەینەوە، تکایە لە ئێستاوە ئەوا فراکسیۆنەکان و لیستی مۆر لەو بارەیەوە بکۆڵنەوە، یانی ئێستا یەکسەر مەڕۆنەوە بڵاوەی لێ مەکەن، باسێکی ئەوە بکەن پێویستە فراکسیۆنەکان لەو بارەیەوە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بیروڕای خۆیان بە گەڵاڵە کراوی پێشکەش بکەن، زۆر سوپاستان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **کاکەڕەش محمد نقشبندی** | **د.ڕۆژ نوری شاوەیس** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣١)**

**سێ شەممە رێکەوتی ٢٦/ ٨/ ٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ٣١ )

## سێ شه‌ممه رێكه‌وتی ٢٠٠٣/٨/٢٦

كاتژمێر (١٠)ی سه‌ر له به‌یانی رۆژی سێ شه‌ممه رێكه‌وتی ٢٠٠٣/٨/٢٦ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به سه‌رۆكایه‌تی به‌رێز د.كمال فؤاد عبدالكريم جێگری سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و، به‌رێز كاكه‌ره‌ش محمد نقشبندی سكرتێری كاتی ئه‌نجومه‌ن، دانیشتنی ژماره(٣١)ی خولی گواستنه‌وه‌ی، سالی (٢٠٠٣)ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی كار:**

به پێی حوكمه‌كانی برگه (١)ی مادده (٢٠) له پێرۆی ناوخۆی ژماره (١)ی هه‌مواركراوی سالی ١٩٩٢ای ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بریاری دا به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی ژماره (٣١)ی خولی گواستنه‌وه له كاتژمێری (١١)ی سه‌ر له‌به‌یانی رۆژی سێ شه‌ممه رێكه‌وتی ٢٠٠٣/٨/٢٦ دا به‌م شێوه‌یه بێت:

١- به‌رچاوخستن و گفتوگۆ كردن له‌سه‌ر پێشنیازی دانانی سكرتێرێكی كاتی بۆ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی سكرتێری ئه‌صلی ئه‌رك وفرمانی ره‌سمی پێ سپێردراوه له ده‌ره‌وه‌ی هه‌رێم.

٢- به‌رچاوخستن و گفتوگۆ كردن له‌سه‌ر پێشنیازی ئاراسته كردنی بروسكه‌ی پیرۆزبایی بۆ ئه‌نجومه‌نی حوكم له به‌غدا.

٣- به‌رچاوخستن و گفتوگۆ كردن له‌سه‌ر پێشنیازی راگرتنی چه‌ند مادده‌یه‌ك له یاسای سزاكانی عێراق.

٤- به‌رچاوخستن و گفتوگۆ كردن له‌سه‌ر راگرتنی چه‌ند مادده‌یه‌ك له یاسای ئوسولی دادگایی كردنه سزاییه‌كانی عێراق.كاتی ئاماده‌كردنی هه‌لبژاردنی خولی دووه‌می ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستان.

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

به‌ناوی گه‌لی كوردستان كۆبوونه‌وه‌ی ئه‌مرۆمان ده‌ست پێ ده‌كه‌ین، كۆبوونه‌وه‌ی ژماره (٣١)ی خولی گواستنه‌وه، به‌رنامه‌ی كار له‌به‌ر ده‌ستتان دایه، ئێمه پێش ئه‌وه‌ی كه‌وا به‌رنامه‌ی كارتان بۆ بخوێنینه‌وه، ده‌مانه‌وێ به‌گه‌رمی سوپاسی میوانه‌كانمان بكه‌ین و، پێ خۆش حالین به ئاماده بوونیان، كۆبوونه‌وه‌یه‌كی به سوود و تێر و ته‌سه‌لمان له‌گه‌لدا كردن، سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌ن له‌گه‌ل سه‌رۆكایه‌تی هه‌ردوو فراكسیۆن، له‌گه‌ل كۆمیته‌ی په‌روه‌رده‌و خوێندنی بالا، ئێمه زۆر سوپاسیان ده‌كه‌ین بۆ هاتنیان، به‌خێر هاتنیان ده‌كه‌ین و، ئێستا به‌رنامه‌ی كار پێشكه‌ش ده‌كرێت، به‌رنامه‌كه‌مان ئه‌مرۆ بریتییه له‌م خالانه‌ی خواره‌وه:

١- بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیازی دانانی سکرتێرێکی کاتی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، لەبەر ئەوەی سکرتێری ئەصلی ئەرك وفرمانی رەسمی پێ سپێردراوە لە دەرەوەی هەرێم.
٢- بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیازی ئاراستە کردنی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ ئەنجومەنی حوکم لە بەغدا.
٣- بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیازی راگرتنی چەند ماددەیەك لە یاسای سزاکانی عێراق.
٤- بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردن لەسەر راگرتنی چەند ماددەیەك لە یاسای ئوسوڵی دادگایی کردنە سزاییەکانی عێراق.

ئێستا لە بارەی خاڵی یەکەمەوە، لەبەر ئەوەی کەوا بەڕێز کاك فەرسەت ئێستا لێرە نییە، بۆ هەندێ کاروبار سەفەری کردووە، بۆ جێ بەجێ کردنی هەندێ کاروبار، ئێمە پێشنیاز دەکەین کەوا بەڕێز کاکەڕەش لە جیاتی ئەو سکرتێری ئەنجومەن بێت، با ئەرك و کاروبارەکانی ئەو جێ بەجێ بکات و، لەو بارەیەوە ئەگەر بیرو راو سەرەنجێك هەیە با بفەرموون، بەڵکو دەیخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی کاکەڕەش لەمەولا ببێتە سکرتێری ئەنجومەن، هەتاکو کاك فەرسەت دەگەڕێتەوە، هیچ قسەیەك هەیە لەو بارەیەوە، باشە کێ لەگەڵ ئەو پێشنیازەیە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانییە، کەواتە بەگشتی ئەو پێشنیازە وەرگیرا، بفەرموو کاکەڕەش بۆ ئێرە، ئێمە ئێستا دەست دەکەین بە کاروبارەکانمان، ئینجا ئەگەر میوانەکانمان حەز دەکەن بمێننەوە پێخۆش حاڵ دەبین، ئەگەر لەسەر رۆیشتنیش بفەرموون ئازاد بن، باشە وەکو خۆیان پێیان باشە، چۆنیان پێ خۆشە وا دەکەین، زۆر باشە جا ئێوە ببوورن ئێمە دەچین بەڕێیان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا بەپێی ئەو بەرنامە کارەی لەبەر دەستتان دایە دەچینە سەر خاڵی دووەم: بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر پێشنیازی ئاراستە کردنی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ ئەنجومەنی حوکم لە بەغدا، جا لەوبارەیەوە دەزانن کە ئێمە لە کۆبوونەوەیەکی پێشوودا باسمان لەوە کرد کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ ئەنجومەنی حوکم لە بەغدا بنێرێت، ئێمە پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە، واتە پێشنووسی ئەو پیرۆزباییە، بۆتان دەخوێنینەوەو لەو بارەیەوە وتووێژ دەکەین، جا ئەگەر پێویستی بە دەستکاری هەبوو یان گۆڕانکاری هەبوو بفەرموون ئێمە هەموو سەرنج و تێبینییەکان دەنووسین و، سەر لەنوێ دایدەڕێژینەوە، ئینجا دەینێرین بۆ ئەنجومەنی حوکم.

فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەزانم ئەو پێشنیارەی من دەیکەم ئێستا ڕەنگە زۆر لە برادەران بڵێن ئەمە لە بەرنامەی کاری پەرلەماندا نەماوە وەکو پێشتر، پێشتر لە بەرنامەی کاری پەرلەمان تازە بابەت هەبوو، ئەوەی کە تازە ڕووی دەدا یان بە خەیاڵی فراکسیۆنێك یان ئەندامێکی پەرلەماندا دەهات، وەکو تازە بابەت

پێشنیازی دەکرد کە بە قەراری دەنگ موافەقە دەکرا. لەو بەینە دوو سێ حەدەسی گەورە بووە کە پەرلەمان نابێت لێی بێ دەنگ بێت، یەکێکیان گرتنی (طه جەزراوی) ئەوی تریان (علی حسن مجید) کە یەکیان موهەندیسی پاکتاوی ڕەگەزییە، ئەوی تریشیان موهەندیسی قڕ کردن و قەلاچۆکردن و، بە (علی کیمیاوی) ناوی دەرکردووە، ناکرێ پەرلەمان لێی بێ دەنگ بێت دەبێ هەڵوێستی هەبێت، وەکو چۆن خەڵکی هاوکار لەگەڵ ڕژێمی تاوانبار کردبێ، دەبێ لەم مەوزوعەش هەڵوێستی هەبێت. مەسەلەی دووەم مەسەلەیەکی گرینگ ترە لەوە، ئەویش مەسەلەی کەرکووکە، کە لە ئەنجامی دەستتێوەردانی لایەنی بیانی و، ئەو کەسانەی کە ناتوانن تەحەمولی ئەوە بکەن کە کورد بگەڕێتەوە شوێنی ئەصڵی خۆی، باوەشی نیشتمانیی خۆی کوردستان، هەر ڕۆژە و کێشەیەکی بۆ دروست دەکەن، لەو ماوەی دوایی دا کارەساتێکی گەورە ڕووی دا بەداخەوە و، حەقە پەرلەمان هەم لە پرسەی هەردوولا کە لەو کارەساتە قوربانی ئەو حەدەسەن، هەڵوێستێکی هەبێت بەرامبەر بەو حەدەسە، ئەگەر ناشتوانین لە تازە بابەت ئەوە نیشان بدەین، عەلەل ئەقەل لێژنەیەك پەرلەمان ڕای بسپێرێ، بۆ پرسەی هەردوولا کە لە ئەنجامی ئەو کارە خراپە کە ئەنجامی خراپیشی دەبێت بەشداری بکات و، هەروەها سیاغەیەك بۆ میللەت بکات، کە پەرلەمان لە دانیشتنی داهاتوودا بڕیاری لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتەی کە ئێستا بەڕێز کاك سعدی سەرۆکی فراکسیۆنی کەسك پێشنیاری کرد، تەبیعی پێش دانیشتنەکە ئێمە قسەمان لەسەری کرد و، وا ڕێك کەوتین کە ئەمڕۆ باس نەکرێت بەڵکو ئەگەر بکرێت بەیانی بۆ ئەوەی بتوانین چۆن دابنیشین و پرۆژەیەکی بۆ ئامادە بکەین و دانوساندنی لەسەر بکەین، ئینجا ئەو مەسەلانە بخەینە ڕوو، بەلام دیارە برای بەڕێزم کاك سعدی زۆر پەلەیەتی. بابەتی تازە بابەت نەماوە بە داخەوە، کە تازە بابەت نەمابێت ئێمە دەبێت ئەو بەرنامەیە بە ئیتفاقی هەردوولا و لەگەڵ سەرۆکایەتی بخرێتە ناو بەرنامەی کارەوە، ئێمە دژی ئەو هێنە نین، بە پێچەوانەوە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین بەلام دەبێت دیراسە بکرێت و ئینجا بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بۆ ئەوەی بەڕێك و پێکی بکرێت. هەم بەتەئکید بەنیسبەت ئەو مەسائیلانە هەندێکیان باوەڕ بکەن، لەوانەیە پێویست بەوە بکات کە دانیشتنەکەشمان داخراو بێت، چونکە هەموو قسەیەك دەکرێت لەناو ئەم دانیشتنە، بەتایبەتی بەنیسبەت ئەحداسی کەرکووك و توزخورماتوو، من پێم وایە دەبێ ئەو دانیشتنە دانیشتنێکی داخراو بێت، ئەوەی (علی کیمیاوی) موشکیلە نییە، بەلام ئەوەی تر من پێم وایە دەبێ داخراو بێت، چونکە زۆر لایەن هەیە تەرەفن لەو مەسەلەیە لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە، دژ نین بە عەکسەوە لەگەڵ پێشنیارەکەین، بەلام با ئەو پێشنیارە باشتر دیراسەت بکرێت ئەگەر بکرێت بۆ بەیانی یان هەر دانیشتنێکی تر بخرێتە کارەوە ئێمەش پشتگیری دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئـێمە وا بـەباش دەزانـین کـە جارێ بـا لـە خاڵەکانی تـری بەرنامـەی کـار ببینـەوە، ئەو کاتە کاك سعدی لەگەڵ کـاك د.ناصـح دابنیشـن وتووێـژی خۆیـان بکەن، بۆ ئەوەی لەسەر ئەوە رێك بکەون چـی بنووسـرێ و، کـەی بخرێـتە بـەر دەمـی کۆبوونـەوەی پەرلـەمان، کـاك سـعدی بۆیـە پەلەیـەتی دەڵێت نەوەکو (علی حسن مجید و طه جەزراوی) بەرەڵا بکەن.

باشـە ئێسـتا دێیـنە سەر خـاڵی دووەم: بەرچاوخسـتن و گفـتوگۆکردن لەسـەر پێشـنیازی ئاراسـتە کـردنی بروسکەی پیرۆزبـایی بـۆ ئەنجومـەنی حوکم لە بەغدا، فەرموو کاك کاکەڕەش پێشکەشیان بکە ئەو پێشنیازەی ئێمە کردوومانە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان. ئێستا دەقی ئەو بروسکەیەی کە ئامادەکراوە بۆ ئێوە بەڕێز دەخوێندرێتەوە:

بسم الله الرحمن الرحيم

**مجلس الحكم الموقر/ بغداد**

يرحـب المجلس الوطني لكردسـتان العـراق بتأسيس مجلسكم الموقر ويتمنى لكم التوفيق في مهامكم النبـيلة وفي مقدمـتها أسـتتباب الأمـن والأسـتقرار في ربـوع الوطـن وإحـياء البنـية التحتـية للاقتصاد الوطني والمؤسسات الخدمية والنهوض بالمجتمع العراقي في مجالات العلم والثقافة والعمران، تعويضـاً لمـا فاتـته في الأعـوام المظلمة السابقة بسـبب تسـلط الفـئة الدكـتاتورية المجـرمة عـلى زمـام السلطة لفترة تزيد على ثلاثة عقود، ذاق فيها الشعب العراقي مر العذاب.

وفي هـذا المجـال يـبدي المجلس الوطني لكردستان العراق أستعداده الكامل لتقديم كل ما في وسعه من أجـل إحـراز الـنجاح والـتقدم في درب الحـرية والديمقراطـية وإحـترام حقوق الإنسان وتحقيق المساواة بـين كافـة الأديان والطوائف والقوميات وبين المرأة و الرجل والسير قدماً نحو تحقيق الهدف المنشود في تأسـيس عـراق ديمقـراطي فـيدرالي يتمـتع فـيه كافة أبناء الشعب بحياة حرة سعيدة ويتمكن من ممارسـة حقوقـه وواجـباته دون عـائق أو تمييـز. وبهـذه المناسبة يصـر المجلس الوطـني لكوردستان العـراق بدعوتكـم لـزيارة الإقلـيم ليتسـنى لكـم الإطلاع على حقيقة الوضع عن كثب وللتداول حول مستقبل البلاد والأمور التي تهم الطرفين ولتحديد العلاقات بيننا.

وتفضلوا بقبول وافر التحية والأحترام

اجتماع المجلس الوطني لكردستان - العراق

أربيل - ٢٠٠٣/٨/٢٧

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بەڕێز كاكەڕەش، ئەگەر لەو بارەیەوە سەرنج و تێبینییەك هەیە با بفەرموون، ناوەكان دەنووسین لە پێشەوە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ناوانەن كە داوایان كرد گفتوگۆ لەسەر بابەتەكە پێشكەش بكەن كە (كاك سالار، كاك د.رزگار، كاك حاكم سەفەر، زەهرا خان، كاك بهمەن، مەلا محمدامین چەمچەماڵی، كاك سیروان كاكەیی، كاك مەلا محمود دێرشەوی).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر كەسی تر نییە دەست دەكەین بەناوەكان فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی سەرنجی ڕاكێشام لەو نووسینە زیاتر، باسی (ربوع الوطن) دەكات، بەرای من ئەگەر ئەو وشەیە بتوانین لای ببەین، بڵێین (ربوع العراق) ڕەنگە باشتر بێت، لە جیاتی ئەوەی بڵێین (ربوع الوطن) ئەوە یەكێك لەوانە. بەڵام بەڕاستی ئینسان ناتوانێ هەر بە خوێندنەوەیەكی ئەوها بزانێ ناوەرۆكی ئەو شتە چییە، بە یەك كلیمە لەوانەیە مانایەكی تر بدات كۆمەڵێك شتی تر بگۆڕێت، بۆیە باشتر وایە یان باشتر وابوو بە نووسراو لەبەر دەماندا بێت و، باش دیراسەی بكەین و بیخوێنینەوە و، ئەو كاتە سەرنج و تێبینییەكانی خۆمان بڵێین، ئەگەر ڕوخستەیش بێت قسەیەك ڕەنگە پەیوەندیشی بەوەوە نەبێت زۆر، ئەوەیە كە لە كۆبوونەوەی پێشویا كە لێژنەكان كۆبوونەوەمان كرد، هەندێ مەسائیل باس كرا كە تەوەقوعمان دەكرد كە بەڕاستی لەو كۆبوونەوەیە باس بكرێت، بەتایبەتی مەسەلەی دەستور و مەسەلەی فیدراڵی و ئەو شتانە، مەسەلەی ئەو كەم وكوڕیانەی كە لەناو ئەو دەستورەیا هەیە یاخود بۆچوونی مەجلیسەكە سەبارەت بە تێڕوانینیان بۆ مەسەلەی فیدراڵی وەكو ئێستا كە ئێمە دەی بیستین، جا نازانم ئەوە لە دانیشتنەكانی داهاتووا دەبێت یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە ناوەكان تەواو دەكەین ئەوجا دەچینە سەر ئەو باسە، بەڵام بۆ زانینی ئێوە ئێمە بروسكەیەكمان كرد بۆ لێژنەی دەستوری، پیرۆزبایی و باسی دەستورەكەی خۆمانمان كرد و پێشنیازمان كرد كە تەبەنی ئەو دەستورە بكەن، لە پاشان دەتوانین ئەوەشتان پێشكەش بكەین،

بەڵام ئەوە نەختێك پەلە بوو هەر زوو بەناوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانەوە ڕەوانەمان كرد، فەرموو كاك د.ڕزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.ڕزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پیرۆزبایی لە جەنابی ئێوە دەكەم كە دەستەی سەرۆكایەتی ئەم پەڕەگرافەی ئامادە كردووە بە شتێكی سەنگین و پیرۆزی دەزانین، تەنها من تێبینییەكم هەیە دەمەوێت لێرە ئیزافەی بكەم سەرەڕای ئەوەی لە پەڕەگرافەكە هاتووە، ئەویش كە باسی (ئەمن و ئیستقرار و بونیەی تەحتی و نیزامێكی فیدراڵی و دیموكراتی) دەكرێ من دەمەوێ ئیشارەتی بروسكا بێتە كردنێ، چونكە وەكو تاریخ دەمینێت، ڕۆژێكی كە لێرە ئیشارەت بكەین بۆ سزا دانا وان تاوانبارا ئەوەی كو تاوان دژی گەلی كورد و دژی گەلی عێراقێ هەمی تۆمار كردووە، لە بروسكەكە ئیشارەتی بۆ بێتە كردنێ، دادگایەكی تایبەت بێتە دامەزراندن، بۆ دادگایی كردنی وان تاوانبارا كە هەندێ قوربانی بە دەستی وان چووینە، قوربانی بێ گوناح، من لێرە بە پێویستی دەزانم ئەوەش لە بروسكەكە بێتە ئیشارەت كردن لە جێگای خۆی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك د.ڕزگار، فەرموو زەهرا خان.

**بەڕێز زهراء حاجی طه سلیفانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرەی (لما فاتته في الأعوام) (الأعوام) ببێتە (لما فاتته العراق) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قەیناكە هەر وەكو باستان كرد، ئەگەر هەر یەكە نوسخەیەك وەربگرێت لە پاشان ئەو شتانە هەمووی ڕەچاو دەكرێت، ئەگەر هەڵەیەكی تێدا بێت ڕاست دەكرێتەوە، ئەگەر پێویستیش بوو شتی تریشی دەخرێتە سەر، ئەوەی كە نووسراوە تەنها پێش نیازێكە كە قابیلی كەم و زیادكردن و گۆڕانكارییە، فەرموو كاك بەهمەن.

**بەڕێز صباح حسین عثمان (بهمن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بروسكەكەوە ئەگەر مەسەلە لەناوبردنی بەعس و ئەو قسەی كە كاك د.ڕزگار كردی، دادگایی كردنی تاوانباران بخرێتە سەری وەك پێشنیارێك. دوو: مەسەلەی ماڤی كورد لە چوارچێوەی عێراق، لێرە كە ئیقراری پێ كراوە، بە زەقی ئیشارەتی پێ بدرێت. سێ: مەسەلەی سیاسەتی تەعریب و تەتهیری عرقی كە مومارەسە كراوە ئەو حەیفە لەسەر كوردستان هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ كاك بەهمەن ئەوە بروسكەیەكی پیرۆزباییە، جێگای ئەو هەموو شتەی تێدا نابێتەوە، بەڵام ئێمە لە دواییدا لە كۆتاییەكەی دەعوەتمان كردوون بۆ ئەوەی بێن باس لەو شتانە بكەین، چونكە ئەوە ئەگەر بینوسین هەر چەندە بنووسین لەوانەیە حەقی خۆمان نەدابێتێ، لەبەر ئەوە

تەركیزمان كردووە لەسەر پیرۆزباییەكە و، دەعوەت كردنەكەیان بۆ ئێرە و، هەروەها هەندێك مەسائیلی تر كە عومییاتە، بۆیە بەو شێوەیە هاتووەو زۆر تەفصیلمان نەداوەتێ، فەرموو مامۆستا محمدامین چەمچەماڵی.

**بەڕێز محمدامین عبدالحكیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی دەستتان خۆش بێت شتێكی زۆر باشە، بەڵام بەڕاستی درەنگە دەبووایە زووتر بكرابایە، من پێم وایە وەكو كاك د.رزگاریش گوتی ئەوە بروسكەیەكی مێژوویە وەكو وەسیقەیەك دەمێنێتەوە، ڕاستە ناتوانی هەموو شتێكی تیا بڵێی، بەڵام ناشكرێ گەلێك لە مەسەلەكان ئیهمال بكەی، مەسەلەن زیاتر كوردستانییەتی پێوە دیار بێت، باسی ئەو هەڵبژاردنەی پەرلەمان بكرێت كە لە كوێوە هاتووە و چۆن بووە، بەڕای من ئاماژە بۆ مەسەلەی فیدراڵیەت زۆر بە هێزەوە بكرێت، كە چەند ئەوانە دەتوانن هاوكاری ئەوانە بكەن. یەعنی من لەگەڵ ئەوە دام وەكو كاك سالاریش هەر باسی ئەوەی كرد، ئێستا ناكرێت هەموو خاڵەكان باس بكەین بەڵام من شەش حەوت خاڵ تێبینیم هەبێت، ئەم بروسكەیە بمان درێتێ ئێمە بەیانی لێرەین، با هەر یەكە لای خۆی بێت ئەگەر بەیانی پوختی بكەین یان بیدەینە لێژنەی یاسا، بۆ ئەوەی خیتابێكی بەقوەتی وا بێت، ئەگەر تاریخییەن بمێنێتەوە شتێكی پێوە دیار بێت كە ئەوە لە پەرلەمانێكەوە چووە، زۆر سوپاستان دەكەم تۆزێك بە زەعیفی دەزانم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا محمدامین جارێكی تر دەڵێمەوە ئەوە بروسكەی پیرۆزباییە، ئەوەی تۆ دەیڵێی دەتوانین لە موزەكەرەیەكا بینووسین، ئەوە جاران كە لەگەڵ برادەرانی كوردستانی باكور دادەنیشتین باسی مەسەلەكانمان دەكرد، لە شەڕی چالدیرانەوە پێ دادەهاتن سێ سەعات تێدەپەڕێ ئەوجا دەگەیشتینە شۆڕشی ئۆكتۆبەر، ئینجا ئێمەش بەڕاستی نامانەوێت موزەكەرەكەی ئێمەش وای لێ بێت وا دوورو درێژ بێتەوە، خۆی بروسكەیەكی پیرۆزباییە لە دواییدا لە مداوەلاتا كە لەگەڵیان دەكەین و، پاشان ئەتوانین موزەكەرەیەكیان بدەینێ، فەرموو مامۆستا دێرشەوی.

**بەڕێز ملا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو بروسكەیە لە جێگای خۆی دایە، بەڵام دوو سێ تێبینی كورتم هەیە لەسەر هەنە، یەك: وەكو هەموو بروسكەیەكی پەرلەمانی حەقە (بسم الله) یان بەناوی خوای تێدا بێت لە سەرەتادا. دوو سێ جاریش ناوی (اقلیم) هاتووە وتن، ئەگەر (اقلیم كوردستان) بێتە تەسبیت كردنێ، هەر چەندە جارێك و دووش هاتووە، بەڵام هەر جارێكی ئەگەر وشەی (اقلیم) هات كوردستانیشی لەگەڵ بێت من دبینم گەلێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس مامۆستا، فەرموو كاك سیروان كاكەیی.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکان زۆری باس کران بە حەقیقەت، تەنها ڕەنگە یەك تێبینی مابێت، ئەویش باسکرا (عیراقی دیموکراتی فیدرالی) ئەگەر وشەی پەرلەمانیشی لەگەڵدا هەبێت پێم وایە باشترە و ڕێکتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر گوتت دیموکراتی یەعنی پەرلەمانی، چونکە دیموکراتی بەبێ پەرلەمانی نابێت، ئەگینا ئینسان دەتوانێ زۆر شتی تیا بکات، بڵێت (تعدودی و ئیتحادی) ئەم شتانەشی هەموو بنووسرێ، بەڵام کە گوتت دیموکراتی هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، یەعنی ئێمە هیچ لاریمان نییە لەوەی کە پەرلەمانیشی بخرێتە سەر، بەڵام ڕەنگە پێویست نەبێت، کە گوتت دیموکراتییەت، دیموکراتییەت بەبێ پەرلەمان نابێت، ئێستا ئەو ناوانەی کە نوسرابوون هەموو قسەیان کرد، وا دیارە بەشی زۆری ئەوانەی کە قسەیان کرد لەو باوەڕەدان ئەگەر بە نووسراوی بخرێتە بەر دەمیان بۆ ئەوەی لە پاشانا بتوانن بیروڕای خۆیان باشتر لەسەری ڕوون بکەنەوە و، هەروەها بتوانن ئەو پێشنیازانەی کە هەیانە بە نووسراویش بۆمان بنووسن، ئینجا ئەگەر ئێستا قسەی تر نەمابێت، فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم کرد لە قسەی هەموو برادەران، زیاتر مەسەلەکە زمانەوانییە یان گۆڕینی وشەیەك بە وشەیەکی ترە، من پێم وایە ئێستا دەسەڵات بدرێت بە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەی کە پێشنیارێکی هەیە وەکو ئەوەی کە زەهرا خان باسی کرد یان کاك سالار باسی کرد، سیاغەی بکەن و ئیستفادەی لێ بکەن، ناوی خوای لێ بهێنن و بینێرن، چ پێویست ناکات جارێکی تر کاتی پەرلەمانی پێ بکوژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدی ئەوی گوتت بەو شێوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا با هەموو دڵیان ئاو بخواتەوە، بیبینن و بیروڕای خۆیان بڵێن لەو بارەیەوە، فەرموو کاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت باشت ڕوون کردەوە ئەوە موزەکەرە نییە بەڵکو پیرۆزباییە، لەبەر ئەوە لەگەڵ ڕێزمدا تەبعەن ئەو تێبینییانەی کرا فعلەن تێبینی چاکن، بەڵام من پێم وایە مادەم قەرار درا هەر یەکەو نوسخەیەکیان بدرێتێ بۆ ئەوەی بەیانی دوا سیغەی ئامادە بێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئێمە گفتوگۆی نەکەین یەکسەر بخرێتەوە بەرچاو و بدرێتە دەنگدان، یەعنی ئەو تێبینییانەی هەنە با برادەران تێبینییەکانیان تەقدیم بکەن، بەڵام لەبیر نەکرێت ئەمە موزەکەرە نییە، ئەمە بروسکەیە، ئەگەر پێویستمان بە موزەکەرە بێت ئەوە شتێکی ترە دەتوانین موزەکەرەیەکی دوورو درێژ بنووسین وباسی هەموو داخوازیەکانی خۆمان بکەین، باسی هەموو تێبینییەکان بکەین،

باسی هەموو خەباتی خۆمان بکەین، وەکو جەنابت فەرمووت حەز دەکەی لە چاڵدێرانەوە پێدادەچین هەتا ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، باشە ئەوە دەقی بروسکەکەمان نارد بۆ ئەوەی لەسەری بگرنەوە، ئەو کاتە هەر کەسەو نوسخەی خۆی وەردەگرێت، من جارێکی تر دەیڵێمەوە لە پێشەوە ئسوڵ وایە ئینسان پیرۆزباییەك بکات، ئینجا لە دوایا دەتوانین موزەکەرەیەکی دوورو درێژیان بدەینێ، ئەوە لە یاد مەکەن هەر لە سەرەتاوە داخوازی دەست پێ بکەین، ڕەنگە بە داخوازی زل و قەبەوە دەست پێ بکەین، ڕەنگە دەنگدانەوەکەی باش نەبێت، بەتایبەتی ئێستا دەزانن ئەنجومەنی حوکم لە ژێر پاڵە پەستۆی زۆر لایەنایە، یەعنی ئەو لایەنانەی کە دژی ئەو پرۆسەی ئازادی و دیموکراسییەن کە لە عێراق دەستی پێ کراوە، ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە پێویستە پیرۆزباییان لێ بکەین بۆ ئەوەی کە دامەزراون و، سەرکەوتنیان بخوازین ئەوجا چاودێری هەموو هەنگاوەکانیان بکەین و بەپێی ئەوە نەك یاداشتێك یان چەند یاداشتێکیان بدەینێ یەك لەدوای یەك یاداشتیان بدەینێ، وەفد بنێرین بۆ لایان، ئەوە ئێستا دەعوەتمان کردوون کە بێن بۆ ئێرە، یەعنی خۆی ئەوە مانایەکی زۆر گەورە دەگەیەنێ، کە ئێمە دەعوەتی ئەوانمان کردووە بۆ ئێرە بۆ ئەوە باسی دووا ڕۆژ بکەین لە عێراق، یەعنی ئێوە ئەو بڕگەیەی دووای کە نووسراوە ئەوە ڕەنگە لە هەموو بروسکەکە گرینگتر بێت، قورسایی مەسەلەکە لەوێدایە، ئێمە ئەوانمان بانگکردووە بۆ ئەوەی وتووێژیان لەگەڵدا بکەین لەبارەی دووارۆژی عێراق و، چی بکرێت باشە، ئینجا حەز دەکەم ئەوەیان ڕەچاو بکەن. کاك بەختیار فەرموو.

**بەڕێز حیکمەت محمد کریم(مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا هەر چەندە مەوزوعەکە تەواو بوو، بەڵام من بەڕاستی پێم خۆش نییە دەعوەتەکە لە پیرۆزنامەکە بێت، دەعوەتەکەش ڕێگەیەتی تری بۆ بدۆزینەوە، تۆ پیرۆزبایی دەکەی ئیتر دەعوەتەکە مەخرەجێکی تری یان شوێنێکی تری بۆ پەیا بکەین باشترە، دەعوەتەکە زۆر باشە بەڵام پێم وابێ لە بروسکەی پیرۆزبایی جێی نابێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە با بزانین لەو ڕەئیانەی کە دێن بزانین دەڵێن چی، ئەو کاتە بڕیارێکی لێ دەدەین، ئێستا ئێمە دەچینە سەر خاڵەکانی تری بەرنامەی کار، ئەویش بەرچاو خستن و گفتوگۆکردنە لەسەر پێشنیاری ڕاگرتنی چەند ماددەیەك لە یاساکانی سزای عێراق. با کۆمیتەی یاسایی بفەرموون ئەوەی نووسراوە پێشکەشی بکەن، خوێندنەوەی بەرایی وەکو دەڵێن، بەڵام بۆ وتووێژ و لێکۆڵینەوە ئەوە دەتوانین بخەینە کۆبوونەوەیەکی تر، فەرموو کۆمیتەی یاسایی با بفەرموون بۆ ئێرە، فەرموو لێژنەی قانونی.

بەڕێز احمد شريف:

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٣ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( )لسنة ٢٠٠٣

**المادة الاولى:** إيقاف العمل بمواد الباب الأول من الكتاب الثاني من قانون العقوبات العراقي المرقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاص بالجرائم الماسة بأمن الدولة الخارجي والتي تبدأ من المادة (١٥٦)وتنتهي بالمادة (١٨٩).

**المادة الثانية:** إيقاف العمل بالمواد التالية في الباب الثاني من الكتاب الثاني من قانون العقوبات العراقي المرقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاص بالجرائم الماسة بأمن الدولة الداخلي والتي تبدأ من (١٩٠)إلى (١٩٥)ومن (١٩٨) إلى (٢١٩).

**المادة الثالثة:** إيقاف العمل بالمواد التالية في الباب الثالث من الكتاب الثاني من قانون العقوبات العراقي المرقم (١١١)لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاصة بالجرائم الواقعة على السلطة العامة وهي المواد (٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٢٨).

**المادة الرابعة:** لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**المادة الخامسة:** على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**المادة السادسة:** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.رۆژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە داوایەکەو لەگەڵە داواکە چەند ئەندامێك لە برا بەڕێزەکان ئیمزایان کردووە، پێویستە بخوێندرێتەوە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بابەت/ پرۆژەی بڕیار

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ و، برگە یەك لە ماددەی (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، هاوپێچ پرۆژەی یاسایی هەموارکردنی یاسای سزای عێراقی ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٩٦ تان بۆ بەرزدەکەینەوە بۆ ئاگاداری و پێشکەش کردنی بۆ دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ بڕیاردان لەسەری، لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەو ئەندامانەی ئیمزایان کردووە:

١ـ جلال خۆشناو.

٢ـ نهلە محمد.

٣ـ شفيقە فقێ عبدالله.

٤ـ أحمد على دزەیی.

٥ـ چەتۆ رەئوف حەوێزی.

٦ـ نعمت عبدالله پیرداود.

٧ـ بكر احمد يعقوب.

٨ـ حميد سليم ميران.

٩ـ عرفان نەقشبەندی.

١٠ـ حمە على تۆفيق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جا ئێستا دێینە سەر پێشنیازی دووەم. بەڵێ لە بەرنامەکەماندا دەبێت بە خاڵی چوارەم، ئەوەی کە ئێستا پێشکەش کرا خاڵی سێیەم بوو، ئێستا دەچینە سەر خاڵی چوارەم، فەرموون.

**بەڕێز احمد شريف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

بابەت/ پرۆژەی بڕیار

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ و، برگە یەك لە ماددەی (٧١) پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، هاوپێچ پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای ئصولی محاکەماتی جەزائی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٧١ هەموارکراوی عێراقی

ژمـاره (١١١)ی سـاڵی ١٩٦٩تـان بـۆ بـەرز دەکەیـنەوە بـۆ ئاگاداری و پێشکەش کـردنی بـۆ دانیشـتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ بڕیاردان لەسەری، لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەو ئەندامانەی ئیمزایان کردووە:

١ـ جلال خۆشناو.

٢ـ نهله محمد سعید.

٣ـ شفیقه فقێ عبدالله.

٤ـ أحمد علی دزەیی.

٥ـ چەتۆ ڕەئوف حەوێزی.

٦ـ نعمت عبدالله پیرداود.

٧ـ بکر احمد یعقوب.

٨ـ حمید سلیم میران.

٩ـ عرفان نەقشبەندی.

١٠ـ حمه علی تۆفیق.

ئەمەش دەقی پرۆژەکەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٣ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٣

ايقاف العمل بمواد قانون الاصول المحاكمات الجزائية العراقي رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ و كالاتي:

المادة الاولى:

يوقف العمل بالفقرة (جـ) من المادة (٦١) و يحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:

(إذا كان الشاهد لايفهم اللغة التي يجري بها التحقيق أو كان أصم أو أبكم يعين من يترجم أقواله أو إشاراته بعد تحليفه اليمين بأن يترجم بصدق وأمانة).

**المادة الثانية:**

يوقف العمل بالمادة (٧٠) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:

(لقاضي التحقيق أو المحقق أن يرغم المتهم أو المجني عليه في جناية أو جنحة من التمكين من الكشف على جسمه وأخذ تصويره الشمسي أو بصمة أصابعه أو قليل من دمه أو شعره أو أظافره أو غير ذلك مما يفيد التحقيق لإجراء الفحص اللازم عليها ويجب أن يكون الكشف على جسم الأنثى بواسطة أنثى كذلك.

**المادة الثالثة:**

يصبح أصل المادة (١٣٣) من قانون أصول المحاكمات الجزائية المرقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ وتعديلاته فقرة (أ) لها وتضاف اليها ثلاث فقرات أخرى في اقليم كوردستان بتسلسل (ب، جـ، د).

ب- قبل مساءلة المتهم على قاضي التحقيق إعلام المتهم بأن لديه حق السكوت ولا يسمح بأي شكل من الأشكال بالتدخل في قرار المتهم حول ممارسته حق السكوت.

جـ- للمتهم الحق في توكيل محامي وإذا لم يكن بمقدوره توكيل محامي على المحكمة تأمين محامي له دون أن يتحمل المتهم نفقات ذلك.

د- قبل مساءلة المتهم على قاضي التحقيق أو المحقق العدلي اخذ رأيه فيما إذا كان لديه رغبة في توكيل محامي ينوب عنه فإذا رغب المتهم بذلك على قاضي التحقيق أو المحقق العدلي عدم مساءلته لحين توكيل المحامي أو تعيين محامي له من قبل المحكمة.

**المادة الرابعة:**

يوقف العمل بالمادة (١٣٦).

**المادة الخامسة:** يوقف العمل بالمادة (١٤٤) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:

(ينـدب رئيس محكمة الجنايات محامياً للمتهم في الجنايات إن لم يكن قد وكل محامياً عنه وتحدد المحكمـة أتعاب المحامي عـند الفصل بالدعوى تتحملها خزينة الدولة ويعتبر قرار الندب بحكم الوكالة وإذا أبدى المحامي عذراً مشروعاً لعدم قبوله التوكل فعلى الرئيس أن يندب محامياً غيره).

**المادة السادسة:**

يوقف العمل بالفقرة (ب) من المادة (١٦٨) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:

(يـؤدي الشاهد شهادته شفاهاً ولا يجوز مقاطعته أثناء أدائها وإذا تعذر عليه الكلام فتأذن له المحكمـة بكتابة شـهادته ولـلمحكمة أن توجه إلـيه بعد الفراغ من شهادته ما تـراه من الأسـئلة لازمـاً لظهـور الحقـيقة ويجـوز للادعـاء العـام والمشـتكي و المدعـي المدنـي والمسؤول مدنياً والمتهم مناقشة الشاهد وتوجيه الأسئلة والأستيضاحات اللازمة لإظهار الحقيقة.

**المادة السابعة:**

يوقف العمل بالفقرة (أ) من المادة (١٨٤) ويحل محلها في أقليم كوردستان مايلي:

(لقاضـي التحقـيق وللمحكمة بناءًا على طلب الإدعاء العام أو الجهة الإدارية المختصة وضع الحجـز الاحتـياطي عـلى أمـوال المـتهم إذا كـان الفعل المسند إليه يشكل جريمة واقعة على حقـوق أو أمـوال الدولـة ومـا هـو في حكمهما قانوناً بما في ذلك الأموال المعتبرة من الأموال العامـة أو المخصصـة لأغراض النفع العام ولا يحول ذلك دون وضع الحجز من قبل السلطة القضائية المختصة مباشرة عند الاقتضاء ولو لم يقدم إليها طلب بذلك).

**المادة الثامنة:**

يوقف العمل بالفقرة (أ)من المادة (١٩٩) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:

(لرئـيس الأدعـاء العـام أن يطلب الى محكمـة التمييـز وقـف إجـراءات التحقـيق أو المحاكمة مؤقتاً أو نهائـياً في أيـة حالـة كانـت عليها الدعوى حتى صدور القرار فيها إذا وجد سبب يبرر ذلك).

**المادة التاسعة:**

يوقف العمل بالمادة (٢١٨) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي:

(يشترط في الإقرار أن لايكون قد صدر نتيجة إكراه).

**المادة العاشرة:**

يوقف العمل بالمواد (٢٢١و ٣٠٦) والفقرة (ب) من المادة (٣٧١).

**المادة الحادي عشر:**

يوقف العمل في اقليم كوردستان بمواد الباب الثاني والتي تبدأ بالمادة (٢٨٥) وتنتهي بالمادة (٢٩٣).

**المادة الثاني عشر:**

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**المادة الثالث عشر:**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**المادة الرابع عشر:**

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.رۆژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك احمد، ئێمە ئێستا لە خوێندنەوەی پرۆژەكان بووینەوە و، هاتینە سەر خاڵی چوارەم و كۆتایی، ئێمە ئەوە حەواڵەی لیژنەی یاسایی و ناوخۆیی دەكەین، بۆ ئەوەی كەوا ئەوەی پێویستە لەو بارەیەوە ئامادەی بكەن، چونكە داخوازییەكی زۆر هەیە كە ئەصڵی یاساكە و، لەگەڵ گۆڕانكاریەكانیشا بخرێتە بەردەمی ئەندامانی بەڕێز بۆ ئەوەی سەیری بكەن ئەوجا بێنە ئێرە لێی بكۆڵنەوە، هەر چۆنێك بێت ئێمە هەنگاوی یەكەممان ئەوە بوو كە خوێندنەوەی بەرایی، یەعنی بەپێی ئەو دەستورەی كە لەسەری دەڕۆین، ئەوە كرا، ئینجا بۆ لێكۆڵینەوەو بڕیاردان لەسەری ئەیخەینە كۆبوونەوەیەكی داهاتوو و، پێش ئەوەش وا دەكەین كە هەموو ئەندامان یاساكە و، ئەو گۆڕانكاریانەش سەیر بكەن بۆ ئەوەی ئەگەر لەو بارەیەوە سەرنج و تێبینییەكیان هەبێت بفەرموون، یەعنی ئێمە خۆشمان سەرنج و تێبینیمان هەیە لەسەر گۆڕانكاریەكان، ئەوە هەمووی هەڵدەگرین بۆ كۆبوونەوەیەكی داهاتوو، هیچ كەسێك هەیە لەو بارەیەوە قسەی هەبێت؟ كاك سعدی فەرموو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وێڕای ئەو سوپاس نامەیەی کە بۆ ئەنجومەنی کاتی عێراق دەنێردرێت، ئەو بژار کردنەی قانونەکانی عێراق بەتایبەتی ئەوانەی کە قانونی دژی مافی مرۆڤ و مەبادیئی فەسلی سوڵتات و ئەوانەن، لێرە بەپێی مەرامی خۆمان، ڕەنگە ڕێگای داڕێشتنەوەی مسوەدەی دەستور لەوێ کورت دەکاتەوە، هەم یارمەتییەکی زۆر باشی ئەو ئەندامانەی کۆمسیۆنی دەستور دەدەین کە نوێنەری ئێرەن، من بەباشی دەزانم کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لێرە فەعال بێت بۆ ئامادەکردنی ئەو نەوعە بژارکردنە بەتایبەتی ڕەنگە لەناو ئەنجومەن بیروڕاو بۆچوونی جیا هەبێت لەسەر هەندێك لەو مەسائیلانە، هەندێك هەیە بیەوێت ئیحتفازی پێ بکات. ڕەقەم دوو: ئەوەی بەبەر گوێم کەوتووە، زۆربەی برادەران دەناسم کە سوئالی گرینگ لەسەر ڕموزی سیادەیە، ڕموزی سیادە لەسەر عێراق، مەسەلەی عوملە، مەسەلەی عەلەم، مەسەلەی دراو، ئەو شتانەی کە پێی دەوترێت ڕموزی سیادە، ئێمە لێرە ئەگەر مەجموعەیەك پێشنیار بکەین ڕەنگە ئەوەش خصوصیەتی کوردی تێدا تەسبیت بکرێت هەم کۆمەکیەکە هەم تەقریبەن دەبێتە ئەمری واقعیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەتوانین هەموو ئەو پێشنیازانە ڕەچاو بکەین بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتوو، بێ ئەوەی ببن بە هۆی ئەوی کەوا ئەو بروسکەیە دوا بکەوێ، دەتوانین ئەوە بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتوو بەچێ بهێڵین، فەرموو کاك د.سەردار.

**بەڕێز سردار محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە مەسەلەی تەقینەوەی یوئێنیش، ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ ئەوەش بروسکەیەکی هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەقینەوەی ئەوەی بەغدا؟ بەڵێ. باشە ئێوە ئەو شتانە هەمووی پێشکەش بکەن لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوە دەبێت، فەرموو کاك حاکم سەفەر.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە سەیری ئەو برادەرانە دەکەین ئەندامانی پەرلەمان کە ئەوی هەردوو پرۆژە تەقدیم کردوو و پێشکەشی کردین. دەبینین هەردوو پرۆژەکە قانونی صرفن، بەڵام مەعەئیحترامی بۆ هەموو برادەران هەمووی عەزیزن، هیچ قانونی تێدا نییە، وا بزانم شتێکی نەئصوڵییە، ئەوە یەك. دوو: من گوتم هەردوو پرۆژە قانونی صرفن، عەلەل ئەقەل دە دوازدە برادەری قانونی هەنە، عەلەل ئەقەل دوو سێ برادەری قانونی تێدا بایە، ئەوە یەك. دوو: برادەرێك گوتی ئەندامی لیژنەی قانونی نابێت تەوقیعی پرۆژە بکات، من تەئکیدم دەتوانن تەوقیع بکەن، یەك برادەر دوو برادەر

لەسەر ئەو پرۆژانە، لیژنەی قانونی بە ئەکسەریەت دەردەچێت، ڕجا دەکەم جارێکی تر شتی وا ڕەچاو بکەن و موراعات بکەن، وابزانم شتێکی شکلی و قانونییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حاکم سەفەر، ئەوە بەڕێز کاک کاکەڕەش بۆتان ڕوون دەکاتەوە کە مەسەلەکە چۆنە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە لە لیژنەی یاسا ئامادەکراوە، لەسەر ئەو ئەساسە ئامادەکراوە لە بەغداد جەنابی بریمەر ئەوانەی ڕاگرتییە، بەپێی ئەو صەلاحیەتەی کە هەیەتی وەکو سوڵتەی موحتەل، حەقی لەغوو کردنی قەوانینی نییە تەنها حەقی هەیە ڕایگرێت، بۆیە لێرە لە لیژنەی قانونی وەك کوڕاسەیەك بە زمانی ئینگلیزی تەقدیمی ئێمەکرا، تەرجومە کرا لەسەر ئەو ئەساسەی ئێمە چەند ماددەیەکمان لێ دانا کە ئەوان ڕایانگرتبوو لێرە دەستمان لێ نەدا وەکو پێویست، تایبەت بوو بە قانونی مەتبوعات چونکە لە قانونی مەتبوعات هیچ شتێك نەهاتبوو کەوا سزا شتێکی تیا بێت، بۆیە مەعتەل دەبووین ئەگەر تەجاوزێك شتێك لەسەر خەڵکەکە هەبایە لە قانونی مەتبوعات لەبەر ئەوە دەستمان لێ نەدا چەند ماددەیەك، ئەوانی تریش چەند ماددەیەك دیسان دەستمان لێ نەدا کە گونجاو نەبوو لەگەڵ زروفی ئێرە ئێمە دەستمان لێ نەدا، بەڵام ئەوانەی لە بەغداد ڕاگیراون بەپێی ئەو کوڕاسەیەی کە تەقدیمی ئێمە کراوە لەلایەن سوڵتەی حولەفا، ئەلێرە کە دراوەتە لیژنەی قانونی، لێرەش لیژنەی قانونی ئامادەی کردووە بەپێی ئەو بڕیارەی کە ئەوان داویانە، ئینجا دراوەتە ئەو برادەرانەی ئەندامانی پەرلەمان بۆ پەسەند کردنی و، ئەوانیش دە کەس بەو شێوەیە ئیمزایان کردووە، ئەوانی ئامادەیان کردووە هەمووی قانونی بووینە، غەیری قانونی تێدا نەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی بڕیاری پەرلەمان هەر بڕیارێك لە سوڵتەی مەرکەزی دەرچووبێت لە پاش ساڵی ١٩٩٢ هەتاکو ئێستا، هیچ قەرارێك لێرە نافز نەبوو تەنها ئەگەر پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی نەدابیتێ و، پەرلەمانی کوردستان هەتا ئێستا هیچ قەرارێکی شەرعیەتی پێ نەداوە ئەوەی لە سوڵتەی مەرکەزی دەرچووە تاوەکو ٤/٩، ئێستا وەکو بڵێی نەوعە ئیزدیواجیەتێك هەیە، ئێستا ئیدارەی ئەمریکی لە بەغداد ئەو بڕیارانەی دەرکردووە، ئەو بڕیارانە عەجەبا بۆ عمومی عێراقی دەرکردووە یان کوردستانی جیا کردۆتەوە نازانین چۆنە وەزعە قانونیەکەی، مەفروزە ئێمە میکانیزمێك پەیا بکەین لەگەڵ سوڵتەی حوکم بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو مەسەلانە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە، فەرموو کاك حاکم سەفەر.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من لەسەر ئەوەیە، هەر دە برادەری بەڕێز کە مەشروعەکەیان تەوقیع کردووە، مەشروع بەناوی بریمەر نەهاتووە، مەشروعەکە بەناوی دە ئەندامی پەرلەمان هاتووە، من باسی ئەوەم دەکرد ئەگەر دوو سێ ئەندامی قانونیشی تێدا بێت زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، جا ئەگەر لەو بارەیەوە هیچ سەرنج و تێبینییەك نەمابێت ئێمە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ دەهێنین؟ بەیانی سەعات دە جارێکی تر لێرە کۆدەبینەوە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو پێشنیازانەی کە لێرە کراون، زۆر سوپاس.

**کاکەرەش محمد نقشبندی**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٢)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٧/ ٨/ ٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٢)

## چوارشه‌ممه رێکه‌وتی ٢٠٠٣/٨/٢٧

کاتژمێر (١٠)ی سه‌ر له به‌یانی رۆژی چوار شه‌ممه رێکه‌وتی ٢٠٠٣/٨/٢٧ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانی عێراق به سه‌رۆکایه‌تی به‌ڕێز د.کمال فؤاد عبدالكريم جێگری سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن و، به‌ڕێز کاکه‌ره‌ش محمد نقشبندی سکرتێری کاتی ئه‌نجومه‌ن، دانیشتنی ژماره(٣٢)ی خولی گواستنه‌وه‌ی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی کار:**

به پێی حوکمه‌کانی برگه (١)ی مادده (٢٠) له پێڕۆی ناوخۆی ژماره (١)ی هه‌موارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بڕیاری دا به‌رنامه‌ی کاری دانیشتنی ژماره (٣٢)ی خولی گواستنه‌وه له کاتژمێری (١١)ی سه‌ر له‌به‌یانی رۆژی چوار شه‌ممه رێکه‌وتی ٢٠٠٣/٨/٢٧ دا به‌م شێوه‌یه بێت:

٥- ناردنی بروسکه‌ی پیرۆزبایی بۆ ئه‌نجومه‌نی حوکمی کاتیی له به‌غداد.

٦- دانانی ئه‌ندامی په‌رله‌مان به‌ڕێز تاریق جامباز له لیژنه‌ی هه‌ڵبژاردن له‌جیاتی ئه‌ندامی په‌رله‌مان به‌ڕێز عه‌بدولکه‌ریم حاجی کاکه حه‌مه.

٧- گفتو گۆ کردن له سه‌ر رووداوه‌کانی ئه‌م دوایی‌یه‌ی ناوچه‌ی که‌رکووك

٨- گفتوگۆ کردن له سه‌ر پرۆژه‌ی ڕاگرتنی چه‌ند مادده‌یه‌ك له یاسای سزای عیراقی.

٩- گفتوگۆ کردن له سه‌ر پرۆژه‌ی ڕاگرتنی چه‌ند مادده‌یه‌ك له یاسای (اصول المحاكمات الجزائية).

**به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن:**

به‌ناوی خوای گه‌وره‌و میهره‌بان. به‌ناوی گه‌لی کوردستان. کۆبوونه‌وه‌ی ئه‌مڕۆمان کۆبوونه‌وه‌ی ژماره سی‌و دوو خولی گواستنه‌وه ده‌ست پێ ئه‌که‌ین، وه‌کو له به‌رده‌متانایه به‌رنامه‌ی کاری ئه‌مڕۆمان بریتیه:

یه‌که‌م: ناردنی بروسکه‌ی پیرۆزبایی بۆ ئه‌نجومه‌نی حوکمی کاتیی له به‌غداد.

دووه‌م: دانانی ئه‌ندامی په‌رله‌مان به‌ڕێز تاریق جامباز له لیژنه‌ی هه‌ڵبژاردن له‌جیاتی ئه‌ندامی په‌رله‌مان به‌ڕێز عه‌بدولکه‌ریم حاجی کاکه حه‌مه.

سێیه‌م: گفتو گۆ کردن له سه‌ر رووداوه‌کانی ئه‌م دوایی‌یه‌ی ناوچه‌ی که‌رکووك.

چواره‌م: گفتوگۆکردن له‌سه‌ر پرۆژه‌ی ڕاگرتنی چه‌ند مادده‌یه‌ك له یاسای سزای عیراقی.

پێنجه‌م: گفتوگۆ کردن له سه‌ر پرۆژه‌ی ڕاگرتنی چه‌ند مادده‌یه‌ك له یاسای ئوصوڵی موحاکه‌ماتی جه‌زائیه.

ئێستا له بارەی ئەو بروسکەیەوە کەوا دوێنێ باسمان کردو لێی بکۆڵینەوە بەو شێوەیە یەعنی بە لە بەرچاوگرتنی ئەو سەرنج و تێبینیانەی کە پێشکەش کران و، لە بەر ڕۆشنایی ئەو وتووێژو قسانەی کە کران، بە شێوەیەکی نوێ دامان ڕشتۆتەوە، بۆتان ئەخوێنینەوە بۆ ئەوەی کەوا لەو بارەیەوە بڕیاری لە سەر بدەن، (مجلس الحكم الانتقالى المؤقر/ بغداد، يرحب المجلس الوطنى لكردستان العراق بتأسيس مجلسكم المؤقر متمنيا لكم التوفيق والنجاح فى مهامكم النبيلة وفى مقدمتها استتباب الامن والاستقرار فى كافة ارجاء العراق واحياءالبنية التحتية للاقتصاد الوطنى والمؤسسات الخدمية والنهوض بالمجتمع فى مجالات العلم والثقافة والعمران، تعويضا لما فاتته فى الاعوام المظلمة السابقة بسبب تسلط الفئة الدكتاتورية المجرمة على زمام السلطة لفترة تزيد على ثلاثة عقود، ذاق فيها الشعب العراقى مر العذاب.

وفى هذا المجال يبدي المجلس الوطنى لكردستان العراق استعداده الكامل لتقديم كل ما فى وسعه من اجل احراز النجاح والتقدم على درب الحرية والديمقراطية واحترام حقوق الانسان وتحقيق الهدف المنشود فى تأسيس عراق ديمقراطى فيدرالى يتمتع فيه كافة ابناء الشعب بحياة حرة سعيدة ويتمكن من ممارسة حقوقه وواجباته دون عائق او تمييز.

وتفضلوا بقبول وافر التحية والاحترام

اجتماع المجلس الوطنى

لكردستان- العراق

اربيل-٢٠٠٣/٨/٢٧

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر لەو بارەیەوە سەرنج و تێبینیەکتان هەیە بفەرموون، بەڵام وابزانم ئێمە هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانەمان ڕەچاو کردووە ئنجا بەو شێوەیە دامان ڕشتووە و، لەبەر ئەوە یەعنی ئەگەر هیچ قسەیەك نەبێت بیخەینە دەنگدانەوە.

قسەتان هەیە؟ باشە بەو شێوەیەی کە پێشکەشمان کردن کێ موافقە لە سەری با دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس. کێ موافق نییە؟ سوپاس. کەواتە بە گشتی وەرگیرا، ئێمەش ئەوەی کە نوسرابوو بە شێوەیەکی بروسکە ئەیدەین بە مەجلیسی حوکم لە بەغداد. زۆر سوپاس

خاڵی دووەم لە بەر ئەوەی کەوا بەڕێز کاك عبدالكريم حاجی کاکە حەمە هەندێ کاروباری تری بووە بە تووشەوە وای پیشان دا کە ناتوانێت، سەرەڕای ئەوەش لە کۆمیتەیەکی ترایە، وای پیشان دا کە ناتوانێت وا لەم کۆمیتەیە بە باشی ئەرکەکانی سەر شانی جێ بە جێبکات، لە بەر ئەوە لە کۆمیتەکە وازی هێنا و، سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەڕێز کاك تاریق جامباز پێشنیاز ئەکات بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەو بچێتە کۆمیتەکەوە، کێ لەو بارەیەوە موافقە با دەست بەرز بکاتەوە، سوپاس. کێ بە لایەوە موافق نییە؟ سوپاس. کەواتە بە گشتی بڕیاردرا کە کاك تاریق جامباز بچێتە کۆمیتەی هەڵبژاردنەوە لە جیاتی کاك عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمە، سوپاس.

خاڵی سێیەم /گفتوگۆ کردن لە سەر ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناوچەی کەرکووك.

من وا بەباش ئەزانم ئەگەر بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان هەریەکە لەو بارەیەوە پوختەیەك پێشکەش بکات، لە گەڵ دەربڕینی بیروڕای خۆیان ئەو وەختە ئێمە لەو قسانە ئەکۆڵینەوەو ئەگەینە بڕیارێك و، بڕیارەکە ئەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە بیرو ڕای خۆی دەربڕێت، پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو باسە حەز ئەکەم بیروڕای بەڕێزتان بزانین، ئایا ئەو کۆبوونەوەیە بکەین بە کۆبوونەوەیەکی نهێنی یا هەر کۆبوونەوەیەکی کراوە بێت، با دووکەس لەو بارەیەوە قسە بکات فەرموو کاك دکتۆرناصح.

**بەڕێزد. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی باشتر بە تێرو تەسەلی باسی ئەم بابەتە بکرێت، پێمان باشە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان داخراو بێت نەك نهێنی، داخراو بێت عادەتەن، جەلساتی داخراومان هەیە، جەلساتی ئاشکرامان هەیە، جا ئەگەر داخراو بێت باشترە بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین ڕاو بۆچونی خۆمان دەربارەی ئەم ڕووداوە دەربڕین.

لە کۆتایشدا هەر بیرو ڕایەك دەرچوو تەبعەن پێویستە ڕایەکی گشتی هەبێت بەرامبەر بەم ڕووداوە، ئەو وەختە ڕایەکە ئەدرێتە ڕاگەیاندن، یەعنی ڕای گشتی. ئەم کۆبوونەوەیە ئەدرێتە ڕاگەیاندن ئەوە شتێکی زۆر سروشتیەو لە گەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی پێشنیارەکەی سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد ئەکەم، بەڵام پێم باش بوو ئەگەر لە فراکسیۆنی مۆر یەکێك لێرە بێت ئەویش بێتە پێشەوە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکە هەموولایەکمان دەگرێتەوە بۆ ئەوەی بەشداری فعال بکات لە موناقەشەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فراکسیۆنی مۆر کەسیان لێرە ئامادەن؟

کەس هەیە لە فراکسیۆنی مۆر لێرە ئامادە بێت؟ فەرموو کاك مەلا بەختیار.

**بەڕێز حکمت محمد کریم(مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز لە حەقیقەتا مەسەلەی کەرکوك، تورکمان و کوردو عەرەب لە کەرکووکا، نە ئەمە یەکەمین جارەو نە ئەخیریشە موشکیلەی لە سەر ئەبێت، من لە گەڵ ڕێزم بۆ هەردوو برای بەڕێز کاك دکتۆر ناصح و کاك سەعدی وەکو فراکسیۆنی زەردو سەوز، من بە پێچەوانە ئەڵێم ئەمە مەوزوعێکە پەرلەمانی کوردستان حەقە موخاتەبەی ڕەئی عامی عالەمی پێبکات، هەڵوێستەکە ڕوون و ئاشکرا دەربڕین، سەحافە قسەی لە سەر بکات، ئێمە لە خۆمان دڵنیاین کە نامانەوێت غەدر لە منالێکی هیچ نەتەوەیەك بکەین، لە هیچ کەسێك لە شاری کەرکووك یا لە شارەکانی تری کوردستان بکەین و، تەواوی مافی یاسایی و کۆمەڵایەتی و

نەتەوەیی و نیشتمانی و خوێندن و پەروەردەو سەقافیشیان دابین بکەین، کە لە خۆمان دڵنیاین قەرارمان، قانونمان، سیاسەتمان، پێچەوانەی ویست و ئیرادەو خواستی هیچ میللەتێك، هیچ کەسێك لەم وڵاتە نەبێت، موشکیلەیەك یان هەر موشکیلەیەکی تریش بێتە پێشەوە ئێمە بۆ بە ئاشکرا قسەی تیا نەکەین، بۆ ئەوەی کە بە ڕاستی ڕایگەیەنین بە ڕاشکاویش ڕایگەیەنین کە ئێمە میللەتیکین خۆمان مەزڵومین و زوڵم لە کەس ناکەین، بگرە بە عەکسەوە بەم موشکیلانە ئەیانەوێت کۆسپ بخەنە بەردەم کێشەکانمان، بۆیە من لە گەڵ ئەوەم کە بەشێك لەم موناقەشانە، با سەحافەش لێرە بێت، ڕەئی هەمووشمان بزانن، با بزانن پەرلەمانی کوردستان چەند دیموکراتیانەو چەند ئینسانیانە سەیری تورکمان و سەیری خەڵکی تریش ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئێستا تەنیا یەك کەسی تر لەو بارەیەوە قسە بکات و ئیتر ئەیخەینە دەنگدانەوە، پێویست ناکات زۆر لە سەری بڕۆین، کێ ئەیەوێت لەو بارەیەوە قسە بکات؟ فەرموو کاك دکتۆر سەردار.

**بەڕێز د.سەردار محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی قسەکانی کاك مەلا بەختیار دەکەم، شەڕێك بووە بە ئاشکرا، پێویست دەکات پەرلەمان، بە ڕاستی بە ڕاشکاوانەو بە ئاشکرا قسەی لەسەر بکات، چونکە ئەو مەسەلەیە ماوەیەکە خەریکی ئەوەن کە کێشەیەك بۆ ئێمە دروست بکەن بۆ ئەوەی فعلەن ڕای جەماوەری خۆمان و دەرەوە بزانن کەئێمە میللەتی کورد لە گەڵ ئەو مەسەلانە نییە، بۆیە من پێم باشە فعلەن بە ئاشکرا قسەی لە سەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقە ئێمە داخلی سەرە نەکەین لە قسەکان، ئیشکالەکەم تەنیا ئەوەیە کە زۆر کۆبوونەوە هەیە کە پەیوەندی بە ئەمنی نەتەوەییەوە هەیە ئەو کۆبوونەوەیە داخراو دەبێت، بەڵام ئەنجامەکەی تەکید دەدرێت بە هۆکاری ڕاگەیاندن بۆی ڕابگەیەنرێت، ئەم مەوزوعە مەوزوعێکی حەساسە، ڕەنگە زۆر موداخەلاتی بەرزو نزمی بێتە گۆڕێ، پێویست ناکات ئێمە ئەمە لە مزگەوتی گەورە بانگ بدەین، لەناو خۆمان موناقەشە ئەکەین، ئەو صیغەی نیهائی حەتمەن دەدرێت بە هۆکاری ڕاگەیاندن، لە لایەکی تر هەر فراکسیۆنێك ئازادە یان بە یەکەوە هەردوو فراکسیۆن سەرۆکی فراکسیۆنەکان یان یەکێ دەستنیشان بکەن، دەتوانن کۆنفراسێکی ڕۆژنامەگەری بکەن، لەو بارەیەوە قسە بکەن ڕای خۆیان و، ئیستیناد لە سەر ئەو بڕیارەی یان دەر ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە پەرلەمان دەکرێت، بە هیچ شێوەیەك باس کردنی ئەو مەسەلەیە بە کراوەیی نابێت، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی هەموو ئەبعادەکانی هەموو تەفاصیلەکانی موناقەشە بکەین، ئێمە پێمان باشە بە لای کەمی لە باس کردنی ئەو وردەکاریانە هۆکاری ڕاگەیاندن ئامادە نەبن، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا هەرچەندە وەکو ئەڵێن بانگی محمد بە ئاشکرا خۆشە، بەلاّم لە گەڵ ئەوەشا لەو بارەیەوە هەموو بیرو ڕا جیاوازەکان لەو بارەیەوە قسەی خۆیان کرد، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئێوە خۆتان چۆنتان بڕیار دا ئێمە وا ئەکەین، کێ لە گەڵ ئەوەدایە کەوا بکرێت بە کۆبوونەوەیەکی نهێنی با دەست بەرز بکاتەوە؟ فەرموو دەستتان دانێن، سوپاس کێ لە گەڵ ئەوەدایە کەوا کۆبوونەوەکە کراوە بێت؟ سوپاس زوربەی دەنگ لە گەڵ ئەوەدایە کەوا کۆبوونەوەکە داخراو بێت، ئنجا ئەوانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میوانە بەڕێزەکان هۆڵەکەمان بۆ بە جێبێڵن، ئەگەر دەرگایەکەش دابخەن گەرماکەی لە سەر خۆتان لە بەر ئەوە بەرپرسیار نین. بەڵێ کاك دکتۆر عیزەدین لە بەر ئەوەی کە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کەوا زوربەی زۆر لە گەڵ ئەوەدایە بکرێ بە داخراو، ئەوانەی سەریشەوە پێویستە کۆبوونەوەکە بە جێبێڵن، فەرموو کاك دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەگەر جەنابت شتێکی وا بکەیت، پێش هەموو شتێك ئەو برایانە قسە بکەن کە لە ناو ئەحداسەکان بوون یان لە نزیکی ئەحداسەکانن، بۆ نمونە ئەوانەی کە من ئەزانم کاك سیروان کاکەیی، کاك شێخ یەحیا و، ئەو برادەرانەی تریش حەتمەن ئەوانەی کە لەوێ لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ئەوانیش کە نزیکی ئەحداسەکان بوون، ئەوان قسە بکەن پێشەکی بۆ ئەوەی ئێمە شتێك دەربارەی ئەو وەزعە بزانین، ئنجا دوایی موناقەشەی لە سەربکرێ باشترە، ئنجاهەر برادەرێکیش ئەگەر مەعلوماتی باشتری هەبێت یان بتوانێ ئیزافەی بکات ئەوە باشە، ئەگەر نا پێشەکی ئەو کەسانە قسان بکەن کە لەناو ئەحداسەکان بوونە یان لە نزیکی ئەحداسەکان بوونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی کوردستان دوو بەشە، بەشێکی پەیوەندی بە ئەصڵی ناکۆکیەکە هەیە، کە زیاتر لە لایەنێکی بیانی لە هەوڵ و تەقەلاّی ئەوەدان، کە یان هاوکار بوونە لەگەڵ ڕژێمی ڕەگەزپەرست و فاشستی عێراق کە کەرکوك نەخرێتە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق و، بەشارێکی کوردستانی ناو نەبرێت، پێم وایە هەموو ناکۆکییەکان لەوێ سەرئەنجام دەبێت کە کەرکوك و زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان لە کورد پاککرێنەوە، هەر بۆیەش لە سەرەتاوە سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و بەعەرەب کردن و ناو گۆڕین و هەموو ئەو ئیجرائاتە دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتیانە کراون.

بەشی دووەمی موناقەشەکەمان، لەسەر ئەوەیە گێڕانەوەی وردەکاری ڕووداوەکە لە کەرکووك و شێوەی ئیدارەکردنی و دەرئەنجامەکەی و لە کۆتایشدا ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەبێ بەسوود وەرگرتن لەو گفتوگۆیە هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت، سەبارەت بە ڕووداوەکە و موساهەمەی چ دەبێت لە ڕێگا گرتن لە دووبارە نەبوونەوەی ڕووداوی لەو بابەتە، من پێم وایە دروستە ئەوە بە کورتی و موختەصەری ئەو برادەرانەی کە لە نزیکی ئەحداسەکان بووینە ئەصڵی ڕووداوەکە بگێڕنەوە، ئەوە دوایە تەرك بکرێت بۆ هەندێك لەو برادەرانەی کە موداخەلەیان هەیە لەسەر پێشەکی تاریخی یان بڵێین موقەدیماتی ئەو بابەتە، لە هەمان کاتیشدا بە بیرورای وان چۆن ئەو بابەتانە موعالەجە دەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ئەوەی بەڕێزان هەردوو سەرۆکی فراکسیۆن، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی سەوز بیروڕای خۆیان دەربڕی لەو بارەیەوە، حەز دەکەین بەپێی قسەکانی ئەوان لە پێشەوە ئەو کەسانە قسەمان بۆ بکەن کە لە نزیکەوە ئاگایان لە ڕووداوەکە بووە، ئینجا ئەو بەڕێزانە با دەستیان بەرزکەنەوە تا ناویان بنووسین، ئینجا ئەگەر لە پاشان سەرنج و تێبینیەك یان لێکۆلینەوەیەك هەبوو لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی ترەوە ماوەیان دەدرێ، کەوا قسەبکەن. فەرموو ئەوانە دەست بەرزبکەنەوە، ئەوانەی لەنزیکەوە ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بوون، باهەندێ زانیاریمان پێشکەش بکەن، فەرموو کاك فاتح.

**بەڕێز فاتح محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەڕووداوەکانی کەرکووکەوە، وابزانم ئەم ڕووداوانە شتێکی ئاساییە کە ڕوویداتن، بەڵام ئەگەر ئێمە بێین دەبێ چارەسەری ڕووداوەکان بکەین، ئەمەو یان ئەوانەی لەپێشترڕووی داو ئەوانی لەدوای ئێستا ڕوودەدات، ئێمە وابزانم زۆر قسە ئەکەین و بەقسەش زۆرشت ئەکەین بۆ کەرکووك، بەڵام بە کردار وابزانم زۆرجار وانییە، ئێمە کەچووینە کەرکووك وابزانم بەبێ ئەوەی شتێ بکەین کەرکووك پاکەوەبوو، ئەگەر خۆمان نەبووایە بە کەفیلی بەعسی و ئەمن و ئیستخبارات و ئەوانە و، هەر یەکە نەبووایە هۆی کە ئەوانە بمێنێنەوە، ئێمە وامان لێکردن کەئەوانە شێت گیربن و هەمووی ئێستا جێگای خۆی هەبێتن و هەمووی داوای مەسئولیات بکەن و، لە هەمان کاتیشدا پیلانی خۆشیان بگێڕن، ئێمە زۆرجار مەسەلەن باسی کەرکووك دەکەین و کە ئەم و ئەو، بەڵام تاکو ئێستاکە پێمان لەسەر ئەوە دانەناوە کەبێینەوە سنووری ئیدارەی کەرکووك باسی بکەین، سنووری ئیدارەی کەرکووك بە باوەڕی من چارەسەرێکی ئەو کێشانەیە ئێستا و پێش ئێستا و، لەدوای ئێستاو چارەسەری ئەو کێشانە دەکات، دوایی ئێمە دەبیستین لەلایەکی ترەوە بەنیسبەت گەڕانەوەی کوردەکان، گەڕانەوەی کوردەکان تاکو ئێستا کۆسپ دەکەوێتە ڕێی، جا هەرهۆیەك بێ، تەنها ئەو کوردانەی لەهەولێر و سلیمانی و لە شوێنانی تر دەرکرابوون لەکەرکووك و هاتبوونە ئەو شوێنانە، ئێستاکە ئەگەر بڵێم ڕێگایان نادرێتێ یا بڵێم کۆسپ دەکەوێتە ڕێگایان شتێکی زۆر هێن نییە، زۆرجار داوای هێنیان لێ دەکرێت پسولەی مەواد غیزائی، پسولەی مەواد غیزائی کابرا لێرە پسولەی غیزائی لێرە دەرکردوە، لەوێ ئێستا هیچی بۆ

ناكات دەڵێ لەبەرئەوەی تۆ پسولەی غیزائیەکەت لەبەر ئەو هینانە، ئەمەو هۆیەکانی تری کەهەیە لە کەرکووکا هەمووی هەمووی بۆتە هۆی ئەوەی کە دوژمنانی ئێمە پەرە بسێنێ و هێز بسێنێ، تەماح بکات بەوەی کە پەلامارمان بدات، ئێمە دوژمنانی خۆمان دەناسین لە کەرکووك، ئەوە ڕۆژێك نییەو دوو ڕۆژ نییە لەمێژە ئەم شتە هەیە، بەڵام زۆر جار کە شت ڕوو دەدات ئێمە خۆمان دەبینە سەبەبی زیادکردنی کێشەکە، شتە کە ڕوودەدات پێویستە ئێمە خۆمان چارەسەری بکەین، نەك داواکەین لەو کەسانەی کە خۆیان ئەساسەن شتەکەیان خولقاندووە، خۆیان سەبەبی سەرەکی ئەو کێشەیەن، کە بێن ئەوان چاودێرمان بۆ بنێرن و موراقبینمان بۆ بنێرن و بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکە بکرێت، پێویستە ئێمە خۆمان چارەسەرەکەی بزانین و هەوڵدەین خۆمان حەلی بکەین، زۆر چاك دەزانین کە ئەوانە بێنە ژورەوە تەنها لە خراپە زیاتر چاکەیان نابێت بۆ ئەو کێشەیە، دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر بمانەوێت ئەو کێشانە کۆتایی پێ بێنین، ئەبێ چارەسەری ئەو کێشانە بکەین، کە ئەوەش بریتییە لەوەی بگەڕێینەوە سنووری ئیداری کەرکووك و، داوا بکەین لەو حکومەتە موئەقەتە یان ئەو ئەنجومەنە موئەقەتەی کە ئێستاکە هەیە، ئەو کات دەتوانێ بڕیاری گەلێك قەرارات بدات، وابزانم دەتوانێ بڕیاری ئەوەش بداتن سنووری ئیدارەی کەرکووك بگەڕێتەوە وەك ئەسڵی خۆی. دووەم: چارەسەری ئەو کێشەی گەڕانەوەی ئەو کوردانە بکاتن، ئەو شتە ئەساسیانە وابزانم ئەگەر ئێمە بیکەین زۆر دوور دەکەوینەوە لەو کێشەو گرفتانەی کە هەنە ئەو شتانەش کەمتر دەبن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك فاتح، فەرموو کاك شێخ یحیی.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەزعی کەرکووك تایبەتمەندییەك و خصوصیەتێکی خۆی هەیە، کەرکووك هیچ وەختێك ناحەزانی هەموو گەلانی عێراق وازی لە پیلان و پیلانگێڕی نەهێناوە لە کەرکووك و لە دەوروبەری کەرکووك، زۆربەی پیلانەکانیش ئەگەر بێتەوە یادمان لە سنوورەکانەوە تەختیتی بۆ کراوە و، گەیەنراوەتە موصڵ یان کەرکووك. یەکەم ڕۆژی شۆڕشی چواردەی تەموز پیلان لەسەر شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی ١٩٥٨، پیلان لەسەر ئەو شۆڕشە دەستی پێکرد، چەند مانگێك دوای ئەوسا لە موصڵ پیلان دەگێڕدراو تەختیتەکەش و ئیزاعەکەش و کەسەکانیش لە سنوورەوە ئاودیو ببوون، هەر بەدوای ئەوە لە ساڵی ١٩٥٩ وەزعی کەرکووك ئەوە بوو کە ئاسەواری ڕەنگە بڵێم تا ئێستاش ماوە و ڕەنگە بەردەوامیش بێت، کەرکووك بۆیە دوژمنی گەلی کورد ئەو ڕژێمەی کە هەموو چەکێکی بەکار هێنا بۆ نەمانی گەلی کورد تەرکیزی کرد لەسەر کەرکووك، بەدەیان هەزار خەڵکی بۆ هێنا هەر بۆ ئەوەی ئەو موصیبەتە بمێنێتەوە، هەموو دەست و پێوەندی ئەو ڕژێمە بوون هەموو بۆ تەعەدا کردن و کورد کوشتن هاتبوون، ئێستاش ئاسەوار و مانەوەی ئەوان مانای وایە پیلانەکان بەردەوام دەبن، جگە لەو وەزعانەی کە هەمووی ڕووی داوە ئەو هەلومەرجە، ئەم بارودۆخەی کە ئەمڕۆ هەیە، بەڕاستی دوژمن و ناحەزی خۆی هەیە، ئێمە پێشتر ڕەنگە وەك کورد فکرمان لە مەشاکیلی کەرکووك کردبێتەوە، بەڵام ئێستا وەزعی کەرکووك

هەموو لایەنە ناحەزەکان بەم ڕۆژە فکر لەوە دەکەنەوە کە ئاگری موصیبەت و ئاگری شەڕ و ئاگری فیتنە لە کەرکووك بەردەوام بێت، بە قەناعەتێکی تەواوەوە دەیڵێم ئەوەی کە ڕوویدا لە کەرکووك حەز دەکەم ناوەکان بڵێم وەکو لایەن، بەڕاستی ئەنصار ئیسلام دەوری تیا هەبوو، بەڕاستی دەست و پێوەندەکانی بەعس دەوری تیا هەبوو، بەڕاستی بەکرێ گیراوەکانی تورکمان با بڵێن دەوری تیا هەبوو، وەك گەلی تورك، وەك گەلی تورکمان زۆربەی زۆریان لەگەڵ ئەو وەزعەدا نین، لەگەڵ ئەو هەڵومەرجەدا نین، لەگەڵ ئەو موئامەرەو پیلانەدا نین. ئەوەی کە ڕوویدا لە کەرکووك پێویستی نەدەکرد لە دوزخورماتووەوە بەسەیارە خەڵکی بۆ بهێنن، پێویستی نەدەکرد لە تاوغەوە بەسەیارە خەڵکی بۆ بهێنن، پێویستی نەدەکرد لەناو کەرکووکا بەمەسیرە جنێو بەکوردو بە نەمانی کورد لە کەرکووك بدەن، پێویستی نەدەکرد دەنگ هەڵبڕن بڵێن نابێت پۆلیسی کورد لە کەرکووك هەبێت، پێویستی نەدەکرد هێرش ببەنە سەر مەرکەزێکی پۆلیس کە حەراساتەو کە ئیدارەی ئەوێ دایناوە و، تەقەی لێ بکەن و خەڵکی لێ بریندار بکەن، بەهەر حاڵ موصیبەتی شەواف و موصیبەتی ساڵی ١٩٥٩ ی کەرکووك و موصیبەتی ئێستا، کە ئەم چەند ڕۆژە ڕووی داوە لە کەرکووکا، من قەناعەتم وایە نابڕێتەوە، قەناعەتم وایە پیلانەکانیان بەردەوام دەبێت، بەڕاستی وشیاری و زیرەکی و دڵسۆزی ئێمەی کورد یان ئێمەی بڵێین خەڵکێکی شۆڕشگێڕی عێراقی بەعام و، کورد بەتایبەتی پێویستە سەوقیفمان یەك بخەینەوە، هەڵوێستەکانمان یەك بخەینەوە، ئێستا ئێمە تێکەڵ بووین لەگەڵ بەعسیەکانا، ئیدارەی کەرکووك بەعسی تیایە ئەوەی کە دەوری بینیوە لە جەرائیمی پێشتر، تا ئێستا ئیدارەی کەرکووك دەبات بەڕێوە. بەڕێزان پێویستیشە حولەفا بزانن ئێمە نەیان شارینەوە ئەگەر لەژێر سایەی لایەنێکدابن یان ئەگەر لە ژێر سایەی ئەمڕۆی ئیدارەی کەرکووکدا بن، بەڕاستی زەرورییە ئەوانە کەشف بکرێن، چونکە ئەوانە لە ناو ئیدارەکەیا موناقەشەو بەزمیان بەردەوامە، لەناو ئیدارەکەیا پۆلیسەکان جیا ئەکەنەوە ئەیکەن بە پۆلیسی کوردو پۆلیسی تورك و پۆلیسی عەرەب، ئێمە دوو لایەن بووین نەمانتوانی ئیدارەی کوردستان بەرین بەڕێوە. بەڕێزان، هەردوو لایەنەکەشمان دڵسۆزین، هەردوولاشمان تێکۆشەرین، هەردوولاشمان خەباتمان هەیە، هەردوولامان تەئریخێکی تێکۆشان و شەهادەتمان هەیە، کەچی نەمانتوانی، سەرکەوتوو نەبوین لەوەی کە ئیدارەی کوردستان بەرین بەڕێوە، ئێستا ئەمانەوێت لە ناو کەرکووکا کۆمەڵێکی کۆنە بەعسی و کۆمەڵێکی بە کرێ گیراو ئنجا بە عەینی حەجم پارتی و یەکێتی بەرامبەر یەك دانیشن ئیدارەی کەرکووك بەرن بە ڕێوە، ئایا ئەمە سەرکەوتوو ئەبێت؟ قەناعەتم نییە سەرپشك لە پیلانەکانیش هەر بەردەوامە، بۆیە من یەکەم خاڵ بۆ چارەسەر کردنی ئەو وەزعە لەوەیا ئەیبینم بە ڕاستی ئیدارەی کەرکووك، هەموو حەرەکەی وەتەنی محاوەلە بکات، بەتایبەتی هەموو کورد بە یەك دەنگی محاوەلە بکات کەرکووك لەوە دەرچێت، لەوە ڕزگار بێت کە شەش لەوو شەش لەوو شەش لەو ئیدارەی کەرکووك بەرن بەڕێوە، ئەمە لایەنێکی هەرە سەرەکیتر ئەوەیە کە بەڕاستی بەڕێزان یەك دەنگی ئێمە لە کەرکووکا ئەبێتە مایەی سەربەرزی بۆمان، بەڕاستی یەك دەنگی پارتی و یەکێتی بیزات ئەیڵێم و (الحمد لله) لایەنەکانی تریش دەوریان خراپ نەبوو، یەك دەنگی پارتیو یەکێتی لە ناو کەرکووکا وائەزانم هیچ قوەتێ نییە، هیچ موئامەرەیەك نییە، هیچ

پیلانێك نییە سەرکەوێت بە سەر ویست و ئاواتەکانی ئێمەیا، زەروریە پارتی و یەکێتی یەکبوون و یەك دەنگی لە ناو کەرکووکا و لە هەموو شوێنێکی کوردستان، بەلاّم بە تایبەت لەو خەتەیا کە لە خانەقینەوەیە هەتاوەکو لە موسڵەوە دەرئەچێت، ئەبێت ئێمە بەو دڵەو بەو هەڵوێستەو بەو سیاسەتە هەنگاوی بۆ بنێین، لە گەڵ ڕێزی بێ پایانم ئەگەر ملاحەزەیەکی تر هەبوو دوایی عەرزتانی ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك شێخ یەحیا فەرموو کاك صلاح الدین

**بەڕێز صلاح الدین عبدالحمید:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتای کێشەی کەرکووك لە دووزەوە دەستی پێکرد، وەك کاك مەلا بەختیار ئیشارەتی پێکرد، ڕەنگە یەکەم کێشەو دوا کێشەش نەبێت لە نێوان کوردو تورکماندا، یەکێك لە سەبەبە هەرە گرنگەکانی ئەو کێشانە پارێزگاری تکریتە، محافزی تکریت، چۆن محافزی دیالە هەمیشە کێشە دروست ئەکات بۆ کفری و بۆ خانەقین و بۆ شارەبان و بۆ جەلەولا، محافزی تکریتیش بە هەر بیانوویەك بێت کێشە دروست ئەکات لە دووز، هێشتا بۆ نموونە لە سلێمان بەگ کە ناحیەیەکە کە قانوونیەن شتی وا مومکین نییە نابێت، معاونیەتی شورتەی بۆ جیا کردۆتەوە، ڕۆژێك پێش کێشەکەش هاتووە لە ناو دووز خورماتوو ئالاّی کوردوستانی لە لای بەنزینخانەکە داگرتووە، کە تەبیعی ئەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە تورکمانی دووز زۆر توند ڕەون ڕەنگە جیاوازیەکی هەبێت لە گەڵ تورکمانی کەرکووك. لە ڕێگای هەر شتێکەوە بێت، (انصار الاسلام) بێت، یان دەستی بەعس بێت، ئەوانە بە بەردەوامی کێشە دروست دەکەن، بۆیە پێویستە ئەگەر حەرەکەت لە لایەنی پەرلەمانی کوردستانەوە بکرێت، لەلایەن هەردوو حزبە سەرەکییەکەوە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو سنوورە دیاری بکرێت و، ئەو کێشە نەمێنێت، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك صەلاحەدین، فەرمووو کاك سیروان کاکەیی.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من، ئێمە ئێستا بە قۆناغێکی زۆر هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕین، چەند ساڵە خەبات دەکات ئەو میللەتەی ئێمە و لێ قەومانی بەسەر هاتووە، ئەمڕۆ گەیشتۆتە قۆناغێکی یەك لاکەرەوە، بە تەئکید بۆچوونی قیادەی سیاسی کوردی وازیحە، لە خیلالی ئەو بڕیارانەی کە وەرگیراون لە پەرلەمانی کوردستان و، لە هەڵوێستەکانی کە هەنە و، نەیارانیش هەست بەم مەسەلەیە دەکەن. ئێستا بەنیسبەت ئەوانیش یەکلاکەرەوەیە مەسەلەکە و، هەموو شتەکانیش هاتۆتە سەر ئەوەی کەوا تەحدیدی عیلاقەی ئێمە لەگەڵ مەرکەز و، تەحدیدی مەوقیعی جوگرافی کوردستان بکرێ لە چوارچێوەی ئەو عیلاقەیە، ئەمە مەسەلەیەکە وای کردووە کە نەیاران و دوژمنان لە هەموو لایەکەوە هەوڵ بدەن، ئەم وەزعە نەهێڵن بێتە ئاکام، من بە تەسەورم شەڕێکی هەمە لایەنەی گەورە لە پێشمانە، شەرت نییە ئەم شەڕە قالبێکی خوێناوی و

چەكدارى وەربگرێت، یاخوا تووشی ئەو وەزعە نەبین قەت، بەڵام بە دەرەجەی یەكەم شەڕێكی سیاسی زۆر زۆر گەورە هەیە و، ئەمە پێویستی بەوە هەیە كە هەڵوێستەیەكی باشی لەسەر بكرێت و، زۆر قسەشی لەسەر بكرێت، پێشتر ئەگەر باسی ئەحداسی ساڵی ١٩٥٩ بكرێت لە كەركووكدا تەبیعەتەكەی، نەوعەكەی بە تەسەوری من، نەختێك زۆر فەرقی كردووە، لەگەڵ ئێستا كە هەیە، ئەوەی كە ئێستا هەیە، ئەگەر بە وردی تەماشای بكەیت، ڕووداوێك لە دوزخورماتور لە مەوقیعێكدا، كە ڕوویداوە، چۆن ئیختیار كراوە و، چ بوعدێكی پێ دراوە، ئێستا لەسەر وەتەری قەومی طائیفی دراوە، لایەنێكی مەزهەبی شمول دەكات، لایەنێكی قەومی شمول دەكات، لەولاوە بوعدێكی وەرگرتووە مەزهەبی، لەم لاشاوە بوعدێكی قەومی وەرگرتووەو، ئەمە بۆتە ئەوەی كەوا زۆر فاكتەر تەداخول بكات لەم مەسەلەیە، لایەنێكی مەزهەبی و، لایەنێكی قەومی و، ئینجا بچێت بوعدێكی دەرەوەی سنووریش وەربگرێت، ئەگەر ئەم مەسەلەیە ڕووداوێكی بچكۆلەیە لە دوزخورماتوو ڕوودەدات، بۆچی لە دوزخورماتور مەهار ناكرێت ئەمە، بۆچی كۆنترۆڵ ناكرێت، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەكی مونەزەم تەشنە بكات، بێت بگاتە طاوغ و، بێت بگاتە ناو شاری كەركووك و، هەتا گەیشتە پردێش، هەمووشی بەدەم یەكەوە و، لەگەڵ ئەمەشدا كۆمەڵێك چاپەمەنی حازر كراوە بڵاو بكرێتەوە، ئامادە كراو، ئیعلانێكی ئامادە كراویش لەناو شاری كەركووكدا هەبێت و، یەكسەر لەگەڵ ڕووداوەكان و ئەحداسەكاندا بێت، كە ئەو قەناتە عەرەبیانە، بەتایبەتی قەناتی جەزیرە حازر بێت لەگەڵ مەسەلەكان و ڕووداوەكاندا، لە هەمان كاتدا حكومەتی توركیا یەكسەر هەڵوێستی حازر بێت و ئامادە بێت، هەموو ئەمانە پێكەوە، دەبێت زۆر بە وردی تەماشای ئەم مەسەلەیە بكەین، كێشەیەك لە دوزخورماتور ڕوویداوە قەزەیەیێكە، مەفروزە لە دوزخورماتوو كۆنترۆڵ بكرێت و سەیتەرەی لەسەر بكرێت، ئەو كەسەی كەوا تاوانبارە لەو مەسەلەیە، پۆلیس هەیە، ئیدارە هەیە تەقدیمی محكەمە بكرێت، ئەم كێشەیە ببڕێتەوە، هەر كەسێك لەم مەسەلەیە دەستی هەیە، بەڵام ئەم مەسەلەیە بەو نەوعە تەشنە بكات و، پێش ئەوە كەوا ئەحداسەكانیش ڕووبدات لەناو شاری كەركووك هەر هەمووی پڕ بكرێت لە عەلەمی عێراقی، ئەو عەلەمە عێراقیەی كەوا هیچ سیماتێكی ئەوەی پێوە نییە، كە خزمەتی كوردی كرد بێت، یان هێمایەك بۆ كورد لەو عەلەمەدا هەبێت، ئێستا دەستی پێوە بگرن و لە پشتی عەلەمی عێراقی پیشانی شاشەكانی تەلەفزیۆن بدەن، كەئەنهو ئێمە دیفاع لە عێراق دەكەین و خەڵكێك هەیە دەیەوێت تەجاوز بكات لەسەر حقووقی عێراق، هەموو دامودەزگاكانی ڕەسمی حكومەتی عێراقی بەو بڕیارەی كە پۆل بریمەر داویەتی، بەو دەستەڵاتەی كە پێیدراوە بەگوێرەی ئەو بڕیارەی ئەخیری ئەنجومەنی نێو دەوڵەتی هەموو ئەو دامودەزگایانە هەڵوەشاونەتەوە، هەموو شتێك هەڵوەشاوەیە، من نازانم چ قودسییەتێكی هەیە عەلەمی عێراقی، كە بێن ئەوان بیكەن بە پەردەیەك، ئینجا لە پاڵ ئەوەشدا ئیعلامێكی زۆر گەورە بكرێت لەناو كەركووك و شارەكانی تردا محاوەلە بكرێت بۆ هێنانە خوارەوەی ئاڵای كوردستان، مەسەلەیەكی گەورە و ترسناكە بەحەقیقەت، ئینجا بەشێوەیەكی مونەزەم تۆ بێیت ئەم مەسیرەیە بە تەوجیهێك بكەیت پەلاماری ئەو بارەگایانە بدەیت، كە ئەحزابی سیاسی كوردی لێیە، بەتایبەتی پارتی و یەكێتی كە دوو حزبی سەرەكیین، تۆ محاوەلە بكەیت بچیتە سەر ئەو جێگایانە لەوێ

ئاگرەکە خۆش بکەیت و تەشنەی پێ بدەیت، ئەمە بۆ خۆی مەسەلەیەکە، پاشان تۆ بێیت پەلاماری دامەزراوەیەکی رەسمی بدەیت، کە بنکەیەکی پۆلیسە هەموو ئەم خەڵکە بێنیتە سەر ئەم بنکە پۆلیسە، کۆمەڵێك خەڵك بەشێوەیەکی شاراوە لەناو ئەو خۆپیشاندانە چەك بڵاو بکرێتەوە لەناو ئەو خەڵکەدا، تەنانەت شاهێدی عەیان باس لەوە دەکات کە لەژێر عەبای ئافرەتدا، لەگەڵ رێز و حورمەتم بۆ خوشکان و هەموو ئافرەتان، ئەو وەزعەش بەکار هێنراوە، بۆ ئەوەی کەوا چەك تەوزیع بکرێت، بنکەی پۆلیس لە شاری کەرکووك محاوەلەی کردووە، کە ئەو مەسیرەیە کۆنترۆل بکات، مەسیرە مەساری خۆی وەربگرێت، ئەگەر مەسیرەش کراوە، یەکسەر تەقە بکرێت لە پۆلیس، موبادیر ئەوان بووینە، زابتێك و دوو پۆلیس بریندار کراون و، پەلاماری سەیارەکان دراوەو، سەیارە سوتێنراوە، خەڵك بە کۆستەر نەقل کراوە لە دوزخورماتووەوە، لە طاوغەوە، بەشێوەیەکی مونەزەم و رێکوپێك قیادەیان کردووە، هێناویانە بۆ ناو شاری کەرکووك، ئەو شێوەیەی کە بۆ بەیانیەکەش ئەحداسەکە روویدات، ئێمە موتابەعەی ناو شاری کەرکووکمان دەکرد، لە هەموو گەڕەك و کۆڵانەکان تەجەموعی تورکمان کۆدەکرانەوە لە مەراکزەکانی خۆیان و، بەشێك لەوانەش بەداخەوە کۆدەکرانەوە لە شوێنە ئاینییەکان و لەناو مزگەوتەکاندا بەرنامەی بۆ دارِژا بوو، کە بەیانی چۆن ئەم مەوزوعە دەست پێ بکرێت، لەوەش نەوەستان لە مەرکەزی پۆلیسەکەش، کە هاتن بەرەو پارێزگا، لە پارێزگاش پەلاماری ئەو سەیارانەیان دابوو، کە رەقمەکانیان دەرەوەی ئەو مەنتیقەی کەرکووکە شوێنەکانی ترە، ئەگەر رەقەمی هەولێر بێت یان رەقەمی سلێمانی بێت تەشخیص کراوە ئەمانە سەیارەی خەڵکێکی ترن، ئا بەم شێوە مونەزەمە ئەم ئیشە کراوە، لەبەر ئەوە من تەسەور دەکەم پیلانێکی یەکجار گەورە هەیە لەسەر مەسەلەی کورد و، بەتایبەتی لەسەر شاری کەرکووك و، کەسێکیشمان لێرە نییە، هیچ دوو دڵی لەوە دا نییە، کە کەرکووك تاریخیەن و جوگرافیەن هی کوردستانە و پێداگرتن لەسەری مەسەلەیەکی زەرووریە و، فاکتەری تریش هەیە داخیلی ئەم مەسەلەیە بووە، کۆنە بەعسیەکان کە ماونەتەوە، ئێستاش لەناو ئەم دامودەزگایانە تەغزییەی ئەم مەوزوعە دەکەن، بێ لەوە خەڵکێکی ئەوانەی تەعریبچیەکان، ئەوانەی هێنراوەن بۆ ناو شاری کەرکووك، تا ئێستا عەرەبی ناو شاری کەرکووك بە تەقدیر و تەخمینی هەموو لایەکمان زیاتر لە (٣٠٠) هەزار عەرەب هەیە لەو مەنتیقەیە، ئەمە هەمووی ئەم مەسەلەیە دەوڵەمەند دەکەن و، قەزییەی تورکمان، تورکمان بە هەموو سەراحەتێك دوو بەشن لە بۆچوونی سیاسیدا، بەشێکیان دەیانەوێت میللەتەکەی خۆیان خزمەت بکەن و، ببن بە بەشێك لەو نەسیجە تاریخی و جوگرافیەی کەوا هەیە لە شاری کەرکووك و لە شوێنەکانی تردا و، ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی زۆر باشە و، قیادەی سیاسی کورد مەفروزە دەعمی ئەو بۆچوونە و ئەو لایەنە بکات و، پشتگیریان لێ بکات و، هەڵیان بۆ برەخسێنێت، بۆ ئەوەی کەوا ئەوانە بتوانن تەعامول بکەن لەگەڵ قەومیەتەکەی خۆیان بەوە ئاراستەیان بکەن و، بەشێکی تریش بەشێوەیەکی ئاشکرا وابەستەیە و پیلان دەگێڕێ و دەستی لەگەڵ بێگانەیە و، سەرکردایەتی ئەم بەشەش بەرەی تورکمانی دەیکات، ئەمە شتێکی شاراوە نییە، بەرەی تورکمانی ئێستا ئەمرۆ مەجموعەیەکی نەیارە پیلان گێرە بە هەموو شێوەیەك پیلان دەگێڕێت بە حەقیقەت و، هیچ وەختێکیش لەو رۆژەوە وجوودی هەبووە لە ناو هەرێمی کوردستاندا، هیچ ئیعتیرافێکی نەکردووە

بە کیانی کوردی و بە پەرلەمانی کوردستان و بە دامودەزگاکانی رەسمی ئێمە، لەبەر ئەوە پێویستە هەڵوێستێکی روون و، بە شەفافیەت لەگەڵ ئەم مەوزوعەدا موعامەلە بکرێت، یەعنی نەگەیشتۆتە مەوزوعێك و قۆناغێکی یەکلاکەرەوە، ئیتر چی تر تەحمول ناکەین ئێمە بە زەبابیەت لەگەڵ ئەم مەسەلەیە موعامەلە بکرێت، پێویستە خەتێکی روون و ئاشکرا و مەوقیف وەربگرێت لەو مەسەلانە هەر هەمووی و، پێویستە لەگەڵ حولەفاش باسی ئەو مەسەلەیە بکرێت، کە ئەمە دامەزراوێکی رەسمییە، پەلامار دانی دامەزراوێکی رەسمی مانای چیە؟ ئەم بانگهێشت کردنە لە دەرەوەی سنوور بۆ وەزعێك کە ئێستا ولاتێك لە ژێر ئیحتیلالدایە، کێشەیەکی یەکجار زۆر گەورەی هەیە، ئەم دەست تێوەردانە لە دەرەوەی سنوور مانای چیە؟ من بۆیە دەڵێم لەسەر هەموو ئەم میحوەرانە، ئەمانە هەمووی قابیلە بۆ موناقەشە، قابیلە بۆ گفتوگۆ ئێمە گەلالەی راو بۆچوونێك بکەین عاردەکانی ئەم مەسەلەیەش هەمووی بە روونی دیار بخەین و، هەڵوێستێکی ئاشکرامان هەبێت لەم مەسەلەیە، من ئیتر قسەیەکی ترم نییە، ئەگەر تەعقیبێك هەبێت، دوایی دەیکەم و، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سیروان، فەرموو کاك مەلا شاخی.

**بەڕێز ابوبکر محمد حاجی (مەلا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

دیارە رژێمی بەعس لە سەرەتا هاتنە سەر حوکمی هەوڵیداوە نەخشەی جوگرافیەی ولاتەکە بگۆڕێت و، شاری کەرکووك تەعریب بکات بۆ ئەم مەبەستە، چەندین شێوازی رێگای پاکتاوی نەژادی گۆڕینی نەخشەی ئیداری ناوچەکەی گرتۆتە بەر، ئەوە بێ دەرهاوێشتن نابێت، ئێستا دوای روخانی رژێمی بەعس، دوای ئەوەی کە هەلومەرجەکە گۆڕاوە، دیارە میللەتی کورد هەوڵ دەدات ئەو شوێنەوارەی تەعریب بسڕێتەوە، سەرەتا لەوەوە مەسەلەکە دەستی پێ کرد خەڵکی شاری دوزخورماتوو خۆپیشاندانێکی گەورەیان بەڕێوە برد و، لەو خۆپیشاندانەدا داوایان کرد کەوا شاری دوز بخرێتەوە سەر ئیدارەی کەرکووك و، شاری کەرکووکیش بخرێتەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئەمە لە رێی دەزگاکانی گەیاندنەوە بە دنیادا بلاو بۆوە، بۆیە هەم لە دەوروبەرمانەوە و، هەم بڵێین لە سنووری پارێزگای کەرکووك، ئەو تورکمانانەی کەوا لە دوولاوە هاندەدرێن بۆ دژایەتی ئەزموونی کوردستان و، بۆ ئەوەی کەوا کەرکووك نەیەتەوە سەر ئیدارەی کوردی و، هەروەها لایەنی سێیەم کە لایەنی وەهابیەکان و، حزبە تیرۆرستیەکانە ئەوانەش دەستیان کرد بە دانانی بەرنامە و نەخشە بۆ ئەوەی پیلان دابنێن، کە کێشەیەك لەنێوان کورد و تورکمان دروست بکەن، سەرەتا هەڵستان بە تەقاندنەوەی یەکێك لە شوێنە پیرۆزەکانی تورکمانە شیعە مەزهەبەکان، دیارە ئەوە یەکەم جار نییە لە مێژووی میللەتی کورددا، بە سەرهێنانی گۆڕی سەرکردە و تەقاندنەوەی شوێنە پیرۆزەکان و هاندانی خەڵك بۆ دروست کردنی فتیلی ئاژاوەیەك، سەرەتا لەوەوە دەستی پێ کرد بەرنامەیان دانا تەقینەوەیەکیان کرد و، پاشان بۆ رۆژی دوایی داوایان کرد خۆپیشاندانێك بکەن دژی ئەو شوێن تەقاندنەوەیە، خۆپیشاندانەکە بەشێوەیەکی

یاسایی ڕێیان پێدرا، بەڵام ئەوان بەو سنوورەی کە بۆیان دیاری کرا بوو لە شاری دوز ڕێیان پێدرا بوو خۆپیشاندانەکە بکەن، بەو خەتە نەڕۆیشتبوون ڕێگای خۆپیشاندانەکەیان گواستەوە بۆ بەردەم بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دووز و، لەوێدا چەك و تەقەمەنی و نارنجۆکیان لە ژێر عەبا و لە ژێر دیشداشە، هەندێ مەلاشیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو لە ژێر جوبەکانیان چەکیان شاردبۆوە و، پەلاماری بارەگاکەیان داو لەوێشدا شەڕ دەستی پێ کرد و بەداخەوە لە هەردوولا زیان بوو، دوای ئەوە بەرەی تورکمانی لەم لاوە ئەو مەسەلەیەی قۆستەوەو هانی ئەو خەڵکانەی دا کە لە ناوچەی داقوق و تازەخورماتو، هەندێك لە دوزیش ئەوانەی کۆکردەوە بە سەیارە هێنانی بۆ شاری کەرکووك، پێش ئەوەی کە بیانهێنێ لە شاری کەرکووك داوایان لە هێزی هاوپەیمانان کرد بوو، کە ئیجازەیان بدەنێ مەسیرەیەك بکەن، دیارە ئێمە خۆمان یەعنی بڵێین لە ئامانجە گەورەکانمان ئەوەیە دەمانەوێ دیموکراتی هەبێت و، هەموو کەسێك مافی هەبێت کەوا بەشێوەیەکی دیموکراسیانە تەعبیر لە ڕەئی خۆی بکات، بۆیە خۆپیشاندان هیچ ئیشکالێکی تیا نییە، بەشێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن موحافیزی کەرکووك و لەلایەن دامودەزگاکانی ئەوێوە ئیزن درا بوون کە خۆپیشاندان بکەن، پۆلیسی کەرکووك لە پێش خۆپیشاندانەکەوە بە ڕێکوپێکی لەگەڵیاندا هاتبوون تا گەیشتبوونە نزیك مەرکەزی قائیمقامەتی قەزای کەرکووك و، لەوێدا بە نارنجۆك و بە چەکی سووك پەلاماری پۆلیسەکانیان دابوو و، چەند سەیارەیەکیان سووتاند بوو و، پۆلیسێکیان شەهید کرد بوو و، چەند ئەفسەرێکی پۆلیس بریندار ببوو، دیارە لەوێ لەلایەن هێزی هاوپەیمانەکان و هێزی پۆلیسەوە بەرپەچ درانەوە لە ئەنجامدا کۆی گشتی ( ١٧) کەس لە دوز و لە کەرکووك کوژران کە چواریان کوردن و باقیەکانیش لە تورکمانەکانن، ئەمە وەك گوتمان هەم پاشماوەی بەعسی لە پشتەوەو هەم لە دەوروبەریشەوە تەحریز دەکرێت، بەڵگەشمان بۆ ئەوەی کە پاشماوەی بەعسی لە پشتە، دوای ئەم کێشەیە سێ کەس لە ئەنجومەنی کەرکووك لە عەرەبەکان کشانەوە لە ئەنجومەنی شاری کەرکووك، کە خۆی لە خۆیدا ڕەنگە بە دوای شتی تریشدا بگەڕێن لەلایەنەکانی تریش لەمەودوا ئیستیقالەو کشانەوە هەبێت، بۆ ئەوەی دەیانەوێت ئەو ئیدارەی لە کەرکووك هەیە کە کوردی تیادا سەرکەوتوو بووەو، پارێزگاری کەرکووك کوردە دەیانەوێت تووشی حاڵەتێکی وای بکەن، یان وا بکرێت جارێکی تر هەڵبژاردن بکرێتەوە لە کەرکووك کە کورد دەرنەچێتەوە، یان وا بکەن کەوا کێشەکە وا تەشنە بکات و، وا بە ئاسانی چارەسەر نەکرێت، من پێم باشە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی ئێمە کەناڵی ئاسمانیمان هەیە، ئێمە ڕۆژنامەی ڕۆژانەمان هەیە، دەزگاکانی کوردی بەشێوەیەك لە شێوەکان، ئەو لایەنانەی لە پشت ئەو مەسەلەیەن تێیان بگەیەنن، کە ئەگەر خەڵك ماڵی لە شووشە بێت نابێت بەرد لە ماڵی خەڵك بگرێت، ئێستا لەم کاتەدا وەزعەکە تا ڕادەیەك ئاسایی بۆتەوە، حزبە کوردستانیەکان لە شاری کەرکووك بەشداری هەموو پرسەکانیان کردووە، سەردانی ماڵی ئەو کەسانەیان کردووە، کە بوونە قوربانی ئەم پیلانە، دیارە هەدەفێکی تریش لە پشت ئەو پیلانە ئەوە بوو، کەوا نێوان مەجلیس ئەعلا لەگەڵ کورد کە عیلاقاتەکە لە مەجلیسی حوکمی مەرکەزدا باش بوو، دەیانویست ئەوەش لەکەدار بکەن و، کێشەیەك بخەنە نێوان کورد و مەجلیسی ئەعلاوە، ئەوەش فەشەلی هێنا مەجلیسی ئەعلا لەگەڵ قیادەی کورد دانیشتوونە و، کێشەکە ئێستا بەرەو ئاسایی بوونەوەو باش

دەڕوات لە کەرکووك و دوز و شارەکان وەزعەکە ئاسایی بۆتەوە، بەلام ئەوە مانای ئەوە نییە، کە ئیتر ئێمە بێ دەنگ دانیشین و، چاوەڕێی ئەوە نەکەین وا بزانین کەوا ئیتر خەلك گوێمان تێدەگرێت، نەخێر بمانەوێت دوز و چەمچەماڵ و کفری بێنینەوە سەر ئیدارەی کەرکووك و، بمانەوێت لە داهاتوو کەرکووك بخەینەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئەمە شتێکی وا ئاسان نییە و، خەلك چەپلەمان بۆ لێ نەدات، بەلکو پیلان و موئامەرەمان لە دژدا دەکات و، حەتمەن چۆن ئێمە ئەم چەند ساڵەی رابردوو تەزحیە و قوربانیەکی زۆرمان داوە، تا گەیشتووینەتە ئەو قۆناغە، ئەو قۆناغەش تا قۆناغێکی داهاتوو سەرکەوتنی ئینشائەللا تیا بەدەست دێنین بێ تەزحیە و قوربانی دان و بێ فیداکاری نابێت، داوای یەکگرتوویی هەلوێستی کوردی دەکەین، هەلوێستی هەموو لایەنە کوردستانیەکان یەك بێت، دیارە پیلانەکانیش ورد و خاش دەبن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك مەلا شاخی، فەرموو کاك ئەحمەد شەریف.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی وەختتان نەکوژم، من ناچمە ناو پێشەکییەوە، موباشەرەتەن دەچمە ناو کێشەکانەوە، ئەگەر لە یادتان بێت لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەماندا تازە پرۆسەی رزگار کردنی عێراق دەستی پێ کرد بوو، گوتم رجاتان لێ دەکەین، رجا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە زەخت لە سەرکردایەتی کوردی بکاتن واز لە شەرە پەرۆ بێنن و، ئەگەر هەر دەشیکەن لە کەرکووك و موسڵ نەیکەن، چونکە کەرکووك و موسڵمان لە دەست دەڕوات و، ئەو وەختی قسەم کرد، وابزانم ئێستاش لەبیرمە و ئێستاش لەسەر ئەو رەئیەمە، من پێم وا بێت لەگەڵ رەئی برادەران نیمە ئەوەی بەم شێوەیە باسی مەسەلەکان دەکاتن، کێشەکە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆمان، کورد خۆی گوناحبارە پێش ئەوەی ئێمە بۆ خەلك گوناحبار بکەین، راستە خەلك موئامەرەمان لەسەر دەکات، خەلك لە دژی کوردە، خەلك دەیەوێت کورد نەبێت بە هیچ، بەلام ئێمە خۆشمان گوناحمان زۆرە، کێشەی کورد و تورك دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٥٨)، ساڵی (٥٨) ئەو مەزبەحە خوێناویەی لە کەرکووك روویدا، دوایی لە موسڵ روویدا، کورد دەوری تیا هەبوو، دەورێکی خراپی تیا هەبوو و، دەورێکی خراپی تیا گێڕا بەڕاستی و، ئەوە بووەتە شتێك لە عەقلیەتی تورك و عەقلیەتی عەرەب لە دڵیان دەرناچێت، ئەمە خاڵی یەکەم، بەلام ئێمە چۆن ئەو برینە تیمار بکەین، ئەو برینە بەوە تیمار ناکرێت ئێمە هەر یەکێك بۆ لایەکی رابکێشین، ئەو برینە بەوە تیمار دەکرا، کە رۆژی یەکەمی شاری کەرکووك و شاری موسڵ رزگار کران، ئێمە یەك دەست و یەك گیان و یەك دڵ بین، من بە چاوی خۆم بینیومە عەرەبی تەعریب وەرقەی عەدەم تەعروزی یەکێتی و پارتی پێیە، عەرەبی تەعریب وەرقەی دراوەتێ لە لایەن پارتییەوەو، وەرقەی دراوەتێ لەلایەن یەکێتیەوە، تۆ عایدی منی قەیدی ناکات، ئەو عەرەبانەی کە کوردیان فەرهود کرد، ماڵی کوردیان تالان کرد، دەشتی ساڵەییان تالان کرد، دێیەکانیان داگیر کرد، قەراج و کەندیناوەیان داگیر کرد، سەرکردایەتی کورد هەموو رۆژ دەعوەتیان دەکات و ئیحتیرامیان دەگرێت و سەردانیان

دەكات و دەست بەسەریان دادەنێت، جا خەڵك بۆ لە دژی كورد نەبێت، من دوای ئەو هەموو خیانەت و كورد كوشتن و كورد برین و تاڵان كردن و ماڵ سووتاندنە، ئیحتیرامم بگیرێت و ڕێزم لێ بگیرێت، دەعوەت بكرێم بچم سەردانی بكەم، جا كابرا بۆ لە، كورد بترسێت، بۆ حیساب بۆ كورد بكات، كورد بۆ خۆی لە ژێرەوە یەك نییە، لەسەرەوە یەكە بە زمان یەكە، بە كردەوە یەك نییە كاكە، كێشەكە لەوێ دەست پێ دەكات، من پێم وایە كەس گوێ لە پەرلەمانی كوردستان ناگرێت، ئەگەر گوێ لە پەرلەمانی كوردستان بگیرێت و ئیحتیرامی ئیرادەی پەرلەمانی كوردستان بگیرێت، من لە یەكەم ڕۆژەوە باسی ئەوەمان كرد گوتمان بابە كێشەكە زۆر گەورەیە، موئامەرەكە زۆر گەورەیە، زۆر كەس دەستیان تیا هەیە، بەعس دەستی تیا هەیە، دەوڵەتەكانی دەوروبەر دەستیان تیا هەیە، تورك دەستی تیا هەیە، ئێران دەستی تیا هەیە، كورە پیاوی باش بن وەزعەكە زۆر خەتەرە بیكەن بە قەرارێك، ئیلتیزامی پێ بكەن بەو قەرارە، نەك هەر بە قسە لێرە باسی بكەین، هەموومان قسەی گەورە و قسەی خۆش بكەین، بەڵام كە چووینە دەرەوە موئامەرە لەسەر یەكتر بكەین و دەست بەسەر دوژمنانی كورد دابنێین، ئەم كێشەیە دەكرا چارەسەر بكرێت هەر لە دوزخورماتو كابرایەكی سەر بە ئەنصاری ئیسلام بچێت ئیمامگەیەك بتەقێنێتەوە، مەفروزە لە یەعنی وەخت بگیرێت و بدرێتە محكەمە و بانگی توركمانەكان بكرێت، بڵێین كاكە ئەو كابرایە دراوەتە محكەمە، بۆچی كابرا بپارێزرێت، بۆچی كابرا بچێت لە بارەگای حزبێك لە حزبەكان خۆی بشارێتەوە، ئێمە خۆمان گوناحمان هەیە، كاكە كێشەكە حەساسە، مەسەلەكە زۆر حەساسە، پیاوی باش بن ئەم كێشەیە كێشەیەكی زۆر گەورەیە، ئەمە خەتەرە لەسەر كەركووك و دوا ڕۆژی كورد، ئێمە ئەگەر بمانویستبایە كەركووك لە ژێر ئیدارەی خۆمان بێت هەر لە ئەوەلی دەكرا كەركووك بگەڕێتەوە سەر ئیدارە، بەبێ موافەقەتی حولەفا، هەر لە ئەوەلی دەكرا قیادەی كوردی كە ئەوەندە جێگای ئیحتیرام و جێگای سیقە و چاكترین دۆستی ئەمریكایە، ئێستا كەركووك هەموو قەزا و ناحیەكانی چەمچەماڵە دوزخورماتووە، كفریە، كەلارە، هەموو بخرێتە سەر كەركووك كێشەكە دەبڕێتەوە، توركمانەكانیش دەتوانرێ بەشێوەیەكی تر تەعامولیان لەگەڵدا بكرێت، كاكە ئێمە هەموو لایەكمان دەستمان لە پشتی جەبهەی توركمان داوە لە بیدایەت، تا وای لێهات جەبهەی توركمانی بە ئاشكرا هاوار دەكات، دەڵێ جەیشی توركی بێت ڕزگارمان بكات لە دەست كوردەكان، ئێمە هەر ئەوە دەزانین زەمی بەعس بكەین، بڵێین بەعس واو بەعس وا، كاكە مەسەلەكە وا نییە، ئێمە خۆشمان خودی خۆمان گوناحمان زۆرە، یەعنی بە دەرەجەی ئەساسی ئێمە بەڕاستی ئەگەر دڵسۆزی میللەتی خۆمانین، ئەگەر بەڕاستی دڵسۆزی ئەم میللەتەین، ئەگەر بەڕاستی دەمانەوێت كورد ڕزگار بێت، ئەگەر دەمانەوێت موئامەرەی دوژمن لەسەر كورد سەرنەكەوێت، دەبێت پێش هەموو شتێك ئێمە بە كردەوە یەك بین، نەك هەر بە قسە، ئێمە ئێستا لێرە ئەو قسانە دەكەین، دەچینە دەرەوە بە نەوعێكی دیكە تەعامول دەكەین، دوژمن چاك دەماننناسن، وا تێ نەگەین دوژمن ماهیەتی ئێمە ناناسێ، زۆر چاك دەماننناسێ، چاك دەزانێ ئێمە چۆن موعامەلە لەگەڵ یەكتری دەكەین، بۆ لێمان بترسێ، بۆ ئیحتیرامی ئیرادەی ئێمە بگرێت، بۆ موئامەرەمان لەسەر نەكات، جا لەبەر ئەوە بەعكسی ڕەئی برادەران هەموو دەڵێن بەعس واو تورك واو، بابە مەسەلەكە خۆتانن كەس نییە، خۆتانن خودی خۆمان، ئێمە ئەگەر بمانەوێت لە

کەرکووك یەك بین، لە موسڵ یەك بین، فەرموو ئێستا موسڵیش لێمان هەڵگەڕاوەتەوە، موحافیزی موسڵ خۆمان دەنگمان داوەتێ لێمان هەڵگەڕاوەتەوە، ترسی شکا، ترسی نەما، مەسەلەکە لێرە دەست پێدەکات، ئێمە بۆ ئەوەی بۆ مەکسەبێکی حزبی زۆر بەسیت بۆ ئەوەی بلانصەکەمان تێك نەچێت، دەچین دەست بەسەری دوژمنەکەمان دادەهێنین، دوژمنەکەمان دەعوەت دەکەین و پارەی دەدەینێ و خزمەتی دەکەین و گەورەی دەکەین، دەکەینە شتێك، باشە کابرا حیسابت بۆ ناکات دوایێ، دەڵێ دیارە من زۆر موهیم و ئەوانە زۆر هیچ وپووچن حاشیەکی کورد، لەبەر ئەوە بەڕای من، یەعنی من بەعکسی رەئی برادەرانم بەڕاستی، خۆ هەموومان دەزانین جنێو بە بەعس بدەین، هەمووشمان دەزانین جنێو بە داگیرکەرانی کوردستان بدەین، بەڵام ئەوە چارەی کێشەکەی ئێمە ناکات، دەردەکەی ئێمە ئەوە نییە جنێو بە داگیرکەر بدەین یان زەمی دوژمن بکەین، بڵێین دوژمن وای گوت و وای کرد، دەردەکە خۆمانین، دەبێت پێشتر بە خۆمان دابچینەوە و خۆمان چاك بکەین، کە خۆمان چاك کرد و خۆمان یەك بووین بە دڵ و بە گیان بێ پرسی یەکتری هیچ شتێکمان نەکرد، هەموو شتێکمان بە بەرنامە بوو، باوەڕ بکە ئەمریکاش ئیحتیرامی ئیرادەمان دەگرێت، عەرەب ئیحتیرامی ئیرادەمان دەگرێت، تورك ئیحتیرامی ئیرادەمان دەگرێت و، دەگەینە ئامانجەکانی خۆمان، بەڵام بەو شێوەیەی تا ئەم لەحزەی پەرلەمانەی بەڕێوە بڕۆین، ئێمە سەرکەوتوو نابین، حەز دەکەم بزانن، باوەڕ بکەن هەردوو ئیدارەکەش لێمان وەردەگیرێتەوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك ئەحمەد شەریف، فەرموو کاك سەفین.

**بەڕێز مناف نادر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە لەسەر ئاخیر حەدەس قسە دەکەین، یەعنی ئاخیر رووداوی کە لەو چەند رۆژانە روویداوە قسە دەکەین، کە ئەوە لە درێژەی صیراعی تاریخی ناو کەرکووك و ئەوانەیە، ئیشەکە زۆر بە ئاشکرا دیارە بە پیلان کراوە، هەروەکو کاك سیروان بە تەواوی باسی کرد، لەگەڵ کاك مەلا شاخی باسی کرد بە پیلان کراوەو، بە موخەتەتیش کراوەو، کۆمەڵێك لایەنیش تێدا بەشدارن، هەم لە بەرەی تورکمانی و هەم لە دەوڵەتانی دەوروبەرو، مومتەنیشە ئەنصاری ئیسلام نازانم هەتا چەند دەوریان تێدا هەیە یان تێدا نییە، بەڵام بە ئەوەکی گەورە کراوەو، هەمووشیان یەکن دائیمەن لە دژی مەسەلەی کورد و، دائیمەن مەسڵەحتیان لەوە دایە و، دائیمەن موتتەفیقن لەسەر ئەوەی کە فعلەن ئەو حەقە رەوایەی کە کورد هەیەتی لە کەرکووك نەهێڵن بگاتەوە دەستی کوردەکانی کەرکووك و ئەوانە، هەموویان دائیمەن موتتەفیقن و، ئەگەر دوژمنیش بن لەسەر ئەو مەسەلەیە رێکن، یەعنی ئێستا موقاوەمەی بەعسی تە زۆر بە سرپیە لەگەڵ ئەوان مونەسەقن و، لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەوروبەریش مونەسەقن لە بۆ ئەو مەسەلەیە، ئەوە ئەوەکی گرنگە، بۆیە من قسەکانی کاك ئەحمەدیش تەئید دەکەم، کە فعلەن ئەوە مەسەلەیەکی قەومی زۆر گرنگە و، مەسەلەیەکی ستراتیجییە بەنیسبەت کورد هەمووشمان ئەوەی دەزانین و، بەدرێژایی ساڵ سەدان قوربانی لەسەر مەسەلەی کەرکووك و لەسەر مەسەلەی ئەو شوێنە ئازاد کراوەکانی

تازەی کوردستان کراوە، بۆیە دەبێت ئێمە بەلای کەم پارتی و یەکێتی و، هەموو گەلی کورد بەڕاستی لەسەر ئەو مەسەلەیە، وەکو خیانەتێکی گەورە بیدەینە قەڵەم، ئەگەر بیکەینە موناڤەسەیەکی حزبی یان موزایەدە، ئەگەر پەرلەمان داوا لە هەردوو لا بکات، ئەگەر لەسەر هەر شتێك موساوەمە دەکات ئەوە نەکرێت، دووەم ئەمە وەکو کاك مەلا بەختیاریش وتی تاکو ئێستا هیچ داوامان نەکردووە زوڵم لە کەس بکەین لە کەرکووك، یان حەقی کەس بخۆین و، هەتاکو ئێستاش چوار مانگ پاش ئازاد بوونی عێراق هەتا ئێستا هیچ شتێك لەو مافە رەواییانەی کە بەعس لە کوردی حەرام کرد بوو، هەتا ئێستا نەگەڕاوەتەوە، نە هاوپەیمانەکان و نە مونەزەماتی دەولی هیچیان ئەوەیان نەکردووە، هەتا ئێستا مەسەلەن ئاوارەیەك کە لە کەرکووك دەرکراوە، هەتا ئێستا بە هیچ حەقێك بۆی نییە بچێتەوە، مەگەر بە خۆی بە مل لنێنان بڕواتەوەو، هەتا ئێستا کورد زیاتر لە نیوەی کەرکووکی نەبێت، با چارێگێکی بێت، با (١٠٪)ی بێت، خۆ ئەو (١٠ ٪)یە حەقی ئەوەی هەیە بە کوردی بخوێنێت، بەڵام هەتا ئێستا یەك مەکتەبی کوردی لە کەرکووك نەکراوەتەوە، بۆ ساڵی ئایندەش هەتا ئێستا هیچ موشکیلەیەك حەل نەکراوە ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت، یەعنی داوای گەڕانەوەی ئاوارەکان دەکەین، کەوا حەقێکی تەبیعییە بە هەموو ئەعراف و بە هەموو ئەدیانێکیش کابرا حەقی خۆیەتی لەسەر شوێنی خۆی دەرکراوە، بە زوڵم دەرکراوە، ئێستا بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، ئەوانە پێی رەوا نابینن، ئەوانەی کە دوێنێ بەعسی لە مەجلیسی موحافەزەی کەرکووك دانران، ئێستا رەوای نابینن، یەعنی وەك چۆن بەعس بە رەوای نەدەدیت، ئەوانیش بە رەوای نابینن و، لە دژینە و ئەو پیلانانە دەگێڕن، بۆیە من پێم باشە یەکەم: ئێمە لە پەرلەمان موزەکەرەیەك بدەین بەڕاستی بە سەرکردایەتی سیاسی هەردوولا، کە لەسەر ئەو مەسەلەیە بە هیچ شێوەیەك موساوەمە نەکرێت و، داوا بکەین بەڕاستی لیژنەیەکی تەحقیق بۆ ئەو مەسەلەی ئەخیر دروست بکرێت، چونکە شتی تر دووبارە دەبێتەوە بە تەئکید و، شتە قانونیەکان دەرکەوێت لەوێ خەتای کێ بووە مەلەفێك هەبێت، نەوەکو دوایێ ئەوە بکەنە مەسەلەیەك بە نیوچەوانی کوردەوە، یان بیکەنە ئەوەیەك دائیمەن بڵێن کوردەکان ئاژاوەیان گێڕاوەتەوە، ئەو مەسەلەیە ساغ بووەتەوە، وەکو رۆژی رووناك دیارە، کە چۆن دروست کراوە بۆ رووداوەکانی کە لە داهاتووش روودەدەن، ئەوە نەبێتە سابیقەیەك، یەعنی ببێتە سابیقەیەکی وا کە دیار بێت کێ پێی هەڵساوەو، کێ موئامەرەکەی ناوەتەوە، ئێمە موزەکەرەیەك بدەینە (الامم المتحدة) بەڕاستی لەوەی کەوا ئاوارەکانی کەرکووك، ئێمە هەتا سەر ناتوانین رایان بگرین و، فعلەن با ئەوانیش حەقە موزاهەرە بکەن، بۆ تورکمان لەسەر یەك مەرقەد کە حەیی عەلا سەلات دەزانن کورد تێکی نەداوە بێن موزاهەرە بکەن، بۆ ئاوارەیەك لە کەرکووك دەرکراوە، تا ئێستا پاش چوار مانگ لە گەڕانەوە بۆ حەقی موزاهەرەی نەبێت، بۆ حەقی موزاهەرەیەکی سلمی نەبێت کە بۆ کەرکووك بگەڕێتەوە و داوای حەقی خۆی بکاتەوە لەوێ، بۆ حەقی ئەوەی نەبێت، یەعنی موزەکەرەیەکیان بدەینێ کە ئەوانە حەقی گەڕانەوەیان هەبێت بۆ رێ و شوێنی خۆیان، مەکتەبێکی کوردی لە کەرکووك بکرێتەوە بۆ ئەو کوردانەی کە لەوێن و، ئەو کوردانەی کە دەگەڕێنەوەو، سنووری ئیداری کەرکووکیش بەڕاستی وەك جارانی لێ بکرێتەوە، ئەوە بەس بە یەك موزەکەرە وازی لێ نەهێنین لە پەرلەمان لیژنەی موتابەعە هەبێتن، موتابەعەش بکرێتن،

من پێم وایە لەلایەن هاوپەیمانەکان و زۆر لە مونەزەمە ئینسانیەکان، مونەزەمەی حقووقی ئینسان، (UNSTR) لەوانە موتابەعە بکرێتن، من پێم وایە پشتیوانی ئەو مەسەلەیەی ئێمەش بکەن، مەسەلەیەکی رەواو بە هەموو عورف و قانونێك رەوایە، بۆیە ئەگەر ئێمە موتابەعەی بکەین، ئێمە پشتیوانیمان زۆر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك سەفین، من لەو باوەڕە دام لەبەر ئەوەی قسەکان زۆر کران و، ئەو بەڕێزانەی قسەیان کرد و، هەندێك پێشنیازیان پێشکەش کرد و، هەندێك ئامۆژگاریان کرد، ئەگەر ئەوانە بخەینە سەر کاغەز لە پاشان پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بکەن، بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگیرێت لەو روون کردنەوەی کەوا لە بارەی کەرکووکەوە، کاك شاخەوان من ئاگام لێ بوو تۆ دوو سێ جار سەرت خوراند، جا نازانم ئەوە هەر سەر خوراندن بوو، یان دەتویست قسە بکەی، فەرمووو کاك شاخەوان.

**بەڕێز محمد عباس عولا (شاخەوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

دیارە دیکۆمیتەکانی ساڵەهای ساڵ ئیسپاتی ئەوە دەکات، کە کەرکوك کوردستانە، ئێمە برایەتی تورك و عەرەب و کوردیش زەروورەیەی مێژووییە، پێویستە بەڕاستی رەچاوی ئەو مەسەلەیە بکرێتن و، دیموکراتیەت پیادە بکرێتن، پێم وایە چارەسەری کێشەکان دەکاتن، ئەگەر دەستەڵاتی کەرکووك بە تەواوی لە ژێر دەستمان بێت، تورکیش حەقی ئەوەی هەیە بە زمانی خۆی مەکتەبی هەبێت و هەموو شتێکی هەبێت، بەڵام ئەوەی کە ئیمرۆکە هەیە بەڕاستی ئەوە پیلانێکی گەورەیەو، پێشی ئەوە بکات بە دە رۆژ و پانزە رۆژێك ئەو زانیارە هەبوو و، ئەو زانیارەش دراوە بە ئەمریکیەکان، کە پیلانێکی وا لە ئارادا هەیە، جەبهەی تورکمانی زەمەنی مەسەلەکان دەگۆڕێ، یەعنی زەمان بریار و بۆچوونەکان دەگۆڕێتن، زەمەنی ئێستا ئەوەیە کە جەبهەی تورکمانی دا بەستە و بەکرێ گیراوی دەوڵەتی دەوروبەرە، ئەو دەوری هەبووە لە پیلانەکان، هەم پێشی ئەوەی کەوا سەرانسەری عێراق ئازاد بێتن، خۆیان ئامادە کرد بوو، کەوا جەیشی دەوروبەر، جەیشی تورکیا بەسەڕاحەت بێتن و، ئەوان لەناو شاری هەولێر فرقە فرقیان دروست کرد بوو، یان با بڵێین تیپیان دروست کرد بوو، بۆ ئەوەی دەست بەسەر گەڕەکەکان دابگرن و، بەناوی ئەوەی کەوا دزی لە گەڕەکەکان نەکرێتن، لە رووداوەکەی کەرکووك ناوی هێزی پێشمەرگە، کە ناوی پێشمەرگە ناوێکی پیرۆزە، داکۆکی کردووە لە مافی رەوای گەلی کورد، ناوی بە میلیشیات دەبات، جەریدەکەی جەبهەی تورکمانی رەسمەکەمەی لە لاپەڕەی یەکەم دراوە، خۆی شاهێدی ئەوە دەداتن کە ئەوە پیلانێکی گەورەیە، یەعنی رەسمەکە خۆی وەڵامی ئەو مەسەلەیە دەداتەوە، پێش ئەو مەسەلانە بۆ هاتنی جەیشی تورکیا، تورکیا پەیوەندی بە سوریا و ئێران و سعوودیە کرد، کە جەیشی بێتن بۆ ناوەڕاستی عێراق، بەڵام ئەوە خۆ ئامادە کردنێکە کە لە کەرکووك ئەو مەسەلەیە بتەقێتەوەو، بە بەرنامە بووە، ئەنصاری ئیسلام لە بیارە و تەوێلە و ئەوانە مەرقەدە پیرۆزەکانی نەقشبەندییەکانیان لە گۆڕ هەڵکەند، ئەو مەسئەلەیەش پەیوەندی

بە ئەنصاری ئیسلامیشەوە رەنگە هەبیتن، کە ئەوان بەشدارن لە جەبهەی تورکمانی بۆ دانانی ئەو پلانەیە، بۆیە بەڕاستی پێویستی بە یەك هەڵوێستی هەیە، نەك بە بیر کردنەوە تەسکی حزبیانە و، ئەوانەی کە حکومەتی با بڵێین تەحالوف بڕیاری ئەوەی داوە هەموو دام و دەزگاکان هەڵبوەشێنەوە بە حزبی بەعسیشەوە، پێویستە بە هیچ شێوەیەك رێگای رەفیق حزبییەکان نەدرێتن دەوری مەسئولیەتیان بدرێتێ لە شاری کەرکووك، لە هەموو جێگاکانی تر و، خۆشمان بەڕاستی وەکو کاك ئەحمەد فەرمووی گرنگی بە رەفیق حزبی و کۆنە بەعسییەکان نەدەین و، مەسئولی جەبهەی تورکمانی خۆی لەو بینایەی کە ئێستا ئێمە لێی دانیشتووین لە دوو دەورەی تەشریعی خۆی بەشداری کردووە بەعسی بووە، ناویشی هاتووە، حەقە ئێمە گرنگی بە هێزی نیشتمان پەروەری تورکمانەکان بدەین، ئەوانەی کە هەن، ئەوانەی کە مەسەلەن هاوبیروڕان لەگەڵ گەلی کورد و، گرنگی نەدان بە بەعسییەکان من پێم وایە چارەسەری کێشەکان دەکات لە کەرکووك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك شاخەوان، بەڕێز مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی، فەرموو.

**بەڕێز ملا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناڤی خوای مەزن و میهرەبان

(ربنا لا تواخذنا ان نیسنا او اخطأنا ولا تواخذنا بما فعل السفهاء)

وەختی جەنابی هەوە ئەندامانی هەوە پەرلەمان هەمی بڕیاری دا کو جەلسە نهێنی بێ، بڕاستی کەیفا مە گەلەك هاتی مە گوتی دیارە جەماعەتی چاڤێ خۆ وێ سورکرنە، ویستێل خۆ تێ هەلینن، مە نازانین عەینی وەکی جەماعەتی (p. m.f) ئەوی کو چوو خۆ دەناڤ بەینا پارتی و یەکێتی پێك بینن، چوو گازی بە ئاگرێ داکرد، مە لە ئەوەڵدا زانین کو برادەر هەمی ئەندامێ پەرلەمان وێن نوفتەی لسەر حەرفێ دانێین، ئەرێ بۆچی ئەڤ موشکیلە روویدایە؟ پێغەمبەرێ خودێ دبێژێ علیه الصلاة والسلام(الفتنة نائمة ولعنة الله علی من ایقضها)، ئەمە هەمی تورك و تورکمان نازدکەی حەق معرفە ئەم ناز دکن، تورك کوڕی کمال ئەتاتورکە جەنابی سەرۆك، ئەو تورکە کو جەندرمەی تورکا لسەر زیگی ژینگا کورد شەر کری کان نێرە یان مێیە زیگی وێدا، سەر پاکەتێك جگارە زگی وێ دڕاندن بزانن کوڕە زگێ ویدا، یان کچە هەتا ئێك پاکەتی جگەرا شی دێ ترەف بت، ڕاستی جهێ ئاخافتنا برای عەزیز ئەحمەد شریف باش باش بدلێ مە بی، بەس خۆزیا کویر ترو روون ترو جەریئتر چوو بیان، کەس سەبەبی موشکیلە نینە ژ غەیری مە کوردا پێدا ژ غەیری پارتی و یەکێتی پێدا، ئەڤانە سەبەبی موشکیلە، مە ل هزر کر برادەر دبێژن پێنگاڤا ئەوەڵ ئەوە گازی مەکتەبا سیاسی پارتی و یەکێتی هەردووکا بکەن، بینن ڤێرن ئەگەر راست مە دڤێت ئەم دئەستۆی خۆ گوناهێ تاریخێ خۆمان دەربێخن، کەوەرن برادەر هەوە چ نیەتە؟ هەگەر کوردایەتییە، ئەم نەکوردایەتییە، هەگەر تشتەکی بی هەوەك باشە بەلێ خۆ بۆ مە ژ کەن، مەزانین برادەر کێ وی ڤێ دەعوای بکەن، چونکی فتنەش وێرێ وێ رێك کەوتییە، وژ وێرێ ژ بئیتیفاقیا کوردا وی فیتنە پێك هاتیە، دلاسەو موسەقفیێ کورد، پیرەمێردێکیش بەری(۳۸۰

)ساڵە گوتویەتی (گەر دی هەبوا مە ئیتیفاقەك - ڤێكرا بكرا مە ئینقیادەك، رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی هەمیا كراش مالا خۆ بی، برا ئەڤە بینە بیری خۆ، ژ دەست پێكرنا شەڕێ رزگار كرنا عیراقێ هەتا ڤێگافێ ئەڤ هەردوو حزب هەرچەندە مە كوژی هەتا ڤێگافێ كەسەك ژی نەوێرا دەما ئێك خەلەت بی، بێژین برا تە خەلەت بی، نەو وی خۆ بگرە هەتا وی دوو خەلەت بی، هی هەردوو خەلەت بین، مە ئەو جورئەتەی پەیدا نەبییە نە مەو نە غەیری مە پەیدا نەبییە، ئەوە خەلەت بی تۆ خەلەتی خۆت راست بیكە، مەعلووماتی مە وەرگرتینە مەعلووماتی ئەكید جەنابی رەئیس پەرلەمان، شەڕی بێ ئەوەڵ دەست پێكری سەر مەسەلێ ئێكیش وان عەتاباتێت وان هی شیعانن، لیڤیرێ جهێ گازندە بی، جهێ گازندەیە شوونا كو شەڕی وان بێتە كرن، رەمی لێ بێتە كرن، برا وان ژ هەروەكی برادەرێ وان ئیشارەتی پێكری، گووتی ئەنصار نا ئەعدائی ئیسلام كو قەبری مرییێش ژ بەرێ سالاً وێ ژ كوردستانێ راكین، هەر عەینی ئەون ئیحتیماله ئەو جەریمە كری، برا وانیش دەركەڤتییە گوتیا ئیحتیماله ئەم شریكی ئەوانە، ئەوان نەبەس ئەوەكی وڵ مە نەژ كری، شوون رەمی لێكرن، مەسەلەن مەجالێ ببیتن نەیار كو نەیار هەنجەتی پێ ببینن، چەند موخالەفا هاتنا كرن، نەپارتی ئاشكەرای گوتییە، ئێكێتیا برادەر ئێكتی ئاوا هەنێ خەلەتە نە مەسلەحەتا من و تەدایە، بەحسی عەلەمێ هاتە كرن ئەرێ مە ئەوەڵ جار ڤێرێ هەر د. فؤاد معصوم، زیكریا وی خێر بێ، نە عەلەمی عیراقێ ئەهان شوونێ راگر، ژیێ پێش سەرێدا عەلەمێ عیراقێ لێ بێ عەلەمێ عیراقێ را گرت، بۆ ڤێگا ڤێ جارەكا عەلەمێ عیراقێ شریكا پوشنا بینەڤا، نەعەلەمێ عیراقییە، نەعەلەمێ جمهوریا عێراقییە، عەلەمێ جمهوریا عیراقیا، هەموومان دزانین، ژ مێژە دەزانین عەلەمێ وەختی سەورە لسەر مەلیكا كرد، عەلەمی شیعار ئەڤە هی جمهوری بی، وشیەك گەنم و ئێك برنج، شیرو خەنجەر نیشانێ هەردوو قەومێ عەرەبی و كورد، ئەڤ ئەستێرەیە عایدی بەعسیانن لە ١٩٦٤ێ، وەختێ وەحدی دگەل میسرو سوریا كرد و هەنگێ عەلەمێ وی چاكرینە، بۆ ڤێگا ڤێ ئەڤ عەلەمە پیرۆز بیە، بۆ مە پارتی نەشیایە یان حەز نەكریە، بە ئاشكرا بێژیتە یەكێتی برادەر ئەڤانێ خەتیە، بۆ وەختێ خەلەتێ پارتییە بۆچی یەكێتی ئاشكرا نەكردیە برادەر ئەڤانێیە خەتا، ئەز وێگافی ئیقتیراح دكەم، پەرلەمان گازی حەدی ئەدنا (أضعف الايمان)، گازێ مەسئولێ لقێ مەسئولێ پارتی ویەكێتی لە كەركووك بینن ڤێرێكە بۆچی ئەڤە روویدا، هین هەردوو مەسئولن بۆچی ئەم چكیە؟ ئەمە نەشیا سەیتەرەی لسەر بكەن، ئەگەر نەژینا خۆ، ئەگەر جورئەت پێ كرابت، گازی مەكتەبی سیاسیا هەردووكا بكەت، گازی مەكتەبی سیاسی پارتی و یەكێتی، گازی رێزدار مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی هەردووكا بكەن، ڤێرێ وەختێ جارەكا هەنگی مە گوتم كلیلا ئاشتیا كوردستانێ لدەستێ ئەوا هەردووكا دایە، هەگەر حەز بكەت، جەنابی مام جەلال گوتیا وەللاهی ئەم مامۆستا لە گیرفانم دانییە نازانم ئەگەر لەگیرفانێ كاك مسعود دابیت، بەلاّم بەخودێ لدەستێ وان هەردووكا، ئومێدەوارم ئەم بەكاربێن ژ جیدارە بەرلین دەركەڤین ڤی دیوارێ هشكن دناڤ بەینا پارتی و یەكێتیدا بەكار بن دەركەڤن، ئومێدەوارین مەسەلا كوردی وەبەرخەتەرناكێدا جارەكی تر ئەم وەسا بۆ كوردا نایەت، وەكی سەیدایە جەزیری رحمە الله دبێژیت (تالع كو بێتە فرسەت موهلەت لنك حەرامە )، سەیدای جگەر خوێن دبێژێ (ئەگەر دەم دی ژ بۆ مە یەك دوو فرسەت

کو فرسەت بێ حەرامە ژێرە موهلەت)، خودێ ئەڤ فرسەتە لدەستێ مە دەرکەڤین لدەستێ کوردێ دەرکەڤت، کورد هی دی بەحەیاتی عومرێ خۆ ناڤین جارێ حەتا حەتاهی ژ خەلکێ لەعنەتی لە ڤان کەسێ بباریێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا محمود دێرشەوی، زۆر کەس داوای چوونە دەرەوە دەکات، تکا دەکەم تا ئەوانەی کە چوونە دەرەوە نەینەوە ژوورەوە ئەوانی تر ناتوانن بچن بۆ دەرەوە، لە پاشان ئێمە کە ناومان نووسی لەم بەینە پاش ئەوەی کە دەست کرا بە قسە کردن خەڵك دەست بەرز دەکاتەوە، ئەم جارە ڤەیناکا ناوی ئەوانەمان نووسیوە، بەڵام لەمەولا کە جارێك دەچینە مەوزوعێك ناو نووسرا، ئیتر هەتا ئەو دەورەیە تەواو ئەبێت، ناوی تازە نانوسرێت، فەرموو کاك مەلا حەمە ئەمین.

**بەڕێز محمد امین عبدالحکیم چەمچەماڵی(مەلا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك برایانی بەڕێز بەڕاستی من حەز دەکەم باسی مەسەلەیەك بکەم کە سەرەتای ئەم کێشەیە لەچی دروست بووە، بەڕاستی کێشەیەکە ئێمە هەرگیز نە ئیشمان پێیەتی، نە بیرمان لێکردۆتەوە و، مەسەلەی تێکدانی ئەو مەزارەیە کە مەزاری ئیمامی عەلییە، ئەو مەزارە مەزارێکی برایانی شیعەیە و، من پێم وایە ئێمە هیچ ئیشێکمان نە بە تێکدانی نە بە بیناکردنیەوە هەیە، ئێمە یەکێکین لەوانەی کە ئیحتیرامی مەشاعیری برا شیعەکانمان لە کوردستاندا گرتووە و، پێم وانییە لەناو هەموو سوننەکانی عێراق و دەرەوەی عێراقیشدا کەسێك هەبێ تەقدیری مەزهەبی شیعی و سونی کردبێت، بەقەدەر ئێمە عولەمای کوردستانن لەگەڵ برا شیعەکانماندا، بۆ نموونە دەبینن چەندین حوسینیە هەیە و، لە هەموو موناسەبەکانیشدا ئێمە بەشدار بووینە لەگەڵیاندا، پێم وایە نزیکترین کەسێك هەبێت لە بەشی عولەمای سوننە، عولەماکانی کوردستانن لەگەڵ برا شیعەکانماندا، ئەمە خاڵێکە من پێم وانییە کەسێك نکووڵی لێبکات، برا شیعەکانمان خۆشیان زۆر باش دەزانن، تا ئێستا سێ چوار باسی زۆر موهیم لەسەر مەسائیلی شیعی لەلاین عولەماکانی کوردستانی خۆمانەوە نووسراوە و، تەقیمیش کراوە، بۆیە من ئەزانم و دڵنیام لەوەی مەسەلەی تێکدان و دەستکاری کردن و، بێ حورمەتی کردن بەرامبەر بەو مەرقەدە، کەسانێکن لەرووی موئامەرەیەکەوە ویستوویانە کێشەیەك بنێنەوە، نەك هەر لەبەینی تورکمان و کوردا، بەڵکو لە بەینی ئینجا کوردو شیعەدا کە ئێمە سوپاس بۆ خوا چەند رێککەوتننامەیەکمان لەبەر دەستدایە پێشکەش بە جەنابتانی ئەکەم دوایی کە لەلان برایانی شیعەوە مەجلسی ئەعلای سەورەی ئیسلامییەوە سەید محمد باقر الحکیم، شێخ و مەلا و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبەکانی خۆمانەوە رێککەوتننامەیان مۆر کردووە، من پێم وایە ئەوە تەجاوز کراوەو دەرکەوتووە بۆیان کە ئەمە کێشەیەکە دەیانەوێت دروستی بکەن، لەبەینی کورد و لەبەینی شیعە، ئەمێنێتەو سەر برا تورکمانەکان، بەڕاستی من حەزدەکەم لێرە هەندێ قسەی زۆر سەڕاحەت بکەم، ئێمە چۆن لە وەزعی خۆمان ئێستا دڵنیا نین، نیگەرانین، نازانین ئەنجام چۆن دەبێت؟ رەنگە ئەوانیش وابیر بکەنەوە و، من پێم وایە ئەوانەی مامۆستا دێرشەوی باسی کردن، ئەوانەی کاك ئەحمەد باسی

کردن، ئەمانە شتی زات ئەهمیەتن دەبێت باس بکرێن، ئێمە بگەڕێین بزانین ئەم موشکیلانە چین؟ دەبێت بزانین سەبەبەکان چین کە موشکیلەکان دروست دەکەن، یەکێك لەوانە ئەسەواری تەعریبە کە هیچی بۆ نەکراوە، رەنگە برا کوردەکانمان دڵ گەرم بن ناگەڕێنەوە، جێیان بۆ ناکەنەوە یان ئەرزو جێگایان بۆ دابین ناکەن، یەکێك لەوانە ئەو ئاوو ئەرزو موڵکانەیە کەوا لە ژێر دەستی عەرەبەکانی تەعریبەوە تا ئێستا قەرارێك کە ژمارە (٤٢)ە و هی مەجلیسی قیادەی سەورەیە رێگرە لەبەر دەستی عەرەبەکان هەتاماڵەکانیان بفرۆشن بگەڕێنەوە خوارەوە، ئەبێ ئیش بکرێت لەلای ئێمەوە بە موزەکەرەیەك تەقدیم بکرێت، بۆ مەجلیسی حوکم، تا ئەوان سەلاحیەتی جێ بەجێ کردن بدەن، هەقە لای خۆشمانەوە ئێمە، کۆمەڵێك قەراراتی حکومەتی عێراقمان هەڵوەشاندۆتەوە، ئەمە یەکێکە لەو قەرارەتانە کە هەڵی بوەشێنیەوە و، تەئیدی مەجلیسی حوکمیشی پێ وەرگرین بۆ ئەوەی ئەو عەرەبانەی کە بۆ تەعریب هاتوون کە عەرەبی ئەسڵ نین لە وڵاتەکەدا بگەڕێنەوە خاك و شوێنی خۆیان، خانووەکانیان یان ئەرزەکانیان لێ بکڕدرێ، خۆشیان بیفرۆشن، ئەمە خاڵێکە لە خاڵە عەرقەلەکان، گۆڕانی جوگرافیای کەرکووك بەتایبەت برادەران باسیان کرد، خاڵێکی زۆر زۆرموهیمە لە مرشکیلەکان، ئەویش ئەوەیە کە چەند قەزاو ناحیەی وەك چەمچماڵ وکفری و کە کفری خۆی لە خۆیدا موزاهەرەیەکیان کردو داوای گەڕانەوەیان کرد، ئەمە چەند خاڵێکی زۆر موهیمن ئەو قەزاو ناحیانە بگەڕێنەوە بۆ سەر سنووری جوگرافی پێشووی خۆیان وەکو چۆن کەرکووك خۆی هەبووە، ئەمانە خاڵی زۆر گرنگن، ئەمێنێتەوە مەسەلەی ئێمە برادەرانی خۆمان، وەك یەك ستافێك لە کەرکووك ئیش بکەن، بتوانن پەیوندی باش بکەن لەگەڵ برا تورکمانەکاندا من ئەمە بەچاك دەزانم، من دڵنیام لەوەی کە خەڵکێك هەیە کێشە ئەنێتەوە لە بەینی تورکمانەکان لە ناو تورکمانەکانیشدا هەیە و، رەنگە عومەلا لەناو خەڵکانێك هەبێت کە جنسیەی کوردی هەبێت، عەمیلیش بێت، ئەمانە هەموو هەیە، وەکو چۆن ئێستا باسمان کرد، کۆمەڵێك لە پاشماوەکانی بەعس ماونەتەوە، هەوڵ ئەدەن بۆ تێکدانی مەسەلەکان، بەلام ئێمە دەبێت ئەوە ئیسپات بکەین و، قەناعەت بە برا تورکمانەکانمان بکەین، کە ئێمە فیعلەن نیزامێکی دیموکراتین رێز لە مافی مرۆڤ دەگرێت، رێز لە کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان دەگرێت، مافی تورکمانەکان و برا تورکمانەکان دابین دەکات، کە قەناعەتییان پێ بکەین کە ئێمە شتێکی وا دەکەین، لە رێی دروست کردنی عیلاقاتێکی پتەوی چاك و، بەڕاستی ئەوەی ئێمە نیگەران دەکات، ئەوانەیە کە کاك ئەحمەد وتی کە مامۆستا مەلا دێرشەوی وتی کە مومکن نییە پارتی و یەکێتی یەك نەبن، بتوانین ئەم بارە ،ار بکرێت لەکەرکووکدا، ئێمە لەکەرکووکدا بتوانین مونافەسەی یەك بکەین، سەرکەوتوو بین، من حەز دەکەم بەڕاستی پرسیارێك بکەم، ئێستا راوبۆچوونی وا هەیە، ئێمە هەموومان داوا بکەین کە کەرکووك بگەڕێتەوە سەر کوردستان، ئەو شوێنە کوردستانیانەی کە رزگار کراون، خانەقین و جەلەولا و، مەندەلی و هەموو شوێنەکانی تر، بگەڕێتەوە سەر کوردستان، باشە ئەگەر لە کاتێکدا تەحالوف پرسیارێکی لێمان کرد، ئەرێ کاکە بیخەینە سەر کام ئیدارەی کوردستان، بیخەینەوە سەر هەولێر یان بیخەینەوە سەر سلێمانی، یان ئەگەر پێمان بڵێن باشە ئێوە ناتوانن هەولێرو سلێمانی خۆتان یەك بخەن کە دوو ئیدارەی ژێر دەسەڵاتی خۆتانە، چۆن داوای گەڕانەوەی ئەو شوێنانە دەکەن،

بەڕاستی ئەمانە خاڵی موهیمن و، من تەئیدی قسەکەی مامۆستا دێرشەوی دەکەم، حەقە بەڕاستی پەرلەمان دەوری هەبێت، ئێمە مێژوو لێمان خۆش نابێت، با نەك بانگی ئەمانە بکەین، یەعنی مەسئولەکانی کەرکووك، لەپارتی و یەکێتی، نا وەڵلا با بنێرن جەنابی مام جەلال و کاك مسعود بێنە ئێرە، با قیادەی هەردوو حزبەکە بێنە ئێرە، ئێمە تاکەی چاوەڕێی مەسیری خۆمان بین، خۆمان بخەڵەتێنین بەم وەزعەوە، کاتی ئەوە هاتووە قسەی ئەخیری بکەین کێشەکانمان کۆتایی پێ بینین، ئەو شتانەی کە مەسیری میللەتی کوردە، شتی مەسیری قسەی لەسەر بکەین، خۆمان بخەڵەتێنین و، ئەوەش بە مام جەلال و کاك مسعود و هەردوو حزبەکە دەکرێت، وەڵلا بە نیزامەدین گلی و کاك رزگاری ئێمە ناکرێت، چونکە ئیشەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوان، جا من پێشنیاریش ئەکەم برایانی بەڕێز وەك چۆن حزبەکانی ترو تورکمان و برا عەرەبەکان، کۆمەڵێك بەیاننامەیان دەرکردووە، کە چەند خاڵێکیان راگەیاندووە کە تەقەسی حەقائق بکەن و، بچن دڵنەوایی کەس و کاری کوژراوەکان بکەن، من پێم چاکە لیژنەیەکی پەرلەمانی لێرەوە دروست بێت بچێت سەردانی تەعزییەکانیان بکات و، قسەی خێریان بۆ بکات و، سەردانی حزبەکانیان بکات، بەتایبەت بەرەی تورکمانی و وەفای تورکمانی و، برایانی یەکێتی و پارتی و، سەردانێکی دوبزیش بکەن و، ئەگەر هەر بەناوی تەقەسی حەقائقیشەوە بێت بۆ پەرلەمان هەم سەدایەکی خۆی هەیە و، هەم دەتوانین هەنگاوێك لە مەسەلەکان بچینە پێش و تۆزێك چارەسەریان بۆ بکەین،سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا حەمەد ئەمین چەمچەمالی، ئێستا پاش ئەوەی هەردوو مەلای بەڕێز مەلا محمود دێرشەوی و مەلا حەمەد ئەمین قسەیان کرد، نۆرەی مەلای سێیەمە کاك مەلا بەختیار، فەرموو.

**بەڕێز حیکمت محمد کریم (مەلا بەختیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێت قسەی ئەم هەڤاڵانە تکرار بکەمەوە، کە بێگومان هەر یەکێك لەم هەڤاڵانە بەشێکی کێشەکەی خستە بەردەم، من دەمەوێت بڵێم کەرکووك سێ هەلی گەورەی لە مێژوودا بۆ هەڵکەوتووە، دووانی لە دەست چووە، ئەمە سێیەمە نابێت لەدەست بچێت، هەلی ٥٨، هەلی بەیانی ئازار و، هەلی دوای راپەڕین و ئەو سەرکەوتنەی ئێستا هاتۆتە دی، من پێم وایە ئێمە خۆمان بەشەڕی لاوەکییەوە خەریك نەکەین، چونکە جەبهەی تورکمانی، کۆنە بەعسییەکان، هەندێ لە رەوتە ئیسلامییەکان لە حەقیقەتدا لە چوار مانگی رابردوو بە نەخشە ئێمە تێوەئەگلێنن بەشەڕی لاوەکییەوە، ئەم شەڕە لاوەکییانە کات لە دەست ئێمە ئەدا و، وردە وردە ئەم کات لەدەستدانە ئەمانگەیەنێتە کاتێك کە مومکینە لە مەجلیسی حوکم و لە ئەمەریکاو جۆرێك لەدەست بدرێت، کە ئەو کاتە وەکو ئێستایە کە لەمەوبەر پێمان چارەسەر نەکرێت، ئەم شەڕانە بەڕاستی هەمووی بۆ مەشغول کردنی ئێمەیە، ئێمە دەبێت پێ داگرین لەسەر شتە ئەساسییەکانی خۆمان، ئەویش ئەوەیە چۆنیەتی گەڕانەوەی کەرکووك بۆ کوردستان مەسەلەی تەرحیلە،

مەسەلەی تەعریبە، مەسەلەی تەبعیسە، ئێمە ئەمە بکەین بە بەرنامەی کاری خۆمان چ لە پەرلەمان، چ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، چ لەناو پارتی، چ لەناو یەکێتی، لەوانەی مانگێ جارێك سێ ئەکوژن یان چوار کەسیان لێ ئەکوژرێ، مزاهەرەیەك دروست ئەکەن و تورکیا کۆ ئەبێتەوە و جەبهەی تورکمانی قسە ئەکات، ئەمە ئەکات و ئەمە ئەکات، بە حەقیقەت ئەمە چەواشە کردنی ئێمەیە و، چەواشەکردنی خەڵکی کەرکووکە و، چەواشە کردنی رای گشتییە و، لادانی ئێمەیە لە کارە ئەساسییەکانی خۆمان کە ئێستا فرسەتێکی یەکجار زێرینە هەڵکەتووە، ئێمە بگەڕێینەوە سەر کوردستان و، هەموو ئەو زوڵمەی لەکەرکووکدا کراوە کۆتاییان پێبێنین، بەتەسەوری من پەرلەمان دەبێت تەسەورێکی وازیحی وا بدات بەهەردوو حزبەکە و، هەردوو حزبەکە ئیش لەسەر ئەو بکەن، چۆن لەلای تەحالوف، چۆن لەلای ئەمەریکا، چۆن لەلای مەجلیسی حوکم قسە لەسەر ئەوە بکەن، ئێمە ئێستا مەشغولی شەڕی لاوەکی خۆمان تورکمانین، مەشغولی شەڕی لاوەکی خۆمان و عەرەبین، مەشغولی شەڕی لاوەکی خۆمان و خۆمانین، ئەم سێ شەڕە لاوەکییە، شتە ئەساسییەکانی خۆمانی لەبیر بردۆتەوە، دوانییان بۆمان دروست ئەکەن، هی عەرەب و تورکمان بۆمان دروست ئەکەن، هی سێیەمەکە خۆمان بۆ خۆمانی دروست ئەکەین لە حەقیقەتدا، ئەم قسانە هەمووی وجهاتی تێدا هەیە، کە ئەڵێ ئێمە خۆمان وەکو کورد و کورد، ئەبێت بیرێکی لێ بکەینەوە کێشەکانمان چارەسەر بکەین، ئەبێ ختابێکی یەکگرتووی وا بدەین، قسە لەسەر شتە ئەساسییەکانی خۆمان بکەین، بۆیە ئەم مەوزوعە بە مەوزوعێکی زۆر گرنگ بگرین و، کارێکی وا بکەین، بەڕاستی لەباتی ئەوان بتوانن ئێمە بەشتی لاوەکی مەشغول بکەن، ئێمە ئەوان بخەینە سەر فشاری شتە ئەساسیەکان و شتە مێژووییەکانی خۆمان، ئەگەر ئێمە ئەوان بخەینە سەر فشاری ئەوەی کە کەرکووك بگەڕێتەوە بۆ ئیحسای (٥٧)، ئەبێت کەرکووك بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی خۆی، ئەبێت کەرکووك بگەڕێتەوە سەر ئیحسایەکی نەزیە، ئەبێت کەرکووك هەرچی تەعریب هاتووە بۆ کەرکووك دەبێت بڕوات، ئەم مەوزوعە بەڕاستی ئەوان تووشی کارێك ئەکات کە باوەڕناکەم کە بتوانن جەوابیان هەبێت بۆ ئەم پرسیارانە، جوابیان نییە، بەڵام لەسەر ئەوەی کە دوو کەس لە دوزخورماتوو کوژران یان مەرقەدێك تەقێنراوەتەوە لەوێ سێ عائیلە نازانم چی لێکراوە لەوێ، یان لەوێ مەسیرەیەك کراوە، ئەمە مەیدانی ئەوانە، ئەوە مەیدانی ئاژاوەو مەیدانی تێوەگلانی ئێمەیە و، سەد پرسیار لەسەر مشکیلەکانی ئێمە دروست ئەکات، من بەش بەحاڵی خۆم سەرەڕای تەئیکد کردنی هەموو ئەو قسانەی ئەیکەین ئێمە غەڵەتمان کردووە، غەڵەتی قورس کە ئێمە کردمان لە هەفتەی ئەوەڵەوە لە هەفتەی دووەمی رزگار کردنی کەرکووك سوور نەبووین لەسەر پاککردنەوەی کەرکووك لە تەعریب، سیاسەتێکی وازیحمان بۆ دەرکردنی عەرەبەکان نەبووە لە کەرکووك، من بۆیە ئەم قسەیە دەکەم، چونکە لە خانەقین تەجرووبەیەکی بچوکترمان هەیە، تەجروبە بچوکەکەمان ئەوەبوو کە گەیشتوونەتە خانەقین لە حەفتەی ئەوەڵە لەسەر تەعریب زۆر بە خەستی زۆر بە بەرنامە زۆر بە مورەکەزی حیسابی هیچ شتێکمان نەکردووە وەرقەی هیچ کەسێکمان نەخوێندووەتەوە عەرەبمان دەرکرد، ئێستا لە ٩٥٪ تەعریب لە خانەقین نەماوە و، محافزی بەعقوبە کە موحافیزێکی زۆر خراپ و ناجوامێرە ئیش لەسەر سەعدیەو جەلەولا و مەندەلی دەکات، بەڵام

وتوویەتی هەتا هەتایە خانەقینمان لەدەست دەرچووە و، ناتوانین بگەڕێنەوە بۆ خانەقین، وەرەقەی حزب یان لە ئەوانەی لە کەرکووك باسیان دەکەن، منیش وەرەقەی هەموو حزبەکانم بۆ هاتووە دالّدەی عەرەبیان داوە، دالّدەی نازانم چییان داوە، من وەرەقەکەم بە ئیحتیرامەوە خستۆتە ناو گیرفانم، ئەوەی عەرەب بووە وەرەقەی حزبەکانی بۆ هێناوم، سیارەم ناردۆتە بەر دەرگای کەبێت دەری کردووە، زووتر لە خەڵکی تر دەرم کردووە، هی یەکێتی پێ بووە، سیارەم ناردووە دەرم کردووە، هی حزبی تریشی پێ بووە سیارەم ناردووە بۆ ئەوەی زووتر دەری بکەن، چونکە واستەی کردووە، ئەوی حەلاّلی تەعریب بکات لە خانەقین، شێخ فەیسەڵ کە شێخی تەعریب بووە لە خانەقین یەك جار دیومە لەو ساوە تا ئێستا داوا دەکات جارێکی تر بمبینێ نایبینمەوە، هەر بە نەفسی کوشتوومە، تۆ ئەگەر وا لەگەڵ تەرحیل و تەعریب قسە بکەی، ئەوانە ناتوانن جارێکی تر بێن یاری بە ناکۆکییەکانی ئێمەوە بکەن، شێخ فەیسەڵ یەکێکە لە دڕترین و خراپترین بەعسییەکانی زەمانی تەعریب لە خانەقین بوو، عەشرەتی کەروی هەموو بەقسەی ئەوە ئەکات، بڕواتان هەبێت یەکجار دیومە ئەویش بۆ پێنج دەقە، تا ئێستا واستە ئەکات بمبینێتەوە نایبینمەوە، بەلاّم ئەبێت هەتا هەتایە بیر لەمە نەکەیتەوە یەك عەرەب بێتەوە بۆ خانەقین، ئینجا ئەتوانم تۆ ببینم، ئێمە خۆشمان دەورمان هەبووە لەوەی کە عەرەب ماوەتەوە خاوخلیچ بووین خەمسار بووین، ئەمانە هەمووی تەئسیری هەیە بەڕاستی، هەموو ئەوانەش بەوە چارەسەر دەرکرێت ئەبێت سیاسەتی سەر رێگا ئەساسییەکانی داخوازییەکانی خۆمان، خواستە ئەساسییەکانی خۆمان و، ئێمە مەجلیسی حوکمیش و غەربیش ئەمەریکاش و، بریمەریش و، تورکیاش و تورکمانیش و، هەموو ئەمانە ئەبێ بێینە سەر دیالۆك لەسەر ئەم مەزوعانە لەگەڵیان، نەك بێتە سەر ئەوەی وەللاهی ئەمڕۆ مەرقەدێك لەنێو بردراوە، بەیانی دوو گەڕەك دەسووتێ یان بەنزینخانەیەك ئەتەقێتەوە، بۆ چوار بەیانی سەیارە لەناو کەرکووك ئەتەقێنرێتەوە، ئەگەر خەڵك بەدوای مەشاکیل بگەڕێت دەتوانی مەشاکیلی زۆر بۆ ئێمە دروست بکات و، ئێمە بەڕاستی هیچ مەسەڵەحەتێکمان لە دروست کردنی مەشاکیل نییە لە کەرکووك، چونکە سەرکەوتنێك و هەڵێکی یەکجار گەورە بۆ ئێمە هاتووە، ئەمانەوێت خواستە مێژووییەکانی خۆمان بەدی بێنین، نەیارەکانی ئێمە جەبهەی تورکمانی و ئەمانە مەسڵەحەتییان لەوەدایە کە موشکیلە بۆ ئێمە دروست بکەن و، ئێمە نابێت خۆمان زۆر بەو موشکیلە بچوکانەوە خەریك بکەین، موشکیلە بچووکەکان بخەینە چوارچێوەیەکی قانونی و، خەڵکی قانون و مەحاکیم و مەحامی و پۆلیس خەریکی ئەوە بن، ئێمە وەکو پەرلەمان وەکو قیادەی سیاسی وەکو حزبە سیاسییەکان وەکو دەسەلاّتەکان مەشغولی شتە ئەساسییەکانی خۆمان بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك مەلا بەختیار، ئێستا یەك ناو لەلام ماوە، کاك د. رزگار ئەیەوێ قسە بکات، بەلاّم ئێمە دوان لە خوشکەکان خەڵکی کەرکووکن، فەوزیە خان و گەلاوێژ خان، کە یەکێك لەوان قسەیان نەکردووە، جا حەز دەکەین ئەوانیش قسەی خۆیان بکەن لەم بارەیەوە، جگە لەوان جگە لە د. رزگار جگە لەو خوشکانەی کە من باسم کردن، کێی تر هەیە دەیەوێت قسە بکات؟ بەڵێ، کاك کمال شالی، ئەتەوێ قسە بکەی، فەرموو کاك د. رزگار، بەلاّم ئەوی تر ئەمە دوا کەسە، بەلاّم

ئەم دوو خوشکە ویستیان قسە بکەن، ئەوان ماڧی ئەوەیان هەیە قسە بکەن، ئیتر کۆتایی بەم مەوزوعە دەهێنین، لەم بارەیەوە ئێمە سەرنج تێبینی خۆشمان ئەڵێین ئیتر باسە کۆتایی پێ دێنین، فەرموو کاك د. رزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، جەنابێتە دکەین، بەڕاستی برادەر درێژی بەحسا کو بلا مێرێ دڤەرا کەرکووکێ کرد، ئەو ڤاکتەر و ئەڤ لایەنێ کو ئاگر هەلکری، ڤە شارتی نیە و زۆر دیارە رولێ دەڤەرا کەرکووکێ رولێ شارە کەرکووکێ دڤەرا گەرمیان هەمی چ لایەنێك کۆمەلایەتی چش لایە ئاڤوورییا ژ بۆ کوردا هەمیا ژ بۆ کوردستانێ هەمیێ بێ دیارو بەرچاڤ و گرنگە وبزانم ژ ئەڤە راستییەکە دوژمنی مە ڤێ راستییە باش دزانن ئوڤە ژ دانێ وی ئەو پیلان و نەخشێت وان دانایت بگرە ژ دەستپێکا دروست کرنا دەوڵەتی عیراقێ هەتا ئەڤرۆ بزاڤ و پێکوکا دوژمنانە نەڕاوستایە بۆ گهۆڕینا دیموغراڧی دەڤەرا گەرمیان دڤەرا دیش برەنگەکی دی گشتی شاری کەرکووك وە ئەو فتنە لویرێ رویدای، مومکینە ئەگەر بزەڤرینە پاشا گەلەك کورد دبینن گرێدایە بۆی زنجیرێ زنجیرەکەی گرێدایە بۆی زنجیرەکی گرێدایە حەلەقاتەوی وەختێ پیلان هاتا، گرێدانی بۆ کوشتنا پارێزگارا کەرکووکی یەعنی ئەڤ پارچەکە ژ وێ پێلانەیە خەلکەکا دیێ قومارا بەسەر مالا تورکمانێ دەکەنن، تورکمانێ برایێ مەنە لە ولاتێت مە شریکێت مەنە ل ڤێ ئاخێ دگەل یەك دژین ژیانا مە پێکەڤەیە موستەقبەلێت مە پێکەڤەیە ئەمما خەلکێك بێت خۆ بکەت دیڤەلانك و خۆ بفرۆشیت دژی قەزیەی خۆ راوەستیت، ڤەت جهێ وی دناڤ ولاتێ نەبت و فعلەن ولاتێ مە ولاتێ هەمیانە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان مە نەڤەویستم قسەی خۆ درێژ بکەم تەنها مەدبینم رێکا چارەسەرکرنا ڤان پرۆبلما هەمیا ئەوەیە برادەر ژ ئیشارەت بۆ کر نزیك بینا پارتی و یەکێتی یە ئێك بینا پارتی و یەکێتی ە، بگۆتن و فعل، پڕکتیك بگۆتن فایدە ناکات، ئەبێت ئەڤرۆکە نیزیان بکەت میحاکە کە بۆمە ئەڤرۆکە ئیمتیحانە بۆمە فعلەن ئەم وەکو کورد ڤێ دەلیڤە لدەست نەدەین، ئەگەر ئەڤ دەلیڤە چوو مومکینە سەد سالی دی دەلیڤە دی هەلئەکەڤین ئەڤرۆ ب دروستی کوردا هەمی ناڤا خۆشی دوژمنی دەرێ خستنی پاڵپشتا ژل هێزەکی کەمە هەمیا گۆتی بەس چیانە دۆستیت مە، ئەڤرۆکە بەهێزترین هێزی دونیا هەمیا پاڵپشتیا مەیە ئەڤرۆکە زێدە تر خۆ نزیك یەکتر بکەین ئێکگرتناکە هەبیت، ئێکگرتنەکا پرەکتیك هەردووکا و هاریکاریا ئەڤ هێزانە بکەین و ئەم موتەئەکدین پێش رۆژەکا گەشبین ل بێتن کوردا کەرکووك کوردستانێ دێ کوردستانە دبیتن و بۆ کوردانە رۆلێ خۆی هەیە، کۆمەلایەتی و رۆلێ خۆی هەیە ئابووری بۆ کوردان نایەتە ژ بیر کردبێ کورد هەمی حازرن گیانێ خۆ بۆ کەرکووك بکەنە قوربانی بۆ پاراستنا کەرکووکێ و دڤەرێ دی پێش ڤێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك د. رزگار، ئێستا ئەم دوو خوشکە بۆیان هەیە قسە بکەن، لەپاشان هەردوو سەرۆکی فراکسیۆنیش قسە دەکەن لەپاشان ئیتر کۆتایی بەم باسە دەهێنین، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ بەسەرکرنەوەم دەبوایە خۆم دەستم هەڵبڕم، برایانم لە باس کردنی کەرکووك هیچیان بۆ ئێمە نەهێشتەوە، بەتێرو تەسەلی باسی رووداوەکانیان کرد، ئەوەی راستی بێت تەواوی دروستی رووداوەکە بەباشی مەعلوماتی تەواوم نەبوو لەبەر ئەوە، بەلاّم ئەوەی پێویستە بیلێم، ئەو رووداوە لە تەقاندنەوەی مەزارێك روویداوە ئەو مەزارە، کوردەکانیش سەردانی ئەو مەزارەیان کردووە بۆ بەدی هێنانی مرازەکانیان، یەعنی تەنها ئەو مەزارە خاس نەبووە برا تورکمانەکانمان سەردانی بکەن، بە پیرۆزی سەیری ئەو مەزارە بکەن، زۆر روون و ئاشکرایە کە ئەو ئەحداسەی لە تەقینەوەی ئەو مەزارە روویداوە، ئەحداسێکی تەختیت بۆ کراو و دروست کراوە و، هەمووشمان ئەزانین ئەو تەختیتەش کێ کردوویەتی، ئەبێ زۆر بە روون و ئاشکرا ئەحزابە کوردییەکان لە هاوپەیمانان، یەعنی پێیان رابگەیەنن یان راست ودروستی مەسەلەکەیان پێ بڵێن، کە کێن ئەوانەی ئەیانەوێ ئەم شتە بچووکانە گەورە بکەن و، بیکەنە مەسەلەیەکی ئەوها کە تورکمان هەست بەغوبن بکات لەکەرکووك، تورکمان هەروەك برایانم باسیان کرد دوو مەجموعەن، مەجموعەیەکیان زۆر بەروونی مەسەلەکان ئەزانن و، هەست بەوە دەکەن کە مافیان پارێزراوە، ئەو مەجموعەکەی تر راستی مەجموعەیەکی ئاژاوە گێڕن و، ئەیانەوێت ئەو هەلەی رەخساوە ئێستا لە کەرکووك، ئەو هەلە بقوزنەوە ئاژاوە دروست بکەن و، چاویان هەڵنایەت کە پارێزگاری کەرکووك کوردە و، راستی ئیش لەو -ئەتە ئەکەن کە بتوانن، بەڵکو هەڵبژاردنێکی تر یان بەڵکو لەهاوپەیمانان لە خەڵکی تێبگەیەنن کە مەغدورن بۆ ئەوەی بتوانن شتێك بەدەست بهێنن یان ئاژاوەیەك بگێڕن کە بەلای کەمەوە، ئەگەر شتێکیش بەدەست نەهێنن، ئەوەی دەست کورد کەوتوو تیا سەرکەوتوو بن و تەفرو تونای بکەن، ئینجا ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان حەق وایە منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی براکانم یاداشنامەیەك بدەینە هاوپەیمانان، بەراستی و دروستی مەسەلەکەیان تێبگەینین، وەکو پەرلەمان هەرچەندە لەو بڕوایەم کە برادەرانی ئەوانەی کە ئیش وکاری کە چۆن هەڵیان دەسوڕێنن لە کەرکووك، و پارێزگای کەرکووك ئەو شتەیان پێگەیاندووە ، بەلاّم وەکو پەرلەمان واقیعێکی دیکەیە یاداشتنامەیەك پێشکەش بە هاوپەیمانان بکەین، راستی و دروستی شتەکەیان تێبگەیەنین و ئەبێ ئێمە ئەو لایەنەی کە ئاژاوە دەگێڕێ دەست نیشانی بکەین بۆ مێژوو و بۆ دۆستەکانمان بۆ ئەوەی رووداوەکانی کەرکووك لەوە زیاتر تەشەنە نەکەن و ئەوەی بەدەست هاتووە پەرەی پێ بدرێت و بە قازانجی کورد بگەڕێتەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فوزیە خان، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبدالجبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا من وای دەبینم تا شاری کەرکووك نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، رەنگە ئەو کێشانەی کە لە کەرکووکدا روودەدات بەردەوام بێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە کەرکووکن چ لە

هەزارییەکانەوە، چ لە ئیسلامییەکانەوە، چ لە جەبهەی تورکمانیەوە، ئەوان زەرەرمەند دەبن، لە کاتێکدا بەرەسمی کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئەو دوو مانگ و نیوەی کە من لە کەرکووك لە ئەنجومەنی شاری کەرکووك ئیشم کرد، چ لەگەڵ هەر چوار گروپەکە و، چ لەگەڵ ئەمەریکیەکاندا، لەوێ هەندێ شت هەبوو روویدا، ئەوەی کە من دەمەوێ باسی بکەم لێرەدا کێشەی دوزو ئەو شەڕەی کە روویداوە یەکەم کێشە نییە، لەو رۆژەی کە کەرکووك رزگاری بووە کێشەی تریش روویدا بوو، بەلام کێشەکان رەنگە ووردتر بێت و باس نەکرا بێت، بۆ نموونە جارێکیان روممانەیەك خرا بووە ماڵێکەوە کچێکی تورکمان کوژرا بوو بەو رومانەیە، حزبی جەبهەی تورکمانی ئەوەی خستبووە سەر ئەستۆی کورد، کە کورد ئەم شتەی کردووە، دواتر چەند رۆژێك لە مەقەری جەبهەی تورکمانی تەقە کرابوو ئێوارە، سەیارەیەك رۆیشتبوو تەقەی لێ کردبوو، دیار بوو ئەمەشیان خستبووە سەر ئەستۆی ئێمە، بەلام خۆشبەختانە ئەو کەسانە گیران، دەرکەوت کە ئەوانە فیدائی سەدامن هەر خۆیان بۆیان دەرکەوت کە فیدائی سەدامن خۆشیان پێمانیان ووت گوتیان شکمان لە ئێوە بوو، بەلام ئێوە دەرنەچوون، دواتر محاوەلە کردنی کوشتنی پارێزگاری کەرکووك هەر جەبهەی تورکمان کردوویەتی، ئەوەی من بیستومە لە شاری کەرکووك ئەو خێزانە تورکمانانەی کە چەند ساڵێکە نیشتەجێ بوونە لە تورکیا، ئێستا ئەوانەش پارەیان دەدەنێ و دەیانگێڕنەوە بۆ شاری کەرکووك، ئەیانهێننە سەر سنور وئەیانێرنەوە بۆ کەرکووك بۆ ئەوەی ژمارەی تورکمانەکان زیاتر بێت لەوێ، هەندێ برادەر گلەییان کرد، رەنگە گلەییەکان لەوە خۆی ببینێتەوە، ئێمە بۆ خۆمان چەند رۆژی یەکەم نەهاتین سکا لا تۆمار بکەین لەسەر عەرەبەکان، یان لەسەر تورکمانەکان بەو شتانەی کە کورد توشیان بووە لە کەرکوکدا، چ لەتەرحیل و چ لە تەعریب و چ لە داگیرکردنی موڵکەکانیان، بەلام ژمارەی ئەو کێشانەی کە عەرەب و تورکمان تۆماری کردبوو لەسەر ئێمە وەکو کورد زۆر زیاتر بوو، من تەنانەت کابرای ئەمریکی بانگمی کرد گوتی باشە ئێوە هەر ئەڵێن ئێمە مەزلومین وئێمە وامان لێکراوە و غەدرمان لێکراوە، تەرحیل کراوین و لێمان کوژراوە، بەلام ئێوە هیچ سکالایەك تۆمار ناکەن، ئەوەی راستی بێ من ئەوەندەم بۆ مایەوە وتم ئێمە حەلیفی ئێوەین، خۆمان بە حەلیفی ئێوە دەزانین، کە ئێوە مونتەصیر بن ئێمەش خۆمان بە مونتەصر دەزانین، ومونتەصریش زۆر عەیبە سکالای خۆی تەقدیم بکات، رەنگە ئێمە بەو مونتەلەقەوە سەیری وەزعەکەمان کردووە، قەناعەتم پێ کرد کە ئێمە بەو شێوەیەوە بیرمان لێ کردووتەوە، رەنگە گلەییەکە لەوە بێ کە ئێمە ئەو سکالانەمان تۆمار نەکرد، بەلام حەق نییە بەو شێوەیە باسی پارتی و یەکێتی بکرێ لە شاری کەرکوك، ئێمە ئەنجومەنی شاری کەرکوك شەش کورد بووین، بڕوا ناکەم قەت ئەوەندە پارتی و یەکێتی تەبا بووبن کە لەوێ تەبا بوونە، پێش کۆبوونەوەکان بە نیو سەعات کۆبووینەتەوە کە بچینە ناو جەلسەکە چی باس بکەین، تەنانەت لە دانیشتنەکانمان بە تێکەڵ دانیشتینە بۆ ئەوەی ئارائی یەکتر وەربگرین، بە بەردەوام مەڵبەند لە لق بووە و لق لە مەڵبەند بووە، تەنانەت رۆژی ئینتیخابات مەکتەبی سیاسی کاك صەلاح دەلۆ ئەوان هەر لە مەڵبەند بوونە، کاك فەرەیدون و ئەوانیش سەردانی لقیان کردووە، یانی بەو شێوەیە نییە کە پارتی و یەکێتی عیلاقەتەکەیان خراپ بووبێ کە وا باس بکرێ، خۆی باشترە ئەگەر باشتر بووبێ، بەلام بەو

شێوەش نییە کە بەو شێوە خراپە باس بکرێ، من وای دەبینم شتەکان زیاتر جەبهەی تورکمان پێی هەڵدەستێ ئەوانەی کە ئیستیفادە لەو حاڵەتە دەکەن و(کۆڵەنیل مەیفڵ)یش فائیدی یەکەمی عەسکەری کەرکوکە، خۆ هەرجارە حەفتە هەیە لە سلێمانی دەعوەت کراوە و حەفتە هەیە لە هەولێر دەعوەت کراوە، حەقە ئەو شتانە زیاتر روون بکرێتەوە بۆی، هەرچەندە خۆشی ئەوەی من قسەم کردووە لەگەڵی، ئەوەندە خۆشی بە جەبهەدا نایێ، بەڵام ئەوان پێویستیان بەوەیە کەوا ئەو شتانەیان بە بەردەوام تکرار بکرێنەوە، یانی ناکرێ بە جارێ پێی بوترێ و وازی لێ بێنێ، بە بەردەوام شتەکانیان بۆ روون بکرێتەوە، بۆیە من وای بە باش دەزانم کە ئەو شێوەیە بە کار بهێنرێ، ئەگەر واش نەبێ رەنگە ئەو کێشانە هەر وورده وورده بەردەوام بن، خۆزگە بیکەینە ئەمری واقیع لەسەر کەرکوك ونوسینگەیەك لە کەرکوکیش بکەینەوە، ئەگەر بکرێ ئەوە شتێکی باشەو خۆزگە بتوانین جەلسەیەکی یەك رۆژی لە کەرکوك بکەین و کە چۆن جەلسەیەکمان لە سلێمانی کرد، من رایەکی وام هەیە ئیتر ئەوە رای سەرۆکایەتی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس گەلاوێژ خان، فەرموو کاك کمال شالی.

**بەڕێز کمال فرج شالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو برادەران قسەی چاکیان کرد، بەڵام چارەسەری کێشەی کەرکوك ئەگەڕێتەوە بۆ هەردووکمان، بەڕاستی پەرلەمان دەبێ مەوقیفێکی صەریح و رێك وپێکمان هەبێ بەرامبەر بە تەوحیدی حکومەتەکەمان، ئێستا من لەو برادەرانەی پەرلەمان دەپرسم ئایا ئێوە هەموو حەز دەکەن حکومەتەکەمان ببێتەوە یەك، بۆ ئەوەی زەغتێك بکەین لەسەر مجلسی حوکم لە بەغداو دراوسێکانمان، ئەگەر پێیان باشە من پێشنیار دەکەم بەڕاستی سەقفێکی زەمەنی دابنێین بۆ تەوحیدی ئەو حکومەتە، ئەگینا بەڕاستی ئەو گفتوگۆ و ئەو دانیشتنانەی کە لە نێوان هەردوو قیادەی سیاسی کوردی دەبێ لەوە دەچێ درێژە بکێشێ و، تەبعەن ئێمە حەز دەکەین بگاتە ئەنجام بەڵام تائێستا نەگەیشتینە ئەنجامێکی باش، بەڕاستی من لێرە پێشنیار دەکەم سەقفێکی موحەدەد دابنێین بۆ ئەوەی هەردوو حکومەتەکەمان بن بەیەك، من ئەو پێشنیارە دەکەم پێشنیاری تریش دەکەم کە جەنابتان پاش بروسکەکە ئەگەر کتابێکی رەسمی تەوجیهی مەجلیسی حوکم بکەین لە بەغدا بۆ گەڕانەوەی قەزاو ناحیە، ئەوانەی کە لە کەرکوك دابڕاون بگەڕێتەوە بۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك د.ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خۆڕا نەبوو هەردوو فراکسیۆن پێشنیاریان کرد ئەم دانیشتنە بەتایبەتی باسی ئەم بارودۆخە و، باسی ئەم کێشانە بکرێ بە شێوەیەکی داخراو، وابزانم ئەو برادەرانەی کە رایان لەگەڵ نەبوو ئێستا گەیشتنە ئەو قەناعەتە، چونکە زۆر شت بە راشکاویی بوو لەم وتانەی کە باس کران، تەبعەن زۆر باس کرا ئەو گێرەشێوێنانە و ئەو ناحەزانەی کەوا کە فتیلی ئەم ئاگرەیان داگیرسان،

لەو مەزارەوە کە پێی دەڵێن مەقامی ئیمامی عەلی لە دوز، کەس ئەوەندەی کورد لەو رۆژەوەی کە کورد بووە بە ئیسلام کەس هەندی کورد رێزی لە مەزارو لە شێخ و مەشایخ و لە شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام، نەک تەنها ئیسلام، تەنانەت غەیری ئیسلامیش نەگرتبێت و نەچووبێتە ئەو مەزارانە، لەبەر ئەوە من گومانم لەوەدا هەیە کە ئەو کارە تیرۆرستیە و ئەو کارە ئاژاوە گێڕیە بەدەستی کورد کرابێ، هەرکەسێکیش ئەوەی کردبێ گومانم لەوەدا نییە کە ئەمە موئامەرەیەکی گەورە بووە بۆ دروست کردنی یەکەم ئەو کەلێنەی کەوا لە نێوان تورکمان و کوردا هەبووە بەداخەوە روویداوە لە پەنجاو نۆ یان لە پێش پەنجاو نۆوە، ئەو کەلێنە زیاتر بکرێت، وەکو لە نێوان دوو قەومیەتی کورد و تورکمان و، هەروەها ئەمەشیان قۆزتۆتەوە بۆ ئەوەی لایەنی مەزهەبیش بخەنە ناو مەسەلەکەوە، بۆیە من پێم وایە ئەوە موئامەرەیەکی گەورەیە، ئەو ئاژاوەیەی کە ئەوانە گێڕایانە و کردیان بە هۆ، بە تەئکید وەك وتم هەر کەسێك ئەوەی کردبێت، ئەمە بۆ مەبەستێکی گەورەتر بووە، و بەداخەوە ئەو مەسەلەیەش زیاتر ئێستا خەریکە لەلایەن بەرەی تورکمانیەوە و دوژمنانی تری کورد و ناحەزانی ئەمڕۆی ئازادی کوردستان خەریکە ئەقۆزرێتەوە و دەستی بێگانەش دێننە ناو مەسەلەکەوە، یان داوای هاوکاری و دەست تێوەردان لە بێگانەش دەکەن بۆ ئەو مەسەلەیە. تەبعەن بەرەی تورکمانی ئەمە یەکەم جاری نییە ئەو مەسەلانە ئەقۆزێتەوە بۆ خۆی، چەندین جار ئەو مەسەلەیەی دروست کردووە خۆی ئیتیهامی کرد لە هەولێر گوایە موزایەقە دەکرێن لە کەرکوك کە دەرنەچون و نوێنەری ئەوان کە دانەیەکیان دەرچوو لە کەرکوك دیسان ئاژاوەیەکیان ناوە کە خەریك بوو ئەو ئەنجومەنە کە تەمسیلی ئەوان ناکات، خۆشتان شاهیدن پێش ماوەیەك خۆپیشاندانێکیان دروست کرد لە هەموو شارەکانی کوردستان و خەڵکیان کۆکردەوە و سەیارەیان بۆ گرتوون و ناردیان بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لای پۆل بریمەر دیسان شکات بکەن و نارەزایی خۆیان دەربڕن کە گوایە ئەوان نوێنەریان لە ناو ئەنجومەنی حوکم کەمە، ئەمە هەمووی بە تەئکید لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان و تورکمان و عێراق نییە، من پێم وایە زۆر قسە کرا، من هەندێ خاڵم لای خۆم تۆمار کردووە باشترین شت ئەوەیە ئێمە پێش هەموو شتێك لیژنەیەك لێرە دروست بکەین لە برایانە یانی لیژنەیەك بۆ صیاغە کردنی، یەکەم: یاداشتێك ئاراستەی پۆل بریمەر بکرێت و، هەروەها بڕیارێك لەو پەرلەمانە دەربچێت دەربارەی ئەو رووداوەو بانگەوازێك، یانی سێ شت بێت یاداشتێك بۆ پۆل بریمەر، بانگەوازێك بۆ کورد و تورکمان لە شاری کەرکوك و، بڕیارێك ئەگەر بکرێت لە پەرلەمان دەربارەی ئەم رووداوە، بێگومان لەو نوسینانە چ بکرێت، یەکەم شت ئەم رووداوە سەرکۆنە بکرێت، تاوانبار بکرێت، تاوانبار کێیە؟ بدۆزرێتەوە، داوا بکرێت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکرێت لە پارێزگاری کەرکوك بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بۆ دۆزینەوەی تاوانبار و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، پێویستە لەو لێژنەیەی کە من پێشنیاری دەکەم لیژنەیەکی هاوبەش بێت کوردی تێدا بێت، تورکمانی تێدا بێت و با عارەبیشی تێدا بێت، بەڵام دیسانەوە با لایەنی مەزهەبیشی تێدا بێت، سوننەی تێدا بێت و شیعەشی تێدا بێت، چونکە وایان لێکرد کە کێشەکە وا ئاڵۆزیان کردووە کە تورکمان و کوردەو سوننە وشیعەیە، ئەمە وەکو وتم کارێکی تیرۆرستی تێکدەرانە سەرکۆنە بکرێت، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە من پێم وایە

هەرچەندە ئێمە بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە و پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و هەروەها پرۆژەی دەستوری کۆماری فیدرالی عێراق لەوێدا زۆر بە راشکاوانە باسی کەرکوکمان کردووە و کەرکوك بەشێکە لە کوردستان، بەڵام لەو یاداشتنامەی کە ئێمە بۆ پۆل بریمەری ئەینێرین لەوێ دیاری بکرێت کە پێویستە کەرکوك بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان بە گشت قەزاو ناحیەکانی پێش ساڵەکانی ١٩٦٨ ئەمەیان باشترین چارەسەرە بۆ؟ چونکە ئەو دەمە دەتوانرێ هەم کەرکوك وناوچەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوك بە رێك و پێکی کۆنترۆڵ بکرێ لەلایەن کوردەوە، چونکە لە سنوری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا رووداوی ئاوا رووی نەداوە بە پێچەوانەشەوە ئەگەر رووشی دابێت هەر رووداوێك لەوانەیە زۆر لەوەش هۆیەکان و بیانوەکان گەورەتر بووبن، بەڵام زوو کۆنترۆڵ کراون و نەهێشتراون تەشەنە بکەن، بۆیە پێم وایە ئەمە هەم لە بەرژەوەندی تورکمانە، هەم لە بەرژەوەندی کوردە، هەم لە بەرژەوەندی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەمایەتییەکانی تریشە، چونکە ئەو بارودۆخەی کە ئێستا بۆ تورکمان وبۆ ئاشوری و بۆ کلدان و بۆ کەمایەتییەکانی تر لە کوردستانی ئازاد دا تەرخان کراوە ، بێگومان بۆ ئەوانیش هەمان شت، چونکە لە رووی رامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هەروەها خوێندن بە زمانی خۆیان لە قۆناغەکانی جیاجیای خوێندن لە قوتابخانەکان ئەمەیان دەست دەکەوێت، خاڵێکی تر هەیە تەبعەن ئێمە لێرە بڕیارێکمان وەرگرت دەربارەی هەموو ئەو هەڵوەشاندنەوانە و ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندارن بە تەعریب و تەبعیس و دابڕانی ناوچەکانی کوردستان، من پێم وایە ئەمجارە لە ناو ئەو یاداشتەی کە ئێمە بۆ پۆل بریمەری دەنێرین، ئێمە داوا بکەین بڕیارەکان هەیە، بۆ نموونە ئاماژە بە بڕیاری ٤٢ کرا، بڕیاری ٤٢ یەکێکە لە بڕیارە هەرە خەتەرەکانی ئێستا ئەو هێنەی نەبێ، بەڵام کاتی خۆی زۆر خەتەر بووە، چونکە ئەو ئازادییەی کە بە عەرەبیان داوە یان ئەو شتانەی کە بە عەرەبیان داوە، هەتا تەنانەت لەسەر عەرەبەکانیش فەرز کراوە، کە نابێ بیفرۆشێ نەك تەنها بە کوردو تورکمان هەتا بە عەرەبیش نابێ بیفرۆشێ، لەبەر ئەوە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بڕیارانەی کەوا موجحف بوونە بە حەقی کورد و بە حەقی کوردستان کە بۆنی تەعریبی لێ هاتووە، کە بۆ دابڕانی ناوچەکانی کوردستان کراوە، تەبعەن گومان لەوەدا نییە برایان بە باشی ئاماژەیان بەوە کرد بەشێك لەو کەم و کوڕیە ئەکەوێتە ئەستۆی هەردوو مەکتەبی سیاسی، ئەکەوێتە ئەستۆی هەردوو حزب، بمانەوێ یان نەمانەوێ ئەکەوێتە ئەستۆی ئێمە، بۆیە داوا بکرێت بە زووترین کات لە نامەیەکدا ئاراستەی هەردوو حزب بکرێت کە پەلە بکرێت لە یەکخستنەوەی ئیدارەی کوردستان، تەبعەن من ناڵێم ئەو تاوانە پەیوەندی بەوە هەیە، بەڵام بە تەئکید ئەگەر ئیدارەی کوردستان یەك بخرێت، ئەم کێشانەش کەمتر دەبن، یەك هەڵوێستی بەرامبەر بە هەموو ئیدارەکان خۆشبەختانە ئێستا یەك هەڵوێستن بەرامبەر زۆربەی کێشەکانی کە لە دەرەوەیە یان بەرامبەر ئەو مەسەلانەی کە دێتە پێشەوە لە دەرەوە یان لە ئەنجومەنی دەسەڵات، بەڵام هەندێك کێشەی وا هەیە لە ناوخۆ دروست دەبێ دەبینین هەڵوێستی جیاجیا دروست دەبێ، تەبعەن من لەگەڵ رێزمدا بەتەئکید ئەو قسانەی کە خوشکە گەلاوێژ کردی لە کەرکوك بە تەئکید پەیوەندییەکی دووقۆڵی پتەوی هەیە و زۆر جار پێکەوە گرفتەکان چارەسەر دەکەن، بەڵام

یەکخستنی ئیدارە تەئسیری زیاتر دەبێ بۆ ئەوەی کەوا ئەو هەڵوێستانە یەك بخرێن، هەروەها لیژنەیەك دروست بکرێت لێرە لیژنەیەکی پەرلەمانی وەکو مامۆستا مەلا محمدامین پێشنیاری کرد بۆ ئەوەی سەردانی کەرکوك بکات و سەردانی توزخورماتو بکرێت بۆ بەسەر کردنەوەی ئەو خەڵکە و هەروەها بۆ راگەیاندنی مەوقیفی پەرلەمانی کوردستان بەرامبەر برایەتی و تەبایی لە نێوان کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدان و، هەروەها سەرەخۆشی کردن لەوانەی کە زەرەرمەند بوونە یان کەس وکاریان لەو رووداوە کوژراون و شەهید بوونە، لەگەڵ رێزم دەتوانم ئەوەی من ووتم بە نووسین نووسیوم بیدەمە ئەو لیژنەیەی ئەگەر جەنابتان پێتان باش بێ دروستی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لەو دەورەی ئینتیقالیەی کە لەسەر یەکێ لە شاکارەکان کردمان یەکێك لەوان ئەو کۆبوونەوە بوو کە زۆر بە ئاشکرا و بە کراوەیی باسی مەسەلەیەکی حەساس و چارەنووساز کراو کە پەیوەندی بە یەکێك لە عوقدەکانی ناوچە هەیە ئەویش مەسەلەی کەرکوك و کورد و مەسەلەی کەرکوك و پاشەرۆژی کەرکوکە، موداخەلەی زۆر باش کرا، زۆر موداخەلەی کراوە بوو، پێم وایە زۆر موداخەلە کرا کە رەنگە لە کۆبوونەوەیەکی دانەخراودا ئەو موداخەلانە نەکرابانە، دەتوانم ئیشارەت بەوە بکەم کە پێش ئازاد کردنی عێراق، پێش رزگار کردنی عێراق لە بیست، سی ساڵی رابردوو دەیان جەولەی گفتوگۆ هەبووە لەنێوان رژێمی عێراقی مەرکەزی و لایەنە کوردییەکان سەبارەت بە پاشەرۆژی ئەو ناوچەیە و هیچ جارێك لە جاران خیلاف لەسەر هەولێرو سلێمانی و دهۆك نەبووە، بەڵام هەمیشە خیلاف هەبووە لەسەر خانەقین و کەرکوك و سنجارو هەندێ ناوچەی تر و، هەمیشە لەلایەنی ناحەزانی کورد، بەیت و بالۆرەی کوردی جیاوازی خواز ئەبێ سەرکۆنە بکرێ و کراوە بە دیباجەی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی تەتبیق کردن و تەعریب و تەبعیس و شتی بە کۆمەڵی کورد، بۆیە ئەو مەسەلەیە دەمێکە ئیشی بۆ دەکەین تەنها لە عێراقیش نا لە دەرەوەی عێراقیش، لە وولاتانی دەوروبەریش هەمیشە وا خراوەتە بەر گوێی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کە کەرکوك دەبێتە قاعیدەی ئیقتیصادی بۆ کورد لە عێراق، بۆیە پێویستە ئەو مەوزوعە هەمووی هەوڵ تەقەللایەکی لە پێناو بدرێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست کورد، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو ناوەندە سیاسیەی بڕیاردەرانە گەیشتینە قەناعەت کە کورد باشترین دەرفەت ئێستا بۆی هاتووە لە کاتێکدا کە ناسیۆنالستی عەرەب تەهمیش بووە کە حزبی بەعس و دام ودەزگاو دەزگا داپلۆسێنەرەکان و هێزی چەکداری تەواو لە بن و بۆتکەوە دەرهاتووە بە وولاتانی ئیقلیمی دەوریان زۆر مەحدودە لەناوخۆی عێراق و کورد ئیدارەیەکی فەعالی هەیە ماوەی دوازدە ساڵە لە مەوقعێکدایە کە جێگای شانازی یە بۆ کورد و دۆستەکانی لەو کاتەدا سەرکردایەتی کورد دەچێ بۆ بەغدای بێ کارەبا لە وەزعێکی نائەمنیدا داوای تەرمیم کردنی وەحدەی عێراق دەکات، ئەمە مەفروزە یەکێك بێ لەو بەڵگەنەویستانەی کە

کورد ئەگەر حەقی مەشروعی خۆیەتی، بەڵام لە حاڵی حازر داوای جیابونەی لە عێراق نەکردووە، بۆیە هەموو هێزێکی هاوپەیمان لەگەڵ ئێمە لە داهاتوودا لە هەر یەکێك لە نەتەوەکانی عێراق بێ دەست بکات بە مەوزوعی ئینفیصال، دیارە بەرنامەیەکیان هەیە لە پشت ئەم قسانە بۆ جارێکی تر پیادە کردنی سیاسەتی لە بەین بردنی کورد، زۆر جار موناقەشە دەکرێت بەڵام پێم وایە عەرەبی عێراق بەشی هەرە زۆری سەدام حوسێن بە نوێنەری خۆیان نازانن، حزبی بەعسیش بە نوێنەری راستەقینەی گەلی عەرەب لە عێراق نازانن، من بە بیریشم نایێ کورد لە عێراق جارێك فەرمانڕەوا بووبێ مافی تورکمانی فەرامۆش کردبێت یان پشت گوێی خستبێ و قەتیش نەمبیستووە تورکمان لە عێراق فەرمانڕەوا بووبێ مافی کوردی فەرامۆش کردبێ و لە بیری کردبێ و بە پێچەوانەشەوە. ئێ کە وایە بۆ ناهێڵن، دیارە یەکێکی تری لە پشت ئەم قەزیە هەیە کە لێناگەرێ کورد و عەرەب و تورکمان بە ئازادی بتوانن پاشەرۆژێك بۆ خۆیان رەسم بکەن بە شێوەیەك کە بە ئاشتی بەیەکەوە بژین و بە شێوەیەك کە چۆن لە بەرژەوەندی وولاتەکەیانە کە زۆر جیاوازە لە دەیان ساڵی رابردوو حوکمڕانی، ئەو وولاتەی خۆیان بکەن، من زیاتر ناچمە ناو تەفاصیلی. بەڵگە هەیە، بەڵگەی ئاشکرا هەیە و ئەو بەڵگەیە لە سێ چوار مانگی رابردوو هەمیشە ئیدارەی هەولێر، ئیدارەی سلێمانی، هێزەکانی هاوپەیمان ئاگادار کراونەتەوە کە لە هەمان پەیوەندییە سێ قۆڵیەکەی کە هەبوو پێشتر کۆبوونەوەکانیان لە سوریا، لە دیمەشق و، لە تاران، لە ئەنقەرە دەکرا هەمان کۆبوونەوە هەیە و بەردەوامە، بەڵام نەك لە ئاستی وەزیری دەرەوە، بەڵکو لە ئاستی ئەجیهزەی سەلبی کە چۆن بتوانن ئیدارەی کێشەی ناو عێراق بکەن و بەپێی قازانجی خۆیان بێ، ناو هەیە و ناو دراوە، پێم وایە کاك شاخەوان لە درێژەی قسەکانی ئیسارەی ئەو مەوزوعەی کرد ئەمە دروستە و هەردوو ئیدارە ئاگادارن لەوە کە رێگایەکی بۆ دابنرێ لە کۆتایی هەنگاوی یەکەم ئەوەبوو کە لە سلێمانی تەقیەوە و دیارە بەرنامەیەك هەبووە بۆ تەشەنە پێ کردنی ئەو ناکۆکیانەی ناو کەرکوك، بەڵام بەتەواوی بە جەزری حەل نەکرا بە شێوەیەك کە دەست درێژیەکە کۆتایی پێ بێت. من قسەکانی خۆم دەخەمە پاڵ قسەکانی کاك مەلا بەختیار ئەکید هەموو دوژمنان و ناحەزانی گەلی کورد دەزانن ئەمڕۆ بەحوکمی ئەو وەزعە تازەیەی لە عێراق هاتۆتە پێشەوە، هەم هێزە ئیسلامییە توند ڕەوەکان و، هەم هێزە ناسیۆلیستە شۆڤینیەکانی ناو عێراق لە بازاڕی سیاسی ئەمڕۆ رەواجیان نییە، تەنها هێزی مونەزەم کە بتوانێ کۆمەکی ئەم پرۆسەیە بکات و ئەم پرۆسەیە بەرەو پێش ببات، قورساییەکی بەرچاوی هەبێت، هێزی سیاسی و سەربازی، و ئیقتیصادی کەفائەتی فەردی کوردییە، بۆیە دەیانەوێ ئەم کەفائەتە، ئەم توانایەو، ئەم پاشەرۆژەی کە پێشبینی دەکرێ مەشغولی بکەن بە شتی لاوەکی، بۆ ئەوەی بتوانن کورد لە ئەهدافی ئەساسی خۆی لابدەن، دڵنیا بن لەوەی کە هەر رۆژە و هەر یەك لە دوژمنەکان دوا تیری کەوانی خۆی دەهاوێ، بزانین بەڵکو شانسێکی تێدا هەبێ و ئەوە وەکو مەسەلەیەك لەبەرچاوی بگرن، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانیە و پێم وایە راست نییە و لە جێی خۆشی نییە ئەو هێزە سیاسیەی کوردیەکان لەو بوارە هیچیان نەرکردووە، لە هەموو کۆبوونەوەکان کە لە هەر ئاستێك کرابێ، لە ئاستی دەرەوەی وولاتانی هاوپەیمان کرابێ یان لە ئاستی مەسئولینی دەرەجە دووی نوێنەرانیان لە عێراقدا کرابێ، هەمیشە مەوزوعی تەعریب و

تەبعیس و نەهێشتنی ئاسەواریان باس کراوە و گێڕانەوەی ئەو کوردانەی کە ئاوارە کراون و تەهجیر کراون لە چوارچێوەی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی بگەڕێنەوە جێی خۆیان، وەڵامی ئەوان ئەوە بووە ئێمە لە مووسڵ وەڵامێکمان وەرگرت ئەوەبوو ئەگەر لە حەفتاودوو سەعاتی یەکەم هەرچی کردتان کردتان، کەس بەدیارتانەوە نەبووە، پاش حەفتاو دوو سەعاتی یەکەم بە حزوری عەدەسەی کامێرا، بە ئامادەبوونی هێزی ئەمریکایی مومکن نییە بە بەکارهێنانی هێز ئەوە بکرێ، بەڵکو لە جیاتی ئەوە لیژنەیەك دروست بکرێت، لیژنەیەکی ئەنتەرناسیۆنال و ئیمکانیاتێك تەئمین بکرێ بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بگەڕدرێنەوە جێی خۆیان، چونکە ئەگەر ئێمە بە تەمای هەڵبژاردنی گشتین لە عێراق، هەڵبژاردنی گشتی ناکرێ لە عێراق ئەگەر تەتبیع نەکرێ، تەتبیعی عام نەکرێ، تەبیعی ئەوەش نابێ ئەگەر هەر خەڵکێك راگوێزراوە نەچێتەوە جێی خۆی، یانی تەبیعەتی حەقیقی، واقیعی قەومی لەو شاروشارۆچکانە تا نەیەنەوە جێگەی خۆیان، بەڵام من دەزانم ئەگەر هاوپەیمانەکان مەجلیسی حوکم لە بەغدا نیازیان ئەوە بێ مانگی چوار، مانگی پێنج هەڵبژاردن بکرێت، پێم وایە بەو شێوەیە بەم ساردییە ناکرێ ئەکید دەبێ لەم بوارە گەرم بین بۆ ئەوەی ئەو رێکخراوە بەرپرسیارن لەو راگوێزان وهێنان و بردنە فەعالتر بن بۆ ئەوەی کۆتایی بە مەوزوعەکە بێت. پێشنیارەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك ئەوەی کە روویداوە بۆ ئەوەی زەوابتیش دابنرێ بۆ ئەوەی جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە، یانی حەز دەکەم پێتان بڵێم زۆر لە هۆکانی راگەیاندن پێیان وایە هەردوو حزبەکە و ئیدارەی کوردی لە کوردستان تەعامولێکی زۆر عاقڵانەیان کرد لە ئیدارەکردنی ئەو ناکۆکییە، هەڵیان نەدایە کەس تەرەفێك بێ لە موشکیلەکە ئەوەی کە خواستی ئەو کەسانە بوون لە پشتی ئەو کێشەیە بوون، بەڵکو وەکو کێشەیەکی مەوقیعی لەوێ حەصر بکرێ، لەوێ حەل بکرێ بۆ ئەوەی ئەبعادی تر بەخۆیەوە نەگرێ، ئێستاکەش بەوە کۆتایی دێ، من پێم وایە هەیئەتێك ئەوەی کەوا لە زمنی پەرلەمانە ئەو یاداشتنامەیە بدرێ بە بریمەرو ئاماژە بەو شتانە بکرێ کە مەرج نییە تەنها کەرکوك ناوچەکانی تر وەکو سنجارو زەمارو شبکستان و مەخمور و ناوچەی تری کوردستان لە ناوچەی خانەقین و جەلەولا و سەعدیە و تا دەگاتە بەدرەو جەسان ئیزافە بکرێ کە ئەوانە ئەکید دەبنە هۆی تەقینەوەی تری بچوك بچوك ئەگەر موقیعی موعالەجە نەکرێن، چونکە خەڵکێك بە بەرچاوی خۆیەوە دێیەکەی، ماڵەکەی، مومتەلەکاتی تەصەروف پێ دەکرێ بە زەلامێك کە هاتووە بە شێوەیەکی نایاسایی و ناشەرعی و ئەوە موزاعەفاتی دەبێ و ئەو ئینزارە ئینزارێکی چاکە لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی بە زمانێکی پاراوی، مەقبولی، مەفهوم.

مەسەلەی دووەم ئەکید پێویستە سەردانێکی هەردوو حزبی سەرەکی هەتا ئەگەر ئەحزابی تورکمانی تری ئیجابی هەیە لە کەرکوك زائیدەن ئیدارەی کەرکوك لە پارێزگارو لە جێگرەکانی بکرێ و پەرلەمان ئیعلانی هاوپەیمان و هاوپشتی خۆی بکات و، ئێستاش پێم وایە وەختی ئەوەشە کە گەلاوێژ خان گوتی وەبیر مەیوێل بیهێنینەوە یان لێپرسراوی ئەمریکی لەوێ کە پەرلەمان نووسینگەیەکی هەبێ، نووسینگەیەکی موشتەرەکەن دابنێن، یان ئیدارەی پەرلەمان دایبنێ بۆ ئەندامانی پەرلەمان لەوێ و هاوکاری کردن و یارمەتیدانیان، پاش قسەکان موافقین لەسەر هەموو قسەکانی برادەران و پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك سعدی، سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لەم لێکۆڵینەوەو زانیاری ڕاگەیاندنە بەشدار بوون، بەپێی ئەو لیستەی بەرامبەر مندا جگە لە هەردوو سەرۆکی فراکسیۆن لەم کۆبوونەوەیە پانزە کەس قسەیان کردووە و ئەوە سەعات و نیوێك و پێنج دەقەیە ئێمە لەم بارەیەوە دەدوێین، بەڵام ئەم باسە لەوەش زیاتر ئەهێنێ خۆتان دەزانن باسێکی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە ئێمە بە پێویستی دەزانین وەکو پێشنیازێك لەلایەنی ئێمەوە بۆ هەردوو فراکسیۆنەکە ئێوە هەردوو فراکسیۆنەکە کۆببنەوە ئەم قسانەی کە کرا یان خۆتان لەوانی وەربگرن یان لە کۆبوونەوەیەکدا دایبڕێژن و پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بکەن، ئەو وەختە سەرۆکایەتی ئەنجومەن لەو قسانەی کەوا کراون کە بەنووسراوی پێشکەشمان دەکرێ دایدەڕێژێ یان بەرەو رووی هەیئەتێکی دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەوانە دابڕێژێ، چونکە مەسەلەکە مەسەلەیەکی گرنگە و پێویستە زۆر بەباشی لێی بکۆڵرێتەوە، زۆر بەباشی ئەو یاداشتە و یان ئەو نامەیەی کەوا دەنوسرێ و یان ئەو بڕیارەی کە لەو بارەیەوە دەدرێت زۆر بەوردی دابرێژرێ بۆ ئەوەی ببێ بە دەستورێك بۆ کارکردنمان لەبارەی کەرکوکەوە وەکو کێشەیەك کەوا لەناوچەکە هەیە و بۆ کاتێك کەوا سەرهەڵدەداتەوە و زیندوو دەبێتەوە و بتوانین چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، بێگومان ئێمە ڕەنگە لە قۆناغی یەکەمدا نەتوانین چارەی هەموو کێشەکان بکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە دەست پێ بکەین و ڕێگایەکی ڕاست بگرین بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکان، لەبەر ئەوە ئێمە لەو بارەیەوە قسەیەکمان نییە پێشکەشتانی بکەین ئەوە نەبێ تەنها چاوەڕێی سەرنج و تێبینی یەکانتان دەکەین بە نووسراو خۆتان چۆن ڕێك دەکەون هەردوو فراکسیۆنەکان ئەوانە دابڕێژن و پێشکەشمانی بکەن، ئەو کاتە ئێمەش بەرەو رووی هەیئەتێکی دەکەینەوە یان هەر خۆمان سەرلەنوێ دایدەڕێژینەوە و نابێ پەلەشی لێ بکرێ، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە پێویستی بەکات هەیە و هەر کاتێك تەواو بوو ئەیخەینەوە بەردەمتان بۆ ئەوەی کەوا پێشکەشی ئەو لایەنانە بکرێ کەوا پێویستە، فەرموو کاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێتان باش بێ ئێمە هەردوو فراکسیۆن لێرە، سەرۆك فراکسیۆنەکان وای بەپەسەند دەزانین ئەگەر ئەو لیژنەیە دروست بکرێت، چونکە راو بۆچونەکان پێویست ناکات هەردوو فراکسیۆن جارێکی تر کۆببێتەوە، ئەو لیژنەیە دروست بکرێت لیژنەیەکی پێنج کەسی ئەوانیش کاك مەلا بەختیار بێ، و کاك طارق جامباز بێ، کاك سیروان کاکەیی، کاك شێخ یحیی و، هەروەها سکرتێری پەرلەمانیش لەگەڵیان بێت، ئەو وەختە باوەڕ بکەن بڕواو بۆچوونەکان هەمووی گەڵاڵە بکرێ و بدرێ و ئەوەیشی بە نووسین هەیەتی بیدات پێیان بۆ ئەوەی ئاسانتر بێت و زووتر شتەکە جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بەرەو رووی ئێوەی دەکەینەوە ئێوە چۆنتان بە باش زانی ئاوا پێشکەشی بکەن، خۆتان چۆنی تەرتیب دەکەن بیکەن ئەو کاتە بەرەو رووی ئێمەی بکەنەوە ئەو خاڵانەی کەوا لەسەری رێککەوتوون یان ئەو سەرنج و تێبینی یانەی کەوا نووسیوتانن، ئینجا کۆتایی دێنین و بەرەو رووی خۆتانی دەکەینەوە، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن فەرمووی هەردوو کوتلە پێکەوە دەتوانن دابنیشن شتێك حازر بکەن، کە ئەو شتەیان حازر کرد دەدرێتەوە پەرلەمان، جا ئەو کوتلەیە لەگەڵ جەماعەتی خۆیان هەر یەکە دوو کەس تەکلیف دەکەن، یان سێ کەس تەکلیف دەکەن شتیان تەکلیف دەکەن، لەگەڵیان دادەنیشن، چۆن دادەنیشن، بۆ پێنج کەس دابنیشێت و، ئەو پێنج کەسە کار بکەن، ئەوانی تر ئاگایان لێ نەبێت دووبارە بخوێندرێتەوە، خۆ کوتلەکان با خۆیان بیکەن، پەرلەمان عیبارەتە لە هەردوو کوتلە، هەردوو کوتلەکە شتەکە بنووسن و رێك بکەون لەسەری، مانای وایە دێتە ریئاسەتی پەرلەمان و، ریئاسەتی پەرلەمانیش بە تەئکید موافیقە لەسەر رەئی هەموو برادەران و شتەکە حەل دەکرێت و، ئەو صیغەیە خۆتان ئیتیباعی بکەن و، کێ دادەنێن شتەکە خۆتان بیکەن، هەموو جار با وا نەبێت بە بڕیار چوار پێنج کەس خۆتان وەك کوتلە دانیشن سێ چوار کەس لەگەڵ یەك، ئێستا هەر خۆتان داوا دەکەن ئیدارەکە ببێتە یەك، دە ئێوەش ببنە یەك پێکەوە کار بکەن لەگەڵ یەکتری، پێشەکی ئێوە ببنە یەك، ئینجا داوا بکەن لە ئیدارەکە ببنە یەك و لەگەڵ یەك دانیشن پێکەوە شتەکە حەل بکەن و بیدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان بڵێن ئەوە رەئی هەردوو کوتلەیە، مانای وایە دەبێتە رەئی پەرلەمان و، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ هەر بەو بۆنەیەوە پێشنیازێکمان بۆ هاتووە لەلایەن بەڕێز حوسێن جەنبەلییەوە، داوا دەکات کەوا پارتی و یەکێتی ببن بە یەك حزب، ئینجا لە بارەی خاڵی چوارەم و پێنجەمەوە نازانم وایە یان وا نییە، بەڵام وەکو من بیستوومە کەوا ئەو لیژنەی یاساییە خۆش بەختانە شتەکانی ئامادە نەکردووە، لەبەر ئەوە ئێمە پێشنیار دەکەین کە باس کردنی ئەو دوو خاڵە بکەوێتە کۆبوونەوەیەکی تر، تا ئەو کاتە هیوادارین ئامادەی بکەن، ئەو کاتە کۆ دەبینەوەو بڕیاری لەسەر دەدەین، بێگومان ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە بزانین ئەندامان رەئیان لەسەر ئەوەی تەئجیلە یان نا، کەوا ئەوە بخرێتە کۆبوونەوەیەکی تر، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم یەك دوو برادەر پێشنیازیان کرد کە وەفدێکی پەرلەمانی بچێت سەردانی پارێزگاری کەرکووك و دوز و ئەو مەنیتقانە بکەن، نازانم ئەوە بۆ باس نەکرا، وەفدێك بچێت پێشی نووسینەکە بۆ بریمەر و بۆ کار بەدەستان، بەڵام وەفدێك بچێت، بۆ ئەوەی واقعێکی هەبێت وەکو پەرلەمانی کوردستان باسی ئەو مەوزوعە کرا لە نزیکەوە ئاگادار بین، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

هەموو ئەو پێشنیازانەی كە لێرە كراون، ئەوە رەچاو دەكرێت و، چاوەڕێی دەكەین كەوا بگاتە دەستمان، بۆ ئەوەی ئەوەی بە نووسینە بە نووسین دەیكەین، ئەوەی بە سەردان و وەفد ناردن بێت دەیكەین، هەموو ئەو پێشنیازانەی لێرە كراون رەچاو دەكەین و دڵنیاتان دەكەینەوە لەم بارەیەوە، ئێستا ئێمە ئەو مەسەلەیە دەخەینە دەنگدانەوە، ئایا ئەو باسەی خاڵەكە یەعنی كۆتایی دێنین بەو باسی كەركووكە بەو شێوەیەی كەوا گوتمان، بەلأم خاڵی چوار و پێنج، كێ موافیقە لەسەر ئەوەی كەوا دوا بخرێت بۆ كۆبوونەوەی داهاتوو، زۆر باشە سوپاس، بەگشتی موافیقن لەسەر ئەوەی كەوا باس كردنی ئەو دوو خاڵە بكەوێتە كۆبوونەوەی داهاتوو، زۆر سوپاستان دەكەین، ئێستا كۆتایی بە كۆبوونەوەی ئەمڕۆمان دەهێنین، بۆ كۆبوونەوەی داهاتوو لە كاتێكی نزیكدا ئاگادارتان دەكەینەوە، كە كەی دەبێت.

| | |
|---|---|
| **كاكەرەش محمد نقشبندی** | **د.كمال عبدالكریم فؤاد** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستانی عێراق** | **كوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٣)

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٥/ ٩/ ٢٠٠٣

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣٣)

## پێنج شه‌ممه رێكه‌وتی ٢٠٠٣/٩/٢٥

كاتژمێر (١٠)ی سه‌ر له‌ به‌یانی رۆژی پێنج شه‌ممه رێكه‌وتی ٢٠٠٣/٩/٢٥ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌رێز د.رۆژ نوری شاوه‌یس سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و، به‌ ئاماده بوونی به‌رێز د. كمال فؤاد عبدالكریم جێگری سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و، به‌رێز كاكه‌ره‌ش محمد نقشبندی سكرتێری كاتی ئه‌نجومه‌ن، دانیشتنی ژماره(٣٣)ی خولی گواستنه‌وه‌ی، سالی (٢٠٠٣)ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی كار:**

به‌ پێی حوكمه‌كانی برگه‌ (١)ی مادده‌ (٢٠) له‌ پێرۆی ناوخۆی ژماره (١)ی هه‌مواركراوی سالی ١٩٩٢ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بریاری دا به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی ژماره (٣٣)ی خولی گواستنه‌وه‌ له‌ كاتژمێری (١١)ی پێش نیوه‌رۆژی رۆژی پێنج شه‌ممه رێكه‌وتی ٢٠٠٣/٩/٢٥ دا به‌م شێوه‌یه‌ بێت:

١- پێدانی متمانه‌ به‌ (٣) وه‌زیری نوێ له‌سه‌ر داوای سه‌رۆكایه‌تیی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی ئیداره‌ی سلێمانی.

٢- خوێندنه‌وه‌ی بروسكه‌ی ئاماده‌كراو، له‌سه‌ر بڕیاری كۆبوونه‌وه‌ی په‌رله‌مان، رۆژی ٢٧\٨\٢٠٠٣.

٣- گفتوگۆكردن و بریاردان له‌سه‌ر پرۆژه‌ی راگرتنی چه‌ند مادده‌یه‌ك له‌ یاسای سزای عیراقی، ژماره(١١١)ی سالی ١٩٦٩ی هه‌مواركراو.

٤- گفتوگۆكردن و بریاردان له‌سه‌ر پرۆژه‌ی راگرتنی چه‌ند مادده‌یه‌ك له‌ یاسای(**اصول المحاكمات الجزائیة العراقي**)، ژماره(٢٣)ی سالی ١٩٧١ی هه‌موار كراو.

٥- خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌می پرۆژه‌ی پێشكه‌شكراو، له‌لایه‌ن ژماره‌ی یاسایی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان، تایبه‌ت به‌ خه‌رجكردنی مووچه‌ و ده‌رماله‌، له‌ ماوه‌ی مۆڵه‌تی دایكایه‌تیی و منداڵبوون.

**به‌رێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

به‌ناوی خوای گه‌وره‌ و میهره‌بان، به‌ناوی گه‌لی كوردستان، دانیشتنی ژماره (٣٣)ی خولی گواستنه‌وه‌ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ده‌ست پێده‌كه‌ین، به‌رێزان به‌رنامه‌ی كاری ئه‌مرۆمان له‌ پێنج خاڵ پێك هاتووه‌.

١- پێدانی متمانە بە (٣) وەزیری نوێ لەسەر داوای سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی.

٢- خوێندنەوەی بروسکەی ئامادەکراو، لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی پەرلەمان، رۆژی٢٧\٨\ ٢٠٠٣.

٣- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی راگرتنی چەند ماددەیەك لە یاسای سزای عیراقی، ژمارە(١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو.

٤- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی راگرتنی چەند ماددەیەك لە یاسای(**اصول المحاكمات الجزائية العراقي**)، ژمارە(٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو.

٥- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی پێشکەشکراو، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، تایبەت بە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵە، لە ماوەی مۆڵەتی دایکایەتیی و منداڵبوون.

بەڕێزان بۆ ئەوەی خاڵی یەکەم دەست پێبکەین، تکا لە بەڕێز کاك شێردڵ حەوێزی دەکەم وەکیلی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بفەرموێ بێتە سەر مەنەسەکە، بەڕێز کاك شێردڵ تکایە پێشنیارەکانت پێشکەش بکە.

**بەڕێز شێردڵ حوێزی(سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی بە وەکالەت):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

لەبەر ئەوەی ئەو بەڕێزانە خاتوو نەرمین عوسمان حەسەن وەزیری پەروەردە، بەڕێز جلال جوهر عزیز وەزیری پیشەسازی و وزە، بەڕێز محسن علی اکبر وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی، دەستیان لەکار کێشایەوەتەوە لە پۆستەکانی وەزارەتەکانیان، بەهۆی ئەوەی کە کاروباری نوێیان رووبەڕوو کراوەتەوە، ئێمە بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی، لەگەڵ سوپاس و پێزانینێکی زۆرمان بۆ خزمەت و تێکۆشانیان، هیواداریین لە شوێن و ئەرکی نوێیاندا وەك هەمیشە سەرکەوتوو بن، هەر لەبەر ئەم هۆیە پێشنیاز دەکەین، کە ئەو بەڕێزانەی خوارەوە لە جێگایان دابنرێن و، متمانەیان پێبدەن بەپێی یاسای ئەنجومەن:

١- د. شەونم عبدولقادر محی الدین، یاریدەری سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، بۆ پۆستی وەزارەتی پەروەردە.

٢- ئەندازیار خاتوو شنۆ لەتیف مەحمود، بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بۆ پۆستی کارو کاروباری کۆمەلایەتی.

٣- خاتوو پەروین بابەکر حەمە ئاغا، بەڕێوەبەری کارگەی چەمەنتۆی سەرچنار، بۆ پۆستی وەزارەتی پیشەسازی و وزە.

زۆر سوپاستان دەکەین

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جەنابت دانیشە جاریّ، فەرموو، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز د. شەونم عبد القادر محی الدین، پەسەند دەکەن بۆ پۆستی وەزیری پەروەردەی ئیدارەی سلێمانی دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، نییە، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز شنۆ لەتیف مەحمود بۆ پۆستی وەزارەتی کارو-کاروباری کۆمەلأیەتی، پەسەند دەکەن، دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، نییە، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز پەروین بابەکر حەمە ئاغا بۆ وەزیری وەزارەتی پیشەسازی و وزە پەسەند دەکەن، دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، نییە، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس، ئێستا تکا لە بەڕێزان، بەڕێز د. شەونم عبدالقادر محی الدین و، بەڕێز شنۆ لەتیف محمود و، بەڕێز پروین بابەکر حەمە ئاغا دەکەین کە بفەرموون بۆ سوێند خواردنی یاسایی، تکایە بەپێی تەسەلسولی ناوەکان.

**بەڕێز د. شەونم عبدالقادر محی الدین:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

من د. شەونم عبدالقادر محی الدین وەزیری پەروەردە، سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم، کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، رێز لە یاسا رەچاوکراوەکان بگرم و، بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم، سوپاس.

**بەڕێز شنۆ لەتیف محمود:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

من شنۆ لەتیف محمود وەزیری کارو کاروباری کۆمەلأیەتی، سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم، کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، رێز لە یاسا رەچاوکراوەکان بگرم و، بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم، سوپاس.

**بەڕێز پروین بابەکر حەمە ئاغا:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

من پروین بابەکر حەمە ئاغا، وەزیری پیشەسازی و وزە، سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم، کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، رێز لە یاسا رەچاوکراوەکان بگرم و، بەتەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان.

بەناوی سەرۆکایەتی و، گشت ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، پیرۆزبایی لە هەرسێ وەزیری بەڕێزی ئیدارەی سلێمانی دەکەین، تەمەنای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین و، هیواداریین لە کۆششیاندا و لە چالأکیاندا سەرکەوتوو بن بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان. ئەو بەڕێزانەی سوێندیان خوارد دەتوانن بە پێی ئارەزووی خۆیان بمێننەوە لە کاروباری

جەلسەکەمان بەشدار بن، یان چۆنیان پێ باشە وا بکەن، خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خوێندنەوەی بروسکەی ئامادەکراوە، لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی پەرلەمان، رۆژی٢٧\٨\٢٠٠٣.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئیدارەی مەدەنی کاتی لە عێراق پۆل بریمەر.

بەڕێز ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق.

بەڕێز ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق.

بەڕێز پارێزگاری کەرکووك.

بەڕێز ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی پارێزگای کەرکووك.

ئاشکرایە لە دوای رووخانی رژێمی عێراق، یەکەم جارە شارو ناوچە ئازادکراوەکان ژیانی ئازادی بە خۆیانەوە دەبینن، ئەمەش سەرکەوتنێکی سیاسی کۆمەڵایەتی گەورەیە، بەداخەوە لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە گەورەو پیرۆزەدا، کە بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان لەرووی سەربازی و سیاسی و راگەیاندنەوە لەگەڵ هێزەکانی کوردستان و، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هاتۆتە دی، جێگای نیگەرانی و مەترسییە کە ناوبەناو رووداوی ناخۆش و نەخشە بۆ کێشراوی لەگەڵ یەك شوێن روودەدەن، نەخشەی رووداوەکانیش ئاشکرا دیارە کە بەدەستی بێگانەو بەکرێ گیراون، دژی پرۆسەی ئازادی عێراق و گەلی کوردستان جێبەجێ ئەکرێن، وەك ئەم رووداوەی ئەم دواییەی کەرکووك ودووزخورماتوو.

بەڕێزان.

پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدا بەتووندی نارەزایی خۆی بەرامبەر بەم رووداوانە دەردەبڕێ، هاوبەشی خەم و پەژارەی کەس وکاری قوربانییەکانە لەو بارەیەدا ئەگەر بێت و لێکۆڵینەوەیەکی رەوا لەسەر ئەم رووداوانە نەکرێت، مەترسی رووداوەوەی رووداوی خراپترو مەترسی تردەکرێت، ئێمە دەترسین لە رووداوێکی ناوچەی ئاوا کە تێکدەران بەرامبەر مەزارێکی پیرۆزی ئیمام عەلی لە دووزخوورماتوو کردوویانە، بۆچی بەم جۆرە دەخرێتە قاڵبی ئەتنێکی تایفەگەری؟ بۆچی وازل ئەکرێت؟ ئەگوازرێتەوە بۆناو شاری کەرکووك، وا بەتوندو تیژی خۆپیشاندانی نائاسایی رەنگ بداتەوە، ئەم رووداوانە تێکرا بەتایبەت گواستنەوەی کێشەی دووزخوورماتوو بەبەرنامەو بۆ ناو شاری کەرکووك، خۆی لە خۆیدا مایەی گومان و نیگەرانییەکی گەورەیە، پێشێلکاری یاساییە و فەرامۆش کردنی ئەو پەیمانانەیە کە لە عێراق و کوردستاندا هێزە سیاسیەکان لەگەڵ یەکتردا بەستوویانە، بەڕێزان ئێمە بە پێویستی ئەزانین لە بەرزترین دەسەڵاتی حوکمی مەدەنی و ئەنجومەنی حوکمەوە لەم کێشەیە بکۆڵدرێتەوە تاوانباران بدرێن بە دادگا، ئاشکراشە کە بەشێکی زۆری پیلانەکانی دوژمن و دژەکانی پرۆسەی ئازادی عێراق دەیانگێڕن، لە بنەڕەتدا هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی رژێمی پێشووی عێراق، سیاسەتی بەعەرەب کردن و بە بەعسی کردن و، راگواستن و دەرکردن و ئاوارەکردن، ئەو سیاسەتە نامرۆڤایانە دژ بە یاسایە نێو دەوڵەتەکانە، سەرچاوەی رق وکینە و ئاژاوەی ناو کەرکووك و شارو شارۆچکە تەعریب و کراوەکان و راگۆێزراوەکانە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان لەم بارەیەوە کە بۆ

نەهێشتنی ئاژاوەو گێرەشێوێنی، پێویستە ئاسەوارەکانی پاکتاوی نەژادی دژی کورد و تورکمان و لەرووی ئەتنیکی و جوگرافی و کۆمەڵایەتییەوە بسرێتەوە، ئەویش بەهەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیارو یاسا سەپێنراوەکانی رژێمی بەعس و، دوای دانانی یاسای رەواو دیموکراتی و شارستانی لە جێگایان کە مافی هەموو دانیشتوانی ناوشاری کەرکوک و دەوروبەری بە کورد و عەرەب و ئاشووری و کلدانییەوە دابین بکات و، بیپارێزی بە گیانی تەبایی و دۆستایەتی پەروەردەیان بکات، ئەگەر ئەم کارە نەکرێت، ئاسەوارەکانی ئەم سیاسەتە و رەفتارە نەژاد پەرستییە، دەبنە مایەی کاری گێرە شێوێنانە و ئاژاوەی بەردەوام، لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە زۆری ئەو ئاژاوەگێرانە ئامادانە وەکو دەسکەلای بێگانە باری ئارامی پرۆسەی ئازادی و رێرەوی یاسایی عێراقی نوێ تێك بدەن.

بەرێزان.

پەرلەمانی کوردستان لەکاتێکدا ماندوو بوونی هەموو لایەنە دڵسۆزەکانی شاری کەرکوك و شاروشارۆچکە هاوچەشنەکانی بەرز رادەگرێ، بەتایبەتی کە هێزەکانی هاوپەیمانان لە پێناوی پاراستنی ئاسایش و پەیرەو کردنی یاسا و بڕیارەکانی بەردەوام قوربانی دەدەن، داوا دەکات کە هۆکارەکانی ئەم کێشەیە ریشە کێش بکرێن، ئاسەواری سیاسەتی تەعریب و راگواستن و بەبەعسی کردن نەمینێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن ئەرکە نیشتمانی و خزمەتگوزاریەکانی سەرشانیان بەتایبەتی لە بواری پاراستنی ئاسایش و ئارامی و ژیانی رۆژانە باشتر جێبەجێ بکەن و، بەرەو عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و ئازاد هەنگاو بنێن و، بەسەر پلانەکانی دوژمنانی مرۆڤایەتی و پێشکەوتندا سەربکەون.

کۆبوونەوەی پەرلەمان

**هەولێر٢٠\٨\٢٠٠٣**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەرێز کاکەرەش محمد نقشبندی، تەبیعی ئەم موزەکەرەیە لە حەقیقەتدا موناقەشەکراوە و، ئەمە پوختەی راوبۆچوونەکانی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بووە لەم بارەیەوە، بۆیە موناقەشەی لەسەر ناکەین بەڵکو دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەرێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەرێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، مولاحەزەکەی تۆ باسمان کردووە کاك یۆنادم، فەرموو بەرێز یۆنادم.

**بەرێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە زۆر تاخیر بووە، دەبوایە لەهەمان کات لەو کاتەی کە ئەو موشکیلە بووە، دوو رۆژ سێ رۆژ، سێ هەفتە قەیناکە، ئەو بەلاغە صادر کرابایە، چونکە زۆر تاخیر بووە، من رەئییێکم هەیە، کە لەوانەیە ئیشارەتێکی وا بکرێت رەبت بکرێت بە موحاوەلانی فیتنە خستن لەناو وڵات و شوێنەکانی تر، ئینجا دوایی بێیە سەر مەتالیبی خۆت یەکەم، دووەم، لە مەتالیبی خۆمان تەنها

کەرکووك نییە، مەنتیقەی سەهلی نەینەواش تەعریبە و موستەوتەناتی وەکو موستەوتەناتی ئیسرائیل لە فەلەستین هەیە، هەر عەینی شت دەبوایە هەموو شوێن بگرێتەوە تا مەنتیقەی شنگاڵ و ئەو شوێنانەی تر، بەرەئی من نەك تەنها کەرکووك، راستە ئەهمیەتێکی تایبەتی هەیە کەرکووك دەبێت پێی بدرێت، بەڵام مەناتقی تریش بگرێتەوە، مولاحەزەی سێیەمیش جەنابت باست کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە عادەت نییە کە شتێك بڕیاری لەسەر بدرێت ئیعادە بکرێتەوە، ئەوە بڕیاری لەسەر دراوەو چووە، بەڵام وەکو مولاحەزەیەك، ئەمە لە رۆژی ٨\٢٧ موناقەشە کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە و، مەربووتی حادیسەیەکی تایبەتییە، کە بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی ئاژاوەیەکی گەورە بنێتەوە، لەبەر ئەوە لە شوێنی خۆیەتی وەکو خۆی بمێنێتەوە کە عیلاقەی بەو حادیسەیە هەیە کە لەو فەترەیەی روویدا، زۆر سوپاس، ئەوی تریش لە کەرکووکدا نەك تەنها کورد و تورکمان، تەهجیر کراون بەڵکو ئاشووریش تەهجیر کراون، دەبێت ئاشکرا بێت، زۆر سوپاس.
خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان گفتوگۆ کردن و بڕیاردانە لەسەر پرۆژەی راگرتنی چەند ماددەیەك لە یاسای سزای عێراقی، ژمارە(١١١)ی ساڵی١٩٦٩ی هەموارکراو، تکا لە دوو ئەندامی لیژنەی یاسایی دەکەم بفەرموون بۆ سەر مەنەسەکە، ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ناوخۆش، ئەگەر بفەرمووێت، بەڕێز کاك سعید یعقوبی تکایە پرۆژەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٣ تشريع القانون الاتي:

**قانون رقم ( )لسنة ٢٠٠٣**

المادة الاولى:

يوقف العمل بالمادة (١٥٦) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١)لسنة ١٩٦٩ المعدل ويحل محلها في اقليم كوردستان العراق مايلي:
(يعاقب بالسجن المؤبد أو المؤقت من أرتكب عمداً فعلاً بقصد المساس بأمن وإستقرار وسيادة مؤسسات اقليم كوردستان العراق بأية كيفية كانت وكان من شأنه أن يؤدي الى ذلك.

المادة الثانية:

يوقف العمل في اقليم كوردستان بالمواد من (١٥٧) لغاية (١٨٩) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاصة بالجرائم الماسة بأمن الدولة الخارجي.

المادة الثالثة:

يوقف العمل في اقليم كوردستان بالمواد (١٩٠) لغاية (١٩٥) ومن (١٩٨) لغاية (٢١٩) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١)لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاصة بالجرائم الماسة بأمن الدولة الداخلي.

المادة الرابعة:

يوقف العمل في اقليم كوردستان بالمواد (٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٢٨) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١)لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاصة بالجرائم الواقعة على السلطة العامة.

المادة الخامسة:

لا يعتبر التعاون مع قوات التحالف التي قامت بتحرير العراق جريمة في اقليم كوردستان.

المادة السادسة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة السابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د.روژ نوري شاويس**

رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی یاسایی، تكایە لەسەر پرۆژەكە.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی بەڕێز.**

**بابەت\ ڕای لیژنە**

نووسراوتان ژماره(٩٢) له ٢٠٠٣\٨\٢٧ليژنەکەمان کۆبۆوه لەگەڵ ژمارەیەك لەگەڵ حاکمە بەڕێزەکان، کە ئەندامان بریتی بوون لە مەحکەمەی تەمییز و، سەرۆکی جینایات و، سەرۆکی ئیدعای عام و، حاکمی تەحقیق، پاش دانیشتنێکی دوو ڕۆژی لە گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا، گەیشتینە ئەو رایەی لەسەر قانوونی عقوباتی عێراقی ژماره(١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) هەموار کراو، هەروەها دانیشتنێکمان کرد، لەگەڵ لیژنەی کاروباری ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی و، هەموو ڕێککەوتین لەسەر پڕۆژەی هاوپێچ، تکایە عەرزی سەر پەرلەمان بکرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەری لەگەڵ ڕێزماندا.

**لیژنەی یاسا**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە رەئی لیژنەی ناوخۆ لەسەر ئەم پڕۆژەیە، فەرموو.

**بەڕێز بکر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی بەڕێز.**

**بابەت\ پڕۆژە**

نووسراوتان ژماره (٩٢) و(٩٣)له (٢٠٠٣\٨\٢٧)، لیژنەکەمان لیژنەی کاروباری ناوخۆ لە ڕۆژانی(٢٨و ٢٠٠٣/٨/٢٩) هەڵسا بە تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە لە دەقی هاوپێچی هەردوو نووسراوی سەرەوەتان کە پڕۆژەی پێشنیار کراوی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بوو، سەبارەت بە ڕاگرتن و گۆڕینی هەندێ مادده و بڕگەی یاسایی لە یاساکانی سزادانی عێراقی ژماره(١١١)ی ساڵی ( ١٩٦٩) و، ئسولی محاکەمەی سزادانی عێراقی ژماره(٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)، لیژنەکەمان بە چاکی زانی کە ڕاستەخۆ لەگەڵ لیژنەی یاسایی کۆببێتەوە و، ئەو راو پێشنیارانەیان ئاراستە بکات کە لە ڕۆژی ٢٠٠٣\٩\١٠، بە ئامادەبوونی بەشێکی زۆری هەردوو لیژنەکە کۆبۆوە و، پاش گفتوگۆکردنی لیژنەکەمان، ئەو پڕۆژەیەی کە ئێستا پێشنیار کراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی ئەنجومەن بە چاکی دەزانێ و پشتگیریی باشی لێدەکات، جیا لەو پڕۆژەیەی کە پێشوو پێشنیار کرابوو، چونکە ئەو راو پێشنیارانەی کە ئێمە دەگرێتەوە، ئەو پڕۆژەی کە ئێستا پێشکەش کراوە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە ماددەی یەکەم بخوێنرێتەوە لەگەڵ دیباجەکە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٣ تشريع القانون الاتي:

**قانون رقم ( )لسنة ٢٠٠٣**

المادة الاولى:

يوقف العمل بالمادة (١٥٦) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١)لسنة ١٩٦٩ المعدل ويحل محلها في اقليم كوردستان العراق مايلي:

(يعاقب بالسجن المؤبد أو المؤقت من أرتكب عمداً فعلاً بقصد المساس بأمن وإستقرار وسيادة مؤسسات اقليم كوردستان العراق بأية كيفية كانت وكان من شأنه أن يؤدي الى ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەك پرسیارم هەیە، (مؤسسات اقليم كوردستان العراق بأية كيفية كانت وكان من شأنه أن يؤدي الى ذلك) کان (او کانت)، زۆر سوپاس، هەردوو لیژنە هیچ تێبینیەکیان هەیە، نییە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز کەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، فەرموو.

**بەڕێز محمد امین عبدالحکیم چەمچەماڵی(مەلا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پشتگیری یاسایەکە دەکەم، دەرچوونی ئەم یاسایەم زۆر پێ چاکە، کە یەکێکە لە یاسا دیموکراتییەکانی کە لە کوردستانی خۆمان دەردەچێت، بێگومان لەوانەی هەندێ ڕەدو بەدەل لەسەر دەرچوونی ئەم یاسایە هەبێت، دەقێك هەیە لە قورئانی پیرۆز کە خوای گەورە دەفەرموویت(ولكم في القصاص في احياة يا أولي الالباب)، ئەم مەسەلەیە من پێم وایە موهیم ئەوەیە لە ئیسلامدا( ان لا تمر جريمة بدون عقوبة)، موهیم ئەوەیە هیچ جەریمەیەك ڕەت نەبێت بەبێ عقوبەت بەسەر مرۆڤایەتیدا، سنووری بۆ دابنرێت، ئێمە کاتێك تەماشای حەزرەتی عومەر دەکەین، لە پێنج تا شەش دەقی قورئانی، وەکو مەسەلەی (المؤلفة قلوبهم)، وەکو مەسەلەی(توزيع سواد العراق)، وەکو مەسەلەی بڕینی دەستی دز، کە لە کاتی خۆیدا ئایەتی لەسەر هەیە دەبوایە بڕێتەوە، شەش حەوت مەسەلەی وا، تەمەتوعی حەجە تەمەتووعی نسائە، کۆمەڵێك لەو بابەتانەیە کە حەزرەتی عومەر ئیجتیهادی تێدا کردووە، مەسەلەکە ئەوەیە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە، جا چ لەمەو بەر؟ چ لەمەو دوا؟ بەم مەعنایەش بەڕاستی من وەکو مەلایەك، پشتگیری یاساکە دەکەم، بەیاسایەکی باشی دەزانم، هیوادارم هیچ موعارەزەیەك لەو بارەیەوە دروست نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز مامۆستا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی، بەڕێز کاك امین، فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من مولاحەزەکەم لەسەر قەرارەکە هەموویەتی، عادەتەن جاران لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیدا وەزیرە بەڕێزەکان بە پێی ئیختیساسی خۆیان لە جەلسەکانی پەرلەمان ئامادە دەبوون و، ئەو پرۆژەی کە پەیوەندی بە وەزیرێك هەبووایە، خۆی دیفاعی لەسەر دەکرد، یاخود تەئیدی دەکرد، بەڵام مولاحەزە دەکەم لەم مەشروعەی ئێستا، بەڕێزان وەزیرانی داد ئامادە نین، بەڕاستی ئەگەر مەسەلەکە ئەوە بێت کە دوو ئیدارەمان هەیە، بەڕاستی دەتوانرا هەردوو وەزیرەکە ئامادە بن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ تێبینیەکەت، بەرنامەی کار عادەتەن موەجەهە بۆ هەردوو ئیدارە، من تەسەور دەکەم بەرنامەی کاری ئەم جارەمان تۆزێك درەنگ بووە پێیان نەگەیشتووە، پەرلەمان کراوەیە هەر وەزیرێکی بەڕێز وەختێ زانی کە مەوزوعێك وا پەیوەندی بەو هەیە، دەتوانێ ئامادە بێت، هیچ ئیعتیراز لەسەر ئەمە نییە، بەڕێز کاکەرەش نقشبندیدەڵێ تەلەفۆنمان بۆ وەزیریش کردووە لەم بارەیەوە کە بەرنامەی کارمان چییە لەم کۆبوونەوەیە، لە دوایدا پرۆژەی یاسا عادەتەن هەمووی لەگەڵ حاکمەکان و لەگەڵ ئەو جیهەتانەی کە پەیوەندیدارن باس ئەکرێن، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش هەموو وەکیلی ئیدارەن، هیچ موشکیلەیەك نییە لەو بارەیەوە، زۆر سوپاس. تێبینی تر هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ تێبینی نییە ئەیخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە مادەی یەکەم پەسەند ئەکەن لە گەڵ دیباجەکەیا دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، مادەی یەکەم و دیباجەکە بە گشتی دەنگ وەرگیران، مادەی دووەم تکایە بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثانیة: یوقف العمل فی اقلیم کوردستان بالمواد من ١٥٧ لغایة ١٨٩ من القانون العقوبات العراقی رقم (١١١) لسنة ٦٩ المعدل الخاصة باجرائم الماسة بأمن الدولة الخارجي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە ؟ ناوخۆ، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە لە سەر ماددەی دوو دەستیان بەرز بکەنەوە، فەرموو.

بەڕێز

**بەڕێز سەروکی ئەنجوومەن.**

ئەو مادانە هەمووی هەتا دوایی جگە لە مادەی پێنج پێویست بوو وەکو و مادەی یەك کە دەڵی وەقف کرایە ئەو ئیشە ئەو مادەیە دەبوایە شتێك لە شوێنی دابنرایە لە وانەیە ڕووداو و جریمەو و شتی وا روویان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامی بدنەوە تکایە.

**بەڕێز محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێژنەی یاسا لەگەڵ ئەو مەجموعە حوکامە بەڕێزانە دانیشتین حاکم فەرمووی دەڵێ تا ئێستا تتبیقاتمان نەبووە لە خلالی ئەو ١٢ ساڵەی کە لە هەرێم حوکمڕانی ئەکەین هەر لە ئەساسەوە تەنفیز نەکراوە چ حالەتێکی وا رووی نەداوە تا تەنفیز بکریێ بۆیە راگرتنیشی شتێکی زۆر تەبیعیە . لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عیبرەت لە قانونەکان ئەوە نییە ئەگەر قانونەکە هەبێت، عیبرەت بە تەتبیقاتی قەزائی لە سەر قانونەکەی و، تەبعەن لە هەرێمی کوردستان تەنیا لە سەر مادده ١٥٦ تەتبیقاتی قەزائی کرایە ئەوانیش لە ساڵانی ئەخیر، ئەوانی تر هەمووی عیلاقەی بە سەفەر وبە تەیارات و بەنازانم چییەوە هەیە...هتد. کە ئەوانەمان نییە ئێمە ان شاءالله دەمان بێ ئەگەر بوو شتێکی بۆ دادەنێین، ئەوجا لەگەڵ حاکمەکان بۆیە ئەو ماددەیەمان بەتەنها جیاوازکردەوە و موقابیلمان لە کوردستان دانا، نەوەك پێویستیمان بە تەتبیقاتی هەبێت، ئەوانی تر پێویستیمان بە تەتبیقاتی نییە، بۆیە پێویست نییە لە قانونەکە ڕابگیرێت و، لە بەغداش ڕاگیراوە لە لایەن حولەفاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەی دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة:

یوقف العمل في اقلیم کوردستان بالمواد (١٩٠) لغایة (١٩٥) ومن (١٩٨) لغایة (٢١٩) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١)لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاصة بالجرائم الماسة بأمن الدولة الداخلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی و ناوخۆ تێبینیتان هەیە تکایە؟ ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعی ئەو ماددانەی کە ئیقاف دەکرێن کە بەدیلیان تەبعەن نییە هەندێکیان، تەبیعی ماددەکان زۆرن ئێستا ماددەی پێشوو ٣٢ مادده ئیقاف دەکرێ، لە ١٩٠ تا ١٩٥ تەبیعی شەش مادده ئیقاف دەکرێ، بەڵام من پێم وایە ١٩٥ و ٢٠٠ و ٢٠١ دیراسەیەکی تۆزێك قوڵتری گەرەك بوو و، ١٩٥ حەق نییە لا ببردرێت، هیچ نەخرێتە شوێنەکەی، چونکە ماددەی ١٩٥ دەڵێ (يعاقب بالسجن المؤبد من استهدف إثارة الحرب الأهلية أو الاقتتال الطائفي وذلك بتسلح المواطنين أو بحملهم على تسلح بعضهم ضد البعض الآخر أو الحث على القتال) ئەمە ماددەکەیە، یەك گوێچکەیەکی لە شوێنێ لە دواوە ئەگەر ئەوە لابرێت حەقە ئەو بەدیلە لە جێگەی ١٩٥ دابنرێت، ئنجا فەقەرە دووی مادده ( ٢٠٠) مەسەلە ئەڵێ (الروج مايثير النعرات المذهبية أو الطائفية او خلق النزاع بين الطوائف والاجناس او اثارة شعور الكراهية والبغضاء بين السكان) یەعنی ئەمە لە خۆوە لابرێت و تەبعەن هیچ بەدیلێك دانەنرێت، من پێم وایە دیراسەیەکی تەبعەن گەرەکەو و، خاسەتەن (٢٠١)یش ئەگەر جەنابی لیژنەی یاسایی تەماشا بکەن هەروا عەفەوی نەبێت باشە کەوا ئەوە لابرێت و بەدیلێکی نەبێت، لە گەڵ ڕێزمدا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شێخ ئەحمەد

**بەڕێز احمد طاهر نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەو ماددانەی کە ئێستا بڕیارمان دا ڕاگیرێ، ئیشی پێ نەکرێت ئیلغا بکرێت، بە حەقیقەت ئەو ماددانە ئەگەر نصوصەکانمان لە بەر دەستدابوایەو بخوێنرایەتەوە پێم باشتر بوو بڕێك لەوەی کەوا هەر ماددەی (١٩٥)و (١٩٠) سەدو ئەوە ئەوانەمان لەبەر دەست بووایە بخوێنرایەتەوە، ئەوجا ئیلغا دەکرێت، ڕادەگیرێ، وام پێ باشترە وەکو موقتەرەح، نەك هەر ئاوها ژمارەکان داندرایە

(١٩٥) (١٩٠) نازانی چی تێدایە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەك شت ئەتوانم جواب بەمەوە بە نیسبت ئیلغاوە ناتوانین ئیلغای بکەین چونکە قانونی ئێمە نییە، ئێمە ئەتوانین ئیقافی عەمەلی بکەین، لە کوردستانا ئیشی پێناکرێت و، نوقتەکانی تریش بەڕێزان لیژنەی یاسایی وەڵامی بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز احمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پێشنیارەکەی بەڕێز کاك أحمد نەقشبەندی کە دەڵێ ئەو مەوادانەمان لەبەردەستدا نییە، لە کۆبوونەوەی پێشتر قیرائەی ئەوەلی ئەو ماددانە کراوە، هەموو ئەندامێکی پەرلەمان دەیتوانی موراجەعەی قانونی عقوبات بکات و بیخوێنێتەوە، ئەگەر مولاحەزەیەکی هەبێت لای

خۆی بینووسێت، چونکە ئێستا ناکرێت ئەو هەموو ماددەیە لێرە بخوێنرێتەوە هی قانونی عقوباتی عیراقی، ئەوە مومکین نییە، ئەوە ئیشی بەس شارەزایانە لە یاسا، کە لیژنەی یاسایی چەندین کۆبوونەوەی کردووە لەگەڵ حوکامەکان و گەیشتینە ئەو بڕیارە، جگە لەوەی تەوەجوهێکیش هەبووە لەلایەن تەحالوفەوە کە ئەو ماددانە رابگیرێت و کاری پێ نەکرێت، وە نەبێ هەر بە پێشنیاری خۆمان بێت، جا ئەوەیە مەسەلەکە ناکرێ لەو کۆبوونەوەیە هەموو ئەو ماددانە بخوێنینەوە، قانونی عقوبات دەبێ هەمووی بخوێنینەوە، ئەگەر وابێ دەبێ دابنیشین هەموو قانونی عقوبات بخوێنینەوە، ئەوە مومکن نییە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سعید.

**بەڕێز محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو ماددانە کە عیلاقەی بە قەزای ئەمنی داخلی هەیە، لەپەرلەمانی کوردستان دوو سێ قانون هەیە کە دەرچووە بۆ ئەوەی ئەو فەراغەی پڕ بکاتەوە، یەك لەو قانونانە قانونی ژمارە هەشتی ساڵی ١٩٩٢ (قانون معاقبة حیازة وصنع واستعمال المتفجرات والمفرقعات) ئەوە تەقریبەن هەتا رادەیەك ئەو فەراغەی دادەپۆشێ، هەروەها یاسایەکی تر هەیە لە پەرلەمانەوە دەرچووە قانونی ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٢ (قانون حمایة الاجانب والعاملین مع المنظمات الامم المتحدة و المنظمات الانسانیة في اقلیم کوردستان العراق) تەقریبەن ئەو دوو قانونە دەتوانێ ئەو دوو فەراغە پڕبکاتەوە، هەروەها قانونێکی ترمان هەیە کە عیلاقەی کەم و زۆر بەو وەزعە هەیە، قانونی غەرامات ئەویش تەقریبەن ئەو فەراغەی داپۆشیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەڕەش نەقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووی کە عەلا ئەساس ئەو ماددانە پێویستە بمێنێ، ئەوە بەڕای من لە ماددە (١٥٦) موعالەجە کراوە، چونکە ئەوانە هەمووی ئیخلالە بە ئەمنی کوردستان و بە ئەمنی ئیقلیم، هەر عەمەلێك لەو عەمەلانە، ماددەکەی ئێمە دەڵێ (بأي کیفیة کانت) بەهەر شێوەیەك کارێك بکات لە ئەنجامی ئەوە بێ کە زەرەر بە ئەمنی کوردستان بگەیەنی موعاقەبە دەکرێ و حەبس دەکرێ، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئەو ماددەیە دووبارە زیکر بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لە ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێ پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە، سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە، ماددەی سێیەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز احمد شريف:**

المادە الرابعە:

يوقف العمل في اقليم كوردستان بالمواد (٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٢٨) من قانون العقوبات العراقي رقم (١١١)لسنة ١٩٦٩ المعدل الخاصة بالجرائم الواقعة على السلطة العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی و ناوخۆ پەسندی دەکەن، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە، کاك سعدی فەرمووو.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ ئەو پرۆژەو ئەو بەرنامەیە بەگشتی خوێنراوەتەوە، ماوەی سێ هەفتە دراوەتە هەموو ئەندامێکی پەرلەمان، بۆ خۆی ئەو فەقەراتانە و نوسخە ئەصلیەکانی پەیدا بکاو تێبینیەکانی خۆیشی پێشکەش بە لیژنەی یاسایی بکات، ئێستا موناقەشەکە وادەکرێ کە نە گوێی لێ بووە کە شتی وا دەگۆڕدرێ و نە شتی واش لەو پەرلەمانە باس کراوە، یانی کاتمان زۆرە راستە، کۆبوونەوەی پەرلەمان دەمێکە نەکراوە، حەزیشمان لێیە یەکتریش ببینین، بەڵام کات بەو جۆرە نەبەینە سەر، ئەوەی موهتەمە بە گۆڕانی شتێك لە پەرلەمان بە خۆی سەرچاوەکان پەیدا بکات و بپرسێت و موراجەعەی لیژنەی یاسا بکات و، تێبینیەکانی خۆی بیانداتێ و، بۆ ئەوەی پرۆژەکەی پێ دەوڵەمەند بێت وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك شێخ لەتیف فەرموو.

**بەڕێز شێخ لطيف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەو ماددانەی کە ئێستا نەسخێکیان بەسەرداهاتووە یان تەبدیل، دەبوایە موبەررێك بنووسرابایە لەو یاسا نوێیەی کە ئێستا ئەوان لادەبات و نوێیەکی تر دیار نییە هەر ئیقافە، موبەریرێك بنووسرابایە کە بۆچی ئەوانە لەو سەردەمەیدا رائەگیرێت، موبەریرەکە کە ئێستا لە یاسای خۆمان ئێستا رایدەگرین و ئیقاف عەمەلی ئەکەن پێیان یان تەنفیز یان، خۆی موبرير و هۆیەکەی بنوسرابایە باش بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تصور دەکەم پێشنیارەکەی کاك شێخ لەتیف لە جێی خۆی بوو، ئەسبابی موجەبەمان نەخوێندەوە، ئەگەر ئەسبابێکی موجەبە لەدواییدا بنووسرێتەوە، لەوانەیە خراپ نەبێت، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێنج شەش ماددانەی کە برادەران خوێندیانەوە، هەر پێنج، شەش مادده عیلاقەیان بە سەرۆك کۆمارەوە هەیە، ئەگەر یەکێك جوێنی بە سەرۆك کۆمار دا عقوبەی ئیعدامە، ئەگەر

یەكێك حەملی سەرۆك كۆماری كرد بە زۆر شتێكی پێ ئیمزا بكات هەر ئیعدامە، ئەگەر هاتوو یەكێك لە پەنایەك باسی سەرۆك كۆماری كرد ئیعدامە، هیچ عیلاقەی بە كەسی ترەوە نییە تەنها بە سەرۆكی كۆمار، لەبەر ئەوە پێویست نییە ئەو ماددەیە لەناو قانون بمێنێ، كابرایەكی زەمانی دیموكراتیەت و عەسری پێشكەوتنە، لەبەر ئەوە پێویست نییە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەتایبەتی كە سەرۆك كۆماریشمان نییە، ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە پەسندی دەكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە پەسندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، ماددەی چوار بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنج.

**بەڕێز احمد شریف:**

المادة الخامسة:

لا يعتبر التعاون مع قوات التحالف التي قامت بتحرير العراق جريمة في اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تكایە، فەرموو كاك سعید.

**بەڕێز محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری یاساكەمان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ. نییە، سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبكەنەوە، ناوی ئەو بەڕێزانەم لەلا نووسراوە، تكایە ئەوەی ناوی نەنوسرابێ دەستی بەرزبكاتەوە، كاك ابراهیم سعید، كاك احمد كریم، كاك شێخ كریم، كاك عماد، كاك رزگار، بەڕێز كاك ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من ئەم فەقەرەیە، ئەم ماددەیە بەزیاد دەزانم، ئەگەر موحتاجی پێ هەبا قانونی عقوباتی عێراقی ماددەكی تێدا هەبا كەوا ئەو كەسانەی تەعاون لەگەڵ قواتی ئەجنەبی دەكەن، بۆ نموونە قانونێكی ئەوها هەبێتن، با نەصی ئەو قانونە بێنینە خوارێ یان هەر رەقەمی ئەو قانونە، بەلام بلێین (يستثنى من ذلك قوات التحالف) من بەم شكڵە لا يعتبر و، جەریمە لە جیاتی شەرەف بێت ناوی جەریمە بەم شكلە من ببینم پێویست ناكات، زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم فەقەرەیە یان ئەوماددەیە بەم موتڵەقیە یەعنی ئێمە سوپاسی تەحالوف دەكەین كە رزگاریی عێراقی هێنایە كایەوەو و، دەست خۆشیشی لێ دەكەین و پشتیوانیشی لێ دەكەین، بەلام بەم

شێوەیەی کە تۆ دەڵێی قواتی تەحالوف نە کاتەکەی دیاری کراوە و، نە تەعاونەکەش، یەعنی ئێمە ئەگەر زیمنی ئەمنی قەومی خۆمان، زیمنی قانونی خۆمان، ئەوە بۆ هەموو کەسێك هەیە تەعاون بکات ئەو تەعاونەش بەو موتڵەقییە ئیمکانە بەرەڵایی لێ دروست بێت، یان ئیمکانە لەو کاتە زەروری بێت کاتێکی تر بێت، تەحالوفیش نەوعەکەی بگۆڕێت، جا بەڕای من هەیئەیەك تەحدید بکرێت یەعنی بڵێین لەکاتی رزگار کردنەکە قەیناکە بەردەوام بوون هەتا هەتایە ئەوە بە موتڵەقییەت باس کراوە و، بە موتڵەقیەتیش تەعاونەکە باس کراوە و، بە موتڵەقیەتیش بۆ هەموو کەسێك ڕەوایە، ئایا ئەوە حکومەت دەیکات، حزب دەیکات؟ زۆر کەس هەیە وەکو فەرد بچێت تەعاون بکات بۆ شتی خراپ و، لە ناو تەحالوفیش وەکو باسم کرد سابت نییە، رجام ئەوەیە یان نەی نووسین یان بە حاڵەتێك هینی بکەین ئەوە دەبێتە شەرعیەتێك بۆ هەندێك شت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك عماد، من تەصەور دەکەم ئەو بەڕێزانەی تریش کە ناویان نوسراوە، لە زمنی ئەوەدیا قسە ئەکەن، لە بەر ئەوە لە حەقیقەتا ئێمەش ڕەئیمان وایە لێرە کە ئەم ماددەیە زیادە، چونکە لە قانونی عقوباتی عێراقیا ئەگەر هەبووایە لە غومان ئەکرد، ئیقافمان پێ ئەکرد، مادام نییە لە قانونی عقوباتی عیراقیا لێرە جێگاکەی زیادە، ئێمە لە گەڵ ئەو مەبدەئەیاین کە هاوکاری لە گەڵ قوەتی تەحالوفا بکرێ بۆ موحافەزەی ئەمن، بۆ پاراستنی وڵات، بۆ سەرخستنی تەجروبەی دیموکراتی، بەس حەقیقەت ئەو فەقەرەیە لێرەیا زیادەیە، ئەیخەمە دەنگدان ئەگەر بەڕێزان پەسەندی ئەکەن، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی دەکەن ئەو فەقەرەیە لابرێت تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە گشتی دەنگ ئەو فەقەرەیە لابرا، تەسبیبەکەشی ئەوەیە چونکە لێرە زیادە نەك مەوزوع مەبدەئەکەیە، ماددەی شەشەم بوو بە ماددەی پێنج، ماددەی پێنج تکایە.

**بەڕێز احمد شریف:**

المادة الخامسة: (على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وا تەسەور ئەکەم تەحصیل حاصل بێت، ئەیخەینە دەنگدانەوە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە مادەی پێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی پێنجی تازە، ماددەی شەشە تکایە.

**بەڕێز احمد شریف:**

المادةالسادسة: (ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ صدوره وينشر فى جريدة وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی شەش پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە گشتی دەنگ ماددەی شەش وەرگیرا، هەموو یاساکە ئەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە

هەموو پڕۆژەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، پڕۆژەکە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان: خاڵی چوارەمە گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی ڕاگرتنی چەند مادەیەك لە یاسای ئوصوڵی محاکەماتی جەزائی عیراقی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ ی هەموار کراو لە جیاتی خوێندنەوەکەی تکایە ئەگەر لیژنەی یاسایی پێشەکی تەوزیحێك لە سەر ئەم مەوزوعە بدەن، بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان

**بەڕێز محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕەئی خۆمان دایتە سەرۆکایەتی بە کتا بمان ژمارە ٢١، ڕەئی ئێمەی تێدایە لە گەڵ ڕای مەجموعەیەك حوکام و ڕای لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان، تکایە جارێك دەقیقەیەك، بەڕێز کاکە ڕەش نەقشبەندی جارێك تەوزیحێکیان بدەرێ لە سەر ئەم پڕۆژەیە،

**بەڕێزکاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەوە تەبعەن یاسای قانون ئوصوڵ محاکەماتی جەزائی، تەبعەن ماددەکان داواکرابوو هەر مادەیەك هەیە مومکینە یەك وشەی لێ بگۆڕێت، ئەو وشەیە تەبعەن ئیمکان نەبوو ئەتو قانونێ دەرکەی بلێی بڕیارمان دا ئەو وشەیەمان لابرد، لەبەر ئەوەی دووبارە داڕێژراوە بە لابردنی ئەو وشەیە یان زیاد کردنی وشەیەك، لە بەر ئەوەی قانونەکە تەقریبەن وەکی خۆیەتی بەس لابردنی چەند وشەیەك یان دانانی چەند وشەیەك، تەبعەن مەفهومی مادەکە گۆڕاوە، بەڵام شتێکی زۆر موعەقەد نییە، هەروەکو خۆی داڕێژراوە وە داواکرابوو بەو شێوەیە بێ، وە شتەکانیش باش بووە ئەوەی کە داوا کراوە یەعنی ڕامان لە سەری بووە ئەوە، نییە شتیخراپ بێ ئەوەی کە داواکراوە، لەسەر ئەو ئەساسە داوا کراوە، ئەوەنییە کە هیچ تەباینێکی ئەوتۆو ئیختیلافێکی ئەوتۆ نییە لە گەڵ ئەسڵی قانونەکە، زۆر سوپاس ئەوەش تەبعەن مەشهودەن جەنابی سەرۆك ئەوەشی فەرمووکە فیعلەن زیاتر ئەوە گونجاوترە لە گەڵ مافی مرۆڤ و ئیحترامی خەڵك و شتیوا، مەسەلەن یەك لە شتێکی زۆر زۆر بەسیت، مەسەلەن دەڵێ دەبی ئافرەت تەفتیش بکرێ بە ئافرەت، پێشان لە قانونەکە دەڵێت ئەگەر ئیمکان بوو، ئەوە ئیجبار دەکات، دەبێت ئافرەت هەر بە ئافرەت تەفتیش بکرێت، زۆرسوپاس.

**بەرێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. ڕەئی لیژنەی یاسایی تکایە بیخوێنەوە.

**محمد سعید یعقوبی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا بەنووسراوی ژمارە ٢١/ لە١٧/ ٩/ ٢٠٠٣ ڕەئی خۆی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراقی کردووە بەو شێوەیە:

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراقی بەرێز،

بابەت ڕای لیژنە

نووسـراوتان ژمـاره ۹۳لـه ۲۰۰۳/۸/۲۷لـیژنـهكـهمان كۆبـووهوه لهگهڵ ژمارهیهك لهحاكمه بهڕێزهكان كه ئهندامانی بریتی بوون له حاكمی مهحكهمهی تهمییز و، سهرۆكی دادگای جینایات و، سهرۆكی ئیدعایهی عام و، حاكمی تهحقیق، پاش دانیشتنێكی دووی رۆژ و گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕ كردنی بیروڕا گهیشتینه ئهو ڕایهی یاسای ژماره ۲۳ی ساڵی ۱۹۷۱ی ههموار كراو یاسای ئوسولی محاكماتی جهزائی، هـهروهها دانیشـتنێكمان كـرد لهگـهڵ لیژنهی كاروباری ناوخۆی ئهنجومهنی نیشتیمانیی و، ههموو رێـك كـهوتین لهسـهر پـرۆژهی هاوپـێچ تكایـه عـهرزی سـهر پهرلـهمان بكـرێن، بۆگفـتو گـۆ كـردن لهسهری، لهگهڵ رێزمان.

**بهڕێز سهرۆكی ئهنجومهن:**

زۆر سوپاس، فهرموو.

**بهڕێز مهلا هادی خدر كوێخا:**

**بهڕێز سهرۆكی ئهنجومهن.**

دیـاره كۆبوونـهوهكـهی پێشـتر وا بـڕیاربوو كـه هـهر كهسـێك تێبینـی و مولاحـهزهی ههیـه لـه گهڵ لیـژنهی یاسـایی دابنیشـن و قسـهیان لـه گـهڵ بكـهن، ئـێمه وهكو لیژنهی ناوخۆ پاش ئهوهی كه له گهڵیان دانیشتین گفتو گۆیهكی زۆرمان كرد له سهر ئهو ڕاو پێشنیارانهی كه ههمانبوو، پێشكهشی ئـهوانمان كـرد و، توانـیمان بگهینه ڕهئیهكی تهواو و، ئێمه ڕهئی خۆمان به نووسراومان ژماره (٤) له ۹/۱۲ وه پێشكهش به سهرۆكایهتی ئهنجومهن كردووهو و، پێش ئێستاش دهقهكهمان خوێندهوه، وه ئـێمه پشـتگیری لـه هـهموو ئـهو گۆڕانكاریانـه دهكـهین كـه له ئهو پڕۆژهیهی لیژنهی یاساییدا هاتووهو سوپاس.

**بهڕێز سهرۆكی ئهنجومهن:**

زۆر سـوپاس، دیـاره ئـهم پـرۆژهیه دیراسهتێكی تهواوی له سهر كراوه، پرسیاری ههموو لایهكی لێ كـراوه، زۆر بـه دیقـهت ئـهو وشـانهی كـه تـیایا هـاتووه بـه دیقهت ههڵبژێرراوه، بۆیه تكام وایه له ئهندامـه بهڕێـزهكان ئهگـهر شـتێكی تایبـهتی زۆر گـرنگ نهبێـت، زۆر داخلـی تهفاصـیل نـهبن لهم مهوزوعـه، ههرچـهنده ئـارهزووی خۆیانـه، یهعنـی ئـهوهی بـه پهسـهندی ئهزانن قسهی تیا بكهن، تكایه مادهی یهكهم بخوێنرێتهوه،

**بهڕێز احمد شریف:**

بسم اللة الرحمن الرحیم

باسم الشعب

المجلس الوطنی لكردستان العراق

استـنادا لاحكـام الفقـرة(١) مـن المـادة (٥٦) مـن قـانون رقـم(١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءعلى ما عرضه العـدد القـانونی من اعضاء المجلس الوطنی لكوردستان العراق قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٣ تشريع القانون الاتی:

قـانون رقـم( ) لسـنة ٢٠٠٣ بايقـاف العمـل بمـواد قـانون اصـول المحاكمات الجزائية العراقي رقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ :

المادة الاولى/ يوقف العمل بفقرة (ج)من المادة (٦١) ويحل محلها في اقليم كردستان ما يلي: اذا كان الشاهد لايفهم اللغة التي يجرى بها التحقيق او كان اصم او ابكم يعين من يترجم اقواله او اشاراته بعد تحليفه اليمين بان يترجم بصدق وامان.

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە لەسەر مادەی یەکەم تکایە. فەرموو کاک جمیل

**بەڕێز جميل سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ايقاف العمل بمواد قانون اصول المحاكمات الجزائيه، ئەمە شامله لە ناحیەی لوغەی عەرەبی، کە گوتی ایقاف العمل چونکە هەندێك مەواد ڕادەوەستێنێ، بەم شکلە بنووسرایە چاکتر بوو، ايقاف العمل بمواد من القانون هذا عن بعض موادها بەس ايقاف العمل بمواد من قانون اصول محاكمات یانیش بعض، چونکە بەو شکلە شامل هاتووە، یعنی ايقاف العمل مەفهومێکە بیدایەتەکەی چۆن هاتووە، چونکە هەندێك مەواد ڕادەوەستێت نە هەموو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەی یەکەم ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم مادەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس. مادەی یەکەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا. مادەی دووەم تکایە

**بەڕێز محمد سعيد يعقوبی:**

المادةالثانية/ يوقف العمل بالمادة(٧٠) ويحل محلها في اقليم كوردستان مايلي: لحاكم التحقيق او المحقق؟ ان المتهم او المجنى عليه في الجناية او الجنحة على التمكين من الكشف على جسمه او اخذ تصويره الشمسي، او بصمة اصابيعه او قليل من دمه او شعره او اظافره او غير ذلك مما يفيد التحقيق لاجراء الفحص اللازم عليها ويجب على الكاشف على الجسم الانثى بواسطة الانثى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، تکایە. دیارە لەسەر ئەم ماددەیەش تێبینی نییە، ماددەی دوودەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە بە کاملی دابەزیوە، تەنها وشەی ( بقدر الإمكان) بۆتە (يجب) و، یەعنی لە جەوازییەوە بۆتە وجوبی، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی دوو بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی سێیەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز احمد شريف علی:**

المادة الثالثة:

يصبح أصل المادة (١٢٣) من قانون أصول المحاكمات الجزائية المرقم (٢٣) لسنة ١٩٧١ المعدل فقرة (أ) لها وتضاف إليها فقرتان أخريان في إقليم كوردستان العراق بتسلسل (ب، ج).

ب- وإذا لم يكن بمقدوره توكيل محامي على المحكمة تأمين محامي له دون أن يتحمل المتهم نفقات ذلك.

ج- قبل استجواب المتهم على قاضي التحقيق أو المحقق العدلي أخذ رأيه فيما إذا كان لديه رغبة في توكيل محامي ينوب عنه، فإذا رغب المتهم بذلك على قاضي التحقيق أو المحقق العدلي عدم استجوابه لحين توكيل المحامي أو تعيين محام له من قبل المحكمة في جرائم الجنح أو الجنايات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە جاری پێشوودا لە خوێندنەوەی یەکەم، فەقەڕەیەك هاتبوو (قبل مساءلة المتهم على قاضي التحقيق)، بۆ ئەوەی ئیعلانی تاوانبار بکات ( بأن لديه حق السكوت ولا يسمح بأي شكل)، ئەوە حەقی مافی مرۆڤە، دەبوایە وەکو (د) دابنرا بوایە، ئەوەی کە دەڵێت (للمتهم الحق في توكيل محامي)، ( وتضاف اليها ثلاث فقرات أخرى في اقليم كوردستان)، ئەو فەقەڕەیەش بە (د) دابنرا بوایە، ئەو فەقەڕەیەی کە هاتبوو لە خوێندنەوەی یەکەم حەقە لێرە ئیزافە بکرێت و، تێبنیەکی تریشم هەیە لە ناحیەی ئیملائییە، چ ئەو کەلیمە موحامیانەی کە لێرە هاتووە لەم مادده، لە ماددە پێنجیش هیچ ئیملائییەی لەگەڵ نییە، (ي)یەکەی لەگەڵ نووسراوە، چونکە موحامی ئەگەر (ال)ی لەسەر بێت (ي) لەگەڵ دایە، ئەگەر (ال)ی لەسەر نەبێت (مضاف اليه) بێت (ي)ی لەگەڵ نانووسرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو، لە دوایی لە کاتی صیاغە هی کۆتایی لەگەڵ لیژنەکە، ئەو تێبینیانە بدەنە لیژنەکە، فەرموو وەڵامی بدەرەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز مامۆستا تاهیر فەرمووی فەقەڕەیەك نەماوە، ئەوەی کە (للمتهم ممارسة حق السكوت)، تەبعەن پاشی مومارەسەیەکی زۆر لەگەڵ قازیەکان، تەبعەن ئەوە لە مەملەکەتی ئێمە ئەوە ئیمکان نییە، چونکە لە جێگایەکانی تر وەسائیلی تر هەیە، کە تاوانبار قسە بکات زۆر وەسائیلی تر هەیە، بەڵام ئەم وەسائیلانە لە لای ئێمە نینە، مومکینە کابرایەکەی باقر ئەلحیکمی تەڤاندیتەوە سێ ساڵ قسە ناکات، ئەگەر تۆش ئەو حەقەی بدەیتێ هەر قسە نەکات، مانای ئەوەیە دانیشتووە قسە نەکات، لەوانەیە ئینتیزاری زرووف بکات، لەوانەیە لە ماوەی ئەو زرووفە ئیستیفادە بکات، لەبەر ئەوەی ئەوە عەمەلی نەبوو لەلای ئێمە، لەبەر ئەوە ئەو فەقەڕەمان لابرد

ئەساسەن، کە بۆ سوکوت بکات، با قسە بکات و قسەی خۆی چی هەیە بیکات و، موحامی بگرێت و چ دەکات با بیکات، بەس بێ دەنگ نەبێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی سێ دەخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی سێ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی چوارەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة الرابعة:

يوقف العمل بالمادة (١٣٦).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حسين جەنبەلی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ماددەی چوارەم (يوقف العمل بالمادة ١٣٦)، بەڵام تەوزیحێك یان روون کردنەوەیەك بۆ ئەو ماددەیە بکرێت باشە، یەعنی بزانین چیە ئەمە؟ نازانین ماددەی (١٣٦) چیە؟ تەوزیحێك هەبێت باشە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە تەوزیحێکی بدەنێ.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت ماددەکەی بۆ بخوێنمەوە، ماددەی (١٣٦) زۆرە دوو لاپەڕەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی کاک سەعید ئیشارەتی پێدا ماوەیەکە ئەو مەشروعە تەقدیم کراوە، دوایێ پێویست بوو، ئەو ئەندامانە خۆیان موراجەعەت بکەن و، قانونی عوقوبات لە مەکتەبەش هەیە، جگە لە جێگای تر، یەعنی لە مەکتەبە پەرلەمان هەیە، جگە لەوەی ئەو ماددەیە خۆی دەڵێت ناتوانین موتەهەمی ئیحالە بکەین، ئیلا بە موافەقەتی وەزارەتی عەدل نەبێت، کە دەڵێت ئەو جەرائیمانەی (ماسة بأمن الدولة الداخلي والخارجي)، ئێمە خۆمان ماددەکانمان راگرتووە، کە ماددەکانمان راگرتووە، پێویست بەو ماددەیە نییە، ئەسڵەن چونکە ئەو دوو جیهەتە هەردوو جیهەتەکە ماددەکەیان راگرتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاکەڕەش نەقشبەندی، ماددەی چوار دەخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوارەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە

بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی چوار بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی پێنج بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة الخامسة: يوقف العمل بالمادة (١٤٤) ويحل محلها في إقليم كوردستان مايلي:

(عند انتداب محامي للمتهم تحدد المحكمة أتعاب المحامي عند الفصل في الدعوى تتحملها خزينة إقليم ويعتبر قرار الندب بحكم الوكالة وإذا أبدى المحامي عذراً مشروعاً لعدم قبوله التوكل فعلى المحكمة أن تندب محامياً غيره).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر (قرار الندب) چییە؟ جەنابت موتابەعەی ئەو ماددەیەت کرد، (قرار الندب) یەعنی چی؟ یەعنی ندبەکە راستە (انتداب)ە، بیکەنە (انتداب) راستترە.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (١٩٥) هەقە وەکو ماددە (١٥٦) بەدیلی بۆ دابنرێت، دوچکەکەی (ذیل) بقرتێنرێت دەکرێت بکرێتە بەدیل، ئەو ماددە دەڵێت:

(يعاقب بالسجن المؤبد من استهدف اثارة حرب أهلية أو اقتتال طائفي، وذلك بتسليح المواطنين أو بحملهم على التسلح بعضهم ضد البعض الاخر، أو الحث على القتال).

تا ئێرە واباشترە بکرێتە بەدیل بۆ خودی ماددەکە ناکرێت ئیقاف بکرێت، هەروەها داوینی ماددە (٢٠٠) کە دەڵێت:

( أو روج مايثير النعرات المذهبية أو الطائفية أو حرض على النزاع بين الطوائف والأجناس أو أثار شعور الكراهية والبغضاء بين سكان العراق).

ئەمە بەبێ بەدیل چۆن دەکرێت ئیقاف بکرێت؟

ماددە (٢٠١) بەلای منەوە دراسەیەکی باشی دەوێت، ناکرێت عەفەوی لە ڕێزی ئەو ماددانەدا ئیقاف بکرێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی پێنج دەخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنجەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی پێنج بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی شەشەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة السادسة:

يوقف العمل بالفقرة (ب) من المادة (١٦٨) ويحل محلها في إقليم كوردستان مايلي:

(يؤدي الشاهد شهادته شفاهاً ولا يجوز مقاطعته أثناء أدائها وإذا تعذر عليه الكلام فتأذن له المحكمة بكتابة شهادته وللمحكمة أن توجه إليه بعد الفراغ من شهادته ما تراه من الأسئلة لازماً لإظهار

الحقيقة ويجوز للادعاء العام والمشتكي والمدعي المدني والمسؤول مدنياً والمتهم مناقشة الشاهد وتوجيه الأسئلة والأستيضاحات اللازمة لإظهار الحقيقة).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، نییە، ماددەی شەش دەخەینە دەنگدان، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی شەشەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی شەش بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی حەوتەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة السابعة:

يوقف العمل بالفقرة (أ) من المادة (١٨٤) ويحل محلها في إقليم كوردستان مايلي:

( لقاضي التحقيق وللمحكمة بناءاً على طلب الإدعاء العام أو الجهة الإدارية المختصة وضع الحجز الاحتياطي على أموال المتهم إذا كان الفعل المسند إليه يشكل جريمة واقعة على حقوق أو أموال الدولة وما هو في حكمهما قانوناً بما في ذلك الأموال المعتبرة من الأموال العامة أو المخصصة لأغراض النفع العام ولا يحول ذلك دون وضع الحجز من قبل السلطة القضائية المختصة مباشرة عند الاقتضاء ولو لم يقدم إليها طلب بذلك).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە ئیلزام گۆڕاوە بە جەواز لە ئەسڵی فەقەڕەكە، ئەو پارچەی كە لێی تەرك كراوە، ئەوەی كە تەرك كراوە (يشكل أحد الجرائم الماسة بأمن الدولة الخارجي والداخلي)، من پێم وایە لێرە ئەو تەركە بگۆڕێت بە مە (يشكل جريمة ماسة بأمن الإقليم الخارجي والداخلي)، یەعنی شەرت نییە فڕێ بدرێت بەتەواوی، ئەو پارچەی كە لێی تەرك كراوە، ئەو پارچەی كە لە پاش (إذا كان الفعل المسند إليه يشكل جريمة واقعة على حقوق)، ئا لێرە پارچەیەكی لێ تەرك كراوە، ئەوەی تەركەكەش ئەوەیە (يشكل أحد الجرائم الماسة بأمن الدولة الخارجي والداخلي)، جا من پێم وایە دوایی ئەمە بوترێت (يشكل جريمة ماسة بأمن الإقليم الخارجي والداخلي)، حەقە ئەوەی تر نەكرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددانەی كە مەساسیان هەیە بە ئەمنی دەولەی داخیلی و خارجی هەموویان ئیقاف كراوە، دەبێت لێرەش ئیقاف بكرێن، هەر بۆیەش ئەو ماددەیە بەو شیكلەی هاتووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی حەوت پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی حەوتەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی هەشتەم.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة الثامنة:

يوقف العمل بالفقرة (أ) من المادة (١٩٩) ويحل محلها في إقليم كوردستان مايلي:

(لرئيس الادعاء العام أن يطلب إلى محكمة التمييز وقف إجراءات التحقيق أو المحاكمة مؤقتاً أو نهائياً في أية حالة كانت عليها الدعوى حتى صدور القرار فيها إذا وجد سبب يبرر ذلك).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە خۆمان تێبینیەكمان هەیە، ئەو نیهائیەمان بۆ شەرح بكەن، ئەوە رەئی هەر سێ كوتلەكەشە، من تەسەور دەكەم (مؤقتا) بەبێ تەحدیدی مودە كافییە، تا ڕێگا دەداتەوە محكەمەكە بكرێت، مەفروزە محكەمە فەتح نەكرێت.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی مادده (١٩٩) دەڵێت (أ- لرئيس الادعاء العام بناءاً على إذن من وزير العدل أن يطلب إلى محكمة التمييز وقف إجراءات التحقيق أو المحاكمة مؤقتاً أو نهائياً في أية حالة كانت عليها الدعوى حتى صدور القرار فيها إذا وجد سبب يبرر ذلك)، لەڕاستیدا مادده (١٩٩) فەقەڕە (أ) دەڵێت (لرئيس الادعاء العام بناءاً على طلب من وزير العدل) لە تەعدیلەكە دەڵێت (لرئيس الادعاء العام أن يطلب إلى محكمة التمييز وقف إجراءات التحقيق أو المحاكمة)، یەعنی تەعدیلەكە دەڵێت تەڵەب و موافەقەتی وەزیری پێویست ناكات، فەرقەكە ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر محكەمە نیهائیەن ڕاوەستێندرا، قەرارەكە چۆن صادر دەكرێت، خۆی دەڵێت (حتى صدور القرار)، كاك یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف كنا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە برادەرانی قانونی لە ئێمە باشتر دەزانن، كە ڕژێمی سابق دەمجی سوڵتاتی قەزائی و تەنفیزی لێرەدا هاتووە، وەزیری عەدل لە ژێر سوڵتەی رەئیس وزەرا دابوو، هەر كەسێك یان كە موجریمێكی سەددام دەیانویست بۆ نموونە ئەو مولاحەقەتانە وەقف بكەن، كە وەزیری عەدل ئەو رەئی دەدا تەواو بڕایەوە، جا ئەو تەداخولە ئێستا دەبێت لە زەمانی ئێمە نەمێنێت نەماوە لە ئەسڵدا، وەزیری عەدلان هەڵگرت رەئیسی ئیدیعائی عام، بەڵام رەئیسی ئیدیعائی عامیش دەكرێت، رۆژێك خوا نەخواستە لە ژێر سوڵتەیەكی سیاسی یان تەنفیزی بكەوێت، ئەو بڕیارە

بدات كه به ڕەئی من صەغرەیەكە زۆر خەلەلە، هەر ئەو ئیشە نەمێنێت باشترە و (مؤقتا)ش تەحدید بكرێت، (لمدة ستة أشهر) یان (لمدة) شتێك ئەوها، چونكە مومكینە هەندێ ئەدیلە و مەعلومات بێت، ئەو دیموكراسیاتی موحاكەمات فریا نەكەون محكەمەی تەمییز ئاخیر حوكمە، سێیەمین محكەمەیە فریا نەكەون، لەبەر ئەوە ڕەئیسی ئیدیعای عام بۆی هەبێت بڵێت بوەستن بۆ ماوەی یەك مانگ یان دوو مانگ، موحدەد بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاكەڕەش نەقشبەندی.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیدیعای عام داوا لە محكەمەی تەمییز دەكات، دەڵێت ئیجرائاتی محكەمەی موەقەتەن یان نیهائی، لێرە دەڵێت (حتى صدور القرار فيها)، یەعنی (حتى صدور القرار في طلب الادعاء العام)، نەك لە ئەسڵی قەزییەكەی، بەڵكو ڕەفزی دەكات محكەمەی تەمییز قەراری داوە موبەرری نییە، كە ئەو داوای ئیقرار دەكات، ئینجا دوو ئیحتیمال هەیە، محكەمەی تەمییز داوای دەكات هەر بە یەك جاری تەواو بكات و نەمینێت، یەعنی (صدور القرار على طلب الادعاء العام)، نەك لەسەر قەزییەكە، لە قەزییەكە دەرناچێت، ئەوجا ئەوەی لە محكەمەی تەمییز كردوویەتی دەڵێت ئەوە ڕاگیرێت، محكەمەی تەمییز دیراسەی تەڵەبەكە دەكات، ئەگەر تەڵەبەكە لە جێی خۆی بوو، ئەوە دەیكات، ئەگەرنا ڕەفزی دەكات، ئیجرائاتەكە دەكرێت.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی حەسمی دەعاوی لە قانونی عێراقی هەر دەعوایەك سەقفی زەمەنی بۆ دانراوە، شەش مانگ، یان سێ مانگ، یان مانگێك، دەبێت لە خیلالی ئەو فەترەیەی دەعاوی حەسم بكرێن، ئەو مەوزوعە عیلاقەی بەوەوە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەعید دەقیقەیەك، خۆی ئێمە ئیشكالەكەمان لەوە دابوو، دیارە تۆزێ (سوء الفهم)ێك لە صیاغەكەدا هەیە، ئیدیعای عام تەمسیلی هەیئەی تەنفیزی دەكات، محكەمە حاكم تەمسیلی هەیئەی قەزائی دەكات، سوڵتەی قەزائی دەبێت ئازاد بێت لە هەیئەی تەنفیزی، هەیئەی تەنفیزی ناتوانێت پێی بڵێت ئەوە ڕابگرە، ئەوە ڕامەگرە، هەم تەڵەب تەقدیم دەكات، حاكمەكە خۆی قەرار دەدات تەڵەبەكە بكات یان نەیكات، دەبێت ئەوە وازیح بكرێت، لەبەر ئەوە واریدە (حتى صدور القرار) بنووسن، بۆ ئەوەی وازیح بێت، فەرموو كاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا تەقریبەن شتێكی لێ هەڵكرا، یەعنی گۆڕانێك كرا، بەڵام جەنابتان بەتایبەتی ئەوانەی كە لە دەرەوە بوون، دەزانن شتێك هەیە لەوێ ئەوەی كە نەخۆشێك هەیە هیچ عیلاجی نییە، زۆر

ئازاری هەیە، یەعنی هەموو پزیشکی دنیا قەراری داوە کە ئەوە ئیتر عیلاجی نییە، ئازارێکی زۆریشی هەیە، بەلاَم لەگەلّ ئەوەش کەس ئیجازەی نییە، یارمەتی بدات بۆ ئەوەی زوو بمرێت، نەوەك ئیستیغلال بکرێت و سوئی ئیستیفادەی لیّ بکرێت لە موقابیلی خەلّکی تری مونافیس، لێرە ئەو خەلەلە هەیە مەجالی ئەوە دەدات کە سوئی ئیستیفادەی لیّ بکرێت، هەتا لە نیزامی ئێمەش، یەکێکی موجریم بە شتێك هەلّساوە، بەلاّم لەبەر ئەوەی پشتیوانییەکی هەیە، یان واستەیەکی بەقووەتی هەیە، رەنگە ئەو نیهائیانە سوئی ئیستیفادەی لیّ بکرێت، بۆ ئەوەیە ئەسلّەن دەعوایەکەی لەسەر نەمێنێت، ئەوە ئەسلّی مەوزوعەکەیە، بەلاّم ئەو فەقەرەیەی کە جەنابت باست کرد هەتا ئیفرادی کرد، ئەو کاتە بێت، یەعنی ئەو کاتە تەنفیز دەبێت موەقەتەنیش ئەگەر موافەقەی محکەمەی هات، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەزانی چیە کاك سەعدی لە حەقیقەتدا، ئیدیعای عام دەگاتە قەناعەت ئەو محکەمەیە بەپێی ئەدیلە و بەپێی شتێك دەگاتە قەناعەت، کە ئەو محکەمەیە ئیتر پێویست ناکات محکەمە بکات و، وادەزانی ئیسقاتی دەعوا دەکات، دەلّێت محکەمەکە رابگرن، لەبەر ئەم هۆیە ئەم هۆیە نیهائیەن، یان هەندێ شتمان وازیح نییە، مومکینە قەرارەکەمان غەلّەت دەربچێت، تەئجیلی بکەن ماوەیەك، بیزەبت ئەوەیە جا تەعبیرەکەی باش نەهاتووە، فەرموو کاك شێروان.

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من نصەکە زۆر لە جێگای خۆی هاتووەو، ئەو قەرارەی کە مەقصودە قەراری محکەمەی تەمییزە، قەراری رەئیسی ئیدیعای عام نییە، چونکە ئیدیعای عام حەقی هەیە هەتا پاشی قەراریش تەعن لە قەراراتی محکەمەی تەمییز بداتن ئەوە یەك، دوو، مەسەلە لێرە وەزیری عەدل لە مەسەلەکە دەربهێنن، هەروەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا سولّتەی تەنفیزییە عیلاقەی بە سولّتەی قەزائیەوە نییە، چەسپاندنی ئیستقلالیەتی قەزایە، ئەو دوو خالّەیە بە رەئی من، لەگەلّ رێزماندا، نەخێر (صدور القرار) بەنیسبەت محکەمەی تەمییزە حەز دەکەم ئەوەی بزانن

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەرێز احمد شریف علی:**

المادة الثامنة:

يوقف العمل بالفقرة (أ) من المادة (١٩٩) ويحل محلها في إقليم كوردستان مايلي:

(لرئيس الادعاء العام أن يطلب إلى محكمة التمييز وقف إجراءات التحقيق أو المحاكمة مؤقتاً أو نهائياً في أية حالة كانت عليها الدعوى حتى صدور القرار في طلب إذا وجد سبب يبرر ذلك).

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەرێزانە دەکەم کە ماددەی هەشت پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەرێزانەی پەسندی ناکەن

دەستيان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئاشووريەك و كوردێك پەسندى ناكات، ماددەى هەشتەم بەزۆرينەى دەنگ وەرگيرا، تكايە ماددەى نۆيەم.

**بەڕێز احمد شريف على:**

المادە التاسعە:

يوقف العمل بالمادة (٢١٨) ويحل محلها في إقليم كوردستان مايلي:

(يشترط في الإقرار أن لا يكون قد صدر نتيجة إكراه).

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

تێبينى هەيە لەسەر ئەو ماددەيە، نييە كەواتە ماددەكە دەخەينە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەى نۆ پەسند دەكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەى پەسندى ناكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەى نۆيەم بەگشتى دەنگ وەرگيرا، تكايە ماددەى دەيەم.

**بەڕێز احمد شريف على:**

المادة العاشرة:

يوقف العمل بالمواد (٢٢١ و ٣٠٦) والفقرة (ب) من المادة (٣٧١).

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

تێبينى هەيە لەسەر ئەو ماددەيە، تێبينى نييە، ماددەكە دەخەينە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەى دە پەسند دەكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەى پەسندى ناكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەى دەيەم بەگشتى دەنگ وەرگيرا، تكايە ماددەى يانزدەهەم.

**بەڕێز احمد شريف على:**

المادة الحادية عشرة:

يوقف العمل في إقليم كوردستان بمواد الباب الثاني والتي تبدأ بالمادة (٢٨٥) وتنتهي بالمادة (٢٩٣).

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

تێبينى هەيە لەسەر ئەو ماددەيە، تێبينى نييە، ماددەكە دەخەينە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەى يانزدە پەسند دەكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەى پەسندى ناكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەى يانزدەهەم بەگشتى دەنگ وەرگيرا، تكايە ماددەى دوانزدەهەم.

**بەڕێز احمد شريف على:**

المادة الثانية عشرة:

يوقف العمل بالمادة (٣٢٠) ويحل محلها في إقليم كوردستان مايلي:

(يقوم الحاكم في اليوم المعين بالتحقيق في صحة البلاغ وسماع دفاع شخص المبلغ عنه، وعند إتمام التحقيق يصدر قراراً برد الطلب إذا لم يتأيد له ما يبرر اتخاذ إجراءات لحفظ السلام أو يقرر قبوله ويكلف الشخص المذكور لتقديم تعهد مقرون بكفالة كفيل أو أكثر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، تێبینی نییە، ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دوانزدەمین پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی دوانزدەهەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی سیانزدەهەم.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة الثالثة عشرة:

يوقف العمل بالمادة (٣٢٤) ويحل محلها في إقليم كوردستان مايلي:

(يقوم الحاكم في اليوم المعين بالتحقيق في صحة البلاغ وسماع دفاع الشخص المبلغ عنه، وعند إتمام التحقيق يصدر قراراً برد الطلب إذا لم يتأيد له ما يبرر اتخاذ إجراءات ضد الشخص المبلغ عنه أو يقرر قبوله ويكلف الشخص المذكور بتقديم تعهد مقترن بكفالة أو كفيل أو أكثر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، تێبینی نییە، ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سیانزدەهەمین پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی سیانزدەهەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی چواردەهەم.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة الرابعة عشرة:

يوقف العمل بالفقرة (ب) من المادة (٣٧١).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، تێبینی نییە، ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چواردەهەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی چواردەهەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی پانزدەهەمین.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة الخامسة عشرة:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پانزدەهەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی پانزدەهەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی شانزدەهەم.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة السادسة عشرة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی شانزدە پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی شانزدەهەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی حەڤدەهەمین.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة السابعة عشرة:

ینفذ هذا القانون اعتبارا من تأریخ صدوره وینشر في جریدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی حەڤدەهەمین پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی حەڤدە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، هەموو پرۆژەكە دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە هەموو پرۆژەی یاسایەكە پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، هەموو پرۆژەی یاسایەكە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.

خاڵی پێنجەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان:

یەكەم خوێندنەوەی پرۆژەی تایبەت بە خەرج كردنی مووچە و دەرماڵەیە لە ماوەی مۆڵەتی دایكایەتی و منداڵ بوون، تكایە پرۆژەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان

بابەت/ پرۆژە.

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بە پێی حوكمەكانی ماددە( ٥٣) لەیاسای ژمارە یەك ساڵی ١٩٩٢ و بڕگە یەك لە ماددە (٧١)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی ساڵی ١٩٩٢ هەموار كراو، هاوپێچ پرۆژەی یاسای هەموار كردنی یاسای سزای عێراقی ژمارە (١١١)، بەداخەوە ئەمە هەو نییە.

بسم الله الرحمن الرحیم

باسم الشعب

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

رقم القرار:

تاریخ القرار:

قرار

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاریخ / /٢٠٠٣ إصدار القرار الآتي:

اولاً:

يصرف الراتب و المخصصات كاملة للمرأة المتمتعة باجازة الولادة او الامومة طيلة فترة تمتعها بالاجازة.

**ثانياً:** لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**ثالثاً:** على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**رابعاً:**

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان پرۆژەكە بۆ جاری یەكەم خوێندرایەوە لە ئەنجومەندا و ئاراستەی لیژنەكانی دارایی و تەندروستی و كۆمەڵایەتی و ئافرەتانی دەكەین، لیژنەی ئافرەتان، هەر لیژنەیەكیش ئەگەر تێبینی هەبێ ئەوە دەتوانێ رای خۆی دەربڕێ، ئەگەر بە پێویستی دەزانێ، زۆر سوپاس، هەر ئێستا خەبەرێكی ناخۆشمان پێگەیشت ئەندامی ئەنجومەنی حوكم عەقیلە هاشمی ئەمری خوای كردووە، بەو بۆنەیەوە تكا دەكەم دەقیقەیەك راوەستان لەگەڵ خوێندنەوەی فاتحە لەسەر گیانی، زۆر سوپاس فەرموون. بەڕێزان لێرەدا كۆتایی دێت بە دانیشتنەكەی ئەمڕۆمان سوپاسی هەموو لایەكتان دەكەین بۆ تەحەمولی گەرما و بۆ هاوكاری و بەشداریتان لە موناقەشەكاندا، بۆ كۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **كاكەرەش محمد نقشبندی** | **د.كمال عبدالكریم فؤاد** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سكرتێری كاتی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستانی عێراق** | **كوردستانی عێراق** | **كوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٤)**

**شەممە رێکەوتی ٤/ ١٠/ ٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٤)

## شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/٤

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادە بوونی بەڕێز د. کمال فؤاد عبدالکریم جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و، بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی سکرتێری کاتی ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٣٤)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣٤)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێری (١١)ی پێش نیوەڕۆژی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/٤ دا بەم شێوەیە بێت:

٦- وتاری دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

٧- وتاری میوانە بەڕێزەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٣٤)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین.

میوانە بەڕێزەکان، بەڕێزان خوشك و برایان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

ڕێزداران ڕێگام بدەن بەناوی سەرۆکایەتی و بەناوی گشت ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان گەرمترین سڵاوتان ئاراستە بکەم، ماندووبوونتان بۆ بەشداری کردنمان لەم بیرەوەریە جێگای ڕێزو سوپاسمانە.

بەڕێزان.

ئەمڕۆ یازدەهەمین ساڵڕۆژی بڕیاری مێژوویی فیدراڵیزمە کە لە ١٩٩٢\١٠\٤دا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەگشتی دەنگ وەرگیرا و، بووە دروشمی سەرەکی گشت پارت و

ڕێکخراوە کوردستانییەکان و ئامانج و مەبەستی گەلی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ڕەوای کێشەکەی لە قۆناغی ئەمڕۆماندا.

بەڕێزان.

بڕیاری ٤\١٠\١٩٩٢ لاپەڕەیەکی نوێی کردەوە لەخەباتی گەلەکەمانداو پلەیەکی بالآتری سەرخست، هەروەها هاندەریش بوو بۆ گەلآڵەکردنی چارەسەرێکی دیموکراسی دەستووریی نوێ بۆ کێشەکانی گەلی عێراق.

پەرلەمانی کوردستان یەکگرتنی ئارەزوومەندانە بەتاقە چارەسەری ڕەواو تاقە ڕێگای دیموکراتیانە تێدەگا، کە لە چوارچێوەی ئەو جۆرە یەکگرتنەوەیەدا گەلی کوردستان بە ئازادی و نەك تەنها لە هەرێمی ئەمڕۆماندا بەڵکو لە گشت کوردستان عێراقدا پەرلەمانی خۆی هەڵبژێرێت و حکومەتی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێت، دەسەڵاتەکانی دیارو ئاشکرا و پارێزراو بن و، لە هەمان کاتیشدا لە حکومەتی مەرکەزی وبڕیاری مەرکەزیدا ڕۆڵی دیارو بەرچاوی خۆی هەبێت وەك شەریك و هاوبەش نەوەك بن دەست، گەلەکەمان جارێکی تر دووچاری شەڕو کوشتن و ئەنفال و کیمیا باران و پاکتاوی ڕەگەزی نەبێتەوە، جارێکی تر نەخرێتەوە ژێرباری ئەنجامی بڕیاری چارەنووسسازی ئامادەکراو، بەڵکو بەشدار بێت نەك تەنها لەو بڕیارانەی کە چارەنووسی گەلی کوردستان دەپێکێ، بەڵکو ئەوانەش کە گشت گەلی عێراق دەگرنەوە.

بەڕێزان.

چارەسەرێکی ڕەواو دیموکراتیانەی ئەوها ئیمڕۆ تەنها لە ڕێگای دەستورێکی نوێ دێتە دی، دەستورێکی عێراقی کە بە گیانێکی دیموکراتیانەی هاودەم و لەسەر بنەمای ڕێککەوتن(توافق) و چارەسەرکردنی بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی عێراق پێکهاتبێ.

بەڕێزان.

هەر لەم ڕۆژە پیرۆزەدا پارساڵ لە ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردستانیدا فراکسیۆنەکانی پەرلەمان پاش لێپچڕانێکی نەخوازراو پێکەوە کۆ بوونەوە، بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان هەنگاوێکی گرنگی بەرەو چەسپاندن هاوێشت، ئەوەتا ئیمڕۆ دەبینین سەرکردایەتی گەلی کوردستان بەیەك بڕیارو بەیەك بۆ چوونی هاوبەشەوە لە گشت مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بەرەنگاری ئەم بارودۆخە تازەیەی عێراقی پاش ڕزگاربوون و پاش ڕماندنی ڕژێمی بەعسی خوێنڕێژ بوونەتەوەو، هەنگاوی بەرچاوی ناوە لە ڕووی یاسا و ئاسایش وئاوەدانکردنەوەو بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگای کوردستانی، کە جێی پێخۆشحاڵی و شانازییە، بەڵام ئەم ڕاستی و سەرکەوتنانە نابێت ئەو ڕاستی و پێویستیانەشمان لە بیر بەنەوە، کە ئێمڕۆ بە ئیلحاحەوە چاوەڕێی چارەسەرو ار تێ کردنن، بەتایبەتی یەکخستنەوەی ئیدارەی کوردستان لەسەر بنەمای شەرعیەت و بەرژەوەندی هەرە باڵای گەلەکەمان و هەنگاونان بە جدیەتەوە بەرەو تازەکردنەوەی شەرعیەت وچەسپاندن لە ڕێگای پەنابردنە بەر جەماوەری گەلەکەمان و هەڵبژاردنێکی نوێ و ئازادەوە، ئەم دوو هەنگاوە ئەرکی سەرشانی هەموو پارت و نیشتمان پەروەرێکی کوردستانییە.

بەڕێزان.

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بە سوپاس و پێزانینمان بکەین بۆ ڕۆڵی مێژوویی و لەبیرنەچووی هێزی هاوپەیمانان بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لە رزگارکردنی عێراق و، ڕێزی تایبەتیمان بۆ ئەو قوربانیانەی کە لەم ڕێگایەدا و لەرێگای چەسپاندنی دیموکراتیەت دایان و رۆژانە دەیدەن.

بەڕێزان.

وێرای پیرۆزبایی گەرم و چەپکە گوڵی ڕێزو شانازیمان بەم دوو بۆنە پیرۆزەوە سەری ڕێزو نەوازشمان لە ئاستی گەوەریی شەهیدان و پێشمەرگە قارمانەکانی کوردستان و گشت پارتە دیموکراتی و ئازادی خوازەکانی گەلەکەمان نەوی دەکەین، دووبارە بەخێرهاتنی گشت میوانە بەڕێزەکان دەکەین و سوپاس و ڕێزیان ئاراستە دەکەین.

بەڕێزان.

زۆر بەرگەرمییەوە بە خێرهاتنی بەڕێز د. محسن عبدالحمید ئەمینداری گشتی حزبی ئیسلامی عیراقی و، ئەندامی مەجلیسی حوکم دەکەین، کە ئیمرۆ لەم هۆڵەدا ئامادەیەو میوانمانە و بەخێرهاتنی دەکەین، تکای لێدەکەین بفەرمووێت و وتارێکمان پێشکەش بکات.

**بەڕێز د. محسن عبدالحمید (ئەمینداری گشتی حزبی ئیسلامی عیراق):**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على خاتم الانبياء والمرسلين وعلى اله وصحبه، والتابعين له بالاحسان الى يوم الدين. أما بعد أوحيي هذا الجمع الكبير الكريم الذي يمثل شعبنا الكوردي الذي لاقى ما لاقى في الخمسين سنة الماضية من الويلات و الكوارث، نضاله وجهاده اوصله وسيوصله بأذن الله الى رفع كل المظالم التي لحقت بالكبار والصغار وبالرجال والنساء الذين سحقوا تحت عجلة الطغيان ولا سيما في اثناء حكم حزب البعث المقبور الفاشي النازي، الذي ارتكب اعظم الجرائم البشرية والانسانية بالنسبة للشعب العراقي عامة والشعب الكوردي خاصة، فأنا اتشرف اليوم ان اقف امامكم وان اتحدث واهنئكم بإسم الحزب الاسلامي العراقي، اهنئكم بمرور احد عشر عاما على انشاء هذا البرلمان الذي كانت مقدمة صحيحة لكي يتبوأ هذا الشعب الكوردي العريق في تأريخ الاسلام وقبل تأريخ الاسلام، ان يبتوأ مكانته و يحصل على حقوقه القومية والثقافية في ظل حكم ديمقراطي تداولي فيدرالي يحترم الهوية الاسلامية لجيمع اطراف هذا الشعب المسلم الكريم، وكذلك باعتباري عضواً في مجلس الحكم استطيع ان أستأذن من زملائي الذين اعرف آراءهم في موضوع مظلومية الشعب الكوردي، ايضا بإسمهم اهنئكم على هذا اليوم الذي نرجو ان يتطور نهائيا في الدستور الجديد الى اثبات المواد النهائية التي تقر بالحقوق القومية والثقافية لهذا الشعب الكوردي الكريم، ونحن في أول بيان لنا عندما رفعنا راية الحزب الاسلامي العراقي الذي عاش في السراديب اكثر من اربعين عاماً، وقدم من شبابه كباقي الاحزاب الشهداء تلو الشهداء، اقول بعد ان رفعنا راية الحزب الاسلامي كان من نقاطه الاساسية الاعتراف بالحقوق القومية والثقافية لجميع القوميات والاديان للشعب العراقي من اجل ان يعيش موحداً كريما متآخياً، يستطيع العراقي ان يتجول من اقصى الجنوب والى اقصى جبال كوردستان، لقد تخلصنا من ذلك الحكم الفاشي المجرم الفاشي الذي حوّل كوردستان وغير كوردستان الى بقع واسعة من الدماء، وكنت في السنوات الماضية اختلس الايام

واتي واتجول بين جبال كوردستان وارى القصور الشامخة وأرى القرى المهدومة بالمئات وارى حتى الاشجار الالوف المقطعة في كوردستان وكان قلبي يتقطر الدما، اية كارثة اوجدها هذا المجرم واية كارثة اوجدها هذا الطاغية في كوردستان وفي غير كوردستان من سحق كرامة الانسان، ومن نشر القبور الجماعية هنا وهناك، وكنت احب ان اقف امامكم، وأنا الكوردي ان اكلمكم باللغة الكوردية،اولاً ولكنني مع الاسف الشديد اتقن الكوردية في الكلام ولكنني لا اتقنها في التعبير، عن مكنونات قلبي، (لەبەر ئەوە لێم ببورن، برا لێم ببورن، ئێمە لەگەڵ ئەم گەلە عەریقەین، هەر لەبەر ئەوەش بە کوردی قسە ناکەم، چونکە نیوەی قسەکەم بە عەرەبی دەردەچێت، پیرۆزباییتان لێدەکەین بەناوی حزبمان و بەناوی هەموو ئەو پارتییانەی کە لە ناو مەجلیسی حوکمن، دڵمان هەموو لەگەڵتانە لەگەڵ ئەو گەلە گەورەیە و، ئەو گەلە موجاهیدە لە تاریخا، لەبەر ئەوە نامەوێت وەختی زۆرتان لێ وەربگرم، موتمەئین بن لەسەر ئەوەی کەوا عەرەب و کورد و، هەموو قەومیات و شعوبی عێراق لەگەڵ گەلی کوردن و لەگەڵ ئامانجی گەلی کوردن، ئینشا الله هەموو عێراقییەکان و، هەموو گەلی کورد ئەگەینە ئامانجمان لە ژێر حوکمی دیموکراتی و تەداولی وفیدرالیدا، ئینشا الله و، زۆر زۆر شانازی دەکەم کەوا لە بەرامبەرتانا نەختێك بە کوردی قسە بکەم، تا بزانن کە ئێمە الحمدلله کوردین لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانین و، لەبەر ئەوەی حزب ئیسلامی لە مونتەڵەقی ئیسلامییتیەوە مانعیان نەبوو کە یەکێکی وەك من بە ئەمینداری گشتی حزبەکەیان هەڵبژێرن).

أرجع الى العربية واقول هنيئا لكم على هذا اليوم الخالد المشهود الذي نرجو أن يتطور ويتطور اكثر فتتحقق وحدة الشعب العراقي كاملة غير منقوصة، وتذهب تلك الايام والفواجع التي جابهناها جيمعاً، شكراً لكم وارجو من تقصير من الكلام واخيرُ دعوانا الحمد لله رب العالمين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان بەناوی ئێوەو بەخێرهاتنی گەرمی هەڤاڵی تێکۆشەر بەڕێز حمید مجید ابو داود(سکرتێری گشتی حزبی شیوعی عێراقی ئەندامی ئەنجومەنی حوکم)دەکەم، تکای لێدەکەم وتارەکەی پێشکەش بکات.

**بەڕێز حمید مجید ابو داود (سکرتێری گشتی حزبی شیوعی عێراقی ئەندامی ئەنجومەنی حوکم):**

**الاخوات والاخوان الاعزاو**

**السيد الرئيس المجلس.**

يوم جميل أن نحتفل وفي ظروف جديدة بذكرى اقرار البرلمان الكوردستاني لاعلان الفيدرالية وان نسعى لتكريسها في الحياة السياسية العراقية، وان تجد لها المكان اللائق في صياغة الدستور الجديد، وفي المنظومة المؤسساتية للعراق الديمقراطي، وهذا الاحتفال مؤشر هام على ان أيام الارهاب و القمع الدكتاتوري الشوفني قد ولت الى غير رجعة، وان مرحلة تحويل الشعار المعبر عن تطلعات الشعب الكوردي في كوردستان العراق الى واقع فعلي، قد حلت، و نحن نحتفل في هذه المناسبة العزيزة والجريئة، لابدلنا من التأكيد الى ان هذا اليوم هو بالضبط يوم التجسيد و الصياغة الرسمية، لارادة الشعب الكوردي، ونضاله المجيد وتضحياته الكبيرة، والذي رأت اغلبية قواه واحزابه ومنظماته

وجماهيره بأن الفيدرالية هي الصيغة الانسب والاكثر ديموقراطية، والاوفر ضمانا لتلبية الحقوق القومية المشروعة في ظروفنا الراهنة، لاعادة تشكيل النظام السياسي الاداري للعراق الموحد، وان التعبير الملموس في المرحلة الحالية عن حق الشعب الكوردي في تقرير مصيره بنفسه، لقد اثبتت السنوات الماضية بأن الشعب الكوردي والقوة السياسية في كوردستان العراق، تعي وبعمق حقائق الوضع العراقي المعقد وتمسكت بنهج الواقعية السياسية، والشعور بالمسؤلية في تعاملها مع المتغيرات، وبذلك كانت مواقفها العملية افضل رد على تلك الابواق التي تثير الصخب والضجيج في خوف مزعوم على الوطن ووحدته ومخاطر تعرضه للتقسيم والتفتت، والفدرالية المعبرة عن قناعة الشعب ورضاه هي ليست معول تهديم بل هي وكما اثبتت تجارب الدنيا عامل تعزيز لوحدة البلد وحماية كيان الوطن الموحد، والوحدة القسرية التعسفية التي تؤسس على الارهاب والدماء كما حدث في الانفال وحلبجة وابادة الاف البارزانين الى اخره من حلقات المسلسل الدموي الرهيب هي وحدة هشة هزيلة. أن الوحدة الحقيقية الصلدة هي التي تعبر عن رغبة وارادة الشعب في العيش بحرية واحترام للخصوصيات القومية وعظم حقوق الانسان تلك هي الوحدة التي توفر الارضية الخصبة لازدهار العراق للسلم والتأخي لبناء العراق الديمقراطي التعددي الفيدرالي الموحد.

هينئا لجماهير شعبنا الكوردي ولقواه واحزابه ما تحقق من مكاسب وهنيئا لعموم شعبنا وبكل مكوناته السياسية القومية والدينية والمذهبية وهو يحث السير على طريق بناء الديمقراطية في عراق حر مستقل وذو سيادة كاملة وهو يعمل لبناء العراق الجديد، والسلام عليكم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ڕێگام پێبدەن بەناوی گشت ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، سوپاسی گەرم ئاراستەی هەردوو بەڕێزان(د. محسن عبدالحمید و هاوڕێ حمید مجید ابو داود) بكەم بۆ وتارە بەڕێزەكانیان، سوپاس، بەڕێزان، وتاری بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی لەلایەن هەڤاڵی تێكۆشەر بەڕێز كاك كۆسرەتەوە پێشكەش دەكرێت بابفەرمووێت.

**بەڕێز عبدالله رسول علی(كۆسرەت):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێزان سەرۆكایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.**

**میوانە بەڕێزەكان**

**ئامادەبووانی بەڕێز.**

بەناوی هەڤاڵی بەڕێزمان مام جەلال و مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەكەم و، بەبۆنەی ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی بڕیاری فیدڕاڵی لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە.

لە ڕێگای ئێوەشەوە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵكی كوردستان دەكەین، ئەم بڕیارە مێژووییەی پەرلەمانی كودرستان هەنگاوێكی چاك و دروست بوو بۆ پێكەوە ژیانی هەموو نەتەوەكانی ناو عێراق.

هەر چەندە ماڤی فیدڕاڵی لە ئاستی هەموو ماندووبوون و قوربانی و خەباتی گەلی كورد دا نییە، بەڵام بیناكردنەوەی عێراقێكی نوێی دیموكراتی پەرلەمانی فیدڕاڵی ئەركی سەرشانی هەموو

نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزە لە عێراقدا، پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق و ئەنجومەنی حوکم و سەرۆکی ئیدارەی مەدەنی لە عێراق ڕێز لە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بگرن، چونکە تاکە دامەزراوی هەڵبژێردراوە لە کوردستان و لە عێراقدا.

دەبێ بڕیاردان لەسەر دەستووری عێراق بە ڕەزامەندی هەموو نەتەوەکانی بێ و لیژنەی دانانی دەستوور بە ڕێککەوتن بێ.

هەیئەتی دانانی دەستوور کارێکی ئاسان نییە، پێویستە هەیئەتێکی سیاسی قانونی شارەزا بە رازامەندی هەموو لایەك پرۆژە دەستوورێك بۆ عێراق دابنێن، پاشان رابگەیەنرێت و خەڵکی عێراق بە گشتی رەئی لەسەر بدات، ئێمە لە کاتێکدا یادی ساڵرۆژی راگەیاندنی ئەم بڕیارە دەکەینەوە دەبینین یادی ئەمساڵ جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ساڵەکانی تردا، ئەمساڵ هەموو عێراق لە رژێمی بەعسی پیاوکوژ رزگار بووە، ئەنجومەنی حوکم داندراوە، وەزارەتەکان وەزیریان بۆ دانراوە، باری ئابووری خەڵکی عێراق لە ساڵی پار باشترەو رۆژ بەرۆژ ژیان و گوزەرانی خەڵك باشتر دەبێت، دیارە هەندێك کێشەوکاری تیرۆریستی لە چەند شارێکی گەورە و بچووکی عێراقدا هەیە و کاری تیرۆریستیانە ئەنجام دەدرێ، ئەمەش رۆژ بەرۆژ کەمتر دەبێتەوە و باری ئاسایش چاکتر دەکرێت، بەلام پێویستە هەموومان لە دژی تیرۆریستان بوەستین و هاوکاری سوپای ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانان بکەین دژ بە پاشماوەکانی بەعس و رێکخراوە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە و ئەنساری نا ئیسلام، پێویستە هەموو لایەکمان سوپاسی حکومەتی ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانان بکەین، هەموو خەڵکی عێراقیان رزگار کرد لە زوڵم و زۆرداری رژێمی بەعس و، وەك سوپایەکی رزگارکەر تەماشایان بکەین. ئێمە لە کاتێکدا یادی راگەیاندنی بڕیاری فیدراڵی دەکەینەوە لە تەلاری پەرلەمانی کوردستاندا، هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕێی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە و هەڵبژاردنێکە بۆ پەرلەمانی کوردستان و زیاتر دابینکردنی دیموکراسی لە هەرێمدا و ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاواز و وتاری سیاسی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەك بێ بۆ دابین کردنی ماف گەلی کورد لە دەستووری عێراقدا.

رژێمی بەعس لە (٣٥) ساڵەی حوکمی لە عێراقدا زوڵمی زۆری لە هەموو خەڵکی عێراق کردووە، بەلام خەڵکی کوردستان بەشی زۆریان بەرکەوتووە لەم زوڵمەدا، بۆیە هەقی وایە ئەنجومەنی حوکم و حاکمی مەدەنی ئەمریکی لە عێراقدا بە چاوێکی تایبەتی تەماشای خەڵکی کوردستان بکەن، کە ئەو هەموو کارەساتەیان بەسەردا هاتووە. شارو شارۆچکە رزگار کراوەکانی کوردستان لە پرۆسەی رزگارکردنی عێراق بە کەرکووکیشەوە بخرێتەوە سەر ئیدارەی کوردستانی یەکگرتوو. هەروەها ئەو کوردانەی لە ساڵانی دەسەڵاتی بەعسدا بە زۆر لە خانەقین و کەرکووك و ژەنگار و هەموو شوێنەکانی تری کوردستان دەرکرابوون، حکومەتی مەرکەزی عێراق و ئیدارەی مەدەنی و ئەنجومەنی حوکم پێویستە هاوکاری و کارئاسانیان بۆ بکەن بۆ گەڕانەوەیان کە لە ئەنجامی سیاسەتی تەعریبکردن هاتبوونە کوردستان. دەبێ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی کورد لە هەموو ئەو شوێنانەی لە ئەسڵدا کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری تێدا بووە ڕێز لە هەموویان بگرن، برایەتی و تەبایی بەهێز بکەن، ئێمە وەك کورد زوڵممان زۆر لێکراوە، ئێش و ئازاری چەوسانەوە دەزانین چەند قورسە، بۆیە دەبێ ئەو پەڕی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان و

تەبایی دابین بکەین. هەروەها دەبێ خەڵکی کوردستانیش لە بیناکردنەوەی عێراقی دیموکراتی تەعەدودی پەرلەمانی دەوری کاریگەر ببینن و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش حیسابی تایبەتی بۆ بکرێ، کە مێژووی پڕ لە شانازییان هەیە لە جەنگی دژ بە ڕژێمی گۆڕبەگۆڕبووی بەعس و بەشدارییان لە پرۆسەی ڕزگاری عێراقدا، دەکرێ ببنە ناوکی سوپای عێراقی نیشتمانی و سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ لەناو بردنی تیرۆریستەکان و پاشماوەی ڕژێمی فاشی بەعس، ئێمە لەم بۆنەیەشدا ڕایدەگەیەنین کە هاتنی سوپای دەوڵەتەکانی دراوسێی عێراق بۆ ناو عێراق کێشەکانی ناوەوە زیاتر ئاڵۆز دەکات، بۆیە پێمان باش نییە هیچ سوپایەکی تری بێگانە بێتە ناو عێراقەوە، بەڵکو هاوکاری زیاتری پۆلیس و چەکداری سوپای نوێی عێراق و لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ سوپای ئەمریکا و بەریتانیاو هاوپەیمانان بکرێت بۆ چاککردنی وەزعی ئەمنی لە عێراقدا. لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ دەکەم و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. هەر بژین بۆ کورد و کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک کۆسرەت بۆ وتارە بەنرخەکەی، بەڕێزان وتاری بەڕێز کاک مسعود بارزانی لە لایەن بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانییەوە پێشکەش دەکرێت، با بفەرمووێ.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**میوانە بەڕێزەکان.**

بەیانیتان باش بەخێربێن.

بەر لە (١١) ساڵ پەرلەمان بە تێکڕای دەنگ بڕیاری لەسەر فیدراڵیزم داوە تاوەکو پەیوەندی هەرێمی کوردستان بەحکومەتی مەرکەزی عێراق لەسەر بناغەی یەکێتی ئارەزوومەندانەوەو دیموکراتی بێت ڕێگە چارەی فیدراڵیزم و مەسەلەی کورد ئەنجامی دەیان ساڵی تێکۆشانی تاقیکردنەوەی شەڕو ئاشتی و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی گشتی گەلی کوردستانە.

وەك دەزانن چارەسەر نەبوونی مەسەلەی کورد یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی عێراق هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەر لە نزیکەی (٨٠) ساڵ تاکو ئەمڕۆ. ساڵی (١٩٩٢) گەلی کوردستان بە ئارەزوو ڕەزامەندی خۆی ڕێگە چارەی فیدراڵیزمی پەسەند کردو گشت حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان پشتیوانیان لەم بڕیارە مێژووییە کرد تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش پشتگیریی لێکرا، ئەمەش لەو سەردەمەدا شێوەی ریفراندۆمێکی بەربلاو بوو بۆ چارەسەری کێشەی کورد.

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەر هەمان بنەما پایەو بناغەی دامەزراوەو ئیشوکارەکانی خۆی بەڕێوە بردووە، ناوەڕۆکی بڕیاری فیدراڵیزم لە چەند سەرچاوەوە هاتووە کە لە هەمان کاتدا یەکێتی عێراق و سەروەرییەکەی دەپارێزێ، لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگەیەکی عادیلانە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد دەست نیشان دەکات هەر لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە چارەسەری فیدراڵیانەی مەسەلەی کوردمان بە ئازادی و دیموکراتی لەگشت عێراق و بەنەهێشتنی دیکتاتۆریەتەوە

بەستووە، چونکە جەوهەری مەسەلەی کورد دیموکراتی و ئازادییە، بەبێ ئازاد بوونی گشت خەڵکی عێراق مسۆگەر نابێت نە مەسەلەی فیدراڵی و نە ئازادی گەلی کوردستان.
ئەمڕۆش نزیکەی شەش مانگ بەسەر رزگاری عێراق تێدەپەڕێ لە بارودۆخێکی یەکجار جیاواز لە ساڵی (١٩٩٢)دا دەژین، بەڵام جەوهەری مەسەلەی کورد نەگۆڕاوەو ئێستاش چاوەڕوانی چارەسەربوونە، بێگومان ئێمە تەقدیری هەلومەرجی عێراق و گرفتەکانی دەکەین بەبێ ئەوەی مەسەلەکەی خۆمان لە بیرکەین.
لێرەدا جێگای خۆیەتی جارێکی دیکە بەگەرمی سوپاسی هێزی هاوپەیمانان بکەین، کە یارمەتی داین بۆ لادانی رژێمی دیکتاتۆری، هەروەها پشتیوانی خۆمان لە مەجلیسی حوکم و هەوڵ وتێکۆشانی بۆ دانانی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەربڕین و ئامادەی هاوکاری تەواوی بۆ گەیشتن بە پرۆژەیەکی پوختی دەستووری لەسەر بنەمای پاراستنی ئازادییەکانی سەقامگیر بوونی دیموکراتی و دامەزراندنی سیستەمێکی دەوڵەتی فیدراڵ کە وەڵامی داخوازییەکانی گەلی کوردستان بداتەوەو تورکمان و ئاشووری و کلدان و گشت خەڵکی عێراق بەمافی ڕەوای خۆیان بگەن.
هەر لەم دەستوورەدا ئیتر سیاسەتی جیاوازی دژی کورد و شیعەو خەڵکی دیکەی عێراق نەمێنێت و ئاسەواری تەعریب لەسەرانسەری هەرێمدا بسڕێتەوە، ئێمە لایەنگری عێراقێکی دیموکراتی ئازادو فیدراڵین، لەسەر بناغەی یاساو دادو برایەتی نێوان گشت خەڵکی عێراق و ئاسایش و ئارامی، هەر بەم ڕوحییەتەوە پشتگیریی لە حکومەتی تازەی عێراق دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین، داواش دەکەین سیستەمی یاسایی ڕوون دابنرێت بۆ ڕێکخستن و تەنسیقی پەیوەندی لە نێوان حکومەتی مەرکەزی لەلایەك و هەرێمی کوردستان لەلایەکی ترەوە.
بێگومان پەرلەمانی کوردستان دەزگای شەرعی و هاوبەشی نێوان هەردوو ئیدارەکەیەو لە هەمان کاتدا چاکترین دەزگای پەیوەندیدار دەبێت بۆ تەنسیق و هاوکاری لەگەڵ مەرکەز و هەرێمدا، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت مەجلیسی حوکمی بەڕێز بەشێوەیەکی ڕوون دان بنێ بەئەمری واقعی دەزگاکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و جۆری پەیوەندی دەست نیشان بکات لەگەڵیاندا.
یەکبوونی ئیدارەی کوردستان ئەگەر لەپێش ئێستادا هەر بە پێویست دانرابێت ئێستا ئەوە دەبێ پێویست بێت، دەبێ هەردوو لامان هانبدات بۆ ئەوەی بەزووترین کات هەردوو ئیدارەکە یەکبخرێتەوە.
جارێکی دیکە هەموو لایەك دڵنیا دەکەینەوە کە مەبەستمان پتەوکردنی یەکبوونی عێراق و سەروەریی و ئازادی گشت گەلی عێراقە، تا کورد و عەرەب وەك دوو نەتەوەی سەرەکی هاوبەش و شەریك لەم نیشتمانەدا بەبرایەتی و تەبایی پێکەوە بژین، ئێمە حەز دەکەین لە چوار چێوەی عێراقدا لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی بەرامبەر بە برایەتی و ئاشتی بژین و ڕێز لەسەروەریی یەکتر بگرین، ئێمە بەهیچ شێوەیەك دەست ناخەینە ناو کاروباری دراوسێیەکان و هیواداریین ئەوانیش پشتگیریمان بکەن لە پاراستنی ئاسایش و ئارامی لە وڵاتەکەماندا، چونکە ئاشتی و ئاسایشی ناو عێراق بۆ تەواوی ناوچەکەو بەتایبەتی وڵاتانی دەوروبەر زۆر پێویست و سوود مەندە، ئێمە بەتووندی بێزاری و نارەزایی خۆمان بەرامبەر بەکارە تیرۆریستیەکانی دژ بە دەسەڵاتی تازەی

عـێراق دەردەبـڕین بـەش بـەحاڵی خۆمـان لـە کوردسـتان هـەوڵمان داوە هـەوڵی تیرۆریسـتەکان پووچەڵ بکەینەوە.

هـەروەها ئـێمە لەگـەڵ گەڕانەوەی عێراقین بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ ئەوەشین کە قەرز و تەعویـزاتی دەرەوە لەسـەر عـێراق هەڵبگیرێ و کۆمەڵگـەی نـێودەوڵەتی کۆمـەکی تـەواوی گـەلی عێراق بکا بۆ ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوە.

هـیوادارین گـەلی عـێراق بەسـەر گرفـتە ئـابووری و سیاسیەکانیدا زاڵ ببێت و ژیانێکی نوێ بنیات بنێ بۆ هەموو میللەتی عێراق. هەر شادو سەرکەوتووبن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس بـۆ جـەنابی بەڕێـز کـاک نێچیرڤان بـارزانی بـۆ وتـارە بەنـرخەکەی و، بـەو وتـارەش کۆتـایی بـە کۆبوونـەوەکـەی ئەمـڕۆمان دەیـنین، تکـا لـە مـیوانە بەڕێـزەکان دەکەم لەگەڵ ئەندامە بەڕێزەکان بفەرموون بۆ هۆڵی پەناگیری، فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **کاکەرەش محمد نقشبندی** | **د.کمال عبدالکریم فؤاد** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری کاتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٥)**

**شەممە ڕێکەوتی ١١/ ١٠/ ٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ٣٥ )

## شەممە ریكەوتی ٢٠٠٣/١٠/١١

كاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی شەممە ریكەوتی ٢٠٠٣/١٠/١١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادە بوونی بەڕێز د. كمال فؤاد عبدالكریم جێگری سەرۆكی ئەنجومەن و، بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی سكرتێری كاتی ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٣٥)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بە پێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٣٥)ی خولی گواستنەوە لە كاتژمێری (١١)ی پێش نیوەڕۆژی رۆژی شەممە ریكەوتی ٢٠٠٣/١٠/١١ دا بەم شێوەیە بێت:

١- گفتوگۆكردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی پێشكەش كراو لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، تایبەت بە خەرجكردنی مووچە و دەرماڵە، لەماوەی مۆڵەتی دایكایەتیی و منداڵبوون.

٢- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی درێژكردنەوەی خولی دیاریكراوی هەر سەندیكا و كۆمەڵەو رێكخراوێك بۆ ماوەی یەك ساڵ لە رۆژی كۆتایی هاتنی خولەكەیەوە.

٣- گفتوگۆیەكی كراوە لەسەر بارودۆخی ئێستای كوردستان و، عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (٣٥)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێدەكەین، بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە سێ خاڵ پێك هاتووە.

١- گفتوگۆكردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی پێشكەش كراو لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، تایبەت بە خەرجكردنی مووچە و دەرماڵە، لەماوەی مۆڵەتی دایكایەتیی و منداڵبوون.

٢- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی درێژکردنەوەی خولی دیاریکراوی هەر سەندیکا و کۆمەڵەو ڕێکخراوێك بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی کۆتایی هاتنی خولەکەیەوە.

٣- گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و، عێراق و، بگرە ناوچەکەش، ئەگەر پێویستی کرد، بۆ ئەوەی دەست بەکار بین تکا لە دوو ئەندامی لیژنەی یاسایی دەکەم کە بفەرموون بۆ سەر مەنەسەکە، هەروەها دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی مافی ئافرەتان، لیژنەی مالیش هەر لە شوێنی خۆیەوە وەڵامیان بداتەوە، لیژنەی یاسایی تکایە پرۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز احمـــــــد شریف:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٣ إصدار القرار الآتي:

اولاً:

يصرف الراتب و المخصصات كاملة للمرأة المتمتعة باجازة الولادة او الامومة طيلة فترة تمتعها بالاجازة.

ثانيا:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

ثالثا:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعا:

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نوری شاوەیس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەم پرۆژەیە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە ئەم پرۆژەیە ئیحالەی لیژنەی یاسایی نەکراوە، ئێمە پرۆژەکە پەسەند دەکەین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، چۆن دەبێت پرۆژەیەك ئاراستەی لیژنەی یاسایی نەکرا بێت؟

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاراستەی ئێمە نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی ماڧ ئافرەتان تکایە.

**بەڕێز شفیقە فقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە ڕەئی لیژنەی پاراستنی ماڧی ئافرەتە.

**بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق**

بابەت/ کۆبوونەوە

لیژنەی پاراستنی ماڧی ئافرەت کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد بە ئامادەبوونی گشت ئەندامە بەڕێزەکانی بۆ توێژینەوە لەسەر پرۆژەی بڕیاری خەرجکردنی مووچەو موخەسەساتی تەواو بۆ ئافرەتی مۆڵەت وەرگر، بۆ پشووی منداڵ و دایکایەتی و، بە کۆی دەنگ ڕەزامەندی خۆمان دەردەبڕین بەسوپاسەوە بەرامبەر بە پرۆژەکە لەگەڵ ئەم پێشنیارەی خوارەوە، ئەو دایکەی کە جمکی دەبێت، موڵەتەکەی بۆ زیاد بکرێت و، بکرێت بە دوو ساڵ، لەگەڵ مووچەی تەواو، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ لیژنەی پاراستنی ماڧی ئافرەت، ڕەئی لیژنەی دارایی تکایە، کاك جمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گوێ لە ڕەئی لیژنەی دارایی و ئابووری بگرن.

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان- اربيل

لجنة الشؤون المالية والاقتصادية

العدد/٦

تأريخ/٢٠٠٣/٩/٢٧

الى السيد رئيس البرلمان المحترم

موضوع/ إجازة الامومة والطفولة

تحية واحتراماً، اجتمعت لجنتنا المالية والاقتصادية في ٢٠٠٣/٩/٢٥، بعد الظهر لدراسةو مناقشة مشروع القرار الخاص بصرف الرواتب والمخصصات للموظفة أو العاملة المتمتعة بإجازة الامومة والطفولة، المحال إلينا من قبل سيادتكم، وبعد الدراسة والمناقشة تؤيد لجنتنا مشروع القرار بشكل عام، مع ضرورة:

١-	أخذ رأي وزارة المالية والاقتصاد.

٢-	أخذ بنظر الاعتبار توصيتنا الآتية على الفقرة اولاً، وتقرأ كالآتي:

(يصرف الراتب و المخصصات كاملة للمرأة المتمتعة باجازة الامومة والطفولة لمدة لا تزيد عن سنة)

هذا ولكم الامر، مع فايق التقدير والاحترام.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی كاروباری تەندروستی و كۆمەڵایەتی تكایە.

**بەڕێز ظاهر محمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی كاروباری تەندروستی و كۆمەڵایەتی

ژمارە/٦

بەروار/٢٠٠٣/٩/٢٩

**بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان**

**بابەت/ رای لیژنە**

نوسراوتان ك/٢٠١ لەبەرواری ٢٠٠٣/٩/٢٧، كە ئاراستەی لیژنەمان كراوە، سەبارەت بە پڕۆژەی بڕیار بە خەرجكردنی مووچەو دەرماڵە، لەماوەی مۆڵەتی دایكایەتی و منداڵ بوون، لیژنەكەمان لە كۆبوونەوەی ئاسایی رۆژی٢٠٠٣/٩/٢٩، گفتوگۆی لەسەر كرد و گەیشتە ئەو رایەی كە هاوپێچە لەگەڵ ئەم نووسراوەماندا، لەگەڵ ڕێز.

**رای لیژنە**

ڕێكەوتی رۆژی دووشەممە ٢٠٠٣/٩/٢٩، لیژنەكەمان كۆبۆوە بۆ وانە كردنی ئەو پڕۆژەیەی كە لە بەڕێز سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانەوە پێشكەش كراوە، سەبارەت بە خەرجكردنی مووچەو دەرماڵە بۆ مۆڵەتی دایكایەتی و منداڵبوون.

١-	مۆڵەتی منداڵ بوون كە بەگشتی ماوەی ٧٢رۆژە.

أ-	یەك مانگ پێش منداڵ بوون بەمەبەستی ساغ و سەلامەتی خۆی و كۆرپەكەی كە زۆر پێویستە وەربگیرێت.

ب-	٤٢ رۆژیش دوای منداڵ بوون كە هەموو بە مووچەی تەواوە.

٢-	موڵەتی دایكایەتی كە ئێستا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ-	شەش مانگ بە مووچەی تەواو بەبێ دەرماڵە.

ب-	شەش مانگ بەنیو مووچە.

ئێمە پشتگیری تەواوی پڕۆژەكە دەكەین كە موڵەتی دایكایەتی بكرێت بە ساڵێك بە مووچەی تەواو بە دەرماڵەشەوە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی گشتی هەیە لەسەر ئەم بابەتە، تێبینی گشتی هەیە، باشە با ناوەكان بنووسین، ئێستا موناقەشەی مادده بە مادده نییە، بەس تێبینی گشتییە، سیانزە ناو نووسراوە كە

تێبینی گشتییان هەیە، بۆتانی دەخوێنمەوە، ئەوی ناوی نەنورسراوە بادەستی بەرز بکاتەوە، ناوەکان ئەم بەڕێزانەن:

فەوزیە عزالدین رشید

زەهرا حاجی طه سلیفانی

حمید سلیم میران

رجب شعبان طیب

جلال سلیم خۆشناو

ابراهیم سعید محمد

نعمت عبدالله پیرداود

نهلە محمد سعدالله

حسین جەنبەلی عبدالله

د. رزگار

گەلاوێژ عبدالجبار

د. ناصح غفور رمضان

حیدر اسماعیل

بەڕێز فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

تەبعەن لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە گەلێك هەوڵ و تەقەلای داوە بۆ ئەوەی مافەکانی ئافرەت بەدەست بێنێ، هەندێ بڕیاری گرنگ و زۆر چاکیشی دەرهێناوە، ئەمیش یەکێکە لەو پرۆژانەی کە هیوادارم بێتە بەرهەم بە شێوەیەکی راست ودروست، بەلام تێبینیم ئەوەیە، پێشەکی پشتگیری تێبینیەکەی کاك جمیل دەکەم، دەبێت رەئی وەزارەتی دارایی و ئابووری رەچاو بکرێت، کە پرۆژەکەیان بۆ بچێت نوێنەر یان خۆیان بێنە ئێرە، ئەمە یەك، دووەم پێم باشە نازانم برایانی لیژنەی یاسایی چۆن چارەسەری دەکەن؟ دەبێت سەقفێکی زەمەنی دابنرێت، چونکە ئەگەر وابڕوا بەراتبی تام ئیجازەی الامومە، من پێم باشە تا حەدی سێ منداڵ، سێ منداڵ بەراتبی تام بێت، دوای سێ منداڵ شتی تری بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە ئەگەر بکرێت وا بەبەربلاوی، لەوانەیە تا ١٠منداڵ نەوەستنەوە، ئەمە کار دەکاتە سەر پرۆژەی پەروەردەیی، لەوانەیە کێشەی ترمان بۆ دروست بکات لە جیاتی ئێمە کێشەی ئافرەتان چارەسەر بکەین، ئەو سەقفە زەمەنیەم پێ باشە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە ولاتانی پێشکەوتوو، مافی ئافرەت دوای سێ مانگ زیاتری ئەدەنێ، نەك بۆی کەم بکەنەوە، بەڕێز نهلە محمد سعدالله، فەرموو.

**بەڕێزنهله محمد سعــدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش هەر تێبینی ئەوە دەکەم، کە دەبوایە نوێنەری وەزارەتی دارایی بهاتایە، بۆ ئەوەی حیسابێك بکات بۆ ئەو تەغیراتانە، هەر ئەوەم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر راستە، زۆر سوپاس، بەڕێز گەلاوێژ خان، فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبدالجبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من حەز دەکەم پێشەکی بەناوی لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان سوپاسی هەموو ئەو لیژنانە بکەم، کەپشتگیری پڕۆژەکەیان کردووە، کە ئێمە تەقدیمان کردووە، من حەزم کرد تەنها پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك جمیل بکەم و، بشڵێن فعلەن کە ژن نیوەی کۆمەڵە و دایکی نیوەکەی تریەتی، بەخێو کردنی منداڵ ئەرکێکی قورسە و، وا بزانم ئەرکێکی زۆر پیرۆزیشە، لەبەر ئەوە ئەگەر زروفەکە لەبار بوو دەتوانن نەوەیەکی رێك و پێك بەخێو بکەن و، بتوانن خزمەتی گەلەکە و نیشتمانەکەیان بکەن، بۆیە داوای پشتگیری لە هەموو ئەندامانی بەڕێز دەکەم بۆ پڕۆژەکەمان، بۆ ئەوەی ئەو ساڵە بتوانێ بە موخەسەساتی تام و بە راتبی تام ژنەکە بتوانێ تەمەتووع بە ئیجازەکەی بکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ گەلاوێژ خان، بەڕێز شەفیقە خان، فەرموو.

**بەڕێز شفیقه فقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بۆ هەموو لیژنەکان ئەو لیژنانەی کە نووسراویان درابووێ کە پشتگیریان کردووە، زۆر سوپاس بۆ برادەرانیش کە هەموویان خۆشەویستی خۆیان دەربڕی بۆ خێزانیان، بۆ دایکیان بۆ خوشکیان، بۆ هاوسەریان، بۆ کچیان و، بۆ بووکیشیان، بەڵام کە لیژنەی کۆمەڵایەتی (٧٢) رۆژەکەی دابەش کردووە، من ئەڵێم ئەمە بدرێتە رەئی ئافرەتەکە خۆی بە ئارەزووی خۆی ئەو پشووە وەربگرێت، پێش منداڵ بوونەکە وەریئەگرێت یان پاش منداڵ بوونەکە، یاخود لەگەڵ منداڵ بوونەکەی وەریئەگرێت، چونکە هەندێ دایك سەحەتیان زۆر باشە، پێش منداڵ بوون پێویستی بەو(٣٠) رۆژە نییە، بەڵام دوای منداڵ بوونەکە خوا خوای سەعاتێکیتی، بۆ ئەوەی کۆرپەکەی پێ بەخێو بکات و، لەگەڵ ئەوەی خاتوو فەوزیەش باسی کرد، وەڵڵاهی من ئەمەوێت هەر ئافرەتێکی کورد ببێت بە دایکی بیست منداڵ بۆ ئەوەی جێگای کیمیاوی باران و ئەنفال و رەشبگیرەکانمان و، گۆڕە بە کۆمەڵەکانمان بگرێتەوە، خۆزگە هەر ئافرەتێکمان چوار منداڵی ببوایە بەسکێك، هەر دایکێکیشمان خاوەنی بیست منداڵ ببوایە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز زەهرا حاجی، فەرموو.

**بەڕێز زهرا حاجی طه سلیفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشیا پشتگیریا پڕۆژەی دکەم، مە ژ هەر حالێ خۆ دوو تێبینیا دکەم، راستە کو رەئیا لیژنە دارایییا ئابوری، رەئیا وەزارەتا دارایییا و ئابووری، دبێژم ئەگەر رەئیا دەوائیرێت قوا عامیلەش بێتە وەرگرتنێ، باشە، چونکە ئەوان تێبینییێت خۆ هەی، یا دووێ هەروەك هەڤالێ مە گوتی، بیا موودەت بێتە دیار کرنێ، چونکی ئەگەر ڤە کری بتن ئاریشە دێ پەیدا بت بۆ ڤوتابخانە بۆ دەوائیرا، چونکە ئەو ژێ دیار دکەن کو مودەتا دووسالێ بت یان سێ سالێ بت، ئەگەر ڤە کری بت، ئەوان ژ قسم هیلاك بیتن، دان ئیشا بیتن، ئەمە شێت ئاریشە ڤاند: دەست کەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من تەسەوڕ دەکەم ئەوانەی تێبینیان هەیە بەگشتی، یەکیان عیلاقەی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە، ئەمە یەکێکیانە، دووەمیش بە شێوەیەکی عام هەمووتان تەئیدی پڕۆژەکە دەکەن، ئەوەش دیارە بەڕاستی، جا ئەگەر بەڕێزەکان تێبینبەکانیان هەر ئەوە بێت با ئیشارەتێکم بدەنێ بۆ ئەوەی ناوەکانیان بسڕمەوە، با هەندێ ناو بسڕمەوە، کاك نعمت عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەم، باسی ویلادە کراوە، ویلادە خۆی بابەتێکە جیا لەوانەیە، ئیشی بۆ کراوە راتبی جیایە، وەکو قانون ئەوە چەندین ساڵە هەیە، نابێت ویلادە لەگەڵ الامومە تێکەڵ بێت، عیلاقەی بەوە نییە بەس ئی دایکایەتیە، یەعنی ئەوە شتێکی زیادەیە دەبێت رەش بکرێتەوە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو نهلە خان.

**بەڕێز نهلە محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی ئیجازەی الامومە خۆی (٧٢)رۆژە من لە ئیدارەی سلێمانی پرسیم، وەختی خۆشی وابووە، (٧٢)رۆژەکە مانگی یەکەم بە راتبی تامە، یەعنی بە کافەتی موخەسەسات سەرف دەکرێت، لە مانگەك زیاتر بوو، فەقەت اسمییەکە سەرف دەکرێت، لایەزال وایە لە سلێمانی، من لە ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی لە حیسابات پرسیم، وتیان فەقەت ئێمە بۆ ئیجازەی ویلادە بە کامل موخەسەسات سەرف دەکەین، پاش مانگەکە هەموو موخسەساتی لێدەبڕین و، پاشان ساڵەکە، شەش مانگی یەکەم بەراتبی ئیسمی تام بێ موخەسەسات، شەش مانگی دووەم بە نیوەی ئیسمییەکە، بەڵام ئێستا حاڵی حازر بەنیزامی مالی تازە، هەمووی ئەوەی نیو راتبیشە هەر دۆلارەکەی وەردەگرن، نییە نیو راتب ئێستا حالیەن، فەقەت ئەوە ئیستیفادەی لێدەکرێت، ئەگەر هاتوو ئەو معاشە خورد کراوە لە موستقبەل، حالیەن ئەوە ئیستیفادەی لێ ناکرێت فەقەت لە موستەقبەل.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، من مولاحەزەیەکیشم لە لیژنەی تەندروستی و کۆمەلایەتی هەبوو، هەستایە ئەو (٧٢) رۆژەی ویلادەی فەسڵ کردیە، پێشان هەبوو، من پێم باشە ئەوە لەخودی ژنەکە بمێنێتەوە، لەوانەیە ژن سەحەتی باشە، لەوانەیە رۆژێك پێش ویلادە سەحەتی باشە دەوامی خۆی دەکات، با تەمەتووعی پێ نەکات، با هەموو ئەو ئیجازەی بهێلێتەوە بۆ پاش ویلادە، ئیستیفادەی لێدەکاتن، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حمید میران، فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من وەکو هەندێ لە برایان فەرموویان، ئیجازەی ویلادە جیایە لەو ئیجازەیە، چونکە ئیجازەی ویلادە ئەسڵەن خۆی بە راتب تامە و، ئەو بابەتەی کە فەترەیەك بە راتب تام لەگەڵ موخەسەسات ئەبێت، ئەوە قانونێکی هەیە، دەڵێت هەر کەسێك، ئیجازەی وەرگرت لە مانگێك زیاتر بوو، پاش مانگەکە ئیتر موخەسەساتی ئەبڕێ، ئەوەیە سەبەبەکە کە موخەسەساتەکە ئەبڕێت، بەلام ئەگەر وەکو ئەو قانونەی کە لێرەوە هاتووە، ئێمە بەو ئیتلاقە ئیجازە بدەین بە هەر کەسێك منالی ئەبێت و، تەحدیدی عەدەدی منالەکان نەکەین، ئەمە ئافرەت زەرەری لێدەکات، سبەینێ تەعینی ناکەن، من جارێکیان لە فەرەنسا لە پاریس چوومە مەعمەلێك شەش هەزارو پێنج سەد کەس ئیشی تیادا دەکرد، یەك ئافرتی تیادا نەبوو، لەوەی کە لەگەڵمدا بوو وتم بۆ ئافرەتی تیادا نییە، کارگەی ئەجهیزەی تەلەفۆنات بوو، هی موادی کارەبا بوو، وتی ئێمە ناتوانین بۆ کولی کەسێك دوو یان سێ کەس تەعین بکەین، سپێر، ئەمە تەئسیر دەکاتە سەر کولفەی ماددەکە، دوایی ماددەکەمان زەرەر دەکات، لەبەر ئەوە ناتوانین ئەوە بکەین، ئێمەش لەوانەیە رۆژێك لە رۆژان ئەگەر هەر هی حکومەتیش نەبێت، موخەسەساتی خاس هەبێت کە بتوانێ خەڵك تەعین بکات، ئەوسا ئەوەی کە ئافرەت بێت تەعینی بکات، ئەگەر بەو ئیتلاقە ئێمە بۆ چەند منالێ ئەو ئەبێت موخەسەساتی کامل لەگەڵ راتب بیداتێ و دەوامیش نەکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە جارێ قانونەکە موناقەشە ناکەین، وتم ئەگەر مولاحەزاتی عامتان هەیە، مولاحەزاتی عامیش قەسدم ئەوە بوو، بابەتی وەزارەتی دارایی، ئێستا ئەگەر تەداخولی تەفاسیلەکە بین، یەعنی موناقەشەی ئەکەین، ئەگەر موناقەشەشی بکەین، دەبێت بڕیاری لەسەر بدەین، کە بڕیاریشمان دا بەبێ وجودی وەزارەتی دارایی، بەبێ رەئی ئەوان لەوانەیە بێتە تەناقوز لەبەینی ئێمە و حکومەتی هەرێمدا، جا بۆیە تەسەورم دەکرد، کە بەڕێزێك هەر ئیقتیراح بکات کە تەئجیلی بکەین، تا رەئی وەزارەتی دارایی بێتەوە، بەڕێز کاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو لیژنەی داراییش پێشنیاری كردووە، كە پێویستە رای وەزارەتی دارایی لەم بارەیەوە هەبێت، زۆربەی برادەران تەئكیدیان لەسەر كردەوە، بۆیە پێم باشە كە ئەمە تەئجیل بكرێت بۆ جەلسەیەكی تر، هەرچەندە هەمووومان لەگەڵ مەبدەئەكەین، شتێكی زۆر گەورەو پیرۆزە، لەوانەیە مولاحەزاتی زۆریشمان هەبێت، بۆ چۆنیەتی رێكخستنی، بەلام پێم وایە ئەگەر ئەوان لێرە بن باشتر دەبێت، ئەو كاتە موناقەشەكەش رێك و پێك تر ئەبێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئیلتیباسێك هەیە لەبەینی ویلادە و الامومە، ویلادە شتێكی جیاوازە الامومەش شتێكی جیاوازە، یەعنی ویلادە ئیحتیمالی ئەوەی هەیە خوانەخواستە منداڵەكەی بمرێت، بەلام حەقی ئەو ئیجازەیەی هەر هەیە، الامومە ئەوەیە كە منداڵەكەی بمێنێت و بەخێوی بكات ساڵێك، یەعنی دوو شتی جیاوازن، ئەوە با تێكەولایان نەكەین، باشە ئێستا پێشنیارەكە دەخەمە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامانە دەكەم كە پەسەند دەكەن دوابخرێت دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ بابەتەكە دواخرا، زۆر سوپاستان دەكەین.

بابەتی دووەم، خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژەی درێژكردنەوەی خولی دیاریكراوی هەر سەندیكا و كۆمەڵەو رێكخراوێك بۆ ماوەی یەك ساڵ لە رۆژی كۆتایی هاتنی خولەكەیەوە، هەر هەمووی بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجــومەن.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان**

**ب/ پڕۆژەی بڕیار**

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بەپێی حوكمەكانی ماددە ٥٣ لە یاسای ژمارە ١ ساڵی ١٩٩٢ و برگە ١ لە ماددەی ٧١ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی ژمارە/١ی ساڵی ١٩٩٢ هەموار كراو، هاوپێچ پڕۆژەی(درێژ كردنەوەی خولی دیاریكراوی هەر سەندیكاو كۆمەڵەو رێكخراو بۆ ماوەی یەك ساڵ لە رۆژی كۆتایی هاتنی خولەكەیەوە) بۆتان بەرزدەكەین بۆ ئاگاداری و پێشكەش كردنی بۆ دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ بڕیار دان لەسەری.

**لەگەڵ رێزماندا**

**ئەو ئەندامانەی ئیمزایان كردووە:**

١- د. ناصح غفور
٢- جلال خۆشناو
٣- د. ادریس هادی
٤- زاهر محمد

٥-	نادر محمد قادر

٦-	مەلا هادی خضر

٧-	محمد امين مولود

٨-	فاضل رؤوف

٩-	نعمت عبدالله پيرداود

١٠-	مەزهەر كاكى هيرانى

١١-	نهله محمد

١٢-	طارق جامباز

دەقى پرۆژەكە

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان- العراق

رقم القرار:

تـأريخ القرار:

استناداً لأحكام الفقرة(١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣ اصدار القرار الآتي:

اولاً:

يستمر مجلس كل نقابة أو جمعية أو منظمة في اقليم كوردستان العراق بممارسة مهامه لمدة سنة واحدة اعتباراً من تأريخ انتهاء الدورة المحددة له.

ثانياً:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

ثالثاً:

على المجلس الوطني تنفيذ احكام هذا القرار.

رابعاً:

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د. رۆژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەيە ئاراستەى ليژنەى ياسايى دەكەين، هەروەها ليژنەى ناوخۆش، زۆر سوپاس، بۆ ئەندامانى ليژنەى ياسايى.

بابەتى سێيەم، گفتوگۆيەكى كراوە لەسەر بارودۆخى ئێستا، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم، كە تێبنيان هەيە يان پرسياريان هەيە با دەستى خۆيان بەرزكەنەوە، ئێمە پێشنيارێكمان هەيە بە

ناوی سەرۆکایەتییەوە، جارێ داوا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین پێشنیارمان بۆ بکەن باسی چی بکەین، ئێنجا ئەوەی پێشنیارێکی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە، هەمروتان نا، فەرموو نەهلە خان.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: مەسەلە مەسەلەی تەدەخولی جەیشی تورکی لە عێراق باس بکرێت.

دووەمیش: یەك بوونی هەردوو ئیدارە.

سێیەمیش: ئەگەر هاتوو ئەو فیدراڵییەی ئێمە داوای دەکەین، وامان بۆ نەهات رەفز کراین، ئێمە مەوقیفمان چ دەبێت و چی دەکەین و موستەقبەلی کورد چۆن دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئیقتیراحی تر هەیە بێجگە لەو سێ ئیقتیراحە، بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار گوێمان لێ دەبێت لەولاو لەولا باسی ئینتیخابات دەکرێت، لەسەر ئەساسی ئەوەی پەرلەمان دەوری لە ئینتیخابات نییە، حەز دەکەم مەجالێکمان بدەنێ، ئەو دەورەی کە پێمان سپێردراوە باسی بکەین، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا شەرتیشە ئێمەش رازی بین لەسەر ئەو شتانەی ئێوە پێشنیاری دەکەن، ئەوە شەرتە؟ کاك حمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر بابەت هەیە ئەمڕۆ پێویستی بەوە هەیە کە ئێمە لەسەر ئاستی پەرلەمان قسەی لەسەر بکەین، ئەوانەی باسیان کرد شتی باشن، بەڵام حەز دەکەم لەسەر مەسەلەی ریفراندۆمیش موناقەشە بکەین وەکو پەرلەمان، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا محەمەد چەمچەماڵی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد امین چمچمالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارانەی کە کران من لەگەڵ هەموانم، خاڵی چاکن قسەیان لەسەر بکرێت، موستەجیداتی ئەمڕۆن، بەڵام من پێشنیارێکی تر ئیزافە دەکەم، کە پەرلەمانی کوردستان موناشەدەی کاك مەسعود و مام جەلال بکەن بۆ ئەم پەرلەمانە، تا لێرەوە داوایان لێ بکەین بزانین ئەو هۆکارەی کە بۆتە هۆی ئەوەی هەردوو ئیدارە یەك ناگرێتەوە چییە؟ تاکو ئێمە قسەی لەسەر بکەین وەکو ئەندامانی پەرلەمان، چونکە بەڕاستی بۆتە قسەی ئەم رۆژە لە دەرەوەو لە ناوەوە و، هەموو قسەی لەسەر دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا با دەست پێ نەكەین قسە لەو مەوزوعەدا بكەین، چونكە ئەمە دەست پێ كردنێك بوو لە قسە كردن لەو مەوزوعە، ئەوە پێشنیارێكی تازە نەبوو، من دەڵێم پێشنیار بكەن ئێمە ئێستا باسی چی بكەین، ئەوەمان نووسیوەتەوە یەك بوونی هەردوو ئیدارە، ئەو وەختە لەو بابەتە دەتوانرێت لەو مەوزوعە قسە بكرێت، بەس من تەسەور دەكەم ئەو مەوزوعانە، ئێستا كیفایەتن، باسی هاتنی جەیشی توركی بۆ ناو عێراق، یەك بوونی هەردوو ئیدارە، ئەگەر هاتوو ئەهدافی كورد جێ بەجێ نەكرا، باسی ئینتیخابات، باسی ریفراندۆم، من دەڵێم باسێكی مەجلیسی حوكم و لیژنەی ئامادەكاری دەستووری بكرێت، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو باسانەی كە برادەران تەرحیان كرد، هەمووی زۆر زۆر زەرووریيە باس بكرێت، بەڵام بە رەئی من دە دەقیقەیەك بدرێتە سوپای توركی، چونكە سەردێری باسەكانە و گەرماو گەرمەو وەختیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نووسراوە چەند جاری تر دووبارە بكەمەوە، نووسراوە، پێشنیاری تازەتان هەیە فەرموو بیكەن، فەرموو د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو تشتەی جەنابت كەرەمت كرد، برادەران گوتی هەمی لە جێ خۆی دایە، بەس من یەك پێشنیارم هەیە، جەنابێتە وەكو حازر بووی ڤان ئیجتیماعە زۆر قسە و تشت هەیە، ئەگەر دەه دەقیقە قسە بكرێت لەسەر ئارائێت مەجلیسی حوكمێت حەقیقی فعلی چییە؟ دێ زۆر زۆر سوپاسی جەنابت دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك تاریق جامباز فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوایێ كە هاتە سەر دەستوور قسەی خۆم دەكەم ئەو كات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك تاریق، كاك حەیدەر ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز حیدر اسماعیل (م. رێبوار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵەكان زۆر بوون، جا نازانێ ئینسان لە كام خاڵەوە دەست پێ بكات بۆ موناقەشە كردن، پێشنیارمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەخصەدمان پێشنیاری نوێتان هەبێت، پێشنیارتان نییە؟ فەرموو مام ڕۆستەم.

**بەڕێز حسن حمید رحیم (مام ڕۆستەم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی عەلەمی کوردستانیش باس بکرا بوایە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ هەوەڵی تەصریحێکی باشت داوە لەو بارەیەوە، فەرموو کاك مەلا شاخی.

**بەڕێز ابوبکر محمد حاجی (ملا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی ناوچە تازە رزگار کراوەکان، کەرکووك و خانەقین و شەنگار و مەخموور و ئەوانەش، ئەگەر قسەی لەسەر بکەین باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پێشنیاری تر، فەرموو کاك شێخ.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێشنیارەکان هەمووی چاکن، هەمووی مەوزوعی کاتی و جێی خۆیەتی، بەلأم بەڕاستی منیش حەزم کرد ئیزافەیەکی بۆ بکەم، بەباشی دەزانم ڕێزگرتن لە پەرلەمان ببێت بە خاڵێك لەو خاڵانە، با ئێمە خۆمان وەك ئەندامی پەرلەمان، وەك کەسانێك لەو پەرلەمانە بەشدارین دەتوانین وەکو ئێستا پێشنیار بکەین، یان بە نووسراو یان بە گوتن، با پێشنیار و قسەکانمان لێرە بێت و، موناقەشە بکرێت و، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك د. لەتیف.

**بەڕێز لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا دەزگایەك هەیە بۆ کۆکردنەوەی وەسائیق، بەهۆی ئەو وەزعەی لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و پرۆسەی ئازادی عێراق، زۆربەی ئەو وەسائیق و موستەمسەکاتانە دەستی خەڵکی، یان دەستی حزبەکان، یان دەستی ئەم لاو ئەو لا کەوتووە، من پێشنیار دەکەم دەزگایەك، یان (دار للوثائق)، یان شتێکی وا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی تیا کۆبکرێتەوە بەشێوەیەکی عیلمی و، لەم پەرلەمانەدا ئەگەر پرۆژەیەکی بۆ ئامادە بکرێت، من خۆم کۆمەڵە شتێکم کۆکردۆتەوە لەم بارەیەوە ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو وەسائیقانە کە موڵکی ئەو میللەتەن و زوڵم و زۆری تاریخیی لەو میللەتە کراوە هەر هەمووی لەو شتانە جا وەسائیقەکان چ بە نووسراو بێت، چ ئەفلام بێت، چ شتی تر بێت هەمووی تیا کۆبکرێتەوە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێشنیارەکان زۆربەی باش بوون و، من پێشنیارێکم هەیە بەم دواییە ئەگەر مەجال هەبوو باس بکرێت دەربارەی گەڕانەوەی دەرکراوەکانی شەڕی ناوخۆ، واتا ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا عیزەدین مستەفا رەسول فەرموو.

**بەڕێز عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم باسی گرنگمان باسی فیدراڵیەتەکەیە، کە خەریکە بەجۆرێك وای لێ دێت، لەو سنوورە دەربچێت کە ئێمە خۆمان ویستوومانە بۆ میللەتی کورد، چونکە قسە زۆرە، فلان لایەن فیدراڵی پارێزگاکانی دەوێت و، فلان لایەن ئەوەی دەوێت، وا بزانم ئێمە بڕیارێکی ترمان هەبێت و داوا لە ئەنجومەنی حوکم و وەزارەتەکان بکەین، کە زوو هیچ نەبێت بڕیارێك پێش دەستووریش بڕیارێك لەسەر فیدراڵی بدرێت، کە فیدراڵیەت کورد وەك مافێکی نەتەوەیی داوای کردووە، وەك لامەرکەزیەك داوای نەکردووە، کە دوو پارێزگا پێکەوە بێت، دیارە ئەوەش خۆمان کە دوو ئیدارەکەمان یەك خست هەنگاوێك بەرەو ئەوە دەڕۆین، بەڵام زوو ئەوە بسەپێنرێت، دەبێت باسی ئەو فیدراڵیەتە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کێی تر پێشنیاری هەیە کە باسی بکەین، فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە ئەگەر بکرێت باسێکی ئەو فایلانە بکرێت، چونکە بۆتە سەر باسێکی زۆر گەرمی ئەمڕۆی رۆژنامەکان لە کوردستان و لە دەرەوەشدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە گوێمان لێ نەبوو.

**بەڕێز علی عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعی فایلەکان ئەمڕۆ باسێکی زۆر گەرمە، و هەر کۆمەڵێ لە حزبەکانی ئەمڕۆی کوردستانیش دەگرێتەوە، خەڵکێك فایلی هەیە، بەڕاستی ئەم مەوزوعە ئەگەر دیراسەت بکرێت و باس بکرێت، بۆ ئەوەی قەرارێکی لێ بدرێت، چونکە ئەوە هەر وا بەبێ دەنگی ماوەتەوەو، خەڵکیش زۆر قسە دەکات لەسەر ئەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش مەوزوعێکی گرنگە، بەس چۆن ئێمە گوێمان لێ نەبوو، ئینجا ئێمەش تۆزێ لە نێوان خۆمان باسی دەکەین، باسی کام مەوزوع بکەین، بەڕێزان تکایە بێ دەنگی، ئێمە لە حەقیقەتدا نۆ

بابەتمان هەڵبژاردووە، هەرچەندە لەو باوەڕە داین هەر بابەتێك جەلسەیەكی دەوێت وەختەكەشمان زۆر نییە، لەبەر ئەوە داوا دەكەین تەنفیزی بكەین، ئەگەر ئەمڕۆ پێمان تەواو نەكرێت، جارێكی تر تەواوی بكەین و، ئەو بابەتانەی كە ناویان نەهاتووە جەلسەیەكی تری مەفتوحی بۆ دەكەین، ئێمە ئێستا ئەو بابەتانەمان نووسیوە كە بە زەرووڕەتمان زانی باسیان بكەین، ئەوانیش:

١- هاتنی جەیشی توركیا.

٢- چۆنیەتی فیدراڵیەت.

٣- هەڵبژاردن.

٤- ناوچە رزگاركراوەكان.

٥- یەك بوونی ئیدارە.

٦- مەجلیسی حوكم.

٧- لیژنەی ئامادەكاری دەستووری.

٨- فایل.

٩- ئاڵای كوردستان.

بۆ ئەوەی مامۆستا رۆستەم رازی بێت، فەرموو كاك د. كەمال.

**بەڕێز د. كمال عبدالكريم فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبارەی هەر یەكێك لەم بابەتانەوە، پاش ئەوەی كەوا وتووێژی لەسەر دەكەین، بەرامبەر بەوە كە گەیشتینە بڕیارێك، ئەو بڕیارە بكرێت بە نووسینێك، یان یاداشتێك، یەعنی چۆنیەتی جێ بەجێ كردنی ئەو بڕیارەی كەوا ئێمە دەگەیەنێت، بۆ ئەوە وا دەزانم پێویست بەوە دەكات كەوا كۆمیتەیەك یان چەند كۆمیتەیەك دروست بكرێت، بۆ دارشتنی ئەو بڕیارانە، چونكە لەوانەیە هەندێكی پێویست بەوە بكات، كەوا ئێمە یاداشتێك پێشكەش بكەین بە هەردوو ئیدارەكە، یان بە مەجلیسی حوكم لە بەغدا، یان بە بەڕێز پۆل بریمەر لەبارەی فیدراڵیەوە، لەبارەی ئەو مەسەلانەوە كە ئێمە گفتوگۆمان كرد و بیرو رایەكمان لەلا گەلاڵە بوو هەر وا نەمێنێتەوە، یەعنی هەروا هەر قسە نەمێنێتەوە، لەپاشان لە بیرمان بچێتەوە، بیخەینە سەر كاغەز لەشێوەی یاداشتێك پێشكەش بەو جیهەتە بكەین، كەوا پەیوەندیدارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك د. كەمال، جا تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە قسەیان هەیە لەبارەی ئەم بابەتە دەستیان بەرز بكەنەوە، بۆ ئەوەی ناونووسیان بكەین، تكایە دەستتان هەر بە بەرز كراوەیی بمێنێتەوە، هەتا ئێمە دەڵێین تەواو، ناوەكان دەخوێنمەوە، ئەوەی ناوی نەنووسراوە، تكایە دەستی بەرز بكاتەوە، ناوی ئەم بەڕێزانە نووسراون:

١- مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی.

٢- ئەبوبەكر حاجی.

٣- مەلا شاخی.

٤- ئەهلە خان.

٥- کاك ئەحمەد.

٦- عەلی عەبدوڵلا.

٧- د. عیزەدین.

٨- مام ڕۆستەم.

٩- کاك نیعمەت.

١٠- مەزهەر عەلی.

١١- گەلاویژ خان.

١٢- شەفیقە خان.

١٣- فەوزیە خان.

١٤- زەهرا خان.

١٥- ئیبراهیم سەعید.

١٦- ڕەجەب شەعبان.

١٧- نادر محمد قادر.

١٨- ئەنوەر شوکر.

١٩- بورهان جاف.

٢٠- سیروان کاکەیی.

٢١- مامۆستا مەلا محسن.

٢٢- جەعفەر بەرزنجی.

٢٣- کاکەڕەش نەقشبەندی.

٢٤- شێروان حەیدەری.

٢٥- کاك سەعید یەعقوبی.

٢٦- کاك حمە عەلی تۆفیق.

جا بەڕاست ئەوانەی ناویان نووسراوە لە هەر هەموو مەوزوعەکان قسە دەکەن، یان مەوزوع مەوزوع بیکەین، ناوەڵلا ئازاد بین باشترە، فەرموو کاکەڕەش نەقشبەندی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئیم وایە صاحێبی ئیقتیراح لەسەر مەوزوعەکە قسە بکات و، ئەوجا ئەگەر خەڵکی تر موداخەلەی هەبوو، بیکات، ئەوی ئیقتیراحی کردووە، کە فلان مەوزوع باس بکرێت، جەنابیشتان نووسیتان مەسەلەن، ئەوەی باسی فیدراڵیەتی کردووە، با لەسەر فیدراڵیەت قسە بکات و خەڵکیش موداخەلەی بکات لە دوایێ، ئەوەی تر لەسەر ئینتیخابات مەسەلەن من ئیقتیراحم کردووە قسە بکەم، با دوایێ موداخەلەی بکەن و، هاکەزا ئەگەر زەحمەت نەبێت، خراپ نییە ئەگەر بەو شکلەی وا بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ناوەکان جارێکی تر دەخوێنمەوە، واتا ئیزافات دەخوێنمەوە، بەڕێز ئەحمەد شەریف ناوی نووسرا بوو، بەس ئیعتیرافت بە کاك ئەحمەد نەکرد، ئیلا دەبێت بڵێین کاك ئەحمەد شەریف، ئیزافاتەکان:

کاك شاخەوانە، کاك حەیدەر ئیسماعیلە، کاك حاکم سەفەرە، کاك د.رزگارە، کاك عیدۆ بابە شێخە، کاك بەکری حاجی سەفەرە، هەروەها شێخ جەعفەرێکمان نووسیوەو، شێخ یەحیاش دەنووسین، د. ناصحیش دەنووسین، جەنابی سکرتێری ئەنجومەن ماوەیەکی زۆرە لێرە نییە، ناوەکانی هەمووی لەبیر چۆتەوە، (٣٥) ناومان نووسیوە، ئەگەر هەر یەکە سێ دەقیقەی بدەینێ، دەکاتە تەقریبەن دوو سەعات بەس موداخەلاتی ئێوە، ماعەدا موناقەشە لەسەری، جا دەیکەین بە دوو دەقیقە، فەرموو نەهلە خان.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە مەوزوعەکان تێکەڵ و پێکەڵ نەکرێن، هەر یەکە دوو دەقیقە لە مەوزوعێك موناقەشە بکەن، با مەوزوع مەوزوع هەر پێنج کەس لەسەر مەوزوعێك قسە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوساکە هەر تەواو نابین، چونکە ئەو (٣٥) بەڕێزە ناوی خۆیان دەنووسنەوە بۆ هەر مەوزوعێك، بۆ هەر مەوزوعێك ناوی خۆیان جارێکی تر دەنووسنەوە، لەبەر ئەوە شتەکە زۆر تر درێژە دەکێشێت، بۆیە صاحێب ئیقتیراحیش ناهێڵن لە مەوزوعەکە قسە بکات، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسیوە، ئێمە چۆن بەباشی بزانین ناویان دەخوێنینەوە قسەی خۆیان بکەن، بەس موحاوەلە بکەن لە دوو دەقیقە کەمتر قسەکانیان تەواو بکەن، یەعنی شروحاتمان نەدەنێ، پێشنیار و قسەکانیان بە کورتی بکەن، ئەگەر لە کاتەکەش زیاتر بوو، ئێمە ئەو کاتە قەتعیان دەکەین لە قسە کردن، بۆ ئەوەی حەقی ئەوانی تر نەخۆن، جا دەست پێ دەکەین، بەڕێز مەلا مەحمەد ئەمین چەمچەماڵی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد امین عبدالکریم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی بەڕێز.

بێگومان ئێمە وەکو گەلێکی بە وەفا ئەو چاکەیەمان لەبەر چاوە کە ماوەی (١٢)ە ساڵە هێنێکی ئەمنی لەم وڵاتە دروست کراوە لەلایەن تەحالوفەوە، وەکو گەلەکی بە وەفا سوپاسی ئەو چاکەیە دەکەین، ئەو چاکەیە نەك هەر بۆ ئێمە بوو، ئەخیرەن لە حەربی عێراقدا، لە شەڕی تەحالوف و رزگار کردنی عێراقدا بۆ ئەمریکییەکان و تەحالوفیش زۆر بە چاك گەڕایەوە، کە لە شوێنانی تر بە گوللە پێشوازی لە سەربازەکانی ئەمریکا و ئەوانە دەکرا، لەلای ئێمە بە گوڵ و گوڵباران و ڕێزەوە پێشوازیان لێ دەکەین و، ئێستاش بۆتە شوێنێکی ئامن بۆ ئەوان کە دێن ئیسراحەتی تیا دەکەن، ئەوەی شەڕی تیا نەبێت بەرامبەر بە ئەمریکیەکان لەم کوردستاندا، هاتنی جەیشی تورکیا بۆ عێراق بەگشتی چ مەجلیسی حوکم و، چ گەلی کوردستان هەر هەمووی پێی نارازییە و

پێی چاك نییە، لە كاتێكدا كە ئەمریكا باسی ئەوە دەكات، كە لە مەنتیقەكانی فەلوجە و ئەو ناوچانەی كە جەیشی توركی بۆی دێنێ شەڕ هەیە و كەسێك نییە ئەوێ پڕ بكاتەوە، پێشنیار ئەوەیە پەرلەمانی كوردستان ئاگاداری مەجلیسی حوكم و تەحالوف بكات و سەركردەكانمان بە جیددی ئەو مەترسییە بخەنە بەر چاوی ئەمریكییەكان، چونكە هاتنی جەیشی تورك لێرە كێشەیەك دروست دەكات، كە هیچی لە ئەنبار و فەلوجە كەمتر نابێت، مەسەلەكەش لەوە نییە، ئێمە دەمانەوێت باشترین عیلاقەمان لەگەڵ توركیادا هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی حەساسیەتی كۆن هەیە، هاتنیان ئەگەر لە فەرزێكدا حكومەتی عێراق یا تەحالوف بڕیاری ئەوە بدات (١٠٠٪) دەبێت هەر بێن و، ئەوان بۆ ئەوە نایێن كە لێرە بمێننەوە، بەڵكو بۆ ئەوە دێن شەڕی تیرۆر بكەن، یا بە كوردستاندا نەیەن، مەسەلەكە لەوەیە ئێمە دەترسین خەڵكانێك بیەوێت بەینی ئێمە و ئەوان تێك بدات، كێشە دروست بكات و حەساسیەت دروست بكات، كە هەرگیز ئێمە ئەو حەساسییەتەمان ناوێت، گەلی كوردستان هەر هەمووی نیگەرانە لەو مەسەلەیە، هیوادارین تەحالوف بیر لەو مەسەلەیە بكاتەوەو، رای خەڵكی كوردستان وەربگرێت، كە باشترین تەحالوفێك بووە لەگەڵ ئەمریكا و، بە تەجروبەكانیش هەمووی دیارەو، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر دەتویست لەو بابەتە قسەی بكەی یان هەر هەموو بابەتەكان، فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد امین عبدالكریم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی یەكگرتنەوەی ئیدارەكان، دیارە ئێستا هەر چی دەوترێت چ لە دەرەوە و چ لە ناوخۆ، ئەوەی بۆتە كۆسپ لەپێناوی ئەوەی ناتوانیت بڵێی كەركووك و ئیدارەكان یەك بخرێن، من جارێكی تر باسی ئەوەم كرد، ئەی تەحالوف پێت ناڵێ كاكە گیان ئێوە كە خۆتان هەولێر و سلێمانی یەك ناگرنەوە، هەردوو ئیدارەكە یەكتر ناگرێتەوە، من كەركووك بخەمە سەر كام ئیدارەتان، ئەمە پرسیارێكە؟ ئەوەیە بۆتە سەبەبی ئەوەی هەتا ریفراندۆمیش سەركەوتوو نابێت، چونكە هەردوو ئیدارەكە یەكگرتوو نییە، ریفراندۆم كارێكی چاكە، پێویستە كارێكی بۆ بكەین، بەڵام ئیش بۆ ئەوە بكەین ریفراندۆم بۆ چی بكەین، ئەگەر موەحەد نەبین ریفراندۆمەكەشمان بۆ ناكرێ، كە ئێستا فرسەتێكی زێڕینی تاریخی دەست كورد كەوتووە، تاوانێكی گەورەیە بۆ كوڕاو كوڕمان ئێمە ئەو فرسەتە لەدەست بدەین. مەسەلەی دەستوور، مەسەلەی فیدرالیەت كە باس كرا، بەڕاستی دەبێ دەستوور پێش بخرێت، چونكە لە دەستوور ئەگەر تەسبیت نەكرێت فیدراڵیەت، ڕاستە ئێمەی گەلی كوردستان فیدراڵیەتی خۆمان ڕاگەیاندووە و مومارەسەشی دەكەین، ئێستا، (١٢ ) ساڵە ئێمە فیدراڵیەت مومارەسە دەكەین، كەسێك نییە بتوانێ ئەوە لە گەلی كوردستان بسێنێتەوەو ئەو مافەمان لێ زەوت بكات، بەڵام پێش ئەوە دەبێت ئێمە بۆ دەستوور بەڕاستی لیژان دروست بكەین، خۆزگە دەستووری عێراق ئەو پرۆژەیە دەستی هەموو ئەندامێكی پەرلەمان دەكەوت و، هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەچوون لەگەڵ هەموو چین و توێژەكانا پێش ئەوەی شتەكە ڕووبدات و دەنگی لەسەر بدەین پرۆژەكانمان لەلا بێت، هەر چین و توێژێكی جەماوەر یا لە بەینی خۆمانا قسان بكەین، چونكە هەر دەستوورێك دوور بێت لە بەشداری بوونی هەموو

چین و توێژەکان، مەسەلەن بۆ نموونە مەللاکێك بەڕاستی ناتوانێت تەمسیلی کرێکارێك جوتیارێك بکات، خاوەن مەشروعێك کارگەیەك ناتوانێت تەمسیلی کرێکارەکانی بکاتن، کرێکارەکانی و جوتیارەکانی و ئێمەمانان هەرهەمووومان، ئێمە دەزانین ئازارەکانمان چین، بۆیە پێویستە هەموو چین و توێژەکان دەنگی خۆیان بەجیا جیاهەبێ، مناقەشەیان لەسەر دەستورلەگەڵدا بکرێت بەمەسە لە سیاسیەکانیشەوە کەمەسەلەی نیزامی حوکمەو چۆنیەتی سیستەمی نزامی حوکمەلە عێراقی، ئەمانە هەر هەمووی کاری گرینگن، هیوادارم پێش ئەوەی دەستوورەکە ڕابگەیەنرێت، ئێمە لەلای خۆمانەوە کاری بۆ بکەین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزکاك ئەبوبکر حاجی فەرموو.

**بەڕێز ئەبوبکرحاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، مەسەلەی هاتنەناوەوەی جەیشی تورکیا دیارە ئەنجومەنی حکوم ڕەتی کردیتەوە، من داوادەکەم پەرلەمانیش ڕەتی بکاتەوەو بەهیچ شێوەیەك نەیەنە ناو خاکی عێراق و کوردستانەوە، دەربارەی مەسەلەی یەك خستنەوەی ئیدارەئەواخواستی هەموو میللەتی کوردە کە ئیدارە یەك بخرێتەوە، نازانین بۆچی تاکو ئێستا ئیدارەکان یەك ناگرنەوە، بەتەئکید ئیدارەکان یەك نەخرێنەوە ئۆبالی هەرڕووداوێك لەداهاتوودا لەسەرچارەنوسی هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان، مەسەلەی ناوچەتازە رزگارکراوەکان زۆر سەیرە تائێستا،حەق وایە پەرلەمانی کوردستان بڕیارەك بدات لەسەر ئەوەی ناوچەتازە رزگارکراوەکان: کەرکووك و خانەقین و مەخمورو شەنگال و هەموو ناوچە رزگارکراوەکان، بخرێنەوە سەرهەرێمی کوردستان و، پێش خستنەوەی بۆ سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، حەقە هەڵوێستی کورد یەك بێت لەم ناوچانە هەڵوێست لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنی ئیدارە، لەسەر مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی تەعریب بەداخەوە تاکو ئێستا لە کەرکووك تەعریب وەکو خۆی ماوە، لە شاری کەرکووك تەعریب، هەڵنەوەشاوەتەوە وەکو پێویست، بۆیە پێویستی بەیەك هەڵوێستی هەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەعریب، بەنیسبەت مەسەلەی فیدراڵی ئەوە پەرلەمان پرۆژەی خۆی تەقدیم کردووە، ئەگەر ئەو پرۆژەیە پەسەند نەکرا من داوا دەکەم، پێشنیاردەکەم کەپەرلەمان خۆی بکات بەخاوەنی مەسەلەی ریفراندۆم، نەك ئەم حزب و ئەو حزب، هەندێ خەڵك بۆمەبەستی خۆی، مەبەستی تایبەتی، پەرلەمان بڕیاری ریفراندۆم بدات وەکو چۆن کاتی خۆی لە سوید، نەرویج بڕیاری سەربەخۆی خۆیدا، کە خۆی لە سوید جیا کردەوە، یا ئیرلەندا خۆی لە بەریتانیا جیا کردەوە، پەرلەمان بڕیاربدات ئەگەرفدراڵیزم جێ بەجێی نەکرا لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزیەوە میللەتی کوردماف ئەوەی هەبێ لەرێگای ریفراندۆمەوە بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات، بڕیاری ریفراندۆم یەعنی چارەنووس، واتا جیا بوونەوە لەدەوڵەتی مەرکەزی. مەسەلەی ئاڵا من پێم باشە لەسلیمانی ئاڵای کوردستان و عێراق بەیەکەوە هەڵدەدرێن، لێرەش هەڵنادرێت ئەوا ئەمە مزادەیەی پێ نەکرێت، پەرلەمان بڕیارێك دەرکا لەسەرانسەری کوردستان، یان ئاڵای کوردستان بەتەنیا هەڵبدرێت، یان ئاڵای کوردستان لەگەڵ عێراق هەڵبدرێت، ئاڵای عێراقیش ئەو

ئالأيـە نەبێت کە ڕژێمی بەعس بۆ چەواشەکاری (اللهاکبر) و ئەوانەی لێ نووسی بوو، ئالأی عێراق ئـەو ئالأیـەی کـە ئێستا بـا بڵێین ئەنجومـەنی حوکـم لـە سایەیدا کۆبوونـەوەکانی خـۆی دەکـات، پەرلـەمان بڕیار بدات لە کوردستان لە هەردوو ئیدارە ئالأی کوردستان هەڵبدرێت یان هەڵنەدرێت، ئەگـەر هـەڵدەدرێ بـا لـە هـەموو کوردستانا هەڵبدرێت، ئەگەر هەڵنادرێت با لە هەموو کوردستانا هەڵنەدرێـت. ئەگـەر ئـەو ئالأیـە ئێستا بـە ئـالأی عـێراق قـبوڵ دەکرێـت لـە لایـەن نەتـەوە یەکگـرتووەکان و هاوپەیمانانـەوە، ئـەوە پەرلـەمان بـڕیار بدات هـەبێ یـان نـەبێ، ئەگـەر بە ئالأی عێراقیش قبوڵ نەکرا لـە بـەغداد بـۆ ئـێمە لـێرە بـە ئـالأی عـێراقی قـبوڵ بکـەین. بەنیسـبەت هەڵبژاردنیشـەوە بەڕاستی پەرلـەمان ئـەوە چـەند سـاڵی بەسـەردا تێپەریوە ئەوە داواکاری هەموو خـەڵکی کوردسـتانە کـە هەڵبژاردن بکرێت، ئەوە لیژنەشی بۆ پێکهاتووە و هەڵبژاردنەکەش هەروا وردە وردە دوا دەکەوێت، بۆیـە داوا دەکـەین بـۆ ئەوەی خواستی میللەتەکەمان بێتە دی تا بکرێت زووتر هەڵبژاردن بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز نهلە خان فەرموو.

**بەڕێز نهلە محمد سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسـبەت تـەداخولی تورکیا، حـەز ناکـەم دووبـارە قسـەی مامۆسـتا دووبـارە بکەمـەوە. چـەند تێبینییـەکم هەیـە لەسـەر فیدراڵیەت، تەبعـەن بەنیسـبەت فیدراڵیەت ئەگەر ئیستجابە هەبوو لە مەرکـەزەوە، ئێستا ئـێمە شێوازی کارکـردنامان زۆر زۆر دوورە لە شێوازی کارکردنی هەر هێزێکی سیاسـی بیەوێـت قسمێك لـە دەسەڵات و بڕیار بە دەست بێنێت، ئێمە تا ئێستا نەمان توانیوە دوو قـەزا یـەك بخـەین جا دوو ئیدارە و، هەروەها تا ئێستا کە لە ساڵی ١٩٩٢ ئیعلانی فیدراڵیەت کراوە لـە کوردسـتان زۆربـەی لـە سنووری دروشمی تێنەپەڕاندووە، ئێمە هەوڵبدەین لێرەوە هەڵوێستمان یـەك بخـەین و یـەك هەڵوێستمان هەبێت، هەڵوێستی سیاسی و دەزگاییمان هەبێت و، هەروەها تا ئێستا لـە کوردسـتان کۆنفـراس و سیمینار و گفتوگۆی سیاسی ڕێك نەخراوە بۆ ئەوەی فیدارڵیەت زیاتـر پـەرە بسـێنێ و باسی لێ بکرێت، بۆیە ئێمە مەفروزە ئەگەر هاتوو لەمەرکەزەوە ئیستیجابە هـەبوو بـۆ دانـی فدرالییەت بـۆ کورد، پێویسـتە ئـێمە خـۆمـان ئامادەبکەین بەڕاستی ئیشەکی زۆر قورسـە، یەکـەم بەدیموکراسـی کـردنی کوردسـتان، چـونکە زۆر زەحمەتـە سـبەینێ ئەگـەر فدرالییـەتمان وەرگـرت مەفـروزە خۆمـان یەك خەین وبکەینە یەك ئیدارە و هەرەها ئیستعدادمان هـەبێ هەرسـەرۆکی حزب و هەرهێزێکی سیاسی و سەرۆك هۆزو، ئایە چۆن چۆنی ئەو دەستەڵاتە تەسـلیم یاسـاو دادگادەکرێـت، یعـنی ئـەوە هـەموو ئیشـی دەوێـت بـۆی بکرێـت هـەروەها ئـەو ملاحەزانەم هەبوو زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئەحمەد شەریف فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی هاتنی سوپای تورك، هەموو کورد هەڵوێستیان یەکە، پێموابێ مناقەشەکەی ئێمە زیادە، چونکە قیادەی سیاسی ئێمە و هەموو جەماوەری کوردستان و هەموو حزبەکان بە پەرلەمانیشەوە، بە هەردوو ئیدارەکەوە یەك رەئیمان هەیە، کێشەیەك ئەگەرهەبێ یەعنی هەموو کورد ناڕازییە بەهاتنی سوپای تورکیا بۆ عێراق، دەربارەی فیدراڵێ و دەستوور پێم وابێ فیدراڵی و دەستوور ئەو هەوڵەی برادەرانی کورد لەمەجلیسی حوکم دەیدەن کارێکی باشە تەئسیرێکی زۆریان لەسەر ئەفکاری کاربەدەستانی حوکم لەعێراق کردوە کەمەسئولیتی ئەحزابی سیاسی کە ئێستا لە مەجلیس حوکم دان وهەتا ئەو کەسانەی لەخاریجی حوکمیشن ئەو کارە بەردەوام بێت لە مەجلیسی حوکم بۆئەوەی تەئسیر لەسەر رەئی عالەمی عەرەبی بکرێ، پێم وابێ شتێکی خراپ نیە، بەلأم ئەو فیدراڵییەی کەئێمە بەتەماینەو چەند ساڵە ئاواتی بۆ دەخوازین و بەتەماینە بەم شێوەی ئێستا، کە دوو ئیدارەیە پێم وایە ئەمە زۆر زەحمەتە و ئەمریکاییەکانیش هاتوونەتە سەر ئەم قەناعەتە کەفیدراڵی نەدەن بەکورد، دەربارەی ئایە ئیدارەی کورد دەبێ یەك بگرێتەوە یان نا؟، لەبەر ئەوەی پەرلەمان موعاریزە چۆن ئیدارە دەبێتە یەك، مام جلال و کاك مسعود و هەردوو قیادەی سیاسی موسیرن لەسەرئەوەی ئیدارە ببێت بەیەك، ئەوەی موعاریز بێت پەرلەمانە، دەئێوەش قەرار بدەن و فەرزکەن لەسەریان بڵێن کاکە قەرارمان دا ئیدارە بکەنەوەیەك، ببێت بەیەك، چونکە دیارە پەرلەمان موعاریزە، دەنا هیچ کەس موعاریزی یەك بوونی ئیدارەکان نییە، بۆیەمن داوا دەکەم پەرلەمانیش رازی بێت، ڕجای لەبرایانی ئەندام پەرلەمان دەکەم، ڕجایان لێ دەکەم ئێستا رازی بن و بریاربدەن هەردوو ئیدارەکە ببێت بەیەك، هەردوو ئیدارەکەش نەبێت بەیەك کورد دەڵێت دەستمان لە دڕایی جواڵ دێتە دەرەوە، یەعنی لە ئاخیری دەست بەتاڵ دەبین و هیچمان بۆ نابێت و بۆ ناکرێتن، بەنسبەت هەڵبژاردن، هەڵبژاردن ئەگەرهاتو لەعێراق دواکەوت من پێم وایە لە کوردستان فورسەتە، ئەو مەجالە هەیە ئیحسابکرێت، هەڵبژاردن بکرێت و خەڵکی کوردستان بە ئازادی رەئی خۆی بدا، چونکە بەڕاستی دوانزە جیل مەحرومە لەدەنگ دان، دوانزە نەوە زۆرە بۆ دەنگ دان، گاڵتە نییە یەعنی دەتوانم بڵێم سێ یەکی خەڵکی کوردستان ئێستا بێ بەشە، بۆیە ئێمە دەتوانین لەکوردستان دا ئیحسایەك بە زووترین کات بکەین و هەڵبژاردنی خۆمان بکەین، لە سەرعێراق ڕانەوەستین، چونکە زروفی عێراق بەم شێوەیە ئێستا کە دەڕوات بەڕێوە، من پێم وایە زۆر دەکێشێ، ئەو ئاگرەی عێراق ئاوەکی زۆری دەوێتن، بۆیە ئێمە خۆمان لەسەرەوان تائخیرنەکەین، هەویرەکەش ئاوی زۆر دەوێت و ئاشەکەش ئاوی زۆر دەوێتن، ئەوەش هەر دەبێتن، دەربارەی ئاڵای کوردستان لەسەر ئاڵای کوردستان کەس مناقەشەی نییە، بەلأم ئیقتراحەکەی کاك مەلا شاخی جوان بوو دەڵێت هەروەختەك عێراق ئاڵایەکی بوو، کەدروشمی، شیعاری کوردیشی تیابوو، ئەو کاتی شان بەشانی شیعاری کوردستان بەرزبکرێتەوە، لام وایە شتەکی زۆر پیرۆزە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك علی عبدلله فەرموو.

**بەڕێز علی عبدالله احمد:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دەنگ و باسێکی زۆر بلاّو بوویتەوە لەناو خەڵکی و میدیایەکانی دونیاش دا باس دەکرێت، بەتایبەتی لەرێگەی ئینتەرنێتەوە کەوا کۆمەڵە خەڵکانێك هەن لە کوردستان فایلیان هەیە، ئەوانەی پەیوەندیان بەدام و دەزگا کانی رژێمی عێراقی پێشوە هەبووە، ئەمە دەنگۆیەکی خراپی هەیە لەسەر خەڵکی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی کەوا پلەو پایەی حزبییان هەیە، یا پەرلەمانیان هەیە یاخەڵکی موتەنەفیزن لەم کوردستانە، بەلاّم تا ئێستا هیچ کەسێك و هیچ لایەك خۆی نەکردووە بەخاوەنی ئەم جۆرە خەڵکانە، ئەم وەزعە بڕیارێکی لەسەر بدرێت، بەتایبەتی ئەم حزبانە دەتوانن لەرێگای لیژنەی تایبەتییەوە دوای لێکۆڵینەوە بڕیاری تایبەتی خۆیان بدەن و بیخەنە بەردەم خەڵکی، بۆ ئەوەی ئیتر ئەو قسەوقسەڵۆکانە کۆتاییان پێبێ و تەئسیراتی سەلبی لەسەر دڵ و دەروونی خەڵك دروست نەکات، بەتایبەتی لەم رۆژگارەدا کورد بەقۆناغێکی زۆر تایبەتا تێدەپەرێت، من پێم باشە لێرەوە کارێکی باش بکرێتن ئەو مەو زوعە کۆتای پێبێتن و بۆ خەڵکیش دڵنیاییەك دروست ببێت، دەربارەی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان، ئێمە نازانین ئەم دوو ئیدارەیە بۆ یەك ناگرنەوە؟ تائێستا کەس نازانیت ئەم دوو ئیدارەیە بۆ یەك ناگرنەوە لەلایەن هەردوو حزبەکەوە، تائێستا کە کەس نەهاتووە بڵێن ئەم دوو ئیدارەیە سەبەبەکەی هەڵبژاردنە، دەستەلاّت داریەتیە، هەربابەتێك لەم بابەتانە تائێستا کەس دانی بەوە نەناوە ئەوە بۆچی و هۆکاری سەرەکی چییە کەیەك نەگرێتەوە، هەروەکو کاك ئەحمەد باسی کرد بڵێن ئەوە هەردوو حزبەکە و، هەردوو سەرۆك و سکرتێرەکەی و خەڵکی تریش پێی خۆشە ئیدارەکان یەك بگرنەوە، بەس پەرلەمان ماوە، پەرلەمان با بڕیارێك بدات، من ئەسلەن بەگومانم لەوەی پەرلەمان گەورەیە یاحزبەکان گەورەن، باوەڕم بەوەنییە ئێمە بتوانین لەدەرەوە ی حزبەکان قەرارێکی تایبەتی بدەین ببێتە هۆکارێك بۆئەوەی پەرلەمانیش ئیشەکانی جێ بەجێ بکاو، پێشنیارەکەی کاك شێخ یەحیاو ئەو یش زۆر لەجێگای خۆی بوو کەباسی ئەوە بکرێتن دەسەلاّتی پەرلەمان دیاری بکرێت، تا ئێستا ئەو دەستەلاّتەمان نییە، بەڕاستی حەقە بیر لەو مەوزعانە بکرێتەوە، من دەربارەی ئاڵاکان، ئەویش وەکو کاك مەلا شاخی گوتی موزایەدەی پێوەنەکرێ، خۆی لەم پەرلەمانە ئاڵای عێراق دەرکرایە دەرەوە، پێویستە ئاڵای عێراق نەمێنێت، ئاڵای کام عێراق؟ عێراقی ئایندە دیارنییە، ئاڵای پێشووش تەمسیلی خەڵکی عێراق ناکات بەتایبەتی کورد، جگە لەمە ئەم ئاڵایەی کوردستانەش لەوانەیە نەبێتە ئاڵای فیدراڵیی بۆ ئایندە، دەبێت بیر لە وەش بکرێتەوە کە ئاڵای فیدراڵیی کوردستان چۆن دەبێت، لەگەڵ رێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسول فەرموو.

**بەڕێز عزالدین مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایان سەرۆکایەتی پەرلەمان، برایان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئەوە بۆ چەند ساڵە بڕیاری فیدراڵیمان دایە، هەرلێرەش وابزانم وترا مەسەلەی ئێمە لە عێراقدا مافی نەتەوەی کوردە، مافی میللەتی کوردە پەیوەندی خۆی لەگەڵ مەرکەزا دەست نیشان بکات، ئەو کاتە موناقەشە دەکرا لەناو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا، کە ئەمە دەبێ پەرلەمانێکی عێراقی بێ و بڕیار بدات فیدراڵی بدات یان نا، ئێمە گوتمان ئەو کاتە ئەگەر پەرلەمانێکی عێراقی لە عێراق عەرەب بەشی زۆرە، ڕەنگە لە ئیران و تورکیا وا نەبێت میللەتی تر هەیە تورك یان فارس، خەڵکانی تر زۆرترن، بەڵام لە عێراق ئەگەر پەرلەمانێك هات بەو پەڕی دیموکراتیشەوە بڕیاریدا کورد هیچی نەبێت، ئێمە دەبێت چی بێکەین؟ بڵێین باشە، نەخێر. ئەمە ئەنجامی تێکۆشانی خۆمانە، دەبێت ئێمە جارێك ئەمەیان تێبگەیێنین لە هەموو حزبە نیشتیمان پەروەرەکانی عێراق، لە هەموو دەسەڵاتەکان، کە ئەمە حەقی ئێمەیە، ئێمە تەنازولی لێ ناکەین، هەر چەندە لە سیاسەتا تەنازول هەیە، ئەمەیان جارێك دەبێت تەسبیت بکەین لەگەڵ ئەنجومەنی حوکما، پێش ئەوەش کە دەستوورەکە دانرێت، دەبێت فشار بخەینە سەر دەستوور دانەرەکان، کە فیدراڵیەتەکە جۆری دەرخەن، چونکە ئەو جۆرانەی کە ئێستا باس دەکرێ ئەوانە نین کە ئێمە دەمانەوێت، ئێمە دەمانەوێت فیدراڵی بەشێك بێت لە مافی کورد، ئەوەی کە کورد داوای دەکات، خۆ ئۆتۆنۆمییەکی دابوو (صدام) بەڵام وای شێواندبوو، کە کورد قێزی لە ئۆتۆنۆمی ببێتەوە، ئەگەر جوانترین دەستووری ئۆتۆنۆمیشی بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوەی وابزانم کاری بۆ بکرێ و لام وایە فەیناکە، باوەڕم بەوە هەیە کە سەرکردەکانی کورد و حزبەکانی کورد هەموو لەگەڵ مەسەلەی کوردان و، ئەو قسەو قسەلۆکانەی، موزایەدەکە لەدەرەوە بەعزی خەڵك دەیکا، جێی باوەڕنییە لای ئێمە، چونکە لەمەیدانەکە دەژین، ڕەنگە ئەوان بەئاشکرا نەیان کردبێتن، بەڵام ئێمە دەزگایەکمان هەیە کە پەرلەمانە، بائەو ڕێگەیە بدەن بەئێمە، بائێمەش قسەبکەین، ئێمەش یەکسەر نوێنەری پەرلەمان جەنابتان لەگەڵیانابوو، سەرۆکی پەرلەمان چەند کۆبونەوەیەك لەگەڵ دابوون، باوەك سەرۆکی پەرلەمان لەوێ بیت، جەنابت لە چەند کۆبوونەویەك دیومە لەوێ بوویت، لەئەنجومەنی حوکم، باوەك سەرۆکی پەرلەمان قسە بکەیت، ئەوان یەکێ دەڵێ پەرلەمانە ڕاستە لیستی دوو حزب یا چوار حزب لە پەرلەماندا هەیە، برادەرانی زەحمەتکێشانیش لە لیستی یەکێتییە، برایانی ئاشوریشی تیایە، ئەمە ڕای چوار حزبە با تۆزێك بەرزتر لە بەینی حزبەکان خۆشیان و سەرکردەکان، خۆشیان لەگەڵ هەموو خۆشەویستی و ڕێزمان بۆیان، دەنگی پەرلەمان بەرزکەنەوەو بڵێین ئێمە فیدراڵیمان دەوێ بەم جۆرە، ئەگەر بەم جۆرە بڕیار نادرێت میلەتی کورد قسەیەکی تری هەیە، پێم وایە بەم جۆرە بکرێت و ئیشیشی بۆ بکەین، ئەوەش کە گوتیان ئەوەندە دەڵێم ئیدارەکان یەك نەخەینەوە قسەمان زۆر ناڕوات، حەفتەی پێشوو لێرە لە وتاری هەردوو سەرکردە کە خوێندرایەوە، هەردووکیان بە دڵنیاییەوە دەڵێن دەبێت ئیدارەکان یەك بخرێنەوە، باشە ئێمە پەرلەمانین، ئەندامی پەرلەمانین سەر بە لیستی ئەو دوو حزبەین و دۆستی ئەوانین، یان زۆربەی ئەندامی ئەو دوو حزبەشە، با بێن پێمان بڵێن بۆ چی؟، وابزانم کارێکی زۆر گرانیش نییە،

سوودێکیش لە تەجروبەیەك وەربگرین، ئێمە ئەو پەرلەمانە، پێشتر پەنجا بە پەنجا بوو، هەر چەندە لیستی زەرد پەنجاو یەکیش بوو، چونکە کاك سەرکیس ئاغا جانیش لەو لیستە بوو لە لیستی برایانی ئاشوری نەبوو، باشە هیچمان هەست پێ کرد؟ کە جیاوازیێك هەیە، ئێستا هیچ هەستمان بەوە کردووە کە چل و نۆ و پەنجاویەکین، ئەگەر تەنازولێکیش لەناو حکومەتەکە بۆ حوکەمەتەکەی تر کرا سەربەرزییە بۆ ئەوەی تەنازولەکە دەکات، ماوەی ساڵێك زیاتر کە کاك قادر جەباری وەزیری داد لە حزبی سۆشیالستەوە یەکیان گرت، چوونە ناو پارتییەوە، پارتی وەزیرێکی زیادی هەبوو کە وەزارەتیش بە ففتی ففتی دابەش کرابوو، نە کەس هەستی پێ کرد، نەکەس باسی کرد نە کەسیش ئیعتزازی گرت، کاریش بەباشی ڕۆیشتبوو، ئێستاش وابزانم پێنج بە شەش بێت، شەش بە حەفت بێت، جۆرە تەنازولێك با بۆ یەکتر بکەین، دەزگاکە میللەت دەیەوێت یەك بێتەوە، حکومەتەکە یەك بگرێتەوە، با یەك بخرێتەوە، ڕێك بکەوین، لەسەربودجەش دەتوانین ڕێك بکەوین، فلان لا زیاتری هەبێت، فلان پارێزگا زیاتری هەبێت، ئەگەر نیەتمان باش بێت ئەوە بکەین، ئەوجا باسی فیدرالیەکەش بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز پرۆفیسۆر عزالدین، ئەمە لەم وەرەقەیە حەفتمان تەواو کرد، دەچینە سەر وەرەقەکەی تر، بەڕێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر هاتنی جەیشی تورکی بۆ عێراق برادەران زۆر قسەیان کرد، پێویست ناکات من دووبارەی بکەمەوە، چونکە ئەگەر هاووڵاتیان بیان زانیبایە ئەمڕۆ بەڕاستی هەموو ئەڕژانە ناو حەوشەی پەرلەمانەوە. لەسەر ریفراندۆم نازانم ریفراندۆم لەسەر چ بکرێت، ئەگەر بۆ سەربەخۆییە حەز دەکەین ریفراندۆم بکرێت و ڕای گشتی وەربگیرێت بزانین سەربەخۆییە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان بڕیاری فیدرالیەتی دا لەو پەرلەمانە بەکۆی دەنگ، سوپاس بۆ خوا کە یەك دەست بووین و دوایی هەموو حزبەکان ڕەزامەندی خۆیان لەسەر دەربڕی بۆ فیدرالیەت، بەڵام ئێستا ئەوە هەیە کە لە خەڵکەکە بگەیەنرێت کە ئەو فیدرالیەتی ئێمە دەمانەوێت، هەندێك تا ئێستا نازانێ فیدرالی چییە، هەندێك نازانێ باسی فیدرالی چۆنە، چیمان داوا کردووە ئێمە و، هەڵبژاردنیش هەتا سنووری کوردستان دیاری نەکرێت ئایە ئێمە ئێستا لە دهۆك و سلێمانی و هەولێر هەڵبژاردن بکەین یەعنی چیمان کرد، کەواتە ئێمە خۆمان وا دەکەین کە کەرکووك و شەنگار و خانەقین و مەندەلی ئەمە کوردستان نییە، هەتا مەوقیعی جوگرافی کوردستان دەست نیشان نەکرێت و، ئەو شوێنانە نەگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردن لە کوێ بکرێت؟ بەنیوە چڵی، ئایا ئەمە زەربە نییە بۆ کوردستان. باسی ئاڵاکە، ئەو ئاڵایەی کە ئێمە دەمانەوێت لە حکومەتی ئایندەی دامەزاوی عێراقدا، هەمووومان ئیمانمان بەوەیە کەئاڵای کوردستان لەگەڵ ئاڵای تازەی عێراق دابێ کەدورشمی کوردستانیشی پێوە دیاربێت، بەڵام ئەم ئاڵایەی کەهەموو ئەنفال و کیمیا باران کراین بشکێتەوە لەسەرسەری خۆمان، وابزانم هەموو

رۆژێ گۆڕی بەکۆمەڵ دەکرێ، یەکبوونی هەردوو ئیدارەکەش هیواو ئاواتی هەموو میللەتی کوردی ڕێزدارە لەگەڵ ڕێزم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بەڕێزان هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەم ڕەئیەیان هەیە، نەتیجە عەینی هەموو قسەی یەك دەکەینەوە، بەڕێز فەوزیەعزالدین فەرموو،

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەنیسبەت هاتنی سوپای تورکیاوە، ئەوە ڕەئی هەموو گەلی کوردستانە، ئێمە لە خۆپیشاندنەکەی پێش شەڕی ئازاد کردنی عێراق بۆمان دەرئەوت کە ڕەئی هەموو گەلی کوردستان چۆنە و هەمان رئیان هەیە ئێستاش، بەلام من وەکو پەرلەمان پێم باشە یاداشت نامەیەك بدرێتە حاکمی مەدەنی عێراق، بۆ تەئکید کردنەوە، وەکو پەرلەمانی کوردستان، وەکو وەسیقەیەکی مێژوویی بمینێ لای ئێمە وئەوان، ئێمە بەتێکرای دەنگ ناڕازین بەهاتنی سوپای تورك، لەکوردستانەوە بێت یان بەفڕۆکە بیانبەن بۆ فەلوجە ،ایانێن یان لە هەرشوێنێك بێت ئەمەیەك، بەنسبەت ریفراندۆم زۆر باسی لێوە دەکرێت لەرۆژنامەکان، کەناڵەکان، بەڕاستی ئێمە دەبێت بزانین ریفراندۆم بۆچی بابەتێ ریفراندۆم، بۆ سەربەخۆیی، بۆ فیدرالیەت، بۆ فیدرالیە پەرلەمان بڕیاری خۆی لەسەرداوەو پرۆژەی تەقدیم کردوەو پرۆژەش لای مەجلیسی حوکمە و، ئەمە بڕاوەتەوە، بەنیسبەت فیدرالیشەوە، فیدرالییەکەم پێ باشە، ئەگەر تەئکیدێك بکرێتەوە لە پەرلەمانی کوردستان، چونکە فیدرالیەت زۆر کەمە بۆ میللەتی ئێمە، هەر چەندە ئێمە لە پەرلەمان بڕیاریشمان لەسەر داوە، بەلام بارودۆخەکە گۆڕاوە، ئێمە دەتوانین تەتویری پێ بکەین، ئێمە دەتوانین زیادی بکەین، هەر نەبێ بیکەین بە فیدرالی جوگرافی، نەوەکو ببێتە فیدرالی ئیداری، چونکە ئەگەر فیدرالی ئیداری بێت، بەڕاستی میللەتی کورد مەغدور دەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ فەوزیە خان، بەڕێز زهراء حاجی فەرمووە.

**بەڕێز زهراء حاجي طه سليڤانى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان ئەڤە ماوەیەکە خەلك دەترسێ و لە قەلەقدایەو لە ناڕەحەتی دەژین، لەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیا دەربارەی هاتنی سوپای تورکی بۆ عێراق. لە سەرانسەری عێراق خەلك دژی هاتنی سوپای تورکن، چونکە هەر کەسێ دەزانێ مەرامی تورکیا لە ناو خاکی عێراق ژبۆ پاراستنا بەرژەوەندی خۆیە، هەروەصا هاتنێ سوپای تورکی دەرگایەك ژبۆ ئێمە ئاڤا دەکاتن، چونکە دەولەتەکانی تریش ئی دەوروبەر ئەوانیش بێهێنە ناو خاکی عێراق و بەرژەوەندی خۆ بپارێزن، لەوەش پشتگیری پێشنیارا هەڤالی خۆ دەکەم کو یاداشت نامەیەکی پەرلەمان دەربکەڤێت کە چۆن تورکیا، خەلکی هەمووی رازی نینە بۆ هاتنی جەیشی تورکی و خۆپێشاندانێ بکرێت دژی هاتنێ

سوپای تورکی بۆ ناو عێراق، ئەمەش یاداشت نامەیەکی دەرکەڤێت لە پەرلەمانی کوردستان هەموو پێکەوە دژی شەڕێ بن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزکاك سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستی دا ئەو مەوزوعانە هەموویان قەزایای مەسیرین، کەخودی واجبی پەرلەمانە، هەروەك لەنیزامی داخیلی نووسراوە کەباسیان لێوە بکرێتن، بەلاّم ئەو مەوزوعەی، کەمن هەڵم بژاردووە ودەست نیشانم کردوە قسەی لێبکەم، مەو زوعی تەوحیدی ئیدارەتە، بەڕێزان کاك مسعود و مام جلال لەهەموو شوێنێك و جێیەك باسی یەکگرتن دەکەن، باشە کێ دەستی گرتوون کەخۆیان خاوەنی بڕیارەکانی نیهائینە. من پێشنیار دەکەم بۆ هەردوو ئیدارەکە لەبەرئەوەی لە ئیتیفاقی واشنتۆن لە ساڵی( ١٩٩٨) دەرچووە تا ئێستا دەکاتە پێنج ساڵ، تا ئێستا ئەو هەنگاوانەی هاوێشتراون، خراپ نین، بەنیسبەت یەکگرتنەوەی ئیدارەکان، بەنیسبەت نەمانی شەڕ، ئەوە هەموو شتی باشن، بەلاّم بە قەناعەتی من ئەگەر سەقفێکی زەمەنی دابنرێت بۆیان بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان مانگەك بێت یان دوو مانگ بێت حەسم بکرێت، پاشان ئیعلان بکرێت لە تەلەفزیۆن لە ڕادیۆ و لە پەرلەمان کە کێ سەبەبی حەقیقییە، چونکە بەڕاستی ئەوە قەزیەیەکی مەصیریە دەبێ حەسم بکرێتن، خاصەتەن لەو زروفەی دەبینین جەیشی تورکی بەبێ ڕەئی میللەتی کوردی داخیلی عێراق دەبێتن، دەبینین مەوقفی تورکیا چۆنە بەرامبەر بە ئێمە، دەبینین مەوقفی ئێران چۆنە بەرانبەر ئێمە، مەوقیفی دەوڵەتانی عەرەبی چۆنە بەرانبەرئێمە، ئێمە تائێستا لەلای خۆمانەوە یەکگرتوو نەبین، ئەوە فەرموو ئەمریکا دەڵێت من فیدراڵیەتی محافەزاتتان دەدەمێ، یەعنی ئێمە دەگێڕێتەوە بۆ ٣٥ساڵ لەمەو پێش، لە قانوونی محافەزات ئەو حەقەی دایتە ئێمە ئیعتراف هەتا هەتا بەئیقلیمەکەی ناکەن، ئەگەر ئێمە خۆمان یەك نەبین باشە چۆن چاوەڕێ بکەین عالەم لەگەڵمان باشبێت؟ چۆن دەتوانین مەوقیف وەرگرین ئێمە؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەوزوعی هاتنی سوپای تورکیا تەبعەن وەکو ئاشکرایە ئێستا ئەو بڕیارەی دەرچووە لەلایەن حکومەت و پەرلەمانی تورکیاوە، بەلاّم ماوەتەوە لەسەر کات و شوێن و ژمارەی ئەو سوپایەی کەدێتن بۆ عێراق، بەداخەوە بەهاتنی ئەو سوپایە، ئاناڕامی دروست دەکات لەعێراق و بەتایبەتی لە کوردستان، بۆیە ئەو ئارامییەی کەئێستا لەکوردستاندا هەیە، دەبوایە پێش دانیشتنی پەرلەمانی تورکیا بۆ مناقەشەی ئەو مەوزعەو بۆ هاتنی سوپای تورکیا خۆپیشاندان بکرابایە لەکوردستان، چونکە دەبینین ئێستا لەتورکیا خۆپێشاندان دەکرێت دژی هاتنی ئەو سوپایە، باشە

بۆ لەکوردستاندا نەکرێت دژی هاتنی ئەو سوپایە، کە دەبێتە مایەی نائارامیەك لە کوردستان، بەسوپاسەوە وەکو ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بووە مایەی سەرفرازی و رزگاربوونی گەلی عێراق و گەلی کوردستان بەتایبەتی لەنیزامی دیکتاتۆری سەدام حوسێن، ئێستا بەداخەوە پرسیار هۆی پرسیاریەك دەردەکەوێت کەگوایە ئەمریکا مەسەلەن بۆ ئەو هەوڵدانە بدات بۆ هاتنی ئەو سوپایە بۆعێراق، بەڕاستی یەعنی ئو هەوڵدانە سەبەبی چییە؟ بۆ سوپای تورکیا بێ بۆ کوردستانی عێراق؟، بۆیە داواکارم لەبەرێزتان، پەرلەمانی کوردستان موزەکەرەیەك وەکو فەوزیەخان وتی ئاڕاستەی بەرێز پۆل بریمەربکات بۆ رەت کردن،وەی ئەو هاتنەی سوپای تورکیا بۆ عێراق، لەگەڵ رێزماندا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك عیدۆ بابەشێخ فەرموو.

**بەڕێز عیدۆ بابەشێخ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران تەقریبەن باسی هەموو شتیان کرد من بەکورتی باس دئەم بەنسبەت لەشکری تورکی و هاتنی بۆ عێراقێ، یەعنی مەزنترین دەسەلات نەها مەجلیسی حوکمیە ئەویش قبوڵ ناکات، ژبەر هەندێ ئەز دەبێژم ئەگەر یەعنی پێویست بێ و بلا حەتمیبێت عەلەلئەقەل ئەم کاری ئەمریکا قانیع بکەین کەئەو لەکوردستانە نێتە عێراقێ، یەعنی لە سوپا بێتن لە ئوردن بێتن جێێ کوردستانا نەبێت، مەسەلەن لە هەندێ محافەزات دیبن، یادوێ مەسەلەن فیدرالی و هەڵبژاردن و ئیدارە، ئەزبێژم یەکبونا هەردوو ئیدارە ڤەگرێدایە ئەگەر ئیدارەما هەردوو یەك گرتنا، ئیدارەکا یەکگرتیا هەبێت، هەم زەمینە بۆ هەلبژاردنا خۆشبیت و، هەم دەنگێمە بهێز بێت بۆ مەسەلەی فیدرالیی، وئەو لەچەشنا فیدرالی مە دڤێت، مەسەلەی سێ ناوچەرزگارکری کەمامۆستا مەلا شاخی باس کر من تەرکیز لسەر یەك مەسەلەی بکەم یەعنی هەندێ ناوچەی هاتیتە رزگارکرن بەس هەروەکو نەهاتینە، کەس ئاگای لێ نینە مەسەلە وەکو ناوچەی شەنگال و تلکێف و شێخان و حەمدانییە و زەمار و تەلەعفەرو هەتا نهۆ هێچ بایەخی وەسا پێنەهاتیەدان، هەتا نهۆ خۆ مەسەلن خوندنێ و بڕیارو هیچ و، تەربیە نەهاتیتە کرن هەتاکو نەهۆکانە. من هیچ منەزەمەکا خێرخواز ئینسانی نەچویە دەرێ ژبەر هەندێ هێڤیدارم ووتە ڤان ناوچەش بێتە کرن هەتا وەختێ بەحسێ ناوچەی رزگار کر، باسی کەرکووك و خانەقین هاتە کرن، باسی شەنگارو شێخانیش هاتە کرن، بەس وەکو عەمەلی هیچ وتەیەك نەهاتە کرن، کەسیش باسی نەکرد، هەروەکو ئەو زێر ناڤ هەردوو دەڤەرا زێیەکی گەلێك مەزنە، کەس نەشێت دەرباز بێت لێی. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان دەربارەی هاتنی لەشکری تورك، ئەوەی کە ئاشکرایە هاتنی ئەمجارەی لەشکری تورك جیاوازی زۆر هەیە لە گەڵ ساڵانی ( ٢٠٠١ )و( ٢٠٠٢)، ئێستا کە دێت مەجلیسی حوکم لە عێراقا هەیە، ڕژێمی سەدام نەماوە، تورك وەکو داگیرکەرێك یەت، بە قوەتێکی زۆرەوە یەت، لە شریتێکی حدودیا نامێنێتەوە، یاخود لە شارێکا نامێنێتەوە، یەتە نەك بە تەنها کوردستانیش، کوردستانیش بە جێ ئەهێڵێ، ئەچێتە ناو جەرگەی عێراقەوە، ئێمەش ڕابردوویەکی تاڵمان هەیە لە گەڵ تورکا، لە زەمانی عوسمانیەوە ئەگەر بۆ سەدان ساڵ مابێتەوە، ئەمجارەش بەرنامەیەکی وا دائەڕێژێت، لەبەر ئەوە ئەم گیرو گرفتە تەنها گیرو گرفتێکی کورد نییە، گیروگرفتێکی عێراقە، ئێمە هەوڵ بدەین ئەم گیرو گرفتە وەکو عێراق، هەوڵ بدەین لە گەڵ عیراقیەکانیشا، عیراقیش لە گەڵمانا هاوبەش بێت، بە تایبەتی برا عەرەبەکانمان هەوڵ بدەین بە یەکەوە موزاهەرە بکەین، هەوڵ بدەین بە یەکەوە مانگرتن بکەین، هەوڵ بدەین هەموو ئیشەکانمان لە گەڵ عەرەبا بە یەکەوە بێت، چونکە خەتەرێکە چەندە بۆ سەر ئێمەیە بۆ سەر ئەوانیشە، ئەمە تەئسیرێکی ئیجابیشی ئەبێت و، زیاتر بە دەنگمانەوە دێن، هەوڵ بدەین ئەگەر هەندێك مانگرتن بکرێت، لە زاخۆ یان لە مەنتیقەکانی تر عەرەبیش بێنین لەوێ لە گەڵمانا مان بگرن، هەوڵ بدەین بە هۆی ڕێکخراوە جەماوەریەکانەوە، بە هۆی شەخسیاتی کوردییەوە، تێکەڵ بوون لە گەڵ ڕێکخراوە جەماوەریەکانی عەرەب و لە گەڵ ئەحزاب و شەخسیاتی عەرەبیشا، هەموو بە یەکەوە، چونکە ئەم خەتەرە خەتەرێکە بۆ مستەقبەلی عیراقە، بە کوردستانیشەوە، ئەمە خاڵێکیان. خاڵی دووەم/ ئاڵا ، تەبعەن ئەو ئاڵایەی کە هەمانە ئێستا ئاڵای عیراق نییە، ئاڵای عیراقی مەلەکی، ئەوە دوای جمهوریەت هەموو ئەزانین گۆڕا، ئاڵای عیراقی جمهوری دوایی کە عبدالکریم قاسم هات ئاڵایەکی تایبەتی بوو، بەعس ساڵی ١٩٦٣ کە هات ئەو ئاڵایەی گۆڕی، ئەو ئاڵایەی کە هەیە ئاڵایەکی شۆڤێنی‌یە، ئاڵای وەحدەی عەرەبیە، ئاڵای عیراق و میسرو سوریایە، ئەو کاتەی کە بەو ئاڵایە جەیشی سوریا هاتە کوردستان، بەو ئاڵایە جەیشی عەرەب هات کوردستانی کاول کرد، ئاڵای ئەنفالە، ئاڵای کیمیابارانە، ئاڵای تەعریبە، ئاڵای تەبعیسە، بە ڕاستی شەرمە بۆ کورد لە ژێر ئەو ئاڵایە دانیشێ، شەرمە ئەو ئاڵایە بێ لە شوێنێکا ئەو لە بەریا دانیشێ، لە بەر ئەوە پێشنیار ئەکەم هەر لە ئێستاوە مەنع بکرێ لە کوردستانا هەڵبکرێ، لە هیچ ماڵێکا لە هیچ شوێنێکا، لە گەڵ لێبوردنم بۆ مام ڕۆستەم، چونکە ئەوە پێشنیاری مام ڕۆستەم بوو، من پێش ئەوە وتم داوای لێبوردنی لێ ئەکەم، بەڵام ئەزانم ئەویش بۆچوونەکەی وایە، لە بەر ئەوە داوا ئەکەم لەم کۆبوونەوەیە بڕیار بدرێ بە هیچ شێوەیەك ئەو ئاڵایە تا ئاڵایەکی تر بۆ عێراق نەکرێ ئەو ئاڵایە هەڵنەکرێ، ئێمە لە پرۆژەی دەستووری عیراقا، لە پرۆژەی پێشنیار کراوی دەستووری عێراقاین، خاڵی پێنجیان خۆمان پێشنیارمان کردووە، کە ئەو پرۆژەیە پرۆژەی هەموو حیزبە کوردوستانیەکانە، پەرلەمانی کوردستانیش بڕیاری لە سەر داوە، خۆمان وتوومانە عیراقی ئایندە ئەبێت ئاڵایەکی هەبێت، کە ئاڵای تەزامون بێت، کە ئاڵای برایەتی بێت، ئێمە خۆمان پێشنیاری

ئەوەمان کردووە، کەچی خۆمان ئەو پێشنیارە لا ئەبەین، شتێکی ڕابردوو بە کار ئەهێنین، لە گەڵ ڕێزما، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێخ جەعفەر، فەرموو شێخ مەزهەر.

**بەڕێز مظهر علی مصطفی کاکی هیرانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن بەڕێزتان جگە لەوەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمانن، مەبەستم جەنابتە لە گەڵ جەنابی کاک دکتۆر کەمال فوئاد، لە دەسەڵاتی هەردوو حیزبەکەش نزیکن، تاکو ئێستا لە چەندین کۆبوونەوە بەشداریتان کردووە بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە یا سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەتان کردیە، دەتوانن یەعنی لە نزیکەوە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕوون بکەنەوە، کە هۆی چییە تاکو ئێستا ئەو دوو ئیدارە نەبوویتە یەك و گرفتەکان چین و سەبەبی کام لایەنیشە؟ ئەگەر بە ئەزیەتی نەزانن. لە گەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێخ مەزهەر. بەڕێز جەنابی مام ڕۆستەم.

**بەڕێز حسن حمید رحیم(مام ڕۆستەم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕاستی زۆر باسی هەموو شتەکان کرا، بەڵام خۆی لە دوو خاڵا ئەبینێتەوە، بۆ مەسەلەی یەکگرتنی ئیدارەکان، ئەو دوو پیاوە بانگ بکەینە ئێرە لە پێش چاوی جەماوەر هەرچی نهێنی و ئاشکرایە بزانرێ و بزانین خەتای کامیانە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە، ئەمە یەك بۆ مەسەلەی یەکگرتنی ئیدارە، ئێمە ئەگەر خۆمان یەکنەگرین چۆن داوای کەرکووك و خانەقین بکەین، چۆن هەڵبژاردن بکەین، ئەمە ئەوە، لە هیچ شتێکا وەکو یەکمان نەگرتۆتەوە با هیچ نەبێت لە عەلەمەکەیا یەك بگرینەوە، عەلەمەکەی کوردستان لە هەموو شوێنەکانی کوردستانا ئەوە بکەین، ئێمە حەقە سەیری دوژمنەکانمان بکەین، لە دوژمنەکانمان هەندێك شت فێر بین، ئێمە دوژمنەکانمان بە خوێنی سەری یەك تینوون، بەڵام بۆ گیانی ئێمە یەکگرتوون، ئەی ئێمە بۆ بۆ حەقی شەرعی خۆمان یەکگرتوو نەبین بەرامبەر بە دوژمنەکانمان، جەیشی تورکی دێت ئەگەر ئێمە یەکگرتوو نەبین چۆن دیفاع بکەین، چۆن بڵێین جەیشی تورکی مەیەن، خۆ ئەبێت موزاهەرەکانمان یەکگرتوو بێت، قسەمان یەکگرتوو بێت، بەرامبەر بە دوژمنەکانمان هیچ نەبێت ڕەئیەکی یەکگرتوومان هەبێت، یەعنی لەوە دەرچووە، تازە هەمو و خەڵك هۆشیار بۆتەوە، وەڵڵا چوار وەزیری یەکێتی زیاد ئەبێ، یان پارتی زیاد ئەبێت، ئیتر وەڵڵا کورد ئەبێت بە دەوڵەت، ئێستا من بە قەدەر هەموو دنیام پێ خۆشە کاك هۆشیار زێباری ئەبینم بە سەرکەوتوویی لە هەموو عالەما ئەگەڕێ ، یەکەم وەزیری عێراقی کە تازە دامەزراوە کوردە، فەخرو شانازی پێوە ئەکەم و لە هەموو شوێنێکیشا باسی ئەکەین، یەعنی موهیم ئەوەیە ئێمە شتێك بۆ کورد دابپچڕین، نەك بۆ پارتی و یەکێتی، دوایی پارتی و یەکێتی بڕواتان هەبێت ئەچنە ناو تەئریخەوە بە خراپی، ئەگەر ئەمەیە، ئەمەش ئاخیر فرسەتە و هیچ سوپاسی ئەمریکاش ناکەم

بەش بە حاڵی خۆم یەك تۆز، ئەمریکا بۆ خۆی هاتووە، سەرکردەکانمان هەموو ڕۆژێك باوەشیان بۆ ئەکەنەوە لە زەمانی حەفتاو چواریش جەنابی مەلا مستەفا خوا عافوی بکات، لە ئەمریکا بوو لە واشنتۆن زانیان چیان بەو شۆڕشەمان کرد، ئیتیفاقی جەزائیریان کرد، یەعنی ئەمریکا ئەمەنە بێ ئاگاو فەقیرە ئاگای لە کورد نییە، ئەمریکا بۆ مەبەستی خۆی هاتووە، ئێمە ئەبێت ئەمە باشترین دەرفەتەو ئێمە بڵێین بەوە ڕازی نابین، خۆ نایەنە سەرمان بە دەست فەللوجەوە گیری خواردووە، یەعنی ئەبێت کورد ئەوەندە ترسنۆك نەبێت، ئێمە سیو پێنج ساڵ، چل ساڵە ئێمە شۆڕش ئەکەین سوپاسی بریمەرو نازانم زابتێ دێ هەڵئەخولێین بە دەوریاو هەڵپەڕکێی بۆ ئەکەین و ئەمە وانییە، ئەوە بۆ مەبەستی خۆی هاتووە، چووە ئەفغانستان بۆ مەبەستی خۆی چووە، هاتۆتە ئێرەش بۆ مەبەستی خۆی هاتووە، یەعنی ئەوە نییە ئێمە هەموو شتەکانمان ببەستین بە ئەمریکاوە، ئیتر ئێمە خۆمان وەکو کەڕەی شەربەت دانیشین و وەڵلا بزانین ئەمریکا چیمان بۆ ئەکات، وا ئەمریکا ڕازی نەبوو بە فیدراڵی، ڕازی نەبوو کەرکووکمان بداتەوە، خۆ ئەبێت دیسان هەڵوێستمان هەبێت، خۆ نابێت ئاوا چوار مشقی دانیشین لە سەر خانەقین و مەندەلی و بەدرەو جەسان و نازانم شەنگارو شێخان و کەرکووك و، کە باسی هەڵبژاردن ئەکەن، هەڵبژاردن هەتا کوردستان یەك نەخەین هەڵبژاردن لە کوێ ئەکەین، ئەگەر هەڵبژاردن وەکو ساڵی نەوەت و دوو بیکەین مەعنای تەواومان کرد، نیوەی کوردستانمان داوە بەوان هەر بە تەدعی، هەر بە خشکەیی لە بەر ئەوە حەقە ئێمە تۆزێ باش بیر بکەینەوە، هەرقسەی سەر تەلەفزیۆن و سەر جەریدەو ئەوانە نەکەین، ئەو دوو برادەرە بانگ بکەین ژن وپیاوی کورد، گەورەو بچووکی کورد، ئەوروپا هەرچی کوردی ئەوروپا هەیە هەمووی داوا ئەکات ئەم دوو ئیدارەیە بۆ یەك ناخەن، مەکتەبی سیاسی لێی ئەپرسن ئەم دوو ئیدارەیە بۆ یەك ناخەن؟ وەڵلا نازانم ئەی باشە مەکتەبی سیاسی چی؟ هەمووی چۆتەوە لای ئەو دوو پیاوە، ئەو دوو پیاوە بانگ کەینە بەردەم جەماوەر ئاوا من هەڵئەستم قسە ئەکەم، فەرموو خەتای کامتانە پێمان بڵێن، وەزیرێ کەمەیا زیادە هیچ موشکیلە نییە، ئەمڕۆ کورد خەریکە فلیمی ئەسووتێ، بڕواتان هەبێت ئاخیری ئەوەو ئاخیری فلیمی کورد ئەمەیە، ئالەمەیا بەشی خۆمان نەپچڕینەوە، ئەکەوینە ژێر زبڵەوە هەتا هەتایە، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مام ڕۆستەم بەڕێز کاك نیعمەت فەرموو

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕاستی ماوەیەکی دوورو درێژە، دەیان ساڵە میللەتی کورد هەمیشە بە خەباتی چەکداری یان بە خەباتی سیاسی، داواکانی خۆی ڕووبە ڕووی بەرامبەرەکانی خۆی دەکاتەوە، یاخود ڕووبەڕووی بەرامبەری دەزگاکانی( un) و دەزگاکانی دەولی دەکاتەوە، ئێستا کە ئەو بارودۆخە هاتۆتە کایەوە، ئەنجام ئێستا میللەتی کورد، خەڵکی کوردستان زۆر نەك سەیرە یەعنی شتێکی واقیعیە کە داواکانی خۆی ڕووبە ڕووی سەرکردایەتی خۆی دەکاتەوە، ڕووبەڕووی پەرلەمان دەکاتەوە، ڕووبەڕووی حکومەت دەکاتەوە، ڕووبەڕووی سەرکردایەتی سیاسی دەکاتەوە، باشە ئێستا داوای

میللەت هەتا کەی هەروا بمێنێتەوە؟ هەتا کەی پەرلەمان موتەفەرێج بێت، هەتا کەی ئەو خەڵکە گیر بخوات بەو مەشاکیلانەی کە هەنە؟ یەعنی ئێستا دەوڵەتان، ئەمریکا یان هاوپەیمانان کە دێن قسە دەکەن لە پەرلەمان یان لە شوێنێ، ئەوان دەڵێن کاکە ئێوە خۆتان باسی فیدراڵی دەکەن، خۆتان فیدراڵی محافەزاتتان جێبە جێ کردووە، باشە بۆ فیدراڵی محافەزات لە لایەکی کە جێ بە جێ ناکەن؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم یەکگرتنەوەی کوردستان چۆن حیزبی بەعس بە ڕاستی ئەگەر لێم نەگرن، چۆن مەترسی هەبوو و، شۆڤینیەتی بەعس چۆن مەترسی هەبوو، ئەو ناکۆکییە، یەعنی بەڕاستی ناکۆکیە، نەك یەکگرتن ئەگەرناکۆکێیمان هەبێ یەك دەگرین ئەو یەکگرتنەی ئیدارەی کوردی زەرووریەکی زۆری هەیە یەعنی مەترسیەکی زۆر گەورەیەو بەقەد ئەو مەترسیە، چونکە دوایی، ئێمە لەوانەیە تووشی کێشەیەك بین خۆشمان نەتوانین خۆمانی لێ دەرباز کەین، بۆیە پێشنیاردەکەم پەرلەمانی کوردستان دەستەڵاتی خۆی هەیە، ئەو دوو حکومەتە لێرە متمانەیان درایتێ، ئایا ئێمە دەستەڵاتمان هەیە بتوانین ئەو متمانەیە لەو دوو حکومەتە وەربگرینەوە و حکومەتێکی یەکگرتوو دابمەزرێنین، یەعنی پەرلەمان پێویستە هەڵوێست وەربگریت، هەڵوێستێکی جیدی بەرانبەر ئەم وەزعە نالەبارە و، دەربارەی جەیشی تورکی ئێستا بۆ مەترسیمان زیاتر هەیە دەنا خۆی ئەمریکا، تورکیا هەمووومان دەزانین دەیان ساڵە تورکیا بەخێودەکا، لەژێر سیاسەتی ئەمریکا، تورکیا دێتن، بۆیە پێشتر کە شەڕ بوو نەیدەتوانی بێت، نەهات باشە ئێستا کە ئاشتییە بۆ دێت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك نیعمەت بەڕێز گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبدالجبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەم بە نیسبەت هاتنی جەیشی تورکی، من لە گەڵ پێشنیارەکەی فەوزیە خانم و هاوشان ئەوەش من پێم باشە کە حکومەت تەعدیلی یەکە یەکە بکات، چ لەسلێمانی و چ لە هەولێر ڕێپێوانی هێمنانە بکرێ بۆ ئەو شتەو بۆ ئەو نارەزاییە، بە نیسبەت یەکگرتنەوەی ئیدارەکان منیش لە گەڵ ڕەئی برادەرەکانم ئەوانیش باسیان کرد، خاڵێکی تر لە بابەتی ڕیفراندۆمەکە، بە نیسبەت ڕیفراندۆم، ڕیفراندۆم خۆی کارێکی باشەو جەماوەر لە ڕیفراندۆما ئەتوانێ لە مەسەلە چارەنوسسازەکاندا بڕیاری خۆی بدات، بەڵام ڕیفراندۆم لە کوێ بکرێت، ڕیفراندۆم ئەگەر لەو ناوچانە بکرێت کە ئێستا ڕزگارکراون، ڕەنگە لە سەدا شەستی ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە، بۆیە من ئەڵێم ڕیفراندۆم ڕەنگە دوو مەرحەلە بخایەنێت، مەرحەلەی یەکەم بۆ ئەو ناوچانە بکرێت کە تازە ڕزگار کراون بۆ گەڕانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، مەرحەلەی دووەم ڕیفراندۆمێ بکرێ بۆ دیاری کردنی چارەنووسی میللەتی کورد، بە نیسبەت هەڵبژاردنیشەوە بڕوا ناکەم کەس لە ئێمە نەبێت حەز نەکات هەڵبژاردنەکە بە شێوەیەکی سەریع بکرێ و کۆتایی پێبێت، بەڵام هەڵبژاردنەکە بەڕەئی من بەبێ کەرکووك ناکرێت، چونکە کەرکووك لە لایەکەوە باسی ئەکەین دڵی کوردستانەو لە لایەکیشەوە باسی ئەکەین ئەڵێین قودسی کوردستانە، ئەگەر دڵ

و قودس بێت بە ڕەئی من تا ئەو نەگەڕێتەوە هەڵبژاردنەکەشان سەرکەوتوو نابێت، لە گەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز گەلاوێژ خان، بەڕێز کاك شێخ لەتیف عەبدولقادر.

**بەڕێز شێخ لطیف عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە بارەی ئەو خاڵانەی کە نووسران موناقەشەو گفتو گۆیان لە سەر بکرێ، هەموویان زەروورو پێویست بوون، بەلأم خاڵی یەکەم کە نووسرا هەموویان هەنگاوی یەکەم کە خاڵەکانی تریشی لێ کۆ ئەبێتەوە یەکگرتنەوەی ئەو دەو ئیدارەیە یان یەکبوونی کورد لە سەر بەندە ئەساسیەکانی نەتەوەی کورد، نموونەیەك بڵێین لە ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا ڕوکنی ئیمان هەیەو ڕوکنی ئیسلامیش هەیە، ئەوەی کە ڕوکنەکانی ئیمان پێشێل نەکات، ئەگەر هەندێك ڕوکنەکانی ئیسلامیش، بەندەکانی ئیسلامیش پێشێل بکات، بە لادەر لە ئاین دانانرێت، بە نیسبەت یەکبوونی خۆمان، یەکبوونی کورد دەتوانرێت خاڵەکانی دیکە هەموو بتوانرێ گفتو گۆی لە سەر بکرێ، مونافەسە سروشتی مرۆڤە، ئیجتیهادات و بیرو ڕای زۆر نەك هەموو مرۆڤێك ڕای لە گەڵ یەك نییە، ڕای جیاوازی هەیە بەلأم هەموو گیانداریێکیش ڕای جیاوازی هەیە، بەلأم ڕا سەرەکیەکانی مەصیری نەتەوەی کورد کە ئێستا لەو هەڵ و مەرجەدا وا ڕەخساوە، شتێکمان بۆ هاتووە لە دەستی نەدەین و ئینشالأ لە دەستیش ناچێت، بەلأم دوای نەخەین، بڵێین وەك نەتەوە یەکگرتووەکانیش یان خەڵکی دەوروبەرمان کە تەماشامان ئەکەن، پیاوێك کە بیەوێت، وەك نموونەیەك: ژن بۆ کوڕەکەی بێنێت، کە کوڕەکەی سەقەت و نەتوانێت خێزان بەخێو بکات، ژن و ماڵی بۆ دانانێت، نەتەوەیەك کە نەتوانێت مافی خۆی بۆ خۆی دابین بکات ئەوا مافی ئەوەی نییە کیانی دەوڵەتی هەبێت، جا ئەگەر ئێمە خۆمان یەك بگرین و یەك بگرینەوە شتێکی پیرۆزە، لە بارەی زۆر بوونی ئەحزاب، ڕاستە بیرو ڕا زۆر جۆری هەیە بەلأم زۆر بوونی ئەو ئەحزابانە زیاتریان لە کوردستان و یان لە زۆر جێیا بۆ هەندێك بەرژەوەندی شەخسیە، تاکو زۆر کەس ببێت بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، یان بە سەرۆکی حیزب یان بە ئەوە، بەلأم ئێمە وەك نەتەوەی کورد سەدەها ساڵە خەبات بۆ ئەوە ئەکەین و، زۆر ڕەخنەشمان لە میرنشینەکان و حیزبەکان، کە هاتنە کوردستان و خو یندەواری و ئەوشتەیان، دەرمانی کورد خوێندەواریەو فێر بوون و زانستەو، ڕەخنەیان هەبوو لە میرنشینەکان و لە ئەوانەو، هەتا میرنشینی لای ئێمە میرنشینی سۆران کاتی خۆی کە ڕووخا لە بەر خیلافی نێوانی عائیلەی خۆیان بوو، جا بەندە ئەساسیەکانی خۆمان و، خەڵکیش زۆر پرسیار ئەکات، وەکو جەنابیشتان فەرمووتان دەسەڵاتی پەرلەمان، ڕاستە پەرلەمان پێك هاتەی دوو حیزبە، حیزب ئەبێت هەبێت، شتێکی زەروورییە، حیزب یەعنی کۆمەڵە کەسانێك کە خەڵکێك ڕێك دەخەن لە سەر بیرو باوەڕێك و لەسەر هەندێك ئاوات و ئامانجەکان، جا بەڕای من وایە بەندی یەکەم یەکبوونەوەی کوردە، ئنجا مونافەسەو دەربڕینی بیروڕا لە سەر شتەکانی تر، ئەوە شتێکی سروشتییە، بەلأم ڕووخێنەر نەبێت، نموونەیەك بڵێین یەکەم هەنگاوی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لە سەر بێت کاتی

خۆی کە خوای گەورە کردی بە پێغەمبەر یەکخستنەوەی هۆزەکانی ئەوس و خەزرەج بوو، ئنجا چەندی دیکە، نموونەیەکی دیکە لە سەر یەهودو جوولەکە، ئەو کابرایەی کە وەختی خۆی پەیمانی لە گەڵ وەزیری خاریجی بەریتانیا، پەیمانی لە گەڵ بەستبوو بەلفۆر کاتێ کە پەیمانەکە هاتە جێ، نەتەوەی جوولەکە داوایان لەو پیاوە کرد، کە پەیمانەکەی لە گەڵ بەستبوو ببێت بە سەرۆکی جوولەکە وتی نا من بۆ ئەوەم نەکردیە ببم بە سەرۆکی جوولەکە، بۆ ئەوەم کردیە نەتەوەی جوولەکە لەو شتانە ڕزگار ببێت کە زۆرە، ئەوە نموونەیە، مەبەستم لەوە نییە پاکانەیەك بۆ ئەو پیاوە بکەم، بەس پەرۆشی نەتەوەی خۆ بوو،، نەتەوەی ئێمە پێویستی بە یەکبوون هەیە، هەموو ئینسانێکیش حەزی لە ڕێزو گەورەیبە، ڕێزو تەقدیر بۆ خەباتی هەمووان دابنرێت، یەکبوونەوەو یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە بە شتێکی واجب و زەروور ئەزانم بۆ ئەوەی نەتەوەی خۆشمان گلەییمان لێ نەکەن، لەگەڵ ڕێزوسوپاس.

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

زۆر سوپاس کاك شێخ لەتیف، تا کاك دکتۆر ڕۆژ ئەگەڕێتەوە، چونکە میوانی هەیە من کۆبوونەوەکە ئەبەم بەڕێوە، حەز ئەکەم ئەو مەسەلانەی تا ئێستا باس کراون ئەمانەن: هاتنی سوپای تورکیا، یەکگرتنەوەی ئیدارەکان، دەستووری عیراق، ناوچە تازە ڕزگارکراوەکان، تەعریب لە کەرکووك و شوێنەکانی تر، مەسەلەی فیدراڵی و ڕیفراندۆم، ئاڵای کوردستان و عیراق، هەڵبژاردن و ڕای هاوپەیمانان و فایلەکان، ئەگەر یەکێك لەو بەڕێزانە ئەیانەوێت قسەبکەن، ئەگەر لە سەر هەمان بابەت قسە ئەکەن، ئەوە پێویست ناکات دووبارەی بکەنەوە، بەلآم لە دوو حاڵەتا باشە قسە بکەن، یەکەمیان ئەوەیە ئەگەر ڕەئیەکی موخالیفیان هەبوو لە گەڵ ئەوانەی کە وتران، ئەو وەختە ئەتوانن قسە بکەن، یان ئیزافەیەکیان هەبوو ویستیان ئەو باسە نەختێك دەوڵەمەند بکەن، ڕوونی بکەنەوە، ئەگینا ئەگەر هەر هەمان شت دووبارە بکەنەوە، تکای هەندێ دەکەین کەوا لەو بارەیەوە قسەبکەن، ئێستا با کاك ئیبراهیم سەعید بفەرموێ

**بەڕێز أبراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلآ وا بزانم هەموومان نەفسی بۆ چوونمان هەیە، نازانم جا ئەگەر مەجالم بدەی ڕەئی خۆم بڵێم،

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

بەڵێ ڕەئی خۆت بڵێ ئەگەر شتێکی تازەی تیایە، یان ئەتەوێ ئیزافەیەك بکەی یان نەختێك ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەی باشە، یان ڕەئی موخالیفت هەیە.

**بەڕێز أبراهیم سعید:**

بەڵێ بە تەصەوری من هاتنی جەیشی تورکی بۆ عیراق، پەرلەمانی تورکی کراسێکی دیموکراتی خستە بەری، کەچی خۆیان مەجموعەیەکی ئەتاتورکی شۆفینین، بەراستی سیناریۆیەکیان دروست کرد و موخریجیان ئەتاتورکێکی شۆفینی بوو، لە بڕیاری یەك کە زانیان هێزەکانی تەحالوف هاتوونە بۆ ڕزگار کردنی عیراق، بۆ ڕزگارکردنی میللەتی عیراق کە کوردو شیعەو خەڵکی ترن، دژی وەستان و لە پەرلەمانی خۆیان ئەو سیناریۆیەیان دانا کە عەدەدێکیان زیاتر تەصویت زیاتر

له گەڵ ئەوە بێت کە قوەتیان نەیەت، یان قوەتی تەحالوف لە جەبهەی شیمالی داخیل نەبێت، کەئەوسا پێیان دەگوت و، زیاترو زووتر شەڕ تەواو ببێت، بەڵام لە بڕیاری دووەم کە ئێستا دەزانن ئێمە ڕزگار بووین، ئەوە نزیکە فیدراڵیەتی خۆمان مسۆگەر بکەین پێیان ناخۆشە، بڕیارێکیان دا هەر هەمان پەرلەمان و بە ئەکسەریەتی دەنگ حیزبی حاکم بڕیاریان دا کەوا ڕێگە بدەن بە قوەتی خۆیان داخیلی عێراق بن، مەعلومە لە پەرلەماناتی دونیا هەمووی، کە حیزبی حاکم قەرارێکی ستراتیژی بدات. ئیلزامی ئەندامی خۆی دەکات کەوا ل، گەڵ ئەو بۆچوونە بێت و لە گەڵ ئەو ستراتیژیە بێت، نابێت هیچ ئەندامی حیزبێك لە قەراراتی ستراتیژی کرۆس لە گەڵ حیزبی خۆی بکات وە، ئەگەر کردی ڕەنگە نەتائیجی خراپ بەسەر ئەو ئەندامەدا بێت، ئێستا کە ئەم وەزعە بە تەصەوری من و بە قەناعەتی عیراقیەکان چ مەجلیسی حوکم بن چ ئەکسەریەتی ئەحزابی عیراقی بن ئەوە موشکیلەی عیراق حەل نابێت، ئەمن و ئیستیقرار لە عیراق پەیدا نابێت بە هاتنی جەیشی تورکی، تەنها ئەمن و ئیستیقرار پەیدا دەبێت کە صەلاحیاتی زیاتر بدرێت بە مەجلیسی حوکمی ئینتیقالی، ئەوان با صەلاحیاتیان بدەنێ خاصەتەن صەلاحیاتی ئەمنی، میلیشیاتیان زۆرە ئەحزابە ڕەئیسیەکانمان، با ئەو میلیشیاتانە داخیلی قوەتیان بکەن، قوەتی نیزامی و ئەوانە بە تەواوی سەیتەرە لە سەر فەسادو سەیتەرە لە سەر ئەمن و ئیستیقراری عیراق دەکەن، ئەمما بە گوێرەی مەووزوعی یەکبوونی ئیدارە بە ڕاستی پێشتر کە باسی ئیجتیهادی میللەتی کورد دەکرا، پێش چەند ساڵێك یەکسەر دوژمنانمان دەیانگوت تەماشای خۆتان بکەن شەڕی ناوخۆ دەکەن، خۆتان کورد دەکوژن بە دەستی خۆتان، مافی چی باس دەکەن، ئێستاش کە باسی فیدراڵیەت دەکەین، ئەوانەی کە حەز ناکەن کە کورد فیدراڵیەت وەربگرێت، دەڵێن بۆ هەردوو ئیدارە نابنە یەك، ئەوە یەکەم شتە لەناو چاومان بدن، باچۆن تەجاوزی کوشتنی ناوەخۆمان کرد و سوپاس بۆخوا، پەرلەمان بووە یەك، بائیدارەی خۆشمان ببیت بەیەك و، نیشانی خەڵك بدەین، کەئێمەدەتوانین حەقی خۆمان وەرگرین، فیدرالیەتیش حەقی خۆمانە، یەعنی نابیتن کەسێکی تر بەدیلی من بی بۆدەنگدان، من ماڤ چارەنووسی خۆم دەبێت دەنگی لەسەربدەم، سابیقات هەیە لە تاریخی ئەم دەوڵەتانە، موقاتەعەی کویبك لە کەنەدا، شەعبی کەنەدی ئەوەی بەزمانی فەرەنسی قسەدەکەن لەموقاتەعی کویبك، ئەو دەنگی دا عەجەبە بمینێت لەگەڵ کەنەدا. یا ئینفیساڵ ببێت، شەعبی کەنەدی ترنەیان گوت ئێوە لەگەڵێیان دەنگ بدەن و، داوا لە قواتی تەحالوف دەکەین کە وائیحترامی ئەو دەستوورەی وئەو فیدراڵیەتەی کەئێمە ئیقتراحمان کردییە لێرە موناقەشەمان لەسەرکرد، ئیحترامی ئێمە بگرن، ئیحترامی میللەتی کورد بگرن و، ئەو فیدراڵیەتە ئیقرار بکەن و، سوپاس.

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

سوپاس کاك ئیبراهیم، ئێستا نۆرەی کاك ڕەجەب شەعبانە.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز بێژم کە پەرلەمان یەکەم دەزگای شەرعیەتە نەك هەر لە سەر ئاستی کوردستان بەڵکی لە سەر ئاستی عیراق هەمووی، ئەورۆکە کە پەرلەمانەکی هەڵبژارەی کە سەرانسەری کوردستانی

پشکدار بینە تێدا جێی شەرعیەتە، لەوە من پێشنیار دەکەم دەربارەی هاتنی جەیشی تورکی ئالێرە هاتنە پەرلەمان موزەکەرەیەکی توند بڵند بکاتن بۆ هێزی هاوپەیمان و ئەنجومەنی حوکمی ئینتیقالی عیراقی، کە ئیدانەی ئەمە بکات و نە قەبوول بوونی خۆی پێشان بدات بۆ هاتنی جەیشی تورکی. ئەگەر هێشتیان مەنع بکرێت باشترە، ئەگەر نا پەرلەمانی کوردستان خەڵکی جەماوەری کوردستان هەموویان تێ بگەیەنێ کە خۆپێشاندانێکی مەزن پێشان بدات و، هەمووی وەك دروعی بەشەری بن بۆ نەهاتنی جەیشی تورکی، نەك تەنها بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ عێراقێ هەمی. دەربارەی ئاڵای عێراق وابزانم ئاڵای نوێ تەمسیا: هەموو سوکانا عێراق ناکاتن، تەمسیلی خەبات و تەزحییەی میللەتی عێراق ناکاتن، وەك ئێمە. بەری خۆ دەدەینێ ئەم ئاڵایە هێ بەعسیانە بەتەنێ، نەك ئاڵای حکومەتی عێراقییە هی ئایندە، لەمرۆوە ئێمە بەری خۆ دەدەنێ، کە خوێنی میللەتی کورد تێدا هەی، پێشنیار دەکەم کە ئەو ئاڵایە بێتە گۆڕین و، هەر وەختێکی مەجلیسی حوکم لە عێراقێ کە ئاڵایەکی تر بێتە دەرخستن کە تەمسیلێ هەمی میللەتی عێراق بکاتن، ئەو کاتە بێتە بڵند کرن لە کوردستان، لەگەڵ ڕێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك رەجەب، فەرموو کاك نادر محمد قادر.

**بەڕێز نادر محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر هەڵبژاردن قسە دەکەم، دیارە لەو حاڵەتەدا لیژنەیەك پێکهات بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان کە لە یازدە کەس پێکهاتبوو، ئێمە دەزانین لە کۆبوونەوە تەقریبەن سێ کۆبوونەوەمان کرد، کۆبوونەوەکان زۆر باش بوون، شتی باشمان تاوتوو کرد، بەڵام بەڕاستی وەکو گوێمان لێ دەبێ لەو برادەرانەی کە ئەندامی ئەو لیژنەیەن، تەماشا دەکەین لە دانیشتنی تەلەفزیۆنیدا هەموو ئۆباڵەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان کە هەڵبژاردن ناکرێت، ئۆباڵەکە دەخاتە سەر لیستی زەرد، کە ئەمە بەڕاستی وانییە، منیش حەق نییە بەڕاستی ئەمە باس بکەم کە موزایەدە، بەڵام ئەم برادەرە موزایەدە دەکات کە گوایە پارتی ڕازی نییە کە هەڵبژاردن بکرێت، ئێمە ئەو لیژنەیەی کە پێکمان هێناوە یەکەم جەلسەو دووەم جەلسە و سێیەم جەلسە جەنابی کاك د.کەمال لەوێ بووە ئەویش ئاگادار بووە، باسی هەڵبژاردنمان کردووە چۆن بیکەین، ئەم هەڵبژاردنە لە هەولێر و دهۆك و سلیمانی بیکەین و، واز لە کەرکووك و خانەقین و سنجار بێنین، یان ئەوەتا حولەفا (بریمەر) یان مەجلیسی حوکم ڕێگامان دەدەن ئێمە لەم سێ شوێنە بیکەین، حدودی جوگرافی خۆمان کوێیە؟ ئێمە بڕیارماندا کەوا لیژنەیەك پێك بهێنین کەوا بچێت لەگەڵ بریمەر یان مەجلیسی حوکم قسە بکات، ئەم لیژنەیە پێك نەهات، دوایی لیژنەیەکی تر پێکهات ئەم لیژنەیە کە بچێت لەگەڵ ئەحزاب قسە بکات، لەگەڵ مەحاکم قسە بکات، لەگەڵ جەماوەر قسە بکات، ئەم لیژنەیە هەڵسا ئیش و کارەکانی خۆی کرد، بەڵام لیژنەی دووەم دروست نەبوو، یەعنی حەق نییە بەڕاستی ئێمە توانج بگرینە یەکترو بڵێین ئەم لایەنە یان لایەنەکەی تر هەڵبژاردن ناکات، قەزیەکە زۆر لە مەسەلەی هەڵبژاردن گەورەترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك نادر. فەرموو کاك سیروان کاکەیی.

**بەڕێز سەرتیپ محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکانم ڕەنگە هەندێك ڕوونکردنەوە بێت، چونکە قسەکان هەموویان کراون، سەبارەت بە جەیشی تورکی مەوزوعەکە دیارە ئەمەریکا لەم مەسەلەیە، هێزی هاوپەیمانان خۆی هاوکارە لەم بابەتە، حەقە ئێمە خۆمان پرسیار بکەین لە هێزی هاوپەیمانان ئەم مەسەلەیە بۆچی؟ حەقە لەگەڵ ئەمانە قسان بکەین پێیان بڵێین بۆچی؟ ئەگەر مەسەلە پاراستنی کوردستانە یان ئەمنییەتی هەر جێگایەکی ترە یان هێزە یان توانایە فەرموو با کەڵك وەربگرن لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، با ئەوان چۆنیان پێ باشە با ئەو مەسەلەیە تەنسیق بکرێ لەگەڵ هەردوولایە بۆ ئەوەی بەرنامەیەك دابنرێ بۆ قەزایەی ئەمنی و ئەو جۆرە شتانە، ئەگەر مەوزوعێکی ئیستراتیجیش لەناو ئەو مەسەلە دایە لەسەر حسابی میللەتی کورد ئەم شتە ئەکرێت واللە حەقە لێرە هەڵوەستەیەك بکرێ لەو مەسەلەیە و، زۆر بەجدی بیر لەو مەسەلەیە بکرێتەوە، چونکە ئێمە دەردی زۆرمان چێشتووە لەو مەسەلەیە نامەوێ بچمە ناو تەفاصیلەوە، ئەوە یەك خاڵێکی تر، بە نیسبەتی دەستوور و فیدراڵیەت و هەڵبژاردن و مەسەلەی ریفراندۆم ئەمانە من هەمووی گرێ دەدەم بەیەك مەوزوعەوە، حەقە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ بڕیارەکانی خۆمان، ئێمە لەم پەرلەمانی کوردستانە ئیقراری پرۆژەی دەستورمان کردووە، ئەو پرۆژە دەستوریەش تەفاصیلی هەموو ئەو بابەتانەی تێدا هاتووە، ئێمە باسمان کردووە کە ئەم پرۆژەیە گەلی کوردستان تەبەنی کردووە وپرۆژەی گەلی کوردستانە، ئەمە لەگەڵ مەجلیسی حوکمدا قسەی لێ ئەکرێت و لەناویشیدا هاتووە ئەگەر هاتوو هەر گۆڕانکارییەك، هەر دەستکارییەك هەبوو بەو جۆرەی کەوا مەسەلەی فیدراڵیەکە نەچەسپێ، گەلی کوردستان بۆی هەیە بگەڕێتەوە بڕیاری چارەنووسازی خۆی بدات، لەبەر ئەوە من پێم وایە مەسەلەی ریفراندۆم لێرە یان لەوێ باس دەکرێ با ئێمە چاوەڕێ بکەین جارێ، چاوەڕێ بکەین و بگەڕێینەوە بۆ ئەو بڕیارەی خۆمان وەرمانگرتووە لێرە، دیارە بڕیاری فیدراڵیەتمان وەرگرتووە، لێرە پرۆژەی دەستووریشمان پێشکەش کردووە ئەمە مەسەلەیەکی سیاسی یە، بابزانین نەتیجەی ئەم مەوزوعە دەگاتە کوێ، هەر کاتێك ئێمە گەیشتینە ئەنجامێك کە لێ بڕاوین بە تەواوی ئەم مەسەلەیە سەر ناگرێ ئەو کاتە بە تەئکید دەگەڕێینەوە بۆ گەلی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم مەوزوعە، ئینجا لەرێگەی راپرسییەکی هەمەلایەنەی گشتییەوە، یاخود دەگەڕێینەوە ئەم هۆڵەی پەرلەمانەوە، حەقە ئەم مەسەلە چارەنوسسازانە لەناو هۆڵی پەرلەماندا بڕیاری لەسەر بدرێت، مەسەلەیەکی هەروا سادەو هەڕەمەکی نییە، بۆ ئەوەی نە قەزیەکی سیاسیمان بەدەستەوەیە تەعامول دەکەین لەگەڵ وەزعێکی سیاسی نێو دەوڵەتی، قواتی تەحالوف لێرەیە، مەجلیسی حوکم دانراوە، ئێمە بەشدارین لەم مەجلیسی حوکمە، بۆیە زۆر زەرووریە ئێمە لەسەر بڕیارەکانی خۆمان بوەستین و، بگەڕێینەوە بۆ قەرارە فیدراڵیەکەی خۆمان بۆ ئەو مەشروعی دەستورەی کە پێشکەشمان کردووە، تاکو بزانین نەتائیج گەیشتۆتە کوێ ئەو وەختە باس لەو مەسەلانە بکەین، مەسەلەی

هەڵبژاردنیش برادەران باسیان لێکرد بەتەئکید مەوزوعی هەڵبژاردنیش هەردەبێ لەو قاڵبەیە باسی لێبکرێ، کە کاتێك کە تۆ باسی مەوزوعی فیدراڵیەتەکەت یاکلا کردەوە وبەتەواوی چەسپا، ئەو وەختە تۆ دەتوانی هەڵبژاردن بکەیت، ئێستا هەڵبژاردن لە کوێ ئەکەیت، یان ریفراندۆم لەکوێ ئەکرێ. خاڵێکی تر هەیە بەنیسبەت ناوچە رزگارکراوەکانەوە بەتایبەتی شاری کەرکووك، من حەز دەکەم شتێك باس بکەم لەم مەوزوعە، مەسەلەی ئیداران و گەڕانەوەی خەڵکی کورد بۆ ناو شاری کەرکووك، ئێستا کێشەیەی ئێجگار زۆر گەورە هەیە، یانی وا تەصور دەکرێ وەك ئەوەی هێشتا رژێمی بەعس هەر مابێ، تا ئێستا کورد ناوێرێ بگەڕێتەوە ناو شاری کەرکووك، یانی ئەم دامودەزگایەی ئێستا لەوێ دیموکراتیەك هەیە وەزعێکی وا خولقاوە کەرکووك بۆتە شتێکی تایبەتمەند، نە رەبتە بە کوردستانەوە و نە رەبتە بە مەرکەزەوە، حاڵەتێکی تایبەتمەندی بۆ خۆی پەیدا کردووە، کۆمەڵێك خەڵك لەوێ مەکتەب تەوزیفێك دروست کراوە، ئەم مەکتەب تەوزیفە بە کەیفی خۆی قەوائیم دەردەکات، حیسابی کورد و عەرەب و تورکمان و برایانی ئاشوریش رەنگە من ناڵێم بەیەك حساب دەکرێ، بەلام بەیەك لایەنە حیساب دەکرێ زیاتر بۆ عەرەب و زیاتر بۆ خەڵکی تورکمان و، قائیمەکانیش بەو ناوە دەردەچێت و برادەرانیش لێرە زیاتر شارەزای ئەم وەزعەن، کە لە شاری کەرکووك تا ئێستا غەدر لە کورد دەکرێ، تا ئێستا دامەزراندن نییە بۆ کورد لە شاری کەرکووکدا، تا ئێستا تەگەرە دەخرێتە سەر ئەوەی کورد لە دائیرەیەك لە شوێنێك دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ شاری کەرکووك، نایەڵێ هەتا لە دائیرەکە بگەڕێتەوە بۆ ناو شاری کەرکووك، بیست عەرقەلەی بۆ دروست دەکرێ لەم رووەوە سەرەڕای ئەوانەش محاوەلەی وا دەکرێ کە پۆلیسی کورد لە کەرکووکدا زۆرە، باشە ئەوە گریمان دە پۆلیس، بیست پۆلیس، سەد پۆلیس، چوارسەد پۆلیس، نۆ هەزارو شەش سەدو قسور کرێکاری عەرەب هی تەعریب ئێستا لە شەریکەی نەوتی کەرکووك ئیش دەکەن، تەماشای ئەوە ناکرێت، تەماشای پۆلیس دەکرێت کە بەبەرچاوەوە دیارە لە جادەکاندا دەسوڕێنەوە بەراستی مەوزووعی کەرکووك مەوزوعێکی زۆر حەساسە و پێویستە ئەم مەسەلەیە یەك لا بکرێتەوە و هیچ لەمپەرێك نەهێڵن لەپێش گەڕانەوەی مۆزەق کورد بۆ شاری کەرکووك، یان ئەو مەوزوعەش بەو نەوعە تەماشا نەکرێت، قائیمەیەك دەردەچێت ئێستاش ژمارەی ئەو عەرەبانەی کە دەردەچن بۆ دامەزراندن عەرەبی تەعریب دادەمەزرێ لە شاری کەرکووکدا، کەچی کورددکە سەد عەرقەلەی بۆ دروست دەکرێت و دانامەزرێ، ئەو کابرایەی کە ئێستا سەرپەرشتی مەدتەبی تەوزیف دەکات لە شاری کەرکووك کابرایەکی عەرەبی هاوردەیە، کابرایەکی تەعریبە لە دەزگای تەعریب هاتووە ئێستا لەوێ دانیشتووە، هەندێك لە ئەندامانی مەجلیسی شاری کەرکووك لەوانەن کەوا لە تەعریبەوە هاتوون، ئێستاش بەناوی خەڵکی شاری کەرکووك قسە دەکەن و دیفاع لەشاری کەرکووك دەکەن، حەق نییە ئیتر مەجال بدرێ ئەو جۆرە خەڵکانەی کەوا تەعریب بوونە و ئێستا لەناو شاری کەرکووك دانیشتوونە و ئەندامی مەجلیسی شاری کەرکووك بێت و باسی دیموکراتیەت دەکات و باسی مافی مرۆڤ دەکات و باسی برایەتی و ئاشتی و تەبایی دەکات، ئەم قسانە کاتێك خۆشە باس بکرێ کە وەزع بگەڕێتەوە سەر باری جارانی خۆی، ئەو وەختە باس بکرێت نەك سێ سەد هەزار عەرەب هاتووە ئێستا لەناو شاری کەرکووکدا دانیشتوون و ئێستا واقیعە و تەرکیز بکرێ، مافی

مرۆڤ هەیە و دیموکراتیەت هەیەو ئەوە هەیە، هەمووی لەسەر حسابی ئەو خەڵکەی کەوا ئەنفال کراوە و، کەوا خوێنی رژاوە وماڵی وێران بووە و دەربەدەر بووە، ئەو خەڵکەی کەوا ئێستا کەس و کارەکانی ئەنفالن، لەژێر گڵدان ئەو عەرەبە ئێستا لەسەر دڵی ئەوانەوە دەسوڕێتەوە، لەناو شاری کەرکووکدا بۆتە ئەندامی مەجلیسی ئیستیشاریش، لەولاشەوە مەکتەبی تەوزیفەکەی گرتووە بەدەستەوە، بۆیە تکا لە بەڕێزتان دەکەم کەوا ئەم مەوزوعە لەگەڵ مەجلیسی حوکمدا یەك لا بکرێتەوە، مەسەلەی گەڕانەوەی خەڵك، مەسەلەی ئەوەی کەوا تەگەرە خراوەتە سەر ڕێگەی گەڕانەوەی مۆزەفی کورد بۆ ناو شار، مەسەلە تەگەرە خراوەتە بەردەم دامەزراندنی خەڵکی کورد لەناو شاری کەرکووك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز سیروان کاکەیی، بەڕێز کاك ئەنوەر شوکر فەرموو.

**بەڕێز انور شکور محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بابەتەکان، برادەران زۆر بە تێروتەسەلی باسیان کرد، بەڵام ئەوەی کە من زیاتر لام گرنگە هاتنی سوپای تورکیایە، پێویستە لە هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستان هەر لە زاخۆوە تا خانەقین خۆپیشاندانی هێمنانە ئەنجام بدرێ دژی سوپای تورك و، پەرلەمانیش موزەکەرەیەك لەم بارەیەوە بدات بە مەجلیسی حوکم و بە پۆل بریمەر و، مەجالی هیچ دەوڵەتێکی ئیقلیمی نەدرێ کە دەست لە کاروباری ناوخۆی کوردستان وەربدات، دەربارەی ریفراندۆم ئەویش زۆر باسی لەسەر کرا، ریفراندۆم کاتێك ئەنجام دەدرێ ئێمە دەزگایەکی شەرعیمان هەیە کە پەرلەمانی کوردستانە، هەق وایە جارێ ئێمە پێش ئەوەی باس لە هەڵبژاردنی ناو سێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی بکەین هەوڵ بدەین سنوورەکە لە حەمرینەوە دابڕینە خوارەوە، کە خەڵك لە کوردستان دابڕاوە بیگەڕێنینەوە باوەشی کوردستان و، هەوڵ بدەین زیاتر هەستە نەتەوەییە کە تەشجیع بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین میللەتەکەمان زۆر ئامادەباشی بکەن لەو سنوورانە، بەتایبەتی ئەمرۆ دەبینین لە عێراقدا مەجلیسی ئینتیقالی هێشتا بڕیارێکی وای وەرنەگرتووە دەربارەی کوردستان، دەربارەی ئاڵای کوردستانیش لە خودی شاری کەرکووك ئەمرۆ کابینەی ئاڵای کوردستان دائەگیرێ و ئاڵای عێراق بە هەرسێ نەجمەکەیەوە بەرزدەکرێتەوە و زیادیش کراوە، ئەگەر ئاڵایەك کولفەی پێنج دیناریش بێت، ئایا چەند ئاڵایان بۆ شاری کەرکووك دروست کردووە ئاڵای عێراق بە هەردوو ئیدارە ناتوانن یا بە هەردوو حزبە سەرەکیەکە ناتوانن پێنج سەد ئاڵا، یان هەزار ئاڵا دروست بکەن لەشاری کەرکووك هەڵی بواسین، تەنانەت بوو بەشەڕ لە شۆریجە و رەحیماوە و ئیمام قاسم دژی ئەمەریکیەکان لەسەر داگرتنی ئاڵای کوردستان. مەسەلەیەکی ترمان هەیە ئەوە زۆر لای من گرنگە دەمەوێ باسی بکەم ئەویش جاربەجار لە کەناڵەکانەوە لەلایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمانەوە باس لەوە دەکرێ کە پەرلەمان شەرعیەتی نییە، یان پەرلەمان دەسەڵاتی نییە، بەڵکو دەسەڵاتەکە لە هەردوو مەکتەب سیاسیەکەیە، لە خودی هەردوو مەکتەب سیاسی بڕیار دەردەچێت، مەبەست لێرە دەنگی لەسەر دەدەین، ئەگەر پەرلەمان شەرعیەتی نییە ئەی بۆ بەرۆکی پەرلەمانمان گرتووە، لەناو پەرلەماندا باس لەوە دەکەین پەرلەمان چی بکات،

ئەگەر شەرعیەتیشی نەماوە با بەئاشکرایی بلێین شەرعیەتەکەی نەماوە و ئاشکرای بکەین بلێین پەرلەمان شەرعیەتی نەماوەو وازی لێ بێنین، یاخود دەبێ سەرنجی هەموو ئەندامان رابکێشین لەو بارەیەوە و ئەوانەی کە ئەو بابەتە لە کەناڵەکانەوە ئیسارە دەکەن، کە بەو شێوەیە دەسەڵاتی پەرلەمان کەم نەکرێتەوە و تا تەشەنە نەکرێ لە پەرلەمان کە خوێنی چەندەها ساڵی خەباتە و شەهیدی زۆری لەسەر دراوە و، پەرلەمان تاکە دەزگایە لە عێراقدا ئەمڕۆ کە شەرعیەتی هەیە، بۆیە پێویست دەکات زیاتر ئێمە ورد بینەوە لە ئیشەکانمان، زیاتر بەرەو مەسەلە نەتەوەییەکان بچین، بەرەو مەسەلەی فیدراڵیەتی خاکی کوردستان بچین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک انور، فەرموو کاک بکر.

**بەڕێز ابوبکر مصطفى سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شت زۆر باسکران بەڕاستی ئەو بابەتانەی کەئەمڕۆ لێرە باسکران، بابەتەکانی رۆژن ئەوانەن کە چارەنووسی کوردیان پێوە بەستراوە، من سەرەتای قسەکانم بەوە دەڵێم و پێشنیار دەکەم ئەگەر ئێستا لە حەفتەیەك، لە پانزە رۆژ کۆبوونەوەیەك دەکرێ، جارێکی تریشی بۆ زیاد بکرێت بە گوێرەی ئیمکان کە لەو بابەتانە کە ئەمڕۆ ئەو هەموو گۆڕانکارییە گەورە گەورانەی کە لە عێراقدا بووە کە کوردستانیشی پێوە بەستراوە، چەند شت زۆر کە باسی بکەین، جاری وا هەیە کە کۆبوونەوەکانمان جەلسەیەکی پێوە دەخایەنی، راستە ئەیهێنێ، بەڵام ئەم مەوزوعانە هەیە لەوانە گرنگترن، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم و دووبارەی دەکەمەوە، کە لەمەودوا چەند جەلسەیەك لە مانگێکدا جەلسەیەکیش بێت هەر باشە بۆ ئەم جۆرە بابەتانە تەرخان بکرێت. من دەربارەی ریفراندۆم ئەو ریفراندۆمەی کە هەندێ خەڵك بڵاوی دەکەنەوە بەراستی زۆرن ئەوانە، ئەوان شتێکی تازەیان پێ نییە، داوای ئەوە دەکەن کورد مەجالی بدرێ و لێی بپرسرێ چیتان دەوێ، پێم وانییە شتێکی خراپ بێت، لە کورد بپرسن چیتان دەوێ، ئەوە حەقێکی زۆر زۆر بچووکە، کە خەڵك بیپرسێ بەراستی، بابەتەکانی ئەمڕۆ وەکو باسم کرد زۆر گرنگن، بەڵام لە هەموویان گرنگتر مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە دەزانم، برادەران بەتایبەتی ئەوانەی کە باسی ناوچە تەعریب کراوەکانەوە، ئەوانەی کە داگیر کراون تا ئێستاکە، باسی ئەوە دەکەن کە دەڵێن ئێستاش مەجالمان نادەن کە کوردەکان بچنەوە شوێنی خۆیان، کە لێمان دەپرسن کێیە، ئەپرسین فلانە کەس رێگەمان نادات، ئەڵێن جەیشی تورکیا دێت بۆ ئێرە، ئێمە پێمان ناخۆشە تورکی بێت بۆ ئێرە، چونکە ئێمە بە جەیشێکی رزگارکەری نازانین، چونکە بەسەر وڵاتێکدا دێن بۆ وڵاتەکەی ئێمە کە داگیریان کردووە، لە زمانی وەزیری خارجیەکەی خۆیانەوە دەڵێن ئێمە وەکو پۆلیس ناچین بۆ ئەوێ، دەچین حوکم دەکەین، دیارە ئەوان ئەیانەوێ حوکمی ولایەتی موصل بکەن، بپرسین بۆچی جەیشی تورکی دێت بۆ ئێرە، ئەڵێن ناتوانین ئێمە رێگەیان لێ بگرین، ئەگەر بپرسین بۆچی دەستوورەکە ئیقرار ناکرێ، دەڵێن ئەوە مەجلیسێك هەیە و ئیقراری ناکات، بەڵام ئەگەر بپرسین ئەی بۆچی ئیدارەکانی خۆتان یەك ناگرنەوە؟ بلێین چی، یانی چی جوابێکمان پێیە، مەسەلەن لەسەر چی ئەنفال کرا؟ لەسەر چی هەڵەبجە کیمیا باران کرا؟ لەسەر چی

بارزانـیەکان ئاوایان بەسەرهات؟ لەسەر چی کوردستان ویران کرا؟ ئەوسا زۆر قسە باشترە لەم مەجلیسەدا لەدەروونی ئەم ئەندامانەی پەرلەمان زۆر لەوە زیاتری هەیە کە قسەیان کرد، دیارە خەڵکی باش لە پەرلەماندا کۆدەبێتەوە، کە لە هەموو شتێ زیاتر من ئیحترامم هەیە باشتر لەو رووەوە قسە دەکەن، بەڕاستی زۆر شتی سەیرو سەمەرە لە ناو خەڵکدا دەبیستم لەبارەی ئەندامانی پەرلەمان، یانی حەق وایە لە شوێنێکی ئاوا ئەو بوارەمان هەبێ، یانی هەموو جارێ دەردی دڵی خۆمان بڵێین، بەڵام چارەسەری بکەین باشترە، ئێمە ئەم هەموو قسانەمان کرد، بەڵام با پەرلەمان قەرارێك دەربکات، با پەرلەمان بڕیارێکی هەبێت، ئێمە ئەمانەوێ ئیدارەکان یەك بگرنەوە، منیش دەپرسم وەکو ئەو خەڵکە بۆچی ئیدارەکان یەك ناگرنەوە؟ ئی وا هەیە بە وەزیری لە دایك بووە با ئیتر وەزیر نەبێ، ئی وا هەیە هیچی نەکردووە من وەکو مام رۆستەم وەکو پێشمەرگەیەك قسە دەکەم یەخەکەی زەرد نەبووە هێشتا وەزیرە ئەنواع و ئەشکال ئیمتیازاتی هەیە، بەس نییە! چەند ساڵە وەزیری با پانزە، شانزە وەزارەتمان هەبێ.. یانی مەشاکیلەکانی ترمان چییە، فلان کەس سەرۆك وەزیران بێ و فلان کەس نەبێ، فلان کەس وەزیری داخلی نەبێ و فلان کەس بێت، باسی بەڕێز وشیار زێباری کراوە و ئەوەی کە ئێستا وەزیری خارجیەیە وخەڵك ئێستا لە ماڵەوە بە خۆشی بە مناڵەکەی دەڵێ، ئەوە ئیتر ئیسلامییە و یا پارتییە، گرنگ ئەوەیە کوردە، کوردێك کە یەکەمجار لە تاریخی عێراق، وەزیری داخلیمان هەبووە، بەڵام وەزیری خارجیمان نەبووە کە یەکەم دامەزراندنەوەی حوکمەتی عێراقی کوردە، ئیتر بەکری حاجی سەفەر هەیە، د. رۆژ نوری شاویس هەیە، هەر کەسێکی تر هەیە، گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە کوردە، سەرۆکمان مام جەلال و کاك مەسعود دێن و ئامادە دەبن ئەی بابە ئیتر چی هەیە، نازانم چیتر هەیە، ئەو برادەرانە وتیان دیارە ئێمە قەرار نادەین، با ئێمە قەرار بدەین، فەرموو با قەرارێك بدەین کە ئیدارەکان یەك گرنەوە، بەڕاستی برادەرینە ئەو زرووفانەی کە رووی کردۆتە ئێمە هەر هەمووی بە یەك گرتنەوەی هەموومان باشتر چارەسەر دەکرێ، ئێستا فیدراڵی بدەن بە کێ، ئەبێ دوو فیدراڵیمان هەبێت، هێشتا لەسەر حەمرین موشکیلەمانە، ئەوسا لەسەر شۆرش و ئەو ناوانە موشکیلەمان دەبێت و کە کامەیان عایدی کۆیە بێت و کامەیان عایدی هەولێر بێت، ئەوسا موشکیلەی ترمان بۆ دروست دەبێت، چ تاوانمان هەیە وامان لێ دەکەن؟ بۆچی ئیدارەکان یەك ناگرنەوە؟ چ موشکیلەیەك هەیە، با بە گوێمان نەکەن با پەرلەمانی کوردستان مەوقفێکی تاریخی تەسجیل بکات بۆ خۆی، با قەراری یەك گرتنەوەی ئیداراتی کوردستان دەربکات، بڕوا ناکەم شتی لەو بابەتانە هەبێت، خەڵکی زۆر تێکۆشەر لەو پەرلەمانەدا هەیە، خەڵکی زۆر موزەحی لەو پەرلەمانەدا هەیە، خەڵکی زۆر ماندوو لەو پەرلەمانەدا هەیە، خەڵکی زۆر لەم لاو ئەو لا تەزحیەی داوە، ئەگەر دانیشین باسێکی پەرلەماناتی دونیا بکەین و تێ دەگەین، کە پەرلەمان مەوقیفی هەیە، با دوو ئەندام لە حزبەکەی خۆی دەربکرێ بڕواش ناکەم کەس دەربکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك بکر، بەڕێز کاك حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفرمحمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بابەتەکان زۆرن کە پێویست دەکات دوو سێ جەلسە بکرابایە کە باسی ئەم مەوزوعەی تێدا بکەین، سەبارەت بە سوپای تورکی کە مەسەلەیەکی گەرمە لە عێراق، بەراستی سەیرە کە هەتا ئێستا ئیدارەی ئەمەریکی لە عێراق تەشەبوس بە سوپای تورکی بکات و سوپای تورکی بێتە ناو عێراق، یانی بەراستی جێی سەرسوڕمانە، زێدەتر موشکیلە هەیە کە ١٥٠ هەزار جوندی ئەمەریکی هەبێت و بە دەیان پۆلیس لە سنووری عێراقی هەبێت، زیاتر مەجلیسی حوکمی ئینتیقالی تەلەبی دەکرد، کە ئەوە مەلەفی ئەمنی وەربگرێ لە هێزی هاوپەیمانان، دەبینین کە ئەمریکا سورە لەسەر ئەوەی کە جەیشی تورکی بێنێ، زۆربەی، کە موعارەزەی میللەتی کورد، رەسمی و شەعبی و بەتایبەتی مەجلیسی حوکم و پارتی سەرەکی لە عێراق، یانی موعاریزە لەگەڵ دوەلی دراوسێ، هەتا سەرۆك کۆماری تورکی لەوانەیە زۆربەی رای عامی تورکی موعاریزی جەیشی تورکی بێت، سوپای تورکی زۆر جێگەی نارازیی بوونی کوردە و، کە مەعروفە لە سیاسەتی تورکی ئەوە چەند ساڵە لەوانەیە بە دەیەها ساڵە بەراستی هەتا ئێستا حزبی قەومی بێت و، حزبی لیبرالی بێت، حزبی ئیسلامی بێت، هەتا ئێستا لەسەر مەسەلەی کورد لە کوردستانی تورکیا بەتایبەتی لە عێراق بە بۆچوون و عەقلیەتی سەلاتینی بابولعالی هزر دەکەن، بیر دەکەن وئەبوجاسملەری لەگەڵ کورد بەکاردێنن، بەراستی زەرووریە ئێمە پەرلەمانێك هەبێت لە کوردستان و لە عێراق، کە چۆن ئێمە مەوقفێك وەربگرین، بۆ نموونە پەرلەمانی کوردستان لە مەجلیسی حوکم یان بریمەر ئاگادار بکات، کە پارتی کوردستانی شتی باشە کە وەکو هی شیشان وەکو چەك کە تووشی موزاهەرات بوون، کە زۆر شتێکی پیرۆز بوو، مومکینە ئەگەر لە کوردستان بڵاوببایەوە شتێکی باش بوو، بەنیسبەت فیدراڵی بەراستی کە بڕیاری فیدراڵی کە پەرلەمانی کوردستان داویەتی، بەراستی ئێمە لازمە کە نەخشەیەکمان هەبێت، بەرنامەیەك کە فیدراڵی بچەسپێ، ئێمە لەوانەیە هەر ئێستا هزر بکەین و ئامادەبین، کە داوا بکەین لە ئەمریکیەکان و لە نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئەو نەخشەیەی ئێمەیان هەبێت کە داوای ئیستیفتاء بکەین لە کوردستان، یانی شتێکمان هەبێت موقابیلی شتی تر کە لە عێراق روودەدات، دوو بەنیسبەت ئاڵای کوردستان بەراستی زۆر زەرووریە هەتا دەستورێکی تازە دانەمەزرێنین و ئینتیخابات نەبێت ئاڵای عێراق لە کوردستان هەڵبکەین، یانی بەلایەنی کەمی ئینتیزار بکەین، لەسەر تەوحیدی ئیدارە کە فعلەن جێی ئیهتیمامە و جێی خەمخۆری هەموو خەڵکی مەیە، هەتا ئێستا نازانین کە بۆچی تەوحید نابن، بەراستی ئەگەر هەر لەسەر ئەو بیروبۆچونە، ئەگەر نەتوانین لەو زرووفە ناسکە و ئەو قۆناغە خەتەرناکە تەوحیدی هەردوو ئیدارە بکەین، باشە چۆن ئینتیخابات دەکەین، لەوانەیە زۆر زەحمەتتر بێت، بەراستی چارەسەرێکی جەزری هەیە لەوانەیە ئەو رایە هاتە تەرح کردنیش لە مانگی دوو و سێ لە ساڵی ١٩٩٤ دا راستە ئێمە ئەگەر تەفکیر بکەین لە بۆ مەصلەحەتی عامی ئەو میللەتە و هەردوو حزب فکیری بکردایە، کە ببانە یەك حزب و یەك قیادە بۆ ئەو مەرحەلە بۆ مەصلەحەتی ئەو میللەتە، کە هیچ جیاوازی بیروبۆچوون و شیعارات و فیئەتی جیهە وابزانم نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك سەفەر، بەڕێز مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا محسن خالد مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەر ڕۆژێك قسەی باش و ڕێك لەو پەرلەمانە بکرێت ئەندامانی پەرلەمان زیاتر بەسەربەرزیەوە دەچنە ناو جەماوەرەکەی خۆیان و، ڕووشیان هەیە سەر هەڵبڕن و ڕوویان هەیە لەگەڵ خەڵکدا مواجەهە بکەن و، ئەمە دەستکەوتێکی چاکە وەکو کاك بەکر باسی کرد، حەق وایە هەر ناوە ناوە ئەم بابەتەیە زۆر دووبارە بکرێتەوە و باسی بکرێت و، لە کێشە و گرفتەکانی ئەو خەڵکەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ئەوەی بە ئێمە دەکرێت لەم پەرلەمانە باس کردنی گرفت و کێشەکانە، جیهەتێکی تەنفیزیش هەیە کە لە هەردوو ئیدارە دەتوانن چاکی بکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەو کەلیمەیەی هەردوو ئیدارە تا ئێستا هەر بەسەر زمانمانەوەیە، کە وەختی خۆی کورد دەیگوت (بانێکە و دوو هەوا) ئێستا پەرلەمانێکە و دوو ئیدارە، تەقریبەن شتێکی نەبیستراوە لە عالەمدا و شازە، ئومێد دەکەین کە بە زووترین کات کاری بۆ بکرێت وئەو وەزعەیە چارەسەر بکرێت و ئیدارەکە یەك بگرێتەوە و، کورد بتوانێ دوای ئەوە داوای قسەی زیاتر بکات، یا داوای مەبەست و ئامانج وئەهدافی بە قوەتتر بخاتە پێش چاوی خۆیەوە، لەناو پەرلەمانی کوردستاندا ئێمە دەتوانین کۆمەڵێ شت هەیە بیکەین، ئەتوانین بڕیار بدەین بزانین سنووری کوردستان لە کوێیە، لەم ماوەیە، لەم چەند ڕۆژانەی پێشتر هاری شوت باسی ئەوەی کرد دەیگوت سەرکردەکانی کورد و کورد هەتا کوێ بڕیار بدەن سنووری ئەوانە، ئێمە پشتگیریان دەکەین، بۆ ئێمە ئەو هەلە نەقۆزینەوە لە پەرلەماندا بڵێین سنووری ئێمە تا ئەو جێگەیە، وەکو بڕیارێکی پەرلەمان و وەکو قانونێکی پێ دەربچێت، ئێمە گەلێ لەیاساکانی ڕژێمان لە کاتێکدا کە ئەو لە دەسەڵاتدا بوو لە کارمان دەخست یان ئەمانوەستاند، با ئێمە ئەو بڕیارە بدەین، با ئێمە وەکو برایان باسیان کرد لە سنووری دەسەڵاتی خۆمانەوە لە پەرلەمانەوە سەقفێکی زەمەنی دیاری بکەین بۆ تەوحیدی ئیدارەی کورد، کە ئیدارەی کورد و نەڵێین ئیداراتی کورد، یەك ئیدارە بتوانێ کێشە وگرفتەکان مواجەهەی بکات و ڕووبەرووی ببێتەوە، با بتوانین وەڵامی ئەو خەڵکە بدەینەوە، ناتقێکی ڕەسمی بەناوی پەرلەمانەوە بتوانێ هەر کێشە و گرفتێك لە ئاستی کوردستان و هەرێمی کوردستاندا ڕوودەدات، یەکێك بەناوی پەرلەمانەوە بتوانێ قسە بکات و، نەك بەناوی ئەم لایەن و ئەولایەنەوە قسە بکات، بتوانێ هەموو کێشە وگرفتەکان بەناوی پەرلەمانەوە بیگەیەنێ بەو خەڵکە. دیارە سوپای تورکیا هەرگیزاو هەرگیز بیری لە عەقڵ و مەنتیق و حیکمەت نەکردۆتەوە تا ئێمە بەو شێوازە بڕۆین، بڵێین بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە داوای ئەوەی لێبکرێ کە نابێت بێتە ناوەوە، ئەگەر ئەو بیری وەکو پەرلەمانەکەیشی بیری لە مەنتیق بکردبایەوە مەجلیسی حوکمی عێراقی بەکۆی دەنگ بڕیاردەدات کە نابێ بێت، ئەو بەدەنگی کێ بێت؟ بە چ دەنگێ حەق بە خۆی دەدات کە پەرلەمانەکەی بڕیاری ئەوە بدات، کە بێت لە عێراقدا بەشداری بکات و خۆیشی بە شێوەیەکی داگیرکردن و مافەکان و ڕێگە چارە بۆ خۆی دیاری بکات، کاتێك کە عێراق پێویستی بەو هەبوو خەڵکێك لە دەرەوە لێی بدات، ئەگەر هەر دام

و دەزگایەکی وڵاتانی دەرەوە بهاتابایە لە رژێمی عێراقی بدایە، رەنگە ئەو کاتە زیاتر بۆی بگونجابایە، ئەو وەختە بۆ رووخانی رژێمی بەعس نەهاتە ناو عێراقەوە، ئێستا بۆ کوێ، ئێستا بۆ رووخانی ئەم تەجروبەیە لە کوردستاندا هەیە و لە عێراقدا هەیە دیارە بۆ ئەوە دێت، پێویستە ئێمە بە گشتی بە هەر شێوازێك کە دەنگمان ئەگات بەو خەڵکەیە، بەتایبەتی من لێرە داوا لە زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەکەم هەروەکو چۆن یەکێتی زانایان بە رەسمی پێری بەیاننامەیەکی تەفصیلیان دەرکرد و، داوایان کرد لە هەموو میبەرو میحراب و مزگەوتەکان و دوێنێ لە جومعە لە زۆربەی زۆری مزگەوتەکان کە جومعەی تێدا دەکرێ، هۆشیاری درا بەو خەڵکەیە و هەڵوێستی زانایان لە رووی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و لە رووی نیشتمان پەروەریەوە راگەیەنرا بەو خەڵکەیە، کە ئەبێ بەربەستی ئەم کێشە و گرفتە بکرێت و خۆپیشاندان بکرێت، بەهەر وەسائیلێك ئێمە نەیەڵین دوژمنانمان بێن دەست تێوەردانی ناوخۆییمان بکەن، و هیوامان وایە هەر جارێك کە ئەیبیستین و کاك د. کەمال قسەیەکی کرد هەموو قسەکانمان هەر یەك دەگرێتەوە، خۆزگە بە خۆزگایەتی خوا ئێمە هەموو رۆژێ ئاوا لەم پەرلەمانە وەکو یەك قسەمان بکردایە، هەموو قسەکانمان هەر بەرەو یەك هەدەف بڕۆیشتایە، کەس قسەیەکی نەکرد خیلاف ئەوەی تر بێت، ئەوەی لەلایەکەوە باسی یەکێکی ئەکرد لەولاوە تەرحەکە بە قوەت تر دەبوو، لەو لاوە باس دەکرا، لەم لاوە پشتگیری دەکرا بە قوەتتر دەبوو، لەبەر ئەوە ئەوەیە ئەهداف ئێمە لە پەرلەمان کە هەر یەکێکمان بتوانین بەو شێوەیە قسە بکەین کە خەڵك و گەلی کوردستان چاوەڕوانمان لێ دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك مەلا محسن، فەرموو کاك شێخ یحیی.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەست خۆشی لە بەڕێزتان دەکەم کە کۆبوونەوەیەکی چاك و باسەکان هەمووی تێروتەسەلن لەسەر رووداوی سەردەم، نامەوێ درێژەی پێ بدەم و بچمە ناو باسەکانەوە باسی هەموو لایەك کرا، تەنها چەند تێبینییەکی بەسیت نەبێ لەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، بەراستی داواکاری هەموو جەماوەرە، هەموو کوردێك لە دەرەوەی عێراق و لە ناوەوە وەك پێشنیار بەباشی دەزانم ئەگەر لیژنەیەك بێت، لێرە ئەلحەمدوللە ئەندامی سەرکردایەتی و لە مەکتەبی سیاسی، لە مەکتەبی ناوەندی هەردوو لایەنی بەڕێز لەم هۆڵەدا هەن، با لیژنەیەکی باڵا دروست بێت سەردانی هەردوو ئیدارە بکات، بەراستی لە ماوەی هەفتەیەکدا راپۆرتی خۆی بێنێتەوە بۆ پەرلەمان. لەسەر باسی هاتنی سوپای تورکیا بۆ عێراق قسەی چاك کرا، بەڵام واچاکە بەرای من هەر ئەمرۆ، هەر ئەمشەو پەرلەمانی کوردستان داوا بکات لە هەموو جەماوەری گەلی کورد لە هەموو شارەکاندا هەر سبەینێ خۆپیشاندان بکرێت، داوا بکرێت لە کوردەکانی وڵاتانی دەرەوەش لە هەر کوێیەکن کۆببنەوە و خۆپیشاندان بکەن و، لە بەغداش هەر بیکەن و رای صەریحی جەماوەری کورد، جەماوەری کوردستان، خەڵکی کوردستان بە حولەفاو بەهەموو دنیا بگەیەنن، بە باشیشی دەزانم هەر لێرەوە بروسکەیەك بکرێ بۆ حولەفاو مەجلیسی حوکم و، تیایدا

ئیشارەت بکرێت بەوە ئەگەر هاتوو جەیشی تورکی بەو مەرامانەی کە خۆی دەیەوێ، ئەوسا ئێمە داوای ریفـراندۆم بکـەین، داوا دەکـەین لـە نەتـەوە یەکگـرتووەکان ریفـراندۆم بکـات بـۆ گـەلی کوردسـتان، کـە گـەلی کـورد چـی دەوێ، ئەگەر ریفراندۆم بکات کە گەلی کورد چی دەوێ، بەڕێزان هەشـتا سـاڵە، هـەموو منداڵێکی کورد ئێستا هەست بە خۆی دەکات، هەشتا ساڵە هەموو جادەیەکی کورد و، هـەموو دێـیەکی کـورد و هەموو ماڵێکی کورد داوای سەربەخۆیی دەکات، بەڵام دەبێ هەل برەخسێ، ئـەو هەلـەش دەبـێ نەتـەوە یەکگـرتووەکان ئـەو هەلـە برەخسێنن، ئـەو هەلـە حـاکمی عێراق ئەیرەخسێنێ، ئـەو هەلـە جـەماوەری کـورد داوای دەکـات و حەقیش وایە لەو بروسکەیەدا ئیشـارەت بـدرێ بـەو ریفـراندۆمەی ئـێمە ئەگـەر بـێو بەراسـتی بـزانین موعانـاتی کوردایـەتی و تەجـروبەکەمان بـەو شـێوەیە دەکـرێ لەسـەر مستوای ناوچەکە و وڵاتانی دراوسێ ئێمە ئەو کاتە داوا دەکـەین و ئێسـتاش داوا دەکەین لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەو ریفراندۆمە بکرێ و لە عێراقدا.

رێـز گـرتن بەرێـزان لـە پەرلـەمان بەراسـتی جـێی رێـزە ئـێمە ئێسـتا لێرە، چوار لایەن ئێستا، یان نوێنەری چوار لایەن ئێستا لێرەن لەم پەرلەمانەن، ئێمە داوا لەو بەڕێزانە دەکەین کە بڕیارەکانی پەرلەمان، هەڵوێستی پەرلەمان، دەوری پەرلەمان بە قوەت بکەن، لایەنی تریش، بەراستی بەڕێزان خـۆش نـیـە ئەندامـێکی پەرلـەمان یـان هەرکەسـێك یـەکێ لەو لایەنە کە بەشدارین لە پەرلەمان، دابنیشـێ یـان لـە ئـێزگە، یـان لە تەلەفزیۆن، یان لەسەر رۆژنامەکان باسی بێ دەسەڵاتی پەرلەمان بکات، پەرلـەمان دەسەڵاتی هەیە، پەرلەمان پیرۆزترین دەزگایە ئێمە کە توانیبێتمان و دروستمان کردبێـت، گەورەتـرین دەسکەوتێکی دوای راپەڕینمان پەرلەمانە، ئەو تاکە شەرعیەتەی کە هەمانە و پاراسـتوومانە پەنابـەخوا تـاکو ئێستا، ئێستاش با خۆمان بۆخۆمان وای لێ نەکەین کەوا خەلەل بخەیـنە نـاو بیروهۆشـی گـەنجان، ئەوانـەی کـە پەرلەمانـیان لا موقەدەسـە، کـە پەرلەمانـیان لا خۆشەویسـتە، بـا ئـێمە ئـەندامی پەرلـەمان کـارێك نەکـەین وەکـو خۆرەمێشـکی ئـەو گەنجانـە بخۆیـنەوە کـە پەرلـەمان دەوری نییە، یا پارتی و یەکێتی بە قسەی پەرلەمان ناکەن، یان ئیدارەکە ناکەنـە یـەك، نەخێر پەرلەمان هەموو وەختێك ئاواتی ئەوەیە کە گەلی کورد هەمووی یەك بێت، ئـیدارەی کوردی یەك بێت، کوردستان سەربەخۆ بێت، کوردستان ئازاد بێت، بەڵام بەراستی ئەمانە هەلومەرجی تایبەتی خۆیان دەوێ، داوای لێبوردن دەکەم، لەگەڵ رێز وسوپاسماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك شێخ یحیی، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەو بابەتـەی بەراسـتی دەمـەوێ قسـەی لـێ بکـەم، مـەوزوعی هەڵبـژاردنە، زۆر جاران پەرلـەمانی کوردسـتان ئیـتهام دەکـرێ کـە نایـەوێ ئینتـیخابات بکـات، حـەز دەکات هەروەکو خۆی ماوە هەر وا بمێنێـتەوە، مەسـەلەکەش بـە پێچـەوانەی ئەوەوەیـە، تەقریـبەن دوو مانگ لەوەوپێش لیژنەیەکی تایـبەت بـۆ هەڵـبژاردن دروسـت کرا و، ئەو لیژنەیە کارەکەی لە دوو تەوەر پێك دەهات، یەکێکیان ئـیعادەی نـەزەر لـە یاسـاکەی پەرلـەمان، ئەگـەر هـاتوو خەڵکانـێك پـەیوەندی لەگـەڵ لایەنـە سیاسـیەکان، یـان جـەماوەر بکات، مولاحەزاتێکیان لەسەر یاساکە دەبێت، محاوەلە بکات دیراسەتی

ئەو مولاحەزەیە بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین یاساکە هەموار بکرێ بەگوێرەی ئەو مولاحەزەیە، تەوەرێکی تر ئەوەبوو کە عەجەبەن ئێمە ئێستا ئینتیخابات بکرێت یان ئینتیخابات نەکرێت؟، ئەگەر ئێستا ئینتیخابات بکەین مانای وایە لەو دوو، سێ موحافەزەی کە ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی هەردوو ئیدارەیە دەتوانین لەوێ بیکەین، لەوانی خارجی کۆنترۆڵەکە ناتوانین بیکەین، چونکە ئەبێ بە موافەقەتی هاوپەیمانان بکرێت و ئەگەر هاتوو ئەوان موافیق نەبوون، ئێمە صندوقی ئینتیخابات ببەینە هەر جێگایەك لەوێ ئینتیخابات بکەین، ئەوان دێن مەنعمان دە کەن، مانای وایە حەتمەن رەد فعلەکە زۆر زۆر سلبی تر دەبێت زیاتر لەسەر تەجروبەکە نەك لەسەر ئەوەی ئێمە بتوانین خۆمان موتابەعەی بکەین، کە ئەو لیژنەیە تەبعەن چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا، لە کۆبوونەوەکان بڕیار درا کە پەیوەندی بە لایەنە سیاسیەکان بکرێ و بزانین بیروبۆچونیان لەسەر ئەو دوو تەوەرە چییە، ئێمە مەشکورەن سێ برادەر من و نەهلە خان و کاك تاریق جامباز پەیوەندیمان بە زۆربەی حزبە سیاسیەکانی هەولێر کرد، حزبی شیوعی، حزبی یەکگرتووی ئیسلامی، حزبی کار، حزبەکەی کاك غەفور مەخموری، ئەوەی کاك عبدالخالق، پەیوەندیمان پێوەکردن کە عەلەئەساس ئەو دوو تەوەرەمان بۆ باس بکەن، کەوا بتوانین بیروبۆچوونی خۆیانمان ئاراستە بکەن، بەو شکلەیە بتوانین، چونکە وەکو پەرلەمانی کوردستان بە تاقی تەنیا تەحەمولی ئەوە نەکات کە ئینتیخابات بڕیار بدات لەو سێ موحافەزە بکرێ، چونکە ئەوانی تر تائێستا سنووری کوردستان دیاری نەکراوە، ئینتیخابات بۆیە زەحمەتە، و دوو برادەر لە برادەرانی سلێمانی تەکلیف کران لەوانە مامۆستا مەلا بەختیار، ئەوەی تریش کاك سالار لە رێگەی نووسینگەی سلێمانی پەیوەندی بە برادەران بکەن لەوێ، پەیوەندی بە جەماوەر بکەن و رای ئەوان بگەیەننەوە بە لیژنەکە، تاکو لیژنەکە دابنیشێ، هەروەها بە نیسبەت دهۆك و نووسینگەی دهۆك تەبلیغ کرا کەوا بتوانێ پەیوەندی بە خەڵکەکەوە بکات لەوێ و لەوێوە راوبۆچوونی خەڵکەکەمان بۆ بێنێتەوە، کەوا بتوانین لیژنەکە کۆببێتەوە و کۆبوونەوەیەك بکات و بتوانین رایەك لەسەر ئەو بیروبۆچوونەی ئەو خەڵکە بدات، و هەروەها جەنابی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن فەرمووی کەوا حەز دەکەم کۆبوونەوەیەك بکرێ لە ژێر ئیشراقی جەنابیان بتوانین بەرنامەیەکی پتەو و رێك و پێك دابنێین بۆ ئەو کارە، بەداخەوە رەنگە لەبەر مەشغەلەتی، لەبەر نەبوونی کات نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەو کۆبوونەوە ئەنجام بدات، تاکو بتوانین بەرنامەیەکی رێك و پێك دابنێین کە ئێستا ئێمە چی بکەین عەجەبا راوبۆچوونی ئەو حزبانە، سیمینارێك بکەین لەگەڵ ئەو حزبانە، راوبۆچوونی ئەو خەڵکانە لە رۆژنامە بڵاوبکەینەوە، بزانین بە چ شێوەیەك لیژنەکە بڕیار بدات یان ئەو شتانە بێنینە ناو پەرلەمان، پەرلەمان رای لەسەر بدات، عەجەبەن نەتیجە چی بکەین؟ ئێستاش مەوزوعەکە لەسەر ئەو ئەساسە ماوەتەوە، رای زۆربەی حزبەکان ئێستا بەنیسبەت هەولێر لای ئێمەیە، لای خوشکە نەهلەیە، لەوانەیە چەند حزبێك راوبۆچوونی خۆیان ناردووە بەنووسراو و ئێستا مەوجودە لامانە و، ئەگەر ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدرێ وبەرنامەیەکی پتەو دابنرێ، ئیمکان هەیە بتوانین بە شێوەیەکی چاك شتەکە ئەنجام بدەین، بەلام ئەوەی کە زۆرجار گوێمان لێ دەبێت کە پەرلەمان پیر بووە، ئێ پیر بووە با ئینتیخابات بکرێ و چۆن ئینتیخابات بکرێ؟، ئێستا ئێمە مەخموور و گوێر و کەندیناوە

قەزایەکە تابعی هەولێرە، تائێستا نەگەڕاوەتەوە هەولێر، نیوەی پردێ تابعی هەولێرە تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە هەولێر، فایدە شەش کیلۆمەتر لە دهۆکەوە دوورە تا ئێستا نەگەڕاوەتەوە دهۆك، ئینتیخابات لە کوێ بکەین؟ یان با ئیستیفتائەکە بکەین لە کوێ بیکەین؟، لە کوێ ببینە دەوڵەت؟، بەو سێ موحافەزە ببین بە دەوڵەت، یان بە کوردستان ببین بە دەوڵەت، ئەگەر لە کوردستان ببین بە دەوڵەت ئەبێ ئینتیزار بکەین و چوارچێوەیەك لە کوردستان دیاری بکەین، ئینجا لەو چوارچێوەیە شتێك بکەین، ئەگینا کێ هەیە حەز نەکات کورد دەوڵەت بێت، دەبێ کەسێك هەبێ حەز نەکات کە کورد دەوڵەت بێ؟ باوەڕناکەم هەبێت، تەصورم وایە خائینانی کوردیش ئەوەی تا ئێستا خیانەتیان لەگەڵ کورد کردووە ئیحتیماله ئەوانیش رایان ئەوە بێت کورد وەکو میللەتێك پەشیمان ببنەوە ببێتە دەوڵەتێك، بەڵام ئینسان پێویستە عەمەلی بێت، شتەکە واقیعی بێت، چیت بۆ دەکرێ ئەوە بکەیت، ئەوەی بۆت ناکرێ حەق نییە پەرلەمانی ئیتیهام بکات کە پەرلەمان پیر بووە و پەرلەمان گەندەڵ بووە و پەرلەمان نازانم چی بەسەر هاتووە، پەرلەمان هیچ گەندەڵ نەبووە و پەرلەمان لە هێز و تاقەتی خۆیەتی و دەتوانێ زۆر شت بکات، بەڵام ئەوەی بۆ لواوە توانیویەتی بیکات و، پەرلەمان ئیش و کاری چییە؟ هەموو ئیش و کاری خۆی کردووە، یاسا دانانە، تا ئێستا درێغی نەکردووە لە یاسا دانان، پەرلەمانی کام دەوڵەت تفەنگی هەڵگرتووە و چووە شەڕی کردووە؟، کام دەوڵەت هەڵساوە پەرلەمان سواری دەبابە بێ و بچێ موقاوەمەی شەڕبکات؟، قانونەکەی خۆی دروست کردووە و بڕیاری دەرکردووە و ئەو شتانەشی لەو لایەنەوە بۆهاتووە، لەوانەشە ئیحتیمال هەیە زۆر برادەر باسی ئەوە بکات کە زۆر شت هەیە بە هۆی ئیتیفاقات دێتە ئێرە، وەڵڵا ئێمە ئێستا وەکو پەرلەمان حەز دەکەین بە ئیتیفاقات نەیەتە ئێرە، با هەردوو لا بڕیار بدەن، ئیتیفاقات ناکەین وگوێ نادەینە کەس، وەڵڵا هیچ مانعمان نییە، ئێمە وەك پەرلەمانی کوردستان با بڕیارێك بدەین بڵێین گوێ نادەینە کەس و دادەنیشین بە خۆمان بڕیار دەدەین و، لە دنیاش هەمووی هەر وابووە، پەرلەمان پەرلەمانێکی ئەحزابەو مودانەشە کراوە لەگەڵ ئەحزاب و ئاراء وەرگیراوە و بەو شێوەیە هاتۆتە پەرلەمان، تەصور ناکەم ئێمە ببینە شتێکی شاز لەو گۆڕەی پەرلەمان بەو، ئیتیهام بکەین وەڵڵا ناتوانێ چ بکات، بۆ ناتوانێ چ بکات؟ دەتوانێ چ بکات و زۆر جاریش ئیتیفاقاتیش کراوە و شت کراوە و لەوانەیە قسەی لێ کرابێت، زۆر جار موعارەزەی ئیتیفاقیش کراوە تا حەدێك، بەڵام ئەو برادەرەی نەیتوانیوە رایەکەی بچێتە سەر لەبەر ئەوەی ئەکسەریەت لەگەڵ ئەوەبووە، شتێکی زۆر زۆر تەبیعی یە، لەبەر ئەوە داوا لە بەڕێزان برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، حەق نییە بە سووکایەتی ناوی پەرلەمان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاکەرەش نەقشبندی، بەڕێز کاك د. کمال فەرموو.

**بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو روونکردنەوەیەك بۆ قسەکانی کاکەرەش، ئێمە کۆمیتەیەکی پانزە کەسیمان داناوە بۆ ئەوەی کاری پێویست بکەن بۆ زەمینە خۆش کردن بۆ هەڵبژاردن، راستە جارێك منیش لەو

کۆبوونەوانە ئامادە بووم و کاك فرسەتیش ئامادە بوو و بڕیار بوو پاش ئەمجارە کۆببینەوە، پاش ئەوەی ئەوان هەندێك هەنگاو دەنێن لەو بارەیەوە، چەند جارێکیش لەگەڵ کاکەرەش باسی ئەم مەسەلانەمان کرد، لەسەرووی هەموویانەوە ئەوەمان بە پێویست زانی کە ئەو کۆمیتەیە یان نوێنەرانی ئەم کۆمیتەیە جارێك کۆبوونەوە بکەن لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمەریکا لەم ناوە، بزانن رایان چییە؟ بزانن ئەوان ئەڵێن چی لەبارەی ئەوەی کە ئێمە هەنگاوێکی وا بنێین، چونکە لەوانەیە ئێمە زۆر زۆر کار بکەین و زەمینە خۆش بکەین و خۆمان ئامادە بکەین و، لە پاشاندا ئەو کوڕانی ئێستای عێراق کە ئەمەریکیەکانە یان هاوپەیمانەکانن لەسەر ئەوە موافەقەت نەکەن، ئینجا من ئێستاش جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە با ئەو کۆمیتەیە، کە لە پانزە کەس پێك هاتووە وەفدێکی دوو سێ کەسی پێکەوە بنێن و بچن پەیوەندی بکەن لەگەڵ ئەوانە و، بزانن بیروڕایان چییە و چ ئاسانکاریەکمان بۆ دەکەن، بە تایبەتی بە نیسبەت ئەو ناوچانەوە کە هێشتا نەهاتوونەتە سەر ئیدارەکەی کوردستان و لای هەموومان ئاشکرایە کە ئەوانە بەشێکن لە کوردستان، هەر حەزم کرد ئەو روونکردنەوەتان پێشکەش بکەم و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك د. کمال بۆ ئەو روونکردنەوەیە، بەڕێز حەمە علی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حەمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان زۆر بەرێك وپێکی ئەمڕۆ باسیان لەو بابەتانە کرد کە بەڕێزتان خستتانە بەردەستیان، من تەنها لێرە ئەڵێم چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و بۆ ئەندامانی بەڕێز کە ئێمە چی بکەین پاش ئەم هەموو دەردەشەو روونکردنەوانەی کە کران لەسەر بابەتەکان، لەسەر مەسەلەی سوپای تورکیا من پێشنیار دەکەم بە زووترین کات یاداشتێك، نارەزایی نامەیەك بدرێتە تەحالوف و مەجلیسی حوکم و بڵاویش بکرێتەوە بۆ رای گشتی و بەتایبەتیش بۆ خەڵکی کوردستان، هەروەها داواش بکەین خۆپیشاندانێکی گەورە لەسەرانسەری کوردستان بکرێ و، هیچ نەبێ پشتیوانی لەو خۆپیشاندانەی خەڵکی کورد بکەین کە لە تورکیا ئەکرێ ئەمڕۆ دژ بە هاتنی ئەو جەیشە بۆ عێراق، بەتایبەتی کە ئەڵێن لە رێگەی کوردستانەوە داخل ببن، ئەوە یەکەم، دووەم بە نیسبەت ئاڵا من پێشنیار دەکەم کە سەرۆکایەتی پەرلەمان نامەیەك ئاراستەی هەردوو ئیدارە بکات کە تەنها ئەو ئاڵایەی لەم پەرلەمانە بڕیاری لەسەر دراوە، ئێستا ئەوە هەڵبکرێ و ئاڵای تر بەلاوە بنرێ هەتا حکومەتی ئایندەی عێراق، یا حوکمی ئینتیقالی عێراقی ئاڵایەکی تر کە رەمزی کوردی تیا بێت دەستنیشان بکەن. بەنیسبەت مەسەلەی یەکگرتنەوەی حکومەتیش من رام وایە کە لێرەوە دیسان یاداشتێك یان نامەیەك ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بکرێ بەتایبەتی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بۆ ئەوەی پێیان بوترێ ئەوە رای پەرلەمانە، ئەوە رای جەماوەرە، ئەوە رای هەموو خەڵکێکی کوردستانە لە دەرەوەو لە ناوەوە، کە هەوڵ بدرێ بە زووترین کات ئەمڕۆ پێویستە ئەوەی نەکراوە، ئەوەی ئیهمال کراوە، ئەوەی پشت گوێ خراوە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتەکە، ئەمڕۆ بیهێننەوە بەردەست و بەزووترین کات وابکەن کە هەردوو حکومەتەکە یەك بگرێتەوە،

بەڵام ئێمە بەراستی ئەوەش ئەڵێین رەنگە بیرۆکەی پەنجا بە پەنجا هەندێ تەئسیری لەسەر دواخستنی ئەم مەسەلەیە کردبێت، ئەمەش وازی لێ بهێنرێ و بگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعەی، کە ئەمرۆ ئێمە جارێکی تر لە پەرلەمان پێکەوە دانیشتین و پەرلەمانمان یەك خستۆتەوە وحکومەتەکەش یەك بکرێتەوە، بەنیسبەت مەسەلەی کۆمەڵێك دروست بوون و ناویان لە خۆ ناوە کۆمەڵەی بانگەشەی ریفراندۆم، نازانم ئەوانە لەکوێ شەرعبەتیان وەرگرتووە؟، حەق وابوو ئەوان بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، چونکە تەنها دەزگایەك کە ئەمرۆ شەرعیەتی هەبێ لە کوردستاندا باسی ریفراندۆم بکات، باسی دەستوور بکات، باسی هەر بابەتێك کە بۆ کورد و بۆ ئاییندەی کوردە، ئەبێ پەرلەمان بێ، لەبەر ئەوە ئەوانە حەق وایە ئیدارەی کوردستان بانگیان بکەن و پێیان بڵێن، ئەوانە لە کوێن؟ چونکە بەراستی خەریکن وا ئەکەن لەباتی ئەوەی بانگەشەی ختیابی سیاسی کورد بکەن، ئێستا ئەفکاری خەڵکی کورد بڵاوە پێ ئەکەن، هەریەکێك بە نەوعێك بانگەشەی شتێك ئەکات کە تێش ناگەین، تائێستا روون نییە ئەوان ئەڵێن چی، چیان ئەوێ و خەڵکی کورد چی بکات؟ بەنیسبەت مەسەلەی هەڵبژاردنیش کاکەرەش کە لێپرساوی لیژنەکەیە روونی کردەوە و برادەرانیش زۆربەی زۆریان روونیان کردەوە، بەراستی حەق نییە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان لەمە زیاتر شتی وا بڵێین کە دڵی خەڵکی ناخۆش بکەین، کە لایەك لە لایەنەکان ئامادە نییە ئینتیخابات بکرێ، بەراستی ئەمە تاوانە، یانی ئەمە راست نییە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین کەوا برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان لە هەر مستەوایەکن کە ئەندامی پەرلەمانن ئیلتیزام بە قسەکان و وتووێژەکانی ناو پەرلەمان بکەن و، زیاتر ئەگەر بە ناوی خۆیانەوە شت بڵێن موشکیلە نییە، بەڵام بەناوی پەرلەمانەوە شتێك بڵاونەکەنەوە، کە جێگەی نیگەرانی خەڵك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحسێ فیدراڵی زۆر هاتیە کرنێ، وەکو پەرلەمانا کوردستانێ تەبیعی تەئکید کریە و ئەو پرۆگرامێ ئامادە کریە وئەو دەستوری بۆ فیدراڵی ئامادە کریی، تەمسیلا رەغبەی هەمی خەلکی کوردستانێ و هەمی تەیاراتی سیاسی کوردستانێ، کە یەك مەوقیفا مە هەی و فیعلەن ئەمە وازیحە وشتێکی پیرۆز بی پەرلەمانا کوردستانا لڤێرێ کری، ئەڤرۆ مە دەبینین پاش کارا تازە هاتینە پێش، خەڵکێکی محاوەلە دەکات لەف و دەوەرانێ بکات، فیدراڵیەتا مە وەصا بێژیت وەك کەئینەما لەسەر ئەساسەکی ئیداری یا لامەرکەزیدا (٦٣) کو حکۆمەتا عێراقی محاوەلە کرد پێی بدەنە مە، یا حجەتێکی پەیدا بکەن و بێژن خەڵکەك دی پێ ئیستیفزاز بن، ئەگەر بەحسا فیدراڵی بێت خەڵکەك پێ ئیستیفزازە، نزانم پشتی ئەنفال و کیمیا باران و تەعریب و کوشتن، هەشتێ ساڵە خەباتێ ئەگەر هێش خەڵکێکی دی پێ ئیستیفزاز بێ، ئەگەر ئەمە هەرنەڤێت ئەوان ببینن ئەصلەن، یانی قەزیە فیدراڵیە، ئەو فیدراڵیە مە داخوازی کری لەسەر ئەساسەکی جوگرافیە لەسەر ئەساسێکی عەرقیە و بە مافێ میللەتی کوردە و، بە قەناعەتی مەو بە

بیروباوەڕی مە هەمیە یاژ مە تەجاوزی حقوقی خۆ نەکرییە و مەش حەقی خۆ زێدەتر داخاز نەکریە، بەڵکو گەلەك کەمتر داخاز کریە، وەکو سەرکردەیەت مەش گوتی کاك مەسعودی هەمیا ژ تەئکید کری مام جلال و وان هەمیا تەئکید کری، کە فیدراڵیە زامنی وەحدە عێراقیە، فیدراڵی تەنها دێتی ئەڤ عێراقیە پێکەوە بژێت و وڵاتێ عێراقی پێکڤە بێت و، ئەگەر نەبن رۆژیا وێ، ئەگەر خەڵکێك دی محاوەلە بکات کە ئەڤ فیدراڵیەتە میللەتی کورد ئیقرار کری بە رێکا پەرلەمانیدا و پێشکەشیا هەمیا کری، کە دەبێتە لایەنەکی دی ئەنتیفاکتەرێکی دی بۆ ڤێگەڤینا عێراقێ و قەد مومکن نییە خەڵکێ دی پێکەڤە بژێت، هەرچەندە ئەڤ قۆناغە هاتیە بڕین، چونکە فیدراڵی ژلایێت گروپا رامیاری و عێراقی هەمیا هاتیە مصادەقە لسەر کرن، چەند کۆنگرە لەندەن بگرە، یا صەلاحەدین بگرە، ویا ناصریە بگرە، و لای مەجلیسی حوکم ژ وازیحە کو ئەو فیدراڵیەی مە داخازی کر چییە ومە چ دڤێت و تەئکید لێ بێتە کرن، دەربارەی عەلەمی عێراقی، زۆر خەلکەکی باسی عەلەمی عێراقی کر، بە قەناعەتا من عەلەمی عێراقی یانی عەلی حەسەن مەجید، یانی صەدام حوسێن، یانی ئەڤ نیزامە تاوان و خوێنرێژ و، ئەڤە هەندە خەلکێ کوردستانێ و عێراقی بنبڕ کری و بەرزە کری و نەهێلای، ئەڤ عەلەمە هەنێ نەعەلەمە عێراقێ وەکو نیزاما بەعس نەنیزامی نیزاما عێراقییە، نیزاما جەماعەنەکی حەصرەن بۆ ئیستیفادە و ئیستیغلالە خۆیا، راکرنا ڤێ عەلەمێ یانی هێنانە ناڤێ عەلی حسن مجیدە، ناڤێ صەدامیە، بیرکردنا نیزاما تاوان و خوێنە و جەریمە و خوێنا هێنا بەسەر مە وەکو عێراقی هەمی ئەم توشی وان کارەسات و دەربەدەری بین بگرە ژعێراقێ هەتا ڤێرێ، یانی ئەڤ عەلەمە بڕیار بێت نەکو موزەکەرە، نەکو بیروباوەڕ، بڕیار بێت ڤێرێ نەهێتە هەڵکردن، هەتا یان مەجلیسی حوکم یان ئەنجومەنا عێراقی یێت داهاتوو یا هەڵبژاردی عەلەمەکا عێراقی دروست بکەن، رەمزی هەردوو میللەتی کوردو عەرەب و میللەتی دی ژ کو رەمزی یەکگرتنی عێراقی تێدا بێت، هینگێ ئەڤە عەلەما عێراقیا، هەنگێ تەمسیلێ خەلکێ عێراقێ هەمی دەکاتن و، فیعلەن مە لەگەڵ ڤێ عەلەمێنە نەك عەلەمی نوکە، دەربارەی یەکگرتنا هەردوو ئیدارە، ل ڤێرێ پێش چەند رۆژا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکا حکومەتا ئیدارە هەولێرێ، وتارا بەڕێز بارزانی خوێندەڤا و کاك کۆسرەتی ل ڤێرێ بەرامبەر وتارا مام جەلالێ خوێندەوە، هەردووکا تەئکید کر و، ل ڤێرێ من پێشنیار دەکەم موزەکەرەیەك پێشکەش سەرکردەی هەردوو پارتا بکەن و، سوپاسا وان بکەن و بۆ وان پێنگاڤێت وان هاوێشتی بۆ یەکگرتنێ و، داخازێ بکەین ژی دەست پێ بکەین، چونکە ئەڤەیە تەنها زامنە مەصالحێت مە، ئەڤەیە دزێدەتر وەزنا مە، سەقلا مە و زیاتر وەزعا خۆ بچەسپێنین لە ناڤ کوردستانێ دا رێك بێخین و، ل مەجلیسی حوکمدا و ل بەغدا زێدەتر جهێ پێی خۆ بکەین، ماڤ میللەتێ خۆ جێ بەجێ بکەین، ئەڤەش ئەرکەکی نیشتمانییە لە سەرملێ هەردوو پارتا، لەسەر کادرێ وان، جەماوەرێ وان، سەرکردایەتی ئەوان، فیعلەن میللەتی کورد دبێت ل ڤێ قۆناغێ دا داوا بکات چ بۆ میللەت کریەو، بێژن کەرەم کەن ئەڤەیە مەکری، هەڵبژاردنێ ڤێن شتێکی زۆر پیرۆزە ئەم هەمی محاوەلە دکەین، کاك د. کەمالی کو ل وێ ئیجتیماعا لیژنا ڤی کاری پیرۆز کاك کەمال حازر بی و هەمی بیرورا ئەو بین کو هەمی هەوڵ بدەین کو چەوا هەڵبژاردنێ ( ٩٢)ی هێزەك بوو، زەخمەك بوو بۆ تەجروبا مە، ئەڤرۆکەش ئەم بشێین محاوەلە بکەین

هەڵبژاردنەك بێتە كرن بە هەر رەنگێك هەبێت، نوكە عەلی ئەساس ئیحصا نینە، بە قەناعەتا من سەدا نۆەتی بیتاقەی تەموینی ئەڤێ (UN) تەوزیع كری نەفریبەن نۆەتی سەدێ یا هەی وحازرە، یانی بچین لەسەر ئەساسێ وان بێتە خار، یانێ نۆەتی سەدی راستە، ئەڤە نەكۆسپە، ئەگەر هاتوو كاك دكتۆری ئیشارەت بۆ كری مەجلیسی حوكم یان سەرۆكی ئیدارەی كاتی یا ئینتیقالی، ئەگەرهاتوو چ كۆسپی تر نەبوو چ مانعی دی نەبوو ئەم محاوەلە بكەین، چونكە تازە كرنا ئەڤ تەجروبەیە و دەنگدانا تەجروبەیە وكۆسپ و تەگەرێ ئو پێش تەگەرەێت ئەڤێت هەتا نوكە پەیدا بن چ شەری ناوخۆ و چ عەوائیقی دی، هەمی نامێنێ، من لسەر هاتنا لەشكرا توركی ل ڤێرێ تەبیعی خەلكێ كوردستانێ و ئەوا بڕیارە پەرلەمانا توركی وان ئەوە باس كری، هاتنە لەشكری توركی بۆ عێراقێ نیگەرانیەكی لە دلێ مە هەمیا پەیدا بی، بگرە ژ بەسیتترین كەس هەتا مەزنترین كەس ئەڤ نیگەرانیە پەیدا بێ و ئەم حەقی ژ بۆ چونكە چەند ئەگەرێك هەی، دەوڵەتێت ئیقلیمی ئەجندەیەت خۆی هەی، مەصالحی خۆی هەی و بیروبۆچون و ئەتماعی خۆی هەی، مەرفوزە بێن، چونكە تەركیبا سوكانیا مە، پێكهاتەی گەلی مەی عێراقێ هەمی ناخازێ خەلكەكی دی ڤان قەناعەت هەبن و ئەجندە هەبن و كو بێن وان ئەجندە لەسەر مە فەرز بكەن، ببنە عاملێ تێكدەرێ نەكو عاملێ ئیعماری، باشە بۆ جەیش بێت ئیعماری بكات، بۆ شەریكاتی تجاری نەیەت؟ بۆ ئیقتیصاد دەست پێ نەكەین؟ یانی هاتنا لەشكری توركی ئەڤرۆكە سوئالەكی زۆر گەورەی خستی لەدلی مەهەمیا، ئایا سەربارا مە ئەنجامێ ڤێ دیماهێكی لسەر مە چ دبت ئەگەر هاتوو لەشكری توركی بێت ب چ رەنگی دێت؟ من ل ڤێرێ تەنها ئیشارەت دكەم ئەو بەیانامەیە كو جەبهەی توركمانی دەری خست پێش دوو رۆژا یێت دبێژیت ئەمنا ئیقلیمیا توركی لە عێراقی دەست پێ دەكات، نەخێر زۆر وانینە، ئەڤەژ عێراقیە دوورن، ئەڤ فیئەتە ئان ئەو گروپە سیاسیە كو ل ڤێ بەیانی دا و ئەڤ بەیانە دەركری كو ئەمنا توركیا لە عێراقێ دا راچێت، نەخێر زۆر سەهونە، زۆر وانینە و ئەڤەش تەنازولێكە و ژ نیشتمان پەروەری و ب گرانی ل موستەقبەلێ لەسەر وان راوەستیت، هێڤی مەیە ئەڤ سوپاسی هەیئەی سەرۆكایەتی دەكەم ئەڤ جەلسەیە رێك خستی، زۆر سوپاسی برادەرە هەمیا دەكەین و ب ئازادانە راو بۆچوونی خۆی دەربڕی و هەمی ژ وەك دەست و دڵەك بوو بۆ پاراستنا ڤێ سەربۆری وبۆ پاراستنا ڤان دەستكەفتێت، كو شەهیدێت مە خوێنا خۆ بۆ رێ كرن و ژیانا خۆی ژ دەست دای، و موفق بن و سەركەوتوو بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەك كەس ماوە تەواو دەبێ، كاك احمد شریف فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داوای لێ بوردن دەكەم دوو خاڵ هەبوون حەزم كرد ئەندامانی پەرلەمان لێیان ئاگادار بن، یەكیان ئەوەیە خۆش نییە ئەندامانی پەرلەمان بەرامبەر بە هەڵبژاردن و ریفراندۆم حەساسیەتیان هەبێ، چونكە دەبێ ئێمە خۆمان حەز بكەین هەڵبژاردن ببێ، هەڵبژاردنیش بۆ ئەوە نییە عەمر سەردەكەوێ یان زەید، بۆ ئەوەیە كێشەی دەسەڵات لە كوردستان یەك لا بێتەوە، چونكە تا كێشەی

دەسەڵات لە کوردستان یەک لا نەبێتەوە ئیدارە بەراستی نابێتەوە یەك، یانی ئێمە تا ئینتیخابات نەبێ لایەك لە ئینتیخابات دەرنەچێت، ئیدارەکە ناکەنەوە بەیەك، وا لەبەر چاومانە هەموومان ئێمە رەفیقی یەکین و شارەزای یەك بووینە، ئێمە کە داوای هەڵبژاردن دەکەین مانای ئەوە نییە چاوەڕێ بکەین تا کەرکوك و خانەقین و سنجارو مەخمور و نازانم کوێ و کوێ دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوە رەنگە وا زوو نەگەڕێتەوە، بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی کێشەی دەسەڵات لەکوردستان حەسم بکەین با ئێمە ئینتیخاباتی خۆمان بکەین و کێشەکە ببڕێتەوە، دوای ئەوە لە پەرلەمانی کوردستان لە ١٠/٤ بڕیار دراوە لە ماوەی حەوت مانگ تا نۆ مانگ دەبێ ئینتیخابات بکرێ، ئەوە ساڵێك تێپەڕی وابزانم ئێستا دەست پێ بکەین بە ساڵێکی تریش ئینتیخابات نابێ، یانی ئێمە پەرۆشین بۆ هەڵبژاردن تەنیا پەرۆشیەکەمان بۆ ئەوەیە کە کێشەی دەسەڵات لە کوردستان یەك لا ببێتەوە و ببڕێتەوەو ئیدارەکە ببێتەوە بە یەك و، خەڵك سەربەستە داوای ریفراندۆم دەکات نایکات ئەوە مەرج نییە، خەڵك موراجەعەتی پەرلەمان بکات وەڵلا ئیجازەم بدەنێ و ریفراندۆم بکەم یان نا، تەنیا مەبەستم ئەو دوو خاڵە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وام زانی شتی تازەت هەیە، نەمزانی وەڵامی خەڵك دەدەیتەوە، ئەگینا نەمدەهێشت قسە بکەیت، چونکە ئەو وەڵامەی جەنابت هەندێ برادەری تر هەیە لەوانەیە بیەوێ ئەویش جواب بداتەوە، بەڵام قەیناکە مەجالمان داویەتێ دیموکراتیەتە، بەڵام یەك مولاحەزە بۆ ریفراندۆم و هەڵبژاردن لەکاتی گونجاودا لە کاتێکدا زەرەرت لێ نەداوە بکرێ کەس حەساسیەتی نییە بەرامبەری، باوەڕ ناکەم هیچ ئەندامێکی پەرلەمان حەساسیەتی هەبێ، هەڵبژاردن دەبوایە نەك ئێستا بکرێ و یان مانگێکی تر بکرێ، هەڵبژاردن ئەبوایە پێنج ساڵ لەمەوپێش بکرابووایە و شەش ساڵ لەمەوپێش بکرابووایە، چونکە تا تۆ هەڵبژاردن تکرار نەکەیتەوە ئەم وەزعەی کە هەتە نابێ بە وەزعێکی چەسپاو و هەردەبێ بە شتێکی ئینتیخابی وا دەمێنێ، مەسەلەی ریفراندۆم، تۆ ریفراندۆم لەناو میللەتێك ئەکەیت ئەبێ دەزگایەکی رەسمی بیکات یان ئەبێ حکومەتی هەرێم بیکات، یان ئەبێ پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، ریفراندۆم بکرێت، جەماعەتێك لە خۆیانەوە هەستن ریفراندۆم بکەن حەقی ئەوەیان نییە، هیچ جەماعەتێك حەقی ئەوەی نییە بە بێ دەزگایەکی شەرعی یان دەزگایەکی رەسمی کە دەسەڵاتی هەبێ رێگەی پێ بدات، هیچ دەزگایەك حەقی ئەوەی نییە داوای ریفراندۆم بکات، دوایی ریفراندۆم بۆچی بکات، ئەوەش سوئالێکە لەوانەیە خەڵك بپرسێ، ببورە ئەوە وای لێکردم کە جواب بدەمەوە، کاك د. ناصح قسەکانت با جواب دانەوە نەبێ وەکو کاك احمد شریف، تکایە بەکورتی، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە یەکێك لە دانیشتنە مێژووینەکانی پەرلەمان ئەم دانیشتنەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم دانیشتنە داوا بکرێ لە پەرلەمانی کوردستانەوە، لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەم دانیشتنە لە کەناڵە ئاسمانیەکان و بەتایبەتی لە کەناڵەکانی تری تەلەفزیۆن و رادیۆ بڵاوبکرێتەوە لە کوردسات و لە کوردستان تیڤی و لە هەموو دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوبکرێتەوە،

چونکه بەراستی دانیشتنێکی زۆر گرنگە، دانیشتنێکە بۆ ئەوەی کەس گومانی لە رۆڵی پەرلەمان نەمێنێ، کە پەرلەمان ئەمەیە رۆڵی، بەم راشکاویە باسی رۆڵی، خۆی دەکات و داوا پێشکەش دەکات، بەنیسبەت هاتنی تورکیا پێشنیارم ئەوەیە زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە کرا، پێشنیارم ئەوەیە یاداشتێك دیسانەوە بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان ببوورن، یانی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئامادەی بکات و بە ناوی پەرلەمانەوە پێش هەموو کەسێك ئاراستەی ئەنجومەنی دەسەڵاتی حوکم بکرێت، کە پشتگیریی ئەوان بکات لەم هەڵوێستە، ئاراستەی پۆل بریمەری بکات، و بەنیسبەت یەك خستنی ئیدارە، دیارە بەراستی بەناوی پەرلەمانەوە داوا لەهەردوو سەرکردە بکرێت، بەتایبەتی لە بەڕێز کاك مەسعود و مام جەلال داوایان لێ بکرێت کە هەردووکیان لێرە ئامادە بن یان کارێکی وا بکرێت، کە بەزووترین کات ئەم ئیدارەیە یەك بخرێت، یانی ئەوە پێشنیارێکی تر، دەربارەی لیژنەی دەستووری بازنەکە تا یەك کەس لەو سی و چوار کەسەی کە لە پێش من قسەیان کرد، یەکێکیان، جەنابت باسی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوورت کرد، بەڵام کەسیان باسی ئەوەیان نەکرد، من پێم وایە لەوێ زۆر کێشە چارەسەر دەکرێت، یەکێك لەو کێشانەی کە ئێمە لەوانەیە خوانەخواستە پێوەی بناڵێنین یان رەت بکرێتەوە کێشەی فیدراڵیەت لەو دەستوورە باس دەکرێت، بۆیە پێم وایە بە حوکمی ئەوەی، پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆی خاوەن دوو پرۆژەیە، پرۆژەی هەرێمی کوردستانی عێراق و پرۆژەی عێراقی ئایندە، بۆیە پێم وایە لەو لیژنەیەی کەوا (٢٥٠) کەسە تەقریبەن دیاری ئەکرێت لیژنەی دارشتنەوە، ئەندامانی پەرلەمانی تێدا بێت بۆ ئەوەی هەم بەرگری لە پرۆژەکەی خۆیان بکەن و هەم بزانن باسی چی دەکەن لەو شوێنە، یانی ئەو دەورەش بە سەرۆکی پەرلەمان بدرێ یان بە فراکسیۆنەکان بدرێت، یا چەندێك بەبەر ئێرە دەکەوێت ئەو مەجموعەیە هەڵبژێرێ، دەربارەی هەڵبژاردن تەبعەن زۆر باس کرا وەکو جەنابت باست کرد، ئەگەر پێشوو تر بکرابایە و دەبوایە پێشوتر ئێمە هەڵبژاردن بکەین و، من پشتگیری پێشنیارەکەی د. کمال دەکەم ئەگەر ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە ئێستا ئەو هینە بکرێ، تەبعەن هەر هەمووومان پێمان خۆشە هەڵبژاردن بکرێ، بەڵام ئایا بوار رەخساوە ئەو لیژنەیەی ئێمە هەڵمان بژاردووە با ئەو لیژنەیە نامەیەك ئارستەی هاوپەیمانان بکەن و، ئایا بوار رەخساوە و مەسەلەکە تەنیا ئەو سێ موحافەزە نییە، من لەگەڵ رێزم بۆ ئەو برادەرەی کەوا بە ناوی خۆیەوە قسەی کرد، مەسەلە هەموو کوردستانە، کەرکووك چ گوناهێکی هەیە، خانەقین چ گوناهێکی هەیە، ناوچەکانی تر چ گوناهێکیان هەیە بەشداری نەکەن لەم پرۆسەیە، بۆیە پشتگیری ئەو بۆچوونەی کاك د.کمال دەکەم کە نامەیەك ئارستەی هین بکرێت زۆر باشە، دەربارەی ئاڵای کوردستان یان ئاڵای عێراق باس کرا، تەبعەن منیش لەگەڵ ئەوەم تەنها ئاڵای کوردستان هەڵبکرێت و نامەیەك ئاراستەی هەردوو ئیدارەی کوردستان بکرێت کە لەمەودوا تەنها ئاڵای کوردستان هەڵبکرێت، ئاڵایەکی تر پێویست ناکات، چونکە ئەو ئاڵایەی کە بە (الله اكبر) بێت یان بە بێ ئەوە بێت لە هەندێ شوێن بە (الله اكبر)یش هەڵی دەواسن یان هەڵی دەگرن، ئەو ئاڵایە تەمسیل لە ویست و داخوازی ئێمە ناکات وەکو هەموویان باسیان کرد، بەڵام کاك عەلی باسی ئاڵای کوردستانی کرد، کە ئاڵای کوردستان لە ١٩٩٩/١١/١١ دا بە یاسای ژمارە (١٤) وەرگیراوە......

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داخیلی مەوزوعێك مەبە کە عیلاقەی بەو شتەوە نییە.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك لەو مەلەفانە دیزە بەدەرخۆنەشی پێ کرا بێت، بۆیە دەبێت ئەو مەلەفانە ئاشکرا بکرێن و باوەڕ بکەن بەرژەوەندی بالآی هەموو گەلی کوردستانی تێدایە و، لەگەڵ سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك د. کەمال.

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی دوو مەسەلەوە حەزم کرد هەندێ روونکردنەوەتان بۆ باس بکەم، مەسەلەی ریفراندۆم وەکو کاك ئەحمەد شەریف گوتی ئەوە نییە ئێمە سڵی لێ بکەینەوە، بەڕاستی ئەو کارەی کەوا ئەوان دەیکەن هیچ موعارەزەی نییە لەگەڵ بۆچوونەکانی پەرلەمان، خۆی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش هەروەکو ریفراندۆم وایە و، ئەو شتە مەنع نەکرێت باشە، یەعنی خۆیان ئەو کەسانە کە ئەو ئیشانەیان کردووە، بەتەسەوری خۆیان با کاری خۆیان بکەن، چونکە ئەگەر ئێستا ئێمە رێگایان لێ بگرین، کە شتەکە سەرنەکەوت، ئەوە بارەکەی دەخەنە ئەستۆی ئێمە، بەلآم من لەگەڵ هەندێکیان قسەم کردووە، خۆشیان دەڵێن ئەگەر ئەو دوو دەسەلآتە یان ئەو دوو حزبە لەگەڵ ئەو مەسەلەدا نەبن سەرناگرێت، ئێمە ئاگادارمان کردونەتەوە، گوتمانە ئێمە ئەم شتەمان نەکردووە، یەعنی ئێمە دەستمان پێ نەکردووە، وەکو دەسەلآتی ئیدارە لە سلێمانی، یان وەکو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ئەو رێگایەشمان لێ نەگرتوون، با ئەوانیش بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە بزانن دەکەونە کوێ، یەعنی ئەوەندە مەسەلەکە زل نەکرێت باشە، یەعنی ئەگەر بێتو ئێمە رێگایان لێ بگرین، لەوانەیە سبەینێ ئەگەر سەری نەگرت، ئۆ باڵەکەی دەخەنە ئەستۆی ئێمە، ئێمە لەبارەی ئەم راپرسەوە کەوا ئێستا دەیکەن، لەبارەی مەلەفەکانەوە هەموو یەکێك لە ئێمە مەلەفی هەیە، بەلآم ناوەڕۆکەکانیان جیاوازە، من تا ئێستا دوو یان سێ مەلەفی خۆم بۆ هاتۆتەوە بەڕاستی، ئینجا پێشنیازێك هەیە دەیخەینە بەردەمتان، بۆ ئەوەی لەو بارەیەشەوە قسەیەك بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك د. کەمال فوئاد، بەڕێزان پاش ئەم هەموو موناقەشات و رەئی دەربڕینە، ئێمە چەند خاڵێکمان بە پەسند زانی بیخەینە بەردەمتان، کە بکرێت لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیە، بۆ ئەوەی نەڵێن کۆبوونەوەکەمان تەنیا قسە بوو، راستە زۆر قسەی چاکی تیا کرا، قسەی دڵیشمان کرد هەموومان، ئینسانێکی غەیرە ئەندامی پەرلەمان، ئەگەر ئێستا گوێی لەو قسانە هەمووی ببێت، سەیر دەکات کە وەحدەیەکی فیکری لە ناو پەرلەماندا لە حەقیقەتدا هەیە، راوبۆچوونمان نزیکی یەکن، ئەگەر یەك نەبن بە تەواوەتی زۆر نزیکی یەکن و، هەمووشی هەڵقوولآوی مەسڵەحەتی بەرزی وڵاتەکەمانە، بەتایبەتی لەم زرووفەی کە پیا دەڕۆین، ئێمەش لەسەر ئەو

رەئیەیەن لەم زرووفە ئەگەر کورد شتی دەست نەکەوێت لە زروفێکی تر پاش ساڵێکی تر، یان شەش مانگی تر مومکینە ئەگەر دەستیشی بکەوێت کەمتری دەست دەکەوێت و، ئەگەر دەستیشی نەکەوت خەتای خۆمانە، ئەگەر خەتای خۆمان بێت، خەتای دەزگا بەرزەکانمانە، خەتای سەرکردایەتیمانە، خەتای هەر یەکێ لە ئێمەیە و، ئەم قسانەش تەبیعی نەك هاندەرە، بەڵکو ئەوانیش لەو مەجرایە کۆ دەبنەوەو، کە دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیارێکی راست وەربگیرێت، یان راو بۆچوونمان کە هەست پێ بکەین میللەت چی دەوێت رێگای راست و چارەسەرو گەیشتن بە ئامانج کامەیە؟ بێینەوە سەر قسەکانی خۆمان، ئەوەی کە کردمان لێرە، یەکەم شت ئێمە چەند خاڵێکمان نووسیوە، تەقریبەن حەوت خاڵە:

١- یاداشتنامەیەك ئاراستەی پۆل بریمەر بکرێت، دەربارەی هاتنی جەیشی تورکی، وێنەیەك بدرێت بە مەجلیسی حوکم و، هەروەها ئەگەر بەباشی دەزانن وێنەیەکیش بدرێت بە پەرلەمانی تورکی قەیدی چ دەکات، یا بە جیهاتی تریش بدرێت، ئەمە یەکێکیان.

٢- لیژنەیەك دروست بکرێت کە چۆن پەرلەمان هاوکار و موئەسیر بێت، هاوکاریش بێت و موئەسیریش بێت لەسەر یەکگرتنەوەی ئیدارە، کە مەبەستی هەموو لایەکە، بەتایبەتی کە لەم زرووفە لە پێشەوەی ئەرکەکانمانە، ئێمە ئیقتیراحەکەمان بەو شکلە بوو لە لیژنەکە ناوەکان دەڵێین لەم بەڕێزانە پێك هاتووە:

١- بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی.

٢- د. عیزەدین مستەفا رەسول.

٣- کاك حوسێن عارف.

٤- کاك سیروان کاکەیی.

٥- کاك ئەکرەم عاشور.

لە برا ئاشووریەکانیشمان کاك ئەکرم عاشور، چونکە لێرەیە ئەویشیان لەگەڵدا بێت، ئەم لیژنە پێنج کەسەیە بیر لەوە بکەنەوە ئێمە وەکو پەرلەمان چۆن دەتوانین و چ هەنگاوێك بنێین، بڕیارێك وەربگرین، قسەی تیا بکەین، خۆیان وەکو لیژنە بیر لەوە بکەنەوە، ئەو شتە بکەن، هەروەها ئەو موزەکەرەیەش با ئەوان صیاغەی بکەن، ئەو موزەکەرەی ئاراستەی پۆل بریمەر دەکرێت.

٣- بڕیارێکیش ئامادە بکرێت بۆ ئاڵا، ئێمە بڕیارێکی پەرلەمانمان هەیە دەربارەی ئاڵا، بڕیارەکە پەرلەمان لەکاتی خۆیدا، لەو کاتەی کە عەلەمی عێراقیمان بردە دەرەوە لێرە، گوتمان ئەم عەلەمی عێراقیە تەمسیلی ئێمە ناکات، ئێمە وەختێك عەلەمی عێراقی بەرز دەکەینەوە کە ئیعتیراف بە فیدراڵیەت بکات، جگە لەوەی لەو عەلەمەی ئێستا، عەلەمی عێراقی کە ئەو شتانەی لە ژێر سێبەریدا کراوەو، نەك تەنیا عەلەمی وەحدەی عەرەبییە، بەڵکو ئەو سێ نەجمەیە یەعنی وەحدە حوریە ئیشتیراکییە، بۆیە بەعس هێشتوویەتی ئەو عەلەمە.

وەکو ئەوەی باسمان کرد ریفراندۆم و ئەوانەی خەریکی ریفراندۆمن، ئەوە قسەی خۆیان تیا بکەن ئەو خەڵکە، هیچ موشکیلە نییە، بەس ئێمە لە دەزگا ئیعلامیەکانەوە وەکو ئەحزاب و وەکو پەرلەمان ئەو ئیهتیمامەی پێ نەدەین، چی دەکەن بۆ خۆیان قسەی تیا بکەن، بەس ئەو حەقیقەتەش ناشاردرێتەوە، ریفراندۆم گەلی کوردستان کاتێك دەتوانێت ئیستیفادەی لێ بکات لەم زرووفە ئەگەر هاتوو زانیمان مافەکانمان دەخورێت و مافەکانمان نادرێتن، ئەو مەتڵەبەی کە هەمانە ئەویش فیدراڵیەتە بۆمان جێ بەجێ ناکرێتن، ئەو وەختە ریفراندۆم مومکینە کەڵکی هەبێت، ئەو کاتە پەرلەمان بە هەموو هێزیەوە تەئیدی ریفراندۆم دەکات.

٤- بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت داواکارییەکانمان چییە؟ ئەو پرۆژانەی دەربارەی فیدراڵیەت کە پەرلەمان ئیقراری کردووەو (٣٥) حزب موافەقەتی لەسەر کردووەو، موناقەشەی کراوەو، دوو یان سێ ساڵ پێوەی خەریك بووین چاپی بکەین و بیکەین بە کتێب و بڵاوی بکەینەوە، با هەر لە تاقێکی تەسکدا نەمێنێتەوە.

٥- لیژنەی هەڵبژاردن کارەکانیان ئەنجام بدەن و پەیوەندی بەلایەنەکانەوە بکەن، بەتایبەتی بە حولەفا، بۆ ئەوەی رەئی ئەوانیش بزانین، دەبێت لیژنە بپرسێت ئێمە دەمانەوێت لە هەموو کوردستاندا بیکەین، لە کەرکووکیش بیکەین و، لە سنجاریش بیکەین و، لە خانەقینیش بیکەین، دەتوانین بیکەین، ئایا دەتوانین لێرە بیکەین؟ ئەگەر لێرە کردمان بەبێ ئەوەی لە هەموو عێراقدا ئینتیخابات بکرێت، یان رەئیتان چییە؟ ئەو رەئییە وەربگرین، مومکینە خراپ نەبێت و، پێویستە لیژنەکەش کارەکانی ئەنجام بدات، یەعنی بتوانێت ئیشی نیهائی بێتەوە بەردەم پەرلەمان بڵێن ئەمە رەئی ئێمەیە، ئینتیخابات دەکرێت بەم شێوەیە دەکرێت، ناکرێت لەبەر ئەم ئەسبابانە ناکرێت، بۆ ئەوەی شتەکەمان مەدروس بێت، تەنیا موحاوەلە نەکەین تەکتیکاتی حزب بچێتە ناو مەوزوعەکەوە.

٦- ئەم جۆرە یاداشتنامەیەش ئیقتیراحێکی زۆر بەجێیە زوو زوو بیکەین و، بیخەینە جەدوەلەوە، دوو هەفتە یان سێ هەفتە جارێك کۆبوونەوە بکرێت لە کاتی پێویستدا ئەم نەوعە دانیشتنانە بکرێت و، باسی بارودۆخ بکرێت و هەندێ بڕیاری سەریعیشی تیا وەربگیرێت.

٧- بەنیسبەت مەلەفەکانەوە، لیژنەی یاسایی دانیشن دیراسەی ئەو مەوزوعە بکەن، چۆن پەرلەمان کار بکات، یان چی بکەین بۆ ئەوەی بڕیارێکی راست وەربگرین، بۆ ئەوەی تەعامول لەگەڵ ئەو مەلەفانەدا بکەین، هەروەها با لیژنەی مافی مرۆڤیشیان لەگەڵدا بێت، لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی یاسایی بە یەکەوە، ئەمە رەئییەکانە، ئەگەر رەئیتان لەسەر بێت جێ بەجێی دەکەین و سوپاسی هەموو لایەکیشتان دەکەین، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەم حەوت خاڵەی خوێندمەوە پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم، لەحەقیقەتدا دانیشتنێکی زۆر بە بەرهەم بوو و، زۆر کەڵکیشی دەبێت بە تەئکید،

لێرەدا کۆتایی دێت بە کۆبوونەوەکەمان، بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە،
زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| کاکەرەش محمد نقشبندی | د.کمال عبدالکریم فؤاد | د.رۆژ نوری شاوەیس |
| سکرتێری کاتی ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق | کوردستانی عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦)

شەممە رێکەوتی١٨\١٠\٢٠٠٣

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ٣٦ )ی خولی گواستنەوە

## شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/١٨

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/١٨ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد جێگری سەرۆك و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٣٦)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣٦)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣\١٠\١٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی پێشکەشکراو لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، تایبەت بە خەرجکردنی مووچەو دەرماڵە، لە ماوەی مۆڵەتی دایکایەتیی و منداڵبوون.

٢- بەردەوام بوونی گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی ئێستا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٣٦)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دوو خاڵە:

١- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی پێشکەش کراو لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، تایبەت بە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵە لە ماوەی مۆڵەتی دایکایەتی و منداڵ بوون.

٢- بەردەوام بوونی گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی ئێستا.

بۆ ئەوەی دەست بەکار بین، تکا لە دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم، کە بفەرموونە سەر مەنەصەکە، هەروەها ئەندامێکی لیژنەی دارایی و ئەندامێکی لیژنەی ئافرەتان بێنە سەر مەنەصەکە، نەهلە خان جەنابیشت فەرموو وەرە بۆ ئێرە، بەڕێزان وەکو دێتەوە بیرتان ئێمە موناقەشە کردنی ئەم پرۆژەیەمان دوا خست، بۆ ئەوەی ڕەئی هەردوو وەزارەتی دارایی بێتەوە، بەجیا ڕەئیەکی وەزارەتی دارایی بۆ من هاتووە، ڕەئیەکیش بۆ بەڕێز کاك د. کەمال هاتووە، تەبیعی هەردووکی ئاراستەی پەرلەمان کراوە، ئیدارەی هەولێر موافیقە و، هەروەها ئیدارەی سلێمانی وەڵامەکەی بەم شێوەیە، یەعنی ئەوانیش موافیقن لەدوایی ڕەئییەکەیان خاڵ بە خاڵ دەخەینە ڕوو لە هەر شتێکدا ڕەئیەکیان هەبێت باسی دەکەین، ڕەئی ئیدارەکە چۆنە موناقەشەی دەکەین، تکایە هەموو پرۆژەکە بخوێندرێتەوە، فەرموو کاك محەمەد سەعید.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبى:**

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

استنادا لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣ تشريع القانون الآتي:

أولاً:

يصرف الراتب والمخصصات كاملة للمرأة المتمتعة بإجازة الولادة أو الأمومة طيلة فترة تمتعها بالإجازة.

ثانياً:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

ثالثاً:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

رابعاً:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**د. روژ نورى شاويس**

رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە دیباجەکە و ماددەی یەکەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبى:**

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن.**

استنادا لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣ تشريع القانون الآتي:

أولاً:

يصرف الراتب والمخصصات كاملة للمرأة المتمتعة بإجازة الولادة أو الأمومة طيلة فترة تمتعها بالإجازة.

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو فەقەرەیە.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ قانونەكە داین، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جميل عبدى سندى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چونكە (إجازة الولادة) خۆی لە خۆیدا بە ڕاتب و موخەصەصاتی كاميلەتەن ئافرەت وەریدەگرێتن، ئەویش (٧٢) ڕۆژە، لەبەر ئەوە كەلیمەی (الولادة) لێرە پێویست ناكات، چونكە لە ئەسڵی قانونەكەیدا ڕاتب و موخەصەصات كاميلەتەن ئافرەت وەریدەگرێتن، لێرە پێویست بە كەلیمەی (الولادة) ناكات و، ڕەئی لیژنەی دارایی بەو شكلە دەخوێنـرێتن:

(يصرف الراتب والمخصصات كاملة للمرأة المتمتعة بإجازة الأمومة والطفولة لمدة لا تزيد على سنة)، ئەوە بۆ ساڵێك و، منالآنی تر كە قانونە ئەساسیەكەی شەش مانگ بەڕاتبی كامیل و شەش مانگەكەی تر بە (نصف) ڕاتب بوو بۆ منالآن، بەس ساڵێك كامیلی وەربگرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنەی ئافرەتان تكایە.

**بەڕێز شفيقە فقى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی پرۆژەكەین لەگەڵ ئەو پێشنیارەی كە عەرزی جەنابتانمان كرد لەناو پەرلەماندا، دەقەكەی ( ئەو دایكەی كە جمكی دەبێت، دەبێت مۆڵەتەكەی زیاتر بكرێت، بكرێت بە دوو ساڵ بە مووچەی تەواو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی كۆمەڵایەتی.

**بەڕێز زاهر محمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی كاروباری تەندروستی و كۆمەڵایەتی

بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان

**راي ليژنە**

نووسراوتان (ك/٢٠١) لە بەرواری ٢٠٠٣/٩/٢٧ كە ئاراستەی لیژنەكەمان كراوە سەبارەت بە پرۆژەی بڕیار بە خەرج كردنی مووچە و دەرماڵە لە ماوەی مۆڵەتی دایكایەتی و منداڵ بوون، لیژنەكەمان لە كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ڕۆژی ٢٠٠٣/٩/٢٩ گفتوگۆی لەسەر كرد و گەیشتە ئەو ڕایەی كە هاوپێچە لەگەڵ ئەم نووسراوەماندا:

رای لیژنه

ڕێکەوتی ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٣/٩/٢٩ لیژنەکەمان کۆبۆوە بۆ وانە کردنی ئەو پرۆژەیەی کە لە بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە ئاراستەی کراوە. سەبارەت بە خەرج کردنی مووچە و دەرماڵەی مۆڵەتی دایکایەتی و منداڵ بوون.

١- مۆڵەتی منداڵ بوون کە بەگشتی ماوەکەی (٧٢) ڕۆژە.

أ- یەك مانگ پێش منداڵ بوون بە مەبەستی ساغ و سەلامەتی خۆی و کۆرپەکەی کە زۆر پێویستە وەربگیرێت.

ب- (٤٢) ڕۆژیش دوای منداڵ بوون کە هەمووی بە مووچەی تەواوە، هەردوو برگەکە.

٢- مۆڵەتی دایکایەتی کە ئێستا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- شەش مانگ بە مووچەی تەواو بەبێ دەرماڵە.

ب- شەش مانگ بەنیو مووچە.

ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە، ئێمە پشتگیری تەواوی پرۆژەکە دەکەین، کە مۆڵەتی دایکایەتی بکرێت بە ساڵێك بە مووچەی تەواو بە دەرماڵەشەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕێگا هەبێتن خاڵی یەکەم ڕوون کردنەوەیەکی بچووك هەیە، ئەگەر ڕێگا بفەرموون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك زاهیر.

**بەڕێز زاهیر محمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مۆڵەتی منداڵ بوون کە بەگشتی ماوەکەی (٧٢) ڕۆژە، ئەمە دوو بەشە مانگێك هەتا (٢١) ڕۆژ لە پێش منداڵ بوون، ئەمەیان ئێمە زۆر جەختی لەسەر دەکەین، کە زۆر پێویستە وەربگیرێتن، باقیەکەی تر جا یان (٥٠) ڕۆژەکە، یان

(٤١) ڕۆژەکە، دەکەوێتە پاش منداڵ بوون، ئەمەیان بە جیایە، هی ئەوەی پێشی هی مانگەکە یاخود (٢١) ڕۆژەکە، کە پزیشك دایدەنێ کە چەندە؟ (٢١) ڕۆژە یان مانگێکە و، ئێستاکەش هۆی چاکتریش هەیە بە سۆنار دیاری دەکرێتن، ئەمە زۆر پێویستە لەبەر ساغ و سەلامەتی دایکەکە و، هەروەها کۆرپەکەی، پێشتر لەوانە بوو هەندێ جار چاوپۆشی دەکرا، هەموو (٧٢) ڕۆژەکە بە یەك جاری دەدا، ئەمەیان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە مانگەکە پێشتر بدرێت، (٤٢) ڕۆژەکە، یاخود (٥٠) ڕۆژەکە ئەوە بە ئارەزووی خۆی بێت و، داینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رەئی هەردوو وەزارەتی داراییش لەسەر ئەم مەوزوعە بەو شکلەیە:

لە کاتی مۆڵەتی دایکایەتیدا کە بۆ ماوەی یەك ساڵە، پێمان باشە بە مووچە و دەرماڵەی تەواو خەرج بکرێت لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەم دوو خاڵەدا، خاڵێکیان هەردووکیان موتەفیقن لەسەری.

١- بەنیسبەت دەرماڵەدان تەنها دەرماڵە جیگیرەکان خەرج بکرێت، واتا دەرماڵەی گواستنەوەو عەدوا و ختورە کە جێگیر نین خەرج نەکرێت، لە ماوەی مۆڵەتەکەدا، ئەمە رەئی هەردوو وەزارەتی داراییە. رەئیەکی تریشی هەیە وەزارەتی دارایی ئیدارەی سلێمانی دەڵێت ( نابێت لە ماوەی مۆڵەتی دایکایەتیدا فەرمانبەر کار بکات بۆ حیسابی خۆی) واتا لە رێکخراوی کەرتی تایبەت، لە رێکخراوی کەرتی تایبەت نابێت کار بکات، ئەمانە ئێستا رەئیەکانن، تکا لەو ئەندامە بەرێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، ناوی ئەم بەرێزانەم لەلا نووسراوە، ئەوەی ناوی نەنووسراوە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە:

١- شێخ لەتیف.
٢- مامۆستا رێبوار.
٣- مامۆستا رەئوف.
٤- مامۆستا حەمەد ئەمین چەمچەماڵی.
٥- کاك عیماد.
٦- شاخەوان.
٧- شەفیقە خان.
٨- زەهرا خان.
٩- فەوزیە خان.
١٠- مامۆستا مەلا هادی.
١١- کاکەڕەش نەقشبەندی.

ئەم ناوانەم ئیزافە کرد:

١٢- د. رزگار.
١٣- مامۆستا مەلا تاهیر.
١٤- کاك حمە عەلی تۆفیق.
١٥- نەهلە خان.
١٦- حەمید میران.

بەرێز کاك شێخ لەتیف فەرموو.

**بەڕێز لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.

دەربارەی ئەم یاسایە بۆ دایکایەتی و منداڵ بوون، یاسایەکە تێدا دیاری نەکراوە ئەو ژنەی کە فەرمانبەرە تا چەند منداڵ ئەو مافەی هەبێت، ئەگەر شتێك لەو بارەیەوە هەبێت، چەند منداڵی دەبێت ئەو مافەی بدرێتێ، لەگەڵ سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شفیقە فقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (٧٢) ڕۆژەکەوە، لەلای ئێمە هەموو دایکێك ئازادە کە ئەو (٧٢) ڕۆژە وەردەگرێت بە مووچەی تەواو، بەڵام ئێمە لێرە گوێمان لێ بوو، وەکو برادەران و لیژنەی کۆمەڵایەتی کە دەڵێت (٢١) ڕۆژی وا بێت و، (٥٠) ڕۆژیشی وا بێت من دەڵێم با دایکەکە هەر خۆی ئازاد بێت لە وەرگرتنی ئەو(٧٢) ڕۆژە، دایك هەیە صحەتی باشە، پێویستی بەو ئیجازەیە نییە پێش منداڵ بوون وەری بگرێت، با ئازاد بێت دوای منداڵ بوون وەریدەگرێت، یان پێش منداڵ بوون لەگەڵ تەندروستی دایکەکە بێت، ئەمە بەنسبەت ئەوەیانەوە.

بەنیسبەت ئەوەی کە پێشنیار کرا بوو کەوا هی ختورە و هی مەحللی و ئەوانە، کەواتە ئێمە چی دەکەین؟ چیمان کردووەو بۆچی هەوڵ دەدەین، ئەگەر دایکێك ئیجارە وەربگرێت تەنها زوجیە و ئەتفاڵ و غیلای مەعیشە بێت، من ئەوەی کە داوامان کردووە بە هەموو مووچە و دەرماڵەی تەواویش، هەتا موخەصەصاتی دانیشتنی کە هەیەتی ئێستا لە کاروباردا و، هینی میهەنیەکەی و پیشەییەکەی، مامۆستایە، یان فەرمانبەرە، یان موحاسیبە، یان موهندیسەیە، یان دکتۆرەیە، هەتا ئێستا (٣٠) دیناری پەرلەمانەکەش کە لەحاڵی حازردا دەدرێت، من لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر پرسیارم کرد، وتی (٣٠) دیناری پەرلەمانەکەش وەرناگرن ئێستاکە، کە شەش مانگ ئیجازەکە وەردەگرن، جا ئێمە ئەو شەڕەی کە دەیکەن بۆ ئەوەیە کە هەموو مووچەکەی بە تەواوی وەربگرێت بە هەموو موخەصەصاتێکەوە، ئەمە تەشجیعێکە بۆ دایکان، هاندەرێکە بۆیان، بۆ ئەوەی کە دادەنیشن لە ماڵەوە منداڵیان دەبێت:

١- یەك باری دەروونیان تەواو بێت.

٢- باری ئابووریان تەواو بێت.

با ئێستا ئێمە سەیر بکەین ئەو دایکانەی کە منداڵیان دەبێت، شەش مانگ وەردەگرن هەڵپە هەڵپیانە دوای ئەوەی شەش مانگەکەی تر وەرنەگرن، چونکە باری ئابووریان تەواو نییە، دوای ئەوە باشە شەش مانگەکەی تر وەرناگرێت و دەچێتەوە سەر دائیرە، ئینجا سەیری پەلە پڕۆ زێ و ڕاکە ڕاك و سەر لێ شێواوی، حەزانەیەکی وا نییە، کە منداڵەکەی بۆ بەرێت و، باخچەیەکی وا نییە منداڵەکەی بۆ بەرێت بە ڕێکوپێکی بۆی بەخێو بکرێت، ئەگەر ئێمە ئەم هاندەرە بکەین و ئەم شێوەیە دابنێین، بە بەردێك دوو نیشان دەشکێنین، یەك/ باری دەروونی دایکەکە چاك دەکەین، دوو/ باری ئابوورییەکەی چاك دەکەین و، هەروەها لەکاتێك دایکەکە زیاتر دەهێڵینەوە بۆ خزمەتی کۆرپەکەی، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەخێوی بکات، جا بۆیە داوا لە هەموو برایان دەکەم کە لە هەموو ماڵێکدا هەتانە کەستان نییە بێ ئافرەت بن، کەس لەو ئاسمانە نەکەوتۆتە خوارەوە، هەمووتان دایکتان ئافرەتە و خوشکتان ئافرەتە، خێزانتان و کچتان و بووکتان ئافرەتە، ئەمە دەبێت بکەین بۆ ئافرەتانی کورد بەتایبەتیە، چونکە ئافرەتی کورد زۆر زەرەرمەند بووە، چەندەها شێرمان لێ کەوتووتەوەو، چەندەها بێ شوێنمان هەیە، چەندەها کیمیا بارانمان هەیە، چەندەها ئەنفالمان هەیە، ئەی ئێمە بەم شێوەیە پاڵیان پێوە نەنێین و نفوسمان زیاد بکەین،

سەیر ناکەین ئێستا خوومسی شتمان بۆ دادەنرێت لە عێراقدا، کە حیساب دەکرێت خومسمان بۆ دادەنرێت، یەعنی یەك لەسەر پێنجی دانیشتوانی عێراق ئێمە حیساب دەکرێین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حەیدەر ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز حیدر اسماعیل عبدالله (م. رێبوار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بڕوای من ئەم بڕیارە زۆر لە خزمەتی ژن و ئافرەتانی کوردستاندا نییە، بەداخەوە ئەگەر ئەم بڕیارە بچێتە سەر، وای لێ دێت وەزیفەی خوشکان و ژنانمان دەبێتە وەزیفەی لە دایك بوون، بەس منداڵ بوون، یەعنی پێم وایە ئەمە کارێکی زۆر لە رووی دەروونیشەوە بۆ ژن کارێکی سروشتی نییە لە کوردستانی ئێستا، ئێمە تەشجیعی دایکان بکەین و تەشجیعی خوشکان بکەین بۆ ئەوەی لە رووی منداڵ بوونەوە روو لە منداڵ بوون بکەین، ئەوە لە هەموو دنیا روون و ئاشکرایە خەڵك لە هەموو موجتەماعەتەکان ئەوەی کە گرنگە پەروەردەی منداڵ گرنگە، پەروەردە کردنیان گرنگە، یەعنی ژمارەی زۆر کردنیان گرنگ نییە، پەروەردە کردنیان مەسەلەیەکی گرنگە کە رووبەڕووی ژن دەبێتەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵی کوردەواری خۆماندا، کە ئەمڕۆ دەزگای پەروەردە کردنی منداڵان زۆربەی رووبەڕووی خوشکان و ژنان دەبێتەوە لە ماڵەوەن، بۆیە پێویستە بەڕاستی ئێمە بیر لەوە بکەینەوە بەشێوەیەکی سروشتی کە ژن نەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، یەعنی بەداخەوە ئەمە گەڕاندنەوەی ژنە بۆ ماڵ، یەعنی بۆ ئەوەی کەوا لە ژوورەکە سجن بکرێت، هەر ئیشی ئەوە بێت تەنیا وەزیفەی منداڵی ببێت و منداڵەکان پەروەردە بکات و، ئیتر لە کاری وەزیفی و لە کاری خزمەتگوزاری لە ناو موجتەمەعەکەی خۆی دوا بکەوێت، بۆیە من داوای ئەوە دەکەم بەلای کەم ئەگەر بکرێتن تەعدیلی ئەوە بکرێتن، یان دوو منداڵ، یان سێ منداڵ، لەوە زیاتر نەبێت، یەعنی بەڕاستی ئەوە جەریمەیە ژنێك هەر تەنیا وەزیفەی ئەوە بێت منداڵی ببێت و، لە ماڵەوە دانیشێت لە کار و لە وەزیفەی ناو موجتەمەع دوور بکەوێتەوەو، نەتوانێت دەوری خۆی و دەوری کە کاریگەری ئینسانیەکە لای موهیمە، ئەوەی بگێڕێت لە ناو کۆمەڵدا، بۆیە داوا دەکەم تەعدیلێك لە یاسایەکەدا بکرێتن، بەلای کەمی بکرێتە دوو منداڵ زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زهراء حاجی طه سلیفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پشتگیریا پرۆژە دکەین و، ئەڤە دەسکەفتێکی مەزنە بۆ ئافرەتا سەراسەری کوردستانێ ئەڤ مافە هەبن، بە دیتنە من ئەگەر ماوە بێتە دیار کرن باشترە ژ بەر دوو لایەن، یا ئێکێ: ئەگەر بێین بەرێ خۆ بدەینە ئافرەتێت مە سەرجەم دەوائیرە نیسبە ئافرەتێ پترە ژ زەلامێ، یەعنی سێ بەهرێت دەوائیر و مەکتەبا ئافرەتە، هیندەك دەوائیرە ئەگەر بەرێ خۆ بدەینێ دەھ لە سەدا نیسبەتا زەلامێ و نۆهەت لە سەدا ئافرەتە، ئەگەر بێتو ئەڤە بکرێت بۆ ماوەی دەھ جارە یان

پێنج جارە، ئەڤەش ئالێکی ڤە مە ئافرەت وەکی برادەرێمە گوتی مە تەشجیع کرن رینێتە خوارێ مالێ، باشە ئەڤ ئافرەتە دەچەوا رۆلی خوو بینیتن، ئەگەر دەھ سالە ئیجازە وەرگرت و بزڤرێتە دائیرە خۆ کا رووڵەوێ، کا ئینتاجا وێ، ئەڤە ماوەیەکە دەڤ ژنکا ناڤ مالێ ئەو ژی وەکی وێ بمێنێت، شی ئالێدی وەکی مە گوتی سستیەك دەکەوێتا دائیرا، ئیش بەر هەندێ ئەم نابێژن دوو جارە و سێ جارە وەختەکی دیارکری هەبێتن کانێ دیتنا ئەندامێ پەرلەمانێ چەندە، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا رەئوف فەرمووو.

**بەڕێز رؤوف فرج حوێز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە بەڕاستی پرۆژەیەکی زۆر گرنگ و بایەخدارە، چەند کە مامۆستا لە ماڵەوە دادەنیشێت ئەو مووچەیەی بە تەواوی وەردەگرێت، ئاوەدانکردنەوەیەکە لەناو خێزانەکە هەمووی، چەند کۆرپەکەی بەخێو دەکات وەکو ئاوەدانکردنەوەیە لەناو خێزانەکەی، ئێستا من وەکو مامۆستایەك (٣٠) ساڵ لە قوتابخانە دەوامم کردووە، دوو پێشنیارم هەیە، یەکیان ئەمەی کاك رێبوار کە باسی کرد، بەڕاستی ئەگەر تەحدیدی نەسل نەکرێت، یەعنی بڵێین چەند ساڵێك من ناڵێم نەسلەکان، هەرکەسێ بۆچوونی خۆی هەیە، لەوانەشە گوێشی نەداتێ تا دە منداڵ بڕوات، هێشتا لە یەك منداڵ زیاتر ناڕوات، بەڵام یا بکرێت بە دوو ساڵ، یان سێ ساڵ، چونکە بەڕێزینە من بەڕاستی دەڵێم شەلەلێکی زۆر دەکەوێتە قوتابخانەکەوە، لەوانەیە لە قوتابخانەیەکدا پێنج مامۆستا ئیجازەی ئەو دایکایەتیە وەربگرێت، ئەو ساڵەی کە دەڕوات، یان بەزۆری لە یەکی نۆوە دەڕوات، یان فەترە فەترە دەڕوات، لەو ساڵە تا میلاك تەنزیم دەکرێتەوە، جاری وا هەیە مانگێك یان دوو مانگ پۆلەکە بەبێ مامۆستایە، واتا بەبێ مامۆستا دەمێنێتەوە، چونکە میلاکەکە درەنگ تەنزیم دەکرێت، عەینی کات لە کاتی خۆی تەنزیمەکە ناکرێت، جاری وا هەیە تەعیناتی تازە دەچێت بۆ مانگی دە و یانزدە، جاری وا هەیە هەر زۆر زۆر دوا دەکەوێت، ئەگەر دوو ساڵیش نەبێت بکرێت بە سێ ساڵ بۆ هەر ئافرەتێك، بۆ هەر ژنێك دەتوانێت تا سێ ساڵ ئەو مووچەیە وەربگرێت بە تەواوی شتێکی باشە و، سێ ساڵەکە ئیتر سێ منداڵە شەلەلەکە لە قوتابخانەکە دوور دەکەوێتەوەو، کێشە دروست نابێت لە قوتابخانەکاندا، من ساڵانە دیومە زۆر کێشەمان بۆ دروست بووە، لەوەی کەوا بەو جۆرە، من لەو بڕوایەم ئێستا زۆر لەو ناوچانەمان هەنە، هەر چۆنێکی بێت دەتوانێت نۆ مانگ جارێك ئینشائەڵلا منداڵێك بێنێتە کایەوە، بەڵام مەکتەبەکە، هەر دوور دەکەوێتەوە لە قوتابخانەکە و ناتوانێت لە قوتابخانە دەوام بکات، ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم: دیارە بڵێین لە پارێزگایەکی وەکو سلێمانی یان هەولێر یان دهۆك یان هەر پارێزگایەك بێت، کۆمەڵێکی زۆر لەو مامۆستایانە ئیجازە وەردەگرن، ئەم مامۆستایانە کە ئیجازەیان وەرگرت، یەك ساڵ براینە دوور دەکەونەوە لە پرۆگرام، لە کارە تازەکان، لە هەموو شتەکان، باشتر وایە کە ئەو لە (٩/١)وە زۆربەی زۆریان پشووەکە وەردەگرن بۆ ساڵی داهاتوو

دەوریەکیان بۆ بکرێتەوە، دەوریەکی یەك مانگی بێت، یان لەوە کەمتر نەبێت سێ هەفتەیی بێت، بۆ ئەوەی ئاشنا بن لە گۆڕانکاریە تازەکاندا کە چوونەوە قوتابخانەکاندا، من ڕێزم هەیە وەکو خۆم مامۆستام ڕێزم بۆ هەموو مامۆستایەك هەیە، بەڕاستی لەو ساڵەی ئەو مامۆستایەی ڕۆیشتووتە ماڵەکەی خۆی باوەڕ ناکەم لاپەڕەیەکی دوو جار کرد بێتەوەو، دوو جار سەیری شتێکی کرد بێت و خوێندبیەوە، کە هاتە قوتابخانەکە ئاشنا دەبێت لەگەڵ قوتابیەکان و لەگەڵ خوێندکارەکان، لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا ڕەئوف، بەڕێز فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئیجازەی دایکایەتی، هەروەکو یەکەم خاڵ وەڵامی لیژنەی کۆمەڵایەتی دەدەمەوە، با دایك ئازاد بێت لەوەی (٢١) ڕۆژەکەی پێش منداڵ بوون وەردەگرێت، یان دوای منداڵ بوون وەردەگرێت، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر، منیش دەنگ دەخەمە پاڵ دەنگی برادەران، پێم باشە سەقفێکی زەمەنی دابنرێت، بۆ سێ منداڵە یان چوار منداڵە تا حەددی پێنج، چونکە بەڕاستی ئێمە ئەو قەرارە دەردەکەین، بۆ بەشێك لە ئافرەتان، چونکە ئێمە سێ بەشمان لە ئافرەتان لە ماڵەوەن، واتا ژنی ماڵەوەن، تەنها بۆ بەشێك لە ئافرەتانە، ڕەنگە ئیحصایەکەش دەقیق نەبێت، بەلام بە مەزندە لەم لاو لەو لا خوێندومەتەوە، کەوا بەشێك لە ئافرەتان، یەعنی (٤/١)ی ئافرەتان فەرمانبەرن، ئیتر مامۆستان یان فەرمانبەرن لە دامودەزگاکانی حکومەت، یان دکتۆرەن، یان ئەندازیارن، هەموو چینەکان بەشێکن، ئێمە ئەو بڕیارە بۆ بەشێك لە ئافرەتان دەردەکەین و، ئەگەر سەقفێکی زەمنی بۆ دانەنرێت شەلەل دەکەوێتە دامودەزگاکانمان و، ئافرەتانیشمان دوور دەکەونەوە لە ڕۆڵ و ئیختیساساتی خۆیان، ئەمە یەك.

دووەم: هەندێ لە برادەران وا تێدەگەن ئەمە تەحدید نەسلە، نەخێر تەحدیدی نەسل نییە، با دایکەکە ئازاد بێ تا حەددی خۆی، ئیتر من پێم باشە چوار منداڵ بێت، واتا چوار تا پێنج، ئەوەندە پێنج ساڵ دەکاتە ئیجازە، بەم پێنج ساڵە لە هەموو شتێك دوور دەکەوێتەوە، خۆم دایکم دەزانم لە هەموو شتێك دوور دەکەوێتەوە کە ئیجازە وەردەگرێت خەرکی منداڵەکەیەتی، یەعنی هەتا بۆت ناکرێت، لەوانەیە ڕۆژنامەکان بە چاو قەیمی نەبێت، بخوێنیتەوە، مانای وایە لە ئیختساسی خۆی دوور دەکەوێتەوەو دوا دەکەوێت و، ئەو یارمەتییە باشە کە تەحدید بکرێت چوار منداڵ بێت، چونکە خوا نەیبڕێت سێ بەشی دایکانمان لە ماڵەوەن تا حەددی دە منداڵیان دەبێت، یەعنی لەوە نەترسین کە ئەمە تەحدید نەسلە و کیمیا باران و، یەعنی کورد زۆر تیا چووە، نەخێر، ئەگەر مەسەلە ترس بێت، من لە هەموو کەس زیاتر لەو حاڵەتانە دەترسم، بەلام خوا نەیبڕێت دایکی ماڵەوە هەیە پانزدە منداڵی هەیە، هەیە لە حەوت منداڵ کەمتری نییە قەت، ئینجا با ئێمە ئەو ڕێگایە لە فەرمانبەران نەگرین، با دامودەزگاکانمان تووشی شەلەل نەبێت،

چونکە ئێستا وەختی ئیشە و وەختی پەرەپێدانی کوردستانە، وەختی ئاوەدانکردنەوەیە، با دایکەکە ئیستیمتاع بە ئیجازەکەی بکات، بەڵام تەحدیدی منداڵەکان بکرێت باشە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عیماد فەرموو.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من قەرارەکە قەرارێکی زۆر باشە بەڕاستی، من پێم خۆشە زیاتر ژنان خۆیان قسە لەسەر ئەوە بکەن، چونکە مافێکی خۆیانە و، ئێمەش ئەگەر نەتوانین پشتیوانیان بین، با نەبینە درك و هەندێك قسەیان بۆیان و هەندێك قسەیان بۆ هین بکەین، بەڕاستی ئەو بڕیارەی دراوە زۆر باشە، بەڵام حاڵەتێك هەیە ئەوەی کە دراوە ئەوەی کە برادەرانی ئیدارەی سلیمانی باسیان کردووە، من بە حوکمی وەزیفە کە وەزیفەم هەبووە، ئەوانەی کە تۆ ئیجازەی پێ دەدەی بۆ صحەتی خۆیەتی، بۆ خزمەتی مناڵەکەیە، لەجیاتی ئەوەی خزمەتی بکات و ئاگاداری صحەتی خۆی بکا، دەچێت ئیشەکی تر دەکات، موهەندیسە، دەچێتە مونەزەمات، دکتۆرە، دەچێت عیادە دەکاتەوە، صیدەلیەیە دەچێ ئەوە دەکا، ئەوانە بەڕاستی ئەگەر ئێمە هەم بۆ خزمەتی خۆی بەتایبەتی ئێمە راتبەکەمان بە تەواوی و موخەصەصاتیش ئەوانەی کە ئیدارەی سلیمانی دەڵێ وەڵڵا هەموو موخەصەصاتی پێ بدرێت بۆ ئەوەی تەشجیع بێت نەچێت ئیشێکی تر بکات، زروف و ژیانی باشتر بکەی، بەڵام ئەوەی بخەینە سەری ئەوە حەقێکی خۆیەتی بۆ سەحەتی خۆی، ئێمە پێویستیمان بەوەیە کە نەوەیەکی باش دروست بکەین، دوو بۆ مناڵەکەشە، ئەوە بۆی نییە حەقی مناڵەکە بخوات، بچێت لە شوێنێکی تر ئیش بکات و، من مافەکەی مناڵەکەشم داوە، جا بەڕاستی ئێمە ڕەچاویان بکەین و پشتگیریان بکەین، ئەمێنێتە سەر ئەو مەوزوعە، مامۆستا قسە لەسەر مامۆستایان دەکات، ئەمانە هەموو مامۆستا نین، هەندێکیان کرێکارن، هەندێکیان هەیە مۆزەفە، هەندێکیان هەیە شتی ترن. ئەگەر ئێمە ئەوە بۆ موناقەشەیەکی تر بهێڵین لەلایەك حەقێك نەدەین و لەلایەکیش حەقێکی تری لێ وەربگرینەوە، ئەگەر ئێمە موناقەشەمان کرد ڕۆژێك لەڕۆژان تەحدیدی نەسل بکەین، تەحدیدی ژمارەی خۆمان بکەین، ئەوە موناقەشەیەکی تری دەوێت، ئەتو لەولا شتێکی دەدێیێ و لەولا شتێکی تری لێ دەستێنی، ئیمکانە ئەوە ژنەکە خۆی ئازاد بێت چەند منداڵی دەبێت، چەندی نابێت و، دەتوانێ بەخێوی بکات یان نایکات؟ تۆ لێرە وەکو پەرلەمان قەراری لەسەر دەدەی، ئیمکانە ئەوە لە مەسلەحەتی ئێمەدا نەبێت وەکو باسم کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك عماد، بەڕێز کاك مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

بەنیسبەت مەسەلەی ئافرەت کە دەڵێین نیوەی کۆمەڵە وەکو خۆیان دەڵێن، بەڵام بەنیسبەت ئیشوکاریان لە بەشداری کردن لە خزمەت، زۆربەی زۆریان مامۆستان، هەیە وەزیفەی تری هەیە لەناو دەوائیرەکان، بەڵام ئەوەی کە مامۆستایە ئێمە ئەگەر ئەو یاسایە یاسایەکی باشە وەکو عام من لەگەڵم، بەڵام هەندێك دەستکاری تێدا بکرێت لە هەندێك فەقەراتی، مامۆستا ئەگەر تازە تەعین بووە، ساڵێکە شووی کردووە، هێشتا مەنهەجەکەی بەتەواوی بۆ خۆی نەیخوێندوتەوە، دە ساڵ، حەفت ساڵ، هەشت ساڵ لە دوویەك منالی ببێت ئەمە کەی لە ماددەی علمی و تورق تەدریس ئیستفادەی لێ وەردەگیرێت، یاخود فەرمانبەرە لە دائیرەیەك کە ئەو دەڕوات جێگای وی بەتاڵە، مەجالی ئەوەش نییە خەڵکی تر تەعین بکەی لە جێگای، بەڕای من وایە مەجالی موخەصەصات کە دانراوە، موخەصەصات بۆ تەشجیعی میهنەیە، یەکێك لە میهنە نەبی موخەصەصات نازانم بە شتێکی زۆر باش نایەتە بەرچاو تا یاسایی بێت، موخەصەصات لەگەڵ میهنەیەو تەشجیعە بۆ ئیشەکەی، بەڵام بەڕای من وایە تەحدید وەکو برادەران ئیشارەتیان پێ دا، تەحدید لەگەڵ نیمە، تەنها موخەصەصاتەکە نەبێت، خۆی ئەو کاتە تەشجیع نابێت، ئەگەر مەعاشەکەی کەم بوو بڕیاری خۆی دەدات لە خیلالی ئەوەی دەتوانێ خزمەتی منداڵەکانی بەچەند ساڵ بکات، بۆیە وەزیفەکەی باشترە یان دانیشتنی لە ماڵێ، بەڵام ئەتو مەعاشی تەواوی بدێیێ وەڵڵای نایەتەوە دەوام و دەوام ناکات و، حەفت ساڵ هەشت ساڵ لە دوو یەکتر بە نۆ مانگی منداڵ لەدوو یەکتری دەبێت ئەوەش لە موستەقبەل زەرەری لێ دەکەین، لەگەڵ ڕێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە مامۆستا مەلا هادی هەموویان وان؟ هەموویان وا بیر دەکەنەوە؟ یەعنی دادەنیشن سی ساڵ هەر منالیان دەبێتن، هەموو ژنان وان؟ جا ئەوە شازە ئەوەمان لەبیر نەچێت، بەڕێز نەهلە خان فەرموو.

**بەڕێز نهلە محمد سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ بڕیارەکەم، گەڕانەوەی ژن بۆ ماڵێ، بۆ کارێکی پیرۆزە بۆ بەخێوکردنی منداڵە لەسەر ئەساسێکی دروست، من چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەوەی کە فەرقی ویلادەو ئومومە نییە، ئیجازەی ویلادە کە لێژنەی دارایی باسیان کرد، ئیجازەی ویلادە حەفتاو دوو ڕۆژە، پێشان بیست و یەك ڕۆژ پێش منداڵ بوون باقیەکەی تری پاش منداڵ بوون وەردەگیرا، بەڵام لەو دواییە بووە حەفتاو دوو ڕۆژ لەسەر یەك، یەعنی ژن ئەگەر تەماشای سیحەتی خۆی بکات ئایا دەتوانی هەمووی ئیستغلال بکات و بیهێڵێتەوە بۆ بەخێوکردنی منداڵی، یانیش پێشتر سیحەتی باش نییە وەریبگری ئەوە دەمێنێتەوە سەر قەراری دایکەکە و، ئیجازەی ویلادە نازانم لێرە دەڵێن کە ئەو حەفتاو دوو ڕۆژە بە راتبی تام یەعنی بە هەموو موخەصەصاتەوە وەردەگیرێ، بەڵام من لە

كۆبوونـەوەی پێشـتریش باسـم كـرد له ئیدارەی سلیمانی، كه پرسیم گوتیان تەنها سی رۆژ، یەعنی یـەك مانـگ بـه راتبی كامل سەرف دەكرێ، له مانگێك یەك رۆژ زیاتر بێت ئەوە موخەصەصاتی لێ دەبـڕێ، بۆیـە وجـودی ئیـجازە لێـرە پێویـستە بـۆ ئەوەی ئەو حەفتاو دوو رۆژە بەكاملی ئیجازەكە وەربگـری و، ئمومەكـەش وەكـو كـاك د.رۆژ فـەرمووی هـەموو ژن وانییـە، ئـەمن ده منداڵم لەسەر یـەك بێـت بـۆ ئـەوەی لـە مـاڵ دانیشـم، ئـەی پـاش ده منداڵەكه چی دەكات؟ پەروەردەی ده منداڵ ئەوەنده ئاسانه بتوانێ وا بەخێویان بكات، ئەی پاش ده ساڵەكه چی دەكاتن؟ منداڵ ڕاسته تا یەك سـاڵ پێویـستی بـه پـەروەردە هەیـە، ئـەی مـنداڵ كـه بووبه سێ چوار ساڵ یان ده ساڵ پەروەردەی ناوێ؟ موراعـاتی نـاوێ؟ موتابەعـەی نـاوێ؟ بـەڕای مـن ئەگەر ئینسان واعی بێت خۆی تەحدیدی نەسلی خـۆی دەكـات، خۆی موستەقبەلی منداڵی خۆی زامن دەكات، شیوەی نییه من لێرە تەحدید بكـەم، هـەتا ئـەو كاتـەی كـه ئـیجازەی ویـلادەت دانرابوو ساڵەك، شەش مانگ بەراتب تام و، شەش مـانگی دواتر به نیو راتب، لەویش تەحدیدی نەسل نەكراوە لەویش به مەفتوحی دانراوە، یەعنی بـەڕای مـن پـارە ئـەوە نییه كه بتوانێ ماڵی خۆی وێران بكات، یەعنی منداڵی زۆر بیتن، هەركەس بـتوانێ بەپـێی ئیمكانیـەتی خـۆی و سـیحەتی خـۆی، ژن هەیـە سـیحەتی بـاش نییه لـه دوو، سێ منداڵ زیاتر، ناتوانێ بیبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ نەهلە خان، بەڕێز مامۆستا مەلا محمدامین فەرموو.

**بەڕێز ملا محمدامین عبدالحكیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

بەڕاسـتی پـێم وانـیه هـیچ ئەندامـێكی پەرلـەمان هەبێـت لـێرە لەگـەڵ ئـەم پـرۆژەیەدا نەبێـت، پـرۆژەیەكە مـافی دایكـان و خوشـكان و كەسـوكارەكانمان و ژنـانی كوردسـتانە، كـه هـەوڵ بدەیـن خزمەتیان بكـەین مەسەلەی ئمومه، مەسەلەی ویلادە هەموو ئەمانه بۆیان تەنزیم بكەین حەقی خۆیانـە و، ئـەو مـاوەی مانگـە من لەگەڵیان دام شتێكی زۆر باشە و، تەنانەت نەك یەك ساڵ بەڵكو بـۆ دوو سـاڵیش بێـت مـن بـەڕای خـۆم هـیچ لاریـەكم لەوە نییه، بەخراپیشی نازانم مافی خۆیانە، ئـەوەی گرینـگە بـەلای مـنەوە هـەندێك بـیرو ڕا تـەرح كـرا لـێرە پـێم وایـه زۆر بەسادەیی لەسـەر بـرادەران دەڕوات، یـەك لەوانه جاری پێشوو فەوزیه خان تەرحی كرد، كەچی هەروا ڕۆی و ئاوڕی لـێ نەدرایـەوە، ئـەویش ئەوە بـوو تەرحی كرد سەقفێك دابنرێت كه ژنێك چەند منداڵی هەبێت، ژنەكە ئەگـەر تۆ بڵێی تـا ئەوەنده منداڵە تۆ ئەوەنده موخەصەصاتت دەدرێتێ، پێم وایه ژیانی خـۆی تەنـزیم دەكـات، مـنداڵ بوونـی خـۆی تەنـزیم دەكـات لەسەر ئـەو سێ مـناڵە، بەو شێوەیه قابیـیەك ناكرێـتەوە كـه ژنـێك مەفـتوح بێـت كـه ده مـناڵی هەبێـت، دوو ساڵیشی بۆ حساب بكەی دەبێـتە بیسـت ساڵ، باشـە ئـەوە هـەر له سەرەتاوە تەقاعودی بكەین باشتر نییه، یەعنی فكرەیەك هەیـە ئـەوەی لـێرە مـن هەسـتم كـرد، دوو فكـرە هەیـە، ئایـا ژن بـەرەو مـاڵ و قـاپی قوفـڵ كـردن لەسـەری یـان بەرەو ئیشكردن و موشارەكەی پیاو بەشدار بێت، بەشدار بوون له ساحەی عەمەل و مـەیدانا، من پێم وایه ئێمه دەبێت بیر لەوە بكەینەوە، زۆر زیرەكانه بیر لەو مەسەلەیە بكەینەوە

کە خوا لە قورئانا ئەمە تەحدید نییە یەعنی بۆ مەعلوماتان، یەعنی تەحدیدی نەسلە، نا تەحدیدی نەسل نییە، ئەوە تەنزیمی نەسلە، تەنزیمی نەسل لە فیقهی ئیسلاما حەلالە نەك تەحدید کردن، چونکە تۆ تەنزیمی خۆت دەکەی، تەنزیمی حەیاتی مالەکەت دەکەی و، عیبرەت لە ئیسلاما بە کەمیەت نییە بە نەوعیەتە خودافەرموویەتی (وکم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة بأذن الله) ئەوە حەدیسی پێغەمبەریش (د.خ) کە خەلکی دەیهێنێ کەدەلێ ژنی وەلوودو وەدود بێنن منالتان زۆر بێت (انی مکاثر بکم الامم) وەللا قەد پێغەمبەر شانازی بەکەسێکی عەشوائی ناکات کە نە تەنزیم کرابێ، کۆمەلێکی دز بێت، کۆمەلێکی پیاو کوژ بێت، علمی پێ نەبێت، ئەمرۆ زەمەن زەمەنی علم و سەقافەت و تەکنەلۆجیایە، دەراسەیەك بە قەدەر پەنجا جوتیاری زەمانی زوو کارت بۆ دەکات، یەعنی زەمانی عیلمە، ئیسرائیل چەند ملیۆنێکە، سەد ملیۆن عەرەب و ملیاریك موسولمان ئەگەر بۆیان بکرێت دەیان خەنە بەحرەوە، ئەوە عیلمە گەیاندویەتییە ئەوە، یەعنی ئێمە تەشجیعی ئەوە بکەین منالەکانمان باش پەروەردە بکەین، من حەز دەکەم بۆ خۆشیش شتێکتان بۆ دەگێرمەوە، مامۆستا دێرشەوی خۆزگە لێرە بووایە بەلام لێرە نییە، گوتی ئێمە لە ئێران ئاوارە بووین، خزمانی ئێران پێیان گوتین وەللاهی ئەم کوردانە زۆر نەزانن، خۆ لەو ئاوارەیەشا هەر یەکە پێنج، شەش منالیان هەیە، باشە ئەوە چۆنیان بۆ تەنزیم دەکرێ؟ چۆنیان بەخێو دەکەن، گوتی من لە لێژنەی کۆبوونەوەی دایکان و باوکان کۆبوونەوەم هەبوو، گوتی پێم وتن وەللاهی ئێوە زۆر بێ عەقلن نازانن دوور لە رووی حازرو مەجلیسەکە، وتی ئەگەر ئێمە چوار مندال بکەین یەکێکی تورك دەیکوژێ، یەکێکی عەرەب دەیکوژێ، یەکێکیش ئێوە دەیکوژن، گوتی بۆ من یەك منال دەمێنێ، یەعنی بەراستی نابێ وابیرکەینەوە، دەبێ بیرکەینەوە، هەم دایکان و خوشکان مەجالی ئەوەیان بۆ بسازێنین نەیان بەینەناومال و، موشارەکەی پیاوبکەن لەهەموو نەواحی حەیات و ژیانی ئەم کوردستانەیە و، ئەو بەشەی کە هەموو جارێ دەیلێین ژن نیوەی کۆمەلگایە، بیان هێنینەوە ناو ئیش و نەیابەینەوە ناو مال و، ئەو سەقفە بۆ سێ منال دابنرێ، دیارە قەدەغە نییە کەتۆ سەقفێکی بۆ دابنێی تا سێ سال تۆ ئەو موخەصەصاتەی دەدەیتێ، دوای سێ سالەکە خۆی ئازادە، ئەگەر ئەوەمان کرد تۆزێك لە مەسەلەکە تەنزیم دەکەین و، من پێم وایە لەو زەمانەدا ئەوەش خزمەتێکە نەك ئەوی تر، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك شاخەوان فەرموو.

**بەرێز محمد عباس عولا(شاخەوان):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس قسەکانی من کران.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك شاخەوان، بەرێز کاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی من لەگەڵ هەندێمە هەموو ماقی دایكان بێتە خواستن، نەك سەبارەت بەو بڕیارەدا بەڵكو زێدەتر، چونكە ڕۆڵی وی ڕۆڵێكی پیرۆزە با حەقیان نەخورێت، پشتی من پرسیارا كر چەند لایەنەكی پەیوەندیدار، نەخاسمە دەزگای پەروەردەو دەزگای تەندروستی ئەوان مولاحەزەیان هەبێت، ئەویش پشتی حەفتاو دوو ڕۆژی، بیست و یەك و پەنجاو یەك حەفتاو دوو ڕۆژە، لایەنی بەرپرس هەبێت بۆ دایكان تا مۆڵەتی لێوەربگیرێتن، دوای حەفتاو دوو ڕۆژەكە وەربگرێتن هەمووی وەكو یەك هاتووە، لێرە ئەگەر هاتوو تەحفیز هەبێت كو نەوەك وەرگرن مۆڵەتی پشتی حەفتاو دوو ڕۆژا، چونكە تەقریبی وەكو وان گوتی نزیكی سەتا حەتا تا هەشتای دەزگای پەروەردەو تەندروستی ئافرەتە، بۆیە ئەگەر هاتوو قوتابیان مەحروم بوون مەجبورن مامۆستای موحازر وەربگرن، موحازریش لێرە گرفتی خۆی هەیە، ئەگەر لێرە تەحفیز هەبێت پشتی حەفتاو دوو ڕۆژەكە ئەوەی دەوام نەكات، ئەوە بێت دەوام بكات تەحفیزی هەبێت گەلێك پیرۆز ترە، ئەوە ڕەئی منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز كاك د.رزگار، بەڕێز مامۆستا محمد طاهر زین العابدین فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بارستایی ئەم پرۆژەیە بچووك دیارە، بەڵام قورسایەكەی زۆر گەورەیە، هەر بە خوێندنەوەی یەكەمی دەنگی داوەتەوەو پێشوازیەكی گەرمی لێ كراوە، پیادەكردنی پرۆژەیەكی وا لەو سات و كاتەدا، خزمەتی دایك و كۆرپەیە، خزمەتی خێزان و ئوسرەیە، خزمەتی كۆمەڵگایە، خزمەتی مرۆڤایەتییە بەگشتی، بایەخدانە بە ئەجیالی ئایندەو بەكارگەی صنعی ئەجیالیش، زەمینە خۆش دەكات كۆرپەڵەی ساوا لە گەنجینەی دایكەوە بەرەو ئاسۆیەكی ڕوناك هەڵدێت، لە كۆشی داكیا گەشە دەكات، لەسەر سینگی پڕ سۆزی دایكەوە، دایكی موچەدار بێ خەفەتی كەم بوونەوەی موچەكەی یان بێ موچەیی، نزیكەی پازدە مانگ لەلەو دایانی كۆرپەكەی دەكات بە باخەڵی گەرمەوە لە وەزیفەكەی وەزیفەترە، بەڕاستی گەورەترین ماقی منداڵی ساوا ئەوەیە، كە لە ماوەی شیرەخۆریدا لە باوەشی دایكە ڕاستەقینەكەیا بحەوێتەوە، دەمی بە گۆی جەوەنە هەڵواسراوەكەی سینگی دایكیەوە بێت، دوور لە دایەنگا ئەگەر ناچاری نەبێت پەنای بۆ نابردرێت، نازی منداڵی نازدار و جگەر گۆشە ئەوەیە دایكی تەرخان بێت بۆ پەروەردە كردنی، ماقی هەرە گرینگی دایكیش ئەوەیە دڵی ئارام بێ و، هەردووكیان دایكیش و ساوا بەیەكەوە بحەوێنەوە، ئەم پرۆژەیە ئاوڕە لە ئافرەتانی موچەدار، لە مێژووشا ئەو نەوزهورو نییە، (ئیبداع نییە)، بۆ مەعلومات، دوو شتی نموونە دەگێڕمەوە من: یەكەم پێشەوا (عومەری كوری خەتاب) خوا لێی ڕازی بێت، هەر منداڵێك لەدایك دەبوو سەد درهەمیی بۆ دەبڕیەوە، كە گەورە دەبوو كە دەكەوتە سەر گاگۆڵە كردن، ئەو كاتە بۆی دەكرد بە دووسەد درهەم بەبێ جیاوازی. دووەم: سەركردە (صلاحەددین)ی موسولمان و قارەمانی كورد لە قەڵای دیمەشقا، دوو پلوسكەی كردبۆوە، یەكێكیان شیر و ئەوی تریان شەكراو،

لە حەفتەیەکدا دوو جار دایکانی منداڵ وەبەر لەو دوو پلوسکەیە شیر و شەکراویان وەردەگرت بۆ منداڵەکانیان، ئەو سەردەمانە بەم شێوەیە هاوکاری دایك و کۆرپە دەکرا و، ئێستاش بەدوا داچوونی هەمان ڕەوشتە، بەشێوەیەکی تر. پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم وەکو لە پرۆژەکە خۆی هاتووەو خوێندرایەوە، ئومێد دەکەین ئەو خەمخۆریە زیاتر و زیاتری بەشوێندا بێت لەماوەیەکی زۆر کەما موخەصەصاتی ئەتفاڵ و زەوجییەش بگرێتەوە، دەرگای سولفەو زەواج و سولفەو عەقاریش لە هاووڵاتیان بکرێتەوە بە هەردوو ڕەگەزەکەی پیاو ئافرەتیشەوە، ڕاستە ڕەنگە خەلەلێك هەندێ جاربکەوێتە پەیامێك لە ئیدارە یالەدەزگایەکانی پەروەردە، بەلام دەتوانرێت بەئاسانی پڕبکرێتەوە، چونکە پیادەکردنی پرۆژەیەکی وەها بایەخدار، دەبێ کۆمەلگا لە سەرویەوە دەزگاکانی حکومەتی هەرێم قایم شان بدەنە ژێری تادەگەینە بەختیاری و ژیانێکی ئاسوودە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا مەلا محمد طاهر، بەڕێزکاك ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من موڵاحەزەکەم لەسەر (یصرف الراتب والمخصصات کاملة) پێشنیارەکەم ئەوەیە ئەگەر وشەی (کاملة) لابەرین، هەر وەکو هەردوو وەزارەتیش ئیقتراحیان کردووە، بۆ ئەوەی کەوا موخەصەصاتەکەیان ئەو موخەصەصاتە دائیمیانە بێت کە سەرف دەکرێت، لەبەر ئەوە ئەو وشەیە لابەرین و عیبارەتەکە بکەین بەم شێوەی خوارەوە، چونکە هەندێك موخەصەصات هەیە وەکو موخەصەصاتی نەقل یان موخەصەصاتی مەوقعی جوگرافی یان موخەصەصاتی ختورە و، یان موخەصەصاتی مومارەسەی ئیشێکی تایبەت وەکو ئەمین صندوق یان صەرف کردنی رەواتب، ئەمانە موخەصەصاتی دائیمی نین، لەبەر ئەوە ئیقتراح دەکەم وشەی (کاملة) بکرێت بە (المخصصات الدائمیة) و، هەروەها وەکو کاك عیماد گوتی، یەکەم بکەین بەم شێوەی خوارەوە:

(یصرف الراتب والمخصصات الدائمة للمرأة المتمتعة بإجازة الولادة أو الأمومة قبل فترة تمتعها بالإجازة، علی أن لا یمارس أي وظیفة أخری) لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك ئەمین مەولود، فەرموو کاك حەمید میران.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو سەرەتا لەگەڵ مەشروعەکەم، چونکە ئەساسێکی باشە بۆ یارمەتانی ئافرەتان، بەلام وەکو زۆربەی برایان باسیان کرد مەوزوعی موخەصەصات هەر ئەو موخەصەصاتانە بگرێتەوە کە دائیمییە، ئەو موخەصەصاتانەی تر نەگرێتەوە. لایەنەکی تر ئەگەر تەحدید بکرێت باشترە، بۆ نموونە بابڵێین سێ منال، ئەو حەقی هەبێت تا سێ منال بیدرێتێ، پاش سێ منالەکە تەنها حەفتاودوو رۆژەکەی بدرێتێ ئەگەر منالی تری بوو، چونکە ئەمە بەڕاستی موشکیلەیەك دروست

دەكات لە بەڕێوەبردنی كارا و، هەندێكیش ئافرەت دوا دەخات لەوەی بتوانێ موونافەسەی پیاو بكات لە دەستكەوتنی ئیشەكاندا، بۆ نموونە جاری وا هەیە مەعمەلێكی بچووكە دەڵێ من یەك موهەندیسم دەوێ بیگرم بۆ مەعمەلەكەم، ئەوە ڕازی نابێت ئافرەت وەربگرێت بەو ئیعتبارەی ئەو خەڵكی دەوێت ئیشی بۆ بكات، لەبەر ئەوە من وای بە چاك دەزانم تەحدیدێك هەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێ هەم یارمەتی ئەوانیش دەدات، لە سەرەتاش ئەوانە كە لە مەكتەب دەردەچن زۆربەیان كە تەعین دەبن، لەسەرەتا وەختی شووكردنیانەو منداڵ بوونیشیانە، لەبەر ئەوە هەندێك دوا دەكەون لە فێربوونی ئیشەكانیان، چونكە ئیش هەر ئەوەندە نییە كە دەیخوێنێت و لەوێ فێر دەبێ، لە ئاخیرا ئەوەی خوێندوویەتی بیری دەچێتەوە ئەگەر مومارەسەی نەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك حەمید، بەڕێز كاك محمد علی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمه علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ڕەئیەكم هەیە لەسەر مولاحەزەی وەزارەتی دارایی هەردوولا كە باس لەوە دەكەن كە موخەصەصات نەیان گرێتەوە، من دەڵێم بەعەكسی ئەوە، بەڕاستی میزانیە كە تەخمین دەكرێت ساڵانە هەموو میلاكێك بە ئافرەت و پیاو هەركەسێك كە تەعین بووە، میزانیەی هەیەو تەخمین كراوە، موخەصەصاتی بۆ دیاری كراوە و هەموو شتێكی بۆ دیاری كراوە، كە مادەم ئێمە لێرە ئەو ئیمتیازە دەدەین بە ئافرەت، حەقە موخەصەصاتەكەشی لەگەڵ دابێت بە كاملی، چونكە هیچ نوقسانییەك بۆ وەزارەتەكە نابێت و، هیچ ئیزافەیەك بۆ ئەوان نابێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك حەمە علی، بەڕێز كاكەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاو بۆچوونێك هەیە عەلا ئەساس مۆڵەتی منداڵ بوون لەگەڵ دایكاتی جیا بكرێتەوە، تەبعەن پێویستی بە جیاكردنەوە نییە. چونكە نهلە خان ئیشارەتی پێدا هەر موزەفێك ئیجازە بێت لە مانگەك زیاتر هەموو موخەصەصاتی لێ قەتع دەكرێ، تەنها راتبەكەی ئەصلی دەمێنێ كە راتب كامل، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو عیبارەتە بگۆترێ، چونكە حەفتاودوو ڕۆژە لەمانگەك زیاترە موخەصەصاتەكەی وەربگرێت، دوایە نازانم ئێستا بۆچوونی برادەران هەمووی لەوە دەچێت دەیانەوێت قەرارەكە تێك بدەن، خۆ قەرارەكە هەبوو ئێمە هاتووین چاكتری بكەین، خۆ ئەو خەڵكە مەجالی هەبوو ئیجازەكەی خۆی وەربگرێ، بەتەنها ئەوەندە بوو شەش مانگەكەی بەبێ راتب بوو لەماڵەوە دادەنیشت مەعاشی وەرنەدەگرت، دەنا ئەو خەڵكە هەموو ئیجازەی وەرگرتووە حەسبەل ئسول، هیچ عائیقێك نەبووە وەرنەگرێت، ئێستا بۆ بێین مەنعی بكەین، وەڵڵا ئێستا بێین چوار عانەی بۆ زیاد بكەین نابێت ئیجازە وەربگرێت یان لە سێ منداڵ زیاتری نەبێت، یان یەكی ببێت یان دووی ببێت، تەبیعی بەڕاستی بەڕەئی من ئەوە هیچ ئیمكان نییە، بۆ دەستكاری

بكەين، كەواتە با قەرارەكە هەر وەكو خۆی بێت، مادەم پارەشیان نادەینێ با قەرارەكە هەر وەكو خۆی بێت، هاتووین چاكی بكەین با ئالۆزی نەكەین، دوایە هەندێك برادەر هەنە باسی تەربییە دەكەن، كام قوتابخانە مامۆستا (٢٤) حصەی هەیە لە حەفتەیەك، پێویستە هەموو مامۆستایەك لە (٢٤) حصەی كەمتر نەبێت، بەخوا هیچ مامۆستایەك لە ١٢ حصەو ١٣ حصەو ١٤ حصە زیاتری نییە، جەنابی كاك شێخ عەفانیش لێرە دانیشتووە لەوانەیە تەئیدم بكات، هەموو لە قوتابخانەكان موشكیلەیان ئەوەیە لەبەر قەڵەبالغی ناحەوێنەوە لەگەڵ یەكتر، یەعنی هیچ گرفتێ نییە، لەبەر ئەوە قەرارەكە زۆر بەرێك و پێكی هاتووە، موخەصەصاتەكانیشی با هەموو بدەینێ، بەڵام كاك علی تۆفیق ڕەنگە زۆر بەباشی مەوزوعەكەی نەپێكابێ، خۆی لە میزانییە ئەوە دیار دەكرێت، تەنها پارەكە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنە، ئەگەر هاتوو ئەو موخەصەصاتەی لێ قەتع بكەین وەنیە بارێكی گران هەبێت، چونكە لە ئەساسەوە حسابی بۆ كراوە، هەموو مۆزەفێك حسابی بۆ دەكرێت بە هەموو موخەصەصاتەوە، بەڵام ئەگەر نەیدرێتێ تەبعەن ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە خەزێنە، لەوانەیە سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆی دانراوە با بۆی سەرف بكەین و شتێكی زۆر رێك و پێكەو، مەجالیش بدەینە ئافرەتان هەتا دەوری خۆیان ببینن لە تەربیەتدانی منداڵەكانیان و بەخێوكردنیان و، شیری دایكیش زۆر زۆر پێویستە بەڕاستی لەماوەی ئەو ساڵە، چونكە بەڕاستی هەموو عیلمی پزیشكی وادەڵێت، دەڵێ ئەو شیرەی كە دایك دەیدات بەمنداڵەكەی قەد وەكو هیچ خواردنێك نییە بۆ منداڵەكە، لەبەر ئەوە با ئەو ساڵەی ئیجازەبێت و، لێی قەتع نەكرێت شەش مانگەكە لەبەر بێ پارەو پوولی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك كاكەڕەش نەقشبەندی، بەڕێز كاك د.كەمال فەرموو.

**بەڕێز د.كمال عبدالكريم فؤاد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها لەبارەی یەك مەسەلەوە قسە دەكەم، ئەویش ئەوەیە كە ژمارە دابنرێت بۆ منال، ئەمە پێشێل كردنی ماف مرۆڤە بەڕاستی لە دوو سەرەوە، سەرێكیان ئەوەیە ژنێك كە دەیەوێت منالی ببێت یان ژن و مێردێك دەیانەوێت منالیان ببێت، دوو منالە سێ منالە زیاترە، با ئازاد بن لەوەی كە چەند منالیان هەبێت، سەرەڕای ئەوەش تۆ بەو بڕیارە ئەو مافە دەسێنیەوە لە منالێك كە لەوانەیە ببێتە پیاوێكی زۆر گەورەو زۆر خزمەتی كۆمەڵگا بكات، ئێمە لە چین و هیندستان نین تاوەكو كارێكی وا بكەین ژمارەی منداڵ بوون كەم ببێتەوە، خۆی كۆمەڵ لە گۆڕاندایە، ئێستا بۆ نموونە لە ئەوروپا كەم خێزان هەیە لە دوو منالی زیاتری هەبێت، منالێكە، دووانە زۆر كەم دەیكات بە سێیان، زۆر كەمیش هەیە لەو ژمارە كەمتری هەیە، من خێزانێكم دەناسی لە بەرلین یازدە منالیان هەبوو، ژن و مێردێك یازدە منالیان هەبوو، بەڵام ئەوە زۆر زۆر كەمە، ئەوە لەوانەیە لە هەموو ئەلمانیا دوو سێ خێزانی وا هەبێت، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی لە شوێنێكی وەكو ئەوروپا خێزانەكانیان یەك یان دووان ئەوپەری سێ منالیان هەیە، بەڵام بەقەناعەتی خۆیان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە كەس مەنعی نەكردوون لەوەی كە منالی زیاتری هەبێت، ئێستا پرسیارێك دێتە پێشەوە لای ئێمە خۆتان دەزانن پیاو هەیە لە ژنێك زیاتری هەیە، باشە ئەوە خۆ

ئەگەر هەر ژنەی دوو منالی هەبێت، هەندێکیان چوار و پێنجیان هەیە، ئەوە دەبێت بە حەفت هەشت منال، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان منیش یەك دوو قسەم هەیە لەو مەوزوعە، لە ڕاستیدا من تەئیدی بێجگە لە قسەکانی کاك د.کەمال فوئاد کە سەدا سەد تەئیدی دەکەم، قسەکانی کاك عماد و کاك کاکەڕەشم زۆر بەدڵ بوو بە حەقیقەت، یەعنی شتێك بەدەستێك نەدەین، بەدەستێك وەریبگرینەوە، ئەو مەوزوعەی کە کاك حەمەعلی تۆفیق باسی کرد، هەر مەوزوع پارەو میزانیەیە، ئەو میزانییە ساڵێ جارێك دادەنرێت ئەمە هەموو مەحسوبە، حسابی هەموو موخەصەصات کراوە، حسابی هەموو مەعاش کراوە، تۆ ئەگەر نەیدەیتێ لە میزانییەکە هەیە، پارەکەی هەموو بۆ حاز کراوە، بەلام تۆ نایدەیتێ، ئەیگێڕیتەوە بۆ خەزینە، لەبەر ئەوە من تەصەور ناکەم بێتە هۆی ئەوەی تووشی عەجز بین لەمەوزوعەکە، مەسەلەی مالییەکە. مەسەلەی منداڵ بوون، ئێمە بۆچی تۆزێك مەعاشی بدەینێ شەرتوشروتی بۆ دابنێین، پێشێلی مافی مرۆڤیش بکەین، لە دوایدا ئەو ئافرەتەی کە ئیش دەکات لە دەوائیری حکومەتا عادەتەن ئافرەتی موسەقەفە، ئافرەتێکە ئەندامێکی کاملی ئەو کۆمەڵگایەیە، بۆ حوریەتەکە بۆخۆی بەجێ نەهێڵین، بەپێ تواناو عەقڵی خۆی تەسەروف بکات، یەك منالی ببێت دووانی ببێت سێیانی ببێت چوارانی ببێت، ئەمە بۆخۆی بەجێ دێڵین، حەقیش نییە بەهیچ شێوەیەك ئێمە داینێین سێ بێت یان چوار بێت یان پێنج بێت، ئەگەر مەوزوع خوێندن یان ئیشوکاری دائیرەش بێت، خۆ منال بوون، لەهەموو ڕۆژێکا منداڵی نابێت، مەوزوعەکە نۆ مانگی پێ دەچێت، ئیدارە تەختیتی خۆی دەکات، بەدائلی بۆ دەدۆزێتەوە، شتی تری بۆ دەدۆزێتەوە، ئەمە لەزۆر وڵاتا بووە بەو شێوەیە، کە هیچ خەلەلێکی نەخستۆتە مەوزوعەکە، لەبەر ئەوە لەڕاستیدا ئێمە تەئیدی ئەوە دەکەین، مەشروعەکە زۆر باشە، چۆن هاتووە با وا بمێنێتەوە، ئینجا ڕەئی نیهائیش لای لیژنەی یاساییە، ئەگەر جوابی قسەکان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز أحمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی بە هاوکاری لەگەڵ لیژنەی دارایی و ژنان، گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەو مولاحەزاتانەی کە برادەران کردوویانە هەموومان نووسیوە، لە چەند خاڵێکا کۆدەبێتەوە، کە تەحدید کردنی منداڵە، یان صەرف کردنی دەرماڵەکانە، هەندێکیان بکرێت یان نەکرێت، ئێمە بەگشتی پێمان وایە تەحدید نەکرێت بەهیچ شێوەیەك مەسەلەی منداڵ بوون، ئایا ئافرەت دەیەوێت دە منداڵی ببێت پێنجی ببێت یەکی ببێت دووی ببێت، چونکە کێشەکە لەوەیەوە دەست پێ ناکات چەند منداڵی دەبێت، هەموو ئافرەتێکی خوێندەوار کە منداڵی دەبێت تا منالەکە گەورە نەبێت هەوڵ دەدات منداڵی تری نەبێت، ئەو منداڵەی گەورە دەبێت و پێ دەگرێت دەچێتە ڕەوزە، ئینجا هەوڵدەدات منداڵی تری دەبێت، لەبەر ئەوە پێم وانییە مامۆستایەك یان فەرمانبەرێك لە دائیرەیەکا کە منداڵێکی بوو ئۆتۆماتیکیەن منداڵێکی تری دەبێت و ئیجازە لەسەر ئیجازە وەردەگرێتن، شتی وانییە لە دائیرە دابڕێ یان لە قوتابخانە دابڕێ، قەت پێم

وانيـيه هـيچ فەرمانـبەرێك يـان ئافرەتـێكی خوێـنـدەوار ئـەو حەقـە بـەخۆی بـدات، چـونكە هـەر بۆخـۆی ئەركـە، يـەعنی دوو مـنداڵی بچووك يان سێ لەسەريەك بەخێو ناكرێت، لەبەر ئەوە ئێمە پـێمان وايە هەموو كێشەكان لەو چەند خاڵە كۆبووتەوە كە باسمان كرد، تەحديد نـەكرێت يەعنی ئافرەت ئـازاد بێـت لـەوەی كـە چـەند مـنداڵی ببێـت و، دەرماڵـەكانی هـەموو بـۆ سەرف بكرێت لە مـاوەی ئـەو سـاڵەی كـە دەرماڵـەی مـنداڵ بەخـێوكردنە، چـونكە هـی مـنداڵ بـوون ئـەوە ئاسـاييە حەقـتاودوو رۆژەكـە پـێم وايـە حەقـێكی مەشـروعی خۆيـەتی لـە قـانونی عێراقيشـدا هەيـە، كێشـەيەكمان نـيـيە لەسـەر ئـەوە. دەربـارەی دەرماڵـەكان پـێم وايـە بەعـزێك دەرماڵە هەيـە هـەر ناكرێـت لـێی بـبڕێت، وەكو دەرماڵەی ميهەنييە، دەرماڵەی پەرلەمانە، دەرماڵەی زەواجە، دەرماڵەی مـنداڵە، ئـێمە كـە دەڵـێين دەرماڵـەی بدرێـتێ دەبـێ هەر ئەوانەی بدرێتێ، ئينجا بەعزێك دەرماڵە هەيــە كــە ئيشـكالی لەسـەرە، ئـێمەش لەگـەڵ ئەوەيـنـە پـێش ئـەوەی كۆتـايی بــە مەسـەلەی دەرماڵەكانـەوە بێـت، لەگەڵ ئەوەيـنە كـاك عـيماد پێشـنيارێكی زۆر باشـی كـرد دەڵـێ ئـەوەی كـە ئـيجازەی دايكايـەتی هەيـە نابێـت بچێت لە جێگايەكی تر ئيش بكات، ئەوە ڕاستە ئەگەر هاتوو لە جێگايەكی تـر ئيشـی كـرد ئـەوە دەبێـت مەعاشـەكەی لـێ ببڕێتن، چونكە ئەوە بۆ سيحەتی ئەو و مـنداڵەكەيە، ئـێمە موتـەفقين لەسـەر ئـەو ئـيقتراحەی كاك عـيماد، هـەندێك دەرماڵە هەيە وەكو گواسـتنەوە يـان نـەقل يـان خـتورە، ئـەوان ئەگـەر بـدەل عـەدوا يـان مەناتقی نائيە، ئەوانە ئەگەر نەشـدرێت، بـەڕای مـن بدرێـتەوە وەزارەتـی دارايـی بۆخـۆی بـڕياری لەسـەر بـدات، ئـێمە لـێرە بـە موتڵەقی لەسـەر بـڕيارەكە قـەرار بدەين، ئەگەر برادەران ڕازی بن لەسەری، ئينجا وەزارەتی ماليە ئەگـەر ويسـتی تەعليماتـێك دەربكات، ئەو چەند دەرماڵەيە ئەگەر ويستی ئيستسنا بكات ئەوەيان بۆ ئـەوان لـێگەڕێين، ئەگـينا دەرماڵـە رەئيسيەكان بە موتڵەقی بدرێت، ئەوە ڕای لێژنەی دارايی و ياساييە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس كـاك احمـد شريف، ئێمە مەوزوعەكە دەخەينە دەنگدانەوە، زۆر قسەی لەسەر كرا لە ڕاستيدا، بەم شێوەی نووسراوەتەوە، بەو شێوەی كە تەقديم كراوە، تكايە كاك أحمد بيخوێنەوە بۆ ئەوەی بيخەينە دەنگدانەوە، تەنها يەكەم.

**بەڕێز احمد شريف:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

استناداً لأحكـام الفقـرة (١) مـن المـادة (٥٦) مـن القـانون رقـم (١) لسـنة ١٩٩٢ المعـدل وبـناءاً عـلى ما عرضـه العـدد القـانوني مـن أعضـاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٣ تشريع القانون الآتي:

اولاً:

يصرف الراتب و المخصصات كاملة للمرأة المتمتعة باجازة الولادة او الامومة طيلة فترة تمتعها بالاجازة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە لەگەڵ دیباجەکە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، سێ ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکات، بەزۆرینەی دەنگ ماددەی یەکەم وەرگیرا، ئێستا دێینە سەر مەوزوعێکی تر کە تەرح کرا، تۆزێك عیلاقەی بەو مەوزوعەوە هەیە، مەوزوعی ئەوەی ئەگەر ئیشێکی تری کرد لە فەترەی ئیجازەکە، لە ڕاستیدا لەگەڵ جەنابی کاك د.کمال و کاك فرسەتیشا باسی ئەو مەوزوعەمان کردووە، ئیش بە موتڵەقی بکات زۆر زەحمەتە تەحدید بکرێت، بۆ نموونە لە ڕۆژێکا سەعاتێك یان دوو سەعات خەیاتی بکات، سەعاتێك دوو سەعات شێکی تر بکات، یان حەفتەیەك ئیش بکات دوو حەفتە ئیش نەکات، چۆن ئیسپاتی دەکەی کە ئەوە ئیشی کردووەو ئەوە ئیشی نەکردووە، ئایا بە عەدالەت دەبی لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکە یان عەدالەت نابی؟ لەبەر ئەوە شتەکە زۆر بەزەحمەت دەبینین ئێمە دەقێکی وای بدەینێ، بەچاکی دەزانین ئەو دەقەشی تیا نەبێت لە ڕاستیدا، ئەو دەقەی تیا نەبێت و ماددەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە وەکو مەشروعە، جا لەم بارەیەوە ئەگەر ڕەئی و شتی وا هەیە پێم خۆشە باسی بکەن، بەڕێز کاك عیماد فەرمو.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

ئێمە ئەم بڕیارە دەردەکەین بۆ خزمەتی ژنان و کۆمەڵگامانە و، دەمانەوێت وەکو باسم کرد نەوەیەکی باش پەروەردە بکەین و، جیلێکی ئەوانەی کە دێن لە سایەی دایك و باوکێکی باشەوە دەبێت، ئێمە کە ئەوەی بۆ مسۆگەر دەکەین حەقەێکە هەم حەقی منداڵەکەیە کە، کۆرپەیە نازانێ کە دایك بەجێی دێڵێ دەچێ ئیشێکی تر دەکات، ئەوە حەقێکە بۆ ئەو منداڵە، دوو بۆ سیحەتی خۆی، یەعنی ئێمە ئەگەر راتبەکەی ئەوە نەبێت کە بەباشی ژیانی باش بکەی، تۆ ناتوانی چونکە من وەکو تەجروبە زۆر جار هەیە دایك، باوك ئەوەندە چاو چنۆکە ماڤی منالەکەی خۆی دەخوات، جا تۆ ئەگەر ئەوەی بۆ مسۆگەر بکەی و مەعاشێکی باشی بدەیتێ نەچێتە شوێنێکی تر ئیش بکات، من ئەوەی کە جەنابی کاك دکتۆر باسی کرد ئیشی دائیم، یەعنی نەچێت لەشوێنێکی تر وەزیفە بکات، بەڵام دوو سەعات ئیش دەکات قەیناکە، بەڵام بچێتە شوێنێك لە جیاتی ئەوەی کە شەش سەعات لای من دەوام دەکات، بچێت لە شوێنێکی تر دە سەعات دەوام بکات، بەڕاستی ئەوە ماڤی منالەکەی و سیحەتی خۆیەتی کە من مەسئولم لەسەری وەکو پەرلەمان، جا ئێمە ئەگەر حەتا لەو کۆبوونەوەیەش نەتوانین تەحدیدی بکەین، با لەگەڵ ژنانا خۆیان قسە بکەین، لەگەڵ هەندێك ڕێکخراوی ماڤی مرۆڤا قسان بکەین، دوای ئەوەی سیاغەیەك بدۆزینەوە بۆ خزمەتی خۆیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک عیماد، یەعنی ئەمەش هەر وەکو تەحدیدی نەسلەکەی لێ بکەین بۆ مەرحەلەیەکی تری بەجێ بهێڵین، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیفەی وا هەیە کە پەیوەندی بە وەزیفەیەکی تایبەت هەیە لە ئێواران مەسەلەن، وەکو دکتۆری یان صەیدەلانی یان مەکتەبێکی هەندەسی، بەیانی وەزیفە دەکات و ئێواران دەچێت لە کەرتی تایبەت ئیش دەکات، لە دکتۆران کە ئیجازە وەردەگرن نابێتن ئێواران بچێت عیادەکەی بکاتەوە، ئەوە لە قانونی نەقابەی خۆیان هەیە، جا شتێکی وا دەبێت هەبێتن، یەعنی ئەگەر لە دائیرە ئیجازەی وەرگرت نابێت ئێواران بچێت لە کەرتی تایبەت ئیش بکاتن، ئەمە هەیە لە قەوانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک احمد شەریف فەرموو.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان ڕەئی کاک ئیبراهیمم دەگوتەوە، فعلەن قسەکەی زۆر ڕاستە، بۆ نموونە هەیە دکتۆرە، هەیە موهەندیسە، هەیە صەیدەلانییە، ئەو لە دائیرەکە ئیجازەی وەرگرتووە و مەعاشەکە بەکاملی وەردەگرێت، دەچێت لەوێ لە کەرتی تیابەت ئیش دەکات، لەوێش پارە وەردەگرێت، لەم حاڵەتە منداڵەکەی مەغدوور دەکات، بۆیە من پێم باشە ئەو مەوزوعە بەم شێوەیە چارەسەر بکرێت، ئەوەی کە ئیجازەی دایکایەتی و منداڵ بوونی هەیە لەو مەرحەلەیە لەکەرتی تایبەت و هیچ شوێنێکی تر حەقی نەبێت ئیش بکات و، ئەگەر ئیشی کرد دەرماڵەکانی لێ ببڕێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەوە پێویست ناکات، چونکە هەر موهەندیسێك ئەگەر لە مەکتەبی ئێواران ئیش بکات، دەبێ تەعەهود لە دائیرە بدات، موخەصەصات و ئەوانەی هەموو قەتع دەبێت لە دائیرە، دەبێ لە دائیرەکەی تەعەهود بدات بڵێت من ئێواران ئیش ناکەم، یەعنی ئەسڵەن موخەصەصاتەکە وەرناگرێ کە موخەصەصاتەکەش وەرناگرێ بۆ ئێمە لەسەری قەتع بکەین، ئێمە بڵێین وەڵڵا ئێواران دەچێ، مەچوو ئێواران، بۆخۆی موخەصەصاتەکەی مەرفوزە بە حوکمی قانون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک حاکم سەفەر فەرموو.

بەڕێز سفر محمد حسين:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بەڕێزان. لە ڕاستیدا ئەو بڕیارە دەستكەوتێكی زۆر باشە بۆ ژن بۆ خێزان لە كوردستان، وابزانم هیچ تەعقیدی نەكەی بە شتێكی واها قیود لەسەر بدەین كە كەم كەین لە قیمەتی ئەو دەستكەوتە، ئەو ئینجازە، بەڕاستی كە نیزامێكی دیموكراتینەو سیسەتمی عالەمیش مەعروفە لە پەرلەمانی كوردستان، یەعنی خۆ نەكەینە وەكیلی دایك و منداڵ، وەكو برادەران باسی تەحدیدی نەسلیان كرد، مادەم باسی دیموكراتیەت دەكەین و ئازادی كەس و مافی ژن و مافی پیاو، ئەوە لەوانەیە زیاتر ئازادی خۆیان پێشان بدەن هەتا حەدەكی، منیش لەگەڵ ئەوەمە دەقێكی گشتی بێت هیچ تەعقیدی نەكەین، كە لە قیمەتی ئەو ئینجاز و دەستكەوتە كەم بكەینەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، فەرموو كاك فرسەت.

بەڕێز فرست احمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

برادەران هەموویان دەزانن لە قانونی خدمەی مەدەنی مەمنوعە مۆزەف خاریجی وەزیفەی ئیش بكات، مادەم موباح نییە ئیشەكەی مەمنوعە ئەصڵەن، بۆ ئێمە جارێكی تر مەنعی بكەین، جوان نییە دوو قانون یان دوو دەق دابنێین بۆ تەنزیمی یەك حاڵەت، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

فەرموو كاك عیماد.

بەڕێز عماد احمد:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بڕیاری گرینگ هەر ئەوەیە كە ئێستا درا، بڕیارێكی زۆر بەكەڵك و سوود بەخش بوو، بەڵام تەنها ئەوەندەیە هەندێك وردەكاری هەیە، هەندێك وردەكاری هەیە وەزارەتەكان بۆخۆیان دەزانن، ڕەنگە ئێستا لەبەر دەستمان نەبن، هەموو بدرێتە وەزارەتەكان تەعلیماتیان بۆ دەردەكەن، ئەوە ئیشی ئەوانە كە ئیواران ئیش بكات یان نەكات یان شتی تر، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، كەواتە وای لێ دەكەین، ئەگەر دەوائیر یان وەزارەتی دارایی هەر شتێكی بە پێویست زانی تەعلیماتی خۆی پێ دەردەكات، ئێمەش بۆ ئەو مەوزوعە زیاتر، چونكە قەرارێكی گرینگە زیاتر وەكو پەرلەمان و لیژنە، موختەصەكانمان با پەیوندی بكەن بە ڕێكخراوەكانی ئافرەتان و ژنانەوە، پەیوەندی بكەن بە ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤەوە، لەخەڵك ببپرسن، ئیستفتایەكی تێدا بكەن، با ڕەئیەكی وازحتر و ساكارترمان لا گەڵاڵە بێت، ئەو كاتە ئەگەر پێویستی كرد بڕیارێكی تری لەسەر دەدەین، ئەگەر ئەوە بە پەسەند دەزانن تكایە دەستان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە، كەواتە ئەو مەوزوعە وای لێ دەكەین، وەكو باسمان كرد ئەگەر وەزارەت بە باشیان زانی تەعلیمات دەردەكەن و، مەوزوعەكەی تریش با زیاتر

لـێژنەکانی پەرلـەمان خـەریکی بێـت، لـە ڕێکخـراوەکان بپرسـێ، مـاڤ مـرۆڤە، ئافـرەتانە، ژنانـە، نەقاباتـە ئەمانـە هـەمووی لەوانەیـە بمـان گەیەنێتـە ڕەئیەکی موسەبەتی باشتر، بەلام شەرتە ئەو ڕەئیە لە خزمەتی ئافرەت بێت، ئێمە هەدەفەکەمان لە ڕاستیدا ئەوەیە، ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**ثانيا:**

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسـەر ئـەو ماددەیە؟ دیارە تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسـەند دەکەن دەسـتیان بەرزکەنـەوە، زۆر سوپاس. تکا لەو ئەندامـە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی دووەم پەسەند کرا، ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**ثالثا:**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابـت ئیشـارەتت بـەوەدا کـە وەزارەتـی دارایـی تەعلیمات دەربکات، ئەگەر تەخویلێکی وەزارەتی دارایی بکەین تەعلیمات دەربکات وابزانم خراپ نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مـن تەصـەور دەکـەم ئـەوە تەحصیلێ حاصڵ بێت، وەزارەتی دارایی بۆی هەیە تەعلیمات دەربکات، با ئـێمە قەرارەکـەمان عـام لـە صـاڵحی ئافـرەت بێـت و قـیودی تـێدا نەبێـت تەئـسیری خۆی بکات، فەرموو کاک احمد دزەیی.

**بەڕێز احمد علی دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـێمە قـەرارات دەردەیـنین دەبێـت ئەسـباب موجیبەی بۆ دابنێین، ئێمە ئەو قەرارەی کە دادەنێین دەبـێ ئەسـباب موجیـبەی هەبێـت، ئەسـباب موجیـبە هەیـە، بـەلام بـۆ لـە قەرارەکـە نانووسـین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسـەکە ڕاسـتە هـەموو قـەرارێك ئەسـباب موجیـبەی دەوێ، ئەسـبابی موجیـبە لـێژنەی یاسـایی دەتوانـێ بۆمـان صـیاغە بکـات، بـە ئیـتفاق لەگـەڵ لـێژنەی ئافـرەتان، مـاددەی سـێیەم دەخەیـنە دەنگدانـەوە، تکـا لـەو ئەندامـە بەڕێـزانە دەکـەم کـە مـاددەی سـێیەم پەسـەند دەکـەن دەسـتیان

بەرزکەنـەوە، زۆر سـوپاس. تکـا لـەو ئەندامـە بەڕێـزانە دەکـەم کـە پەسـەندی ناکـەن دەسـتیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی سێیەم پەسەند کرا، ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز احمد شریف:**

**رابعاً:**

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز احمد شریف:**

**رابعاً:** ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د. رۆژ نوری شاوەیس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لـەو ئەندامـە بەڕێـزانە دەکـەم کـە مـاددەی چـوارەم بـەو تەعدیلـەوە کـە کـرا پەسـەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنـەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی چوارەم پەسەند کرا، هەموو یاساکە دەخەمە دەنگدانەوە، تکا لـەو ئەندامـە بەڕێـزانە دەکـەم کـە هـەموو یاسـاکە پەسـەند دەکـەن دەسـتیان بەرزکەنـەوە، زۆر سـوپاس. ئـەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، هەموو یاساکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین. فەرموو شەفیقە خان.

**بەڕێز شفیقه فقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان.**

بەڕاسـتی ئەمـڕۆ ڕۆژێکـی زۆر خۆشـە و پـیرۆزە بەنیسـبەت ئـێمەی ئافـرەت بەتایـبەتی و، هـەموو بـرایانم بەگشـتی، چـونکە دڵسـۆزی خۆتـان بـەجێ هێـنا بـۆ هاوسـەرتان و بـۆ هـەموو ئافـرەتانی کوردسـتان و، بـۆ نەوەکانیشـتان. زۆر زۆر سوپاسـتان دەکـەم کە، ئەو ڕۆژە خۆشەتان کرد بەنسیبی ئـێمە، زۆر خۆشە ئەو ڕۆژە، پەنا بەخوا لەم ڕۆژە هەموو ساڵێك لەیادمان بێت شیرینیتان بدەینێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ شەفیقە خان، فەرموو نهلە خان.

**بەڕێز نهله محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەوەی مـن دەمویسـت باسـی بکـەم، شـەفیقە خـان باسی کرد، منیش پرۆزبایی لە گشت ئافرەتانی کوردسـتان دەکەم کە بەڕاستی بڕیارێکی زۆر گرینگ بوو کە ژن بەو وەزعە نەفسیە موستەقیرە لە

ماڵەوە دادەنیشێ هەم ناحیەی ئابووری و دەرونی باش دەبێت، خۆی تەرخان دەکات ئەو فەترەیە بۆ بەخێوکردنی نەوەی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە ڕاستیدا ئەوەی تەماشای قانونەکە بکات وادەزانی ئەوە لە مەسڵەحەتی ژن و ئافرەت دایە، بەڵام زیاتر لە مەسڵەحەتی پیاو دایە، ئەرکێکی گەورە لەسەر شانی لا دەبات، جا مەیکەن بە منەت، زۆر سوپاس.

تکا لە ئەندامە بەڕێزەکانی ئەو لێژنەیە دەکەم کە سەفەری پێشوو دەست نیشانمان کردن بۆ گەلاڵەکردنی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن بەنەتیجەی ئەو گفتوگۆیە کە لە دانیشتنی ژمارە (٣٥ )ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کردمان، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی یەکێکیانە، کاک حوسێن عارف یەکێکیانە، جا با بفەرموون با بێنە سەر مەنەصەکە، ببورن هیچتان حازر کردووە؟ باشە فەرموو دانیشنەوە، کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حسین عارف عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆبوونەوەی پێشوو کە ڕۆیشتین بڕیار وابوو ڕۆژی پێنج شەممە لێرە کۆببینەوە، چوار شەممە وەرەقەیەکم پێ گەیشت کە دەڵێت مەیەن پێویست بەو کۆبوونەوەیە ناکات، لەکاتێکدا ئێمە شتێکمان لای خۆمان گەلاڵە کردبوو لە کۆبوونەوەکە باسی بکەین و، لەگەڵ جەنابی کاک کاکەڕەش و کاک سیروان و کاک ئەکرەم باسی بکەین، ئیتر ئێمە ئاگام لە وەزع نەما بە هینی خۆمان وا تێگەیشتین، ئەو سێ برادەرەی کە لێرەن لەگەڵ چەند برادەرێکی تری فراکسیۆنی سەوز شتێك کرابێت، نازانم بۆچی وای لێ هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی لە ڕاستیدا ئێمە دانیشتنێکی زۆر گرینگمان کرد حەفتەی پێشوو، ئەوا بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن ئەوەی لە دڵیاندا بوو هەڵیان ڕێشت، ئەوەی بەچاکیان زانی وتیان، تەبیعی دانیشتنێکی وا گرینگ لە ڕاستیدا هیچ حەق نییە هەر قسە بێت و بڕوات، ئەو دانیشتنە دنیایەك ڕاو بۆچوونی بەجێ و پەسەندی تیا هەبوو، بۆیە ئێمە لێژنەکەمان دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، بۆ نموونە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەتوانێ چی بکات، جگە لەو قسانەی کە کردمان، بەرامبەر بە هەڵبژاردن دەبێ مەوقفی چی بێت و چ بڕیارێك وەربگرێت؟ بەرامبەر یەکبوونی ئیدارە دەبێ چ مەوقفێك وەربگرێت، چ بڕیارێك وەربگرێ؟ ئەگەر پێویستی بە بڕیار بوو یان ئیتصالات بکات یان چی بکات، ئەوە ئیشی ئەو لێژنەیە بوو کە هەندێك موقتەرەحاتمان بۆ ئامادە بکەن، تاکە شتی عەمەلی کە کردوومانە لەو حەفتەیە تەنها موزەکەرەکەی (پۆل بریمەر)ە کە دژی هاتنی قواتی تورکییە، ئینجا دانیشتنێکی یەکجار وا گرینگ با تەنها یەك شتی لێ دەرنەچێت، مادەم دانەنیشتوون، ئێمە دەمانەوێت نەتیجەی هەبێت ئەو موناقەشاتانە و، لە ڕاستیدا مولاحەزات نووسراوەتەوە و، هیوادارم تا کۆبوونەوەیەکی تر لە ماوەی ئەو حەفتەیە لێژنە کۆببێتەوە و گەلاڵەی چەند خاڵێکمان بۆ بکەن، بۆ ئەوەی لە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ڕێگەم پێ بدەن بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە، بەناوی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان بکەم، تەمەنای سەرکەوتنیان بۆ بکەم لە خزمەتی گەل و نیشتمان بن، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی - عێراق**

**د.ڕۆژنوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی - عێراق**

پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، بەڕێزان خۆتان دەزانن ئەبوایە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی خۆی ئامادە بوایە، بەڵام لەبەر هۆیەکی زۆر گرنگ و ناچاری نەیتوانی ئامادە بێ، بۆیە ئێمە لەسەرۆکایەتییەوە پێشنیارەکانتان پێشکەش دەکەین بە ئەرکەکەی ئێوە هەڵدەستین.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە متمانە بە بەڕێز عثمان حاجی محمود محمد ئەدەن بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ لە سلێمانی دەستیان بەرزبکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە متمانەی پێ نادەن دەستیان بەرزبکەنەوە، بە گشتی دەنگ متمانەی پێ درا.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە متمانە بە بەڕێز نەوشێروان فؤاد مەستی ئەدەن بۆ پۆستی وەزیری کاروباری پێشمەرگە لە سلێمانی دەستیان بەرزبکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە متمانەی پێ نادەن دەستیان بەرزبکەنەوە، بە گشتی دەنگ متمانەی پێ درا.

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە متمانە بە بەڕێز شەماڵ عبدالوفا احمد ئەدەن بۆ پۆستی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری لە سلێمانی دەستیان بەرزبکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە متمانەی پێ نادەن دەستیان بەرزبکەنەوە، یەك کەس متمانەی پێ نەدا. بە زۆرینەی دەنگ متمانەی پێ درا.

بەڕێزان ئێستا ئەو وەزیرە بەڕێزانە یەکە یەکە بانگ دەکرێن بۆ سوێند خواردنی یاسایی، تکا دەکەم ئەو کەسەی ناوی دێت سوێندەکەی خۆی بخوات، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز عثمان حاجی محمود محمد وەزیری ناوخۆ لە ئیدارەی سلێمانی.

**بەڕێز عثمان حاجی محمود محمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من عثمان حاجی محمود محمد وەزیری ناوخۆ، سوێند دەخۆم بە یەزدانی مەزن بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندیەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

بەڕێز نەوشێروان فؤاد مەستی نەخۆشە نەهاتووە، بەڕێز شەماڵ عبدالوفا احمد وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری لە ئیدارەی سلێمانی.

**بەڕێز شەماڵ عبدالوفا احمد:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من شەماڵ عبدالوفا احمد وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری، سوێند دەخۆم بە یەزدانی مەزن بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندیەکانی گەل بکەم.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣٩)ی خولی گواستنەوە

## یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٢/٧

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٢/٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٣٩)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣٩)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣\١٢\٧ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: بەرچاوخستنی بابەتی بڕواپێدان بە هەریەکە لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

١- عثمان حاجی محمود محمد- وەزیری ناوخۆ لە ئیدارەی سلێمانی.

٢- نەوشێروان فؤاد مەستی- وەزیری کاروباری پێشمەرگە لە ئیدارەی سلێمانی.

٣- شەماڵ عبدالوفا احمد- وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری لە ئیدارەی سلێمانی.

دووەم: هەر کامێکیان بڕوای ئەنجومەن بەدەست بێنێ سوێندی یاسایی دەخوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٣٩)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پێك هاتووە لە دووخاڵ، خاڵی یەکەم بڕواپێدان بە هەر یەکە لەمانەی خوارەوە کە ناویان هاتووە یەك: بەڕێز عثمان حاجی محمود محمد، بەڕێز نەوشێروان فؤاد مەستی، بەڕێز شەماڵ عبدالوفا احمد، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئیدارەی سلێمانی د. بەرهەم صالح نووسراوی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کردووە و، داوای کردووە لەبەر رۆشنایی برگە چوار لە ماددەی پەنجاو شەش لەیاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ متمانە بدرێت بەم بەڕێزانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە بە مەبەستی وەرگرتنی ئەو پۆستە وەزاریانەی لەبەرامبەری ناوەکانیان دەست نیشان کراون، وەکو باسم کرد بەڕێزان عثمان حاجی محمود محمد بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێز نەوشێروان فؤاد مەستی بۆ پۆستی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، بەڕێز شەماڵ عبدالوفا احمد بۆ

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٩)**

**یەك شەممە رێکەوتی ٧\١٢\٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

خۆیان پێشکەش بکەن لە پێناو سەرکەوتنی ئەو پرۆگرامەدا، دیارە پاش پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق ئەم دەرفەتە هاتە پێش کەوا بەرنامەکە بدرێت بە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عێراق، ئەنجومەنی فەرمانڕەواییش بە سوپاسەوە بەشێوەیەکی رەسمی رەزامەندی دەربڕی و داکۆکی لەسەر ئەوە کرد، کەوا بەرنامەکە بدرێتەوە بە گەلی کوردستان، ئەمیش لە رێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئێمەش بەو پەڕی لەخۆبوردووییەوە ئامادەین بۆ وەرگرتنی ئەو ئەرکە پیرۆزە، بەپێویستی دەزانم سوپاسی زۆرمان ئاراستەی برایانمان بکەم لە سلێمانی کە هاوکاریی تەواویان پیشانداوە لەو ماوەیەی کە وەکو یەك تیم کارمان کردووە، بۆ مسۆگەر کردنی ئاییندەیەکی باش بۆ بەرنامەی بڕیاری (٩٨٦) لە کوردستاندا، سەبارەت بە ئایندەی پرۆسەی تەواو کردنی بەرنامەی (٩٨٦)، حکومەتی هەرێمی کوردستان، نووسینگەیەکی تایبەتی دامەزراندووە بە ناوی نووسینگەی هەماهەنگی پرۆژەکان، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، کە ئەم ئۆفیسە بەڕێوەدەبرێت لەلایەن بەڕێز کاك ئەکرەم جافەوە، کە شارەزاییەکی تەوای هەیە لەم بوارەدا، ئێمە ئومێدی زۆرمان هەیە کە ئەم نووسنیگەیەش بتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت و هەوڵی جیدی بدات کە خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە هەرێمی کوردستان بکات، لەو دەرفەتەی کە بۆ گەلەکەمان هاتۆتە پێشەوە، ئێمە پشتگیری خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ هەموو ئەو هەولانەی کە دەدرێن بە مەبەستی بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان، سوپاسی هەموو لایەك و هەر سەرکەوتووبن، بەتایبەت سوپاسی سەفیر (مستەر ستیڤمان) کە ئەو لێرە تەشریفی هێناوە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆگرامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی بۆ وتارە بەنرخەکەی و، ئێستا دەست بە مەراسیمی ئیمزا کردنەکە دەکەین، تکا لە بەڕێز کاك د. بەرهەم صالح و بەڕێز کاك ستیڤمان دەکەم کە بێنە سەر مەنصەکە، بەڕێز کاك د. ئەکرەم جاف فەرموو جەنابیشت، بەڕێزان لێرەدا دووبارە سوپاسی هەموو میوانە بەڕێزان دەکەم، بۆ بەشداری کردنیان لەم موناسەبەتە گرنگە و مێژووییەدا، سوپاسی بەڕێزان هەردوو سەرۆك وەزیر و بەڕێز دیك ناب و بەڕێز سەفیر ستیڤمان و بەڕێز ئیسڤایە میرۆ دەکەم، بۆ وتە بەنرخەکانیان، هەروەها سوپاسی تایبەتیشم بۆ بەڕێز د. لیناسۆن بۆ ئامادە بوون و، بۆ بەشداری کردنی، دووبارە سوپاسی بێ پایانمان بۆ هەموو کارمەندانی (UN) کە توانا و هێزیان تەرخان کرد بۆ جێ بەجێ کردن و سەرکەوتنی بەرنامەی (٩٨٦) لە کوردستاندا، سوپاسی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و هەموو هاوپەیمانەکان دەکەین، بۆ ئازاد کردنی عێراق و، لە کۆتاییشدا سەری رێز و نەوازش بۆ هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی و ئاشتی و دیموکراتی دادەنوێنین، بەڕێزان زۆر سوپاستان دەکەم و، لێرەشدا کۆتایی بە کۆبوونەوەکەمان دەهێنین، تاکو لە ئێوارە لە کاتی ئیفتار یەکتر دەبینینەوە بە خواتان دەسپێرم.

| | |
|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی - عێراق** | **کوردستانی - عێراق** |

لێرە جێ بەجێ بکەین، هەروەها من دڵنیام و بڕواش وایە کەوا تەحویلی مەسئولیەتی ئەو بەرنامەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕوام وایە کە ئەوە گەڕاندنەوەی بۆ حکومەتێکی، کە نوێنەرایەتی بکات و، حکومەتێکی فەعال و، حکومەتێکی شەفاف و مەسئوولە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، پیرۆزبایی رەمەزانی پیرۆزتان لێ دەکەم، خوا بتان پارێزێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان پێش ئەوەی دەست بە مەراسیمی ئیمزا کردنەکە بکەین، تکا لە بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەم کە بفەرمووێت بۆ پێشکەش کردنی وتارەکەی.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**میوانە بەرێزەکان.**

خۆشحاڵم ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەی بەڕێز لە تەلاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کۆدەبینەوە، بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی گواستنەوەی بەرپرسیارێتی ئایندەی بڕیاری (٩٨٦) لە هەرێمی کوردستان بۆ قۆناغێکی تازە، هەموو لایەك دەزانین کە بڕیاری (٩٨٦) کاریگەریی ئیجابی هەبوو لە سەر کەم کردنەوەی مەینەتیەکانی گەلی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی و، هەروەها رۆڵی هەبوو لە بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە ماوەی حەوت ساڵی رابرووددا. وێڕای تێبینی و کەموکوڕییەکانی بۆ ئێمەی گەلی کوردستان، دەرفەتێکی مێژوویی بوو کە بۆ جاری یەکەم داهاتی نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوەو پرۆژەی مرۆیی و خزمەتگوزاری لە کوردستانی عێراق ئەنجام دەدرێت، خوازیارین لە عێراقی تازەشدا بەشەداهاتی هەرێم رەچاو بکرێت و قەرەبووی پێشوو تریشی بۆ بکرێتەوە، لێرەدا دەمەوێت سوپاسی بەرپرسان و کارمەندانی ئاژانسەکانی ( UN) بکەم، بەتایبەتی ئەوانەی کەوا لە ئازارو داخوازییەکانی گەلی ئێمە گەیشتن و هاوسۆزی و پشتگیریی خۆیان بۆمان دەربڕی، سەرباری ئەو ئاستەنگانەی کە لە جێبەجێ کردنی بەرنامەکەدا دەهاتە پێش و دەیانویست یارمەتی گەلەکەمان بدەن، هەروەها بە پێویستی دەزانم سوپاسی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (CPA)کە لەکوردستان و بەتایبەتی تیمی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك و بڕیاری (٩٨٦) بکەم، کە هەوڵی دڵسۆزانەیاندا لە رێگای کۆبوونەوە سێ قۆڵییەکان و ئەو پەڕی هاوکاری و هەماهەنگییان پیشاندا بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، ئێمە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی رەسمی شاهیدی مەراسیمی گواستنەوەی بەرپرسیارێتی و گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی بەرنامەی (٩٨٦) دەبین و، ئەویش واتا کۆتایی هاتنی بەرنامەکە بەو شێوەیەی پێشوو بەشێوەیەکی تازە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەو گۆڕانکارییە بەرچاوەی کە دەبینین ئەوەیە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بەرپرسیارێتیە دەکەوێتە ئەستۆی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی کە رەزامەندی لەسەر دراون و مابوونەوە لە چوارچێوەی بەرنامەی (٩٨٦).

لەکاتێکدا کە رۆڵی ئاژانسەکانی (UN) لەو بەرنامەیە کۆتایی دێت، ئومێدی ئەوە دەخوازین کە لە ئایندەدا ئاژانسەکانی (UN) بتوانن لەبوارێکی تر و بەشێوازێکی تر خزمەت و پسپۆڕی

ڕێکوپێك و بە نەرمی بڕوات، بەڕاستی سێ مانگی ئەخیر زیکریاتێکی زۆر زیندووی لەلامان بەجێ هێشت، لەبەر ئەوە پیشانیان دا کە دەتوانرێت چی بەدی بهێنرێت، کاتێك هەرسێ لایەن بەیەکەوە کاریان دەکرد لەو پرۆسەی دەورو تەسلیمە، لەبەر ئەوەی موهیمەکەیان وەرگرت هەموو لایەك بەیەك هەدەف، هەدەفەکەش بەرژەوەندی میللەت بوو لە کوردستان و، هەروەها ئێمە وەکو ئەوانەی کەوا لە بواری مرۆیی کار دەکەن زۆر ماندوو بووین و، زۆریش هەوڵمان دا بۆ ئەوەی ئەوە مسۆگەر بکەین، کەوا ئەو خزمەتگوزارییە سەرەکییانە و بنەڕەتییانە، کە بەردەوام بکات لە پاش بەرواری (١١/٢١)، دەتوانم بڵێم زۆر زۆر ئێمە دڵنیاین لەوەی کەوا برادەرانی کوردمان بتوانین ئەو ئامانجە پێك بێنین، هەروەها حەز دەکەم بە بیری میوانە بەڕێزەکان و ئەو بەڕێزانە بهێنمەوە کەوا ئەمڕۆ لێرە لەم ڕۆژە مێژووییە کۆبوونەوە، بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە (١٤٨٣)، (١٥١١) بەپێی ئەم بڕیارانە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئیعتیراف بەوە کرد و دانی بەوە، نا کە عێراق دەچێتە قۆناغێکی تازەوە، عێراقێکی تازە دێتە کایەوە، ڕاستە ئەوە لە (٤/٩)ی ئەمساڵەوە دەستی پێ کرد، بەڵام ئەمڕۆ یەکەم ڕووداوە کە لە عێراق دەیبینین، کەوا سوڵتەی کوردی و میللەتی کورد لێرە سوڵتەی ئیدارەی مەواریدی خۆیان دەکەن، بۆیە ئەوە یەکەم ڕووداوە لە عێراق ڕوو دەدات، هەروەها ئێمە مانان لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێمە زۆر گەشبینین، کەوا موئەسەساتی سیاسی و یاسایی لە عێراق بێت و بەربڵاو دەبێت، بۆ ئەوەی کەوا عێراقییەکان بتوانن ئەو طموح و ئەو ڕوئیەو ڕوئیایەی کەوا هەیان بوو بۆ ئایندە بەدی بهێنن، هەروەها حەز دەکەم زەحمەت لەسەر ئەوەش بکەم، کەوا سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر جار بەبیری دەهێنایینەوە کەوا لەو ماوە زەحمەتانە ئێوە واتان لە عێراقیەکان دەکرد، کەوا (UN) هەر بەردەوام بە بەشداری دەمێنێتەوە لە عێراق و، ئاژانسەکانی (UN)نیش دەست پێ دەکەن، کەوا بەرنامەی وڵاتیان و ئەو پرۆگرام و بەرنامانەی کەوا بەرنامەی ئاسایی کاری نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەویش لە بەرواری (١١/٢٢)ەوە دەست پێ دەکەن، بۆیە دەڵێن ئێمە پاش ئەوەی ئەرك و بەرپرسیارەتی خۆمان لە بەرنامەی (٩٨٦) تەواو دەکەین، لە بەرنامەی ئاسایی خۆمان بەردەوام دەبین، بۆ ئێمەش وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژێکی مەزنە وەکو ئەمڕۆ، هەروەها حەز دەکەم کەوا دۆستانی کوردیشم دڵنیا بکەمەوە، کەوا ئێمە لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرنامەکان بەردەوام دەبین و هەوڵی خۆمان دەدەین، نەك نەهێڵین کەوا بەرنامەی نەخۆشخانەی (٤٠٠) سەریری کە بکرێت، بەڵکو ئەو کاتانەی کەوا ئێمە مسۆگەری ئەوە دەکەین، کە لە نێو ئەو بەرنامانە لە خزمەت ئێوە دابین، پاش ئەوەی فەوائیدی موقارەنی دەست پێ دەکرێت، وەکو ئەو شوێنانەی تر کە لە جیهان دەیکەن، نەك بەشێوەیەك بێت کە لە خزمەت دانەبێت، هەروەها حەز دەکەم ئەم دەرفەتە بە هەل بزانن، بۆ ئەوەی سوپاسی خۆم ئاراستەی هەموو لایەك بکەم، کەوا ئەوان وایان کرد ئیدارەی ئەو بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك لێرە زۆر مومکین بێت، بۆیە حەز دەکەم سوپاسی هەموو لایەکتان بکەم و، بەتایبەتی ناتوانم قسەکانم تەواو بکەم بێ ئەوەی سوپاسی بێ پایەنم ئاراستەی بەڕێزان کاك مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی و کاك نێچیرڤان بارزانی و کاك بەرهەم صالح و، هەموو ئەندامانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم، کە بەبێ پشتگیریی و هاوکاری و یەکسانی ئەوان نەبووایە، نەمان دەتوانی ئێمە ئەم بەرنامەیە

فەسڵێکی تازە، هەروەها ئەو رۆژە نیشانەی تەواو بوونی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکە، کە بەرنامەیەکی هەرە گەورەو ئاڵۆز بوو لە کارە مرۆییەکان، کە لەلایە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە جێبەجێ کراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا سەرەتایەکە بۆ پەیوەندییەکی تازە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتدارانی عێراق و میللەتی عێراق، ئێمە وەکو ئەوانەی لە بواری مرۆیی کارمان دەکرد زۆر خۆشحاڵ و رەزامەند بووین لەسەر بەرنامەی (٨٩٦)، چونکە دەمانزانی کارێکی زۆر بنەڕەتییە بۆ کەمکردنەوەی ئازارو مەینەتیەکانی عێراق لە کارەکانی حکومەتی پێشووی عێراق، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەنیسبەت ئێمەوە تەفویزێکی زۆر غەریب کراین، چونکە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئێمە بەرپرسیاریەتی ئەوەیان دا بە ئێمە ئیدارەی مەواردی وڵاتێك بکەین، کە خۆی ئەندامە لە ئەنجومەنی ئاسایش، هیوادارم کە ئەوە یەکەم و دوا بڕیار بێت لەو شێوە بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان، یەعنی غەریب ترین شت لەو تەفویزە ئەوە بوو وەکو ئەوەی بەڕێوبەری راپەڕاندنی ئێمە بێڕۆ سێڤان زۆر جار حەزدەکات بیڵێت، (UN)و ئاژانسەکانی تایبەتمەندی داوایان لێکراوە، کەوا حەوت کۆرسی خواردن خزمەت بکەن لەیەك شەودا لە کاتێکدا دەست و پێشیان ببەسرێتەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئێمە شانازی بەخۆمان دەکەین، بۆ ئەو دەستکەوتانەی کەوا لە ژێر بەرنامەی (٩٨٦) لە (UN) بەدەستمان هێناوە، بەتایبەتی لە سێ پارێزگاکانی باکوور، ئێمە ئەو بەرپرسیارەتیەمان وەرگرتبوو لە دهۆك و، لە هەولێر و، لە سلێمانی، کە بەبێ ئەوەی رەغبەتی خۆمان بێت، ئێمە دەوری تەنفیزی بەشی حکومەتمان وەرگرت، بەڵام لەلایەکی ترەوە شانازی بەخۆمان دەکەین، کەوا وێڕای ئەو هەموو ئاستەنگ و زەحمەتیانەی کەوا هاتنە پێش نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتمەندەکان، توانیان کەوا بناغەیەکی مەتین دابنێین بۆ پەرەپێدانی کوردستانی عێراق، ئەو کەسانەی کەوا کوردستانیان بینی بوو پێش بڕیاری (٩٨٦) و پاش بڕیاری (٩٨٦) دەتوانن دان بەو جیاوازییە بنێن، کەوا چ جیاوازییەك هاتە کایەوە بەهۆی جێ بەجێ کردنی بەرنامەی (٩٨٦)، هەروەها هەست دەکەین کەوا ئەمڕۆ ئێمەش شتێکی زۆر گرنگ ئەنجام دەدەین، بۆیە دەڵێین ئێمە شانازی بەوە دەکەین کەوا توانیمان لە رێگەی نیازی باشی خۆمان و هاوکاری لەگەڵ دەستەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (CPA) و حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)، توانیمان ئێمە ئەو دەستکەوتە بەدەست بێنین، کەوا زۆر بەشێوازێکی لێهاتووانە و نزیکەی سێ ملیۆن و نیو دۆلاری ئیستیسمارات، یان بەرنامە بۆ (CPA) بگەینە دەستی ئەوان و زۆر خۆشحاڵین کە لە رێگەی ئەوانیشەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی جێ بەجێ بکرێت، من هەست دەکەم کەوا پێویستیش بەوە بکات، بڵێن ئەو کارانەی کەوا ئەنجام دراون لە کەش و هەوای زۆر زەحمەت و، هەندێ جار مەترسیشی تێدا بوو، وەکو ئەوەی کەوا ئێمە ژیانی یەك لە کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکانمان لە دەست دا لەو کارەساتەی کەوا لە تەقینەوەکانی (١٩/ئابی/٢٠٠٣) لە بەغدا روویدا لە بارەگای (UN)، حەز دەکەم لێرەدا سوپاس و مەمنونی خۆم ئاراستەی بەرێز سەفیر ستیڤمان و برادەرانی بکەم لە (CPA)، هەروەها دۆستانی ئازیزی کورد و برادەرانی خۆم لە ئاژانسەکانی (UN)و، بەتایبەتی کارمەندانی نیشتمانیی کوردی، حەز دەکەم سوپاسیان بکەم بۆ ئەو پشتگیریی و ئەو خۆ تەرخان کردنەی کە، وایان کرد ئەو دەورو تەسلیمە بەشێوەیەکی زۆر

بڕوا دەکەم  کە ئەو تەحەددییاتانەی وەردەگرن قابیلی ئەوەن مامەڵەی لەگەڵ بکەن، جۆری ئەو تەنمییەی کە باسی دەکەین ئیعتیماد ناکات لەو پارەیەی کەوا دێتە هەرێمەوە، نەوعییەتی تەنمیەو نەوعیەتی ژیان، ئیعتیماد لەسەر نەوعیەتی ممارەسەی حکوم دەکات لێرە، مێژوو ئەوە نیشان دەدات کەوا زۆر جار هەیە ئەو وڵاتانەی لە سەروەت و سامان و نەوت زەنگینن و دەوڵەمەندن ئیقتیسادێکی زۆر خراپیان دەبێت، لە جیاتی ئەوەی ئیزدهار بکەن، وەزعیان خراپتر دەبێت و، ئەوەش عینوانێکی هەیە، پێی دەڵێن لەعنەتی سەرچاوەکان(لعنة الموارد)، بۆیە ئەوەش تەحدایەکی ترە کە لە پێش عێراقدا هەیە، ئەگەر ئەو تەحەددییانە لە عێراق گەورەش بێت، بەڵام ئیمکاناتی گەورە هەیە کە لە بەرامبەری رابوەستێ، زۆرمان هەیە ئێمە کە یادی بکەین ئەمڕۆ، راستە ئێمە یادی گواستنەوەی ئەو بەرنامانەی پرۆژەکانی(٩٨٦)دەکەین، بەڵام یادکردنەوە بە حەقیقەت لەوەیە، کە ئێمە دەست پێدەکەین لەهەنگاوێکی تری گۆڕانکاری، نەك تەنها بۆ ئەوەی مەشاریعەکان وەرگرین، بەڵام بۆ پرۆسەی ئاسایی بەڕێوەبردنی حوکم و ممارەسەی حوکم، هەروا بۆ کاتێك دەڕۆین، کەوا لە جیاتی ئەوەی تەنها تەوجیهاتی حکومەت هەبێت، کە کەرتێکی تایبەتی باشمان هەبێت کاربکات، لە پشت ئەو کاتانەی کەوا عێراق دابەش و پارچە بووە بۆ عێراقێکی یەکگرتوو، کە حکومەت لە بەرژەوەندی میللەت بێت، بۆیە ئەم هەموو شتانە حەقە ئێمە ئاهەنگی بۆ بگێرین، لێرەدا حەزدەکەم بەناوی بەڕێز باڵیۆز بریمەر و، بەناوی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان پیرۆزبایی گەرمی خۆم ئاراستەی ئێوە بکەم، وەکو بەڕێز کۆلۆنێل ناپ گوتی منیش ناتوانم چاوەڕێی ئەوە بکەم کەوا پاشان چی دەکەن، بەڕاستی وەکو کۆلۆنێل ناپ و هەموو بەرپرسانی تری هاوپەیمانان کەوا لەماوەی رابردوو لێرە لە باکوورلەگەڵ ئێوە کاریان کردووە، پڕین لە تەفائل و پڕین لە خۆش بینی بۆ ئێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئیسفایە مارۆ:**

بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەڕێزان، بەڕێز بارزانی و، بەڕێز د. بەرهەم، بەڕێزان ئەندامانی حکومەتی هەرێم و، میوانە بەڕێزەکان و، هاوڕێیان و ئاژانسەکانی (UN)، زۆر شەرەفمەندم کە بگەمە ئەمڕۆ کە شعورم دەکرد و، کە شعور دەکەم، کەوا هەموو سەرچاوەو داهاتی نیشتمانیی عێراقی پێویستە لە لایەن عێراقییەکان خۆیان ئیدارە بکرێت، هەروەها حەزدەکەم لەوە دەست پێبکەم کە سڵاو و رێزی بەڕێز ڤینۆ سێڤان بەڕێوەبەری راپەراندنی نەوت بەرامبەر بە خۆراك بۆ ئێوەی بەڕێز بگوازمەوە، کە بەداخەوە نەیتوانێ ئەمڕۆ ئامادە بێت لەگەڵمان لێرە، هەروەها شەوی رابردوو وای کرد کەوا زۆر بە چالاکی چاوەڕوانی ئەوە بووم کە قسەی لەگەڵ بکەم کە داوای ئەوەم لێبکات کە لە قوڵایی دڵەوە سوپاسی بکەم و، هەروەها سوپاسی ئاراستەی بەڕێزان مسعود بارزانی و جەلال تالبانی و، هەروەها هەردوو بەڕێز سەرۆکی وەزیران لێرە بکات بۆ شایەت بوونی ئەو رۆژە مێژووییە، وەکو هەموو لایەك دەزانن کەوا ئەمڕۆ بەنیسبەت ئێمە، بەنیسبەت ئەوانەی کەوا کارمان لەگەڵ بەرنامە مرۆییەکان دەکرد، ئەندامان و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان، رۆژی ٢٠٠٣/١١/٢١ ئاماژەیە یان نیشانەیەکە بۆ کۆتای هاتنی چاپتەرێك، یان فەسڵێك لە مێژووی نەتەوەیەکگرتووەکان و، دەست پێکردنی

عێراقی تازەدا هیچ پێویستی بەوە نییە کە بەرنامەی(٨٩٦)بەم شێوەیە بێت، پێویستە ئەو بەرنامەیە تەواو بێت، دەرفەتی هاتنە کایەوەی ئیدارەی عێراقی هات، بۆیە ئێمەش وەکو دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان سوورین لەسەر ئەوەی کەوا ئێمە ئەو بەرنامەیە بدەینە دەستی عێراقییەکان بە شێوەیەك کەوا قابیلی جێبەجێ کردن بێت، مەسئولیەتی کاروباری نیشتمانیی بدەینەوە عێراقییەکان و، راستی ئەوەی کەوا ئێمە ئەمڕۆ ئەو مەراسیمە دەکەین، ئاماژەیەکە بۆ ئەو بڕیاری ئەنجومەنی ئاساییش (١٤٨٣)دەسەڵاتی تەحویل کرد کەوا ئەو پڕۆژانەی کە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەش دەکران بۆ دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بڕیاری دا بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەو پڕۆژانە بدرێتە دەستی عێراقییەکان، بۆ ئەوەی خۆیان ئیدارەی بکەن، لەبەر ئەوە بەرنامەیەکی راستە لە کاتێکی باشیدا پێشکەش کرا و، ئێمەش شانازی پێوە دەکەین، ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی عێراقی لە بەغدا رەزامەندی خۆی نیشاندا، بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارییەتی ئەو بەرنامەیە، ئەو پڕۆژە زۆرانەی کە دەگەن بە (٧٥٠)ملیۆن دولار و، هەروەها نووسینگەیەکی بۆ هەماهەنگی پڕۆژەکان دامەزراند لێرە لە هەولێر، کە لەلایەن بەڕێز د. اکرم جاف خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی بەڕێوە دەبردرێت، ئەو نووسینگەیەش لە هەولێر دامەزرا، بۆ ئەوەی ئیدارەیەکی باشی ئەو پڕۆژانە مسۆگەر بکات، سەرباری ئەوەش ئەوان بەڵێنی ئەوەیان دا و، تەعەهودیشیان دا کەوا هەڵسن بە کاری وردبینی و، هەروەها بە شەفافیەت بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە پڕۆژەکان و، هەروەها بەرامبەر بەو مومتەلەکاتانەی کە هەن، ئەوە شتێکە زۆر گرنگترە لە پڕۆژەکان کە خۆی لەبەر ئەوەش هەنگاوێکە بەرەو حکومەتێکی کراوە، حکومەتێکی مەسئول، ئەوە شتێکە نەناسراوە لێرە و لەوانەیە ئەوەی ئێوە ببێتە شتێکی رائید لە هەموو عێراق، ئێستا شارەزایانی عێراقی و بەرپرسانی عێراقی، بەرپرسیاریەتی ئەو پڕۆژانە وەردەگرن، کاتی ئەوە هاتووە، بەڕاستی ئێمە لە هاوینەوە دەستمان پێکرد بەو پرۆسەی دەورو تەسلیمە، بێگومان لە کاتی دەست پێکردنمان ئاستەنگی زۆر هاتە پێش، لێرەدا بەڕێز مارۆ و شارەزایانی ئەو بەهەمان شێوازی لێهاتووی(UN)و بەشێوەکی باش کاریان کرد، بۆ ئەوەی تەرتیبی ئەو دەورو تەسلیمە بکەن، بەڕێزان د. عبدالرزاق، د. شەفیق قەزاز و، بەڕێز سامی عبدالرحمان رێنمایی و پشتگیری زۆریاندا هەر لە سەرەتاوە و، بەتواناوە ئەو بەرپرسیاریەتیەیان وەرگرت لەلایەن عێراقییەکانەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پڕۆژە بەرفراوانانە، بەڕاستی لێهاتوویی و کارمەندی و نیاز باشی، ئەوانەی کەوا ئێمە لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە هەستمان پێکردو نیشانیان داین لە هەولێرو سلێمانی شتێکی زۆر نموو نەیی بوو، بۆیە من شعور بە تەفائولێکی زۆر دەکەم دەربارەی ئایندە، هەروەها بە پێویستی دەزانم کەوا سوپاسی تیمی خۆم بکەم لە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان کە بە سەرکردایەتی بەڕێز(پۆڵ هارفی)بوو، چونکە کارێکی زەحمەتمان هەبوو، بەڵام ئەوان زۆر بەباشی کارەکانیان ئەنجامدا بۆ ئەوەی بیگەیەینە ئەو کۆتاییە سەرکەوتووە، ئەویش بەباشترین شێوە خزمەتی بەرژەوەندی وڵاتی خۆمانیان کرد و، منیش هەست بە شانازی دەکەم کەوا یەکێك بم لە ئەندامانی ئەو تیمە، ئێوە تەحەدیاتی زۆرتان لە پێشە، نەك تەنها لە ئیدارەکردنی ئەو پڕۆژانە، بەڵکو لە بەدیهێنانی تەنمیە لێرە، ئێوە خیبرەی باشتان هەیە، لە پارێزگاکانی باکوور بەهرەیەکی زۆرباش هەیە بۆ تەنفیزی ئەوە، بۆیە

کاردەکەن بۆ سەرخستنی ئەو بەرنامەیە بۆ بەرژەوەندی کوردستانی عێراق، ئەو ئامێرو کەل وپەلانەی کە هەن، ئەو کۆگایانەی کە هەن، بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، بەرنامەی خۆراک، ئەوەی کەوا هەیە مولکی هیچ حزبێك نییە، هی میللەتە، بۆیە ئێمە ئیلتزامان هەیە کەوا ئاگامان لەو شتانە بێت بۆ میللەت و، من بڕوام هەیە بەوەی کە ئێوە دەیکەن، دەتوانم بڵێم شانازیشتان پێوە دەکەم کە بە شێوەیەکی رێك و پێك دەیکەن و، خوابتان پارێزێ، خوا کوردستانی عێراق بپارێزی.

**بەڕێزستیفمان(نوێنەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق):**

بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس، بەڕێز د. بەرهەم، بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی، بەڕێز ئیسفایە مارۆ، بەڕێز کۆڵۆنیل ناپ، میوانە بەڕێزەکان، بەڕێز دۆست وبرادەران، ئەو رۆژەیە کە زۆر بەپەرۆشییەوە زۆربەمان چاوەڕێ و پێش بینیمان دەکرد و، هەروەها زۆرێکمان لەوانەی کەوا لێرە دانیشتوون بە زەحمەت کارمان بۆ کرد بۆ ئەوەی بەدی بهێنین، ئەو رۆژەیە کەوا کورد کۆتایی بە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك بێنێت، دەگوازرێتەوە بۆ شێوازێکی زۆر ئاسایی، پیادە کردنی حکومەت و جێبەجێ کردنی، هەروا بۆ ماوەی حەوت ساڵی رابردوو بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك، بەرنامەیەکی ژیانی بۆ باکووری عێراق، بەرنامەیەك بوو کە تیایدا بڕێکی زۆری یارمەتی مرۆیی پێویست بۆ هەرسێ پارێزگاکانی باکوور دابین دەکرا، ئەو بەرنامەیە ئەو کاتە زەرووریەکی زۆر پێویست بوو، شتێك بوو کەوا هەوڵ و کۆششی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی سەپاند بووی، جۆرە ڤیودێك بوو لەسەر ئەو رژێمەی پێشتر کەوا هەبوو، ئەو حکومەتەی پێشتر رۆیشت و قەت نەگەڕێتەوە، دیکتاتۆر و یارمەتی دەرانی شەرمەزار بوون و لادرا لەسەر دەسەڵات، ئێستا ئەو رێگایەتان لە پێش کراوەتەوە بۆ بیناکردنی دەوڵەتی خۆتان بە شێوەیەك کە شانازی بە خۆتان بکەن، بۆ ئەوەی شوێنی شایستەی خۆتان وەربگرن لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، کاتێك کە هەموو ئەو گۆڕانکارییانە روویاندا، بۆیە زەروریەتێکیش هاتە پێشەوە کە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکیش کۆتایی پێ بێت، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری(١٤٨٣)ی دەرکرد، کە ئاماژەی ئەو حەقیقەتەیە و، ئەو شێوازەشی وەسف کرد کە کۆتایی بەو بەرنامەیە بهێنرێت، لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیە بەملیارەها دۆلار، خۆراك و، دەرمان و، تەجیهزاتی تر هاتن بۆ هەر سێ پارێزگاکانی باکوور، سەدان قوتابخانە و، پرۆژەی گشتی ئەنجام دران و، هەروەها ئیشی زەحمەتی برادەرانی(UN)بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیە سەربکەوێ، پێکەوەش لەگەڵ هاووڵاتیانی باکوور شان بەشانی یەك کار بکەن بۆ سەرخستنی ئەو بەرنامە پێویستە، بۆیە بە ناوی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان حەز دەکەم سوپاس و پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بەڕێز ئیسفایی مارۆ و، هاوەڵانی تری لە پێشتر و، هی ئێستاش بکەم بۆ ئەو کارە باشەی کە کردوویانە و، هەروەها لەو ساڵانەی پێشتر زۆر تاوان هەبوو کە دەرهەق بە میللەتی ئێوە کرا بوون، زۆریان لەوانە بوون، کە دەرهەق بە میللەتی کورد کرابوون، هەندێك لەو بەرنامانەی کە تەماشای دەکەی، هەندێك لەوانەی کە پێویستە بەردەوامیش بێت، بە شێوازێك دانرابوو بۆ کەمکردنەوەی ئازارو ئاکامی ئەو تاوانانەی کەوا دژ بە مرۆڤایەتی جێبەجێ کرا بوون لەلایەن سەددام و داروەستەکانی، کە ئەویش شێوازی چەوساندنەوە میللەتی ئێوە بوو، بەڵام لە

توانیتان ئێوه هاوکاری بکەن، نەتان توانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوکاری بکەن، لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نەبوون، بەڵام دەرفەتێکی باش بوو بۆ میللەتی ئێوە، کەوا پارەکی باش تەرخان، کرا پارمەتیتان درا لە زەحمەتیەکانی، ئیشی باشیان کرد، وێرای ئەو ئاستەنگانە (یو ئێن) ئیشی باشی کرد لەگەڵ ئێوە بۆ ئەوەی بتوانن شتێك بکەن هەرچەندە سزا ئابووریەکانتان لەسەر بوو، ئەو رێنومایانەبوو، بەڵام ئێستا دەرفەتێك هاتووەتە پێش دیسان پیشانی بدەن کە دەتوانن بیکەن. بەڕاستی زۆر شەرەفمەند بووم کە لە زستانی ڕابردوو جەنەراڵ جەی گارنەر داوای لێ کردم بۆ ئەوەی بتوانم بێمە ئێرە شتێك بکەم، بەشداری بکەم لە ئۆفیسی ئۆرهاد، جاری یەکەم لە نوسینگەی ئاوەدان کردنەوەی مرۆیی بوو، پاش ئازاد کردنی عێراق بەڕاستی هەستم بە شەرەفێکی زۆر گەورە کرد، کە ئەو داوایەم لێ کرا بێم و لە مناقەشات بەشدار بم، ئەو مناقەشانەی لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانە کوردەکان دەکرا، کە زۆر زانیاری تێدابوو، لەڕاستی دا خەڵکانێك هەبوون دەیان گوت لەوانەیە شەڕی ئەهلی بێتە پێشەوە، یان هاوولاتیانی عێراق نەتوانن ئیدارەی خۆیان بکەن، ئوموری خۆیان جێ بە جێی بکەن، لە وانەیە تورکمان و ئاشوری نەتوانن بەیەکەوە کاربکەن، بەڵام من گوتم من لەگەڵ ئەوە نیم لەبەر ئەوەی من بەبیرم هاتەوە، کەوا چۆن ئێمە ئەزموونێکی دیموکراتیمان هەبوو، هەموومان بەیەکەوە کارمان دەکردو دەتوانین پیشانیان بدەین و، ئێمە دەتوانین شانازیش بەوە بکەین، کەوائەوە مان کردو بیکەینە مۆدێلێك و، بۆ باقی شوێنەکانی تری عێراقیش بەڕاستی من کە هاتمەوە ئەو موعجیزیەم بینی، بۆیە شانازیتان پێوە دەکەم، ئێوەش حەقی ئەوەتان هەیە کە شانازی بە خۆتانەوە بکەن، بۆ ئەو دەسکەوتە گەورانەی کەوا بەدەستتان هێناوە، ئەو کارە تازەیەم وەرگرتووە دەرفەتی ئەوەم هەبوو کەوا بتوانم بەراوردێك بکەم، بۆ ئەوە بزانم لەماوەی ئەو دوازدە ساڵەی رابردوو ئێوە چیتان کردووە بەراوردی بکەم لەگەڵ ناوچەکانی ئەو کاتەی ژێر کۆنترۆڵی رژێمی پێشوو، بینیم و هەستم کرد کە ئێوە زۆر لە پێش ئەوانن، ئەو ماوەی دوازدە ساڵەی رابردوو پارمەتی ئێوەیدا، کەوا ئێوە زۆر بەرەو پێشەوە بچن لە کردەوەتان، لە ئاراستەتان، لە جۆری ژیانتان و، هەروەها لەو ئازادییانەی کەوا بەدەستتان هێناوە، بۆیە دەڵێم دەتوانین یان ئومێدی ئەوە دەکەین کە بیکەینە مۆدێلێك بۆ هەموو عێراق، دیسان ئەم کاتە هاتەوە کە من خۆم ئامادە دەکەم بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت بە موەقەت بە جێتان بهێڵم، چونکە دێمەوە، لەگەڵتان دەبم، دەگەڕێمەوە وڵاتی خۆم لەوێ کاردەکەم، بەڵام دەرفەتێك و موناسەبەیەکی تر هاتە پێشەوە، کە ئەم جارە ئێمە دەنگ بە ئێوە دەدەین، دەنگ بە ئێوە دەدەین، بڕوای خۆمان بەوە دەکەین، ئەو متمانەیەتان دەدەینێ و، شانازیشتان پێدەکەین، بۆیە شانازی بەوە دەکەم کە ئیمزا لەسەر ئەو دیکۆمێنتە بکەم کەوا مەسئولیەتی ئیدارەکردن و جێبەجێ کردنی بەرنامە نەوت بەرامبەر بە خۆراك بدەینەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد. بەڕێز د.اکرم جاف دەزانم کەوا تەحەددیاتی زۆری لە پێشەوە هەیە، بەڵام متمانەو بڕوام هەیە کەوا نائومێدت ناکەم، زۆر کەس دەبێت پارمەتیت بدات و، هەروەها زۆر کەسی ئومێد باش و نیاز باش هەنە کە لە دەورت کاردەکەن، شتێك دەبێت کەوا هەموو لایەکمان فەخری پێوە بکەین، هەروەها کاتێك کە من لەو گەشتەم دەگەڕێمەوە کوردستانی عێراق، بەبڕواوە دەگەڕێمەوە کەوا هەموو لایەك پێکەوە

کێم و خەڵکی کوێم؟ من دەڵێم لە زاخۆ لە دایك بووم. لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٩١، من لە زاخۆ لە دایك بووم کوردم، بەڵام کوردێکی مەسیحی. من ئەوەی ناڵێم کەوا بەبیرتان بهێنمەوە لەبەر ئەوەی کەوا لە پێشەوە دانیشتوون، زۆر لەمێژە ئێمە یەکتر دەناسین و یەکتریمان دیوە، بەڵام ئەو کاتە بوو سەرەتایەکان بوو، کە من تێبگەم لە ئامانجانی کوردستانی عێراق، ئەو کاتە بوو کەوا ئێمە پرۆسەی دابین کردنی یارمەتیمان دابین کرد (عمل توفير الراحه) ئەو کاتە کە رۆژانێکی تاریك بوو بەنیسبەت ئێوە، ئێوە برسی بوون، بێ بەرگ بوون، ئابلۆقەیەکی ناوخۆیی هەبوو، کەوا صەدام فەرزی کردبوو، بەڵام ئێمە ماینەوە، بۆیە ئێستا لە دەموچاوەکان دەبینم، کەوا وانەیەك بوو بۆ من کەوا فێربم لە ژیان، کەوا قارەمانیەتی مانای چییە؟ مانای چییە کەوا خۆبەخت کردن؟ مانای چییە کەوا خۆت تەرخان دەکەی بۆ هەندێك ئەهداف نەبیل و، هەروەها توندی فێربین لەکاتی تەنگانە. بۆ کورد شتێکی سەیرە، لەبەر ئەوەی تەماشا دەکەین کەوا ئێوە بەبێ منەت و ئازاییەوە خۆتان پەیوەست کرد بە هاوپەیمانان، لەبەر ئەوە کاتێك ئێوە وادەکەن کەوا خەڵکێك ئازار دەدرێ بەوە، خەڵکێك عقوبە دەدرێت، موعاناتتان دیت، بەوە بۆیە ئێوە هاوکاریتان کردووە، ئازایی بووە، ئازایی بوو کەوا دەرۆیشتن بۆ ئەوەی برۆن بۆ وەزارەتی دەرەوە ئەمریکا، بۆ ئەوەی ئیعتراف بۆ میللەتی خۆتان وەربگرن، بەخەڵکێك بڵێن کەوا چی دەکەن ئێوە، تێ بگەن کەوا چەند زەحمەتیتان دیوە، وەکو کەمە نەتەوایەتییەك، بۆیە ئەوە ئازایەتییەکی زۆری دەوێت، هەروەها سڵاوتان لێ دەکەم بۆ ئەو ئازایەتییەی کەوا هەتان بوو لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەی رابردوو. حەزدەکەم ئەوەشتان بەبیر بێنمەوە، کاتێك ئەو شتانە دەکرا ئێمە تەنها شتێکمان بۆ ئێوە دابین کرد لە دهۆك و رۆژئاوای دهۆك بوو، بەڵام ئەوەی لە هەولێر و سلێمانی کرا بۆخۆتان کردتان بەبێ موساعەدەیەکی ئەوتۆی ئێمە، بەبیرمە ئێمە کاتێك لە کۆبوونەوەکان بووین پێتان دەگوتین ئێمە شتێك ناکەین ئەگەر ئێوە ئیستفزازی عێراق بکەن، بۆیە مایەی ئەوەیە کەوا ئێوە شانازی بەخۆتان بکەن بۆ ئەوەی کە کردتان، بەراستی دەسکەوتێکی گەورە و مەزنتان بەدەست هێنا، راستە حیمایەی ئێمە لەسەر ئێوە هەبوو، بەڵام زۆربەی زۆری ئێوە خۆتان کردتان. کەس ناتوانێ ئەوەی کردتان لێتان بستێنێتەوە، من لە حەفتەی دووەمی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٢ بوو رۆیشتمەوە، بەڵام شتێکی باشم بینی، من هەڵبژاردنی ئێوەم بینی کە یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد بوو لە کوردستان کردتان، ئەو کاتە ئەو حەقیقەتەی کە ئەو هەڵبژاردنەتان سازدا بەبێ موساعەدەیەکی ئەوتۆی دەرەکی، هەروەها تەنها بەبۆنەی هەندێك لە چاودێرانی بیانی ئێوە دەستان پێ کرد بەو ئەزموونە دیموکراسی یە، ئەوە شتێکە کەوا فەزڵەکەی بۆ خۆتان دەگەرێتەوە، منیش هەست بە خۆشحاڵییەکی زۆر دەکەم کەوا ئێستا بۆتان قسە دەکەم. بێگومان ئەو هەنگاوەی ئەو رێبازەتان ئاسان نەبوو، لە ناوەراستی نەوەتەکان ئێوە رێی خۆتان بزر کرد، ئەوەش بووە مایەی نا ئومێدی بۆ ئێوە، هەندێك ژیان لەدەست دران، هەندێك کات لەدەست دران، بەبێ ئەوەی پێویست بێت، بەڵام من ئومێدەوارو خۆشحاڵم کەوا ئەوەی دەیبینم، دەتوانم بڵێم کەوا دەتوانن بگەرێنەوە سەر رێگای راست، ئەو رێگایە ئەوی دەکرێت خوتوەیەکی زۆر گرنگە، دەتوانم بڵێم بەرەو ئەوە دەچین بۆ وەحدەی هەدەف، بەرهەم لەمن باشتر باسی کرد، کاتێ باسی بەرنامەی (٩٨٦) کرد لە ساڵی (١٩٩٧)، رەنگە ئاستەنگێکی زۆر هاتبێتە پێشەوە، بەڵام

کوردستان جێبەجێ بکرێن، لەم بوارەدا ڕۆژی ئەوەی کە پەیامی یەکخستنەوەی حکومەتی خۆمان و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە حکومەتێکی یەکگرتنی نیشتمانی دووبارە بکەینەوە، چونکە یەکخستنی هێزو تواناکانمان دەبێتە مایەی ئەوەی باشتر سوود لەو هەل و فرسەتە وەربگرین. بێجگە لەوە پێویستیمان بە ئەنجومەنی حوکمی عێراقیش هەوڵ و کۆششی خۆمان بەردەوام بکەین، بۆ ئەوەی ئەو ئیمکانیەتە مالی و دەرامەتەی ئەمڕۆ لە وەزعی عێراق رەخساوە، بەشی کوردستان و حصەی کوردستان بەشێوەی گونجاو بپچڕین، ئەوە ئەرکێکی گەورەیە لە ئەستۆمان، چونکە تەنها بە مەسەلە سیاسیەکانەوە ناتوانین دابینی لایەنی کەمی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بکەین، بەڵکو مەسەلە ئابووریەکانیش بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، هەر لەو بوارەشدا پێ داگرتن لەسەر بەشی کوردستان، ئەو بەشەی کە لە بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مابۆوە ملیارێك و حەفسەد ملیۆن بوو بۆ چوار ملیۆن بەپێی ئاماری جیا جیا، هەوڵ و کۆششی زۆری دەوێ، هەوڵ و کۆششی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بلۆکی کوردی دەوێت لە ئەنجومەنی حوکم، کەبتوانی ئەو پارەیە تەرخان بکرێت بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان، بەڵام سەرباری ئەوەش لەو پارمەتیە زۆر و زەوەندەی کەوا تەرخان کراوە، پێویستە هەوڵبدەین کە بەشی کوردستان دابین بکرێت و، پێویستیەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان فەرامۆش نەکرێت، ئەمە ڕۆژێکی هەتا بڵێی دڵ خۆشکەرە، بەڵام بۆ کاك نێچیرو منیش و هاورێکانمان لە ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسیاریەکی مێژوویی یەکجار گەورەیە، جاری جاران هەر کەمو کوڕیەك هەبووایە لە بەرنامەکانی نەوت بەرامبەر بە خۆراك، دەمان گوت خەتای نەتەوە یەکگرتووەکانە، چیتر ناتوانین ئەو قسەیە بە خەڵك بڵێی،ن ئەکەوێتەوە سەر ئەستۆی خۆمان، ئەکەوێتەوە سەر ئەستۆی کارمەندان و کاربەدەستانی حکومەت، هیوادارم بتوانین لە ئاست و متمانەو چاوەڕوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بین و، هەوڵبدەین دوا فلس و دوا دۆلاری ئەو پارەیەی کە بۆ ئەم ناوچەیە تەرخان کراوە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان بێت، بەتایبەتی خەڵکی هەژارونەداری وڵاتەکەی خۆمان تەرخان بکەرێت. ئەگەر بواریشم بدەن دەمەوێت بەزمانی ئینگلیزی دوو قسە بکەم، سوپاسی خۆمان بۆ میوانەکان بەزمانی خۆیان بکەم. زۆر زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان تکا لە دۆستی بەنرخی گەلەکەمان بەڕێز (کۆلۆنێل نجیرناف) دەکەین کە بفەرموویت وتارەکەی پێشکەش بکات.

**بەڕێز کۆلۆنێل نجیرناف:**

بەڕێز کاكێ نێجیرڤان، بەڕێز کاك بەرهەم میوانە بەڕێزەکان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، قارەمانانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شەرەفمەندم کەوا ئەمڕۆ من لێرە بم لەگەڵ ئێوە لەو بۆنەو ئەو بۆنەیە پیرۆزە یاددەکەینەوە، بەڕاستی مایەی خۆشحاڵی و دلگەرمییەکی زۆری منە کەوا هەمووتان بەیەکەوە دەبینم، هەمووتان پێکەوە لەو ژوورە دانیشتوون، ئەوە دەرفەتێکە بۆ ئاییندە، لەیەك ژوور بەیەکەوە کارکردن بەرەو خزمەتکردنی میللەتی کوردی عێراق. هەندێك لەوانەی کە لە پشتەوە دانیشتوون من ناناسن، بەڕاستی زۆر جار پرسیار لەمن دەکرێت، دەڵێن من

کوردستانی عێراقدا پارەی نەوتی عێراق بەکارنەهێنراوە بۆ بۆمباو چەکی وێران کاری لە کوردستاندا، بەڵکو بەکارهێنرا بۆ دەرمان و خۆراك و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، بەپێچەوانەی گەلی کوردستان بەرانبەر بەبڕیاری(٩٨٦)، هەڵوێستی مەرکەزی عێراق بوو، حکومەتی مەرکەزی عێراق بەگشتی دژی ئەم بڕیارەبوو ودەیویست و هەموو سیاسەتێکی بەکار بهێنێ، بۆ ئەوی پیشانی بدا ئەم بڕیارە بڕیارێکی هەڵەیە وسەرکەوتوو نییە نابێت سەرکەوێ، لەلایەکی ترەوە سیاسەتی تایبەتی هەبوو بەرانبەر جێ بەجێی کردنی بڕیارەکە لە کوردستانی عێراقدا، ئەویش هەوڵدان بوو بۆ ئەوەی کێشە بنەڕەتیەکەو گرفتەکانی گەلی کوردستان چارەسەر نەکرێت، بۆیە زۆر لە مەسەلە گرنگەکان بەبێ جێبەجێی کردن مایەوە و، ئێستا پاش رووخانی و ڕژێم نەمانی هۆی تایبەتمەند بەمانەوەی ئەم پرۆگرامانە بەو جۆرەی کە هەبوو، هیواداریین پاش ئەو دەورتەسلیمە سوودلە ئەزموونی جێبەجێی کردنی بڕیارەکە لەکوردستان وەربگیرێت کەمو کورپیەکانی پڕبکرێتەوە، ڕاستەوخۆ حکومەتی هەرێم بەهۆکاری (سی پی ئەی) کێشە موزمینەکان و سەرەکییەکان چارە سەربکەن، وەك کێشەکانی کارەباو ئاوی خواردنەوەو ئاوی ئاودان و ئاوەڕۆیەکان و پێش خستنی باری تەندروستی و پاك و تەمیزی شارەکان و تۆری گەیاندن لەکوردستانداو پێش خستنی پەروەردەو فێرکردنی بالاو خۆیندنی بالا، بەگشتی بەرەوپێش بردنی باری کوردستان لەرووی ئابووری و باری زانستی و کۆمەلایەتیەوە، لەرۆژێکی وەکو ئەمڕۆمان سوپاسمان سوپاسی گەرم و بێ پایانمان ئاڕاستەی هەموو کارمەندانی (یو ئین) بکەین کە لە کوردستاندا کاریان کردووە، هەوڵیانداوە ئەو پرۆگرامە سەرکەوتووبێت، هەروەها سوپاسی تایبەتیمان بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و بۆ بەریتانیا بۆ خولقاندنی ئەم فورسەتەی، کە توانیمان لەکوردستان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەبێ مەترسی کارەکانمان ئەنجام بدەین، دووبارە سوپاسی هەموو لایەك دەکەین بەخێرهاتنیان دەکەین و زۆرسوپاس.

تکا لە بەڕێز کاك د.بەرهەم صالح دەکەم کە بفەرمووێت وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ سلێمانی پێشکەش بکات.

**بەڕێز د.بەرهەم صالح:**

**بەناوی خوای گەورە.**

جەنابی سەرۆك، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، زۆر زۆر خۆشحاڵم بە دیدەنیتان لەم بۆنە تایبەتی و موناسەبە گرینگە بۆ گەلەکەمان، ئەمڕۆ نیشانەیەکی تر و سەلماندنێکی تر بۆ پێگەیشتن و گەورە بوونی ئەزموونی حوکمڕانی کوردستانی عێراقە، ئەمڕۆ مەڕاسیمی دەورتەسلیمی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان و، سپاردنی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەرچەرخاندنێکی گەورەیە و، بەلای خۆمەوە سەلماندنی ڕاستییەکی گەورەیە کەوا ئەو ئەزموونی حوکمڕانی ئێمە کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ئیعتراف پێ دەکات ئیقراری پێ دەکات و، هیوادارم ئێمەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چ لە ئیدارەی هەولێر چ لە ئیدارەی سلێمانی لە ئاستی ئەو متمانەو ئەو ڕێزلێنانە بین و، هەوڵبدەین ئەو کەم و کوڕیانەی کە لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکدا هەبوو چارەسەری بکەین، هەوڵبدەین هێزو تواناکانی خۆمان یەکبخەین بۆ ئەوەی ئەو دەرامەت و پارانەی کە ماونەتەوە بەشێوەی گونجاو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ( ٣٨ )ی خولی گواستنەوه

## هەینی رێكەوتی ٢٠٠٣/١١/٢١

كاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی هەینی رێكەوتی ٢٠٠٣/١١/٢١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست احمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٣٨)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٣٨)ی خولی گواستنەوە لە كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی هەینی رێكەوتی ٢٠٠٣\١١\٢١ دا بەم شێوەیە بێت:

رێ ورەسمی ئیمزاكردنی دەورو تەسلیمی پرۆژەكانی سەر بە بەرنامەی (نەوت بەرامبەر بە خۆراك) لە نێوان رێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و هەردوو ئیدارەكەی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٣٨)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین، بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمرۆمان سێرمۆنی ئیمزاكردنی تەسلیم كردنی بەرنامەی بڕیاری (٩٨٦)ە بە حكومەتی هەرێمی كوردستان. پێشەكی رێگام پێ بدەن بەناوی خۆم و دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق و هەموو ئەندامە بەڕێزەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەخێرهاتنێكی گەرمی بەڕێزان هەردوو سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و میوانە بەڕێزەكان و نوێنەری (سی پی ئەی) و میوانە بەڕێزەكانی تر بكەم بۆ ئەم دانیشتنە مێژووییە.

بەڕێزان دەرفەتم پێ بدەن چەند خاڵێك بخەمەوە یادتان، بەتایبەتی ئەو كاتانەی كە بڕیاری (٩٨٦ ) دەرچوو لەكاتێدا كە كوردستان دووچاری وەزعێكی ئابووری و ناوخۆیی ئاڵۆز ببوو، یەكەم دەنگ كە بەرز بۆوە بۆ پشتگیری كردن لەو بڕیارەی نەتەوە یەكگرتووەكان گەلی كوردستان بوو و، دەزگا هەڵبژێردراوەكانی بوو كە زۆر بەگەرمییەوە بەرەو پێشوازی ئەو بڕیارەوە چوو، چونكە لە ڕاستیدا گەلی كوردستان چاكی دەزانی كە قیمەتی ئەو بڕیارە چییە، بۆیە لەیەكەم رۆژیەوە حكومەتی كوردستان و پەرلەمانی كوردستان و هەموو پارتە كوردستانییەكان پشتگیرییان لە بەرنامەی (٩٨٦) كرد و، لەو رۆژەوە تاكو ئەمرۆ هەوڵیان دا كەوا ئەو بەرنامەیە سەربكەوێت.

بەهۆی بەرنامەی (٩٨٦) بۆ یەكەمین جارلە مێژووی گەلی كوردستاندا بەشێك تەرخان كرا بۆگەلی كوردستان لە نەوتی عێراق، لە فرۆشیاری نەوتی عێراق و، یەكەمین جارەلەمێژووی

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٨)

هەینی رێکەوتی٢١\١١\٢٠٠٣

خولی گواستنەوە

ساڵی یازدەیەم

دەكات، كێ پەسەندی ناكات؟ باشە كەواتە ئەو پێشنیازەش بە گشتی وەرگیرا، بەڕێزان كۆبوونەوەی ئەمڕۆ لێرەدا كۆتایی دێت، تا كۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.كمال عبدالكريم فؤاد | د.رۆژ نوری شاوەیس |
| سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی | سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| كوردستانی - عێراق | كوردستانی - عێراق | كوردستانی - عێراق |

پەسەندە یان نا؟ یەکەم لە بارەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، ئێمە وامان پێ باشە کەوا وەفدێك دروست ببێت لە هەر یەکێك لە فراکسیۆنەکان زائیدەن لیستی ئاشووری، سێ بە سێ بە یەك، و، ئەو وەفدە یاداشتێك ببەن پێشکەش بە هەردوولای بکەن، یەعنی خۆیان بچن داوای دیدار بکەن و یاداشتەکە پێشکەش بکەن و، ئەو داخوازیانە بخەنە ڕوو کە لەم کۆبوونەوەیەدا باس کراو لە بەر ڕۆشنایی ئەو شتانەی کە نووسراوە، هەروەها ئەو سەرنج و تێبینیانەی لێرە پێشکەش کران، لە بارەی مەسەلەی دەستور و هەروەها فیدرالی، هەڵبژاردن، ئاڵا، خاوەن فایلەکان، ئەوە بەو شێوەیەی کەوا لێرە نووسراو پێشکەش کران، وە لە قسەکەرەکان شتێکی وایان باس نەکرد، کەوا ئێستا بیخەینە سەری، لە بەر ئەوە ئەو پێشنیارەی ئێمە کە وتمان ئەو وەفدە دروست ببێت ئەمە یەکەم و دووەمیشیان لە بارەی هەر یەکێك لەو شەش نوقتەیەوەیە کە لێرە نووسراوە، ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەوەی کەوا لەو بارەیەوە بڕیارێك دەربکەن، ئەمێنێتەوە سەر هەڵبژاردن، چەند نوقتەیەکیان پێشکەش کرد، ڕاستە ئەو جارەی ئەو وتووێژانەی کە کرابوو لە گەڵ نوێنەری هاوپەیمانان زۆر بە لامەوە شتێکی باش بوو، وە کارێکی باشیان کردوە وە سوپاسی لیژنەی هەڵبژاردنیش ئەکەین، کەوا ئەو هەنگاوەیان نا، وە ئەو سەرنج و تێبینیانەی ئەوان داویانە ئەوان لە گەڵ هەڵبژاردنن، بەڵام ئەڵێن هێشتا ماویەتی، وە لەوانەیە قسەکەشیان واقیعی بێت، بەڵام ئەوە ڕێ لە ئێمە ناگرێت کەوا لە سەر بەرنامەی خۆمان بەردەوام بین، ئەویش پێویستە بە سەر یاسای هەڵبژاردنا بچینەوە، پێویستە زەمینە خۆش بکەین بۆ سەرژمێری، وە پێویستە داوا بکەین لە هەردوو ئیدارە و هەروەها لە هاوپەیمانان کە هەنگاو بنێن بەرەو خۆئامادەکردن و، یەکێك لە خاڵە گرنگەکان کە پێویستە روون بکرێتەوە، ئەو ناوچانەی کە تازە ئازاد بوونە لەسەر یەکێك لە ئیدارەکان پێویستە ئەوانەش چارەنووسیان دیاری بکرێت، کۆمەڵێك هەنگاوی تریش دێتە پێشەوە، لەبەر ئەوە باش وایە کەوا لیژنەی هەڵبژاردن جارێکی تر بەم نزیکانە کۆببێتەوە و، لەو بارەیەوە بڕیار لەسەر ئەم هەنگاوە پێویستانە بدەن، ئەوەی بەرەو ڕووی ئێمە دەبێتەوە، ئەو یاداشتە ئامادە بکەین پێشکەشی هەردوولا بکرێت، لەبارەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، ئەوە ئێستا بیرو ڕای ئێوە وەردەگرین لەم بارەیەوە، ئینجا داوا لەهەردوو فراکسیۆن دەکەین، کەوا نوێنەرانی خۆیان دیاری بکەن بۆ ئەو لیژنەیە، ئێستا لەبارەی ئەو پێشنیازەی کە پێشکەش کرا، کەوا لیژنەیەك پێك بێت بۆ ئەوانە کە بە یاداشتێکی ئامادەکراوەوە بچن هەردوولا ببینن، بیروڕای خۆیان دەربڕن و، هەروەها باسی ئەو وتوێژانە بکەن کەوا لەو کۆبوونەوەیە باس کرا، کێ ئەو پێشنیازە پەسەند دەکات؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە سوپاس، کێ پەسەندی ناکات؟ باشە، کەواتە بڕیار درا کەوا لیژنەیەك پێك بێت لە حەوت کەس لە هەر فراکسیۆنێك سێ، یەك کەس، بۆ ئەوەی ئەو کارە جێبەجێ بکەن و، تکا لە فراکسیۆنەکان دەکەین کە نوێنەری خۆیان بۆ ئەو لیژنەیە دیاری بکەن، لەسەر خاڵەکانی تر کە هاتە پێشەوە، ئەو خاڵانەی کەوا باس کران، پێشنیازەکە بەم جۆرەیە کەوا ئەوە دەسەڵاتە بدەن بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەسەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی لەبارەی هەریەکێك لەم خاڵانەوە هەنگاوی پێویست بنێ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرۆژەی کە پێشکەشتان کرا، لەو بارەیەشەوە پێمان باشە کەوا بیروڕای ئێوەش وەربگرین، کێ پەسەندی

سەری ئەرِوات، وەکو ئەو برادەرە باسی کرد، و، هەڵبژاردنیش بەبێ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە ناکرێت، ئێمە لێرەدا شەرتێك دابنێین، یەعنی ئیشارەتێك کە حکومەتەکە یەکی گرت، زەمینە خۆش بکات بۆ هەڵبژاردن، چونکە بە هەڵبژاردن ئەتوانین جێ بە جێی بکەین، وە بە ڕاستی بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەش، یەعنی کە ئێمە زۆر جار باسی ئەکەین، ئەگەر ئێمە فیدراڵیەتمان ئەوێت لە سەر ئەساسی نەتەوایەتی و جوگرافی، بە بێ یەکگرتنەوەی ئیدارە ئەوە مەحاڵە، چونکە خۆی ئەمریکیەکان یەنە لات، عیراقیەکان یەنە لات، ئەڵێن ئەوە خۆت دوو حکومەتیت، بۆ خەڵکی تر ڕەوا نابینیت حکومەتەکەی تر هین بکات،

ئایا ئێمە کەرکووك بخەینە سەر ئیدارەی هەولێر یان بیخەینە سەر ئیدارەی سلێمانی؟ ئەگەر ئێمە کوردستانی سەرتا سەریمان ئەوێت، ئەوە بە یەکگرتنەوەی ئیدارە ئەبێت، ئەگەر ئێمە فیدراڵیەتی لە سەر ئەساسی جوگرافی قەومیمان ئەوێت، ئەوە یەکگرتنەوەی ئیدارەی ئەوێت، جا بەڕاستی ئەمانە بەبێ هین ناکرێت بەس بە قسە، بە عەمەلیش ئەبێت ئیشی بۆ بکەین، نوقتەیەك هەیە کە ئێمە بۆ ئەوەی شەرعیەت بەمەش بدەین، ئیشارەتێك بە ئیتیفاقیەی واشنتۆن بدەین، لەوەی کە هاتووە بڵێم ئیتیفاقیەی واشنتۆن، چونکە ئەم مەجلیسە ئیقراری کردووە، هەندێ پاشماوەو هەندێ نوقاتی ئیتیفاقیەی واشنتۆن ماوە جێ بەجێنەکراوە، یەکێك لەوە لە ئیتیفاقیەی واشنتۆن هاتووە ئەڵێت: ئەکرێت هەردوو ئیدارە یەك بخەین، ئەو ئەکرێیە ئێستا لە بارە، هەندێك مەسائیلی تر هەن سووکە، ئاوارەکانە، با بڵێم عەرزی تاپۆ کراوەو خانووی تاپۆ کراوە، ئەو شتانە، مەقەرات، کردنەوەو ئەو شتانە، هەندێ نوقاتی لاوەکین، ئێمە پێش سێ، چوار ڕۆژ هەردوو مەکتەبی سیاسی لیژنەی باڵا دانیشتنمان کردووە، ئەگەر پەرلەمان تەئکید لە سەر جێبەجێ کردنی ئیتیفاقیەی واشنتۆن بکات، ئەوە قوەتێکی باشمان پێ ئەدات، بۆ مەسەلەی ئەوەی ئایا ئێمە زەخت بکەین؟ بەڕاستی خۆمان شمشێرەکەمان بە قەد باڵای خۆمان بێت، یەعنی زۆر جار هەیە زیادی ئەکەین، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم بە نووسراوی ڕەسمی ئەم پەرلەمانە بیداتە هەردوو بەڕێزان کاك مسعودو مام جلال،

بۆ ماوەیەك نەیانکرد، بیدەینە ئیعلام، نەیانکرد، ئینجا ئێمە خۆمان وەکو چۆن برادەران باسیان کرد قەرارێکی تر بدەین، یەعنی بەو تەدریجە بۆی بچین، یەعنی لە سەرەتاوە بۆی نەچین ئەگەر تەشکیلیان نەکرد، ئیلغایان بکەن، ئەوە مەحاڵە ناکرێ، ئەوە جەوی کوردوستان وایە، بەس لە سەرەتاوە بەرنامەیەك دانێین بۆ جێبەجێکردنی ئەمە، با هەردوو مەکتەبی سیاسی ئەڵێن، ئەو دوو جوامێرە ئەڵێن ئاگادار بکرێنەوە کە ، ئەوە ڕەئی پەرلەمانە، کە نمایندەی میللەتن و نمایندەی هەردوو حیزبەکەشن، ئەگەر نمایندەی هەردوو حیزبەکەن ئەوە ڕەئی هەردوو حیزبەکەیە، بیدەین پێیان، دوای ماوەیەك با ئیعلام قسەی لە سەر بکات، ئەبوو ئیشی لە سەر بکەین. من جارێکی تر سوپاستان دەکەم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك عیماد، ئیستا ئەو بەڕێزانەی کە ویستیان قسە بکەن لەو بارەیەوە بیرو ڕای خۆیان پێشکەش کرد، بە نیسبەت ئەو خاڵانەوە حەز ئەکەین ئێمەش پوختەیەکی بیروڕای خۆمانتان پێشکەش بکەین، لە پاشا دەنگی لە سەر بدەین بزانین ئەو هەنگاوانە بە لای ئێوەوە

**بەڕێز لطیف عبدالقادر صادق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی خۆمان، بۆ ئەوەبکرێ کەبەرژەوەندی باڵای جەماوەری میللەتی کورد لەسەر بەرژەوەندی حزبایەتی بێت، حزبایەتی تەسك دەبێت تەزحیە و قوربانی بەهەندێ بەرژەوەندی تاکەکە سیی و یا هەندێك حزبی بدرێ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، یاسا و قانونیش، یاساو قانونی دەستکردە، وەزعییە لەمێشك و لەداڕیشتن و مێشکی و دڵ و دەروونی زاناکانی بە ویژدانەوە هەڵدەقوڵێت، زاناکانی بەویژدان کەپەرلەمانە دەبێت زۆر زیاتر ڕەچاوی بەرژەوەندیەگشتیەکان بکەن، بڵێن لە ڕووی یاساییەوە هەندێ شت هەیە، یاسا چییە؟ یاسا دەستکردی ئەو بیروهەست و هۆشەی ئەو زانا یانەی خاوەن تەجرەبەو مومارەسەن لە سەر مرۆڤایەتی، بڵێن یاسا ئێستا مناقەشەمان لەسەردرێژکردنەوەی ماوەی سەندیکایەکان کرد، جا لێکمان جیاکردەوە جەماوەری هەیە، پیشەی هەیە، بەڵام هەندێکیان هەیە لێکیان جیابکەینەوە لەبەرەوەی مرۆڤایەتی ئینسان وەك مرۆڤ شتیان هاوبەشە، موشابیهە، بڵێین وەك یەکێتی زانایانی ئاینی، یەکێتی زانایانی ئاینی زۆر کەسی تێدایە لەناو یەکێتی زانایانی ئاینی وەك میهنە ئیمام و خەتیب نییە، یا فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقاف نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئینسانێکی خوێندەوارە، مەلایە یاخزمەتی ئەهلی هەیە، لەو جۆرە مشتەبەهانە چۆن لێك جیادەکرێنەوە و، ئێستا ئێمە بڕیارێك دەدەین لەپەرلەمانەوە بۆماوەی ساڵێك درێژی بکەینەوە، ئەگەر بڕیارێك دەدەین بۆماوەی ساڵێك بەبێ هەڵبژاردن درێژ بکرێنەوە، خەڵکی ناوەخۆمان پێمان دەڵێن ئەوە بۆ ئەوەیە هەڵبژاردن نەکرێت، ئەگەر مەجالیش بدرێتن، بڵێن باهەڵبژاردن بکەن، ئەوە خەڵك هەردەڵێن هەربۆ ئەوەیە ئیدارەکانیان یەکتر نەگرنەوە، چ ئەم لایەبکەیت تەمدیدی ئەکەی درێژی ئەکەیەوە، خەڵك و جەماوەری کورد هەر ئەڵێن بۆ ئەوەی بووە کە ئەوە بۆیە تەمدید کراوە ئینتیخابات نەکرێت و ئیدارەکان یەکنەگرنەوە، لە گەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د.کمال عبدالکریم فؤاد:**

سوپاس کاك شێخ لەتیف، فەرموو کاك عیماد.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەستخۆشی لە لیژنەکە ئەکەم، بە ڕاستی شتی باشیان پێکاوە، هیوادارم ئەوە وەکو چۆن نووسراوە بە عەمەلیش لە واقیعا ببینین، بەڵام هەندێ مولاحەزاتم هەیە، مولاحەزاتەکە ئەوەیە بارودۆخی کوردستان و عیراق، چونکە هەندێ شت هەیە عیراقیش ئەگرێتەوە هەر کوردستان نییە داوای هەندێ شتمان کردووە، لەوەی ئاڵاکە، بۆ ئەوەی شتەکان هەردوولا بگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە وەکو پێشنیاری خۆمان بەس کوردستان نەبێت ئەوە یەك، دوو بۆ مەسەلەی تەوحیدی حکومەت لە لایەکی تریشەوە هەڵبژاردنەکە لە یەکگرتنەوەی حکومەتەکە، ئێمە شتێك بکەین بڵێین کە حکومەت یەکی گرت زەمینە خۆش بکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بێت، چونکە ئەوە دوو شتی لە یەك جیا نەکراوەیە، ئەگەر ئێمە یەکگرتنەوەی حکومەتمان ئەوێت، بۆ ئەوەیە کە هەڵبژاردن بکەین، چونکە هەڵبژاردن، ئەم پەرلەمانە کە هەیە ئەوە ماوەیەکە زۆر لە

**بەڕێز ابوبكر محمد حاجی(مەلا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك سالار عزیزو کاك ڕۆستەم ئەکەم، من دەمویست لەو بارەیەوە قسە بکەم بەلاّم پێویست ناکات ئەوانە دووبارە کەمەوە، بەلاّم لە چوارچێوەی گفتوگۆ کردن لە بارودۆخی ئێستا دەمەوێ بە نیسبەت کەرکووك و ناوچە تازە ڕزگارکراوەکانەوە، هەندێك شتی ئانی هەیە کە زۆر زەروورییە قسەی لە سەر بکەین، تا یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە داوا لە هەردوو حیزبی سەرەکی و هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر بکرێت، هەڵوێست لە ناوچە تازە ئازاد کراوەکانا یەك بخەن لە سەر مەسەلە ئەساسیەکان، چونکە ئێستا هەندێك جۆرە ململانێی ناوەخت دەبینم کەوا زۆر زەرەر لە مەسەلە چارەنوسسازەکانی ئەو سنوورە دەدات، ماوەیەکە پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس بە تایبەت کۆنە فیدائیەکانی صدام حسێن و ئەو عەرەبانەی بۆ تەعریب هێنراونەتە ئەو ناوچانە هاوکاری یەك دەکەن، بە هاوکاری لەگەڵ تیرۆریستە ئیرهابیەکانی پاشماوەی وەهابیەکان شەوانە بە ئاربیجی و هاوەن تەقە لە فلکەکانی پۆلیس و لە شوێنەکانی شاری کەرکووك و ئەو شوێنانە دەکەن، بۆیە پێشنیار دەکەم پەرلەمان داوا لە هاوپەیمانان و لە ئەنجومەنی حوکم بکات کە زۆر پەلە بکرێت لە گەڕانەوەی ئەو عەرەبە هاوردوانە بۆ شوێنی ئەساسی خۆیان و، گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکان بۆ شاری کەرکووك و ئەو شوێنانەی کە تازە ڕزگارکراون. چونکە تا تەعریبی بەعس بەردەوام بێت نە کەرکووك ونە ئەو ناوچە تازە ئازاد کراوانە ئارامی بە خۆیانەوە نابینن، چونکە ئەو ناوچانەش ناوچە ئابووریە گرنگەکانی عیراق و کوردستانن، زۆر پێویستیان بە ئارامی و بە ئیستیقرار هەیە بۆ پێشکەوتنی ئیقتیصادو بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراق، بۆیە پێشنیاردەکەم جارێکی تر پەلە لە گەڕانەوە ئەو تەعریبانە بکرێ بۆ شوێنی ئەساسی خۆیان و گەڕانەوەی ئاوارەکان، هەروەها خاڵێکی تر کە گرنگە مەسەلەی حەویجەیە (٦٠٠)ماڵە کورد لە شاری حەویجە ڕۆژانە تەهدید دەکرێن، شەوانە نارنجۆك فڕێ ئەدرێتە ماڵە کوردەکانەوە، لەم ڕۆژانەیا چەند ماڵێك نارنجۆك خراوەتە ماڵیانەوەو ژن و منداڵ شەهید بوونە، ئەوەش هەر کارو کردەی بەعسیەکان و تەعریبیەکانن، لەوێوە بەرنامەی ئاژاوەگێڕی هەم بۆ شاری کەرکووك و هەم بۆ ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان بۆ هەولێرو سلێمانی، لەوێوە بەعسیەکان کاری تیرۆریستی ئاراستە ئەکەن بۆ کوردستان، پێشنیار دەکەم کەوا یا بازگەیەك لە خوار کەرکووکەوە دابنرێت بۆ بەر گرتن لە تیرۆریستان، یا داوا لە ئیدارەی هاوپەیمانان و ئیدارەی حوکم بکرێت کۆنترۆڵی ئەو ڕێگایە بکرێت، بۆ ئەوەی کەوا کاری ئیرهابیو تیرۆریستی لە کەرکووك و لە ناوچەکانی تری کوردستانا بنبڕ بکرێت، لە گەڵ ڕێزو سوپاسماندا.

**بەڕێزد. کمال عبدالکریم فؤاد:**

سوپاس، فەرمووکاك شێخ لەتیف.

حیسابمان بۆ ئەکات و هەموو حیزب و لایەنەکانیش حیسابمان بۆ ئەکەن، بەلاّم بە داخەوە ئێمە خۆمان بۆ خۆمان سەرمان لە خۆشمان شێواندووەو، هەموو مانگێك دوو سێ جار کۆبوونەوە ئەکەین و هەر ئەمانەیە کە ئەیلێینەوەو هیچیش. زۆر سوپاس

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

سوپاس مام رۆستەم، فەرموو کاك ابراهیم سەعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە بووم بە ئەندامی پەرلەمان ماوەکە سێ ساڵ بوو، ئێستا ئەوە دوانزە ساڵە زیاتر لە پەرلەمانم، لە بەر هەندێ زروفی تایبەت کە لە سەر ئێمە تێ پەڕیوە، بەڕاستی زۆر جار ئیحراج دەبی لە ناو خەڵکا کە بڵێین هەر ئێمە نوێنەری خەڵکین، لە بەر ئەوە من دەبینم هەر تەئجیلی ئەم ئینتیخابات و تەئجیلی ئەم ئینتیخاباتە یەعنی هەتا کەی بڕوات؟ با ئێمە ئیختیصاری بکەین، لە ئیعلامی خۆمان دیار بکەین کەوا با ئینتیخاباتێ بکەین هەر وەکو ئینتیخاباتی پێشوو هەر لە هەرێمی کوردستان، ئەو هەرێمەی کە پێشتر کردمان لێ‌ی، بە تەصەوری من ئەگەر ئەسبابمان دانا لە بەر چی، ئەبەدەن ئەوە نادات کەوا ئێمە ئیهمالی کەرکووکمان کرد یان شەنگارمان کرد یان خانەقینمان کرد، با جارێکی تر لەم مەنتیقەیە لەم هەرێمە ئینتیخاباتێکی تر بکەین، وەجهی دیموکراتی خۆمان بۆ عێراق و بۆ هەموو خەڵکی عیراق دیار بکەین، ئێمە دەتوانین ئینتیخاباتێکی ئازاد بەڕێوە ببەین، با خەڵکیش بێت، چ ئەوانەی ئومەمی موتەحیدە بن، چ ئەوانەی کە پەیوەندیان بە مەوزوعی ئینتیخاباتەوە هەیە، با بێن شاهیدی لە سەر مەوزوعی دیموکراتیەتی ئێمە بدەن، و، چۆنێتی ئەو ئینتیخاباتە ، تەبیعی ئەڤە لە ناحیە ئینتیخاباتا، بە ڕاستی دەستخۆشیا لە برادەران دەکەم، یەعنی بە حەقیقەت کارێکی باشیان کرد، هەر چەندە لە مەوزوعێکا بۆچونێکی موختەلیف هەیە، ئەوی تر لە سەر مەوزوعی تەشکیلی حکومەت، بڕیارێك بدەین کەوا هەردوو حکومەت ئیجبار بکەین یەکتر بگرن، بە ڕاستی ئەبێت ئێمە بڕیارێکی وا دەربکەین بتوانین تەنفیزی بکەین، بۆچی ئەگەر من بڕیارێك دەرکەم مولزەم نەبێت، بە تەصەوری من بڕیارێکی وا دەربکەین کە ئێمە نەتوانین تەنفیزی بکەین، باشتر وایە بۆچی بڕیارێك دەربکەین و داینێین لە سەر ڕەفە تۆز بکات، یان هەندێ بڕیاری تر وەك دەرکردنی جەیشی تورکی و کێ پێ‌ی کرد و ئێمە چیمان کرد، بە تەصەوری من ئەگەر لیژنەیەك دروست بکەین، لیژنەیەك لەم پەرلەمانە لە جیاتی ئەو بڕیارە، ئەو لیژنەیە هەردوو سەرکردە ببینن و نەتائیجی چوونی خۆیان یان زیارەتی خۆیان بۆ لای هەردوو بەڕێزان بیننە دیارکەوتن، و، موتابەعەتی جدی لە لای پەرلەمان هەبێت، یەعنی هەموو حەفتە لە سەر ئەو مەوزوعە شتێکمان هەبێت کە ئەو لیژنەیە چی کرد؟ لە جیاتی ئەو بڕیارە زەڤە دەرکەین بە تەصەوری من بە حیوارو با پتر بچینە ناوەوەو هەردوو حیزب ببینین، بە تەصەوری من ڕێگاکە کورت دەکەین، و هەردوو ئیدارە تەوحید دەبن. سوپاس

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

زۆر سوپاس کاك ابراهیم، فەرموو کاك مەلا شاخی

پەرلەمان ئەو دەڵێت نوێنەری یەکێتیمە ئەو دەڵێت نوێنەری پارتیمە، زۆر عەیبە لە بۆ ئەندامانی پەرلەمان بڵێ نوێنەری یەکێتیمە یان پارتیمە، ئەگەر نوێنەری میللەتن دەبێت دیفاع لە میللەت بکەن، نەوەك دیفاع لە پارتی بکەن یان لە یەکێتی بکەن، یەکێتی و پارتی کەیفی خۆیانە چ دەکەن، ئەمەش پەرلەمانە، ئێمە هەر قەرارێکی دەربێنین هیچ قیمەتێکی نییە، چونکە کەس تەتبیقی ناکات لە حیزبەکان، کەس تەتبیقی ناکەن، چونکە دەسەڵاتی نییە، ئەگەر پەرلەمان ئەو دەسەڵاتەی هەبووایە خۆی قەراری یەکگرتنی دادەنا، پەرلەمانی ئێمە نە کۆنگریسی ئەمریکیە نە پەرلەمانی بەریتانیە، تا قەرارێك بدات و تەنفیز بکرێو کەس نەتوانێ جووڵە بکات. سوپاس

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

سوپاس کاك حەسەن، فەرموو کاك سەعید یەعقوبی

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەرلەمانی فەرمووی حەق وایە مەجلیسی حوکم عەلەمێکی کاتیی دەرینێ، عەلەمی کاتیی نابێت، عەلەم دەسنیشان دەکرێت لە دەستور، دەستوریش پاش ئینتیخابات، لە ناو دەستورە کەی دەنووسرێ چۆنێتی عەلەم و چۆنێتی پێك هاتنی، بۆیە مەوزوعی عەلەمی کاتیی شتێکی ناقانونیەو لە جێی خۆی دا نییە، ئەوە یەك، نوقتەی دوو حەفتەیەك لەمەو پێش مەجلیسی حوکم لە گەڵ سوڵتەی تەحالوف ئیتیفاقیان کردیە کەوا ئینتیخابات لە مانگی تشرینی ساڵی (٢٠٠٤) بێت، سوپاس

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

سوپاس کاك سەعید یەعقوبی، فەرموو مام ڕۆستەم.

**بەڕێز حسن حمید رحیم(مام ڕۆستەم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من یەك ڕەئێکم هەیە لە پێشا حیزب وەسیلەیەکە بۆ سەرخستنی میللەتەکەو شۆڕشەکە، بەلاّم ئێستا وای لێ هاتووە خەریکە حیزبەکە تەگەرە لە سەرخستنی شۆڕشەکەو پەرلەمانەکەش ئەخات، بە ڕەئی من جارێ لە پێشا ئەبێت ، هەردوو حکومەتەکە یەك بخرێتەوە، ئنجا سنووری کوردستان دیاری بکەین، ئنجا سێیەم جار ئەبێت بچین ئینتیخابات بکەین، خۆ ئینتیخابات هەر لە هەولێرو سلێمانی ناکرێ تۆ کەرکووك و خانەقین و زەمارو سنجارت هەیە با سنورەکەمان دیاری بکەین، ئنجا هەڵبژاردن لە ناو ماڵی خۆماندا بکەین، دووەم حەقە ئێمە یا خۆمان دەسەڵاتمان ئەگەربێت مان بگرین لە هەردوو سەرکردە بڵێین یا وەرن کاتی خۆی وتتان ئێمە سەربازو پۆلیسی پەرلەمانین، وەرن بزانین بۆمان ئیسپات بکەن، ئایا سەربازو پۆلیسی پەرلەمانن یا ئەوەکەی ترن؟ جا لەبەر ئەوە حەقە بە ڕاستی شتێکی وا بکەین کە میللەتەکەشمان ئیتر ئەوەنە چەواشە نەکەین، هەموو ڕۆژێ ئەچیتە هەر ئیزاعەیەك وەلاّ لە گەڵ یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتەکە ئەی ئاخر بە دەست کێیە؟ ئەم دووانە، ئەم دوو حکومەتە کێ یەکی پێ بگرێتەوە. ئەمریکا؟ بڕواتان هەبێت ئێمە خۆمان یەك بین و یەك دەنگ بین ئەمریکاش

کردنی موشکیلەی گەورە، کە چەندەها ساڵە ئێمە خەباتی بۆ ئەکەین، بۆیە من وای بە چاك ئەزانم فیعلەن بە دەست دوو کەسە یەکیان مام جەلالەو یەکیان کاك مەسعودە، با بیان هێنین بۆ ئێرە، پێشنیار بکەین جوابمان بدەنەوە، با هەموو خەڵکیش گوێی لێبێت بزانین بۆچی یەك ناگرنەوە لە کاتێکا هەموو میللەتی کورد پێی خۆشە یەك بگرن، با ئیستیفتایەك بکەین، با پەرلەمان قەرارێك بدات، ئیستیفتایەك بکات بڵێ ئێوە پێتان خۆشە تەوحیدی ئیدارە، کەس گوێ ناياتێ لە میللەتەکەی ئێمە، کێئەبێت بە سەرۆکی حکومەت، کێنابێت بە سەرۆکی حکومەت؟ ئەم چەند وەزیری هەیە، ئەو چەند وەزیری نییە؟ کەس گوێ نایاتە ئەوە، خەڵك ئەوەی بە لاوە موهیمە یەك دەنگی هەبێت یەك ئیدارەی هەبێت، شەرمەزار نەبێت لە بەر دەمی میللەتانی دنیاو لە بەردەمی ئەو وەزعەی کە ئەمڕۆ هەیە، لە بەر ئەوە کەس بەلا یەوە موهیم نییە هەتا ئەوانەی کە یەکێتین، هەتا ئەوانەی کە پارتین بە لایانەوە موهیم نییە کامیان زۆر بێت کامیان کەم بێت، ڕەنگە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکان وا بیر بکەنەوە، بەلام قەواعیدی حیزبەکان وا بیر ناکەنەوە، ئەندامانی حیزبەکان وابیر ناکەنەوە، میللەتەکەش وا بیر ناکاتەوە، لە بەر ئەوە یان ئەوەتا ئەو دوو بەڕێزە بانگ بکەین بۆ ئێرە پێیان بڵێین جوابی ئەو خەڵکە بدەنەوە، یان وەختێکیان بۆ دانێین بۆ جێبە جێ کردنی ئەو کارە، یا ئەوەتا پەرلەمان هەڵوێستێکی هەبێت لە سەر ئەو مەوزوعە، مەسەلەی ئینتیخابات کە هاتووە لێرە، ڕاستە ڕەئی ئەمریکیەکان وەرگیراوە، بەلام ئێمە لە ئێستاوە بۆ ئەوەی ئینتیخابات بکەین ئیشمان زۆر لە بەرەمایە، بە ڕەئی من ئیشی خۆمان ناوەستێنین، ئێمە لیژنەیەکمان هەیە لیژنەکەمان وەستاوە لە ڕاستیا هیچ هەنگاوێکی نەناوە، بە داخەوە ئێمەش هەموو، من خۆمیشی تێ ئەخەم هەر چەندە خۆم لەوانە نیم بە ڕاستی ڕەنگە گوێ بگرین لەوەی فلان حیزب لە مەصلەحەتی ئینتیخابات بێت یان لە مەصلەحەتی ئینتیخابات نەبێت، دەبا ئێمە لەو مەسەلەیە دەرچین بە ڕاستی ئینتیخابات یەکێکە لە چارەسەر کردنی گەورەترین موشکیلە، ئەتوانم بڵێم لە ناو میللەتەکەمانا، باشە هەتا بۆ ئەوەی کە پەرلەمانێکی کە هەڵبژێررێتەوەو ئەم قسەو قسەڵۆکو شتانەی کە هەمووشمان ئەیلێین لە سەر تەلەفزیۆنەکان، لە سەر لاپەڕەی جەریدەکان زائیدەن، میللەتەکەشمان ئەوانەش نەمێنێت فیعلەن سوڵتەیەکی تەشجیعی ڕاستەقینە بێت، کە بتوانێ قەرار بدات و بتوانێ بگەینە ئاستێك ئیتر نەڵێین و نەیبەستینەوە بەوەی کە بە ڕاستی ئێمە لە ئاستی ئەوەیا نین وەکو میللەتێك نیزامێکی دیموکراتی ڕاستەقینە لە ولاتەکەمانا جێبە جێبکەین. زۆر سوپاس .

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

سوپاس کاك سالار، فەرموو کاك حەسەن کانەبی.

**بەڕێز حسن کانبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی برای بەڕێز احمد شریف و خوشکی بەڕێز نهلە خان دەکەم، لەو قسەیەی کردیان هەتاوەکو هەردوو ئیدارە لە کوردستان یەکتر نەگرێتەوە، ئێمە ناتوانین هیچ شتێك ئەنجام بدەین بۆ کورد، چونکە ڕێك کەوتن، ئەو ڕێك کەوتنەش ئەبێت دوڕدونگیی تێدا نەبێت، بە دڵێکی پاك و خاوێن لە گەڵ یەك ڕێك بکەون، دوڕدونگیی تێدا نەبێت، وەکی ئێمە ئێستا بەعزێکمان لە

**بەڕێز د. كمال عبدالكريم فؤاد:**

زۆر سوپاس كاك حەمە عەلی تۆفیق فەرموو كاك جەلال خۆشناو.

**بەڕێز جەلال خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بەر گرنگی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەت پێم باشە پێشنیارێ بكەم، كە ڕاپۆرتەكە بدرێتە هەموو ڕۆژنامەكانی ناوخۆو ڕۆژنامەكانی دەرەوە لە گەڵ كەناڵەكانی ناوخۆو كەناڵە عەرەبیەكانی دەرەوە، لە گەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د. كمال عبدالكريم فؤاد:**

سوپاس فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار عەزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی دەستخۆشی ئەكەم لە برادەرانی لیژنەكە، بە ڕاستی لە هەموو خاڵەكانا شتی زۆر باشیان هێناوە، ماوەتەوە ئەوەی كە تەبعەن ئەوە ئاواتی هەموو ئێمەیە و ئاواتی هەموو میللەتەكەمانە، كە ئەم شتانەی كە لەویەدا هاتوون، ئێمە بتوانین كاریان لە سەر بكەین، ماوەتەوە ئەوەی ئێمە كە لێرە دانیشتووین وەكو پەرلەمان دەورمان چی ئەبێت لەو شتانە، بە تایبەتی ئەو مەسەلانەی كە زۆرموهیمە وەكو مەسەلەی تەوحیدی ئەو دوو ئیدارەیە، تەبعەن دیارە هەمووومان پێمان خۆشەو حیزبەكانیش باسی ئەوەیان كردووە كە پێویستە یەك بگیرێتەوە، یەكبوونەوە باشە بۆ كوردو بۆ مەسەلەی قەومیمان و بۆ ئەم زروفەی كە ئێستا هەیەو، بۆ ئەوەی كە هەلێكمان بۆ هەڵكەوتووە لە كیسمان نەچێت، ئەگەر هەر كەسێك دابنیشێ ئەو قسانە ئەكات كە ئێمە ئەیڵێین، بە ڕاستی هیچ كەسێك لە موجتەمەعەكەی ئێمە، هیچ ڕای گشتی نییە بە داخەوە، هیچ قوەتێكی تریش نییە بەرامبەر ئەو دوو حیزبە ڕاوەستابێ، ئەمڕۆ بتوانێ كارێكی وابكات بتوانێ بیانترسێنێ یان بیانبزوێنێ یان بتوانێ تەئسیریان تێ بكات، ماوەتەوە ئەم شوێنەی كە ئێمە لێرە دانیشتوین، باشە دڵمان ڕەنگە بەوە خۆش بێت ئەتوانین هەندێ قسە بكەین، لە بەر ئەوە وبۆ ئەوەی پەرلەمان بە ڕاستی بتوانێ دەورێكی تەئریخی بگێڕێ، ڕاستە كاك احمد قسەیەكی كرد هەمووومان زەردەخەنە گرتینی بە خۆشیەوە ڕەنگە تەسەوری كردبێ شتێكی وتووە، كە لە ناخی خۆیا ڕەنگە بڵێ شتێكی زۆر زیادم وتووە، بەڵام شتێكی حەقیقەتی وتووە، لە ڕاستیا حەقیقەتێكی وتووە كە ئەگەر پەرلەمان فیعلەن پەرلەمانێكی ڕاستەقینەیە، ئەتوانێ ئەو خۆی دەوڵەت تەشكیل بكات، خۆی دەوڵەت دروست بكات، ئەم دەوڵەتەی ناوێ ئەو لایئەبات، ئەم حكومەتەی ناوێ ئەو ئەهێنێ، ئەو تەشكیل ئەكات، ئەمە حەقێكی تەبیعیە بەڕاستی، بەڵام ئێمە لە خەوو خەیالآ ناژین، واقیعێك هەیە ئەوەیە، بەڵام دەوری ئێمە چیە؟ ئەم دەورە كەمە، زۆرە یا كەمە؟ كە ئێمە ماومانە وەكو پەرلەمان چیە بۆ ئەوەی بتوانین فیعلەن لەسەر ئەمە ئیش بكەین، بتوانین ڕەئی ئەو خەڵكە كە لە سەدا نەوەدی میللەتەكەمانە، كە بە داخەوە لە سەدا نەوەدی میللەتەكەمان دوو حیزبەكە بە قسەی ناكەن، باشە با بێن یەك بگرنەوە كە هەموو كەس ئەزانێت تەوحیدی ئیدارە یەعنی گەورەترین نوقتەیە لە بەرامبەر مەسائیلی قەومی و حەل

پێشنیارەکەش ئەوەیە کە ئێمە بڕیارێك دەربکەین، فرسەتێك بدەینە هەر دوو ئیدارە لە ماوەی سێ مانگدا ئەگەر ئەو دوو ئیدارەیە یەکی نەگرتەوە، سەحبی سیقە لە هەردوو ئیدارەکە بکەین و، حکومەتێکی شەرعی بێلایەن لە ڕەئیسی وزەراو لە وەزیرەکانی تەکنۆقرات پێك بێنین، شەش مانگیان بۆ دیاری بکەین بۆ ماوەی ئینتیخابات، من پێم وابێت ئەوە باشترین بڕیاری تەئریخیە ئەگەر ئەم پەڕلەمانە بیدات، هەردوو ئیدارەکە لە ماوەی سێ مانگ یەك نەگرنەوە سەحبی سیقە لە هەردوو ئیدارەکە بکەینەوە، ئێستا بە بڕیارێك هەردوو حیزب و هەردوو ئیدارە ئاگادار بکەین و، ئەگەر یەکیان نەگرتەوە ئێمە سەحبی سیقەیان لێ بکەینەوە، حکومەتێکی بێ لایەن لە کوردستان دابنێین تا ڕۆژی ئینتیخابات، لە گەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

بۆ لیژنەی بەڕێز ئەو پێشنیارانەی پێشکەش ئەکرێت، ئەگەر ئێوە بە لاتانەوە پەسەند بوو بیخەنە سەر ئەو پڕۆژەیەی کە هەتانە، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بڕیاری لە سەر بدرێت، زۆر سوپاس فەرموو نەهلە خان

**بەڕێز نهلە محمد سعد الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەتی یەکبوونی دوو ئیدارە بە ڕەئی من هەردوو ئیدارە یەك ناگرێتەوە بە قەراری فەوقی، یەعنی ئێمە قەرارێکمان دەرکرد لێرە یەکبوونی ئیدارە باوەڕ ناکەم هیچ حەل بێت، چونکە ئێمە پاش ساڵی (١٩٩٨) زیاتر لە پەنجا کۆبوونەوە کراوە بۆ یەکبوونی ئیدارە، هەردوو مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوە نەگەیشتینە ئەنجام، بە ڕەئی من یەکبوونی ئیدارە لە دەست خودی مام جەلال و کاك مەسعودە، یەعنی دەبێت خەڵك واقیعی بێت لەو مەسەلانە، من هەر ئەو ملاحەزەیەم هەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد:**

**زۆر سوپاس فەرموو. کاك حمە علی تۆفیق**

**بەڕێز حمە علی تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لە سەر مەسەلەی یەکگرتنەوەی ئیدارە سەرنجێکم هەیە، بە ڕاستی لیژنەکە کاریان کردووە، بەڵام من بە نیسبەت ئەم خاڵەوە، ئەبووایە لیژنەکە زیاتر لە سەر ئەم خاڵە بووەستایەو کاری بکردایە، دوو شوێن هەبوو کە ئەیانتوانی پەیوەندیان لە گەڵا بکەن و لە گەڵیان دانیشن، بۆ ئەوەی زیاتر هۆیەکان بزانرێو بێتە پەرلەمان و باس بکرێت، یەکەمیان ئەبووایە لە گەڵ لیژنەی ئاشتی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی دابنیشتنایە، چونکە ئەوان ماوەیەکی زۆر لە سەر ئەم مەوزوعە کاریان کردبوو، ئەتوانرا هۆکارەکانی یەکنەگرتنەوە بە دیار بخرێت، دووەم لە گەڵ سەرۆکایەتی هەردوو ئیدارەکەش دابنیشتنایە و ڕای ئەوانیشیان وەرگرتایە لە سەر بابەتەکەو، زیاتر ئێستا ئەتوانرا لە سەر ئەو مەسەلانە قسەی لە گەڵ بکرێو لە گەڵ ڕێزمدا.

٦- كاك سالار.
٧- كاك حمه عەلى تۆفيق.
٨- كاك جەلال خۆشناو.
٩- كاك ئيبراهيم سەعيد.

كەس هەيە بيەوێ قسە بكات و ناوى نەنووسراوە، كاك سەعيد يەعقوبى، باشە با لە پێشەوە بزانين فراكسيۆنەكان چ دەڵێن فەرموون، ئەگەر قسەتان هەيە، ئەگەر نيتانە ئەوە دەست دەكەين بە ناوەكان، كاك نيعمەت قسەت هەيە، فەرموو كاك نيعمەت.

**بەڕێز نعمت عبدالله پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەوەى راستى بێت تەنيا لەسەر مەسەلەى هەڵبژاردن، ئەگەر كۆمەڵێك زانيارى زياتر بدەين، بۆ ئەندامانى بەڕێز، راى هاوپەيمانان ئەوە بوو كە لە راپۆڕتەكەدا هاتبوو، بەلاّم ئەوەندەى هەيە ئەوان خۆيان وەك ئەو قسەى كە كردى خۆيان بە دواى ئەو گۆڵەن كە بگەنە ئينتيخابات، يەعنى ئينتيخابات لە لايان زۆر شتێكى پيرۆزەو، زۆر هانى ئەوەش دەدەن و، دەيانەوێ خۆشمان بۆى ئامادە بكەين، بەلاّم ئەوان مەبەستيان ئەنجامدانى هەڵبژاردن ئێستا نەكرێت، ماناى ئەوە نييە ئێمە دەستە وەستان دەبين و، هەڵبژاردن ناكەين، ئەوان زۆر پەرۆشى ئەوەن كە هەڵبژاردن بكرێت، بەلاّم دواى ئەوەى هەموو زرووف و بابەتەكان يەك لا دەكرێن ەوە، لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك نيعمەت، بەڕێز كاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەو راو بۆچوونانەى كە ليژنەى بەڕێز ئامادەى كردووە، ئەو ليژنە تايبەتەيە كە لەو پێنج برايە پێك هاتبوون، پێموايە راو بۆچوونى باشيان تەقديم كردووە، ئێمە لە بەشێكى ئاگادار بووين، كە من و كاك نيعمەت لەگەڵ بەڕێز هارى شووت كۆبوونەوەكە كرا، ئێمەش ئامادە بووين لەو كۆبوونەوەيە ئەو ڕاو بۆچوونانەى ئەويش كە لێرە ديارى كراون و ليژنەكە خستوويەتيە ڕوو، پێمان وايە بە تەئكيد شتى باشيان حازر كردووە و، من بەش بە حاڵى خۆم لە گەڵ ئەو ڕاپۆرتەم كەوا ئەوان ئامادەيان كردووە، لە گەڵ ئەو پێشنيارەم كە ئامادەيان كردووە، پێشنيارى بەجێن، لە گەڵ ڕێزو سوپاسم بۆ ماندوو بوون و كارەكانيان زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. كمال عبدالكريم فؤاد:**

فەرموو كاك احمد شريف.

**بەڕێز احمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەندامانى بەڕێز من پێشنيارێكم هەيە بۆ ئێوەى بەڕێز، وابزانم پێشنيارەكە زۆر تەئريخيە، ئيسپاتيشى دەكەين بۆ دۆست و دوژمن، كە پەرلەمانى كوردستان، پەرلەمانێكى شەرعيە و ئێكسپايەر نييە وەكو ناحەزانى كورد دەيانەوێت بڵێن ئەو پەرلەمانە هەيبەت و قيمەتى نەمايە،

أ- رای لیژنەکەمان سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن ئەوەیە، کە ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە بەبێ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لە لایەك و، دیاری نەکردنی چارەنووسی ناوچە تازە ئازاد کراوەکان لە لایەکی ترەوە، لەم قۆناغەدا دەرئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە.

ب- پێشنیار دەکەین کە پەیوەندی بکرێت بە هێزی هاوپەیمانان لەسەر ئاستێکی بەرز بۆ وەرگرتنی بیروڕایان سەبارەت بە هەڵبژاردن لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

سەبارەت بە خاڵی (ب) رۆژی ٢٣/١٠/٢٠٠٣ی کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی لەگەڵ کۆلۆنیل هاری شووت بەرپرسی مەدەنی هێزی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان، بەیاوەری کاپتن وێلز سەبارەت بە مەسەلەی هەڵبژارن گفتوگۆ کراو، لە ئەنجامدا رای بەڕێزیان بەم شێوەی لای خوارەوە بوو:

١- ئێستا ناتوانرێ هەڵبژاردن بکرێ، چونکە ئەو مەسەلەیە ئامادەکاری هەمەلایەنەی دەوێ و، هەروەها دەبێت چاوەڕوان بین تا مەسەلەی دەستووری یەك لا دەبێتەوە، ئەو کاتە زیاتر بەرچاومان روون دەبێت، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

٢- دانیشتنەکانمان بەردەوام دەبێت بە گفتوگۆکردن، لەم بارەیەوە بۆ گەڵاڵە کردنی بیروڕا لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردن.

٥- ئاڵا:

پێشنیار دەکەین کە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق پەلە بکات لە دیاری کردنی ئاڵایەکی کاتی بۆ عێراق، کە رەنگدانەوەی واقیعی پێکهاتەی گەلانی عێراق بێت.

٦- خاوەن فایلەکان:

پێشنیار دەکەین کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان داوا بکات لە هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو لایەنە سیاسیانەی کە کەسانێکیان هەیە و فایلیان دەرکەوتووەو پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ دامودەزگاکانی رژێمی پێشوو، دەستیان لە کار بکێشنەوە تا دوا بڕیار لە بارەیانەوە وەردەگیرێت.

لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك سیروان، کێ دەیەوێ لەو بارەیەوە قسە بکات با بفەرمووێت و، دەستی بەرز بکاتەوە، ئێستا ئەم ناوانە نووسراون، ئەگەر یەکێك دەیەوێ قسە بکات و ناوی نەنووسراوە، تکایە ئاگادارمان بکات، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە:

١- ئەحمەد شەریف.
٢- نەهلە خان.
٣- کاك عیماد.
٤- کاك حەسەن کانەبی.
٥- مەلا شاخی.

أ- پێشنیار دەکەین کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیارێك وەرگرێت بە ڕەسمی، بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زووترین کات، چونکە گەلەکەمان بە قۆناغێکی ناسك و هەستیاردا تێ دەپەڕێت و، بەرەو مەسەلە چارەنووسسازەکان دەڕۆین، بۆیە پێویستە کاری جیددی بکرێت، بۆ ئەوەی یەك ئیدارەی یەکگرتوو ڕووبەڕووی مەسەلەکان بێتەوە.

ب- پێشنیار دەکەین کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان داوا بکات لە هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکارەکانی یەك نەگرتنەوەی هەردوو ئیدارە بخاتە بەردەستی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، ئەو ڕێگایانەی کە پێویستە بگیرێنەبەر بەرەو یەکگرتنەوە.

٢- دەستوور:

أ- پەرلەمانی کوردستان دەسەلاتی دەستنیشان کردنی نوێنەرانی کۆنگرەی دەستووری پێ بدرێت لە هەرێمی کوردستاندا.

ب- پەرلەمانی کوردستان سوورە لەسەر بڕیاری ژمارە (٢٦)، (٢٧)ی خۆی لە ١١/٧/ ٢٠٠٣، سەبارەت بە پرۆژەی هەردوو دەستووری هەرێمی کوردستان و دەستووری فیدراڵی عێراق، پێویستە هەردوو پرۆژەی دەستووری ڕەچاو بکرێن و لەلایەن هەریەکە لە ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق و کۆنگرەی دەستووری عێراقەوە.

ج- پێشنیار دەکەین کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان داوا بکات، کە پرۆژەی ڕەش نووسی دەستووری ئایندەی عێراق و بڕیار لەسەر دانی بەپێی بنەمای ڕێککەوتن (مبدأ التوافق) بێت.

٣- فیدراڵیەت:

أ- پێشنیار دەکەین کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان داوا بکات لە هاوپەیمانان و ئەنجومەنی حوکمڕانی لە عێراق ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان بگرێت، کە لە بڕیاری ژمارە (٢٢)ی ١٩٩٢/١٠/٤دا دیاری کراوەو، پێویستە فیدراڵیەتیش لەسەر ئەساسی ئەو حەقیقەتە مێژووییە ڕەچاو بکرێ، کە هەرێمی کوردستانی عێراق پارچەیەکی لە یەك جیانەبووەو، بەپێی ئەو نەخشە جوگرافیانەی کە هەیە و لەسەر بناغەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، کە لە هەردوو پرۆژەی دەستووریدا دیاری کراوە لەسەر ئەساسی بناغەی جوگرافی نەتەوەیی داڕێژراوە.

ب- پێشنیار دەکەین ئەگەر هاتوو ئەو فیدراڵییەتەی کە گەلی کوردستان داوای کردووە جێگیر نەبوو، ئەوە گەلی کوردستان بۆی هەیە خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات.

٤- هەڵبژاردن:

دەنگ خاڵی چوارەم وەرگیرا، ئێستا هەموو بڕیارەکە بەیەکەوە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو بڕیارەکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، وەکو ئاگادارن لە دوو کۆبوونەوەی پێشوودا لەبارەی بارودۆخی ئێستای کوردستانەوە گفتوگۆ کرا، دوا بڕیارمان ئەوە بوو کەوا لیژنەیەك پێك هات بۆ ئەوەی پوختەی ئەو وتووێژ و سەرنج و تێبینیانە دابڕێژن و، پێشکەش بە پەرلەمانی بکەن، بۆ ئەوەی بەپێی ئەوە لێی بکۆڵینەوەو، بڕیاری لەسەر بدەین، با ئەو لیژنانە بفەرموون بێنە ئێرەو قسەکانی خۆیانمان پێشکەش بکەن، فەرموو کاك سیروان و کاك حوسێن عارف و کاك تاریق جامباز و کاك کاکەڕەش، ئێستا کاك سیروان بیرو ڕای لیژنەکەتان لەو بارەیەوە پێشکەش دەکات، فەرموون، خۆتان ئەوە روون بکەنەوە، فەرموو کاکەڕەش نەقشبەندی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنەیەی کە دروست کرا بوو بۆ ئەو شتە، برادەرێکی ئاشووریمان لەگەڵدا بوو، بەس بەداخەوە سەفەری کردووە، لە بەغدایە و، هەتا ئێستاش هەر نەهاتووتەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئێمە نەمانتوانی سەبر بگرین هەتا ئێستاکە و، جەلسەکەش ئەمڕۆ بوو، لەبەر ئەوەی هەر چوارمان ئیشەکەمان کردووەو، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سرتیپ محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بۆ/ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ب/ کۆنووسی کۆبوونەوە

لیژنەکەمان لە بەرواری ٢٠٠٣/١٠/٢٠ کۆبۆوە، سەبارەت بە دانیشتنی رۆژی ٢٠٠٣/١٠/١١، کە پەیوەندار بوو بە گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان وعێراق، ئەمەی لای خوارەوە بیروڕای لیژنەکەمانە و، دەیخەینە بەردەستی بەڕێزتان، کە بریتییە لە را دەربڕین سەبارەت بەم خاڵانەی خوارەوە:

١- یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە.

٢- دەستوور.

٣- فیدراڵیەت.

٤- هەڵبژاردن.

٥- ئاڵا.

٦- خاوەن فایلەکان.

١- یەکگرتنەوەی هەر دوو ئیدارە:

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبي:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەو پێشنیارەی دەكەم، كە صیغەكە بەو جۆرەی بێت (يجوز بناءأ على طلب النقابات المهنية والاتحادات تمديد مدة دورته سنة واحدة اعتباراً من تأريخ انتهاء دورته الحالية)، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان بەشێوەی ئێستای پێشكەشی بكە، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا هاتینە ئەو صیغەیەی كە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە:

أولاً: يستمر مجلس كل إتحاد أو نقابة مهنية أسست بموجب قانون خاص لمدة لا تتجاوز السنة اعتباراً من تأريخ انتهاء الدورة المحددة لها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا كێ بەو شێوەیەی كە پێشكەش كرا ڕازییە لەسەری با دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ ڕازی نییە، بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا، فەرموو كاك شێروان خاڵی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثانياً: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خاڵی دووەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، بە گشتی دەنگ خاڵی دووەم وەرگیرا، فەرموو كاك شێروان خاڵی سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خاڵی سێیەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، بە گشتی دەنگ خاڵی سێیەم وەرگیرا، فەرموو كاك شێروان خاڵی چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە خاڵی چوارەم پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، بە گشتی

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم سیغەکە بەو شکلەی خۆی بی، تەبعەن تا ئەو ئیشکالانە حەل بکەین، ( وتستمر الاتحادات والنقابات التي اسست بموجب قوانين خاصة بها لمدة سنة واحدة اعتبارا من تأريخ انتهاء المدة المحددة في ذلك القانون)، مانای وایە ئەوەی بە قانونێکی تایبەتی لەوێ دروست کراوە شمولی دەکات، ئەوەی بە قانونێکی تر کراوە عیلاقەی بە جەمعیات هەیە شمولی ناکات، عیلاقەی بە وزارەتی ناوەخۆ هەیە، وەزارەتی ناوەخۆ تەعامول لەگەڵ سیغەکە دەکات، تەمدیدی دەکات یان تەمدیدی ناکات، خۆی مەسئولە لەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا با لیژنەی قانونی لە بیروڕای خۆیان ئاگادارمان بکەن لەبارەی ئەو پێشنیازەوە، کەوا کاکەڕەش پێشکەشی کرد.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر بەو شێوەیەی جەنابی کاك کاکەڕەش تەرحی کرد، مانعمان نییە، بە مەرجێك وشەی میهەنیەکەی بخرێتە پاڵ، چونکە ئەگەر میهەنیەکەی نەخرێتە پاڵ ئیشکالی تیا دەکەوێت ئەمە یەك، دوو: دەبێت بنووسرێت (بموجب القوانين الصادرة من المجلس الوطني لإقليم كوردستان العراق)، ئەوەشی تیا بێت، چونکە ئەوەی بەپێی قانونی ئێرە تەنزیم نەکرا بێت با شموولی نەکات، تەنیا ئەوەی لێرە قانونەکە شموولی دەکات، ئەوان بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو صیغەیەی کە کاك ئەحمەد دەڵێت زۆر باشە، بەس ئەگەر وشەی قانون بەکار بێنین، مومکینە نەقابات هەیە لە سلێمانی دروست بووە، مانای وایە قانونەکە لێرە صادیر نەبووە، ئێمە مەخصەدمان ئەوەیە ناوی چ جێگایەك نەهێنین و، هەموو نەقابەیەك ئیستیفادەی لێ بکات، ئەوە (بموجب القانون) مومکینە رەئیسی هەرێم قانونێکی بۆ دەربکات، واتا بە قانونێکی رەئیسی هەرێم تەئسیس بووە، لەبەر ئەوەی ئەو صیغەیە مەقبوول نییە، بڵێین بەو قانونەی کە لێرە دەرچوو بوو، قانونی تایبەتی خۆی هەیە، ئیتر مادام بە قانونی تایبەتی خۆی دروست بووە، با هەموو نەقاباتەکان شمول بکات، بۆ ئەوەی ئەو خەلەلە پەیدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە پێشنیازێکیش هەیە، لێرە کە نووسراوە (مهامە لمدة سنة واحدة، لمدة لا تتجاوز سنة) ئەوەشی بخرێتە سەر، فەرموو کاك سەعید.

دەگرێتەوە، پارتی ڕێکخراوی ئافرەتانی خۆی دەمێنێت، یەکێتی ڕێکخراوی ژنانی دەمێنێت، ئەو قوتابیانی دەمێنێت، ئەو خوێندکارانی دەمێنێت، ئەوە عیلاقەی پێوە نییە، با بڵێین نیقابەی موهەندسین وەربگرە، ئێستا لێرە خەڵکێك خەریجی کولیەیە، با بڵێین لە سلێمانی لە هەندەسە تەخەروجی کردووە، ماڵی لە هەولێرە، دێت لێرە ئینتما دەکات، عیلاقەی بە یەکێتی و پارتی نییە، بەڕاستی، یەعنی ئەو نیقابە میهەنیانە وەکو ئیدارەش با مونەزەماتی لێدەرچێت، بەڵام ئەوەی دەمێنێت، شەرت نییە ئەو بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

بۆ بەڕێز د. ادریس هادی، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد چەمچەماڵی، فەرموو.

**بەڕێز محمد امین عبدالحکیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەرانی لیژنەی یاسایی شتێکیان بۆ ئێمە ڕوونکردەوە، هەندێك حاڵی بووین لە مەسەلەکە، هەندێ غموز هەبوو، بەڵام ئەوەی موهیمە لێرە بۆمان دەرکەوت چەند کۆمەڵەیەك یان چەند سەندیکایەك هەیە پەیڕەو و پرۆگرامەکەی لێرە بە یاسا تەحدید کراوە، ئەوەکانی تر عام وا نییە، باشە لەم حاڵەتە ئێمە دەتوانین ئەم پرۆژەیە ئەو بڕیارە بۆ ئەو بدەین کە ئەو سەندیکایانە بگرێتەوە، کە پەیڕەو و پرۆگرامەکان لێرە بە یاسا تەحدید کراوە، دەبێت وا بڵێین نابێت بەو موتڵەقەی وەکو کاك احمد باسی کرد، تۆ لێرە وتووتە سەندیکاو، کۆمەڵەو ڕێکخراو، هەر ڕیکخراوێك، هەر سەندیکایەك، یەعنی ئەوە موتڵەقە هەمووی دەگرێتەوە، ئەگەر چاکی نەکەن ئەوە، با سیاغەکە وابێت، بۆ ئەو سەندیکایانە بێت کە پەیڕەوو پرۆگرامەکەیان بە یاسا لەو پەرلەمانە ڕاگەیەنراوە، ئەوە خاڵی یەك، خاڵی دووەم: ئەگەر باسی یەکگرتنەوەی ڕێکخراوەکان دەکرێ، ئەمە پرۆژەی یەکگرتنەوە نییە، درێژ کردنەوەی خولی یاسایی هەر ڕێکخراوو سەندیکا و کۆمەڵەیەك، کەواتە ئەگەر پرۆژەی یەکگرتنەوەیە، با ناوی یەکگرتنەوە بێت، بەڵام مادام پرۆژەی یەکگرتنەوە نییە، بۆ درێژکردنەوەیە، با درێژکردنەوەکە تەنها ئەو سەندیکاو کۆمەڵانە بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر ئەو قسە ئەکەمەوە کە ئەبێت ئەو بڕیارەی پەیوەندی بەوە هەبێت کە وەکو برادەرانی قانونی ڕوونیان کردەوە بەو سەندیکایانەی، کە پابەندن بەو بڕیارانەی پەرلەمانەوە، بە وازیحی ئەوە دیار بێت و، دەبێت ئەسبابی موجیبەکەشی دیار بێت، چونکە هەموو باسی ئەوە دەکەن هەموو پرۆسەی ئازادی عێراق، نەیانتوانیوە ئیشەکانی خۆیان بکەن، ئەوەش دیار بکرێت، ئەوانەی بۆ شەش مانگە یان ساڵێکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکە ڕەش فەرموو.

**بەڕێز احمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە ئەگەر تەماشای فەقەرە یەك بكەین لە بڕیارەكە زۆر شموولی و وازیحە وەكو برادەران وتیان، چەند ڕێكخراوێك ناگرێتەوە كە لێرە ئیجازەیان هەیە، دەڵێت(يستمر مجلس كل نقابة أو جمعية أو منظمة في اقليم كوردستان)، یەعنی هەر هەمووی دەگرێتەوە، بە مامۆستایان و خوێندكارانیشەوە بۆ ئاگاداریتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك عیماد.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

ئەوەی باس كرا بە شموولی حەقە ئیشارەتی پێبدرێت، ئەوانەی كە تایبەتە بە خۆمان وەكو ئەوەی كاك شێخ باسی كرد یەعنی میهەنییەكانن، با بڵێین (النقابات المهنية) جەماوەرییەكان ناگرێتەوە بۆ ئەوەی بزانین، یەك: بەڕاستی خۆتان دەزانن ئەو نیقابە و سەندیكایانە یان ئەو كۆمەڵانە لای ئێمە هەیە و، لێرەش، یەعنی لە حاڵەتەكان، هەندێكیان هەیە كە ئێمە دەڵێین یەك ساڵ، یەعنی من ئەوە ئەڵێم هەندێكیان هەیە ئیحتیماله كەمتر بێت، یەعنی ئێمە بۆ ئەمە بكەینە قانون، دەبێت بە یەك ساڵ تەمدید بكرێت، یەعنی وەكو ئیجازەی تێدابێت، (يجوز أو يستمر)، او حالەتێك، یەعنی ئیشارەتە قانونیەكان تێدا بخەنەوە یەك، دووەم: من پێشنیارێك دەكەم، یەعنی ئەم قانونە ماوەیەكە دەرنەچووە، ناكرێت ئێمە سەرۆكی سەندیكای كۆمەڵەكان ڕۆژێك بێنینە ئێرە گوێ لەوانیش بگرین، بزانین ئەوان ئەڵێن چی؟ یەعنی هیچ زەرەری لێ ناكەین، ئەگەر جەلسەیەك بكەین، ئەوانەش بانگ بكەین، قسەی خۆمان بكەین، یەعنی ئێمە نەبینە كەواسوری بەر لەشكری ئەوانیش، لەوانەیە ئەوان ڕەئیەكی تریان هەبێت، وەكو مامۆستا باسی كرد، مامۆستایان وا باس دەكەن با گوێیان لێبگرین، یەعنی ئەوە ڕئییە بدەین، من پێشنیاری ئەوە دەكەم، ئەمە بهێڵینەوە بۆ جەلسەیەكی تر، ڕەئیسی ئەو نیقابانە بانگ بكەین و، قسەمان كرد ئەوانیش بزانین تەئیدی دەكەین، ئەگەر تەئیدیان كرد بێ مانایە ئێمە دژیان بین، چونكە ئێمە هەموو ئیشێكمان بۆ ئەوانە، بۆ سەرخستنی ئیش و كاری ئەوانە، بۆ سەركەوتنی ئیش و كاری ئەوانە، من هەر ئەو پێشنیارە ئەكەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د. ادريس هادی، فەرموو.

**بەڕێز د. ادريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وا بزانم ئەو بابەتە بە تێروتەسەلی باس كراو، ڕوونیش كرایەوە بە حەقیقەت، دیارە هەندێ نیقابەو شت هەیە بە پێی یاسا دروست بووە، میهەنیەكانیش دەگرێتەوە، ئەوەی داڕێژاویشە وازیحە، یەعنی با ئەوانیش كە مونەزەماتن و چونكە سبەو دووسبەی حكومەتەكەش یەك

هەڵبژێرێت، ئەوە ئەبێت بە نوێنەری ئەوە توێژە لەسەر هەموو ئاستێکی سیاسی و یاسایی و، ئەگەر ئیش و کارەکان بەرێك وپێکی بڕوات بەڕێوە، ئەو ڕێکخراوانەی کە پارمەتی ئەدرێن دەبێت ئەو ڕێکخراوە بن ئەوەی کە بە هەڵبژاردن بەبێ جیاوازی بە دابین کردنی هەموو مافێك بۆ ئەندامەکانی ئەو توێژەی کۆمەڵە، کە بەشدار بن لە هەڵبژاردندا تەنیا ئەوان مافی ئەوەیان هەیە لە یەکێك لەو ئیدارانە داوای پارمەتی بکەن، ئەوانی تر دەتوانن داوا بکەن، بەڵام وەکو ئەوەی پێشوو مافێکی ڕەوا نییە کە پێویستە لەلایەن ئیدارەی ئەو وڵاتەوە پارمەتی بدرێن، وەکو پارمەتی حزبەکان، وەکو پارمەتی ڕێکخراوەکان، بەڵام لەلای ئێمە خۆتان دەزانن بارودۆخێکی وا هاتۆتە پێشەوە کە نەتوانراوە ئەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەوە ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە لە وڵاتانی تر، تەنیا ئەو حزبانە مافی داواکردنی پارمەتیان هەیە لە ئیدارە، کە بتوانن ئەندام بنێرنە پەرلەمانەوە، واتە نیسبەتێك بێنن کە نوێنەریان هەبێت لە پەرلەماندا، ئەوەی نەتوانێت نوێنەر بنێرێتە پەرلەمانەوە مافی ئەوەی نییە، جا ئیدارەکە پارمەتی بدات یان نەیدات، ئەوە خۆی بڕیار دەدات، بەڵام وەکو ئەو مافێکی ڕەوای باوەڕپێکراوی نییە، ئینجا من هیوام وایە کە ئێمە جیاوازی بکەین لە بەینی ئەو دوو جۆرە ڕێکخراوانە، ئەمەی لێرەوە نووسراوە ئەو ڕێکخراوەیە کەوا بە پێی یاسا پێك هاتوون و، نوێنەری ئەو توێژەی کۆمەڵن و، هیچ کەسێك ڕێگەی ئەوەی لێ نەگیراوە کە بچێت لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوە کار بکات و، بە هەڵبژاردن دەستەیەکی بەڕێوەبەریان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە و، لە پێڕەوی ناخۆشدا دیاری کراوە، کەوا ئەو دەستەی بەڕێوەبەرە بۆ ماوەی چەند دەتوانێت لەکاردابێت، ئینجا ئەمە کە دانراوە بۆ ئەوەیە ئەگەر کاتێك هەر یەکێك لەو ڕێکخراوانە لەبەر هەر چ هۆیەك بەسەر چوو بێت، دەتوانرێت تا ماوەی ساڵێکی تریش دەست بەکار بێت و، لەو ماوەیە پێویستە ئەو کارانە جێبەجێ بکات، مانای ئەوە نییە ساڵێکیش ڕابوەستێت، لەوانەیە لە ماوەی دوو ڕۆژیان سێ ڕۆژدا بیکات، لەوانەیە لەماوەی دووسێ مانگدا بیکات، بەڵام ماوەکە دیاری کراوە بە ساڵێك، لە ساڵێك تێنەپەڕێت، ئینجا حەزم کرد ئەو ڕوونکردنەوە پێشکەش بکەم کە بزانن مەبەست لەم یاسایە چییە کە دانراوە، زۆر سوپاس.

ئێستا لە لیژنەی یاسایی دەپرسین، هیچ سەرنج و تێبینیەکیان هەیە یان وەکو نووسراو پرۆژەکە بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو لە ڕای لیژنەکەوە هاتووە ئێمە پەسەندی پرۆژەکە دەکەین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، باشە هیچ کەسێك هەیە، شتێکی موحەدەدی هەبێت بڵێت ئەمە لە جیاتی ئەوە بنووسن، کاك احمد شریف، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ روونکردنەوەی ئەو مەوزوعە، چەند مولاحەزەیەکم هەیە، یەك، پڕۆژەی ئەو بڕیارە لە برادەرانی هەردوو فراکسیۆن تەقدیم کراوە، بۆ ئاگاداری، مەوزوعی دووەم بەرای من ئەوە بە تەدەخول حیساب نابێ لە ئیش و کاری نەقابە، چونکە بە خۆیان داوایان کردووە کە چەند نەقابەیەك بە خۆیان داوایان کردبوو، جەنابتانیش دەزانن لەسەر داواکردنی نیقابەیەك یان جیهەتێکی رەسمی یان دائیرەیەك، پەرلەمان ناتوانێ نە بڕیار دەربکات و نە قانون دەربکات نە تەعدیلی بڕیارەك بدات، مەفروزە ئەو داوا کردنە چەند ئەندامێك لە پەرلەمان لە (١٠) ئەندام کەمتر نەبن تەبەنی ئەو داواکاریە بکەن، ئەوەی ئێستا لەبەرچاومانە بەو شێوە هاتۆتە ناو پەرلەمان، (١٢) ئەندامی پەرلەمان تەبەنی ئەو مەشروعەیان کردووە، لەلایەکی تر مەعقولیش نییە بەراستی لە وەزعێکی وادا بیست، سی نەقابەیەکمان هەنە، هەموو رۆژ پەرلەمان دابنیشێت بنائەن لەسەر داواکردنی نەقابەیەك بڕیارەك دەربکات، لەبەر ئەوە ئیتیجاهی برادەران خاوەنی ئەو پرۆژەیە ئەوە بوو، کە یەك پرۆژە دەربچێت و مەجموعەی ئەو نەقابانە بەیەك جار ماوەیان درێژبکرێتەوە، بۆ ماوەیەك ئیستیفادەی لێ بکەن، هەرچەندە خیلالی صیاغەت کردنی ئەو پرۆژەیەش ئەگەر لە بیرم بێت، پێشنیارێك هەبوو کە وابێتن صیغەتی جەوازی لەسەر بێت، ئەگەر شەرتی تێدا بێت، یەك موددەکەی تەواو بێت، بڕیاری مەجلیسی نەقابە کە مەجلیس نەقابە بڕیار بدات، بڵێ زروفم یارمەتیم نادات من ئینتیخابات بکەم، لەبەر ئەوە ئیستینادەن لەسەر قەراری پەرلەمان، بڕیاردرا ماوەکە بۆ ساڵێك یان کەمتر لە ساڵێك، مەرج نییە ساڵێك بێت، خیلالی ساڵێك دوور نییە وەزعی ماددی باش بێت و بتوانن هەڵبژاردنەکە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك فرست، وەڵلا منیش حەزم کرد هەندێ روونکردنەوە لەو بارەیەوە بدەم، ئێوە خۆتان دەزانن کە یاسایەکمان هەیە یاسای کۆمەڵەو رێکخراوەکان و حزبەکان وبە پێی ئەو یاسایە حزبێك، رێکخراوێك، سەندیکایەك پێك دێت پێویستە داوای ئیجازە بکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە رووی یاساییەوە دەست بەکار بێت و، هەموو یاسایەك، هەموو رێکخراوێکیش دەبێت پێڕەوی ناوخۆی پێشکەش بکات، بە پێی ئەو پێڕەوە ماوەیەك دیاری کراوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو رێکخراوە، ئەو رێکخراوانەش لە هەموو دنیا لە وڵاتی ئێمە و سەرەڕای ئەو بارودۆخەی کە هاتۆتە پێشەوە لە وڵاتانی تریش دوو جۆریان هەیە، هەندێ لەو رێکخراوانە سەر بە حزبێکی تایبەتین، ئەوانە تەنیا نوێنەری هەوادارانی ئەو حزبەن لەناو ئەو توێژی کۆمەڵدا، ئەوە مانای ئەوە نییە کە دەبن بە نوێنەری هەموو توێژەکە لەسەر ئاستی سیاسی و یاسایی، جۆرێکی تریش هەیە کە بە هەڵبژاردن رێکخراوێك دروست کراوە بۆ یەکێك بۆ ئەو توێژانە، مەسەلەن بڵێین بۆ مامۆستایان، بۆ پارێزەران بۆ خوێندکاران، بۆ ژنان، بۆ هەر یەکێك لەو توێژانەی کۆمەڵ، ئەمە هەر وەختێك مافی هەموو یەکێکە مافی هەموو فەردێکی تێدایە کە ببێ بە ئەندام کە مەرجی تێدا هەبێت ببێ بە ئەندام لەو رێکخراوە، مافی ئەوەی پێ دەدا لە هەڵبژاردنان بەشدار بێت و، لە ئەنجامی ئەوە رێکخراوەکە پێکهاتووە، دەستەیەکی بەڕێوەبەر بۆ خۆی

**بەڕێز رجب شعبان طيب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤ پرۆژەیا مەبەستا سەرەکی ئەوا کە سەندیکایەك هەردوو ئیدارە بگەنە یەك، ئەگەر هاتوو ئەڤرۆکە گفتوگۆ و ئاخاڤتنێ ل سەر هەین، مە دڤێتن کە ئەساسەکی دروست ببێتن، گەهشتنا وان هەلەکا دیکە یەك بوونا وان ل سەر ئەساسەکی راست و تەواو بێتن، سوبەی نە مە پێش هەمیان بین کە ماوەیەکی بۆ دابنێین، چەند گفتوگۆ بێنە کرن، چەند مەجال تێدا هەبێتن، موناقەشاکە و عەن قەناعە و هەردوو لا بگەنە یەك زۆر زۆر چێترە و، مەجالێ گەلەکێ باشە وئەم چینیش نەکەینە فەرز ل سەر وان، ئەم شێین بێژین کە (لمجلس كل نقابة او جمعية الاستمرار بممارسة مهاماتها) ئەڤە ئیحتیمالە هەندەك سەندیکا گەشتبنە یەك، ئیحتیمالە پێ نەڤێت، یان هەشن ژ پێ دڤێت، پێ پێ دڤێتن ئەوە وەکی جیاوازەکی چێ دبێتن کە بەردەوام بێت ل سەر ئەگەر قەناعەتا وان ئەگەر بگەنە یەك ئەگەر مەجالەکە ئەو نەبێت، بەس ماوەی سالێك زۆر نییە گەلەك نییە، با مەجال هەبێت بۆ ئەوەی بگەنە یەك، ئەوی دی ژ ناحیەی قانونی یاسایا هاتیە دانان بۆ ئەوەی هەر سەندیکایەك تا ماوەیەکی دووساڵە یا سێ ساڵە کو ئینتیخابات بێنە کرن، ئیحتیمالە هەی ئینتیخابات نەکردبن، بۆیە حرصێت وان کە نیقابەی هەردوولا بگەنە یەك، ژ بەر هەندێ مە بێژین با ئەڤ مەجالە تێدا هەبێتن، لەگەڵ رێز سوپاسا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك رجب، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك سالار پرسیارەکی کرد، وتی با قانونیەکان جوابم بدەنەوە، خۆی لە کوردستان مونەزەمات بە دوو شێوە تەشکیل کراوە، رێکخراوەکان و ئیتحادات، مەجموعەیەکیان بە قانونێکی تایبەتی دروست کراون و قانونەکانیشیان لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دراوە، ئەو سەندیکایە ئیمکان نییە بتوانن هیچ ماوە بە ئیش وکارەکانی خۆیان بدەن ئەگەر لێرە درێژ نەبێتەوە، کۆمەڵێ مونەزەمات هەنە بە پێی قانونی جەمعیات تەشکیل بوونە، ئەوە وەکو ئەو دەفەرموێ وایە وەزارەتی داخیلی لێیان مەسئولە، وەزارەتی داخیلی تەعامولیان لەگەڵدا دەکات، هەیئاتی ئیداریان دەگۆڕن، ئینتیخابات دەکەن، ماوەی ئینتیخابات دادەنێن، وەزارەتی داخیلی ئیقرار دەکات و موافەقە دەکات بە پێی زروفی هەر نیقابەیەك، بەڵام هەندێك نەقابەی تر کە یاسایان لێرە ئیقرار کراوە، هەر ئەبێ لێرە تەمدیدیان لە بۆ بکرێتەوە، ئەگەر بۆیان نەکەن شەرعیەتی هیچ کامیان نامێنێ، هەموو نەقابەکان لەو گۆڕەی دەمێنن و شەرعیەتیان نامێنێ و هیچ نەقابەیەك نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاکەرەش، ئێستا کاك فرست هەندێ روونکردنەوەتان پێشکەش دەکات، فەرموو.

تەدەخولە لە ئیش و کاری ئەم ڕێکخراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ قەناعەتیان پێ بینی ئەو ڕێکخراوانەی کە مەبەستیان یەکە و نزیکی یەکترین و یەك ناویان هەیە، ئەوانە هەوڵ بدرێ لەماوەی ئەم ساڵەدا یەك بخرێنەوە، ئەصڵەن ئەمە بۆ خۆی شەرعیەت دانە وەکو باس کرا بۆ درێژەدانی، بۆ ئەوەی بتوانن یەك بگرنەوە، خۆ ئەبێ شەرعیەتیشیان هەبێ ئینجا بتوانن یەك بگرنەوە، ئەمە بۆ خۆی هۆیەکە بۆ ئەوەی زیاتر هین بکرێ، باسی قوتابیان و ئافرەتان و ژنان و خوێندکاران کرا، هیچ پەیوەندی بە خوێندکاران و ئافرەتان، یان ژنان و قوتابیانەوە نییە، ئێمە ئەبێ داوا بکەین هەردوو حکومەت یەك بگرنەوە، ئینجا ئەمانەش، یانی هەنگاوێکە گوایە عەلا ئەساس یەکگرتنەوەی حکومەت ئۆتۆماتیکیەن ئەوانەش یەك دەگرنەوە، هەموومان لەگەڵ یەك گرتنەوەی حکومەتین، وابزانم لە خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاردا باسی ئەم خاڵەش دێتە ئاراوە، یانی یەکگرتنەوەی حکومەت هیچ پەیوەندیەکی بەوە نییە، پەرلەمان یەك پەرلەمان بوو، یەك حکومەتمان هەبوو، بەڵام یەکێتی قوتابیانمان هەبوو، یەکێتی خوێندکارانیش هەبوو، یەکێتی ژنان هەبوو، یەکێتی ئافرەتانیش هەیە، یانی هیچ پەیوەندیان بە یەکگرتنەوەی ئەو ڕێکخراوانە نییە، لەبەر ئەوە تکام وایە تێکەڵاو نەکرێ. ئەم پرۆژەیەی کە هاتووە پرۆژەیەکی زۆر ڕێك وپێکە و پێم وایە ئەوە هاندانە بۆ ئەوەی درێژە بە کارەکانیان بدەن و، هاندانە بۆ ئەوەی چەند زووتر یەك بگرنەوە، وەکو ئەوەی باسکرا پارێزەرانی کوردستان، پارێزەرانی کوردستان کە یەکیان گرتەوە، ئەصڵەن نوێنەری شەرعی خۆیان لە کەرکووك پەیدا کرد، ئێستا لقێکی شەرعی خۆیان ئەمان وایان کرد، ئێستا لە ناو جەرگەی شاری کەرکووکی ئازاد کراودا لقێکیان بۆ خۆیان دروست کردووە، هیچ لە ڕێکخراوەکانی تر کە هەن بەداخەوە نەیانتوانی لقێکی یەکگرتوو دروست بکەن، بەڵام پارێزەران ئەوە لقێکی یەکگرتوویان دروست کرد، یانی ئەمە هاندانە زیاتر بە شەرعیەتی خۆیان و یەکگرتنەوەی ڕێکخراوەکان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك د.ناصح، فەرموو کاك امین مەولود.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هاتنی صیغەی (اولا) بەشێوەیەکە کە ئەو ئەهدافانەی ئێمە ئەمانەوێ نایگرێتەوە، چونکە هەروەکو هەندێ برادەر دەڵێ، هەندێ لە نەقابەکان ساڵێکیان زیاتر بەسەر تەواوبوونی ماوەکانیان ڕۆیشتووە، مانای وایە هیچ سوودێك لە ئێمە وەرناگرن، یاخود هەندێ نەقابە هەیە کە چەند ڕۆژێك یان چەند هەفتەیەکی ماوە بۆ ئەوەی کاتەکەی تەواو ببێ، لەبەر ئەوە بەراستی من بە صیغەیەکی تر پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی کە (اولا) بەو شێوەیە بێت، (يستمرمجلس كل نقابة او منظمة في اقليم كوردستان العراق ممارسة مهامه لمدة اقصاها سنة واحدة اعتباراً من تاريخ صدور هذا القانون على ان تقوم بانتخابات الهيئات الادارية خلال تلك الفترة) لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك امین، فەرموو کاك رجب شعبان.

ئەوەی قەرار بدەین، نەخێر ئەوان خۆیان داوای شتێك لەو بابەتە بکەن، بۆ ئەوەی دیراسەی بکەین و قەراری لێ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك احمد.

**بەڕێز احمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بیروڕایانەی ئەندامانی بەڕێز کە تەرحیان کرد، هەمووی جێگای ئەوەیە جێگەی سەرنجە، کە بەنیسبەتی ئیعتبار وەربگیرێ، بەڵام بەڕای منەوە ئەو قسانەی جەنابی کاك سالار وتی زۆر وەجیهن، یانی قسەی مەعقول و راستن، یانی ئێمە ناتوانین قەرار لەسەر مەصیری ئەو رێکخراوانە بدەین، بەڵام بەراستی بەنیسبەت ئەو رێکخراوە میهەنییانەی کە کاك شێروان وتی، راست دەکات ئەوە بەپێی یاسا دیاری کراوە کە نابێ موددەکەیان لەساڵێك یان دوو ساڵ تێپەڕێ، ئەگەر تێپەڕێ شەرعیەتیان نامێنێ، جا بۆ ئەوەی ئەوانە شەرعیەتیان بمێنێ، لەبەر ئەوەی گوایە پرۆسەی ئازادی عێراق تەئسیری هەبووە لەسەر ئەوەی کە ئنتیخابات نەکەن، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم گوایە ئەگەر فرسەتێکیان بدەینێ بۆ ئەوەی یەك بگرنەوە، ئەگەر مەبەستەکە ئەوە بێ، ئەوە مەبەستێکی پیرۆزە بۆ یەك گرتنەوەیان، بەڵام من پێشنیارێکم بۆ ئەو مەشروعە هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر ماوەی ساڵێکیان ئەدەنێ، ئەبێ فەرز بێ دەبێ لە قەرارەکە بێ کە دەبێ لەماوەی ئەو ساڵە یەك بگرنەوە، ئەگەر یەك نەگرنەوە ئەو رێکخراوانە شەرعیەتیان نامێنێ، من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری لەو بڕیارە بکەن، یانی ئەو رێکخراوە پیشەییانە ئێمە ئەگەر ماوەی ساڵێکیان بۆ تەمدید بکەین، یان شەش مانگ، بەمەرجێك لە ماوەی ئەو ساڵە یان ئەو شەش مانگە یەك بگرنەوە، هەڵبژاردن بکەن و ئەگەر یەك نەگرنەوە، ئەو رێکخراوانە شەرعیەتیان نەمێنێ، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو پرۆژەی کە ئێستا هاتۆتە ئاراوە، لە خۆڕا نەهاتۆتە ئاراوە، ئەو پرۆژەیە لەسەر داوای کۆمەڵێك لە سەندیکا و لە رێکخراو و کۆمەڵە کوردستانیەکان هاتۆتە ئاراوە، و وابەباش زانرا و کاتی خۆی موناقەشەی لەسەر کرا، ئێشتا باسی سەندیکای پارێزەران هاتە پێشەوە، لەوێش خەریك بوو یەکی خەینەوە، بەڵام وا بە پەسند زانرا جارێ ئەوەی پارێزەران بڕوا، بڕیارێکی یەکگرتوو بۆ هەموو لایەنەکانی تر، بۆ هەموو سەندیکا و رێکخراوو، کۆمەڵەکانی تر بەیەکەوە دیراسەت بکرێ، بۆیە ئەمە هاتۆتە ئاراوە، واتە لە خۆڕا نییە، دوو من پێم وایە ئەو درێژکردنەوەیە بۆ ماوەی ساڵێك ئەصڵەن ئەمە هۆیەکە بۆ یەکگرتنەوە، بوار برەخسێ بۆ ئەوەی ئەم رێکخراوانە یەك بگرنەوە نەك هەتا هەتایێ ئەمانە جیا ببنەوە، هەرچەندە کەس ناتوانێ بە زۆر دوو رێکخراو یەك بکات، چونکە بەزۆری تۆ بتەوێ دوو رێکخراو یەك بخەی ئەوە مانای

دەستیان بەرزکردۆتەوە ناویان دەنووسین بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەیان هەبێ ئەوانیش بیروڕای خۆیان بڵێن، بەڵام تەنیا ئەو کەسانەی کە لەمەوپێش قسەیان نەکردووە، نەك ئەوانەی قسەیان کردووە ئەیانەوێ بۆ جاری دووەم قسە بکەن، ئێستا پێش ئەوەی ئەو بەڕێزانە دەرفەتی ئەوەیان هەبێ قسە بکەن لیژنەی قانونی با بفەرمێت، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ مولاحەزەم هەبوو پەیوەندی بە لیژنەی قانونی هەبوو، حەزمان کرد وەڵامی بدەینەوە، یەکەمیان ئەوەیە ئەسبابی موجیبە، بەڵێ ئەسبابی موجیبە زکر نەکراوە، بەڵام هەروەکو برای بەڕێزم کاك عەفان ئیشارەتی پێکرد، ئەو مونەزەمانە زۆربەی زۆریان بە یاسا تەنزیم کراون، ساڵی ١٩٩٩ ئەو یاسانە هەمووی دەورەی مەجلیسی تێدا دیاری کراوە، هەندێك دوو ساڵە، هەندێك سێ ساڵە، لەبەر پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق ئەوانە نەیانتوانی کۆنگرەی خۆیان ببەستن، بۆیە ئێستا لە حاڵەتێکی فەراغ دەژین، پێویستە لە پەرلەمان ماوەیان پێ بدرێت، خۆیان دەستەی باڵا ناتوانن بە کەیفی خۆیان تەمدیدی دەورەی خۆیان بکەن، چونکە بە پێی یاسا تەنزیم کراوە، و ئەو یاسایەش دەبێ پەرلەمان قەراری لەسەر بدات، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، بە تەصوری ئێمە ئەو پرۆژەیە و مەبەست لەو پرۆژەیە ئەو رێکخراوانە وەکو نەقابات و مونەزەمات و رێکخراوەکانی تر، ئەوە رێکخراوی میهەنین، پەیوەندی بە رێکخراوە جەماوەریەکان نییە، من حەزم کرد ئەو دوو تەوزیحە بدەم، ئەوە عیلاقەی بە رێکخراوە جەماوەریەکان نییە، عیلاقەی بە یەکێتی قوتابیان نییە، ئەوە عیلاقەی بەو مونەزەماتەوە هەیە کە یاساکە لێرەوە دەرچووە، بۆیە پێویستە لێرەش ئەو یاسایە هەموار بکرێ. خاڵی سێیەم زۆر برادەر وتیان دوومانگ، یا سێ مانگ، یان شەش مانگ، هەندێکی ئێستا شەش مانگی بەسەردا تێپەڕیە، هەندێکی حەوت مانگی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام لە ماوەی ئەو ساڵەماندا زۆربەی زۆری مونەزەمەکان دەتوانن لەو ساڵە کۆنگرەی خۆیان ببەستن، مەبەستی سەرەکی لەو مۆڵەتانە بە حەقیقەت، ئیحتیمال هەیە تەحدیدی هەڵبژاردن بکرێ و، زۆربەی رێکخراوەکان هەروەکو کاك عەفان ئیشارەتی پێدا لەو مەرحەلەدان، کە یەکتری بگرنەوە و داخیلی هەڵبژاردن ببن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بەکر.

**بەڕێز بکر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو هۆکارانەی کە لیژنەی یاسا باسی کرد، سەبارەت بە خاڵی یەکەم کە هەندێ لەو سەندیکا و رێکخراوانە فەترەیان بەسەرچووە، باشە من دەڵێم وایە، ئەی بۆچی خۆیان صاحبی خۆیان نەبوون؟ بۆچی خۆیان داوای خۆیان تەقدیم نەکرد بۆ پەرلەمان و باس لەوە بکەن کە کێشەکەیان لەو وەزعە دایە، چونکە هەموو رێکخراوەکان لەیەك ئاستدا نین، هەندێکی راستە موددەیان تەواو بووە، هەندێکیان موددەیان تەواو نەبووە، ئێستا ئێمە لە دوورەوە بڵێین لە جیاتی

و شروتانەی کە بۆت دیاری کراوە، ئایا تۆ جێ بەجێت کردووە یان جێ بەجێت نەکردووە، لەبەر ئەوە ئێمە هیچ پەیوەندیمان بەوە نییە هەر قانونێك دابنێین یان درێژی بکەینەوە، ئینتیخابات دەکەین و درێژی بکەینەوە، یەك دەگرین یان یەك ناگرین، یان بیبەستینەوە بەوەی کە ئەمانە تا دوو ئیدارەکە یەك نەگرنەوە ئەمانە یەك ناگرنەوە، ئێمە حەقمان نییە بەسەر ئەوەوە، ئەوەی ئەو مونەزەمانە یەك دەگرنەوە یان یەك ناگرنەوە، ئێمە پەیوەندیمان بەسەر مونەزەماتەوە نییە، یەکێتی قوتابیان یان کۆمەڵەی خوێندکاران، یان سەندیکایەك لە سلێمانی، یان سەندیکایەك لە هەولێر ئەبێ بە تەبیعی ئیسپاتی بکات، ئەمە نوێنەری کرێکارانە یان نوێنەری خوێندکارانە، ئەوە چوار ڕۆژی تر، ساڵێکی تر، دوو ساڵی تر، تەلەبە هەڵخەڵەتا بەوەی یەکێتی قوتابیان و کۆمەڵەی خوێندکاران، بزانێ ئەمە نوێنەرییەتی یان نوێنەری نییە، یان فلان حزب پارەی دەداتێ یان نایداتێ، مەقەڕێکی کردۆتەوە یان هەندێك فەعالیاتی هەیە، ئەمانە سەندیکایەك نوێنەری کرێکارانی هەموو کوردستانە، یان هەموو کوردستان نییە؟ ئەمانە بەشێوەیەکی تەبیعی ئیسپاتی دەکەن کە ئەمانە کامیان نوێنەرن، یان هەموویان یەك دەگرنەوە دەبن بە تاکە نوێنەر لە وڵاتەکە، نوێنەری کرێکاران و نوێنەری خوێندکاران، یان نوێنەری ژنان، یان شتێك لەو بابەتانە، لەبەر ئەوە ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە وەکو پەرلەمان، هیچ مەسەلەیەکی قانونی ئێمە ناگرێتەوە وەکو پەرلەمان بێین ئەم مەسەلانە دیاری بکەین، ئێمە ختوتی عام دادەڕێژین، کە وتی عام باشە هەمانە وەزارەتی داخیلی بەرپرسیارە بەرامبەر بە مونەزەماتەکان کە چی دەکەن؟ یان چی ناکەن؟ لەبەر ئەوە تکایە ئەو مەسەلانە نەبەستنەوە بەوە، ڕاستە ئێمە پێمان خۆشە ئەو مونەزەماتانە یەك بگرنەوە، بەڵام کە یەك ناگرنەوە، بۆ نموونە هەردوو ئیدارەکە بوون بەیەك ئەو دوو مونەزەمانە یەك نەگرنەوە، لەبەر ئەوەی عەقڵیان هێشتا لە مستەوای ئەوە نییە، لەبەر ئەوەی هیچیان بەراستی نە نوێنەری خوێندکارانن و نە نوێنەری کرێکارانن و نە هیچیان نوێنەری ئەوانە نین، بەڵکو ئەوانە مونەزەماتی حزبین، چ فەرقی هەیە، ئەوەی لەگەڵ یەکێتی قوتابیانە پارتین، ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانە یەکێتی نیشتمانیە، ئەوەی لەگەڵ فلانە ئەوەیە، من چۆن ئەوە ناو لێ دەنێم نوێنەری مونەزەمەیەکی میهەنی و نوێنەری خوێندکاران، نەخێر هیچیان نوێنەری خوێندکاران نین، نوێنەری خوێندکاران ئەوەیە چی لە مەصلەحەتی خوێندکارانە، چی لە مەصلەحەتی خوێندنە، چی لە مەصلەحەتی خوێندن وخوێندنەواریە تەنیا بیری لەوە بێت، چی گەنجەکان بەرەو پێشەوە دەبات؟ چی وایان لێ دەکات ئاشنایان بکات بە موجتەمەعی مەدەنی، بە گۆڕانکاریەکانی سەردەم، بەوە دەڵێین کە مونەزەمەیەکی ڕێك و پێکی، نەك لەبەر ئەوەی تۆ تەئیدی فلان حزب و فلان حزب ناکەی، لەبەر ئەوە ئەو مونەزەماتانە خۆیان مونەزەماتی میهەنی نین، دەتوانین بڵێین مونەزەماتی حزبین و یان شوبهـ حزبین، لەبەر ئەوە ئیشی پەرلەمان نییە هیچ قەرارێك لەبارەی ئەو مەوزوعانە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك سالار، هەرچەندە هەندێك لە بەڕێزان دەستیان بەرزکردۆتەوە قسە بکەن، بەڵام ئێمە ئەو ناوانەی کە دەینووسین کە ئەو دەورەیەی تەواو بوو ئیتر کەسی تر مافی قسە کردنی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە ڕەمەزانمان لەبەر دەمدایە ئەمجارە چەند ناوێك ئەوانەی کە

زەحمەت بێ، یەك گرتنەوەی ئیدارات، ئەگەر ئیدارات یەك نەگرێت، ئەگەر یەکیش بگرێتەوە باوەڕ ناکەم زەحمەتە کارەکانیان بڕوات بەڕێوە، ئەگەر ئیدارەش یەکی گرتەوە سەندیکاکان بیانەوێ و نەیانەوێ خۆی ئۆتۆماتیکیەن یەکیان گرتۆتەوە، مەجبورن، یانی چی دەکات؟ بەڵام ئێستا دوو ئیدارە بێت بڵێین ئێمە مامۆستایان یەکمان گرتۆتەوە، دوو ئیدارە بێ تەعامول بکەین، تەعامول لە سلێمانی جۆرێك بێت و لێرە جۆرێکی تر بێت، بەڵام ئەگەر ئیدارە یەك بوو با یەکیش نەگرینەوە، مەجبورین ئێمە هەر تەعامول لەگەڵ ئەو دام و دەزگایە بکەین کەموحەدە، لەبەر ئەوە یەکگرتنەوەی سەندیکاکان بریتییە لە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان، ئینجا ئەو تەمدیدەش مەجالێکە، هیچ جیهەتێك و لایەنێك نەبووە ئەو مەشروعە تەقدیم بکات، وەکو وتم بۆردێك هەیە بۆردێکی سەندیکاکان هەیە، خۆمان لەناو خۆماندا لە ناو سەندیکاکاندا پێشنیار کراوە بۆ ئەو سەندیکانەی کەوا هەندێکیان تەمەنیان کەم بووە کە ئەو مەشروعەیان بۆ تەقدیم بکرێ، ئەگینا هیچ لایەنێك، هیچ جیهەتێکی سیاسی لەپشت ئەوە نییە کە ئەم تەمدیدە بکرێت، لام وایە ئەم مەوزوعە وەك تەوزیحێك بوو تا برادەران هەموویان ئاگاداربن و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆرم لا سەیرە کە باسی یەکبوونەوەی هەردوو ئیدارە و مەسەلەی هەردوو مونەزەمات دەبەستین بەیەکەوە، ئێمە هەموومان دەزانین کە دروست بوونی حکومەت یاخود پێکهاتەی حکومەت لە سێ دەسەڵات پێك هاتووە، دەسەڵاتی تەشریعی، دەسەڵاتی تەنفیزی و دەسەڵاتی قەزائی، ئەمەش شتێکی ئەساسیە کە ناوی بنێی دەوڵەت، یان حکومەت، یان شتێك لەو بابەتانە، مونەزەمات و یەکگرتنەوە و یەك نەگرتنەوەی چ حەقی هەیە بەسەر ئەم سێ دەسەڵاتەوە؟ بۆ ئێمە میسال لەسەر ئەوە بێنینەوە، ئەگەر یەکێتی مامۆستایان، یان یەکێتی قوتابیان ئەبنەوە بەیەك یان نابنەوە بەیەك، چ پەیوەندی بە ئیدارەوە هەیە، پاشان ئێمە باسی دەوڵەتی دیموکراتی دەکەین، ئێمە لێرە لە دەستووردا قەرارێکمان داوە کە هەموومان دەستمان هەڵبڕیوە، کە دەوڵەتێکی دیموکراتیمان دەوێ، وڵاتێکی دیموکراتیمان دەوێ، لە حکومەتی دیموکراتی، یانی دروست بوونی دام و دەزگاکان بەشێوەیەکی تەبیعی، دام و دەزگا مەدەنیەکان لەناو موجتەمەعدا، ئەم سەندیکایانە و ئەم مونەزەماتانەی کە دروست دەبن، ئەمە تەعبیر لەو بنەما مەدەنیانە دەکەن، کە خۆی بەشێوەیەکی تەبیعی و بەشێوەیەکی دیموکراتیانە دروست دەبێ، حکومەت ناتوانێ پابەندی هیچ مونەزەمەیەك، هیچ سەندیکایەك بکات، تەنها بە قانونێکی گشتی نەبێ، با قانونیەکان وەڵامم بدەنەوە، بزانن چی پەیوەندیەکی هەیە لەوەی کە ئێمە ئینتیخابات دەکەین یان نایکەین، یان یەك دەگرنەوە یان یەك ناگرنەوە، چی پەیوەندیەکی بە ئێمەوە هەیە وەکو پەرلەمان قانونی مونەزەمات هەیە، قانونی مونەزەمات لەلایەن پەرلەمانەوە راستە دائەنرێ، بەڵام ئەوەی بەرپرسیارە لێی وەزارەتی ناوخۆیە، وەزارەتی ناوخۆ لێی دەپرسێتەوە تۆ ئەو شەرت

شێوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا بناسرێن و، هەر ڕێکخراوێك میزانیەیان لەلایەن ئیدارەکان چەند وەردەگیرێن، بۆ ئەوەی میزانیەکە نەبێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوەی کەوا ڕێکخراوەکان لەیەکتر دووورکرێنەوە، ڕێکخراوەکان ئیمتیازاتی تێدا بێت، مەصالحی تێدا بێت، لەوەی زیاتر بچێتە سەر حەقیقەتی ڕێکخراوەکان، کە ڕێکخراوەکان ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەیی دەبێ لە چوارچێوەی ئەوە ئیش بکەن، کە دیفاع لە توێژەکانی خۆیان بکەن، نەك تەماس بن، یان ئەوەتا پاشکۆ بن لە بۆ ئیدارەکان، چونکە میزانیەیان لە ئیدارەکان وەردەگرن و ئیدارەکاندەعمیان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك حیدر، فەرموو شێخ عەفان.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەزم کرد یەك دوو تەوزیحی بچووك بۆ برادەران بکەم، پێش هەموو شتێك لەگەڵ پرۆژەکەم، حەز دەکەم باسی بکەم کە ئەم تەمدیدە هەنگاوێکە بۆ یەك گرتنەوە، ئەسبابی موجیبەی یەکگرتنەوەی نەقابات و سەندیکاکانە، ئەوە ماوەی سێ، چوار مانگە لە هەردوولا بۆردێك هەیە کە ئیتیحادی هەموو نەقابەکان و سەندیکاکانن، کۆبوونەوەی چوارەم و پێنجەم و شەشەممانە، کە نوێنەری کۆمەڵێك لە نەقابەکان لەگەڵ یەکتر کۆدەبنەوە، پێکەوە بڕیاریان لەسەر یەك گرتنەوەی هەموو سەندیکا و نەقابەکان داوە، بەتایبەتی لە شوێنە ئازادکراوەکان، کە تازە ئازاد کراون، بۆ ئەو مەبەستە پێویست بەوە دەکات کە ئەو سەندیکا و نەقابانەی لێرە بە یاسا کاردەکەن، ئەگینا ئەگەر پێش یاسا بوایە هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد، یاساکە کە دەرچووە ئەو سەندیکا و نەقابانەی هەموویان یاسایان هەیە، لە یاساکە تەحدید کراوە لە ماوەی ئەوەندە دەبێ هەڵبژاردن بکرێ، بەڵام ئەگەر یاساکە نەبووایە زۆر زۆر تەبیعی بوو، بۆ نموونە من حەز دەکەم بیڵێم من وەك بەرپرسێك لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کە گەورەترین سەندیکایە لێرە وەکو سەندیکایەکی ڕۆشنبیر، ئێمە کاتی خۆی کە یاساکەمان دانا مولاحەزەی ئەو خاڵەمان کرد، وتمان هەرکاتێك بارودۆخ مولائیم بوو بۆ هەڵبژاردن یەك بگرینەوە پێش ئەوە بە ساڵێکیش، لەپاش بیست ڕۆژ هەڵبژاردن بکەین، لەبەر ئەوە دیاریمان نەکرد بڵێین لە پاش ساڵێك، لەپاش چەندێك، ئێستا ئەم یاسایە بە نیسبەت یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ببێ و نەبێ هەروەکو خۆیەتی، ئەو لەیاساکە وا هاتووە، ئەڵێ هەرکاتێك مولائیم بوو گەیشتنە ئەوەی یەك بگرنەوە ئەو کاتە هەڵبژاردن ئەکرێ، بەڵام هەندێ لە سەندیکاکان لە یاساکەیان واهاتووە کە مودەیان تەواو بووە، ئەسبابی موجیبەکەشیان ئەوەیە کە مودەکەیان تەواو بووە، ئەسبابی موجیبەی دووەمیش ئەوەیە کە ئەیانەوێ یەك بگرنەوە، ئێستا فەردی هەردوو سەندیکاکە پێکەوە خەریکی دانیشتنن، بە کۆمەڵیش وەکو بۆردی سەندیکاکان ئەوە کۆبوونەوەی پێنجەم و شەشەمیانە و دانیشتنیان کردووە و زۆر هەنگاویان بەرەو پێشەوە ناوە، زۆر لە برادەران لەوانەیە بەرپرسی سەندیکاکان ئێستا لێرەن و ئاگادارن، وەڵڵا من پێم خۆش بوو ئێستا بەرپرسی سەندیکاکانی ئەولاش و ئێرەش لێرە بوونایە، لەو سەرەوە سەیریان بکردایە، بزانن پێیان باشە ئەو ماوەیە تەمدید بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانن یەك بگرنەوە، بەڵام ئەگەر تەمدید نەکرێ لەوانەیە یەکگرتنەوەکە تۆزێك

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاك حیدر.

**بەڕێز حیدر اسماعیل(م.ڕێبوار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی درێژکردنەوەی ماوەی سەندیکایەکان، دیارە لای هەمووتان ئاشکرایە ئێستا کۆمەڵێك ڕێکخراوی فۆتۆکۆپی لە هەمان ئیدارەی ئەوێ دەست بەکارن و تەماسیان هەیە لەگەڵ ئیدارەی حکومەت، هەرچەندە برادەران ئیشارەتیان بەوە دا کۆسپی سەرەکی یەك نەگرتنەوەی ئیدارەیە بە صەراحەت، لە مەسەلە چوونە پێشی بوونی دیموکراتیەت و بوونی هەڵبژاردن، ڕێکخراوە دیموکراتیەکان خۆیان لە هەڵبژاردنی ئازاددا، ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد نەبێ، یەك گرتنەوەکە بۆ چییە؟ ئەوە پاش ساڵێك یەکیان گرتەوە و ئەنجامەکەی ئەوەیە دەبێ هەڵبژاردن بکرێ، مودە قانونیەکە ئەوەیە کە دەبێ هەڵبژاردن هەبێ، هەڵبژاردنێکی ئازاد کە خەڵك بتوانێ دەستەی کارگێڕی ڕێکخراوەکان بە شێوەیەکی ئازاد هەڵبژێرێ، نەك لەسەر ئەساسی لیستی دوو ئیدارە یان بێ ئیزن، ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەو هەلومەرجە بڕەخسێنین، کەواتە یەکگرتنەوەکەش ئەگەر یەك بگرێتەوە لەسەر ئەساسی ففتی ففتی یە، لەسەر ئەساسی ئیتیفاقە، ئەوە ماوەی ساڵەکەش تەواو بوو ئەنجامەکەی چی دەبێ؟ لەبەر ئەوە بەرای من سەرەتا بەوە دەست پێ بکەین کەوا هەموو ڕێکخراوەکان، چ لە ئیدارەی سلێمانی، چ لە ئیدارەی هەولێر ئازادی ئەوەیان هەبێ لە هەردوو ئیدارە ئیش بکەن، لە هەردوو ئیدارە بە شێوەیەکی ئازاد بتوانن بارەگا بکەنەوە، بتوانن چالاکی خۆیان بنوێنن و، بتوانن هەموو کارو چالاکیەکانی خۆیان بە شێوەیەکی ئازاد ئەنجام بدەن، ئەگەر ئەوەیان بۆ نەڕەخسێ تەماسێکیان نابێ لەگەڵ ئیدارە، ناتوانرێ و هەلومەرجێکیان بۆ بڕەخسێ کە یەکتر بناسن و لە هەلومەرجی یەکتری ئەو دوو ئیدارە نزیك بنەوە، لەبەر ئەوە پێویستە بەراستی سەرەتا بەوە دەست پێ بکەین، کە ئازادیان بدەینێ ڕێکخراوەکان بە هەردوو بەشەوە، چ لێرە، چ لە ئیدارەی سلێمانی بتوانن بچن لە ئیدارەکانی ئەوێ رەسمیەت وەربگرن و بناسرێن و بتوانن موراجەعەی مەسئولین بکەن و بتوانن موراجەعەی دام و دەزگاکان بکەن بە شێوەیەکی رەسمی، راستە ئێستا مەسەلەن لە مامۆستایان دوو ڕێکخراومان هەیە و، لە قوتابیان دوو ڕێکخراو هەنە، لە ژنان دوو ڕێکخراو هەنە، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە ئەگەر هەر یەکیان نەگرتەوە، ئەگەر ئیحتیمالی ئەوە بکەین ئەصلەن نەیانتوانی یەك بگرنەوە، هەتا ئیدارەش یەکیان گرتەوە، ئەو دوو ڕێکخراوە یەکیان نەگرتەوە و، دەکرێ هەلومەرجی دیموکراتی لەبار بێ لەوەی کە هەر کەسێ ئازاد بێ بۆ خۆی کە ڕێکخراوێك پێك بێنێ، لە چواچێوەی قانون و نیزام لە کوردستان بتوانێ موراجەعەی دام و دەزگاکان بکات و بتوانێ دیفاع لە خۆیان بکات، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەم بەراستی ئێستا لە هەردوو ئیدارە دەعمێکی مالی هەیە لە بۆ ئەم ڕێکخراوانە، میزانیەکانیان لە لایەن ئیدارات وەردەگیرێ، چ کۆمەڵەی خوێندکاران، چ قوتابیان، چ ژنانە، چ ئافرەتانە، ئەمانە میزانیەکیان هەیە میزانیەکە لەلایەن ئەو دوو ئیدارەیە دەعم دەکرێ، ئەگەر ئەو دوو ئیدارە پاڵیان پێوە بنرێت کە هەوڵ نەدرێتن میزانیەکەیان زیاد بکرێتن، یانی هەوڵ بدرێ میزانیەکەیان کەم بکرێتەوە و، لای کەم میزانیەکەیان تەحدید بکرێتن و بە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك د. لەتیف، بەڕێز شاخەوان، فەرموو.

**بەڕێز محمد عباس عولا(شاخەوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشکەش کردنی ئەم پرۆژەیە بە کۆمەڵ دەلیلی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانە سەربەخۆیی خۆیان نییە، کۆمەڵ ئێستاکە بەرەو پێشەوە دەچێتن و دیموکراتیەت و کۆمەڵی مەدەنی پیادە دەکرێن، ئێمە لەیەکگرتنەوەی پەرلەمان تاحەددێك دەستکەوتێمان بەدەست هێناوە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەستاندنی کار بە مادده (٣) برگە (و) لە یاسای هاتووچۆی ژمارە (٤٨)ی ساڵی ١٩٧١ ی هەموار کراو، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیاز کراوە.

گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی درێژکردنەوەی خولی دیاریکراوی هەر سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوێك بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی کۆتایی هاتنی خولەکەیانەوە.

بەردەوام بوونی گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخی ئێستا لە رووخانی رژێمی عێراقیش سەرکەوتن و دەسکەوتی گەورە بەدەست هاتووە، بۆیە پێویستە لێرەدا بڕیاری ئەوە بدرێت و من لەگەڵ رای کاك ئیبراهیمم کە سێ مانگ دیاری بکرێت، نەوەك بۆ درێژ کردنەوەی مودەکەیان بۆ بڕیار دان بۆ یەکگرتنەوەی ڕێکخراوەکان، چونکە ئەو ڕێکخراوانە لە هەردوو سنووری ئیدارەکە کێشەی زۆریان هەیە، من واقیعیانە قسە دەکەم و مەبەستیشم ئەوە نییە کە برادەران واقیعیانە قسە ناکەن، بەلاّم من لە ناو مومارەسەی ئیشەکاندام، لێرەدا کۆمەڵەی خوێندکاران هەیە و یەکێتی قوتابیانیش هەیە، هەتا مودیری ئیدارەی ئامادەییەکان، دوا ناوەندییەکان دەست دەخەنە ناو کاروباری خوێندکاران و قوتابیان، لە هەندێ قوتابخانە هەتا خوێندکارەکانیان دەرکردووە بە بیانووی ئەوەی، کە گوایە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان نین، یان لە ئیدارەکەی لای ئەولایەش لەوانەیە بڵێن ئێوە ئەندامی کۆمەڵەی خوێندکاران نین، بۆیە حەقە ئەو ڕێکخراوانە پەلەیان لێ بکرێت، یەك بگرنەوە وەکو مەسەلەن ڕێکخراوی نیقابەی محامین، لەو ماوەیەی یەکی گرتەوە، گرنگ نییە نیسبەی سەرکردایەتیەکەی چەندە، چەند نییە، بۆ نموونە برادەرانی ئێرە حەوتن و برادەرانی ئیدارەی ئەولا چوارن، نیقابەی ڕۆژنامەگەری لەو ماوەیەدا یەك دەگرنەوەو کۆنگرەیان هەیە و ئەوە بەراستی کارێکی باشە، حەقە لێرە بڕیاری ئەوە بدرێت کە ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و سەندیکاکان بەرەو یەکگرتنەوە بڕۆن، نەوەك ئێمە زەمینەیان بۆ خۆش بکەین، کەوا ساڵێکی تر درێژە بە تەمەنیان بدەین، لەلایەکی تر دەتوانن ئەو ڕێکخراوانەی کە تەمەنی درێژەدانی کاری ڕێکخراوەییان تەواو بووە، سوود لەو ڕێکخراوەی تر وەربگرن، بۆ نموونە کۆمەڵەی خوێندکاران ئەگەر زەمەنیەکان ماوە، یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەتوانن سوود لەوان وەربگرن، تەنسیقیان هەیە، پێم وابێ فراکسیۆنێکیان هەیە وابزانم بۆ کارکردن و درێژە دان بەکارەکەیان، گرنگ ئەوەیە ئێمە سوور بین لەسەر ئەوە و، هەوڵی ئەوە بدەین کەوا یەك بگرنەوە و یەکگرتنەوەی ڕێکخراوە دیموکراتی و ڕێکخراوەکان، زیاتر زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی هەردوو ئیدارەکەش یەك بگرنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن درێژکردنەوەی مەوزوعی نیقابەکان و ڕێکخراوەکان، بە حەقیقەت نەختەك دانی مەشروعییەتە بۆ هەندێ کاری کردوویانە، چونکە تائێستا مەجموعەك نیقابات هەنە پێنج شەش مانگە مووددەکەیان ڕەت بووە، لەوانەیە لەو بەینە سەرفیان کردووە، پارەو پول و خەڵکیان ئینتیما کردیە، لەوانەیە هەویاتیان تەوزیع کردیە، ئەو شتانە کرایە، زۆری لەبەر ئەوە بەرەئی من درێژ کردنەوەکەی خراپ نییە، ئەگەر هاتوو ئیشعارێك بکەین لەناو درێژکردنەکە، بڵێین لەو ماوەی درێژکردنە هەوڵ بدرێت، ئەو ڕێکخراو نیقاباتانە، هەوڵ بدرێت یەکتر بگرنەوە، تەسبیتی بکەین لە ئەسڵی بڕیارماندا کە ساڵێك درێژیان بکەین ئەو ڕێکخراوانە و، لەو کاتدا هەوڵ بدرێت کە یەکتر بگرنەوە بۆ ئەوەی تەوحید بکرێن، چونکە ئەوەی نیقابەی محامین مەعلومی جەنابتانە ساڵێکمان درێژ کرد، ساڵەکەیان تەواو نەکرد یەکتریان گرتەوە، خۆش بەختانە ئێستا بەیەك نیقابەو بەیەك دەنگ کاردەکەن، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین کە درێژی بکەینەوە، ئەو نیقابانەش هەوڵ بدەن یەکتر بگرنەوە، چونکە بەڕاستی لەوانەیە مەجالی ئینتیخابات ئێستا بڕێك زەحمەت بووە، وەکو مامۆستا حمدامین فەرمووی زۆر زەرووریيە ئینتیخابات، بەس مومکینە هەموو نیقاباتەکان نەتوانن، ئێستا ئینتیخابات بکەن، مانای ئەوەیە بە ڕەئی من مومکینە درێژە بە یەکتر نەگرتنەوە بدەن، هەوڵ بدرێت بۆیان درێژ بکرێتەوە ئیعازیشیان بدەینێ، بڵێین دەبێت لەو ماوەی درێژکردنەوە هەوڵ بدرێت یەکتر بگرن و، مەزوعەکە خەلاس بێت، هەتا کەی ئێمە ئینتیزار بکەین هەر نیقابات وەکو خۆی بمێنێ، با یەکتر بگری و، بەیەك دەنگ بچینە مەیدان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاکە ڕەش، بەڕێز کاك د. لەتیف فەرمووو.

**بەڕێز د.لطیف محمود احمد برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی برادەران باسی ئەو ڕایانەیان کرد کە من هەمە، بەڵام من خاڵێك هەیە حەز دەکەم زیاتر ڕوونی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە هەندێ لە نیقابەکان نزیکی ساڵێك تێپەڕ بووە بەسەر کارکردنیاندا، وەکو بڵێی ئێکس پایەر بوون، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو ساڵە ئێمە تەمدیدی عومریشیان بکەینەوە، یان تەمدیدی سەلاحیات و ئیش کردنیشیان بکەینەوە ئیستیفادەیەك لەوە ناکەن، ئیحتیماله مانگێك یان دوو مانگ بێت، لەبەر ئەوەی یەکێ لە برادەران نازانم کامیان بوو؟ ڕەئیەکەی وابوو مودەتێك دیاری بکرێت، مەسەلەن سێ مانگ یان شەش مانگ لە تەواو بوونی مودەی کارکردنیانەوە، بەڕاستی سەندیکای ئێمە لەوانەیە مانگێك تەمەنی مابێت ئەو ساڵە تەمدید دەکرێتەوە یەك مانگی بەر بکەوێت، لەماوەی ئەو مانگەشدا لەوانەیە ئێمە فریای ئەوە نەکەوین کۆنگرە ببەستین، یان فریای ئەوەی نەکەوین لەگەڵ سەندیکای برادەرانی خۆماندا لە سلێمانی یەك بگرینەوە، لەبەر ئەوە حیسابێك بۆ ئەو لایەنانە بکرێت، لەگەڵ ڕێزم.

دوو/ ئەسڵەن من پێم وابوو کە یاساکە دەردەچێت ئەڵێت تەئکید دەکەینەوە لەسەر ئەوەی هەموو ڕێکخراوەکان دەبێت لە کات و ساتی خۆیدا هەڵبژاردن بکەن، ماڧی کەس نەخۆن، خەڵکێکی تر چاوەڕوانی ئەوە دەکەن دەور بێتە سەریان و خزمەتی خۆیان تەقدیم بکەن، ڕێکخراوێك ساڵێك، یان دوو ساڵ دەمێنێتەوە، دەستەیەکیان هەڵبژاردووە، ڕەنگە لەناو ئەو دەستەیە خەڵکێکی بێ توانای تێکەوتبێ، بەڵام دیارە هەڵبژاردن و گیانی هەڵبژاردن لەدنیادا بۆ ئەوەیە ئەگەر هەڵەیەك بوو بێت خەڵکێکی ناشایستە، چ لە ڕێکخراوەکان، چ لە حزب، چ لە حکومەت، گیانی هەڵبژاردن ئەوەیە، ئەگەر توانای نەبێت بە خەڵکی چاك و بەتوانا موعالەجە بکرێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەم پرۆژەیە، هەم ئەسبابەکان دیار نین و، هەم ماڧی خەڵکی تر پێ شێل دەکات و، ئەوە ماڧێکی تایبەتی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانە، یان سەندیکاکانە، خۆیان لەناو خۆیاندا، ئەگەر ڕێکخراوێك حاڵەتێکی تایبەتی هەیە، دەیەوێت تەمدیدی تەمەنەکەی خۆی بکات، خۆ هەر دەستەی بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکەی دەتوانێ بڕیارێکی وا دەربکات بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە، ئێمە خۆمان دیارە سابیقەی وامان زۆرە ماوەیەکی زۆرە کۆمەڵێك ڕێکخراو لەسەر ئەم مەسەلانە ئیشەکانیان دەکەن، یەعنی بەڕاستی من پێم وابوو پەرلەمان تەئکید لەسەر ئەمە دەکات، کە قەدەغەی بکات هەر ڕێکخراوێك لەکاتی خۆیدا ئینتیخابات نەکات، چونکە کە تۆ نایکەیت ماڧی کۆمەڵێك خەڵکی تر دەخۆیت، خەڵێکێك چاوەڕوان دەکات دەور بێتە سەری و خزمەتی خۆی بکات، ئەوە خاڵکیانە، پێم وایە کە خاڵی گرنگیانە و موهیمیشیانە، جا لەبەر ئەوە بەڕاستی من بەش بەحاڵی خۆم سەرپەرشتی ڕێکخراوێك دەکەم کە یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانە، بە ناحەقیەکی دەزانم داخل بوون، وەکو کاك عیمادیش ئیشارەتی پێ کرد، لەناو ماڧی ئەو خەڵکەدا کە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات و، ئەگەر مەسەلە یەکگرتنەکەیە بۆ گیانی یەکگرتنەوەی گشتییە، بەڕاستی دەبێت لە ئیدارەوە دەست پێبکەین لە یەکگرتنی ئیدارەوە دەست پێبکەین، ئەوەی بۆتە کۆسپ لەبەر دەمماندا، من جارێکی تر تەئکیدی دەکەمەوە و، حەز دەکەم زۆر بەسەراحەتەوە بیڵێم بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنماندا لەبەردەم نەگەڕانەوەی کەرکووکە، خانەقینە، شوێنە ڕزگارکراوەکانە، ئەوەی بۆتە ئاستەنگ هەتا لەبەر دەم ئینتیخاباتی گشتیشدا یەك نەگرتنەوەی ئیدارەکانە، بۆ نموونە ئێستا ئێمە ڕەنگە هەوڵ بدەین ئینتیخاباتێکی گشتی بکەین، بۆ مانەوەی شەرعییەتێکی نوێ بۆ تەجروبەی گەلی کوردستان دیاری بکەین، بەڵام لە کاتێکدا کە کەرکووك و خانەقین و ئەوانە ناخرێنە سەر ئیدارەی کوردستان ناتوانین بیکەین، چونکە ڕەنگە ئەوە ببێت بە ئیقرارێکی زمنی بۆ ئەوەی ئەگەر کەرکووك و جەلەولا و شوێنە ڕزگارکراوەکان بەشداری ئەو ئینتیخاباتە نەکەن و، ڕەنگە ئەگەر پێشمان بڵێن بیکەین، بەبێ کەرکووك و جەلەولا و خانەقین و کفری و ئەو شوێنانە، ناتوانین بیکەین، لەبەر ئەوەی ئەوە پەکی ئێمەی خستووە، ئەوەی پەکی هەموو ڕێکخراوەکانیشی خستووە، بەڕاستی یەك نەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکانە، با پەرلەمان یەك دەنگ، دەنگ بەوە بدات کە زوو ئیدارەکان یەك بخرێ، تاکو بتوانین هەتا وەزعە سیاسیەکەشمان لە دەست نەچووە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاکەڕەش.

دوو/ هەندێ ڕێکخراو هەیە ئیمکانە پێنج ساڵە لەسەر فەترەی موحدەدی خۆی ڕۆیشتووە، کە لە پەیڕەوی ناوخۆ ئیمکانە دوو ساڵ جارێك ئینتیخابات بکات و، بۆتە حەوت ساڵ، ئێمە لێرە لە قەرارەکە دەڵێین کە ساڵێك تێپەڕێت فەترە موحدەدەکە، کە دانراوە، ئەوەی چوار ساڵی لەسەر ڕۆیشتووە چی بکات؟ جا بەڕاستی من پێشنیاری ئەوە دەکەم یەعنی ئەم قەرارە چۆن بڵێین ئەگەر قەرارەکەشمان دا (یجوز) بخەینە ناوی (یجوز أن یمدد لفترة سنة)، چونکە هەندێکیان هەنە ئیمکانە زرووف لەبار بێت ئینتیخاباتی خۆی بکات، بۆ ئێمە فەرزی بکەینە سەری بڵێین نابێت، دەبێت دوای ساڵێك بیکەی.

سێ/ هەندێکیان هەنە وەکو باسم کرد ساڵی زۆر لەسەر ڕۆیشتووەو، ئەمانە وای لیٚ دیت کە ئێمە دەبینە خاوەنی قەراری چۆن دەڵێت ئەو ڕێکخراوانە، یەعنی ئایا ئیستیقلالی ئەوان، ئایا کە ئێمە خۆمان دەڵێین موجتەمەعی مەدەنی، ئەوانە دەبێت موستەقیل بێت لە دەرەوەی ئەحزاب بن، یان لە دەرەوەی هەندێ شت بن، چۆن قەزا موستەقیلە، من ناڵێم بە ئیستیقلالیەتەوە، ئەوانە هەریەکی بەندن بە حزبێکەوە، ڕاستە ئێمە دەڵێین ئەمە هینی خوێندکاران و ئەوە قوتابیانە، وەڵڵا ئەو ئەمرە لە حزبەکەی بۆ دەرنەچێت، ئیمکانە هەندێ شتی تر جێ بەجێ نەکات، جا ئەمە ئایا بۆ ئێمە وەکو پەرلەمان سەلاحیەت و شەرعییەتی ئەوەمان هەیە تەدەخول لەو ئیشوکارانە بکەین؟ من هەر ئەو هینە دەکەم، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە دەبێت لەگەڵ هەر موبادەرەیەك بین، کە میللەتی ئێمە یەکتر بگرێتن، زیاتر موددە مەجال نەدەینە تەقسیماتی میللەتی خۆمان و، بەتایبەتی مونەزەماتی خۆمان، پەرلەمان یەکتر گرت، سەدایەکی زۆری لەناو دنیا هەموو وەرگرت، جەلسەی پێشوو یان دوو جەلسەی پێشتر باسی تەوحیدی حکومەتمان کرد، کەچی ئێستا لەم جەلسەیەی دێین باسی تەمدیدی تەقسیمی مونەزەمات بکەین بۆ ساڵێکی تر، من بە باشی دانانێم ئەمە و، ئەگەر بکرێتن ماوەکە کەم بکرێتن، حەددی ئەقسا ببێتە سێ مانگ بەسە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو مامۆستا محمد امین.

**بەڕێز محمد امین عبدالحکیم چەمچەماڵی(مەلا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من وا ئەبینم کە هەر بڕیارێك یان شتێك دەردەچێت، یان یاسایەك دەردەچێت لەم پەرلەمانە بێگومان باس کرا ئەسبابی موجیبەکە، بۆ، مەسڵەحەت چییە لەوەیە و، ئەگەر نەیکەین چەند زیانمان بەردەکەوێت و، ئەگەر بیکەین چەند سوودی لێوەردەگرین، حەقە ئەوانە لە سەرەتای پێشکەش کردنی پڕۆژەکەوە باس بکرێت، ئەوە یەك.

بەپێچەوانەوە هاریکاری کردنی سەندیکایەکانە، بۆ ئەوەی ئیدامە بە کارەکانی خۆیان بدەن، چونکە بارودۆخێکی تایبەتی لە ئارا دایە، لەبەر ئەو هۆیەیە، هەرچەندە دەبوایە ئەسبابی موجیبە دیاری بکرێت، بۆیە ئەو پرۆژەی کە هاتۆتە پێش، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان پشتگیریی لێ دەکەین، بە پرۆژەیەکی چاکی دەزانین و، هیواداریین ئەو برایانەی راو بۆچوونی تایبەتیان هەیە لەسەر ئەو پرۆژەیە شتێکی زۆر تەبیعییە و، ئێمە پشتگیریی لە پرۆژەکە دەکەین، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک د. ناصح، فەرموو کاک نیعمەت جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز.

**بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١- ئەوەی باش بوو دەبوایە ئەو سەندیکا و رێکخراوانە خۆیان پێشنیار و داواکاری خۆیان پێشکەش کردبا، یەعنی وا پێ دەچێت ئەوە شتێك بێت بە کۆمەڵ، یەعنی ئیشەکە کرا بێت، یەعنی داواکاری خۆیان بە رەسمی پێشکەش کردبا.

٢- ئەگەر ئەو درێژکردنەوەش بکرێت، پێویستە ئەو ماوەیە وەکو فەترەیەکی ئینتیقالی بێت، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن خۆیان یەکتر قەبوول بکەن، هاوکاری یەکتر بکەن، بۆ ئەوەی بگەنە یەکگرتنەوە، نەك دووبارە بەرەو دابڕان بڕۆین و، ئەو بڕیارە ببێتە مایەی ئەوەی کە سەندیکاکان یەك بگرنەوە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک نیعمەت، فەرموو کاك عیماد.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆتان دەزانن ئیشوکاری رێکخراوەکان یان سەندیکایەکان، ئەوە ئیشوکارێکی موستەقیلە، ئیشوکارێکن هەندێکیان هەیە بەرەییە، کە هەموو توێژو چینەکان دەگرێتەوە، وەکو بابڵێم کرێکاران، یان مامۆستایان، یان جووتیاران، هەندێکی تریان هەیە حزبەکان هەریەکەیان لەلای خۆیەوە رێکخراوی خۆی دروست کردووە، وەکو ژنان و ئافرەتان و قوتابیان و خوێندکاران و یەکێك لەو بەشانەی کە هەن، ئێمەی پەرلەمان حەق نییە بەو شموولیە تەدەخول لە قەراری خودی رێکخراوەکان بکەین، ئێمە لێرە بووینەتە ئەوەی کە چۆن دەڵێ تەشریعێك دەکەین، یان شتێك دەکەین ماوەی درێژ کردنی سەرکردایەتییان، هەڵبژاردنیان، موئتەمەریان تەحدید بکەین، ئەمانە ئەرکی خصوصیەتی خۆیان هەیە، لە قەرارەکە هاتووە بە موتەلەقی و بە شموولیەت دەڵێت (هەموو دەبێت ساڵێك درێژ بکرێتەوە)، بۆ ئێمە ئەگەر ئەوەش دەکەین، بۆ نەڵێین (یجوز)، یەعنی ئیمکانە، هەندێکیان هەیە دەتوانن ئەمڕۆ هەڵبژاردنی خۆیان بکەن، ئەمڕۆ موئتەمەری خۆی دانا، بۆ ئێمە بەو شموولیەتە و بەو ئیتلاقەتیە دەڵێین ساڵێك درێژی بکاتەوە، ئەوە لەلایەك.

٥- ئەمڕۆ ڕۆژگاری دیموکراسیەت و ئازادییەکی بەرجەستە لە کوردستاندا هەیە، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن، بۆیە دەبێت ئەو ڕێکخراوانە سوود لەو پرۆسانە وەربگرن، ئێمەش هیچ هۆکارێك بەدی ناکەین، بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکانی ئەو سەندیکا و ڕێکخراوانە.

٦- لە بری ئەوەی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی ساڵێك دوا بخرێن و ڕابگیرێن، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین، کە ئەو ڕێکخراوانە لە سنووری هەردوو ئیدارەکەدا هەیە و بوونەتە دوو بەش، داوایان لێ بکرێت تێکەڵ بکرێنەوەو و ببن بە یەك ڕێکخراو، ڕێکخراو نوێنەری ڕاستەقینەی ئەو توێژانەی ناو کۆمەڵی کوردستان و لە نەخۆشی و دەردی دووکەرتەش ڕزگاریان ببێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی ناوخۆ بەڕێز کاك بەکر، ئێستاش لیژنەی ماڤی مرۆڤ کاك ئەنوەر فەرموو بۆ ئەوەی بیر و ڕای خۆیانمان پێشکەش بکات.

**بەڕێز انور شوکر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی ماڤی مرۆڤ لەگەڵ دەقی پرۆژەکەین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی ماڤی مرۆڤ کاك ئەنوەر شوکر، ئێستاش تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم، ئەوەی دەیەوێ قسە بکات با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، ئەوانەی ناونووس کراون، ئێستا پێشکەشتانی دەکەم، ئەگەر یەکێك هەیە ناوی نەنووسراوە، تکایە ئاگادارمان بکات، بەڕێزان:

١- کاك عیماد ئەحمەد.
٢- کاك ئیبراهیم سەعید.
٣- مەلا حەمەد ئەمین.
٤- کاکەڕەش نەقشبەندی.
٥- د. لەتیف.
٦- شاخەوان عەباس.
٧- حەیدەر ئیسماعیل.
٨- شێخ عەفان.

کەس هەیە بیەوێ قسە و بکات ناوی نەنووسرا بێت؟ باشە ئێستا با نوێنەری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان کاك د. ناصح بفەرمووێت سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبەتە نازانم بۆچی ئەسبابی موجیبە دیاری نەکراوە، بەڵام ئەمە دوای دانوستاندنێکی دوور و درێژ بوو لەسەر ئەوەی کەوا بۆ ئەوەی ماوە بدرێت، ئەمە ڕێگرتن نییە لە سەندیکایەکان،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك ئەحمەد، ئێستا لەبارەی خاڵی یەکەمەوە، ئەگەر ئەندامێك قسەی هەیە لەو بابەتەوە با بفەرمووێت، پێش ئەوەی کەوا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بیر و ڕای خۆیان دەربڕن، داوا لە نوێنەرانی لیژنەی قانونی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەین، ئەوانیش لەو بارەیەوە بیر و ڕای خۆیان دەربڕن، فەرموو کاك بەکر ببوورە، لیژنەی یاسایی کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بابەت/ رای لیژنە**

نیشانە بە نووسراوتان ژمارە (١٠٨)(ك) لە ٢٠٠٣/١٠/١٤ لیژنەکەمان کۆ بۆوە بۆ دیراسەت و تاوتوو کردن لەسەر پرۆژەی درێژکردنەوەی خولی دیاریکراوی هەر سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوێك بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی کۆتایی هاتنی خولەکەیەوە، بڕیارەکە لە ئەنجامدا بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، بۆ ئاگاداری لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك شێروان، فەرموو کاك بەکر، لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز بکر احمد یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

بابەت/ راپۆرت

لیژنەکەمان لیژنەی ناوخۆ لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/١٦ کۆبۆوە، کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بۆ گفتوگۆ و قسەکردن و را دەربڕین لەسەر ناوەڕۆکی پێشنیارەکەتان، بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بۆ ماوەی یەك ساڵ، دوای تاوتوو کردن و هەڵسەنگاندنی ئەم پێشنیارە، ئەم خاڵانەی خوارەوەی لا بەرجەستە بوو:

١- هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی یەك ساڵ دەبێت چی بێت، کە دەبوایە لەگەڵ پرۆژەی داواکارییەکەدا هۆکاری دواخستنەکەی لەگەڵ دابوایە، واتا (الاسباب الموجبة)ی لەگەڵ بوایە.

٢- هەر سەندیکا و ڕێکخراوێکی جەماوەری تایبەتمەندیەتی خۆی هەیە و، هەریەکەش لە روانگەی کار و بەرنامە و بەرژەوەندی خۆیەوە بڕیار دەدات، کە چی بکات، بەتایبەتی بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن و شتی تر، بۆیە نابێت هەموویان تێکەڵ بەیەکەوە بکرێن.

٣- هەر سەندیکا و ڕێکخراوێك پەیڕەوی ناوخۆی هەیە و، هەریەکەیان بە پێی ئەو پەیڕەوە کار دەکات و هەڵبژاردنیش ئەنجام دەدات.

٤- گەر هەر ڕێکخراوێك کێشەیەکی هەڵبژاردنی هەبێت، پێویست دەکات لە ڕێگای داواکارییەکی خۆیانەوە بۆ پەرلەمان بەرزی بکەنەوە، تاکو بڕیاری تایبەتی لێ بدرێت.

الأسباب الموجبة

بالنظر لحرمان عدد كبير من المواطنين في الإقليم من نعمة التعليم (القراءة والكتابة) بسبب الظروف الاستثنائية التي مرت منذ عدة عقود بسبب مشاركتهم في الحركة التحررية الكوردية ونزوحهم إلى خارج الوطن ولعدم شمولهم بدورات محو الأمية لحد الآن، وحيث انهم يجيدون قيادة المركبات وبغية إفساح المجال أمامهم للحصول على إجازات السوق أصدرنا هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك شێروان، ئێستا پاش خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژەیە، پێویستە رەوانە بکرێت بۆ لیژنەی یاسا و لیژنەی ناوخۆ، بۆ ئەوەی لە بیرو ڕای خۆیان ئاگادارمان بکەنەوە، ئەو وەختە دەتوانین گفتوگۆی لەسەر بکەین و بڕیاری لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.

با لیژنەی یاسا لە شوێنی خۆیان بمێننەوە، تکا لە لیژنەی ناوخۆش دەکەین ئەوانیش دوو ئەندامیان بێن بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی باس لە خاڵی دووەم بکەین، گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی درێژکردنەوەی خولی دیاریکراوی هەر سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوێك بۆ ماوەی یەك ساڵ لە رۆژی کۆتایی هاتنی خولەکەیەوە، بفەرموون، با ئەندامێکی لیژنەی ماڤ مرۆڤیش بفەرمووێت بۆ ئەوەی بێت لەگەڵیاندا بەشدار بێت، فەرموون دەست پێ بکەن.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان — العراق

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ/ /٢٠٠٣إصدار القرار الآتي:

أولاً: يستمر مجلس كل نقابة أو جمعية أو منظمة في إقليم كوردستان العراق بممارسة مهامها لمدة سنة واحدة اعتباراً من تأريخ انتهاء الدورة المحددة لها.

ثانياً: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوری شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق

ئێستا با نوێنەري لیذنەي یاسایي بفەرمووێ بۆ خوێندنەوەي یەكەمي ثرۆذەي وةستاندني كار بة ماددةي (٣)، فةرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەروە و میهرەبان.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەكەتان بۆ دەخوێنمەوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

المجلس الوطني لكوردستان - العراق

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٣ تشريع القانون آلاتي:

قانون رقم ( )لسنة ٢٠٠٣

**المادة الأولى:**

١- إيقاف العمل بالمادة (٣) الفقرة (و) من قانون المرور رقم (٤٨) لسنة ١٩٧١-المعدل- لمدة سنة واحدة فقط.

٢- يجري اختبار الأشخاص المتقدمين للحصول على إجازات السوق شفهياً وفقاً للتعليمات الخاصة بالاختبار بعد اجتيازهم دورة خاصة بقواعد السير والتشريعات المرورية النافذة لمدة لا تقل عن أسبوعين في مديريات مرور الإقليم.

**المادة الثانية:**

لا يعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

يعمل بأحكام هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان

د.روژ نوری شاویس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ( ٣٧ )ی خولی گواستنەوە

## شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/٢٥

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/٢٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد جێگری سەرۆك و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٣٧)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٣) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣٧)ی خولی گواستنەوە لە کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٣\١٠\٢٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەستاندنی کار بە ماددە (٣) بڕگە (و) لە یاسای هاتووچۆی ژمارە (٤٨)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیاز کراوە.

٢- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی درێژکردنەوەی خولی دیاریکراوی هەر سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوێك بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی کۆتایی هاتنی خولەکەیانەوە.

٣- بەردەوام بوونی گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخی ئێستا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٣٧)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان بریتیە لەم سێ خاڵانەی خوارەوە:

١- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەستاندنی کار بە ماددە (٣) بڕگە (و) لە یاسای هاتووچۆی ژمارە (٤٨)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیاز کراوە.

٢- گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی درێژکردنەوەی خولی دیاریکراوی هەر سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوێك بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ڕۆژی کۆتایی هاتنی خولەکەیانەوە.

٣- بەردەوام بوونی گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخی ئێستا.

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٧)**

**شەممە ڕێکەوتی٢٥\١٠\٢٠٠٣**

**خولی گواستنەوە**

**ساڵی یازدەیەم**

بێت، جارێ ئەو خەڵکانە هەڵدەبژێرن کە ئەسڵەن مولائیم نین بۆ نووسینەوەی دەستوور، ئەمە یەك.

دوو: هەر کەسێك تۆ لە ئینتیخاباتێکی سەربەخۆیی و موباشیرەدا هەڵیبژیریت، دەڵێت من صاحێبی شەرعییەتم، جا تەبیعی ئەمە دوو جانبی هەیە، جانبێکی ئیجابی هەیە و، جانبێکی سلبی هەیە، سلبیەکەی بەنیسبەت کوردەوە چییە؟ سلبیەکەی بەنیسبەت کوردەوە ئەوەیە ئەکسەریەتی ئەو مەئتەمەرە دەستوورییە و لە (٧٥٪)ی بگرە کورد نابێت، عەقلی برێ، دەڵێت من شەرعییەتم هەیە و میللەت هەڵیبژاردووم، فلان مەوزوع دەخەمە تەصویتەوە، تۆ بە تەصویت نایبەیتەوە، سەحب بی، بڵێی نایکەم، پێ داگریت، دەکەویتە مەوقیفێکی حەریجەوە، دەکەویتە مەوقیفێکی خراپەوە، لەبەر ئەوە عەمەلیەن ئەوە شتێکی باش نییە، جگە لەوەی ئینتیخاباتێکی حوری موباشیر، مومکینە لە ماوەی ساڵێکی تردا ئەگەر بکرێت، دەبێت ئیحصای بۆ بکەیت و، دەبێت وەزعی ئەمنی چاك بکەیت و، دەبێت ئامادەکاری بۆ بکەیت و، ئینجا ئەو ئینتیخاباتە بکەی بۆ مەئتەمەری دەستووری، ئینجا مۆئتەمەری دەستووری دادەنیشێت، پاش ئەوە لیژنەیەکی تایبەتی هەڵبژیرێت، بچێت موسوەدەی دەستووری بنووسێتەوە، جارێکی تر موناقەشە بکرێت، یەعنی فەترەیەکی زەمەنی زۆر تێ دەپەرێ، کە ئێمە نازانین چیمان بەسەر دێت، وەزعەکە و تەوازوونی ئێمە چی بەسەر دێت، بۆیە تەوجوهی ئێمە بەو شکلەیە، دەستوور دەبێت بەپێی مەبدەئی تەوافوق بنووسرێتەوە، چۆن بە تەوافوق مەجلیسی حوکم دروست کرا؟ چۆن بە تەوافوق وەزیرەکان دانران؟ چۆن بە تەوافوق لیژنەی تەحزیری دروست کرا؟ چۆن بە تەوافوق بەیانێك دەنووسرێتەوە؟ بە هەمان مەبدەئ و مەبدەئی تەوافوق، ئەگەر موئتەمەری دەستوورییە، یان ئەگەر لیژنەیەکە دەستوور بنووسێتەوە، مەشروعی دەستوور بنووسێتەوە، دەبێت تەوافوقی هەموو لایەکی لەسەر بێت و، ئەو دەستوورە دەبێت ئاوێنەی داخوازییەکانی هەموو لایەکمان بێت، بەس ئێمە هێشتا نەگەیشتووینە ئەو مەرحەلەیە و، لە حەقیقەتدا (٢٠)ی مانگ یەکەم جەلسەی مەجلیسی حوکمە رۆژی دووشەممە کە بیدایەتی ئەو مەوزوعە دەست پێ دەکرێت، موئتەمەری دەستووری چۆن دابنرێت؟ چونکە لیژنەی دەستوووریش حەسمی نەکردووە لە حەقیقەتدا، نەیان توانیوە حەسمی بکەن و، هەروەها موناقەشاتی ئەسڵی ئەو مەوزوعەیە، حەزم کرد ئەو مەعلوماتانەتان بدەمێ، بۆ ئەوەی مەعلوم بێت، زۆر سوپاستان دەکەم، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، هیواداریشم تا ئەو کاتە لیژنەکە حازر بێت، شەرتیش نییە هەموو شتەکان حازر بێت، هەندێ شتی تریشتان حازر کرد بێت، ئەفکارێك بێت موناقەشەی بکەین، شتێکی باشە، لیژنەکەش نەڕۆن با بێنە لای ئێمە، فەرموون بۆ لای ئێمە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.کمال عبدالکریم فؤاد | د.رۆژ نوری شاوەیس |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق |

هەڵبژاردنێکی تەسکترە، تایبەتییە لەسەر نیتاقی موحافەزات، نەقابات و مانەقابات و شەخصیات و ئەوانە لە هەر شوێنێك مەجموعەیەك خەڵك کۆببنەوە، نوێنەرانی خۆیان بنێرن، بەپێی نیسبەتی نفوس، موقتەرحێکی تریان مومکینە بلێ مەجلیسی حوکم خۆی لیژنەیەك دروست بکات لە پسپۆر و خەڵکی شارەزا، کە مسوەدەیەکی دەستوور بنووسێتەوە، بەنیسبەت فیدراڵیەوە دوو، سێ شتی ئەساسی هەیە:

یەکەم: بەیانی یەکەمی مەجلیسی حوکم ئیشارەتێکی ئاشکرای بۆ فیدراڵیەت تێدا هەیە، یەکەم بەیانی، بڕیاری لیژنەی دەستووری هی ئامادەکاری دەستووری، کە وەرگیرا بۆ دروست کردنی ئەو لیژنەی ئیشارەتێکی وازیحی تیایە بۆ فیدراڵیەت، کە دەستوورەکە شرووتی عونصوریەتە، لیژنە تەحزیریەکەش شرووتی ئەو مەندوبینی موئتەمەری دەستووری، کە بە تەمان بگیرێت، کەی بگیرێت؟ نازانین، کە باسی دەستوور دەکات، یەکێ لە شرووتەکانی ئەوەیە کە ئیمانی بە فیدراڵیەت هەبێت، ئەمە سێ شتە لەسەر مەسەلەی فیدراڵیەت، تەبیعی لەسەر مەسەلەی فیدراڵیەت بەشێوەیەکی عام تەراجوع نەکراوە، بەس ئەنواعی قسە هەیە، هەیە دەڵێت حەز دەکەین فیدراڵیەتەکە وەکو لامەرکەزی بێت، یەعنی هەر موحافەزەیەك خۆی مەجلیسی خۆی هەبێت و، موحافەزەکە وەکو حکومەت بێت و، ئەوە عێراق (١٨) موحافەزەیە، (١٨) فیدراڵیەت دەبێت و، (١٨) ئیقلیمی دەبێت و هینێکی حکومەتێکی مەرکەزی دەبێت، هەندێك دەڵێن نا دەیکەین بە سێ و چوار، هەندێك دەڵێن نا تەنیا حکومەتێکی مەرکەزی عێراق و کوردستان بەتایبەتی صەلاحیەتی فیدراڵی هەبێت، یەعنی ئەمانە لەناو ئەوصاتی تردا هەیە، لەناو ئەوصاتی کوردی ئێمە موتەفقین، لەناو ئەوصاتی خۆمان ئەوانەی لە مەجلیسی حوکمن، یان لە لیژنەی دەستوورین دەزانن ئەو فیدراڵیەتەی دەمانەوێت چیە و چی نییە، لەسەر ئەساسی ئەو پرۆژەیەی کە لە پەرلەمان خوێندراوەتەوە، کە لە ئەساسیشدا پرۆژەی حزبەکانیش بووە تەقدیم کراوە، یەعنی هێشتا مەوزوعەکە نەچۆتە دواوە، تەبیعی لێرەشدا من ناڵێم ئەو مەترسییانە لە جێگای خۆی نییە، ئەو مەترسییانە زۆر لە جێگای خۆیەتی، چونکە ئەگەر ئەمڕۆ وەزع و زرووف لە صالحی قەزیەی کورد بێت، مومکینە سبەینێ بەو شکلە نەبێت، ئەگەر ئەمڕۆ تەوازنی قیوا وا بکات ئێمە بتوانین شتێك وەرگرین بۆ خۆمان و، حەقی خۆمان بەباشی وەربگرین و، خەڵکیش پێی قایل بێت، مومکینە پاش شەش مانگی تر بەو شکلە نەبێت، پاش دوو ساڵی تر بەو شکلە نەبێت، بۆیە رەئی سائید لەناو ئێمە کە موناقەشاتی ئەو مەوزوعە دەکەین لەگەڵ ئەتراقی تردا، ئەوانەی بەشدارن لە مەجلیسی حوکم، ئەوانەی دەرەوەی مەجلیسی حوکمن، یان نوێنەرانی تەحالوف کە باسی لێوە دەکەین، رەئی ئێمە لەو بارەیەوە زۆر ئاشکرایە، ئێمە دەڵێین دەستوور عادەتەن خەڵکی پسپۆر دەینووسێتەوەو، لە ئینتیخاباتێکی موباشیری ئازاددا نازانین کێ دەردەچێت، بەتایبەتی لە میللەتێکی وەکو میللەتی عێراق، کە (٣٥) ساڵ لە ژێر دەستی رژێم ژیاوە، ئەو عالەمە دوا کەوتوون و ئیتلاعیان نییە لەسەر دیموکراتیەت، ئیتلاعیان نییە لەسەر حقووقی ئینسان، ئەو شتانەیان هەر بەلایانەوە سەیرە، یەعنی ئەفکارێکی تریان هەیە، تۆ بێنی بێجگە لە دوا کەوتوویی میللەتەکە خۆی، ئەگەر بەرەو ژوور سەیری بکەی، ئەوە هێشتا هەر بە نەوعێکی تردا دەژین، خۆمان خەڵکی عێراقین و ئەو وڵاتە دەناسین، ئەگەر هەڵبژاردنێکی عام

لەسەرداوە ئێستاش ئاگامان لێ نییە، وەکو دەریش دەکەوێ کە ئەو مەسەلانەی زۆر گرینگە پەیوەندی بە مەسەلەی ولاتی خۆمانەوە هەیە، کوردستانەوە هەیە، بەڕاستی هێشتا دەتوانم بڵێم بەشێوەیەکی زۆر ئاشکراو دیار ئەو مەسائیلانە تەرح ناکرێن، بەڵکو بە عەکسەوە حەزەرێك هەیە دەتوانم بڵێم ترسێك هەیە لەلایەن کوردەکانەوە، لەلایەن خەڵکی ولاتی خۆمانەوە، سەبارەت بەتەرح کردنی ئەو مەسەلانەی کە بەڕاستی شتی بڕیار لێ دراون لەلایەن پەرلەمانەوە و، داخوازی هەموو خەڵکی کوردستانە و، مەسەلەیەکە کە نابێت بەهیچ شێوەیەك مساوەمەی لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە حەقمانە زۆر شت دەبیستینەوە، بۆیە لێرەوە بەڕاستی پێویستە ئەگەر مساوەمەش دەکرێ یان پاشگەزبوونەوەیە یان خاڵێك لەو خاڵانەی کە ئێمە موناقەشەمان لەسەر کردووە و بڕیارمان لەسەر داوە، مەفروزە لێرەوە دیاری بکەین کە ئێمە موناقەشەی لەسەر بکەین و بڕیاری لەسەر بدەین، نەك هەرکەس بەئارەزووی خۆی میزاجی چۆن بوو یان بۆچوونی چۆن بوو یان چۆن تێیگەیشت لەو مەوزوعە بەم شێوەیە مەوزوعەکە تەرح بکات، بۆیە من داوا دەکەم ئەو مەسەلەیە گرینگە بێتەوە ناو پەرلەمان و، لێرەوە ئەو دەستورەی عێراق تا ئەو کاتەی ئێمە بەوانەوە لیکێنراوین دەبێ دەورمان تێدا هەبێت و، مەسەلە ئەساسیەکەی خۆمان دەستور بۆ فیدراڵیەتی کوردستانی تێدا بێت، ئێمە لە تەفاسیلی ئەو مەسائیلانە ئاگادار بین و، لەوردوو دریشتیشی ئێمە ئاگادار بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە ئێستا موناقەشەی ئەو مەوزوعە ناکەین، موناقەشەی دەستور ناکەین، من جوابی ئەو پرسیارانەی کاك سالار دەدەمەوە. ئێمە حەفتەی پێشوو باسی مەوزوعی دەستورمان کرد، لە موناقەشاتدا ئەگەر ئەندامە بەڕێزەکان بێتەوە یادیان، مەسەلەی دەستور یەکێك بوو لە نۆ خاڵەکە و، تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردەوە، ئەوە مەشروعی گەلی کوردستانە، (٣٥) حزب بەشداری کردووە و موناقەشە کراوە، پەرلەمان ئیقراری کرد و، وەکو مەشروعێکیش تەقدیمی کردووە، بەڵام لەوە دەچێت نە میللەت ئەوەی لەبیر مابێت، نە قسمێك لە حزبەکانیش ئەوەیان لەبیر مابێت، نیقاشەکە ئەوها بوو، بۆیە بڕیارماندا جگە لەوەی ئەو لیژنەیە بزانێت لەبارەی دەستور چ دەتوانین بکەین، ئەوەش یەکێکە لەخاڵەکان ئەگەر لیژنەکە سەیری بکات، بڕیارماندا هەردوو مەشروعەکە تەبع بکرێتەوە و بیکەین بە نامیلکەو بلاوی بکەینەوە، چ بۆخۆمان لە کوردستان، چ بۆ وەسەت و جنوبیش، بۆ هەموو عێراقیش و، بۆ خاریجیش، ئەمە لایەنێکی بڕیارەکە. خاڵێکی تر کە مومکینە ئێستا هەندێك کەس غایەتێك، شتێك کەوتبێتە دڵیەوە یان بەنەوعێك ئەوە لێك دەداتەوە، ئەوە کە لیژنەیەکی دەستوری دانراوە و خەریکی دەستورە ڕاست نییە، تا ئێستا هیچ لیژنەیەك دانەنراوە کە خەریکی دەستور بێت، لیژنەیەکی ئامادەکاری دەستوری دانراوە کارەکەی تەنها دانانی ئالییەتێکە، میکانیزمێکە چۆن موئتەمەرێکی دەستوری کۆبکەینەوە، مانگ و نیوێکە تەقریبەن ئیش دەکەن ئەو لیژنەیە، گەڕاون و موناقەشاتیان کردووە لەبەینی خۆیان، ڕاپۆرتێکیان تەقدیمی مەجلسی حوکم کردووە، کە دوو سێ موقتەرەحی تێدایە، چۆنیەتی کۆکردنەوەی ئەو موئتەمەرە دەستوریە، یەکێکیان هەڵبژاردنێکی با بڵێین گشتییە، (٢٥٠) کەس هەڵبژێرێت و ناویان بنێت (موئتەمەری دەستووری)، ئەویتریان

ئیدارەکە لەگەڵ سیاغەی ئەو بروسکەیە کە جەنابتان ناردووتانە، ئیتر من وام وەرگرت، نەك بۆ حەفت خاڵەکە، کەجەنابت ئیقتیسارت کرد، ئیتر ئەوەبوو بیستم جگە لە بروسکەکەی کە پێم گەیشت کە مەیەن بۆ کۆبوونەوەکە، دیارە کاکەڕەش ئیلتیباسێك رووی داوە لەلای، مەسەلەی تەنها بۆ بروسکەبوو کە ئەویش لێرە حازر کراوە دەبێت هەرلەبەر ئەوە بوو کەگوتویەتی مەیەن بۆ کۆبوونەوەکە، لەکاتێکا من شتی ئەساسیم بەوەی تێگەیشتم کە سیاغەی ئالیەتێکە بۆ چۆنەیەتی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، لەسەر ئەو ئەساسەش من لەسلێمانی لەگەڵ برادەرانی خۆمان شتێکمان حازرکرد، شتێکمان گەلاڵە کرد، ئەوە بوو کە گوترا مەیەن نەهاتین و شتەکە وابوو، ئێستاش من حەز دەکەم روون ببێتەوە ئیشی ئێمە ئەگەر بەردەوام بین تەنها بۆ ئالییەتی یەکگرتنەوکەیە، یاخود بۆ خاڵەکانی تریشە، سوپاس.

**بەڕێز سەۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیان مومکینە ئەگەر حسابی بکەم لەوانەیە چوارەمین جارە بیڵێم، ئێمە ئەو لیژنەمان کە هەڵبژارد لەهەردوو کوتلەو لەلیستی مۆر، لیژنەکی وامان هەڵبژارد بەقەناعەتی خۆمان دەتوانن ئیستیفادە لەو مەحزەرەش بکەن، مەحزەری ئێرە کەقسەکان هەمووی بکەن، ئەو مولاحەزاتانەی کەنووسراوەتەوە و، باسی ئەو مەوزعە گرینگانەش بکەن کە نۆ مەوزع بوون، نۆ مەوزع بوو، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسیان لێ کرد، یەکێك لەوانە ئەو موزەکەرەیە بوو یەکێکیش لەوە تەوحیدی ئیدارە بوو، ئەم نۆ مەوزعە ئەو لیژنە بەڕێزە دانیشێت بەئیسراحەت و بەوردی سەیری کەن بزانن لەهەرخاڵێك لەم خاڵانە پەرلەمان دەتوانیت چی پێ دەکرێ، پەرلەمان چی پێ دەکرێتن؟ وەکو دەزگای تەشریعی لەکوردستانە، وەکو تاکە دەزگای هەڵبژێردراوی تەشریعی کوردستان، لەزیمنی سەلاحیات و توانای خۆمان بۆ ئەوەی تەنهاقسەش نەبێت و بڕواتن، نەتەنها موزەکەرەیە، نەتەنها تەوحیدی ئیدارەیە، هەڵبژاردنە، شتی ترە ئیتر، نۆ خاڵی تەواوە، فەرموو کاك نیعمەت.

**بەڕێز نعمت عبداللە پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د.عزەددین سەفەری کردووە، بۆیە پێویستە ئەندامێکی تر دابنرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعێکی زۆر گرینگ هەیە، ئەویش مەوزوعی دەستورە، کە بەداخەوە من باوەڕ ناکەم کە زۆربەی زۆری برادەرانی پەرلەمان بزانن کە ئێستا موناقەشەیەك هەیە لە عێراق سەبارەت بە دەستور، بڕوا ناکەم هیچ مەعلوماتێکیان هەبێت لەسەری کە مەفروزە ئێمە لە هەموو کەسێك زیاتر بزانین، چونکە ئێمە دوو دەستورمان دانا، یەکێکیان بۆ کوردستان، یەکێکیانیش بۆ عێراق و، کاتی خۆشی بەڕاستی و، ئێستاش من ڕام وایە پێویستە پەرلەمان دەوری هەبێت لەو لێژنەیەی کە ئێستا دانراوە بۆ موناقەشەی دەستور، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە ئێمە خۆمان بڕیارمان

دانیشتنێکی تری ئەنجومەن موناقەشەی لەسەر بکەین و بیانکەین بە بڕیار، فەرموو کاك شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەی پێشوومن پێشنیاری ئەوەم کرد کە باسی ئاوارەکان بکرێت، دواخرا بۆ کۆبوونەوەیەکی تر، ئەگەر مەجال بوو ئەو ڕاپۆرتە نەبوو، مەجالم بدەی بەڕێزتان باسێکی لێوە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دیارە کە لەکاتی پێکهێنانی لیژنەکە لە دەرەوەی قاعە بوومە، بەڕاستی ئاگام لێ نییە کە ئەو لیژنە دانراوە، ئێمە دەبێ فلان ئیش بکەین، کاك حوسێن کە تەشریفی هات عەلائەساس دابنیشین چی بکەین بۆ بروسکەی (پۆل بریمەر) باسی کرد گوتی ڕۆژی پێنج شەم دابنیشین، دوایە عەرزی جەنابتانی کردو گوتی بەیانی دەمانەوێ، ئەمن و کاك تاریق و کاك سیروان، بروسکەیەکمان حازر کردو تەبعمان کرد و، دامانە کاك فرسەت کە بۆ بەڕێزتانی ناردە بەغدا، لەبەر ئەوە هیچی ترم ئاگا لێنییە من کە دەبێ چی بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لە ڕاستیدا ئێمە لێرە باسمان کرد، گوتمان لیژنەکە بۆ ئەوەیە تەصەور دەکەم ئەو بەڕێزانەی دانیشتبوون لە قاعەکە ئەوەیان باش لە بیرە، وابزانم لیژنەکە کاك ئەکرەم عاشوریشی تێدا بوو، بەلآم گرفت نییە نەچووە بچێت، مەوزوعەکان گرینگ و زیندوون هێشتا لیژنەکە دەتوانێ دانیشن لەسەری و ئەمڕۆ و بەیانی هەندێك موقتەرەحاتمان بۆ گەلآڵە بکەن، فەرموو کاك عەلی تۆفیق.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم ئەو موزەکەرەیە بدرێتە ئیعلام، ئیعلامیش باسی بکات، چونکە ناوەرۆکی ئەو موزەکەرەیە لە ئیعلام هیچ باسێکی لەسەر نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موزەکەرەکە دراوە بەئیعلام، بەلآم تەنها کوردستانی نوێ بلاوی کردۆتەوە بەتەواوەتی، ئینجا ئەوە گلەیەکە بۆ وەسیلەی تری ئیعلام، فەرموو کاك حسێن عارف.

**بەڕێز حسێن عارف عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکایە باباشتر روون ببێتەوە، چونکە من کۆبوونەوەی پێشوو ئەوەی لە جەنابتم گوێ لێ بوو ئیشی لیژنەکە بریتی بوو لەوەی ئالیەتێك دابنرێتن بۆ چۆنیەتی یەکگرتنەوەی هەردوو